خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

مۆتیف و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**


١١٤

**مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە**

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ سالّی یازدە/ تشرینی دووەم ٢٠٠٦**

---

**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net

**فاکس /** 00448701358681

**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**

**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**

**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**

**ئاسۆ مامزادە**

ناوەرۆکی ئایندە

● سەروتار


- گەشت و سەفەری نووسەرانیش وەک بەشێک لە بەرنامەی کاری ئایندەمان/ سەرنووسەر/ 3


● دەق


- چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان/ فوئاد سورخی/ 4
- زستان دێت/ دلاوەر قەرەداغی/ 7
- گۆڕێک لە درەنگی شەودا/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 9
- باران و جوانی/ هاشم سەراج/ 11
- سەعاتا خیزێ/ مەم باوەر/ 13
- تیشکەکانی خۆشەویستی/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 14
- هەشت هۆنراوە لە وەدیع سەعادەتەوە/ لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 16
- هەراسان/ قادر عەلی خان/ 18
- سەراب/ کاوە محەمەد ڕۆستەم/ 20
- سەفەرنامە/ بەکر دەروێش/ 24
- جندۆکەکانی زەینی پاشەبەرەیەکی نێرەمووک/ عەلی غولامعەلی/ 26
- بێدەنگی/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 32


● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر (د. ئیحسان فوئاد)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 34
- دیمانەیەک لەگەڵ نووسەر و دەرهێنەری سینەمایی (نیلوفەر بەیزایی)/ لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی/ 51


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- مۆدێرنیزم.. یان هونەری ڕۆح گەورە/ د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح/ 56
- بیستیاری و بینیاری چاو و گوێ/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 65
- گەنجە کوردەکان یەکەمین پرۆژەی مەعریفیی کورد لە مێژوودا/ فەرهاد پیرباڵ/ 80
- زانستی عەرووز/ کامەران موکری/ 97
- شوناسی ئازار لەبەر چرایەکی هیلاک/ محەمەد ڕەحیمیان/ 108


● وتار


- ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە ئەدەبدا/ ڕێزان ڕەحمان خدر/ 114
- فەزای زانیارییەکان و تیرۆری ئایندە/ لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە/ 119


● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی


- ڕای گشتی و ڕۆڵی لە کۆمەڵدا/ زەیتۆ شێخانی/ 123


● هزر و فەلسەفە


- نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفە/ د. حەمید عەزیز/ 129
- ئاکاری چاکە: ویستێک لە خۆناسکردن و خرۆشاندنی/ هەندرێن/ 141
- ڕۆڵ و کاریگەریی یاساگەرایی لە تەندروستی سایکۆلۆژیایی کۆمەڵگەدا/ لە فارسییەوە: جەمال محەمەد هەڵەبجەیی/ 149


● مێژوو - کەلەپوور


- سەرنجێک لە دیرۆکی خوزستان/ عەباس سلێمان سمایل/ 153


● هونەر


- ڕێژیسێر و ڕێبەرانی شانۆ/ د. فازیل جاف/ 157
- ئەحمەد حەسەن حەمەد ناسراو بە فەقێ ئەحمەدەکۆرە/ وریا ئەحمەد/ 167
- خەسڵەتی کەرستەی جۆراوجۆر لە هونەری «نامۆ»دا/ سۆران ئیسماعیل/ 171
- پێداچوونەوە بە بیروبۆچوونی هەندێ لەوانەی لەبارەی سیاچەمانەیان نووسیوە/ دارا محەمەد عوسمان/ 176


● خوێندنەوەی کتێب


- دڵزاری شاعیر و سەرجەم شیعرەکانی/ کەریم شارەزا/ 184
- تاڤگەی مەند و ئەوانی تر/ بۆتان جەلال/ 192
- شیعرییەت لە دوا وەسوەسەی کریستی/ زانا خەلیل/ 197


● بەدواداچوون


- تێبینییەکان لەبارەی کتێبەکەمەوە/ باکووری/ 201
- قریشکەکان/ چنار نامیق/ 204


● ئێستێک


- ڕێنووس/ بەدران ئەحمەد حەبیب/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# گەشت و سەفەری نووسەرانیش وەک بەشێک لە بەرنامەی کارەکانی ئایندەمان

**سەرنووسەر**

* ئەگەر گەشت کردن و سەفەر بۆ خەڵکی ئاسایی نەریتێکی گرنگ و بە کەڵک بێ، ئەوە بۆ نووسەران و هونەرمەندان و داهێنەران بارتەقای خوێندنەوە گرنگە بۆیان، چونکە دەبێتە مایەی زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەزموون و تاقیمانەیان، هەروەها فراوانکردنی دنیابینی و قووڵ کردنەوەی بیرکردنەوە و تێر و پاراوکردنی خەیاڵیان، ئەوە بێجگە لە نوێ کردنەوەی جموجووڵ و چالاکییان، بۆیە قەت سەفەرکردن بۆ نووسەران شتێکی لاوەکی و ڕواڵەتانە نەبووە و نییە، بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێ پڕاوپڕی ژیان دەست لەملانەی زیندوویی ئەو ژیانە بێ و لەناو نووسینەکانیدا ڕەنگی پێ بداتەوە و ئاوەژووی بکاتەوە.

* جیاوازی لەنێوان ئەو نووسەرانەی کە لەناو میسالیاتی ناو کتێبان و خەون و خەیاڵاتدا دەژین، لەگەڵ ئەوانەی لەناو زیندوویی و قووڵیی ژیاندا دەژین و ئەزموون وەردەگرن زۆر زۆرە، ئەو جۆرە نووسەرانە حەتمەن کاریگەریشیان بەسەر دەوروبەری خۆیان و ژیان و کۆمەڵگاکەشیانەوە زۆرتر دەبێ، زیاتر لەو نووسەرانەی لەناو خەیاڵپڵاویدا نوقمن و پێیان وایە زۆریان کردووە و زۆریش کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگا و مرۆڤایەتییەوە هەبووە، ئەم قسەیە سەرگوروشتەی ئەو نووسەرە فەرەنساییە بەناوبانگەمان بەبیر دەهێنێتەوە کە ناوی (جان تاهینو)بوو. ئەو نووسەرە لەسەرەتای ژیانیدا ئەرکی ئازادکردنی ئادەمیزاد و مرۆڤی گرتە ئەستۆی خۆیەوە، بەڵام کاتێ گەیشتە تەمەنی نەوەد و شەشساڵی و دوای ئەوەی لەماوەی تەمەنی خۆیدا نزیکەی (٢٠) کتێبی نووسی و بڵاوکردەوە، دواجار لە کۆتاییەکانی تەمەنی خۆیدا کەوتە سەر نووسینی دواکتێبی خۆی بەناوی (دەفتەرەکانی پیرە نووسەرێک) و لەو کتێبەیدا زۆر بە دڵتەنگی و بە حەسرەتەوە دانی بەوە داناوە کە نەیتوانیوە (تەنیا یەک کەسیش ئازاد) بکات! ئەوە لە کاتێکدایە کە لە سەرەتای نووسین و دەستپێکی ئەدەبیاتی خۆیدا وەک لەو کتێبەیدا دەیگێڕێتەوە، بەڵێنی بەخۆی داوە کە ماوەی دە ساڵ بۆ ئەو زۆرە و کەم نییە تاکو جیهان بگۆڕێ، بەڵام پاشان بۆی بەدەرکەوت دە ساڵ و بیست ساڵ و سی ساڵیش تێپەڕین، کەچی ئەو هەر نەیتوانیوە هیچ شتێک بگۆڕێت، بگرە دنیاش بەدەر لە ویست و خواست و دەسەڵاتی ئەو گۆڕانی بەخۆیەوە دیوە، لەوانەیە زۆرجاریش بەدژی ویست و خواست و ئیرادەی ئەویش گۆڕابێ و گوزەرابێ.

* ئەو نووسەرە لە پاش ئەو تەمەنە هەڵکشاوەی خۆی توانی دان بەوەدا بنێ کە لە زۆر حەقیقەتی ئەو جیهان و دنیا و ژیانە تێنەگەیشتبوو کەوا لە دەوروپشت و سەرزەمینی ئەودا دەگوزەرا و بەڕێوەدەچوو. لە ژیانی خۆیدا بیروڕایەکی ڕوون و کامڵ و پێگەییوی سەبارەت بە حەقیقەتی ژیان و دنیا پێکەوە نەنابوو، بۆیەش بە چاکی لە ژیان و جیهانی دەوروپشتی خۆی تێنەگەیشتبوو. هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە کاتێکی پێویست بۆ تێگەیشتن و بینینی جیهان و ژیان تەرخان بکات.. ئەو تەنیا بە خەون و خەیاڵ بیری لە گۆڕینی ژیان کردووەتەوە، تەنیا سەرچاوەیەک بۆ گۆڕینی ئەم دنیایە خەونەکانی خۆی بووە، ئەمە دانپێدانانێکی گرنگ و جەوهەرییە نووسەرێک لەو تەمەنەدا و لە قۆناغی دوا دوایی ژیانیدا بەو قەناعەتە گەیشتبێ.

* لەسەرەتای ژیانی نووسینی هەر نووسەرێک خەونەکان هەن.. پرۆژەی مەزن و وشەی گەورە و بریقەداری زۆر هەن، بەڵام کەم ئەزموونییش هەیە. لەسەرەتاوە نووسەر خەون دەبینێ زیاتر لەوەی بژی و مومارەسەی ژیان بکات، بە دروشم و دروشمکارییەوە دەنووسێ، پتر لەوەی بە خودی ژیانەوە بنووسێ، ئەوەشی لەبیر دەچێ کە یەکەم مەرجی نووسینی قووڵ و داهێنەرانەو پڕ لە ژیان و زیندوویی، تەنیا ئەوەیە وەک نووسەرێک پڕ بە پڕی قووڵی و نهێنییەکانی ژیان بژیێ، بە قووڵی زۆر بەقووڵی بچێتە ناو قووڵایی ژیان و هەست بە گەرماییەکەی بکات و بژییێت و ژیانی بباتە سەر، بۆیەشە ئەوەی کە هێزوپێز دەداتە نووسین و نەمری دەکات تەنیا قووڵی و ئەزموونەکانی ژیان خۆیەتی.

* هەموو نووسەرێک خەون بە گۆڕینی دنیاوە دەبینێ، بەڵام ئەوەی لە زۆربەی جارەکاندا ڕوودەدات ئەوەیە کە خۆی دەگۆڕێ و دەبینێ ئەوەی گۆڕاوە تەنیا هەر خۆی بووە. لەلای نووسەر لە سەرەتای دەست پێکردنی نووسینەوە ئاوات و خەونی گەورە هەیە، بۆیە بەڵێنی گەورە دەدات، لەوکاتەدا ڕاستگۆیی و خۆشەویستی زۆر لە نێوان خۆی و نووسینەکانیدا هەیە، بۆیە کاتێ یەکەم کتێبی خۆی دەخاتە بازاڕەوە و خۆی لەبەردەمی خوێنەرانیدا دەبینێتەوە لەپڕ وا دەزانێ هەموو چاوەکان تەماشای ئەو دەکەن، وەک بڵێی لە ژوورێکی ئاوێنەبەندا بێ و لە هەموو چرکەساتێکدا بەدەیان تیشکدانەوەی وێنەکەی ئەویان لێبکەوێتەوە و بە بەردەوامی عەکسی بکەنەوە، یان وا هەست دەکات هەندێ لە وێنەکانی جوانتر لە حەقیقەتی خۆی نمایشی دەکەن و چاوی ئەو خەڵکە فریو دەدەن و ڕەونەقدارتر لەپێش چاویان بەرجەستە دەبێ.

* ئەمانە وەهمەکانی نووسەرن لە سەرەتای ژیانی تایبەتی نووسینی خۆیدا، بۆیەش ئەوەندە ئەسیری ئەو وەهمەیە، وادەزانێ کاریگەرییەکی ئەفسوونگەرانە بەسەر خوێنەرانەوە جێ دەهێڵێ، لەکاتێکدا ئەوە فڕینە بەسەر واقیعدا، یان بە هەڵە خوێندنەوەی واقیع و هاوکێشەکانیەتی، ئەو نووسەرانەی خەیاڵ و خەونەکانیان تێکەڵ بە واقیع دەکەنەوە پێم وانییە تووشی واهیمەی لەوجۆرە بن. لێرەوە بە پێویستی دەزانین داوودەزگا کولتوورییەکان بۆ بەرنامەی لەمەولایان سەفەر و گەشت کردنی نووسەرانیش بکەنە بەشێک لە کاروبەرنامە و پرۆژەکانی داهاتوویان، بەڵام ئەوەش بە دەردومەرەی شتەکانی دیکە نەبرێ، بزانن کێ هەڵدەبژێرن و بۆ کوێیان دەنێرن و ئەنجامەکانی چۆن دەشکێتەوە!

# چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

فوئاد سورخی
(سوێد)



بەیان
سێوێکە لە باخی شەو
لە بووڵێلێک
بەسەر خاکی سەوزی
چاوەکانمدا بەردەبێتەوە.

بەیان کە پێدەکەنی و چاوەکانت
دەکەیتەوە
ئەوکات سیمای شەڕ
ماندوو دەبێ و خەو دەیباتەوە.

لیسا

شەوی پەمەیی
لە ڕووخساری «لیسا»ی دەکرد
«با»ی دەستە سپییەکانی «هەندرێن»
یاری بە چڵە سەوزەکانی قژی دەکرد
باران دەبارێ و
دڵۆپەکان مناڵی چاوڕەشی هاروهاجن
گوڵە سوورەکان تەڕ دەبوون و
نەمامەکان یارییان دەکرد
تەم پێدەکەنی
مانگەشەویش
لە چاوەکانی «لیسا»دا
بیبسی کۆلای دەخواردەوە.

*.....*

چ زوو مردین
بە هەردووکمان
تەمەنی ساوایەکمان نەبوو

کاتێ ئەسووتاین
هێندەی کۆرپەی گیانمان
دووکەڵی سپی ئەچوو بۆ ئاسمان
هەورۆچکەیەکین نازەنین
روو لە چاوی خۆر دەگرین
بە دەستە بچکۆلانەکانمان قژی زەوی ڕادەکێشین
پێ لە زگی ڕەشی خۆر ئەنێین
لەنێو هەورۆچکەکانا ئەخەوین
ئەبین بە کەرتە نانێک
ئەستێرەکان دەنووکمان تێ ئەژەنن
ماسییە وردیلەکان خێرا
ئەمان خۆن
کاتێکیش بەردەبینەوە سەر زەوی
لەگەڵ تەرمی نێرگزێکدا
دەمان نێژن.

## چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

با گەواڵەیەکی هێنا
سەری مانگایەک بوو
بە گوریسێکی درێژ ئادەمیزادەکان
بۆ لای خۆیان کێشیان دەکرد
مانگایەک لە گووانەکانی شیر دەچۆڕا
با گەواڵەیەکی هێنا
ئاسکێک بوو
بە تیرێکی سوور پێکرا بوو
گووانەکانیشی پڕ بوون
لە شیر.
با گەواڵەیەکی هێنا
پارچەیەک نان بوو
بەدەم سەگی ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد
مرەی دەهات، جارجاریش
بەچاوی، وەفای بۆ مرۆڤەکان
دەنواند
با گەواڵەیەکی هێنا
«ماردین» بوو
کەمانچەکەی دەژەنی و
درەختەکانیش سەمایان دەکرد

با گەواڵەیەکی هێنا
زەردەخەنەی سەر لێوەکانی «یولیا» بوو
پێدەکەنی
ئەهات و پێدەکەنی
تا بوو بە باران و
داباری
هەر پێدەکەنی.

## وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان

پەڵە هەورەکان،
فرمێسکی چاوی ئاسمانی منالْن

شەو دەستە سپییەکانتی داپۆشی و
خەوت لێ کەوت.

بەختەوەری ماسییەکە و
ڕۆژێ ڕاوکەر و
ڕۆژێکی مەل و
ڕۆژێکی تر نەهەنگێک قووتی دا.
کات ئێسکێکی فرێدراوە و
شوێن سەگێکی دڕی نووستووە.

مۆسیقا....
نەخۆشم و لیمۆیەکی ترشم بۆ سپی دەکاتەوە

من و ئاو هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینین
یا من دەچمە ژێر بارانی
ئەو دێتە ناو زگی من.
دوێنێ گەواڵەکان ڕاڕابوون
باران،
وێنەکەتی فڕی دایە ناو ئاو.

زەوی
چاوێکی کوێرە و
لینجاوێکی سووری مەیلە و شین
بەسەر بیبلەکەیدا مەییوە.

دارستان،

سەری مەڕێکی سەربڕاوە و
چۆلەکەکانیش تنۆکە خوێنن.

ئێوارە،
دوو لاقی کابرایەکی زەبەلاحە و
کۆترەکان بەنێوانیدا تێ دەپەڕن.

ئەو ڕۆژە،
کراسە سپییەکەتم لە شان ناو
بۆ بەهەشتم برد

خۆشەویستەکەم،
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا،
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە
دەخۆنەوە!

لە سێوێکدا
ددانەکانی پێشوەتم بینی.

تاریکایی،
قالۆنچەیەک بوو، لەنێو دەسکە کەرەوزێکدا
دەگەڕا.
یان
نینۆکی درێژی پەنجەی ئەو کوڕە بوو
کە ئەوێ ڕۆژێ، بڕی و فڕێی دا.

بزمارە سپییەکان
مەیلە و ڕەش بوون
هەموو سابوونە سپییەکان
لەتۆ دەچێ «یولیا..»

ڕووناکی دەسەسڕێکە و
ئاوی چاوە کوێرەکەی زەوی
پێ دەسڕمەوە.

بۆ: yolia

ئاه... خوایە
وەکو نەرمەبایەکی هەستپێکراو
هەموو ڕاز و نهێنییەکانی لە هەناسە و
دەموچاوییەوە
بۆ لام دەهات...
هەموو پەیڤە شاردراوەکەی ناخی وەکو توێژێکی
سپی بەسەر سیمایەوە بوو
نازانم دەموچاو بۆ ئەوەندە پیرۆزە؟!
ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو
هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد... ئەو جێیەی کە هەموو
شەوێک دەموچاوتی
لەسەر دائەنێی...، ئەو شوێنەم وەکو پشیلە بۆن کرد.
سەیری نێو چاوەکانیم دەکرد
لە خەتە قاوەییەکان ورد دەبوومەوە.. تا
چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو
ئێستا بیر لەو ئازادییە دەکەمەوە،
گریانم دێ...؟
بەخۆم دەڵێم: چ شتێک گرنگترە لە سەیرکردنی
چاوەکانی «یولیا»

لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم...
ئەم دەوروپشتە، ئەم زەوییە
هێندە بەسە زمانە... گەر سەربازێکی
ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ، داگیری دەکا.


ئەو شەوەی لەماڵ نەبووی
لەناو جێگەکەت خەوتم، بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد... ئەو جێیەی کە هەموو شەوێک
دەموچاوتی
لەسەر دائەنێی...، ئەو شوێنەم وەکو پشیلە بۆن کرد.

لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم....
هێندە بەسەزمانە.. گەر سەربازێکی
ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ، داگیری دەکا.

# زستان دێت

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)

بۆ دایکم



هەست بە هەڵکردنی با دەکەم
هاڕەی شکانی گوڵدانێک دێتە گوێم
هەستدەکەم
کتێبێک دەدڕێت
ئینجانەیەک درز دەبات
درەختێک دەوەرێت
گوێم لێیە
جۆلانەیەک شەق دەبات
باخێک دەمرێت
زستان دێت
شەلاڵ لە ئارەقە
خۆی بە ماڵدا دەکات و
چوار شانە.... کفت و شەکەت
لە ژووری میوان دادەنیشێت!

زستان دێت
ئێمە ئیدی یەکتر نابینینەوە
خواحافیز
ئیتر کەس نییە بەیانیان پەنجەرەکان
بخاتە سەر کەڵکەڵەی کردنەوە
کەس نییە هەتاو لە پیاڵەکان ڕادات
کەس نییە بە مێرووله بڵێت: بەیانیتان شەکر!
زستان دێت و نیشتیمان چۆڵ
شار چۆڵ و
کۆڵان و منداڵیی و
هێلانەی کۆترەکان
چۆڵ

زستان دێت
ئیتر من ناتانبینمەوە.... هەموو شتێک
دەیبەستێت
قسە دەیبەستێت
پیاڵە دەیبەستێت
هەتاو دەیبەستێت
عەتر دەیبەستێت
بینین دەیبەستێت

کتێبەکانی سەر شۆستە دەیانبەستێت
زستان دێت... کەس نادوێت
کەس نامە نانووسێت
کەس تووڕە نابێت
کەس هوتاف ناکێشێت
کەس بە قاشێک شووتیی و دۆلکەیەک
ئاوی ساردەوە
بۆ سەربان هەڵناگژێت
کەس لە کونی دەرگای حەوشەوە
بۆ کۆڵان ناڕوانێت

زستان دێت
ماڵئاوا
تا ساڵانێکی تری هەتاو
تا ساڵانێکی تری سڵاوی گەرم و
ماچوموچی گەرم و
تەوقەی گەرم
خواحافیز
تا ڕۆژانێکی تری ئەو شەقامانەی
کە سیخناخ بوون بە ئاوڕ و لە ئارەقە و لە باڵ
خواحافیز تا ئەو سەعاتانەی کە پڕ بوون
لە دەقیقە
تا ئەو هەفتانەی
کەپڕ بوون لە ڕۆژ
تا ئەو مانگانەی کە پڕ بوون لە وەرز
تا ئەو وەرزانەی کە لێوانلێو بوون لەساڵ
خواحافیز.... زستان هات
ئیدی هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆی
هەر عەترە و بۆ ناو شووشەی خۆی
هەر کیژە و بۆ نێو سووچی
ئاوێنەی خۆی
هەر شیعرە و بۆ نێو پەڕەی تەڕی
دیوانی خۆی
هەر ڕەنگە و بۆ نێو کونجی تاریکی
قەبری خۆی

خودایە... ئەمە چ چۆڵەوانییەکە
خودایە... مەدەد
ئەمە ئێرەیە... یان ئەو نیشتیمانەی کە بۆ
یەکەمین جار
ئێوارەیەک ئێمەت بە پیاسە بۆ برد؟
خودایە... مەدەد
ئەمە دوعای چ قوربانییەکە
لەم نیشتیمانە دڵڕەقەی ئێمە گیرابوو
خودایە مەدەد
ئەمە لەعنەتی کام پیاوچاکە
بەر ئەم نیشتیمانە گوناهبارەی
ئێمە کەوت
خودایە مەدەد
ئەمە غەزەبی کام جەللادە
لەم نیشتیمانە قوربانییەی
ئێمەت گرت؟

زستان دێت
کەس لێرە نییە
نە گمە و نە باران و
نە هەتاو
تەنانەت دایکم و پەڕەسێلکەکانیشی
لێرە نین
کە هەمیشە لێرە و لە ماڵەوە و
سەریان بچووبا
بە هیچ لایەکدا نەدەچوون
ئەو هەمووە لەکوێن؟
ئەو هەمووە کوێوە چوون؟
کوان گۆرانییە سرکەکانی منداڵیی
کە هەر هەمووی وەک پەشمەک
لەزاردا دەبوونە ئاو
ئەو عیشقە کوێوە چوو خودایە
سێو کوێوە چوو
ئیمان کوێوە چوو
وەهم کوێوە چوو
ئەو هەمووە کوێوە چوون؟


زستان هات
ئیتر ئێمە یەکدی نابینینەوە
خواحافیز
تا کوژرانێکی تر
خواحافیز
تا وەهمێکی تر
بە دوعا
تا ڕەقبوونەوەیەکی تر
ماڵئاوا
زستان دێت
شەڵاڵ لە دووددڵی
خۆی بە ماڵدا دەکات و
چوار شانە... ماندوو و مردوو
لە ژووری میوان
دادەنیشێت!

حەیف.... زستان هات!

پاییزی ٢٠٠٦

# گۆڕێک لە دڕەنگی شەودا

دڵشاد عەبدوڵڵا



لەو شوێنەی
پوونگ و ما خولیا و گیا شینکە
گوومبەتە خۆڵێکیان بە خەمگینی داپۆشیبوو
پەڕوباڵی باڵندەیەکی ڕەسەنم دۆزیەوە
بەر لەمن فڕیبوو
نەزیلەی دەردو مەرەدی غەریبان
پەڕ گێڕایەوە:
لەو جێگا دوورانەوە هاتوون
کە شووشە عەترەکانی تێدا شکاوە
گۆزەکانی لە شێوەی چاوی گریاوە
هەموو شتێکی وەک بەفرە
هاکا تواوە
قوڕی مۆری بەردی زەردی
دەماری ناو دڵی خورپەدار
هەداد و بێدادی خونچە بوو
خاکی سەیرو سەمەرەیان بڕیوە
ئاسمانی تەڵخ و بەرین
ڕزگاریان بووە لە دەستی سەدان ڕاوچی و
تۆڕی ئاگرین
پەلکە شینکە گێڕایەوە:
دەماریان لێرە پچڕابوو
شەڕکەری کۆنی تەروادە و
هی سەردەمی ئەسکەندەر و سەلاحەدین
بە بەرگی سوور بە بەرگی شین
لەخوێنێکی تازەدا دەگەوزین
چ وەرزێکی بەدواداهات ئەو مەرگە
چ وەیشوومە و بارانێک؟
سەری پەنجەم سوور دەچووەوە بۆ شیعرێک
لە ڕۆخیدا بە کۆمەڵ شین بن ئەسرین
بەفریش گێڕایەوە، چۆن
یەکەمجار مەست بووە
کە پرووشەی داویەتی لەو گۆڕە
خۆڵەکەی هێند گەرم بووە
باڵیان گرتووە کلوەکان
لەگەڵ یەکەم داباریـن
سووتاون پەروانە کە نیشتوون
بەسەر پشتێن و جەمەدانی و فیشەکدان

کردوویانن بە گوڵدان
پێویستە هێز لە ڤرجیل بخوازم
بۆ وەسفی شەڕکەرێک
کە دەیویست مەملەکەتی خۆر هەڵچنێ
لە تاریکترین شوێنی سەر ڕووی زەمین
میرێک بوو میری من
چەند ئەنگێزە هەبوو بۆ ژیانی
دە ئەوەندە پیلانگێڕبوون بۆ کوژرانی

شەڕ ژوورێک نییە لە ژوورەکانی نووستن تێیدا
بحەوێیتەوە
بایەکە بە چەپۆک لەدارو دیوار دەدا
هێڵەکانی یاریکردنی ناوخۆڵ
لەمنداڵەکان تێک دەدا
ناسکترین شوێن دەبڕێ لە لەش و
ڕۆح تێک دەشکێنێ بەسەریەکتردا
لە مێژووی بەشەردا
شەڕ هەمیشە جوانترین شت بزر دەکا

لەژێرداری سماق و خەیاڵ و کرۆسک و حەلوچکەدا
خوێنێکی کۆن تازە ڕژابوو
ڕێچکەی بەستبوو هەتا خوار
سەرخۆش ببوون مارو مێروو و فڕندە پێی
ئالآبوون لە قەدی دارێکی کەڕدا
میری من بە دوو دەست لەو دارەی دەدا
لە منداڵییەوە
تامی کرۆسک کەوتبووە زاری
لە زمانیدا ئەو تفتیە هەرماوە
لە بێکەسیشدا زەردییەکەی

چۆن پرتەقاڵی دڵی خۆم
فڕێ دەمە ناو شەڕەوە؟
زۆرینە و زاناکان دژی بیدعەن
میری ئاگر دز بەتەنێ وەستاوە
ئاگری بۆ داخراوە
فەرمانی سوڵتان بە ڕوویدا هەڵواسراوە
ئاگر ترسناکترین بیدعەیە
فەرمان ساختەترین نووسراوە

چارەنووس بردمییەوە لایان
هەریەکە و دارێک بوون
هەریەکە و نەشئەی گەوارایەک
تەمەن بە چ ئاوازێک دەست پێ بکا
بەو ئاوازە دەڕژێ
بە ڕەنگی سوورەوە کرۆسکی کوژراوم
سروودی بەدوای خۆمدا ڕاکێشراوم

ئەو بەیانییەی
هەتاوی پایز لێم هاتە ژوورێ
سەبەتەی ڕۆح پڕ بوو لە گوڵی زەردی
مەملەکەتی خۆم لێیان هەڵچنی
تاجی شاهانەم لەسەرنا
لێرە زۆرشتمان جودایە
هەموومان منداڵی گەورەین
گەورەی هەمیشە منداڵین

بچووکترین مێرووش دەتوانێ
بە جەستەی گوڵدا هەڵگەڕێ
بەڵام ئازاری بولبولە کە دەیکا بە گوڵستان
میری من میری خەونەکان
موڵکی بە ڕووبەری زەوی و بەڕەز و باخات و
بە ژمارەی ئەسپیندارەکان ناپێورێ
خەونیشی لە شارێکدا جێگەی نابێتەوە
دەفڕێ بۆ وڵات و مەملەکەتان
لەوێش جێگەی نابێتەوە
جێ دێڵێ تەلبەند و قەفەس و سنوور
دەبڕێ ڕێی دوور
ئەو گوومبەتە خۆڵە خەمگینە گۆڕی ئەو نییە
پوونگ و نەعناع گرتوویانە لە خۆیاندا
پەڕگێڕایەوە:
ئەو خۆڵە دەکوڵا
وەکی ئاوی ناو کاسەی سەرسەری ئەو کەسەی
کە سیحری لێ کراوە
مشتێک لەو خۆڵەم
خستە ناو پەڕەکانی کتێبێک
کتێب چوو بە گژ شمشێردا
خستییە ژێر حەرفەکانی
ئێستا هەموو شت بزرە
لەناو لەعلی ماناکانی

لەناو کتێبخانەکەمدا
زۆر کتێب هەن دەربارەی شەهید و
شۆڕش و سۆفی و زەندیق و حەرامزادەکان
دڵم بەو ئاگرە خۆشە
کە چەند ساڵ جارێک
ئاگر دزێک
دەیخاتە ناو کتێبەکان
تەختی پڕ مۆرووی زەڕکەفت نەخشینیان دەسووتێ
حاکمی قەڵەم
هەموو حوکمێک بەیاخیبوون دەست پێ دەکا
یاخیبوونیش دەیڕووخێنێ.

ئەیلوولی ٢٠٠٦ هەولێر

# باران و جوانی

شەربەتی  عوننابی لێوی شەککەر و بادامی چاو،
سەرووی قەددت ڕاستە ئەنواعی ئیماری گرتووە
«نالی»

**هاشم سەڕاج**



**(١)**

**ئەو دەمەی جوانی لە شێوەی تەنکە پەیکەرێکی**
**پاکزادی کریستاڵی**
**جیلوە یەزدانییەکانی دەردەخا**
**ئاگرێ هەڵدەکرێ**
**لە ڕۆحی شەراب و شەو چرای دەیجوور و**
**حەشیشی تەناهی و شەکراوی غەیبانی**
**ئاگرێ لێوانلێو لە شکۆ و**
**غوربەت و ئولفەت و فەزیلەت**
**بە پاریز دەلەرزێ و دەلەرزێ و دەلەرزێ**
**لەوحی دڵ**
**یەکبارە دەبێتە بارستێ خۆڵەمێش!**

**(٢)**

**سوب سەحەر،**
**ئاسکە کێوییەکی دیدە خومار، بەلارەو لەنجەوە**
**لە بوهل و هاموونی جەنگەڵی وشەدا ڕادەکا**
**ڕەمیدەو پەرێشان**
**دەلەنجێ و دەلەنجێ و دەلەنجێ و**
**لەناکاو قاچە خەناوییەکانی لەتەڵەی**
**وێرگوڵ و تەنافی فۆنیم و کەوانەی مۆرفیمی**
**سەقەرگای سەرمەستی نووسینا گیردەبێ!**

**(٣)**

**باران ساردداوی ئاسمانە و**
**پرچی شۆڕەژنان عەترناک دەکا و**
**دڵۆپەی ڕەونەقداری زیوین**

به كوڵم و لاجانگ و گەردن و چەناگەی
جوانان دادەكا دا
كۆچەرێكی بێ شوناسی ئەزەلییە و
مەست مەست دەبارێ مەست مەست
دەبارێ مەست مەست دەبارێ
پرژە بارانی دووش و ساوناو گەرماوە
دێرینەكانی سەر ڕووی زەمین
تەڵخترین نوسخەی «كۆپی»یەكانی
جواناو و وارانەكانی سوبحانین!

(٤)

ئەی نیگەهبانی باغە بەربارانە لەززەتاوییەكانی
فیردەوس!
جەستەی بلوورینت پڕ لە
نەخش و نیگار و هێماو ئاخڵەی یەزدانییە
باخەڵت/ لێوڕێژ لە كلیلە ئاڵتووناوییەكانی
دەرگە داخراوەكانی عیشق و شیعر و جوانی و نەواز
لیسپێت/ هەودای ئیستەبرەق و بۆنی عەتری پوونگی
پڕ شەونمی سپێدە بەختەوەرییەكانی
بنار تاڤگەكانی «تەسنیم»ی لێ دێ
وەی سەرلەوحی دەفتەری شەنگی، ماهی نەو
ئەی تاقانەترین زەری ئەڵقە بەستووی دەوری
عەرشی موعەللا!

(٥)

لەنێو گوڵشەنە شەونم بارانكراوەكەدا
«ڤیڤا»ی مەلەک بەچكە هێندە نەرمونیان پاڵكەوتبوو
لاسكی لاولاوە زەردەكان لە هەوداكانی ئاڵتوونی قژی و
سەراپای لەشە برۆنزییەكەی ئاڵابوون ئەو كەڤاڵی
«طور»ە، ئاهووی زۆزانەكانی ئەفسوونی ڕەنگە و بە
هەنسک و ئاهی حەسرەتاوی دەروونی باخچە
عەترناكەكەی پڕ چەهچەهەی فۆنیمی لەنجەدار و
عیشوەگەر دەكرد و فوستانە فیردەوسییە قەنەوزییەكەی
بەری بۆیە خانەی تەرچكی گیارەنگی ڕایەخی
سرووشتی دەشێلاو سرتە سرتی كەفەڵە تورتەكانی
تێكەڵ بەنەغمە غەمبارەكانی یەكەمین سەڵساڵی
وشكەوە بووی خەلیقە دەبوون و لەم سوب سەحەر و
بەربەیانە زیوینەی تا هەتایەی گەردوونەدا ئەی خودا!
جوانترین و گەشترین دڵۆپە ئاونگی میسكی خەتای
سەرگەردن و گۆنا دەسووتا!
ئاخ! ڤیڤا ئاخ چەنێ غەمگین و مەلوولە دڵ دڵ دڵ بۆ
مەوسیمی هیجرانی نەخشی خەتەرناكی ئەو جوانییە
یەزدانییەی كە هەرگیز دەسگیر نابێ نا!

٢٠٠٤/١٢/١٥

# ساعەتا خیزێ

مەم باوەڕ
(ئامەد)

دهقا خوینا بۆراقێ ئەنیا تە دخەملینە
وەخت مەهیا و نفرێن رەش کەتن
پەشکا تە دە وەرە سافی بکە
ئیشەڤ مینا قوومێ هوورک
هوورک دحەرکی ناڤا
من گرەکی گرس ئاڤا
دکی. دەڤ داڤێژە
جانێ خوە با
ئازادی ل سەر پیان
دەرەنگە ئێدی
گدی
گدی
دەرەنگە ئێدی
ئازادی ل سەر پیان
جانێ خوە با
دکی. دەڤ داڤێژە
من گرەکی گرس ئاڤا
هوورک دحەرکی ناڤا
ئیشەڤ مینا قوومێ هوورک
پەشکا تە دە وەرە سافی بکە
وەخت مەهیا و نفرێن رەش کەتن
دهقا خوینا بۆراقێ ئەنیا تە دخەملینە



* ئەڤ دەقە ژ کۆمەلە شعرا (مۆنۆلۆگێن ئەڤینێن کە دیکری) ل٥٤ هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٤) ژ ئالیێ وەشانخانا باژارڤە هاتبوو چاپکرن، ئەحمەد قەرەنی ڤە گواستیە سەر پیتێن عەرەبی.



# تیشکەکانی خۆشەویستی

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

**(تۆ)ی کاتەکان**

که ڕۆژ هەڵدێ
من بیر له تۆ ئەکەمەوه
چێشتەنگاو و دوا نیوەڕوان
هەر بیرت لێ ئەکەمەوه،
ئای ئێواران!
دەمە دەمی ئاوابوونان
هەستم تیژپەڕ،
وەک نغرۆبوونی زەردەپەڕ
چەند بیرت لێ ئەکەمەوه!!
که شەو دادێ
بیریشم هەر بۆ لای تۆ دێ
شەو و ڕۆژ و کاتەکانی
چێشتەنگاو و دوانیوەڕوان
ئاوابوون و لای ئێواران
هەموویان ئێستا بوون به تۆ
هەر بۆیه ئارەزوو ئەکەم
سەر لەنوێ بیانبینمەوه!!

**خۆ پاراستن**

پێویسته ئیتر ئاگام لەخۆم بێ
تۆ بوویته (هەموو) له دڵی مندا
خۆم بپارێزم،
چونکه لەمەودوا..
هەناسەکانته که هەڵیانگرتووم!

**درەخت**

نازانم پێشتر
من چۆن ژیاوم؟!
ئەوه ڕەگەکان، تۆ ئاوت داون
ئەوه گەڵاکان، تیشکی تۆ ئەمژن
ئەوەش گوڵەکان، بۆنی تۆ ئەگرن
ئەی ورشەکانیش
دەنگی کزەبا و شنەی ئەوینتن
لق و پەلکەکان

هێڵی ڕوخسار و جووڵەی بەژنتن
نازانم پێشتر
من چۆن ژیاوم؟!
لەسەر کام خاکی ئەم گەردوونەدا
بێ تۆ ڕواوم؟!

**هەمیشە بەهار**

لەبەهارا
عەشقی تۆ بووم،
وا پایزە و بەرگی جەستەم شکۆفەیە!

**مردن**

چەندەها جار
بە قوربانی خاکی بەرێ و
گەردیلەکانی یەکتر بووین
دڵمان سپارد بە یەکتری و
هەناسەمان لەخۆ بڕی،
پێشتر وامزانی عەشقمان مردنە(۱)
لێ ئاشکرابوو.. ئێمە هەردووکمان
بۆ ژیان ئەمرین!

**مانگ و زەوی**

بووینە هاوڕێ و جیابووینەوە
ئەو بۆ لایەک ملی ڕێی گرت
منیش لە خاڵی وەستانا
لە پاشانا،
کە یەکدیمان بینییەوە
من هەر لەوێ، گۆی زەوی بووم
ئەو وەک مانگێ
نیگاکانی بەسەرمەوە ئەنیشتنەوە!!

**هاوکێشە**

بوون و نەبوون
لەخاڵی بێماناییدا بەیەک ئەگەن
بوون و نەبوون
لە جەنگی خۆشەویستیدا دڵ لێئەدەن

**ترپە**

دەمی بەهار بوو
یەکترمان خۆشویست
بینیم دڵی ئەو توند توند لێئەدا
خەزان بوو ئیتر، پێکگەیشتینەوە
ئەو ئاسایی بوو،
بینی دڵی من توند توند لێئەدا!!

**پەرجوو**

نە شوێنەکان
نە کاتەکان
نە ئاواز و
نە دیمەن و
نە ڕەنگەکان،
هیچیان نەبوون خاوەن پەرجوو
بەتەنها هەر سیحری تۆ بوو
خەونم ئەبینی ڕووبەڕوو!!

**خۆشەویستی**

بەمنداڵی
سێ پیتی (خ)م لا گرنگ بوون
خواردن و خەوتن، خۆشتن
کە گەورەبووم، جەنگ هەر هەمووی بیربردمەوە
ئەوەی منی گەڕاندەوە
ئەوەی منی ژیاندەوە
پیتێکی تۆختری (خ) بوو
بێگومان .. خۆشەویستی بوو!!

**چاو**

نە تریفەی مانگ ئەتوانێ
خەمەکانم بسڕێتەوە
نە تیشکی خۆری زێڕینیش
خۆشبەختیم بژێنێتەوە
نە شنەی با،
کە هەرچەندە فێنکایی دێنێ بە دڵما
نە بارانیش
حەسرەتم بخوسێنێتەوە
تەنها چاوی گەشی تۆیە
کە دەتوانێ بەیەک چرکە
دنیام لەبیربەرێتەوە!!


**نیشتمان**

گەر مرۆڤەکان
یەکیان خۆشبوێت
خاک و نیشتمان
ڕازاوەتر و ئاوەدانتر و
لە تۆیی دڵاندا شیرینتر ئەبێت!!

(۱) بۆچوونێکی ئەرستۆیە کە پێی وایە خۆشەویستی مەرگی خۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە و لە بنەڕەتدا مردنە.

# هەشت هۆنراوە لە وەدیع سەعادەوە

لە عەرەبییەوە: عەباس عەبدوڵڵا یووسف



**گوڵێکی نهێنی**

بەر لەوەی خەو بیباتەوە
لای گۆرەپانە خامۆشییەکانی
کچە، نینۆکی خۆی کردو
قرتێندراوەکانی هەڵدا نێو ئەستێلکەی گوڵانەوە
لە بەیانییەکەیدا
دەستێکی بچکۆلانە
لەناو ئەستێرکەکەدا ڕوا بوو

**شوێنەکانیان**

بەسەر ئەم ڕێگایەدا
لە بیرچوونەوە، وێستگەی نییە
دەستێک بەر لەچەند نەوەیەک
دەسی لە ڕێبواران دابێت
ئەوا جارێکی تر دەسیان لێدەدات
سەر لەنوێ
تۆزەکانیان دەکەوێتە بن پێیەکانییەوە
سوارێکیان دەویست، جا هات
خێرا ڕەتبوو و بەسەر کراسەکانیانەوە
شنەبایەکی جێهێشت
لە سێبەرەکەیەوە، شتێک کەوتە سەر ڕێگا
هەر لەوساوە
پیادە لەجێوە بەسەر ئیسفەلتا
دەسووڕێنەوە
دانیشتووەکانیش بەکورسییەکانەوە
بزمارکوت کراون

**پێکهاتە**

بە پاشماوەی ئەو بەراسمانە باریکەی بەردەستان

**هەوڵی دا سەر لەنوو گەردوونێک بنیاد بنێتەوە**
**بە فرمێسکێک، ئەستێرەیەکی وێنەکێش کرد**
**بەنیگایەک، مانگێک**
**بەدەسلێدانیک، هەتاوێک**
**کە چاوەکانیشی داخست**
**بەسەر شۆسەی پێڵوویدا**
**خەڵکەکە بەرەو کارەکانیان دەڕۆیشتن**

**وڵاتێک**

**ناوەکەی لە ئاوەوە هێناوە**
**هەڵڕژا**
**ئەو کەفو کوڵەی بەسەر شەپۆلەوە**
**بینیمان**
**ئەوا خەڵکەکەی بوو**
**گیای سەر گردەقومیش**
**پەراسووەکانیانە**
**وڵاتێکە**
**گشت پیاوەکانی جێیدێڵن**
**بۆیە**
**ئافرەتەکانی**
**مێردیان بە درەختان دەکرد**

**ئارەزوویەک**

**هەر تەنیا ئارەزوویەک بوو**
**سەیوانی خۆمان هەڵگرین و لەبەر بارانا خەندە بکەین**
**برێک لەناو شەقامەکان یاری بکەین و**
**بەسەر شۆستەدا**
**وردەیەک لە شووشەی جیهان**
**بەجێ بێڵین**

**پیاسەی ئەو ڕۆژێهێ**

**ئەو ڕۆژەی کە ڕووی**
**پەنجەی هەر دوو دەستی بەسەر قوفڵی دەرگەوە**
**مابوون**
**بەسەر شۆستەدا هەردوو پێی**
**بەسەر قیری شەقامدا توێژێکی پێستەی**
**ئەمە پیاسەیە یان مردنە؟**

**لێیان پرسی**
**کە هەردوو قۆڵی بڵند کرد**
**وتیان**
**دەیەوێ بفڕێ**
**خۆیشی ئاماژەی**
**بۆ ڕووی خۆی دەکرد**

**ژیان لەوێ**

**مناڵەکەی ناشت و**
**ساڵانێک چاوەنواڕ بوو**
**لە تەکیا بخەوێت**
**وەختێ ژنەیان**
**لەو خۆڵەدا شاردەوە**
**تەمەنی ڕۆژێک بوو**
**ئەویش بوو بە پیرەمێردێک**

**باخچە**

**چەند جارێک کوشتیانەوە**
**تا بە چەند لاشەیەکەوە پەرت بوو**
**کێڵەکانی گۆڕی خۆی نەدەژمارد**
**هەر لە باخچەی پشتەوەیدا**
**پیاسەی دەکرد**

* وەدیع سعادە- شاعیرێکی لوبنانییە، کۆمەڵێک دیوانی چاپکراوی هەیە لەوانە: (ئێوارە بێ برایە) (ئاوان، ئاوان) (هەوڵێک بۆ گەیاندنی دوو لێوار بە دەنگێک) (دەقی نا ئامادە بوون) (تۆز) (پیاوێک لەناو بایەکی بەکارهاتوودا دادەنیشێ و بیر لە ئاژەڵ دەکاتەوە).

* سەرچاوە: ئەنتەرنێت، دیوانی (محاولة وصل ضفتين بصوت).

* بەراسمان= فضاء، پانتایی

# هەراسان

قادر عەلی خان
(بۆکان)

کات لە نیوەی شەو تێپەڕیوە، خەوم لێ زڕاوە. ئالۆش نووستنەکەی لێ حەرام کردووم، ئەوەندەم خۆ هەڵکڕاندووە ئازای ئەندامم خوێنی لێ دەچۆڕێ، خوێن پێخەفەکەمی خووساندووە. ئەسپێی لەشم ڕبەیێک زیاتر دەبن. جێوبانەکەشم دۆڵدرە، نازانم ئەو هەموو ئەسپێیە لە کوێوە هەڵقوڵیون. یەخەی کراس و پزووی پاتۆڵەکەشم هەر جمەی دێ، خەون و بێداریم تێکەڵاون، لە نووستن و بەخەبەر بوونم بە گومانم. تاوێک خەوی ناخۆش، جارێکیش ئالۆش و خۆ هەڵکڕاندن. یەک لەیەک بەسامترن. لە هیچ کامیاندا هەست بە ئاسوودەیی ناکەم، خەوی هاشە و پاشە زراویان بردووم. «ئەسپێکی ڕەشی قەترانی هەڵیگرتووم، وەک با دەمڕفێنێ، ئەستەمە ڕاوەستانی، ترس و دڵەخورپێی گلان ڕێکم دەکوشێ، وەک پینە بە زینەکەوە دەنووسێم، دەرزی ترس پەنجەکانی بە لەغاوی ئەسپەکەوە دادووریوم. دوو گورگی برسی ڕەپێیان ناوین، دەمیان گەزێک داپچڕیوە، لیک بە لالەغاوەیاندا شۆڕبۆتەوە، لێمان نزیک دەبنەوە و جار جار دەمیان دەگاتە پاشەڵی ئەسپەکە، جووتە و جیفڕکی ئەسپەکە دووریان دەخاتەوە، لەپڕ خۆی دەکێشێتە نێو باغێکی چڕ، شەپلاغەی چڵ و پۆتراکی دار بە سنگ و بەرۆمدا دەدرێن، تەوێڵم بە سنگی دارێکدا دەدرێ، خوێن بە دەم و لووتمدا فیچقە دەکا، چاوەکانم لە کالان دێنە دەرێ، ئازار دەمتاسێنێ، پەنجەکانم هێزی ڕاگرتنی لە غاوەکەی نامێنێ، وەک تەرمێکی بێ گیان دەگلێم، گورگەکان تێم ڕۆدێن، جەستەم هەڵدەدڕن، هەر پەلێکم بە دەم یەکیانەوەیە، گۆشت و خوێنم لەگەڵ خۆڵ و خاشاک لێک دەدرێن» لە ژێر تەوژمی ترسێکی بەسامدا ڕادەچەنم، ئارەقە هەموو لەشمی خووساندووە، لێوەکانم لەچەند لاوە هەڵدەپشکوێ و قرتماخە دەبەستن، بەبێزارییەوە جێ و بانەکەم بەجێ دێڵم، هەست بە قورساییەکی لە ڕادەبەدەر دەکەم، بە دەستەکوتێ کلیلەکە



دەبینمەوە و گولۆپەکە هەڵدەکەم. چاوێک بە دیوار و میچی ژوورەکەمدا دەگێڕم، لە چاوی خۆم بە شکم، پێم وایە چاوەکانم ڕەشکە و پێشکە دەکەن، هەڵیان دەگلۆفم و دیسان چاوێکی دی پێدا دەگێڕم، نا بە هەڵەدا نەچووم، ڕاستە! ژوورەکەم پڕ بووە لە سریلە و فسقانج و قالۆنچە، بن میچ و دیوار ڕەش داگەڕاون، هەر پێ هەڵدێنمەوە هەشت نۆ دە دانەیان لەژێر پێمدا جیقیقان دەردێ. جریکە جریکی سریلە لەوانەیە مێشکی سەرم هەڵگرێ، دەهری دەبم، یەک بەخۆم هاوار دەکەم، سریلەکان، فسقانجەکان، قالۆنچەکان، ئەسپێکان، بۆ لێخەم نابنەوە؟ خەوتان، ژیانتان، پێخەفتان، ماڵتان لێ تاڵ کردووم، دە بڕۆن ژوورەکەم، ماڵەکەم بۆ چۆڵ کەن. وەنێویان دەکەوم، دەست دەکەم بە پێشێل کردنیان، ئەوە دە، ئەوە بیست، ئەوە سەد، ئەوە هەزار، هەر دەیانکوژم کۆتاییان نایێ، تا قولاپەم لە خوێنی کەسک و سوور ڕۆدەچێ، دڵم بەیەکدا دێ و پەرۆش دەکەم. هەست دەکەم بەهەر هێلنجێک بەشێک لە ئەندامەکانی دەروونم بەزارمدا دێنە دەرێ، ڕشانەوە و خوێن سەرتاپای سواخ داوم، سەرم لە گێژەوە دێ، دەڵێی لە بێژنگیان ناوم، دڵم دەبووریتەوە و بەلادا دێم، لە ناکاوێکدا دێمەوە سەر خۆ، وەک فێگرتوو، دەردەپەڕمە دەرێ و دێمە کۆڵان، گرمەی ماشێن و هاواری دەس فرۆشەکان پێم دەڵێن ڕۆژە، وا دیارە بەشێکی زۆری شەوێم بەبێ ئاگایی تێپەڕ کردووە، تۆزێکی خەست ئاسمانی داگرتووە، دەڵێی هەتاو لە پشت شووشەییەکی لێڵەوە لە عەرزی دەڕوانێ، شار جلێکی خۆڵەمێشی لەبەردایە، سەر شەقام دەکەوم، قیلەتاوی دیار نییە، زبڵ و زاڵ داپۆشیوە، شار دەڵێی زبڵدانێکی گەورەیە، بۆسار وڵاتی داگرتووە، لەوانەبە مێشکی سەر دەرێ، جەژنی پشیلە و سەگە، خواردنیان بەلاشە، بە دیتنی ئەو دیمەنانەش دەڵێی چنگ دەخەنە دڵمەوە، هێلنج دەدەن و دەرشێمەوە، بەلارەلار بەرەو بازاڕ هەڵدەکشێم، دووکان و بازاڕ ئاوالەن، لە چەقی بازاڕ ڕادەوەستم، تێکڕای دووکاندارەکان لەبەر چاومدا وەک قەساب دەچن، جلوبەرگی قەسابیان لەبەر دایە، کراسێکی ئاودامێنی سپی پنۆک پنۆک خوێنی سووری لێ بۆتە خاڵ. عەترفرۆش، ئاڵتوون فرۆش، کتێب فرۆش و بەزاز تەنانەت ئەوانیش وەک قەساب دەچن، عەترفرۆش ئارەقە و جواناوی کچان، ئاڵتوون فرۆش کوڵم ولێو و چاوی ژنان، کتێب فرۆش مێشک و دڵی شاعیر و نووسەریان لە پشت شووشەی دووکانەکانیانەوە دانابوو بۆ فرۆشتن. لە دووکانی کووتاڵ فرۆشێکدا کەوڵی ئاژەڵ و مرۆیان هەڵواسیبوو. لەسەر کورسی بونگایەکی ماڵ و زەوی فرۆشتندا بە چوار قەساب لاق و دەستی کابرایەکی هەژاریان دەپەڕاند. قەساب جممەی دێ، قەسابستانێکە پان و بەرین، بە بێزارییەوە لەشار دەردەکەوم،- لە گوێی چۆمی خۆم و جلەکانم دەشۆمەوە. خوێن و ڕشانەوە سواغی داوم «ئەمەم لەبەر خۆمەوە کوت: چۆم دەڵێی قوڕاوە هەر لرفەی دێ، چۆمی چی خۆ ئەو لە من پیسترە «ئەوەشم بە مێشکدا هات» بەسەر پردی چۆمەکەدا دەپەڕمەوە و بە باڵای کێوەکەی ئەو بەردا هەڵدەزنێم، ماڵی سریلە و ئەسپێ و شاری زبڵ و قەساب بەجێ دێڵم. لێی دوور و دوورتر دەکەومەوە، جار لەگەڵ جار پەلکەزێڕینەیە، لە هەزار ڕەنگ خۆی دەنوێنێ، بۆن و بەرامەی خۆشی گوڵان مەستیان کردووم. سەرخۆشی بۆنی خۆشم، ئاوازی باڵندەکان ڕۆح وەبەر جەستەی نیوە مردوومدا دەکەنەوە، وەسەر ترۆپکی چیا کەوتووم، کانییەکی ڕوون وەک چاوی قرژاڵ لە نێوان دوو بەردەوە هەڵدەقوڵێ، لەسەر بەردی لێوار کانییەکە چۆک دادەدەم، وێنەی کەسێکی تێک سمڕاو سەر و پۆتراکی ئاڵۆزاو و چڵکن، لا ڕوومەت و چاو بەچاڵدا چوو، لووتی بگری گیانی دەردەچێ، چاوی بڕیوەتە نێو چاوم، چەکەرەی دەیان پرسیار لە مێشکمدا دەڕوێ،

- ئەوە کێیە؟ بڵێی لە کوێ دیبێتم؟

چاوێک بە مێژووی تەمەنمدا دەخشێنم، لە هیچ قوژبنێکدا وەبەر زەینم نایێ، دەڵێی وەک فالگرێک نووسراوەکانی سەر لەپی مێشکم دەخوێنێتەوە،

- نامناسییەوە؟
- ناوەڵڵا
- حەح تەمەنێکە لەگەڵ تۆدا دەژیم، خۆت گێل مەکە!
- خۆت نەناسێنی، ناتناسمەوە!
- من وێنەی تۆم، یانی خۆت نایناسییەوە؟
- بۆچی؟ بەڵام تۆ دەڵێی بوونەوەرێکی شاخیت، سەر و پۆتراک ئاڵۆزاو، ڕوومەت و چاو بە چاڵداچوو، قەت بڕواناکەم تۆ وێنەی من بی!
- دەسا لە هەڵەدای، ڕاست وێنەی خۆتم، نەخەرەفاوی؟

پلەی خوێنم بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵدەکشێ، دەهری دەبم، هەموو وزەی لەشم لە باڵەکانمدا کۆ دەکەمەوە، شەپلاغەیێک لە ڕوومەتی ڕادەکێشم، ئاوەکە دەشڵەقێ و وێنەکە بزر دەبێ،- سەگباب بەشێتم دەزانی. دەم دەنێم بە گۆنای سری کانییەکەوە، ئەوەندەی هەڵدەمژم تا سووکناییم دێ، خۆم و جلوبەرگەکەمی تێدا دەشۆمەوە، پاک و خاوێن لە لێواری کانییەکەدا ڕادەکشێم، بە هەڵمژینی هەوایێکی فێنک و خاوێن، دەچمە ئامێزی خەونێکی خۆشەوە، قورسایی لەشم لە کەمی دەدا، وەک پەری باڵ دەبێک بە دەم شنەباییێکی نەرمەوە باڵ دەگرم، هەر جارە و ڕیشاڵێکم لێ دەبێتەوە، ڕیشاڵەکان دەبنە دڵۆپێک ئاو خاڵێک هەڵم، لە ئاسمانی بێ کۆتاییدا دەبنە ئەندام.

**سەرماوەزی ١٣٨٢ هەتاوی**

# سەراب

**کاوە محەمەد ڕۆستەم**
**(سلێمانی)**



خەریک بوو ئێوارە دادەهات و کات لە بولێڵ نزیک دەبۆوە منداڵێکی جوانکیلەی پێنج ساڵان کە دوو چاوی شینی هەبوو تک تک فرمێسکیان لێ دەباری لەو کاتە ناوەختەدا کە بارانێکی هێمن و لە سەرخۆ دەهاتە خوار، ئەمەش دوای بارانێکی بە خوڕی پێشتر دەستی پێکردبۆوە.... هەموو ئەوانەی تەڕ ببوون لەبەر ئاگرەکەدا خۆیان نیوە وشک کردبۆوە و لە خەمی بارانی تردا بوون، هەر کەس شوێنی حەوانەوەی بۆ خۆی سازدا بوو کە ژێر نایلۆن، یان چادر، یان کەلاوە کونێک یان لادیوارێک بوو هەندێکی ئەو جێیانە کاتی خۆی سەربازگە بوون، بەڵام ئەو منداڵە بە نیگەرانی و دڵتەنگی هەنسکی دەدا جووتێ پێڵاوی باتەی لە پێدا بوو کەیەکێکیان قەیتانەکەی پچڕا بوو و گوێ و سەر لووتی سوور ببۆوە، کەسێ بێت و دەستی ئەم کۆرپەیە بگرێ و بە دەسڕێک فرمێسکە گەرمەکەی بسڕێت و بیخاتە باوەشی خۆی و بۆنی دایکایەتی بکات بە سەریدا، تا تێر تێر پڕ بە سییەکانی ئەو بۆنە هەڵمژێت و برسێتی و سەرمای بیر بچێتەوە و هەر لەو باوەشە پڕ سۆزەدا بخەوێت..... خەوێکی قووڵ کە هەموو زەحمەت و ناڕەحەتی بیر بباتەوە.. بەڵام ئەو دایکە دیار نەبوو نە ئەزانرا لە کوێیە و چۆن خەمی کۆرپەکەی دەخوات..... چۆن بن بەرد و دەوەن و ڕێگاکان بەسەر دەکاتەوە... لەیەک بە یەکی ڕێبواران دەپرسێ

کۆرپەکەمتان نەدیوە.... چاوی شینە هەتا بڵێی جوانە... جوانی وا هەر نەبووە ....

هەموو بوونەوەرێک کۆرپەکەی لا شیرینە.. ڕەنگینە..... ئەم دایکە بە هەنسک و فرمێسکەوە

هاوار و دادی خۆی دەکات، لەوانەشە پێی پەتی بێت و هەر لەبیری قاچی خۆیدا نەبێت، هەر چۆن بێت دوای گەڕانێکی زۆر ماندوو دەبێت و بە نائومێدی لۆژە لۆژ بە ڕێدا دەڕوات.. کێ دەڵێ لەوانەیە بە نائومێدی و بەجلی تەڕ و بڕەوە لە ژێر درەخـــــــتـــــێک یان ژێر چینکۆی ڕەبایەیەکی کۆنی ڕوخاوی سەردەمی پێشوودا دەستە و ئەژنۆ دانیشتبێ و نەزانێ چی بکات...

منداڵە جوانەکە هەر بەو بارەوە مابۆوە ژنێک لەگەڵ بارگرانی خۆیدا کە سێ منداڵی پێ بوو دڵی بۆی جۆشا و بردیە لای خۆی بۆ ژێر دارێکی ئەو نزیکانە، بەڵام ئەو منداڵە جوانە هەر دەگریاو و ژیر نەدەبۆوە...

«دایکم لە کوێیە بۆ نایەت بۆ لام... سەرمامە......

لەبەر خۆیەوە ژنەکە وتی:

«منیش نازانم ڕێوازی کوڕە گەورەم لە کوێیە؟ لەوانەیە ئێستا لەبن بەردێکدا لەتاو سەرما نەزانێ چی بکات

ژنە سەرپۆش ڕەشەکە پارچە نانێکی دایە دەستی...

«ئەم لەتە نانە بۆ ژانی برسێتی باشە کوڕم.......

لەم تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا کە تریفەی مانگە شەو دەبریسکایەوە و دڵۆپە ئاوەکـان لەسـەر گەڵای دارەکـان دەخزانە خوارو لەسەر زەوی جۆگەلەیەک ئاویان دروست دەکرد و بە هێـواشی یەکیـان دەگرتەوە و بەرەو دۆڵێـکی خــوارتر ڕێیــان دەگــرتە بەر، لە ژێر ئەو گــەڵا تەڕانەدا هێلانەی کوکوختییەک بەهۆی چڕی دارەکانەوە دوور بوو لەتەڕی باران و دڵۆپە ساردەکانی سەر ڕووی گەڵاکـانی ئەو شــەوە، لەناو هێـلانەکـەدا دوو قــومـری ســەریان خستبـووە سەر ملی یەکدی و خەو نەدەچووە چاوانیـان دەشێ ئەوانیش ئەو دەنگە بێـزاری کـردبن کـە ناو بەناو دڕی بە ناسکی شەو دەدا و زۆر خەمبارانە گوزەرانی ئەو دەقـەرەی تێک دەدا.. گریان و داوای منداڵەکە بەردەوام بەناو ئەو تەمەدا کە لە سەر زەوی و گەڵاکان هەڵدەستا، گوزەری دەکرد ئەویش نەیدەزانی چۆن و بە چ شێوازێک هاوکـاری ئەو منداڵە بکات، ئەو دەیتـوانی ئەگـەر ئەو توانایەی هەبوایە، ببێ بە پەیامبەر و نامەی دەنگی ئەو منداڵە سوور و سپییە هەڵگرێ بیگەیەنێتە بەشەکانی تر بیدات بە گوێی دایکیدا، بەڵام تەمەکە ئەوەندەی پێکرا گۆشەیەکی تریفەی مانگی گرت و کردیە دەسماڵێک و هێنای بەچاوانی منداڵەکـەدا ئیـتـر چاوەکـانی بۆ هەتا هەتایە تریفــــەی مـــــانگیـــــان لێ دەباری و هەردەم دەدرەوشانەوە، ئەوانەی دەوری سەریان پێیهـات چاوانی وەک مـانگی چواردە تریفـەیان دەباراند، لەگـەڵ ئەوەی دەوری قەرەباڵغ بوو، بەڵام ئەو هەر تەنیا بوو.. بە دوای بۆنی ئەو باوەشـەدا دەگـەڕا کـە پێی ئاشنایە وەک ئەو پیاوەی کە لە سەفەرێکی دووری چەند مانگە دەگەڕێتەوە یەکەم بۆن و یەکەم دیدار ئارەزووی هاوسەرەکەی دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا ئەو هاوسەرانە بە ئەشک و زەردەخەنە و عـەرەقی مـاندووبوون و کـار کـردن دیوار و سـێبـەری عەشقیـان تۆمار کـردبێت، بەڵام کەم نین ئەوانەی حەزی پیـاوانەیان لەگەڵ دۆسـتێکی تردا بەسـەر دەبەن و کـاتی درەنگ دەگەڕێنەوە، یان هەر ناچنەوە ماڵ.

دایە.. سەرمامە... وەرە لام

ژنەکـە بەم هاوارەی منداڵەکـە جـارێکی تر ڕاچڵـەکی لەبەر خۆیەوە وتی «ئای خـوایە نە شـەوگـار دەڕوات و نە سەرما و باران دەبڕێتەوە......

لەترسی هێـرشی سـتـەمکاران لەمـاڵ دەرچوون، بەڵام ئەوەتا چوونەتە سەر لێواری مەرگ، بەڵام نابێتە میوان، چەند زۆرن ئـەوانەی بەناوی مـــــرۆڤــــایەتی و وڵات پارێزییـەوە مـرۆڤ ئاوارە دەکـەن و وڵات کـاول و وێران دەکەن، بەناوی یەک پارچەیی خاکەوە هاوولاتیان دەکەنە پلە دوو، بەناو دیموکراسییـەوە دیموکـراسی لەخاچ دەدەن بەناوی دیبینەوە سەدان تاوان ئەنجام دەدەن.

جیهان ئێستا سەرابێکی گەورەیە نە ڕووەکی تیایە و نە کـانی و نە ڕووبار و نە هیچ گیـایەک و گـوڵێک، ئەو گوڵانەش کە لەدایک دەبن بێ بۆن و بەرامەن... مەلەکان هەر لە ساڵی تاعوونە گەورەکەدا دوای نەمانی ئاوەدانی و سەربڕینی منداڵ و ژن و پیرە پیاوەکان ڕەویان کرد هەر لەو سـاڵەدا بوو کـە سـەنگەرەکـانی بەرگری بەرامبـەر بە دیکتـاتۆریەت خنکێنران، بلبل و پەپووسلێـمـانکە و ڕیشۆڵە لەو وڵاتە نەمان، کـانیاوەکان پێـویستـیان بەوە هەبوو کــەســێک تینوویەتیــان بشکێنێ، ئەم ســەرابە زەمـــــەنێکی دوور و درێـژە تەنـگی بـە بوون و ژیـان هەڵچنیـوە، بەسـاڵاچووەکـان سەرسـامن لەو ژیانەی کـە هاتووە بە سەریاندا، پیرە پیـاوێک لە دووری منداڵە چاو تریفـەکـەوە لە بن دارێک خـۆی گـرمۆڵە کـرد بوو ئەگـەر هەناســـەی نەدایە، هەرنەتدەزانی بوونەوەرە، خـــۆی

دەپاراست لەو تنۆکە بارانانەی کە لەناو پەلی درەختەکەوە دەیدا بەسەر و ناوشانیدا، هەر لەبیری ئەوەدابوو بچێ و منداڵەکە بەرێتە لای خۆی.

«ئەمە چ وەزعێکە ئەو منداڵە بۆ وادەکات.... پیرە پیاوەکە لەبەر خۆیەوە وای وت.

هەرچەندە منداڵەکە دەگریا، بیری ئەمی زیاتر پەرێشان دەکرد و نەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەدا بکات...

«غیرەت و پیاوەتی ڕابرد، بۆ لە ساڵانی گەنجێتی ئێمەدا نەنگ نەبوو بهێڵی میوان لە دەرگاکەت ئەولا کەوێ، باوکم ئەگەر سێ ڕۆژ میوانی نەبوایە بێتاقەت دەبوو! دەچووە مزگەوت میوانی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە، لە دێیەک یان گەڕەکێک ئەگەر بێوە ژن، یان هەتیو، یان هەژارێک هەبوایە کەس دەرکی بە بوونی نەدەکرد، ئەمڕۆ من لە ئاست منداڵێکی بێ دایک و باوکدا بە گیرهاتووم... پیاوەتی و مەردایەتی چۆڕایەوە....

پیرە پیاو بەو جۆرە لە گژ بیرکرنەوە ڕاچوو بوو کە بارینی تەرزەیەکی بەخوڕ کە هەر دەنکە بەقەد هەڵماتێک دەبوو زنجیرەی بیری شێواند...

«ئەوە دەستی بەبارین کردەوە.. باشە ئەگەر هێنامە لای خۆم، پێم ڕازی دەبێت.. پاشان من نازانم ڕوو لە کوێ دەکەم دەکرێ ئەویش لەگەڵ خۆم ببەم، بەو جۆرە سبەی دایک و باوکی بەتەواوی لێ ون دەبێت، لەم سەرابستانەدا بەرەو کام لا بڕۆین و گوزەر بکەین، درەختەکانیش سەریان لێ شێواوە لەم نزیکی زستانەدا تازە چرۆ دەکەن، ئەم فیرعەونە بۆ وای کرد، ڕوو لە هەر لایەک بکەین فیرعەونێک هەیە و چوارلامان بە فیرعەون گیراوە، لەوەش زیاتر هەر فیرعەونە و خۆی داکوتاوە بەرامبەرەکانی بە زەبوون دەبینێ، بۆیە کۆترە باریکەکانی ئەم دەڤەرە بە هاتنی  ئەم وەیشومەیە زۆریان قات و قڕبوون و ئەوانی تر لەگەڵ کەوەکانی کوێستان کۆچیان کرد و تاک و تەرایان مانەوە، دوای تەمەنێکی زۆری ئەم پیرە زەویە تازە بە تازە کۆیلایەتی دروست دەبێتەوە، بەڵام بە بەرگ و ئاواز و وتاری نوێوە ئەم جارەیان بەناوی سەرکوتکردنی یاخیان و قەڵاچۆکردنی گێرە شێوێنیان لە پێناو لەت نەبوونی نەتەوە و پیرۆزکردنی سەرکردە بەڵێ سەرکردە... کە هەموو کارە گرنگ و پیرۆزەکانی دراوەتە پاڵ و هەموو کارەکانی سەرکردە شیاوە  ئەگەر خوێن ڕشتن، یان ئاوارە کردن یان وێران کردنیش بێت کە ئەم سەرکردەیە لا دەدرێت یەکێکی تر دێتە شوێنی و هەمان ئاراستەی هەیە......

کڕووزانەوەی جارێکی تری منداڵەکە دڕی بە تاریکی و بێدەنگی ئەو شەوە سارده دا، بەڵام ئەم جارە لەگەڵ گریان و فرمێسک ڕشتندا باسی لە برسێتی دەکرد.... کێ هەیە برسی نەبێت لە سات و بارێکی وەهادا دوور لە ئاگر و خواردن و باوەشی باوکێکی گیرفان ئاوەڵا بۆ منداڵە جوانەکانی...

ئەو گریانە ئەوەندە جەرگ بڕ بوو درەختەکەی نزیکی پیرە پیاو لە تاوا دەستی بە گریان کرد لەسەر پەل وقەدەکەیەوە بەتاو ئاو دەڕژا و ئەشکی دەڕشت، پیرە پیاو ئەمەی بەلاوە سەیر بوو بوونەوەرێکی سەرئەم زەوییە کەتوانای جووڵەی نییە ئەشک دەڕێژێ و بۆچی و لەبەرچی؟ پیرە پیاو ئەوەی لەیاد بوو کە لە شەوێکی ساردی گرانیدا سەری کردە ماڵی براکەی کە دەوڵەمەند بوون بۆ پەیداکردنی ژەمە خۆراکێ، بەڵام نەک خواردنەکەیان نەدایێ، دەرگاشیان لێ نەکردەوە تاخۆی گەرم بکاتەوە، بۆیە لە قەراغی شار خۆی کردە تەویلەی ئەسپێکەوە تا لە دەست سەرما قوتاری بێت، بەڵام ئەو شەوە لەتاو ژانی گەدەی زۆر بە زەحمەت خەوی لێکەوت، خاوەن ئەسپەکە حەماڵێک بوو کە بەیانی هات زۆری بەزەیی پیا هاتەوە بردیەوە ماڵی خۆیان....

ژنە سەرپۆش ڕەشەکە هەندێ خواردنی بە منداڵەکە دا تا ژیر بۆوە، پیرە پیاو جووڵەیەکی کرد و هەستایە سەر پێ و تۆزێ خۆی بەم لاو لادا بادا و هاوارێکی کرد باڵەکانی کردەوە و دای بەیەکدا دەستی بەر گەڵای بەروارەکەی تەنیشتی کەوت زوقم، سەر گەڵاکەی سپی کردبوو، سەیری ئاگرەکەی کرد بەرەو کزی دەچوو دەستی برد و کۆتەرەیەک کە لە نزیکییەوە بوو تاوی دایە و ئاگرەکەی پێ خۆش کرد، سەرنجی دا لەو دیوی سنوورەوە پڕ بوون لە هێزی سەربازی بە چەک و تفاقی باشەوە دامەزرا بوون و ڕێگر بوون لە چوونە ناوەوەی ئەو خەڵکەی کە بە ناچاری ڕێگاری سنووریان گرتبووە بەر... ئەو بارانەی کە ناوە ناوە دەباری و خۆشی دەکردەوە تەمومژێکی چڕی بە دوای خۆیدا هێنا لە زۆر

کاتدا پێویستی بە بەکارهێنانی ڕووناکی دەکرد بۆ بینین و ئاگادار بوونی بەرپێ هەرچەندە دنیا ڕووناک بۆوە، پیرە پیاو لە تاو سەرما هەر ئەوە بوو نەدەچووە ناو ئاگرەکەوە جار جار سەیرێکی جەندرمەکانی دەکرد کە لەو دیوی سنوورەوە بەوپەڕی پۆشتەییەوە بەرامبەر ئەو خەڵکە وەستا بوون.. خەڵکێکی برسی و بەرگ دڕاو کە بۆ ڕزگاری گیانیان، ڕێگای هات و نەهاتیان گرتبووە بەر..

هاوار و کڕووزانەوەکە جارێکی تر هەناوی پیرە پیاوی هەژاند سەیرێکی ئەو شوێنەی کرد کە دەنگەکەی لێ دەهات..... ڕێژنەیەک بارانی تر دەستی پێ کردەوە، بەڵام ئەم جارە بەفریشی لەگەڵدا تێکەڵ بوو ئەوەندەی تر قوڕی ئەو ناوەی خەست کردبۆوە بەر پێی ڕێبوارانی شلۆق دەکرد، بە لەرزە لەرز بەرەو ئەو جێیە چوو کە منداڵەکەی لێ بوو کە نزیک بۆوە سەیری کرد لە پەنا ژنە سەرپۆش ڕەشەکەدا و لەنزیک ئاگرەکە هەڵکورما بوو، ژنەکە گوێی لە خشپەیەک بوو بەرەو لایان دەهات کە سەری هەڵبڕی وتی «مامە پیرە ئەم منالە ناناسی؟

پیرە پیاو بۆ ماوەیەک لە منالەکە ڕاما و بە سەر وەڵامی ژنەکەی دایەوە کە نایناسم، بەڵام لەبەر خۆیەوە وتی «ئەوە دایکی ڕێوازە»

دەفەرمووی چی؟ دایکی ڕێواز وای وت

.............. پیرە پیاو وەڵامی نەبوو

پاشە و پاش بەرێی خۆیدا گەڕایەوە تا دەهات تاوە بەفرەکە خێراتر دەبوو ناوە ناوە کزە بایەکیشی لەگەڵ هەڵ دەکرد ژنێک و دوو منداڵ کە سەرما کەسیرەی کردبوون هەنگاویان بەرەو ئەو دیوی سنوور نا گەنجێک هاواری لێ کرد «نەڕۆی»

کاکە وزەمان نەما... سەرمامانە... برسیمانە... ئەو پەڕی زیندانیمان دەکەن.

ژنە سەرپۆش ڕەشەکە هاواری کرد «منیش دێم بوەستە»

هەر خێرا خۆی و منداڵەکانی بەرەو ئەوێ چوون.

کە بەلای پیرە پیاودا ڕەت بوون پێی وت:

«مامە ئاگات لەم منداڵە بێت نازانم کێ خاوەنیەتی!»

بەڵام منداڵەکە دوای کەوت، خەڵکی ئەو ناوە چەندیان کرد، بێ سوود بوو جەندرمەکان لێیان خوڕین کە نەچنە پێش بەدەم قسەکردن و هێماوە بەردەوام بوون لەسەر ڕۆیشتن، دەنگێک کە لە دەنگی گوللە دەچوو بەدوایدا دەستڕێژێک هات خەڵکەکەی وورووژاند لەسەر ئەو زەوییە کە بەفر سپی کردبوو گەرمی تنۆکە خوێنەکان هەڵمیان لەو بەفرە هەڵدەستاند شەش لاشە بە تەنیشت یەکەوە لەسەر زەویەکە کەوتن سیانیان پەپوولە ئاسا گیانیان بەرەو ئاسمان هەڵکشا، پیرە پیاو لە جێگەی خۆی ڕاست بۆوە و سەیری ئەم دیمەنەی کرد.... بینی پۆلێک کەسی نوورانی جوان کە سەرتاپا سپی پۆش بوون لە پەیژەیەکی ئاڵتوونییەوە دەهاتنە خوار کە شوێن پێیەکانیان لەبەر گزنگی خۆرەتاو دەبریسکانەوە بە دەوری لاشەکاندا کۆڕیان بەست و فرمێسک و خوێنەکانیان بۆ دەسڕین هەر لەوێ مانەوە هەتا یەکە یەکەیان لەگەڵ خۆیان برد و بە پێکەنینەوە بەسەر پەیژەکەدا سەریان دەخستن، ژنە سەرپۆش ڕەشەکە سەیرێکی خەڵکەکەی کرد و بە زەردەخەنەیەکی جوانەوە کە جلەکانی سوور ببوو دوا ماڵئاوایی لێکردن...

منداڵە چاو تریفەکە هەر بەدەوری ژنە سەرپۆش ڕەشەکەدا دەسووڕایەوە و خۆی دەدا بە سەر سنگیدا و هاواری دەکرد:


«دایە سەرمامە بۆ قسە ناکەیت............

ئەو دایکەی کە تەنیا شەوێک دایکی بوو، ئەویش ئەوەتا لە خوێنی خۆیدا دەگەوزێ دەستە خوێناوییەکانی هێنا بە قژە زەردەکەیدا و بۆ دواجار ئەو دەستە میهرەبانە کەوتە سەر زەوی....

پیرە پیاو سەرنجی دا..... لەو سەر لەسەر بەرزاییەک ژنە سەرپۆش ڕەشەکە، خەریکی تیمار کردنی برینەکانی بوو دەستێک جلی لەبەر کردبوو هەر لە ڕووناکی دەچوو لە خوار ئەوەوە لە نزماییەکدا منداڵە چاو تریفەییەکە هەر بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە و دەگریا و هاواری دەکرد «دایکە سەرمامە برسیمە بۆ نایەیت تۆ لە کوێی؟

# سەفەرنامە

بەکر دەروێش
(خورماتوو)




لە دوور لە ئاستی نەخشە وەهمییەکانی خۆی و بەرانبەر بە شیکردنەوەکانی پێشتری و لە چوار چێوەی کاردانەوەکانیدا سەفەرەکەی ئەنجام دا، کاتێکیش پلانی ڕاپەڕاندن و جێبەجێ کردنی ئەم سەفەرەی کەوتە ئەستۆ نەخشەی کێشاو ڕاشی پەڕاند، ئەم سەفەرەی هەمیشە ئەفسانە ئامێز دەهاتە پێش چاو، چونکە ڕوانگەی سەفەرەکەی ئاوابوو، گۆشە نیگای دووەمیشی هەر ئەمە بوو، بۆیە قسەکردنی ئێمەش لەسەر بووژاندنەوەو ڕاپەڕاندنی ئەم کارە دەمانگەیەنێتە نێو ڕیتمی گونجان و نەگونجانی هەمان مەسەلە، ئەوەی دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ ئەو سەفەرەیە قسەی لەسەر دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین بەهیچ جۆرێک جێگای خودی هەمان سەفەرەکەی ئەومان بۆ ناگرێتەوە، بە پەشۆکاوی هەنگاوەکانی دەناو بەتۆبزی گوڕی دەسەندو سەرلەنوێ سەردەکەوتەوە هەرچۆنێ بوو گەیشتە ترۆپکی پردەکە، بەڕێژنەیی کەوتە تەماشای بازاڕەکەی بەرامبەری، نیگایەک کەروێشک ئاسا لە چاوەکانییەوە دەرپەڕی و بە دووکانەکانی ئەوناوەدا کەوتە هەڵزنان، ئەو نیگا بەریئە لە تافی ئاسماندا شەنگە بێریانە دەسووڕایەوە، دەمێک بوو لە خەوی بێداری ڕابوو دەیویست بە پەنجەکانی چاوی وا بکاتەوە تا ئەوسەری بازاڕەکە هەمووی بەتەواوی ببینێ، غوربەتی ئەوناوە ڕەنگە مووچەی نیگەرانی و دڵتەنگیان پێدەبەخشی، کاتێک تەم جادەکەی بەردا ڕواڵەتی زۆر شت گۆڕابوو، جوانێکی شۆخ و شەنگ لەبەردەم دووکانێکدا سەرنجی ڕاکێشا هێندەی ئەوەی مژ لە جگەرەیەک بدەی لێی ورد بووەوە ژنەی دووکاندار بەدەنگێکی گڕوتینەوە گوتی: بیورن. لە دەنگی ژنەکە سڵەمییەوەو بە چەند هەنگاوێکی گورج و زیتەڵ بەردەم دووکانەکەی بەجێ هێشت بەبێ ئەوەی لە مانای وشەکە بگات، لە هەنای وێستگەکە هەمان بۆنی

کردەوە بەملاو بەولای خۆیدا چاوێکی گێڕا سەرچاوەی بۆنەکەی نەدۆزیەوە، بەکش و ماتییەکەوە چوو لەسەر شۆستەکە دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند و سەری خۆی لەنێو تەمتومانی دووکەڵی جگەرەکەیدا ون کرد.

مانگی سەرماوەزی سالّی هەزارونۆسەدو نەوەت و پێنج بوو، کاتژمێری نۆی بەیانی لە عەمانەوە بەفڕۆکە گەیشتە ئەستەمبۆڵ، ئەوە یەکەم جاری بوو سەفەرێکی ئاوا بەتەنیا بۆ دەرەوەی وڵات بکات، فڕۆکەخانەکە دەتگوت شارە مێرووڵەیە سەت دەهات سەت دەڕۆیی، کڵاوت هەڵدایە لەبەر بنیادەم بە زەوی نەدەکەوت، هەرچەندە شڵەژابوو، بەڵام لەخۆیەوە ختوورەیەکی بەدڵدا هات و وتی: ئێستا کە وەرزی نەشونمابوونی جوانییەکانە وەرزی چرۆو پەلوپۆی چلّە ئاوسەکانە وەرزی بووژاندنەوەی سروشتە، منی ئاوارە دانیشتووم لە ئاوێنەی ڕۆحمەوە لە چارەی خۆم دەڕوانم هەر لە چارەی پشیلەیەک دەکات سەگگەلێکی دڕ ڕاویان نابێت، یان لە چارەی پیرە پیاوێکی تووڕەو پەست دەچێ کە دەمێ ساڵ بێت لە پیاوەتی کەوتبێت و ئێستا بینینی کچێکی جوان مجێزی پیاوەتی کردبێتەوە، بریا نەبوومایە کە بووشم قانگەلاشکێک بوومایە ڕەشەبایەکی تیژ بیخستمایەتە نێو کوانووی ئاگرێکی چل چرا، خۆشی نەیزانی ئەمانە چی بوون بە مێشکیدا هاتن، ئینجا بە دەنگێکی بەرز بەخۆی وت: ئەو دەمەی لە پەنجەرەی جوانییەوە دەڕوانیتە سیحری ژیان، گوێ ڕادێرە بۆ سۆزی ئەو ئارەزووانەی دەخرۆشێنە نێو هەناوتەوە ئەو دەمەی بەهارێکی پڕ بە سەوزەڵانی لە کانگای دڵتدا سیمای خۆی دەنوێنێ تۆ بەئاسانی گوێت لە فرەفری باڵی چۆلەکەی دڵی پڕ لە نیگارت دەبێت، تۆ لەگەڵ دڵتدا برۆ ژیان یەکجارە، تۆ عومری نوح و سەبری ئەیووبت نییە، دڵی تۆ کووپەڵەیەک نییە وەک ڕشتەو ساوەر ئێش و ئازاری تێکەن، تۆش دۆش دامێنی و تەماشای کەیت، مێشکی تۆ لاپەڕەیەکی زەرد نییە هێندەیان خوێندبێتەوە لێی بێزار بووبێتن، تۆ لەسەر زەوی خۆتی، زەوییەک کە هەزار ساڵ پێش لە ئێستا لێت زەوت کراوە، پەشیمان مەبەرەوە، هەنگاوەکانت زیاتر گورج کەرەوەو بەر بە دواوە مەکە، ڕابردووت شایەتە، برۆ مەگەڕێوە دواوە دەفەوتێی، دەس لەسۆزو عاتیفە هەڵگرە، کێ چێژی بوێ دەبێ هەڵۆ بێ، ڕۆژ گەلێک بەدەستی ئەم خەیاڵانەوە خولایەوە، زۆر نەبرد دیسان لە کۆڵانە خۆڵاوییەکانی خورماتوودا خۆی دیتەوە، دیسان هەمان بەزم و ڕەزم، ئێستا وا لەنێو ژوورێکی داتەپیودا بۆگەنت کردووە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیەی کلکت بگرن و تووڕت هەڵدەنە نێو گۆڕێکەوەو دەفنت کەن.

# جندۆکەکانی زەینی پاشەبەرەیەکی نێرەمووک

عەلی غولامعەلی
(بۆکان)



چ... چاوم کـار لە ئاور دەکـا. شـوومی هەزار ک... کوندم بەنێوچاوانەوەیە؛ «کوندەکوێرم!»

دایکم کە چاوم لێدەکا مات دەبێ. ئەستەغفیڕوڵڵا! لەسەر تووی من لە خەونێکی شەیتانیدا تێکەڵاو سەگی «مـچەی پاسەبان» ببـوو. دەڵێ لەسـەر من ئیشـتیـای گـۆشـتی قـەلەڕەشـەی سـەر دار قـەیسی ک... کـردووە؛ «قـەلەڕەشـەم!» باوکم هەمـوو جـارێ کە چاوم لێـدەکـا، چاوی هەڵدەگرێ. د... دووشکە باوکم بێ!

دەبێ ک... کچ بم، بەڵام نـەنکم کـــە ڕقـی لێـم هەڵدەستێ، پێم دەڵێ: «کا حەمە ساڵە!»

کاکم نامدوێنێ.

باپیـرەم ز... زۆری دڵ پێـوە بووە زیندەبەچاڵم بکات. نەیوێرا، دەنا خراپتری بەسەر دەهات. هەمیشە بۆ خەڵکی دەگێڕاوە:

«لەگەڵ لە دایکبوونی ئەو دێڵە سەگەعەمتەرەیان سەد و یەک دەنکی تەسبێحە قـەزوانەکەم بە هەورە تریشـقە پچـڕاند. هەر لە دایک بوو، ئاسمـان کپ بوو؛ شـەیتـان قرقێنەی دا بەسەر ماڵێماندا. خودای گەورە بمان پارێزێ لە چاوی شوومی ئەو سەرمازەڵەیە!»

بە هەزارم گ.. گـەرمـژەی منداڵی بە دەم و چاوەوەیە. قژی سەرم سوور سوورە؛ «سووری چاومارم!»

دەڵێن لە دایکبوونی منەوە گوڵەباخ و یاسەکانی ح... حەوشەمان گوڵیان داوە. «بێ بەرەکەتم!»

شـەوی لە دایکبوونی من، هەمـوو ماڵی ئێمـە، تێکڕا خـەونێکیـان بینیـوە و کـەس نەیوێراوە بۆ کـەسی

بگێڕێتەوە. هەرچەند پێشی غەزەبی خودا زۆرجار بە هیچ ناگیرێ، بەڵام سبحەینێی ئەو شەوە نەنکم مریشکە رەشەیەکی سەربڕیبوە و لەگەڵ تۆزێک مەندێی و بەنێکی شەش گرێ لە چاڵی ناوە؛ ڕۆنی قرچاوی تێکەڵ قازیاخەشی بەسەردا ڕشتووە.

دەڵێن بۆنی خۆڵە... مێشم لێدێ. م... ماڵ کاول کەرەم!

* * *

ب... باوکم باپیرەی بلیمەتمی، زۆر جێگایان برد، حەوزی گ... گوناحانی خانەقای «کاکەشێخ»، سەرئاوی حەوزی خەونی «کابرای داوێن پاک»، نێو جەزبەی دەروێشانی خەلیفەتوڵڵا، سەر گ... گۆڕی شەهیدە کێل درێژەکان، نووشتە و دووعای سەیدی بێ نێو. بەردی بە بەردی زۆر کێلی قەبرەوە نا، ن... نەیدەگرت ن... نەیدەگرت؛ بەردەبوونەوە بەردەکان!

لەبیرمە ساڵێکیان ڕەفیقە سمێل زەردەکەی باپیرەم دابووی لەسەری، ئەو کە تەشریفی مویارەکی هاتەوە ماڵێ، ڕوو لە باوکم فەرمووی: «خۆ کاکە مەلادەناسی؟! گۆیا خەونێکی دیوە و ئێستا ئەو هەتیوە کەرە ئاشقی خەونەکەی بووە. لەم ڕۆژگارەدا پیاو دەبێ وشیار بێ خەونەکانی گەوجی نەکەن!» و... وشیار نەبوو باپیرەم، گەوجی کرد خەونەکەی. یەک دا بە دوو گەوج بوو باپیرەم!

پێش نوێژی بەیانی ڕۆژی سێزدەی مانگی حەرام، باپیرەم کە لە خەو ڕابوو- ڕاچەنی- هەموو گیانی ئارەقە بوو و دەلەرزی.خۆی و هەولە و کیسە و ڕیشۆڵێ چوو بۆ حەمامی حاجی نادر. کە لە حەمامی گەرەک گەڕاوە، زمانی نەدەگەڕا. نەنکم توورەکەی دەستی لێ وەرگرت و ئەو هێندە برسی و هیلاک بوو دەرجا بە ڕۆنی زەنگەوە، شەش هێرەماسی پیشاوی هەڵشێلا و بە سێ هێشوو ترێ ڕ... ڕەشەی ڕەزی کوێخا حەسەنەوە هاڕی.

ئێمە هەموو بۆ نوێژی بەیانی ب... بەخەب... بەرین. باپیرەم بۆ جاری دووەم خەونی دیبوو کە بۆتە سەگەکەی باوکی و بووکەکەی- دایکی من- خۆی تێهەڵدەسوێ.

[مچەی پاسەبان و سەگەکەی پێش لە دایک بوونی من مرد بوون.]

باپیرەم شادیمان دێنێ و هەروا کە چ... چۆکی دەلەرزێ شەش جار لەسەر یەک بە ئاوی سارد دەسنوێژ دەگرێ و لە ئاخردا دەپشمێ بە ت... تاق. نوێژ دەکا، بەڵام دەست ناگرێ و دەستی هەر بە بەرگیانییەوە دەبێ و چاوی هەر لە دایکم! [یانی بووکەکەی]

با ئەوەشتان پێ بڵێم کە لە گەڕەکدا، گەورەی ماڵی ئێمە یانی مچەی پاسەبان- باوکی باپیرەی من- پیاوێکی چاوپاک و پیاوچاک بوو و سەگێکی بووە کە دەڵێن بۆ بەسفەتی دەگەڕێتەوە سەر سەگی ئەسحابی کەهف.

* * *

پێشریش باپیرەیان لە خەونێکی بەربەیاندا گوێی لێ ببوو کە یەکێک پێی گوتبوو لە قیامە حەشری بە ڕەنگی سەگەسوورەکەی دەکرێ، چونکێ خەونی وای بە بووکەکەیەوە دیوە.

سەرەڕای هەموئەو هێما نادیارانە، لەمانگی حەرامی ئەوساڵەدا، کۆترەباریکەیەک لەنێوەڕاست حەوشەی ماڵەکەیان مندار ببۆوە، کچی قەیرەیان ئاوێنەیەکی شکاندبوو، جەنگەی نیوەڕۆ پێڵاوەکانیان بە پێیان تەنگ ببۆوە، پاچەکەیان کەوتبووە سەر پێمەڕەیان، پشیلە میزی کردبۆ سەر ورکەنانیان و دایکیان خەونی بە پەردەی کچێنییەوە بینیبوو.

دایکی هەراسی بە باوکی هەڵگرت:

«دەبێ لێرە بڕۆین! لێرەدا بۆمان نایە. دوو جارە ئەو مەشاک بەدەستە نوورانییە دێتە خەونمەوە و دەفەرمێ مەبالەکەمان ڕاست لەسەر گۆڕی ئەوە. ئەم جارەیان فەرمووی بێتوو ئەو نەورۆزە لەو ماڵە بنووین واو وا...»

بە قسەی نەکرد باوکم. لەوێ ماینەوە و خودا نێوچاوانی بە غەزەبەوە گرێ داین.

* * *

ڕاست ئێوارێی س... سێزدە ڕۆژ دوای سێزدەی مانگی حەرام، دەمەو نوێژی شێوان باپیرەم پاش خەوی عەسر، چووە بن دارە گەورەکە و لاقێکی هەڵێنا و وەک باوکم دەڵێ عەینی سەگەکەی باوکی خۆی هەڵداشت.

ب... باپیرەم پاش میزەکەی، هەوەڵ مات بوو. تاسا. پاشان ورتەی هات. یەکجێ بە پرتاو لە ماڵێ چ... چووە دەر و بە فەرغوونێک قوڕەسوورەوە گەڕاوە. س... سوور

هەڵگەڕابوو. دەستی کرد بە قورشێلان و بە ق... قوڕە سووره سەگێکی سووری کلک پان و بێ چاو و لووتی دروست کرد. پاشان دانیشت و هەژدە هەژدە قسەی بۆ کرد. عوزرمایی لێدێناوە کە ئەو هەموو ساڵە لە بیری کردووە. ئاشقانە چ... چاوی تێبڕی. باپیرم- حەمە شێتی تووتک.. کاری سەیری زۆر دەکرد، بۆیە باوکم لە پێشدا هێندەی گوێ نەدا ئاکاری سەیری. سبحەینێی ئەو ڕۆژە باپیرەم وردە وردە لەجیات پرخە پرخ، کەوتە قوروسکەقوروسک. وای لێهات ئیدی ق... قسەی نەدەکرد. تەنیا بەرامبەربە سەگەکەی دادەنیشت و فکری دەڕۆیی. باوکم دەیکوت: «لێی گەڕێن بیری سەگەکەی باوکی دەکا، با بۆ خۆی بە تەنیا بێ. چاک دەبێ!» کەس بە ق... قەت باوکم کوڕی چاک نییە بۆ باوکی.

من نەبێ کە ڕازداری د... دایکمم کەس نازانێ دایکم، چونکێ لەو سەگەی باوکی باپیرەم دەترسا، بۆیە بێ ئەوەی بێڵێ کەس بزانێ بە دزیەوە شەوێک دەرماناوی کرد. گۆیا سەگەکە دایە بە شوێن دەرپێی دایکمەوە بووە. ئەو دەمیش باپیرەم حەوتوویەک حاڵی تێک چووە، باوکم هەمیشە دەڵێ باپیرەم سەگەکەی باوکی لە باوکی خۆشتر دەویست و سەرێک بۆ خۆی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ خۆشەویستی بەڕاست ڕۆڵە!

خۆزگە هەر بە قسەکردن لەگەڵ سەگەکەی نەجاتیمان هاتبا! س ت... سێزدە ڕۆژ پاش نەگبەتی سەگپەرەستی، لەگەڵ نوێژی نیوەڕۆیەک باپیرەم س.. سووجدەی بردە بەر سەگەکەی. باوکم چاوی بووە ق.. قاشوولکە. هەموو دەرجا ئەشهەدوومان هێنا و گازمان لە لێومان گرت. باوکم هەر تۆبە و نەنکم خوداگیان گوومان خوارد بوو، بەڵام کێ دەرەقەتی چ... چارەنووس هاتووە تا ئێمە بێین و غەزەبی خودا یەک بەدوای یەکدا بەسەرمان داباری.

* * *

دووشەممەیەک، خ... خوشکم لەنێو حەمامەوە داوای ڕیشۆڵی کردبوو. دایکم لەماڵ نەبوو و وەک هەمیشە بەرێی سەرەخۆشیەوە، بۆیە برای شیرینم لە درز و کەلێنی درگای ح.. حەمامەوە ڕیشۆڵی دابوو بەدادم. هەڵمی نێو حەمام گرتی و هەوەسی بۆنی ژنانە کردیە سێوێکی لاشێن لاسوور و لە خەوی ئێوارێدا پێش نوێژی عەسر، شەیتان زەفەری پێبرد و هەموو ئاوی لەشی گرت. خەونی حەرام کردیە دڵۆپی شەرم. نەڕ...ڕاندی و هەڵاتە حەوشە. کەس نەیزانی خەونەکەی چۆن بووە، بەڵام دەلەرزی کە هاتە نێوەڕاست حەوشە و هەموو دیتمان چۆن ئاو بە پاتۆڵەکەیدا دەچۆڕاوە. دەگریا، دەیقیژاند و د... دەپاڕاوە. بن پێی وەک حەوزی گوناحانی لێهاتبوو هێندەی ئاو تێدا ڕاوەستابوو. کون و درزی ح... حەوشەمان هەمووی گرت، بەڵام شەرم دەیتواندەوە و هەر بە عەرزیدا ڕۆدەچوو؛ بە دەم باوە ویشک دەبوو. پاش کورتە وەختێک تەنیا کەللەسەرێکی زەلامی لێماوە، پێستەیەک، کراسێکی یەخەدار و ئیدی هیچی کە. بە ن.. نیوەشەو بە شەهیدی و بێ غووس.. سڵ ناشتمان. ئاڵایەکی سەوزمان لەسەر قەبرەکەی چەقاند.شەهیدی ش... شەرم هەمووی بەهەشتین. ئای کە دادم چی نەکرد. خۆی کوشت و بڕی. دەبێ خەونی ئەو دووانە تێکەڵاوییەکی بووبێ دەنا بۆ هیچ کام لە ئێمە وای نەکرد! حەو ڕۆژ و حەو شەو ژێر نەبۆوە. ناعیلاج دوعانووسێکمان بۆ بانگ کرد.

دەمانەویست ژێری کەینەوە کوا دەمانزانی هەڵدەگیرێ!

دادم هێندەی خۆی لە لێفە و دۆشەگەکەی هەڵسووبوو، دایە بۆنی ل... لێفەو دۆشەکی م.. میزاوی لێدەهات. هێندە دەستی پیاوانی نێو خەونەکانی مەمکیان هەڵگلۆفیبوو، مەمکی دەتکوت گوانی مانگا بەشیرە. هێندەش لە خ.. خەونە عەیبەکانیدا لە ترسی ئەوەی نەکا یەکێک گوێی لە ئاه و ناڵەی بێ لێوی گەستبوو ڕۆژی وابوو لێوی سێزدە جار تۆخی بەردەدا.

دادم بە شەرمنی بەنێوبانگ بوو.

دوعانووسی کەشیدەسەوز تاڵێک.. دووتاڵ. لە قژی دادمی بڕی. خستییە پەڕۆیەکی سەوزەوە، فوویەکی بە س.. سەردا کرد و بە دەرزی لەسەر کەواکەی چەقاند. لە قەراغ مەمکی چەپی. باوکم مۆڕەمۆڕی بوو. دەستی بێگانە هەرچەند کابرایەکی پاکی وەک ئەو دوعانووسەش بێ، قەت نەچووبووە سەر سینگی ئافرەتی ماڵێمان! بەڵام ژێربوونەوە و لە شساغی خوشکم گرینگتر بوو. کە دەستی کابرا لە دڵی خوشکم درا، ئەو بووە پۆلوویەک ئاگر و من هەزاران قاز و قورینگم دی کە لە بن چارشێوەکەیەوە هەڵفڕین. کتوپڕ خوشکم لەخۆبۆوە. ئەو شەوە نە لێوی گەست و نە خۆی لە دۆشەگەکەی هەڵسوو. تین و گەرمای لەشی هەموو پیاوی خەونەکانی لەپڕدا

کۆببۆوە نێو گەرمای دەستی ئەو دوعانووسەرە. هەر ئەو تینە بوو کە سووری هـ.. هەڵگەڕاند و هـ... هێمنی پێ دا و هێزی لێچنی و بێ هەست و خوست بەلایدا خست.
سبحەینێ کە دایکم بە خۆڕنین و ن... نەنکم بە قووڕ لەسەر هەڵسوون و باوکیشم بە چەقۆوە لە حەوشە دی، زانیم چی بووە. لەماڵێماندا و لە هەموو خ... خوشکم و بیرەوەری و حەیاکانی، تەنیا نووشتەیەک و دووتاڵ لە قژی بەجێمابۆوە.
باوکم هەموو کۆڵانەکانی لێگەڕا. لەڕووی هەڵنەدەهات بڵێ کچە بە حەیاکەی هەڵگیراوە بۆیە بەدزییەوە پرسیاری شوێنی دوعانووسەکەی لەخەڵکی دەکرد. زۆریان سوێندیان د... دەخوارد بە عومریان قەلافەتێکی وەک ئەوەی باوکم باسی دەکردیان نەدیوە و زۆر کەسیش بزەیان بە پرسیارەکەی دەهات. من دەزانم خوشکم بوو بە فریشتە و چووە باوەش خەونەکانییەوە.

* * *

د... دەڵێن گەڕەکی مچەی پاسەبان لە قەدیمەوە ژێر دەسەلاتی جندۆکان بووە، بۆیە لە هەر ماڵێکیدا دە تەسبێحی بزرک هەڵواسراوە.
گوایە سێزدەی مانگی حەرامی هەموو ساڵێک جندۆکان دێنە تەنیا ح... حەمامی گەورەی گەڕەک و چلکی ساڵێک لەخۆیان دەکەنەوە.
دەڵێن هەر کەس ئەو بەیانییە بچێتە حەمام، جندۆکان دەبینێ کە لەنێو یان لە قەراغ حەوزی گشتی حەمامەکەدا، ئاو بە یەکتریدا دەکەن و لاوێژە دەچڕن و لفکە دەکێشن و چ.. چڵک بەردەدەن.
دەڵێن هەمووی یەک جۆرن، ژن و پیاویان لەنێودا نییە. دەنگیان وەک هاژەی «با» وایە.
دەڵێن هەر کەس بەیانی زووی ئەو ڕۆژە بچێتە حەمام، جندۆکان بە قەلافەتێکەوە خۆی پێ نیشان دەدەن، کە هەموو عومری بە ئاواتییەوە بوو و لەبیریدا. دەڵێن هەر ئەو خۆشەویستییە نامۆ و ناخافڵە ئەو کەسانە دەکاتە ئاشقی جندۆکان و ئەگەر هەزار دووکەڵی ئەسپەندەریشی بەسەردا بگێڕن و چل نووشتەشی لەسەر شان و پیل دەن، تازە بێ کەڵکە. گوایە لەو ڕۆژەوە هەتا مەرگ لەسەر سفرەی ئەو کەس و ماڵە، دەبێ قاپێکی فافۆن داندرێ کە گەنمی تێکراوە. لای خەڵکی گەڕەک واباوە کە ئەگەر وانەکەی، جندۆکە گۆشتی ئازیزترینی مردووانت دەجاوێ.
گوایە سەردەمێک تاک بە تاکی خەڵکی ئەو گەڕەکە، یان ئاشقی جندۆکان بوون یان دۆستی خەونی حەرام.
دەڵێن ئێوارەی هەموو سێزدەی مانگی حەرامێک، هەموو خەونە حەرامەکانی خەڵکی گەڕەک، لەسەر سیمای خەوبینەرەکانیان دەنیشێ. دەڵێن لەو ڕۆژەدا هەر کەس ترسی لە هەر خەونێکی حەرامی لە دڵدا بێ، جندۆکان قەپاڵ لە چارەنووسی دەگرن و تا ئاخر عومری دەیکەنە دیلی ئەو ترسەی.
دەڵێن پاش ئەوەی نیوەشەوی ئەو ڕۆژە جندۆکان ولات چۆڵ دەکەن، هەموو خەڵکی گەڕەک بن پێی زارۆک و ساواکانیان ختیلکە دەدەن تا بەڵکو بەرێ و شوێنی باپیرە ترسەنۆکەکانیاندا نەڕۆن.
دەڵێن دوای سەعات دوازدەی شەوێ ئەو ڕۆژە- کە جندۆکان ولات چۆڵ دەکەن و با دەخەوێ- گەڕەک هێمن دەبێتەوە، بەلام بەختی «سێزدە» ماڵ وردوخاش دەبێ و نەدامەتی داوێنیان دەگرێ.

* * *

باپیرەم هەوەڵێن پاسەوانی گەڕەک بوو. هەتا ئەو... ڕۆژەی باپیرە بە قاپێکی فافۆنی پڕ لە گەنم و جیقنەوە کەوتە کۆڵانان، خەڵک هەرایان لێدەکردین «ماڵی مچەی پاسەبان!» بەلام بەدوای ئەو ڕۆژەوە بووینە: «ماڵی مچەی سەگ پەرەستی ج... جیقنەخۆر!»
«باوکت سەری پیری لەجیات قورئان و تەحیات، جیقنە دەرخواردی منداڵان دەدا! لە گەڕەک دەرتان دەکەین بەخودا.» خەڵکی گەڕەک بە باوکمیان کوتبوو. گوایە باپیرەم بێژنگێکی جیقنە و گەنم کردبوو گیرفانی منداڵانەوە. ب... باوکم لەبن دارە گەورە بێ بەرەکەی حەوشە- وا سەگەکەی لەژێر چەقابوو- قاپی فافۆنی لە باپیرەم س... ستاند.
- ئەوە چییە بابە؟
- حاجین و لە مەکەوە ناردراون. دیاریان متفەڕکە ،گەوجە!
باوکم بە دوو خرکەبەرد حاجی لەق ل... لەقلەقەکانی سەرداره گەورەکەی هەڵفڕاند.
باوکم ناخافڵ پەتی نێوان خودا و باپیرەمی پچڕاند.
لەونی لێگۆڕا باپیرەم! دانیشتە بەردەم سەگەکەی،

بەسەری مویارەکی سوێندی خوارد هەتا نان و ئاوی بۆ تێکەڵاو ئەو متفەرکە! نەکەین، دەم لە هیچ ش.. شتێ نەدا.

دەمی لە هیچ نەدا. ماڵی ئێمە هەمووی هەروا لاسارن، تەنانەت یەکمان تێدانییە لەسەر پشت بخەوێ، هەمووی لەسەر لاشان دەنوون.

ناعیلاج چێشتیمان تێکەڵ جیقنەی حاجی لەق... لەقان کرد. پاش سێ ڕۆژ ن... نان و ئاو نەخواردن، سێ قاپی شۆربا و هێلکە و جیقنە خوارد. هێندەی خوارد تا ئارەقەی کرد و هەڵتووتا.

باوکم هەر پیشی خواردەوە و لەماڵ وەدەرنەکەوت. باپیرەم هەر ئاگاشی نەدەکرد، نان و جیقنەی خۆی دەخوارد و لەگەڵ سەگەکەی دەدوا، وڵاتمان ق... قوڕ و قەپ بوو هەتا بارانەسوورەکە باری و من زانیم دەبێ شتێ بقەومێ. ئەو ڕۆژە باوکم دوای خواردنی چ.. چاییەکی پڕ ڕەنگ، هەروا کە چاوی لە ئاکاری باپیرەم دەکرد، بووە پۆلوویەک ئاگر. دووجاری ژێرپاتۆڵە جیرەکەی، هەڵکێشا و چووە چەقی ڕێگای باوکی و دەستی لێ ڕەپ کرد و نەڕاندی:

– بەس... سە بابە! لە تامت دەرکردووە!

ئەو قسەیەی بە تەواوی کرد و نەکرد و بە قەت بەحری ورمێی ئارەق دەدرا. چۆن دەبێ کوڕ لە باوکی وەرگەڕێ؟ پاش ئەو قسەیە بوو کونی میزی باوکم گیرا و هەتا ئێستاش دایە لە مەبال ئاهوناڵەیەتی.

باپیرەم تاسا. لاڵ بوو باپیرەم.

لەپاش ئەو قسەیەوە، هێدی و بەدزییەوە سەری دەنا دم گوێی سەگەکەی و بە قروسکە قروسکەوە دەیناڵاند:

– دنیا هەر وا بێ سفەتە، ئەی چۆن گەورەم!

جگە لەو قسەیە ئیدی قسەمان لێنەبیست. ئێسکی نێو چێشتەکانی د... دەکرووساندەوە و لەبن دارە بێ بەرەکە دەچووە دەسبەئاو. هەرچی هەرامان لێدەکرد سەری هەڵنەدێنا.

نەنکم دەگریا و بەهاوارەوە د... دەیکوت: «باوکت حورمەتی گەورەی ماڵێی شکاند ڕۆڵە!». دەیکوت پیری بەروە ڕووی ماڵی ئێمەوەدێ. باوکم پاش تووڕەبوونەکەی زمانی لەگۆ کەوتبوو.

من دەزانم ئەو سەگەی باپیرەم زیندووە چونکێ ڕۆژێکی کە من لە بێتاق.. قەتیان بەردم پێدادەدا، سەری هەڵێناو ملی خوار کردەوە و بەرەو ڕووی من وەڕی. بەخوداوە... وەڕی.

باوکم هێندەی خەم خوارد و بیری لە ک... کارەکەی کردەوە، خەمەکەی تەواو لێ گەورە بۆوە- ماڵی ئێمە هەمووی هەر وان، کارێک دەکەن جا بیری لێدەکەنەوە!- پیری کرد خەمەکەی.

بەیانییەک کە لە خ... خەو هەستا قژی، تاڵی ڕەشی تێدا نەمابوو. زۆر زوو دەم و چاوی چرچی تێکەوت و پشتی چەماوە و وەک ئەوەی سەدساڵی بێ ددانی لە زاردا نەما. دایکم کە چاوی پ... پێکەوت، لە خۆبۆوە. نەنکم گریا و هەمیسان تۆبە، تۆبە!

ئیدی باوکم لەماڵێ نەچووە دەرێ. ڕا.. ڕازقی ڕزق خودایە. ئەگەر کرێی دووکانەکانی باپیرەم نەبایە لەوانە بوو لە برسان قڕمان هاتبا. باوکم دەهات و پیرتر دەبوو. ڕۆژێکیان لەپڕدا باپیرەم کە باوکمی دی. پاش ئەو هەموو بێدەنگییە- ڕووی تێکرد و کوتی: «بابە گیان!»

باوکم چی بیست و باپیرەم چی کوت؟ چۆن دەبێ باوک، کوڕی خۆی لێ ببێتە بابە؟ خودایە تۆبەت... تۆبە!

پاش ئەو فەرمایشتەی، هەڵاتە دیوە گەورەکە. ق-.. قورئانە بەرگ سوورەکەی هەڵگرت و چووە مدبەق. هەمووومان حەو شەو و ڕۆژ گوێمان لە خوێندنەوەی سوورەی تۆبە بوو. «ویتوب الله علی مایشاء» ح... حاشا لە بیسمللایەک! نەنکم دەگریا و دەیکوت: «ئەستەغفیرۆڵڵا خودا گیان! چەندەم کوت ڕۆڵە؟ دەمزانی ئەوەی بی دەسنوێژ بچێتە پاڵ ژنەکەی، عاقیبەتی لەوە باشتری نابێ!»

لە درزی درگا و مدبەقەوە چ... چاومان لە باپیرەم دەکرد. هەموو گیانی خۆڵەمێش بوو و لە قورئانەکە، تەنیا ڕوو بەرگە سوورەکەی بەدەستەوە مابوو. من لەگەڵ دەنگی قورئانەکەی باپیرە سەگە سوورم دەدی کە فرمێسکی دەڕشت!

باوکم وەک شێت هەر ئەملاو ئەولایەتی.

هیچمان نەمانزانی باپیرەی بلیمەتمان ک.... کەی ونبوو. هێندە لەبیری باوکمدا بووین ئەومان هەر لەبیرچووبۆوە.

بەیانی ڕۆژی پێنج شەممۆیەک- سێزدەی مانگی حەرام- جێگای سەگەسوور لەبن دارەگەورەکە چۆڵ بوو.

دایکم بە دزییـــەوە لەم و لەوی پرسی. سێ چوارێک سوێندیان خواردبوو کە سەگێکیان دیوە کە کابرایەکی هەمـوو گیـان تۆزاوی بەسـەر پشـتـەوە بووە و خۆی داوە بەنێو چۆمیدا، سوێندیشیان خواردبوو کە ن... نەیاندیوە بێتەوە دەرێ. نەمانوێرا بە باوکم بڵێین باوکی خنکاوە. کوتمان هامووتا بووە وەک زۆربەی پیاوچاکان.

* * *

لەوەتی باپیـرەم بێ سـەروشـوێن بووە، نەنکم ڕۆژی لێشێواوە. بە چ... چوارشەممانە دەچێتە حەمام. بە دووشەممە نێنۆکی دەکا. سەدویەک نووشتەی بەخۆیەوە هـ... هەڵواسیوە. هەر فوو و بیسمللایەتی. سەگێکی لە پەڕۆ سازکردووە و ڕۆژێ سەدجار دەرزی ئاژنی دەکا.

ئێـوارەیەکی چوارشـەممە لە حـەمـام گـوایە ئەوانگەل دەسـتـیان لێوەشاند. ئیـدی هەتا مرد نەچووە حەمام! بۆگـەنی کـردبوو کـە م... مـرد. سـەگـە پەڕۆکـەی لە نێـوەڕاست حـەوشـە کـەوتبـوو. باران دەباری و ڕەنگی دەداوە. س... سوور سوور. کەواکەی لەبەریدا ڕزیببوو. کەس نەیتوانی بیشوا. نەیانشت. زێوانەکە بە خێـری دوور لە قەبران، نایە چاڵێکەوە.

«خودایە خراپتری نەکەی!» دایکم دەڵێ.

هەمـوو ڕۆژێ باوکم دەچێتە بن دارەگەورەکە و بانگی باپیرەم دەکا. ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەم دادەپچڕێ. چاو دەگێڕی بۆ سەگەکەی. جارجارەش س... سەرهەڵدێنێ و چاو لە جێگای حاجی لەقلەقەکان دەکا.

ماڵێکی چۆڵ و هۆڵە. کەس درگامان ناکوتێ.

باران کە دەبارێ جێگای سـەگـەکـەی باپیـرەم دەبێـتە قوڕاوێکی س... سوور، عەینی سپێنەی چاوی باوکم.

* * *

کـە گەیشـتـمـە سەری خۆی وەردابوو لە قوڕەسوورە و وەک س.. ســەگ دەوەڕی. پێم وایە دەیویست خـــۆی بکاتە سەگەکەی باوکی.

باسی باوکم دەکەم. تا بە هەڵبـەزهەڵبـەزی من، دایکم بە خـــەبەر هات، باوکم کـــەوتبـــۆوە ســـەر پشت و هەناسکەهەناسکی بوو.

قوڕە س... سوورە باوکمی خنکاند. نەمانبردە قەبران. دایکم دەڵێ ماڵ دەبێ پیاوی تێدابێ.

دایکم مـریشـکـێکی باڵ ڕەشی سـەربڕی و خـوێنەکـەی لەخۆڵی بن دارەگەورەکە هەڵسوو. سەری مریشکەکە و برژۆڵ و ئەگـریجـەکـانی خـۆشی لەگـەڵ تەرمی باوکم لە حەوشە چاڵ کرد.

باوکم لەبن دارە گـەورەکـەی حـەوشـە، لە جێ ش... شوێنی سەگەکەی باپیرەم نێژراوە.

ئێستا ساڵەهایە من و دایکم درگ... گامان لەخۆمان گاڵەداوە.

دایکم وەک سـەگـەکـەی باپیرەم- بە قەڵافـەتی باوکم- س... سەگێکی سازکردووە. لە پەڕۆ کۆنەکانمان. دەڵێ ئاوا ئاو و باران نایشواتەوە.

چاو و برۆی سەگەکە وەکو باوکم وایە.

دایکم هەربە تەمایە ڕۆژێک- ڕەنگە سێزدەی مـانگی حەرامی ساڵێکیـان- ئەوانگەل لە ماڵی ئێمە وەدەرکەون و چارەنووس حەیا بیگرێ.

من ئەو سەگەم ز... زۆر خۆش دەوێ. هەمیشە کایەی لەگـەڵ دەکـــەم. پێی ناڵێم چ... چغـــە و ئەویش پێم ناوەڕێ. شەوانە کاتێ من دەنووم، دایکم دەچێتە پاڵی و دەست لەملی دەکا و بۆی دەدوێ و بەشەرمەوە ماچی دەکا و لە ئامێزی دەگرێ...

من دەزانم خ... خـــودا خـــۆشی دەوێین، دەنا بێ ئەو س... سەگە من و دایکم لەو ماڵە چۆڵەدا بە تەنیا چ... چمان کردبایە!

# بێدەنگی

زەبیحوڵڵا زەبیحی
لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)



هەر کاتێ خەم دایدەگرت، نەیدەتوانی قسە بکا. دەتکوت گەرووی خوڵەمرەی تێکراوە. تەنیایی پێخۆش بوو، لەبەر ئەوەی قوژبنی تاریک و تنۆکی دڵە تەنیاکەی بە چرای فرمێسک رووناک بکاتەوە. پێیخۆش نەبوو هیچ کەس فرمێسکەکانی ببینێ. تەنانەت دایکیشی.

هەر کات رەنگ و رووی باوکی دەدی، دەتکوت دنیا بەسەریدا دەرووخێ. لە خەم و پەژارەدا نوقم دەبوو. باوکی چەندە شەکەت و کەلەلابوو، بە تایبەت لەو رۆژەوە کە نەخۆش کەوت و گردەنشین بوو. تەنیا کۆخەی ئەوبوو کە جارناجارێ بێدەنگی ماڵەکەی دەشکاند.

بێدەنگی ماڵەکەی داگرتبوو. روخساری ئەوکەسانەی لەوەتاغەکە دانیشتبوون دەهاتە بەر زەینی. باوکی، نەخۆش و داهێزراو و دڵتەنگ. دایکی، خەمبار و بێ ئۆقرە، دووکەسەکەی دیکەش یەک لەیەک غەریبتر. پێی وابوو هەموو شتێک دوایی هاتووە. قسەکانی نەرگسی دەستە خوشکی وەبیرهاتەوە:

– پیرۆزبابییت پێدەڵێم، بەختەوەربی!
– تۆش لەسەر هەوای خۆتی!
– بۆ؟ مەگین شووکردن عەیبە؟!
– نا، نا، بەڵام...
– بەڵام چی؟
– هیچ، گرینگ نییە. هیچ.
– هەی فێلزان حەتمەن شتێکی دیکەت لە ژێر سەردایە!
– تۆش قسەی وادەکەی!
– چاوکە مریەم! ئیتر ئەو بیروخەیاڵە رۆمانتیکانە وەلانێ. ئەمرۆ بەدوای دڵدا رۆیشتن باوی نەماوە. گرینگ پارەیە، پارە، دەزانی؟ هەر پارەیە کە زۆربەی کەندوکۆسپەکانی ژیان لادەبا.

نێرگسی بەجێهێشت.

فرمێسک لەچاوانیدا قەتیس مابوو. باوکی لەنێو فرمێسکەکانیدا دەلەرزی.

– خانم مێردەکەت دەبێ نەشتەگەری بکرێ.

دایکی دڵتەنگی و خەمەکانی لەژێر چار شێوەکەیدا شاردەوە:
– ئاغای دکتۆر خەرجەکەی چەندەیە؟
– جارێ دوسەد هەزار تمەن بدەن هەتا دوایی..
هیچی نەکوت چاوێکی لەمریەم کرد و ئەویش ڕەنگی تێکچوو.
کزو خەمناک لە سووچێکی چێشتخانەکە دانیشت. بیری لە باوکی دەکردەوە. دڵسۆز و لێبوردوو. ماندوویی نەناس و دڵ فراوان. چەندەی کار دەکرد. گسک لێدانی شەقام. کرێکاری. حەمباڵی، وردە وردە پشتی لەژێر باری ئەم و ئەودا چەمایەوە. دواییش پشتێکی کۆم و سینگێکی پڕ لە ژان و گیرفانێکی پڕ لە خەمی بۆ مابۆوە.
نەیدەویست لە پەنجەرەکەوە چاو لەدەرێ بکا. ئاسمان ساماڵ بوو. سریوەی چاوی ئەستێرە شەویان دەلاواندەوە. سەری بە دیوارەکەوە ناو بەگۆمی بیروخەیاڵدا ڕۆچوو، بیری لە قسەکانی دایکی دەکردەوە:
– پیاوی چاکە.
مریەم بێدەنگ بوو.
– دەوڵەمەندە. پوولدارە.
مریەم سەری لە گێژەوە هاتبوو.
– خۆ دیتوتە باوکت چ دەردێک دەکێشێ؟
مریەم تێکچووبوو.
– دیتت هەموو دەستیان بە ڕوومانەوە نا. خزمەکانی من، خزمەکانی باوکت، بە دەردی ئامۆژنت دەڵێ: «پیاوی نەدار بمرێ چاکترە.»
مریەم کەوتبووە هەناسە برکێ. متەقی نەکردبوو.
– ئاخەر کچم شتێک بڵێ.
هیچی نەکوت، تەنیا بێدەنگی. دایکی کوتی:
– زوو چوار چایی بێنە.
دڵی پڕ لە کوڵ و کۆ بوو. گریان ئەوکی ڕێک دەگوشی. لەناخەوە دەکوڵا. وەکو ئەو سەماوەرەی بەهاڵاوی چێشتخانەی داگرتبوو. هەستا سەرپێ، بەڵام تاقەتی هیچی نەبوو. چاوی لە پیاڵەکان بڕیبوو. دەتکوت پیاڵەکان لە دەردو خەمەکانی دەگەن. دانیشتەوە. کەوتەوە نێو دەریایی خەیاڵ: منداڵ بوو باوکی ڕووخۆش و لێو بەبزەوە، وەکو هەموو ئێوارەیەک لەکار گەڕاوەتەوە.
– ئەی شوکور باوکم هاتەوە.
– ئەگەر کوتت چیم بۆ هێناوەتەوە؟
– نۆقڵ.
– چی دیکەش؟
– بنێشت.
– هێندە نازداری فێرمەکە پیاوەکە!
– نازدار؟ تۆ دەڵێی چی، کچی من ژیرە، خانمە.
– هێندەی بە دەوردامەیە بەشی خەڵکییە!
– خۆشییەکەی هەر لەوەدایە ژنەکە. ئێمە گەورەی دەکەین و پێی دەگەیەنین.
تاکو لاوێکی جوامێر و دڵسۆز بێت و بیبا بۆ دنیای خەون و ئارەزووەکانی خۆی.
– مریەم! مریەم!
ڕاچەنی، دایکی بوو قاوی لێدەکرد:
– نەمکوت چایی بێنە؟
مریەم هیچی نەکوت. دایکی هات. چاوە کز و خەمبارەکەی تێبڕی:
– کچم چاو لە باوکت کە!
مریەم فرمێسک بەچاویدا هاتەخوارێ.
– دەزانم، دەزانم زۆر سەختە. بەڵام...
مریەم لە پرمەی گریانیدا.
– دایەگیان! دەزانم. دەزانم پیاوێکی دەوڵەمەندە.. بەڵام..
دایکی کوڵی گریانی هەستا:
– کەیفی خۆتە! من ئەوە دەڕۆم. هیچی تر ناڵێم.
ڕووی کرد بەولاوە کە مریەم فرمێسکەکانی نەبینێ. دایکی گەڕاوە بۆ وەتاغی میوانەکان. دەنگی نووسا بوو.
– ئەگەر توانیت چوارچایی بێنە!
سووچی تەنیایی مریەم پڕ ببوو لە پەژارە و ئەسرین. خەمی تەنیایی. ژان و ئازار. دەردێک کە دەیزانی تا هەتایە بەرۆکی بەرنادا. پشتی بە دیوارەکەوە نا. کەوتە نێو گۆمی خەیاڵ، لەنێو لێرەواری خەیاڵ و چاوەکانی خۆیدا بزر بوو. ئاسمانێکی شین و ساماڵ. دنیایەکی ڕازاوە و خەون ئاسایی. دار و باخی گەش و ڕەنگین، خەملاو بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ. سروەیەکی فێنک بسکی دار و گوڵەکانی شانە دەکرد و دڵی مریەمی بۆ لای خۆی دەبرد. لەولاترەوە، لاوێکی جوامێر، شۆڕە سوارێکی ئازا. بەسواری ئەسپێکی سپی دەهات بۆ لای. شاد و ڕووخۆش. ژیان جوانە. بەختەوەری ئامێزی بۆ گرتۆتەوە.
قاقای نێرگس:
«هێندە فکری خەیاڵاوی و ڕۆمانتیکانە مەکەوە. ڕۆیی ئەو زەمانەی وەدوای دڵ دەکەوتن، ئێستا شتێکی دیکە گرینگە، سەد کەس لەوانەی تۆ بیریان لێدەکەیتەوە، ئەگەر گیرفانیان خاڵی بێ، قرانێک ناژین. مەگین ئیرەج چیبەتی؟ خۆ دەزانی کە بە پارە دەتوانێ سەدی وەک من و تۆ بکڕێ. ژن و منداڵی هەیە بابیبێ! شەرت شتێکی دیکەیە...»
دەنگی کۆخەی باوکی هەودای خەیاڵی پساند. هەستا پێ، چوو بۆ لای سەماوەرەکە. پیاڵەکانی ڕیزکرد. بە لۆی لەچکەکەی چاوی سڕی. دەستێکی بە سەروچاویدا هێناو چوارچایی تێ کرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و ڕۆیی بۆ وەتاغی میوانەکان.

**سەرچاوە: گۆڤاری اطلاعات هفتگی شمارە ٢٤٦١، ساڵ ١٣٧٣.**



# د. ئیحسان فوئاد: له لای ئێمه هه‌ڵبژاردن و وه‌رگێڕانی کتێب به ڕێکه‌وته‌، گه‌نده‌ڵییش زانکۆکانی ئێمه‌ی ئیفلیج کردووه

دکتۆر ئیحسان عه‌بدولکه‌ریم فوئاد، که‌ به‌ دکتۆر ئیحسان فوئاد ناسراوه‌، شاعیر، نووسه‌ر، ڕۆژنامه‌نووس و ئه‌کادیمییه‌کی ناسراو و به‌رچاوه‌. له‌ په‌نجایه‌کانه‌وه‌ ده‌نووسێ و بڵاوده‌کاته‌وه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی خوێندوارێکی باش و قه‌ڵه‌مێکی به‌ برشته‌، به‌ڵام داخه‌که‌م ئه‌و ته‌مه‌ڵییه‌ی به‌رۆکی ئه‌و و مامۆستا هه‌ردی گرتووه‌، خوێنه‌رانی کوردی له‌ به‌رهه‌مه‌ گرنگه‌کانیان بێبه‌ش کردووه‌. ساڵانێکی دوور و درێژ (جگه‌ره‌) هاوڕێی بوو و له‌ ده‌ستی نه‌ده‌که‌وته‌ خواره‌وه‌، له‌ حه‌فتایه‌کانه‌وه‌ که‌ له‌به‌غدا به‌ خزمه‌تی ده‌گه‌یشتم هه‌ر جارێ جگه‌ره‌ی پێشکه‌ش کردبێتم کاتێ پێم ده‌ووت (ناکێشم)، پێی ده‌وتم هه‌موو سیفه‌تێکت به‌ نووسه‌ران ده‌چێ، ئه‌مه‌یانت نه‌بێ (واته‌ جگه‌ره‌ نه‌کێشانه‌که‌م). له‌م دواییه‌ جگه‌ره‌ دکتۆر ئیحسانی پرزه‌ بڕاو کرد و چه‌ند جارێک خستییه‌ نه‌خۆشخانه‌وه‌، که‌ چوومه‌ لای بۆ سلێمانی تازه‌ له‌ نه‌خۆشخانه‌ هاتبووه‌ ده‌ره‌وه‌، بۆیه‌ ئه‌م دیالۆگه‌م به‌ چه‌ند قۆناغێک له‌گه‌ڵی ئه‌نجام دا. جێگه‌ی ئاماژه‌ پێدانه‌ ئێستاش پێی وایه‌ له‌ هه‌موو که‌س موسته‌حه‌قتر و له‌پێشتره‌ بۆ باسی (به‌شیرییه‌ت)، چونکه‌ به‌ قه‌ولی خۆی ئه‌و که‌سێکی لێتۆژه‌ر و ئه‌کادیمییه‌ و باشتر ده‌توانێ لێی بدوێ. سه‌د هێنده‌ نه‌خۆش بێ له‌ قسه‌ خۆشه‌کانی خۆی ناکه‌وێ و هه‌ر ئه‌و پیاوه‌ دڵپاک و ساده‌یه‌یه‌ که‌ له‌ سه‌ره‌تاوه‌ ناسیومانه‌. مه‌جلیسی گه‌رموگوڕ و یاده‌وه‌ریی تیژ و داگیرساو، که‌سێکی دڵسۆز و خه‌مخۆر و کوردپه‌روه‌ر.

ئه‌م هه‌ڤپه‌یڤینه‌ به‌رهه‌می ئه‌م سه‌ردان و سه‌فه‌رمه‌ بۆ لای و ئه‌و چه‌ند سه‌عاته‌ی گفتوگۆکه‌م که‌ به‌ چه‌ند قۆناغێک ئه‌نجامم داوه‌، تا هه‌گبه‌که‌ی بکه‌ینه‌وه‌ و که‌مێکی لێ بخه‌ینه‌ به‌رده‌متان.. با بزانین چی تێدایه‌!

**هه‌ڤپه‌یڤین:**
**ئازاد عه‌بدولواحید**

**ڕامـــان:** لەسەرەتاوە پێم باشە باسێکی ئەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییەمان بۆ بکەیت کە تێیدا پەروەردە بووی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بێگومان من هەر لە سەرەتاوە پەروەردەی دەستی باوکمم کە بە (کەریم بەگی حەمە بەگ) ناسراوە. باوکم زۆر شارەزای شیعر بوو و حەزی لە شیعر دەکرد، بەردەوام کەسانێکی وەکو زێوەر و ئەحمەد هەردی و ڕەفیق حیلمی دەهاتن بۆ لای، یان ئەو دەچووە لایان، هەر ئەوەش وای لێکردم لە منداڵییەوە بەرلەوەی بچم بۆ قوتابخانە من شیعر لەبەر بکەم، تەنانەت لەبیرمە یەکەم شیعرم کە لەبەر کردبێ شیعرەکەی حەمدی ساحێبقرانە بۆ نەورۆز کە ئاوا دەست پێدەکات

**بەھ بەھ چە ڕۆژێکی نەوە**
**هەی هەی چە عومرێکی نەوە**
**هەوا دەریایی پرتەوە**
**گوڵ بۆ چەمەن بەسەر ڕەوە**
**سەوز جلەوکێشی ئەوە**
**دنیا وەک باخی خوسرەوە**
**شیرینە جێی سەیرانەکەم**
**ئەمما بدەی جەژنانەکەم**

کە هەمووی مۆسیقایەکی تایبەتی تێدایە، من ئەو شیعرەم لە بازیان لە تەمەنی پێنج ساڵیدا و پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە لەبەر کردووە. پاشان تاقمێک لە شیعرەکانی قانیع-م لەبەر کرد، ئیتر لەو دۆخەدا دیارە من تێنەدەگەیشتم شیعرەکان چین، جگە لەوە خاسیەتێکی دیکەش لە ماڵی ئێمەدا هەبوو، ئەوکاتە لە گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین بەشدار بووین، لەبەر ئەوە نەک هەر من، بگرە هەموومان لەمنداڵییەوە چاومان بەوە کرابۆوە.

**ڕامان:** باوکتان هەروەک ئەدەب دۆستێک مایەوە یان ئەویش نووسینی هەیە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نەخێر نووسینی زۆرە، بەڵام ئەو پیاوێکی زۆر خاکی و متەوازیع بوو، نەک هەر بە کوردی، بگرە بە عەرەبی و بە فارسیش هەیەتی.

**ڕامان:** هیچی لێ بڵاونەبۆتەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** خۆی نەیویستبوو لێیان بڵاوبکاتەوە؟

**ڕامان:** ئەی ئێوە بۆچی هەوڵتان نەداوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەخوا ئێمە خەتایەکی زۆر زۆرمان هەیە. من دێتەوە بیرم کە لەدەرەوە هاتمەوە و ئەو



**د. ئیحسان فوئاد - ئازاد عەبدولواحید**

ئەزموونەم پەیداکرد زانیم ئەو حەز ناکات، ویستم لە ڕێگەی ڕێکۆردێرەوە تۆماری بکەم، بەڵام بەداخەوە مردن دەرفەتی نەدا، چونکە کاتێ من کەوتمە ئەوەی شتەکان حازر بکەم، ئەو ئەمری خودای کرد.

**ڕامان:** لەو مەجلیسانەی باوکتدا بێجگە لە مامۆستا هەردی، ئەو نووسەر و شاعیرانەی هاموشۆیان دەکردن کێی دیکە بوون؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دیارە من زۆر منداڵ بووم، مامۆستا هەردی لەو ئاخریانە لە خورماڵ کە خۆی هەمیشە باسی دەکات و دەڵێ ئێمە دایمە دەهاتین بۆ لای باوکت و پێکەوە باسی ئەدەبیاتمان دەکرد، بەڵام ئەوەی وەکو بیری منداڵی بەبیرم بێت ڕەفیق حیلمی-یە، زێوەرە، مەدهۆش-یش جاروبار دەهات بۆ لای.

**ڕامـــان:** ئێوە باس لەوە دەکەن کە لە پێنج ساڵیدا شیعرتان لەبەرکردووە، ئەی دوای ئەوە ئێوە بەرەو کوێ هەنگاوتان هەڵێناوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** لەبەر ئەوەی لە دواناوەندیدا هەندێک شتی بێ مانامان بەناوی شیعر ڕێک دەخست، بەڵام یەکەم بەرهەمم کە شانازی پێوە دەکەم ئەوەیە کە مامۆستا گۆران لە ڕۆژنامەی ژین-دا بۆی بڵاوکردمەوە. ساڵی ۱۹۵۳ کە قوتابی یەکی دارولموعەلمینی عالی بووم. ئەگەر ژین-ی ئەو سەردەمە لەبەر دەستدابێ کە من لە کوللییە بووم، جگە لەبەرهەمی خۆم، بەرهەمی وەرگێڕاو لە زمانی ئینگلیزیشم تێدا بڵاوکردۆتەوە، نزیکەی (٤٥) بەرهەمم لە ژیندا هەیە، لەو سەردەمەدا شۆڕشی ١٤ تەمموزیش ڕوویداو من بووم بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی (ڕۆژی نوێ) و هاوکات ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بڵێسە)ش بووم، چونکە

ئەوكات لەو بوارانەدا خەڵک زۆر کەم بوو.

هەروەک گــوتم ســـەرەتای دەست پێکردنم ســـاڵی ١٩٥٣- ١٩٥٤ بوو، بەڵام فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەردەوام ئاسۆی فراوان دەکردم، زۆربەی بەرهەمەکـانی شاعـیـران (شـیلی و بـایرۆن و کـیـتس)م دەخـوێندەوە و تەنانەت دوو بەرهەمی (شـیلی)م لە ژیندا وەرگـێـڕراو بڵاوکردەوە، بەڵام کە ئێستا دەیانخوێنمەوە سەیر دەکەم وەرگێڕانەکەی ئیلهامییە، حەرفی نییە، چونکە ئەو باسی دەوروبەری ئینگلیزی دەکات، من باسی ئەجوای کوردی دەکەم.

**رامان:** دوکتۆر ئەوکات کێ هاندەری سەرەکیت بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** باوکم لەپشت ئەو شـتـانەوە بوو، بـاوکـم زۆر هـانــی دەدام و دەیـگـوت وەرە بـزانم چـیـت نووسیوە؟ منیش لە ڕووم نەدەهات قسە بکەم. تەنانەت جارێک شتێکی سـەیر هاتە پێش، ڕەشەبای سلێمانی بەناوبانگە، من بۆ گـاڵتـە لەسـەر ئەو مێـزەی کـە شـتم لەسەر دەنووسی ڕەشنووسی شیعـرێکم دانابوو، لەبیـرمە بە قـەڵەمی ڕەساس نووسیـبـووم، لە باوکم وایە من ئەو شــتـانە دەنووسم لە ڕووم نایە بڵاویان بکەمـەوە، بەبێ ئـەوەی بزانـێ بـە دەیـان بـەرهـەمم هـەیـە بـە نـازنـاوی جۆراوجۆر بڵاوم کردوونەتەوە.

**رامان:** تکایە نازناوەکانتمان پێ بڵێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نازناوی سەرەکی من (کاکە شوان) بوو، باوکم چوو بوو ئەو شیعرەی چاک کردبوو، تەنانەت نەک چاککردن، بگرە ئیزافـاتی خسـتبـووە سـەری. دێری یەکەمی لەبیرمە ئاوابوو.

**دیسان ڕەشەبا هاتەوە وێزەی لەشو سەرمان**

**سەرمایە، تەپوو تۆزە لە حەوشەو دەرو سەربان**

لەو وایە من پـێـم خـــــۆش دەبـێت، ئـەو چووبـوو لە ڕۆژنامەی ژین-دا بڵاوی کردبۆوە، منیش ئاگاداری ئەمە نەبووم. بەناوی خۆشم ناردبووی کـە من ئـەوکـاتە هەمـوو شتێکم بەناوی خوازراوەوە دەنووسی. لەبەردەم باخچەی سلێمـانی ڕۆژی جـومعـە بوو پیـاسـەم دەکـرد، برادەری عەزیزمان شێخ خالیدی شێخ محەممەدی خاڵ-م بینی هەر لە دوورەوە گـوتی: مـەرحـەبا، پیـرۆزبـاییت لێ دەکـەم. تێنەگـەیشـتم پیـرۆزبایی چی، مـن ئەوسـا قـوتابی سێی (دارالمعلمین) بووم. وتم شێخ خالید پیرۆزبایی چیم لێ دەکەی؟ گوتی بێ قەزا بی تۆ ژین-ت نەبینیوە؟ گوتم نە بەخـوا. گـوتی: ئەو شیـعـرەی ڕەشـەبای تێـدایە. خـودایە ڕەشــەبای چی؟ حــەپەســـام. کــە ئەو ڕۆیشت چووم لە دوکانی ڕەئووف مەعرووف ڕۆژنامەکەم کڕی، کە تەماشا دەکەم بە پێچەوانەی نەریتی من کە قـەت لەو تەمـەنەدا ڕووم نەدەهات شت بەناوی خــۆمـــەوە بنووسم، بینیم نووسـراوە (ڕەشـەبا- ئیـحسـان عـەبدولکەریم فـوئاد). هاتمەوە ماڵێ خواعافووی کا ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی مـوتەسەڕیف کـە ئامـۆزامانە و خزمانە کـە باوکی دکتـۆر دارایە، ئەو لەوێ بوو، بە منی گـوت تۆ بۆ خـۆت گـرژ دەکەی، باوکت ئیشێکی چاکی کردووە، ئەمـە ڕۆیشت. کەریم بەگی سەعید بەگی زانستی کە ئەویش خزمانە بەم حەکایەتەی زانی خێرومەندانە چوو لەناو ڕۆژنامەی (هنا بغداد) حەکایەتەکەی نووسی. دەڵێ ئەم ئاگادار نەبووە، بەڵام کاتێک سەیری کرد لەگەڵ ڕەشەبا شیعری ڕەشەبا گڤەی دەهات، ڕوونی کردەوە کە مەسەلەکە چۆن بووە. ئێستا کە بە چاوی ئەمڕۆکەوە سەیری ئەو باسە دەکەم دەبینم باوکم چاکەی کردووە و هیچ ئەوە نەبووە کـە من شەرم بکەم، بەڵام لەو تەمـەنەدا مرۆڤ هەرزەکـارە. جگە لەوە من نـووسینی جددیم هەبوو کـە بە ناوی خـوازراوەوە بڵاوم کــردبۆوە، بۆیە پێم نـاخــۆش بوو نووســینێکی وا بەناوی ئاشکراوە بێت. مــەبەســتم لەو باســە چیـــیـە؟ مـەبەسـتم ئەوەیە کـە من لەو تەمـەنەوە خـەریکی شیـعـر نووسین بووم.

**رامــان:** باشە بۆچی حەزت نەدەکرد بەرهەمەکانت بە ناوی خۆتەوە بڵاوبکرێنەوە؟

**د. ئیـحســان فـوئاد:** من دەمــەویست بزانم بیــروڕای خـەڵک لە بارەی منەوە چییـە. جـارێکیـان لە دوکـانی ڕەئووف مــەعـرووف بووم کــوڕێک هات گــوتی تۆ وەرە ســەیری ئەو شـیــعــرە بکە- لە گــۆڤــاری هیــوا بەناوی خوازراوەی کاکەشوان بڵاوم کردبۆوە- زۆر شیعری چاکە. نەشیدەزانی هی منە.

**رامان:** ئەو کاکەی شوانە لە چییەوە هاتبوو؟

**د. ئیـحسان فـوئاد:** ئەوکـات باو بوو، دوکتـۆر کاوس خـۆی ناو نابوو کـاکـەی ڕێبـوار و منیش خـۆم ناونابوو کـاکـەی شـوان. دیارە ئەوە بەلامـەوە ڕاست نییـە، پیـاو بەناوی خۆیەوە شت بڵاوبکاتەوە باشە.

**رامان:** ئەی بۆ لەم ساڵانەی پێش ڕاپەڕین کابرایەک لە بەغـدا نـاوەکـەی تۆی بۆ خـۆی بەکـاردەهێناو بەو ناوەوە جنێوی دەداو تەشقەڵەی بە نووسەران دەکرد؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نازانم.. من دەمێکە وازم لەو ناوە هێناوە.

**ڕامــان:** بەڵێ، هێرشی دەبردە سەر قەڵەم بەدەستان و منیش جارێکیان وەڵامم دایەوە و ئەو ڕاستییەشم ڕوون کردەوە کە ئەوە نازناوی (د. ئیحسان فــــوئاد)ــە و ئەو نەدەبوو بیکاتە ڕووکاری خۆی.

**د. ئیحسان فوئاد:** ئاگام لەوە نییە، نەدەبوایە ئەوەی بکردایە یان هیچ نــەبــوایــە ڕوونــکــردنــەوەیــەکــی بڵاوکردبایەوە.

**ڕامــان:** ئەی پاش ئەوە وێستگەکانی دیکەی ژیانی ئەدەبیتان بەرەو کوێ چوو؟

**د. ئیحســان فــوئاد:** بەڵێ من زۆر قـــەرزداری (دار النهضة العربیة)م، چونکە کتێبەکانیان دەهاتن و ئاسۆی ئەدەبیی ئێمەی بەجارێک فراوان کرد، هەرچی کتێبی باشی دنیا هەیە دەکران بە عەرەبییەکی جوان. لێرە لە کتێبخانەی (بیری نوێ) دەیان فرۆشت، ئەوە زۆر ئاسۆی ئەدەبی ئێمەی بەرفراوان کرد و ئینجا تێگەیشتم ئێمە چەند دواکەوتووین.

**ڕامـــــان:** مامۆستای گرینگ لەو سەردەمەدا لە (دارالمعلمین) کە دەرسی بەتۆ گوتبێت و کاریگەریی لەسەرتۆ و ڕەوتی ڕۆشنبیریی تۆ هەبووبێت کێ بوون؟

**د. ئیحسان فوئاد:** مستەفا جەواد دەرسی پێ وتووین، هەرچەند ئەو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی نەبوو، بەڵام دەمانزانی مامۆستایەکی گەورەیە. جگە لەوانە (جی. سی. سۆرۆلی) هەبوو سەرۆکی بەشی ئینگلیزی بوو، ئەم مــامــۆســتــایە زۆربەی ئەو کــتــێــبــانەی لە دواناوەندی دەخوێنرێن ئەو دایناون. ئەو کاریگەری زۆری لەسەرمان هەبوو. بوونی من لە بەشی ئینگلیزی یارمەتی دیکەشی دام، تەواوی ڕۆژانی یەکشەممە ئەو کابرایە شاکارێکی جیهانی دەهێنا، یان پارچەیەک سەمفۆنیای دەهێنا بۆی لێدەداین و شەرحی دەکرد، ئەویش ڕوانگەی بەرینتر کردین، پاش ئەوەش کە چووینە یەکێتی سۆڤیەت فێری زمــانی ڕووسی بووین و فــێــربوونی زمــانی ڕووسی دەرفەتێکی نوێی هێنایە بەردەمان.

**ڕامـــــان:** ئەو دەرفەتەتان چۆن بۆ ڕەخسا بۆ چوونە سۆڤیەتی ئەوسا؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز بوو ساڵی دووەم بە پێداگری پارتی دیموکراتی کوردستان حکومەتی سۆڤیەتی ئەوسا ساڵی (٥) کەسی

**لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هێشتا دابونەریت دروست نەبوو، ئەمە کاتێکی زۆری دەوێ**

وەردەگرت. ئەوکات ڕاگەیاندراو منیش نمرەی باشم هەبوو، پاشـــان لیــژنەیەکی چاوپێکەوتنیــان دانا. لەبیرمە لیــژنەی چاوپێکەوتنی من دکتۆر سەدیق ئەفرووزی و عەلائەدین سەجادی بوون.

**ڕامان:** ئەو پێنج کوردەی ئەوکاتە بۆ خوێندن چوونە سۆڤیەت کێ و کێ بوون؟

**د. ئیحســان فــوئاد:** دکتۆر کاوس قەفتان، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر نەسرین فەخری و من بووین.

**ڕامان:** ئەو پرۆسەیە ساڵانە بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نەخێر بۆ دووجار قوتابییان نارد و ئیتر وەستا.

**ڕامان:** ئەی پێنجەکەی دیکە کێ بوون؟

**د. ئیحســان فــوئاد:** دکتۆر عەلی کەریم هەیە.. ئیتر ئێستا ناوی هەموویانم نایەتەوە بیر.

**ڕامــان:** چۆن بوو بۆ تێزی دکتۆراکەت لەسەر حاجی قادری کۆیی گیرسایتەوە؟

**د. ئیحســان فــوئاد:** من پێشتر زۆربەی شیعرەکانی حاجیم لەبەر بوو،جگە لەوە دەمزانی تەمومژێک لە مێژووی حاجیدا هەیە. خوا هەڵناگرێ حەمەی مەلا کەریم کتێبی چاکی لە بارەوە داناوە، بەڵام کاکە حەمە بە حوکمی دۆخی ئێرە دەنووسێ، منیش هەروەها بووم. ئێمە نەمانـدەزانی تیـۆری ئەدەب بە سیاسی ناوی خەڵک نابات.

کــە تۆ لە ئەدەب ناوی کـــەســـێک دەبەی ناڵێی نیشتمانپەروەر بوو، قەیناکە شەرحی دەکەی، بەڵام وەک سیاسییەک ناوی نابەی، چونکە ئەوە لە ئەدەبدا نییە. ئەدەب پێش هەر شتێک هونەرە. لە ئەدەبدا کلاسیک هەیە، ڕۆمانتیک و وجوودییەت هەیە.خوێندنەکەم ئەوەی بۆ ڕاست کردمەوە، فەزڵەکەش بۆ ئەو پرۆفیسۆرە دەگەڕێتەوە کە سەرپەرشتیارم بوو و ناوی براگینسکی بوو، ئەو وتی تۆ بڕۆ بیـــدۆزەرەوە ئەمـــە ســـەر بە چ مەدرەسەیەکە. چووم و لە پاش ماوەیەک کە هاتمەوە وتم ئەمە وەک دەردەکەوێ سەر بە مەدرەسەی (تنویر)ە. وتی ئافەرین، جا هەر لەو بابەتەوە لێی بکۆڵەرەوە، ئینجا من بۆم دەرکەوت مەدرەسەی تەنویر چییە و چۆن دەبێ پێناسەی حاجی قادری کۆیی بکەین؟ قەیناکە شیعری



**ڕەووف حەسەن، کامیل ژیر، د. ئیحسان فوئاد، ئازاد عەبدولواحید**

حاجی نیشتمانییە، ئەوە هەمووی ڕاستە، بەڵام تۆ لەناو ئەدەبەکە چۆن ناوی دەبەی؟ بۆ وێنە لە ئەدەبدا تۆ باسی (گۆران) دەکەی خۆ ناڵێی گۆران شیوعی بووە. نا.. دەڵێی ڕۆمانتیک بووە. ئیتر حاجی قادریشمان ناونا شاعیری تەنویر. تەنویر مەدرەسەیەکی زۆر گەورەیە، بەر لە شۆڕشی فەرەنسا و لە دوا دواییەکانی قۆناخی ڕێنسانس دەستی پێکرد، پاشان لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ڕەنگی دایەوە، لەبەرئەوەی ئەستەمبووڵ خاڵی تێکەڵ بوونەوە بوو، بۆیە بۆ ئەم قوتابخانەیە لوا سوڵتان عەبدولحەمید خەڵکی بۆ بنێرێتە فەرەنسا لەوێ زیاتر ئەو ئەدەبەی کە لە تورکیا پێی دەگوترێ ئەدەبیاتی (تنزیمات)بپشکوێ و بڵاوبێتەوە و سوڵتان عەبدولحەمید خەڵکی نارد بە مەبەستی بەرپا کردنی شۆڕشێکی ئیداری، مەدحەت پاشا یەکێکە لەو کەسانە، پاشان وتی من دەمەوێ ئیدارەی دەوڵەت بگۆڕین تا سەردەمانە بێت، ئەمەش (تنزیماتە)، لەبەرئەوە ئەو ئەدەبەش بە ئەدەبی تەنزیماتی ناسراوە.

لەناو ئەوانە کۆنترینیان ئیبراهیم شناسییە، نامیق کەمالە، زیاپاشایە، ئینجا کۆمەڵێک شاعیری دیکە هەیە. حاجی لەو ماوەیەدا لە ئەستەمبووڵ بووە و زۆر کاریگەریی لەوان وەرگرتووە و ئەگەر تۆ بتەوێ مەبەستەکانی شیعری ئەو سەردەمە ڕوون بکەیتەوە دەبینی هیچ جیاوازی لەنێوانیاندا نییە، جیاوازییەکە تەنیا ئەوەندەیە حاجی قادر وەک ڕۆڵەی نەتەوەیەکی چەوساوە هەستی شۆڕشگێڕێتی زیاتر تێدایە. ئەوان وەک ڕۆڵەی نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار جۆرێکی دیکە بیردەکەنەوە، بەڵام شیعرەکانیان هەر یەک شتن.

**ڕامان:** دکتۆر ساڵی چەند تێزەکەت تەواو کرد؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ساڵی ١٩٦٧ تێزەکەم پێشکەش کرد و گفتوگۆی لە بارەوە کرا.

**ڕامان:** چۆن بوو لە ساڵی ١٩٦٧-ەوە تائێستا ئەو تێزەی خۆت نەکردووە بەکوردی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دەبێ ئینسان زۆر ڕاشکاو بێ، من کورتەکەیم بڵاوکردۆتەوە. دەمویست شتێکی تازە بێنمە ناوەوە، شتی تازەم هەیە و زۆر شتی دیکەشم کۆکردۆتەوە کە بە تەمام پێکەوە بیانخەمەڕوو.

**ڕامان:** نەک هەر ئێوە زۆرکەس تێزەکانیان نەبینراون، زۆر دکتۆری دیکەش تێزەکەیان بۆیە ناکەنە کوردی چونکە بە هێز نییە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ، بەڵێ، بەڵام من کە چاپم کرد ئەوە حوکمەکە بۆ خەڵک دەهێڵمەوە، چونکە سەرپەرشتیارەکەی من (براگینسکی)یە، ئەو یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکان.

**ڕامان:** لەوکاتەوە تا ئێستا چ ئیزافاتێک کەوتۆتە سەر خوێندنەوەکەی تۆ بۆ حاجی قادر کۆیی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** هەروەک وتم حەمەی مەلا کەریم زۆری نووسیوە. تەنانەت ڕەفیق حیلمی دەڵێ: بلبلی نیشتمان پەروەر، حەمەی مەلا کەریم دەڵێ شاعیری نیشتمانی و نەتەوەیی، خۆی ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە پێناسەی ئەدەبی نییە، لەوە دەکا تۆ بێنی لە سوپادا پلەوپایە بۆ خەڵک دابنێی. لە سوپادا پلەوپایەی تایبەتی هەیە، مولازم و مولازمی یەکەم و مارشاڵ هەیە، هەر زانستێک زاراوەی خۆی هەیە، ناکرێ بێین بە ناوێکی دیکەوە ناوی بەرین. ئیزافەکەی من کە بەلای منەوە زۆر گرنگە ئەوەیە کە دەرم خست بەڵێ ناوەرۆکی شیعری حاجی کۆمەڵایەتییە، ڕۆشنبیرییە، نەتەوەییە، بەڵام لەژێر قالبی مەدرەسەی تەنویردایە. دەلیلیش ئەوەیە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا (نهضة)ی پێدەڵێن (جەمالوددین ئەفغانی، عبدولڕەحمان کەواکبی، شێخ محەمەد عەبدە)یە. با زیاتر ڕوونی بکەمەوە، ئەم ئەدەبیاتە چی تێدایە؟ فەلسەفەی ئەم ئەدەبیاتە کە دواکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی دەبینێ و ئەو هەموو دواکەوتنە و پێشکەوتنی ئەورووپا لەبەرچاوە، دەیەوێ شتی ئیجابییان بۆ ئینسان بۆ بێنێ و جێبەجێی بکات و لەگەڵ شارستانیەتی ئەورووپی تێکەڵ بکرێ، لەبەر ئەوە یەکەم شتیان ئەوەیە زۆر بە چاوی ڕەخنەوە سەیری ڕابردوو دەکەن، ئەو مەدرەسە فەرەنسییە کە دەڵێ ئێمە سەیری ڕابردوو دەکەین و دەرسی لێ وەردەگرین، بەڵام ئەوەی بە کەڵک

نایەت دەبێ فرێی بدەین. دووەم زۆر بە چاوی ئیعجاب سەیری پێشکەوتنی ئەورووپا دەکەن، خۆ شیعرەکانی حاجی قادر کە دەڵێ:

**ئەی خەریکی ڕمووز و نازونیاز**
**ئەورووپا فەنی گەیوەتە ئیعجاز**

یان دەڵێ:

**بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین**
**«اطلبوا علمکم ولو بالصین**
**نیرو منی لەم حەدیثە فەرقی نییە**
**گەر مەلا نەهیی فەرمووە دینی نییە**

ئەمە ئیتیجاهی هەموویانە، ئینجا جگە لە ڕابردوو باسی زوڵم و زۆری دەوڵەتی عوسمانی دەکات، بە تایبەتی لەو شیعرەدا کە دەڵێ:

**حاکمی ڕێگری مەعموورەیە، قازیی دزی ڕۆژ**
**وزەراوو وکەلای گورگە ڕەعییەت گەلەیە**

ئەوە ڕەخنەیەکی زۆر بەهێزە، ڕەخنەیەکی زۆریش لە شێخ و ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەگرێ و دەڵێ:

**قەیدو تەذبیب و حاشیە و ئیعراب**
**هەموو با بردی بوونە مەوجی سەراب**

**تۆ وەرە فەننێ فێر بە چیتە لەوە**
**گاورە، هیندووە وەیا خۆ جووە**

خاڵی سێیەم: ئەم شاعیرانە هەموویان ئەو لایەنەیان گرتووە، بە تورکی، یا عەرەبی یا فارسی بێ، کە لەسەر کردنەوەی ژنە. تەنانەت کە غەزەلیش دەنووسن لەجیاتی وەسفە کۆنەکەی کچ، یارەکەیان کچێکی خوێندەوارە. ئەوەندە تەعزیمی هونەر و ئەدەب دەکەن.

خاڵی چوارەم: ئەمان دەیانەوێ میللەت پێش بخەن، لەبەر ئەوە گوێ نادەنە فانتازیای ئەدەبیاتی هەڵبژاردە و ئەو ئەدەبیاتە قورسەی لەکۆندا هەبووە و بە ئسلووبێکی زۆر ئاسان دەنووسن. خۆشی حاجی ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوار و کەچن**
**مەقصەدم لەم بەندو باوە دەربچن**

دەڵێ مەبەستم شیعر گوتن نییە، مەقسەدم پەیامێکی کۆمەڵایەتییە، دەمەوێ لەو دواکەوتوویییە دەربچن، ئەوەش سیفەتێکە، واتە زمانیان سووک و ئاسانە لە دەربڕیندا.

**ڕامان:** دواییش یەکێک لە سیفاتەکانیان ئەوەیە کە شیعر لە دیوەخانەوە فڕێ دەدەنە ناو باوەشی ژیانەوە.

**د. ئیحسان فوئاد:** ئەوانە لە جیاتی مزگەوت، قوتابخانە دەکەن بە بناغە، ئیتر ئەمە لە سیمای گشتیدا وەکو یەکە، بەڵام تۆ دەبێ بزانی شاعیرێکی چەوساوەی وەکو حاجی قادری کۆیی ڕۆڵەی گەلێکی چەوساوەی نەتەوەیەکی وەکو کورد زۆر شۆڕشگێرانەتر لە نامیق کەمال بیردەکاتەوە، چونکە نامیق کەمال ڕەخنە لە دەوڵەتەکەی خۆی دەگرێ، بەڵام بەو هەستە شۆڕشگێڕییە نایەتە ناو باسەکەوە. کە سەیری ناوەڕۆکەکە بکەی پاشی حاجی، پیرەمێرد و زێوەر و فایق بێکەس و ئەحمەد موختار هەموویان لە قوتابخانە هەڵکەوتوون و یان لەیەکترەوە نزیکن. بۆ وێنە ئەحمەد موختار دەڵێ:

**لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە**

تێکڕایان باسی زانست دەکەن، پیرەمێرد دەڵێ:

**لەلای من بە خوێندەواریە ئاه خوێندەواریە**
**هەر میللەتێک کە عیلمی نەبێ دەردی کاریە**

هەموویان بەو جۆرەن، شیعرەکانی بێکەس-یش هەروایە.

**ڕامان:** شێخ نووری-ش هەروایە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ شێخ نووری-یش هەر وایە، ئەمە دەچێتە ناو ئەو قالبەی کە پێی دەگوترێ قوتابخانەی تەنویر، بەڵام لە هەر ئەدەبێکدا ناوێکی هەیە، لە ئەدەبیاتی کوردی بە حوکمی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی پایتەختەکەی ئەستەمبووڵ بوو، مولتەقای فیکر بوو و فەرەنسا نزیک بوو بەوێوە، بەو ئەدەبە دەگوترێ ئەدەبی تەنزیمات، تورکییەکەی (تەنزیمات ئەدەبیاتی)، لەلای عەرەبەکان پێی دەگوترێ (نهضة)، ئێمە ناوێکمان لێ نەناوە، بەڵام لای ئێمەش هەر دەتوانین شتێکی لەو بابەتەی ناوبنێین، (ڕۆشنبیری- ڕووناکبیری) ئەمانە. فارسەکان پێی دەڵێن دارولفنون، فنون لەلای ئەوان زانستە، بەڵام هەمووی یەک شتن.

**ڕامان:** دکتۆر ئەگەر ڕەخنە لە حاجی قادر بگری، واتە لەڕووی هونەری شیعرەوە پێت وایە غەدری لە شیعر کردبێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئەو بە وشیارییەکی تەواوەوە ئەمەی کردووە، هەروەک پێشتر گوتم ئەو دەڵێ:

**بەیتەکان عەیبی مەکەن خوارو کەچن**
**مەقصەدم لەم بەندوباوە دەربچن**

واتە من مەبەستم شیعری جوان نییە، من مەقسەدم ئەوەیە ئێوە بێنە سەر ڕێگای ڕاست، بەلام کە بێی بە تاقی تەنیا سەیری شیعری بەهاری بکەی، بۆت دەردەکەوێ کە حاجی قادر چەند لە تێگەیشتنی ئەدەبیات پێشکەوتووە:

**گوتم بەبەختی خەوالّوو بەسە ئەتووبی خودا**
**لە خەو هەلّستە زەمانێ بچینەوە ئەولا**

من ئەو قەسیدەیە لە ئوترووحەکەمدا، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ (مادام ڕۆدین کۆ) خاوەنی ئوترووحەی دکتۆرا لەسەر مەم و زین، کچی زانای هەرە گەورەی کیمیا (ڕۆدین کۆ)، کە من ئوترووحەکەم پێشکەش کرد لە شیعرەکاندا پشتم بەو بەست. بۆم نەدەکرا بە نووسین، بۆیە کەتەرجومەی کرد بردم بۆ چاپ، خۆت دەزانی ئەدەبیاتی ڕووسی چەند پێشکەوتووە، بڕوات بێ کە هاتمەسەر قەسیدەی بەهاری تەرجومەکەی (ڕۆدین کۆ) حەپەسان، گوتیان ڕێگامان بدە ئێمە دەیبەین بلاوی دەکەینەوە، جا بەوە بزانە حاجی چەندە پێشکەوتوو بووە و لەو بابەتە شیعرییانەشی هەیە، بۆ وێنە کە دەلّێ:

**نەققاشی دەمی نوقتەکی دانا بە نیشانی**
**زانی کە زەمی کردووە، بێزارە لەمانی**

لە پاشان حاجی لە شیعرێکدا، زۆر ڕەخنەی لەو شیعرە کلاسیکییانە هەیە کە هەر خوو دەدەنە خەیالّ و ئیبداعاتی لەفزی و دەلّێ:

**هێندە صورەت زۆر بووە مەعنا لە بەینا ون بووە**
**ئێستەکێ بێ صورەت و مەعنایە عەیبی بت پەرست**

واتە تەشبیهی ئەو شاعیرانە دەکات کە بوت دەپەرستن، بۆیە ئەو دەیەوێ شیعر مەعنای هەبێ.

**ڕامان:** ئەی دکتۆر تۆ لە ١٩٦٧وە دوای ئەوەی ئەو بۆچوونانەی خۆت لەوێ جێگیر کردووە تا ئەمڕۆ کۆمەلّێک بۆچوون و کتێب و لێکۆلّینەوە لەبارەی حاجی قادری کۆیی و شیعری کلاسیک نووسراون، تۆ ئەو بۆچوونانە چۆن هەلّدەسەنگێنی؟ ئایا حەقی حاجی قادریان داوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەلّێ. ئەگەر سەیری کتێبەکەی مامۆستا کەریم شارەزا بکەی، فەسلّێکی تایبەتی بۆ حاجی قادر داناوە و بە ئەوپەڕی ڕاشکاوییەوە ڕایەکانی بلاوکردۆتەوە. ئەو کتێبانەی کە مەسعوود محەمەد نووسیویەتی هەرچەندە کارەکەی زۆرتر تەواو نەکردووە و تەفاسیلّی زۆری تیایە و مەدرەسە و ئەو لایەنانەی دیاری نەکردووە، بەلام زانیاری زۆری تێدایە، زانیارییەکان زۆری لەسەر حاجی نین، لەسەر ئەو ناوچەیەیە کە حاجی تێدا بووە، بەلام بە هەموو جۆرێک کتێبەکەی کتێبێکی بەنرخە، بەداخەوە تەواویشی نەکرد لە سێ بەشدا نووسی و ئیتر نەگەیشتە ئەوەی ئەو شاعیرە لە ئەستەمبوولّ چۆن بووە لەوێدا وەستاوە. کە خۆی ئەساسەکەی ئەوەیە کە حاجی لە ئەستەمبوولە. تێکڕا بەشێکیان ئەو ڕایەی منیان وەرگرتووە و بەشێکیان هەر پشتگوێیان خستووە. زۆر سەیرە پاش ئەوەی من بەدەیان جار بە وتار بێ، یان بەچاوپێکەوتن بێ، ئەم باسەم ڕوون کردۆتەوە کە پێناسەی حاجی دەبێ بە زاراوەی ئەدەبی بێ نەک بە زاراوەی سیاسی، کەچی تەماشا دەکەی دیسان هەر دەلّێن شاعیری نیشتمان پەروەر. کە ئێمە دەلّێین بەلّێ حاجی نیشتمان پەروەرە، بەلام ئەو سیفەتە ئەدەبی نییە. تۆ پێت وایە خانی نیشتمان پەروەر نییە؟ یان فایق بێکەس نیشتمان پەروەر نییە؟ گۆران نیشتمان پەروەر نییە؟ بەلام ئەمانە چۆن لە یەکتر جیادەکرێنەوە؟ تۆ دەبێ بەزاراوەی ئەدەبی لەیەکتریان جیا بکەیتەوە. ئەوەیان کلاسیکە، ئەوەیان یان ڕۆمانتیکە، ئەمەیان تەنویرە. تا ئێستاش هەر لەوە تێنەگەیشتوون.

بۆ زانیاری لەم سەفەرەی ئەم دواییەمدا بۆ ئەستەمبوولّ دوو سەرچاوەم بەدەست کەوت کە کەلّکێکی زۆری بۆ من هەبوو، چونکە ئەو دەوروبەرەی حاجی تێیدا بووە دەوروبەری ئەستەمبوولّ بووە. دەمویست بزانم ئەو شاعیرانە چۆنیان نووسیوە. ئەوە بەس نییە تۆ بلّێی ئەدەبیاتی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکی تازەوە، دەبێ بە نموونە بیسەلمێنی. بەختەوەرانە لەم دواییێن سەفەرەمدا بە یارمەتی شێخ مستەفا کە کتێبخانەیەکی کۆنی لەوێ هەیە بە دەستم کەوت و ئێستا کاتم هەبێ لە نزیکترین دەرفەتدا زۆر پەلەمە کتێبەکەم چاپ بکرێت. ئەو دەم خەلّکەکە بەخۆیان دەتوانن قەزاوەت دەکەن.

**ڕامان:** دکتۆر لەنێوان بەکارلۆریۆس لەگەلّ ئەم دکتۆرایە کە وەرت گرتووە هیچ ماجستێر و شتی ترت وەرنەگرتووە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نەخێر.. تۆ کە بەکالۆریۆست وەرگرت لێکۆلّینەوەیەک دەنووسی و تەشویقت دەکەن بۆ بروانامەیەک کە پێی دەلّێن (کاندیدا). یانی (مورەشەح- هەلّبژێراو) کە ئەو شەهادەیەیان دایتێ، ئەو

شەهادەیە تەعدیل کراوە بە دکتۆرای فەلسەفە، ئیتر ئەو مەسافەیە نییە.

**رامـان:** ئەوە زانیارییەکمان لەبارەی تێزی دکتۆراکەت و خـوێندنەکـانت زانی، دەمـانەوێ لەسـەر تەوەرێک بووەسـتین کـە شـیـعـر و شـاعـیـرایەتیـیـە، ئەگـەرچی لەسـەرەتاوە هێندێکت لێ باس کـرد، کـە هێندێک لەو شـیـعـرانەت لە ١٩٥٣ بەدواوە بڵاوکـراوەتەوە، ئەگـەر باسێکی یەکەم دیوانت بکەی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** یەکەم دیوانم ئەو کۆمەڵە شیعرەیە کـە لە پەنجـایەکـاندا نووسـیـومـە و بڵاو نەبوونەتەوە و بەشـێکی لێ فـەوتاوە، ئەوەی مـایەوە بەناوی (گـوڵی کـێـوی) چاپ کـرا، خـەڵک ئێـسـتـا داوا دەکـات چاپ بکرێتەوە. لەپاش ئەوە کۆمەڵێک شیعری دیکەم هەبوو بەناوی (شەقامی جانبازان) ئەوەشم هەر بەداخەوە چاپ نەکـراوە. لەپاش ئەوە دوو بەرهەمی دیکەم چاپ کـرد لە هەموویان گرینگتر (کۆ و تەرازوو) کە باسی شەهیدانی چیـــــەن دەکـــات و بە تەواوی بە ئسلووبی تازە نووســــراوە. دوو سێ بەرهەمی دیکەی بچـووکـیـشم هەیە (کەند و قەوزە)، ئەو چوار بەرهەمەم هەیە، بەڵام ئەگــەر خـوا عــومــرم بەنەسـیب بکات هەمـووی بەیەکـەوە چاپ دەکەمەوە. دەمەوێ ئەوەش روون بکەمـەوە کـە کـۆمـەڵێـک شـیـعـری کـۆمـیـدیم هەیە، ئەوانە هەمــوویان فـەوتاون، دوانی نەبێ، حـەز دەکـەم ئەوەش بکەمــە ناودیوانەکەمەوە با هەر بیێت.

**رامـــــان:** تۆ لە ١٩٥٣-ەوە شـیـعـر دەنووسی و تائێـسـتـاش هەر بەردەوامی و چەند دیوانێکت بەچاپ گـەیاندووە، کـەچی تۆ وەک شـاعـیـر لەلای خـوێنەران نەناسراوی؟

**د. ئیـحـســان فــوئاد:** بەڵێ ئەوە زۆر راســتــە، لە شوێنێکدا وتم کە من بەعزێک شت بە شیعر دەنووسم، ئەوە کردەیەکی لا ئیرادییە و قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە رۆژێک پێم بڵێن شاعیر، بەڵام ئەدەب خۆی، چیرۆکە، پەخشانە، شیعرە، جا بەو جۆرە خۆی دەسەپێنێ بەسەر خـاوەنەکـەیدا و دێتـە پێـشـەوە، قـەت جـارێک بیـرم نەکردۆتەوە شتێک بە شیعر بڵێم، کەچی خۆی بەوەزن هاتووە و منیش نـووسـیـومـەتەوە، ئیـتـر گـوێم نەداوەتە ئەوەی کە خەڵک لێی دەپرسێ یان نا؟ ئەمە یەک. دووەم بەداخــەوە لەلای ئێــمــە هەر لەکــۆنەوە نەک ئێــســتــا رەخنەگرەکان و نووسەرەکان لەو شتانەدا زۆر رەسەن نین، زیاتر بڵێین نەوعێ پروپاگەندە بەکار دەهێنن، لەبەر ئەوە شـوێن مـۆدەی باو دەکـەون، کێ ناوی هەبێ شـوێن ئەو دەکەون، لەکاتێکدا دەبێ ئەوان بە شوێن مۆدەی دەگمەندا بکەون. بۆ نموونە من لە حــەفــتــاو چواردا کـــە لە بەرێوەبەرایەتی رۆشنبـیـری گـشـتی بووم لە بەغـدا، لەوەزارەتی راگـەیاندن کـورێک شـیـعرێکی نارد من هەر نایناسم، ناوی هەڤـرێست-ە، باوەربکە تا ئێـسـتـاش نازانم کێیە؟ کە تەماشام کرد ئەو کورە لاوە شاعیرە، بۆیە هەمـوو شـیـعـرەکـانیـمـان بڵاو کردەوە و زۆریش هانماندا، بەبێ ئەوەی بیناسم. ئێستا کارەکە بووە بە پروپاگەندە. من ئاگادارم شاعیر هەیە پارە دەدا بە نووسەرێک و دەڵێ ستایشم بکە. جا من ئەمەم بۆ چییە؟ ئەگەر ئەمە شیعر بێ دوارۆژ خـەڵک هەر دەبێ لێی بکۆڵێـتـەوە، ئەگـەر شیعریش نەبێ با بروا.

## زمانی وەرگێران لای ئێمە کارەساتێکە نەوعی نییە

**رامــــان:** ئەو سـیـفـەتەی تۆی پێ ناسـراوە زیاتر وەک لێـتـوێژەرێکی ئەکادیمی و وەک مامۆستایەکی زانکۆ دەناسـرێی و کـەمـتـر وەک شـاعـیـر ناسراوی، ئەوە هۆیەکەی چییە؟

**د. ئیـحسـان فـوئاد:** مـومکینە ئەوە بێ کـە من خـۆم زۆرم گـوێ نەداوەتێ. ئەو شـێـوازەم بەکار نەهێناوە سەرنجی خـەڵک بۆ لای خـۆی راکـێـشـێت. هەرچەند رەخنەگر نابێ داوا بکات شـاعـیـر خۆی بێـتـە پێشـەوە. دوای ئەوە کە من لە زانکۆ ئیش دەکەم شتێکی سروشتییە زیاتر بەوە بناسرێم.

**رامـــان:** تۆ جگە لەوەش کـە مـومـارەسـەی نووسـینی شـیـعـرت کـردووە، هەر خۆشت هەستێکی جوانیناسی و رەخنەییشـتـان هەیە و مومارەسەی نووسینی رەخنەشتان کـردووە، تۆ ئەگەر خۆت بخەیتە ناو نەخشـەی شـیـعـری کوردی، خۆت لە کوێدا دەبینی؟

**د. ئیـحسـان فـوئاد:** من لەو بروایەدام کـە لە قـۆناخی گـواسـتـنەوە کـە لە پەنجـاکـاندا ئەدەب دەیویست جڵـەو کێشی ئەدەبی لیـریک بێ بەرەو دراما، من تۆزێ هەوڵم لەوەدا هەیە و لەناو ئەوانەدا جێگام دەبێتەوە. تاقمێک لە رەخنەگرانیش باسیان کردووم، بەڵام زۆرکەم. وەک وتم خەڵکەکە بە شـوێن مـۆدەی باو دەکەون. کـاکـەی فـەللاح پێش ئەوەی بیکوژن منی بینی گـــوتی من زۆر داوای

لێبوردنت لێ دەکەم کە لەم بەرگەدا باسی تۆ و هێندێ شاعیری دیکە نییە، بەڵام نووسیومەتەوە و لە بەرگی دووەمدا ناوی هەمووتان هاتووە.

**رامان:** لەناو شاعیرانی ئەو سەردەمەدا وەک مامۆستا گۆران و هەردی و دیلان و کامەران و ئەوانەی کە شاعیری بەدەرەوە بوون، وەک شاعیرێک رایان لە بارەی شیعرەکانی تۆ کە خوێندوویانەتەوە چی بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** یەکێکیان لە رێگەی د. کەمال فوئادی برام پێم گەیشت، گوتی مامۆستا برایم ئەحمەد زۆر موعجیبە بە شیعرەکانت، عەبدوڵڵا گۆران ئەوە بوو کە بەرهەمی یەکەمی منی بڵاوکردەوە، هەردی قسەی نەدەکرد نە بەچاکە و نە بەخراپە، بەڵام کە شینەکەی عەلائەددین سەجادی-م نووسی، ئەوەی ئاوا دەست پێدەکات:

**(تەم سەر ملانی گرتووە و بارەش ئەڵێ تەواو**
**نم سەر دڵانی گرتووە و هاژە ئەکا بەتاو)**

هەردی ئەو شیعرەی زۆر بەدڵ بوو، تەنانەت گوتی ئەمە بەحری موزاریعە. دیلان رای نەبوو، جارێکیان شیعرێکم بۆ خوێندەوە، گوتی منیش لەو بابەتە زۆرم هەوڵ داوە- وەکو ئیسلاحی کۆمەڵایەتی- کەڵکی نییە.

کامەران، (بەستەی رووناکی) بۆ هەڵسەنگاندم، ئەوەی ئەو شیعرەی دەجار بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێ:

**لەگەڵ رۆژا دڵم چەشنی گوڵی رۆژ کەوتە خوول بۆخۆت**
**لەگەڵ شەودا تلم دا من لە زۆر تا کەم لەکەم تا زۆر**
**شەو و رۆژم لەیەک دا وەک مەلی تینووی بیابان بووم**
**بە شوێن پرسینی رووناکا ملی رێم نا هەزاران جۆر**

گرینگییەکی تایبەتی بەوەیان دابوو، کامەران ئەو شیعرەی بەدڵ بوو.

**رامان:** شیعری تۆ زۆر لەبارە بۆ ئەوەی بکرێت بە گۆرانیش؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ نەجمەدین غوڵامی یەکێکی کردووە بە گۆرانی، بەرلەویش دوو سێیەکی تریان کردووە.

**رامان:** بەڵێ، بەڵام دەبوایە زۆر زیاتر بکرابان بەگۆرانی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** کاک عەدنان کەریم جوابی بۆ ناردووم دەڵێ بۆم بنێرە، حەز دەکەم بیکەم بە گۆرانی.

**رامان:** دەچینە سەر تەوەرێکی دیکەی گرنگ کە ئەویش زانکۆیە، وەک دەزانی زانکۆ مەڵبەندێکی تیشکدانەوەی شارستانیەتە و لەناو هەموو میللەتێکدا زانکۆ دەورو کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا، تەنانەت رۆڵی خۆی لە بزاڤی رۆشنبیری و فیکریشدا هەیە، بەداخەوە زانکۆکانی ئێمە لەو روانەوە زۆر ئیفلیج دیارن، هۆیەکانی بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** هۆیەکەی ئەو مونافەسە سیاسییەیە کە زیاتر بایەخ بە لایەنی سیاسی دەدات نەک زانستی، لە هەموو هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە دەترسێ، نەوەک ببێتە هۆی ئەوەی کە فلانە حزب زاڵ بێت یان فلانە تاقم بێنە ناوەوە. ئەمەش بەکردەوە دەستی ناوەتە بینەقاقای زانکۆکانمان و هەموویانی خنکاندووە. من خۆم لە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، جێگری سەرۆک بۆ کاروباری کارگێڕی بووم، سێ ساڵ لەوێ مامەوە، پاشان دەستم لەکارکێشایەوە، ئەوە وەزع نییە، چۆن کار بەم شێوەیە دەڕوا بەڕێوە؟ مامۆستایەک لە ئەورووپاوە هاتووە موحازەرەیەکی جددی هەیە لەسەر رێگا لای دەبەن و رێگای نادەن، تیپی هونەری من لەوێ دەورم لە هاندانیان هەبوو، بەڵام ئەوان هیچ هانیان نەدەدان، لە هەمووی خراپتر خۆت دەزانی زانکۆ شوێنی رۆشنبیری و زانستە، بە هەوڵێکی زۆر ئێمە کوشکێکمان دامەزراند بۆ کتێب و رۆژنامە و گۆڤار فرۆشتن، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی شتی حزبێکی دیکە بێ ئیلغایان کردەوە، چونکە ئێستا چکلێت و بسکویت لەوێ دەفرۆشن، ئەمانە نەک هەر بۆ رۆژنامە و گۆڤار، ئەی بۆ پێوەندی بەوانەوە نەکەین کە لە دەرەوە کتێب دەفرۆشن یان پیشانگای نێودەوڵەتی هەیە، بڵێ هەر کەسێک بێ ناوی کتێبەکە حیجز بکات من بۆی دەهێنم، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کەموکورییەکان. واتە تا ئێستا لەو زانکۆیەدا تۆ شوێن بۆ رۆشنبیری نابینی.

**رامان:** کەواتە بەڕای تۆ یەکێک لە هۆیەکانی دواکەوتنی زانکۆ نەبوونی سەرچاوەی نوێ و دەست نەگەیشتنە بەسەرچاوەکان؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ وایە.. ئەحزابیش لەسەرەتاوە دەستێوەردانی زۆریان کرد، قوتابی هاتووە هیچ ئەهل نییە بۆ خوێندنی باڵا کەچی وەرگیراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی تەزکییەی حزبی هەیە. تەلەبە هاتووە زۆر بە قابیلیەت قوڕ بەسەرە دەربەدەر بووە. خۆم شایەدی چوار حاڵەتی وام کە داوای دەفتەرەکانم کردووە گوتومە باشە دەفتەرەکانم بۆ بێنن، بۆیان نەهێناوم. تا دەری بخەم چەند موتەحەیزن و چۆن کۆمەڵێک ئینسانی لاواز

دەردەچوێن. دەی ئاوا زانست چۆن پێشدەکەوێ؟

**رامـــان:** هۆیەکی دیکە لاوازیی کادیرەکانیشە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئینجا لەناو مامۆستایانی زانکۆش بێگومان قەت نامەوێ شانازی بەخۆمەوە بکەم و هەرکەس ستایشی خۆی بکات یانی هیچ و دەستی لێ بشۆ، بەڵام لانی کەم نەسلی ئێمە دکتۆرامان وەرگرتووە و دوو زمان دەزانین، ئیمتیحانمان داوە و قبوولیان نەکردووین. کەچی ئێستە مامۆستا دەبینم زمانی ئینگلیزی نازانێ، عەرەبیش نازانێ، فارسیش نازانێ، ئەی تۆ چۆن دکتۆرات هەیە؟ خۆ دەبێ سەرچاوەیەکت هەبێ زانیاری لێ وەربگری. ئینجا من لە تەمەنێکدام، تەمەنم لەسەرەوەیە، بە تەما نیم بیست ساڵی دیکە لە زانکۆ بم، کەچی ئێستاش خۆم ناگرم و بەدوای سەرچاوەی تازەدا دەگەڕێم، ئێستاش کە پێشانگایەک دەکرێتەوە بۆی دەچم، کە دەچمە دەرێ هەرچەندە بۆ عیلاجیشە دەچم کتێبیش دەکڕم. بە داخەوە زۆریش بەداخەوە مامۆستا لێرە یانی هەر فرتەفرت کردن بە شوێن محازەراتدا، وەرە بزانم تۆ لەو مانگەدا چ کتێبێکت خوێندۆتەوە، دەڵێ وەڵڵا من کتێب ناخوێنمەوە، ئەی باشە تۆ کتێب ناخوێنیتەوە زانیاری خۆت چۆن زیاد دەکەی؟ ئەی تۆ چۆن تەلەبە پێ دەگەیەنی؟ بۆ وێنە من یەک، دوو ساڵ لەمەوپێش لە مێژووی ڕۆمان لە ئەدەبیاتی ئەورووپا شتێکم پێ نووسین، وتم حەز دەکەم بزانم پاریش چیان پێ نووسیونەتەوە، کە سەیرم کرد دە دێریان لەسەر ڕۆمانی دۆنکیشۆت نووسیوە، وتم ئەمە هەموو زانیارییەکەیە؟ وتیان بەڵێ، حەپەسام! هەر لەوێ نزیکەی دوو سەعات زانیاری ئیزافیم دانێ. باشە ئەمە بەرهەمێکی جیهانییە، چۆن تەقەللایەکی وا گەورە لە زانکۆ بەو کەزیبە هەڵدەسەنگێنرێ؟ کە لە هەموو دنیادا نرخاندنەکەی یەکجار گەورەیە. زۆر کتێب لێرە هەر نییە، بۆ وێنە من داوای زۆر کتێب دەکەم، لەوانە ئەوزانی شیعری فارسی دەستم نەکەوت، کتێبێکی ئیدوارد براون هەیە لەسەر ئەدەبیاتی ئێران نەبوو، یانی کتێبخانەکانمان لاوازن. تاکی وشیاریشی تێدا نییە بزانێ کتێبی چاک کامەیە. لیژنەیان ناردووە بۆ کتێب کڕین، دەبێ سەرچاوە کلاسیکییەکان بێنی، چونکە ئەوانە دەست ناکەون، ئەو چووە کتێبەکانی کۆڵن ولسنی کڕیوە. باشە خۆ ئەمەش

**بەداخەوە بەشێکی زۆری مامۆستایانی زانکۆکانمان فەرمانبەرن**

پێویستە بیخوێنینەوە، بەڵام پێش کۆڵن ولسن دەیان نووسەری دیکە هەن کە لە ئەدەبی کۆن و کلاسیکی دواون، دەبێ بێتە کتێبخانەوە، ئەو چووە ئەوانەی بۆ هێناوم. کاتێ برایم باڵدار بەرپرسی کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی بوو، ساڵانە کەتەلۆگی جیهانی بۆ دەهات و بەلانی کەمەوە پێنج سەد کتێبی تازەی بۆ دەهات و کتێبخانەکە دەوڵەمەندترین کتێبخانەی کوردستان بوو.

**رامـــان:** هۆیەکی دیکە بەلاتەوە ئەوە نییە کە ڕێژەی کادیرە لاوازەکان ژمارەیان لە مامۆستا خاوەن کەسایەتی و پسپۆڕەکان زۆرترە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ بەڵێ باشەکان هەر محازەرەیان نادەنێ.

**رامـــان:** ئەی کێشەی زانیاری و مەنهەج، کە نوێ نەکراوەتەوە وەک خۆیان ماون؟

**د. ئیحسان فوئاد:** مەنهەج سنووردار نییە، کێشەکە لە مامۆستاکەدایە. لەوانەیە لە بەشی کوردی هەبن کە ئیزافاتیان هەیە و ئاستی خراپیان نییە، بەڵام زۆربەیان بێ مستەوان. لەوانەیە لێشم عاجز بن، بەڵام باوەڕ بکە لەلای من ئیمتیحان بدەن دەرناچن. چونکە هیچ ناخوێننەوە و موتابەعەیان نییە.

**رامـــان:** شتێکی دیکە کە گرینگە، ئەویش بۆ تەرقیە نووسینە، ئەمەیان چۆنە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئەمەش جۆرێک واستەی تێدایە.

**رامـــان:** ئەی پێت وانییە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خزمەتی زانکۆکەمان بکەین دەبێ لیژنەیەکی کارا بێن و بەو هەموو دکتۆرا و ماجیستێرەدا بێنەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ، بەڕاستی گەندەڵی زانکۆکانی ئیفلیج کردووە.

**رامان:** لە زانکۆدا چەند مامۆستایەکی لێ دەرکەی کە بەشداربوونیان لە بواری نووسین و بیروڕا دەربڕین و مێزگردەکان هەیە، مامۆستاکانی تر نابینین لەناوەندی ئەو هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا بێن و خەڵک تەنویر بکەن، کە پێویست بوو تەنانەت تەنویری سیاسییەکانیش بکەن؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەداخەوە بەشێکی زۆری مامۆستایانی زانکۆ فەرمانبەرن، وەک فەرمانبەری هەر دائیرەیەک هیچ هێزی داهێنانیان تێدا نییە، دیارە کۆمەڵێک هەوڵ دراوە بۆ گۆڕان. من لەو بڕوایەدام

مومکین نییە هەروا بڕوا و ئەو شتانە هەموویان دەگۆڕێن. لەبیرمە پێرار یادی هەڵەبجە بوو، دەچووم دەرسم لە کوللیەی زمان هەبوو کە تێپەڕیم لەبەردەم شوورەکەدا باخچەیەک هەیە، قەڵەباڵغییەکم بینی پرسیم چییە؟ گوتیان مامۆستا یادی هەڵەبجەیە، گوتم ئەی مامۆستاکان لەکوێن؟ گوتیان دەعوەتمان کردوون نەهاتوون. گوتم یانی لە بیست و هەشت مامۆستا بڵێی دوو مامۆستای تێدا نەبێ بۆ بۆنەیەکی وا بێت، گوتیان بەڵێ دەڵێن تاقەتی شتی ئاوامان نییە. کە ئەوەم بینی بەڕاستی زۆرم پێ ناخۆش بوو، گوتم یەک دەقە و دێمەوە، چوومە ژوورێ جانتاکەم داناو هاتم تا کۆتاییەکەی دانیشتم، ئیتر زۆریان پێ خۆش بوو، بۆ سبەینێ گوتیان دەچینە هەڵەبجە، گوتم لەگەڵتاندا دێم. چووینە هەڵەبجە بەمامۆستایەکان دەڵێم ئێوە بۆچی ناچن؟ دەڵێن کوڕە ئەوە سیاسەتە وازی لێ بێنە. بابە من وەک سیاسەت باسی ناکەم، ئەمە کارەساتێکە لە نەتەوەی کورد قەوماوە، ئێوە دەبێ بەشداری تێدا بکەن، ئەوان وادەزانن بچن تووشی کێشەیەک دەبن یان لەوانەیە حزبێک لێیان عاجز بێ.

**رامان:** کە وەزعی کادیری تەدریسی و مامۆستای زانکۆ وابێت، خۆی باش نەخوێنێتەوە و بەدوای سەرچاوەی نوێدا نەگەڕێ و خەمی نوێ بوونەوەی نەبێ، پێم وانییە بتوانێ کاریگەریی بەسەر ئەو قوتابیانەشەوە هەبێ کە لە زانکۆ دەردەچن.

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ حەماسەتیان نییە..

**رامان:** حەماسیان نابێ. تۆ سەیر دەکەی کاتی خۆی دوو دکتۆری وەکو عەلی وەردی و عەلی جەواد ئەلتاهیر هەر بۆ نموونە کە لە سۆربۆن دێنەوە، هەرچی ڕۆشنبیری عیراق هەیە دەڵێن ئێمە قەرزداری ئەو دوانەین.

ئێستا با بچینە سەر تەوەرێکی دیکە کە بەلامەوە گرینگە باسی لێبکەین ئەویش تەوەری وەرگێڕانە، دیارە وەرگێڕان تا ئێستا قسەی زۆری لەسەر کراوە و ئێوەش وەک کەسێک کە خەریکی کاری وەرگێڕان بوون، زۆرجار وەرگێڕانی تۆم بەرچاوکەوتووە، هەندێ جار شیعری گۆرانت کردووە بە عەرەبی، بەرهەمی ترت کردووە بەکوردی، دەمانەوێ بزانین ئەو کەموکوڕیانەی ڕووبەڕووی وەرگێڕان بووەتەوە چین؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئەو شتانەی من کردوومە زۆر دیاری کراون و زۆرتر پارچە شیعرێک، پەخشانێکم کردووە یانی چەند شتێکە، بەڵام کە ئێمە وەرگێڕانمان دەوێ بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کولتووری کوردی، کارە جیهانییەکانمان دەوێ، ڕۆمانە گەورەکان، کتێبی کۆمەڵناسی، فەلسەفە، بە ڕاستی ئەوەی سەرنج بداتە زمانی وەرگێڕان و بەو شێوەیەی لای ئێمە وەری دەگێڕن کارەساتێکە نەوعی نەبێ، ناڵێم شیعر، شیعر لەوانەیە تاک و تەرا خەڵک بیکات، چونکە شتێکی کورتە دە دێڕ یان دوازدە دێڕێکە، کەمتر هەڵەی تێدا دەکرێ، بەڵام کە دێیتە سەر وەرگێڕان بەگشتی یەک زۆر زۆر کەمە، دووەم هەڵەی زۆر و بەتەحریفەوە دەبینرێ، لە هەمووی زەحمەتر ئەوەیە کە ئێمە زمانی وەرگێڕانمان نییە، زاراوەمان نییە، ئێستە تۆ بڕۆ هەموو بەرهەمی فارسی بگرە بزانە چۆن زاراوەکانیان و زمانیان یەکە. لای ئێمە زمانەکە نییە.

**رامان:** ئەم ئەرکە زۆرتر بە ئەرکی کێ دەزانی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** من لەو بڕوایە دام کە ئێستا وەختی ئەوە هاتووە، بە تایبەتی کە لەم بوارەدا زۆر دواکەوتووین دەزگایەکی تایبەت دروست بێ وەک (خانەی وەرگێڕان- بیت المترجمین)، ئیتر هەر ناوێکی هەبێ، تاقمێکی باشی تێدا بێ سەروکاری بکەن، هەر کات بەرهەمێک وەردەگێردرێت، دەبێ تا ئەوان پەسندی نەکەن چاپ نەکرێت.

**رامان:** تۆ لەوەتەی خەریکی خوێندنەوەی تا ئەمڕۆ، ئەوانەی کە بە دەستپاکیان دەزانی لە بواری وەرگێڕان و بەرهەمەکانیان جێی خۆی کردۆتەوە و بە دڵت بن کێن؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ڕەنگبێ من غەدر لە بەعزێک کەس بکەم و ناویان نەهێنم، بەڵام من هەژار بە یەکێک لەوانە دەزانم. شوکور مستەفا و جەمال نەبەز تەرجومەیان جوانە، د. مارف خەزنەدار بڕێک کتێبی لە ڕووسییەوە کردۆتە عەرەبی ئەوانیش باشە، کتێبەکەی گۆران-یش باشە.

**رامان:** بەو بۆنەیەوە حەز دەکەین بزانین کەی بوو گۆرانت ناسی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دەزانی من کەنگێ لەگەڵ گۆران بووم، من یەکەم ناسیاوەتیم لەگەڵ گۆران ساڵی پەنجاو پێنج بوو، ئێمە و کۆمەڵێک لاوی کورد کە زۆر موعجەب بووین پێی، تکامان لەحزبی شیوعی کرد گوتمان دەمانەوێ بە هەر نەوعێک بێ ببینین. لە چایخانەی شارەوانی شوێنیان بۆ داناین، ساڵێک بوو تۆزێک دیموکراسی هەبوو، کابرایەک هات زۆر لاواز، جلێکی متەوازیع تەنانەت بۆینباخی نەبەستبوو. ئەوە عەبدوڵڵا گۆران بوو. کە لەگەڵی دانیشتین، پاش ئەوە کۆمەڵێک

ڕووداو هاتنە پێش، نەمبینییەوە. کە شۆڕش ڕوویدا لەگەڵ تێکۆشەرەکانی کورد و عەرەب ئازاد کرا. لەپاش ماوەیەک لە گرتووخانەی بەعقووبە بوو کە هاتەوە ئیتر من بوارم نەدا کوللی حەفتەیەک چوارجار دەچووم بۆ لای. بوو بە نەوعە ناسیاوەتیەک لەنێوانماندا. گۆران کە شتی تەرجومە دەکرد تامولەزەتەکەی پێی دەداوە، هاوکات بەشێوەیەکی زۆر ورد تەرجومەی دەکرد، لەبەر ئەوە دەڵێم بریا سەدی وەکو گۆرانمان هەبوایە. دێتەوە بیرم کە نەخۆش بوو لە خەستەخانەی کرملین ساڵی شەست و دوو چوومە لای کە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد ئینگلیزییەکەی گۆران لاواز بوو، بەڵام دەرجەی ئیستیعابی لە نووسیندا شتێکی گەورە بوو.

**ڕامان:** بەڕای تۆ بێجگە لەوەی فەرمووت بە لیژنە کاری وەرگێڕان بکرێت، ئەی چی وەربگێڕین؟

**د. ئیحسان فوئاد:** تۆ بڵێ چی وەرنەگێڕین. بۆ چیمان هەیە؟ جاری هەرچی کارەکانی فەیلەسووفی یۆنانییە دەبێ وەربگێڕدرێن، ئێمە تەنانەت ئەوانەشمان نییە، کاری جیهانی هەیە لەسەر مێژوو، لەسەر مێژووی کۆن، لەسەر مێژووی کورد ئەوانە هیچی نەکراون بە کوردی.

**ڕامان:** یانی بەلانی کەمەوە بتوانین جاری ئەو کتێبانەی لەسەر کورد نووسراون وەربگێڕین؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ ئەوەی دەربارەی کوردە، ئەوەی کاری جیهانییە، واتە ئەگەر هەزار وەرگێڕ دانیشن هەموو ڕۆژێک خەریکی وەرگێڕان بن، بە دە ساڵ ئێمە ئەو بۆشاییەمان بۆ پڕ نابێتەوە، چونکە هیچمان نییە، ئەوەی هەمانە زۆر کەمە، جەمال نەبەز لە پەنجاکاندا پاڵتۆی گۆگول و گەرداوەکەی شکسپیری کرد. هەژار تاقمێک کاری وەرگێڕا، شوکور مستەفا کۆمەڵێک تەرجومەی لە تورکی و عەرەبییەوە کرد. مەلا جەمیل ڕۆژبەیانیش خواعافووی کا وەرگێڕێکی باش بوو، ئەوەی عەبدوڵڵا گۆرانیش هەیە، ئیدی تەرجومەی دیکەمان نییە.

**ڕامان:** دەوری کۆڕی زانیاری کورد چۆن تێدەگەی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بێگومان ئێمە وەختی خۆی دامەزراندنی کۆڕی زانیاریمان بە هەنگاوێکی باش دانا، بەڵام دوایی ئەویش بەهۆی کێنە و ناکۆکی نێوان بەعزێک لە ئەندامان ئەو دەورەی پێویست بوو نەیبینی، ئەمڕۆکەش موجەمەدە، نازانم چەند فەرمانبەرێکیان تێدا داناوە.. ساڵی شەست و هەشت و شەست و نۆ کە حکومەت تۆزێک لەسەر کورد کرابۆوە، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری داناو ئێزگە کوردی دەست پێکرد، ئەوکات لەلایەن سەرکردایەتی پارتییەوە لیستەیەکی هەشتاونۆ کەسی کە هەموویان پسپۆری زمان بوون بۆ دامەزراندنی کۆڕی زانیاری پێشکەش کرا، ئێستا کەسی وای تێدا نییە، تاقمێکی مەحدوودیان داناوە، ئەوە چۆن وادەبێ؟ ئەوکات کە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار مۆر کرا لەسەرەوە هاتن هەژار و مامۆستا فەریدوون عەلی ئەمین و ئەمانە هاتنە بەغدا بۆ کۆبوونەوەکە هەڵبژاردنێکمان کرد بۆ ئەوەی لیژنەیەک دابنێین، ئەوان چەند ساڵێک لە بەغدا ئیشێکی خراپیان نەکرد، ئەو دەزگا گەورەیەیان بۆ دانا ،گۆڤارەکەیان دەرکرد، کتێبخانەیەکی باشیان دانا، بەڵام کە ئەم ڕووداوە ڕوویداو عیراق ئەمەی بەسەر هات، لە هەولێر ئەو دەزگایەی دایان ناوە ئەو هێزەی نەبوو و نەشی توانی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، تائێستا پێوەندیشی بەخەڵکەوە نەکردووە.

**ڕامان:** کێشەیەکی دیکە هەیە لە وەرگێڕاندا ئەویش هەڵبژاردنە، جاری وایە وەرگێڕ فەرەنسی زانە، یان ئینگلیزی زانە، بابەت وەردەگێڕێ، بەڵام مەفهووم نییە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئێمە هێشتا زمان و ئوسلووبی وەرگێڕانمان نییە، ئەوە جیاوازی نێوان شارستانییەتی نەتەوەکان ڕوون دەکاتەوە. عەرەب کە شتێک وەردەگێڕێ مەفهوومە، فارس کە دەیکات مەفهوومە، ئەوەی ئێمە مەفهووم نییە، چونکە ئەو کەسەی تەرجومە دەکا نەزاراوەکان دەزانێ، نە دەزانێ ڕستەکان چۆن دابڕێژێ، خۆ لە وەرگێڕاندا هەر زاراوە گرینگ نییە، داڕشتنی ڕستەش زۆر گرینگە.

**ڕامان:** ئەی نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی چۆن دەبینی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڕاستی لەم دە ساڵەی دواییدا لە بواری فەرهەنگ نووسیندا هەنگاوی باشمان ناوە، دوایین کار ئەوەی دوکتۆر محەمەد ڕەشید قەرەداخی-یە کە لە ئەمریکا چاپی کردووە و بۆی ناردووم، بەڵام بە داخەوە بەهۆی نەخۆشی نەمتوانیوە سەیری بکەم، ئەوە کارێکی گەورەیە لە بواری ئینگلیزی - کوردیدا، هەروەها فەرهەنگی شارەزوور ئەوەی دکتۆر شەفیق قەزاز ئەوەش کارێکی زۆر باشە. بە کورتی ئێمە لەو بوارەدا بەرەو پێشەوە دەڕۆین و لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دواییدا ئەگەر بارودۆخەکە سەقامگیر بێ، ئەوە زاراوەی کوردی زۆر دەچەسپێن.

**ڕامان:** مانای وایە ئێمە زۆر هەوڵ و تەقەللامان بە

فێرۆ ڕۆیشتووە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ، لەوڵاتانی تر کتێبەکە هێشتا لە ئەڵمانیا یان لە ئینگلتەرا یان لە هەر وڵاتێکی دیکە ڕەشنووسە، ڕەشنووسەکە نێردراوە لە تاران دەکرێت بە فارسی، کە ئەو دەردەچێ، ئەمیش لەوێ دەردەچێ، بەڵام چۆن وەرگێڕانێک، وەرگێڕانی دەرەجە یەک. لای ئێمە لە پاش شەش مانگ ئەگەر بگات یان نەگات ئەویش ئەگەر قەزاو قەدەر وەرمان گێڕا، ئەوە وەرگێڕانێکی شێواو و سەقەت دەکرێ.

**رامان:** مەبەستم لە هەڵبژاردن ئەوەیە چی هەڵبژێرین، جەنابت گوتت هەموو شتێک، بەڵام تەرکیز لەسەر چ قۆناغێک بکرێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** هەوڵ جار تەرکیز لەسەر ئەو شتانە بکەین کە لە هەموو بوارەکاندا لەسەر کورد نووسراون، پاشان بێین بۆ وێنە لە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی و فەلسەفە وەرگێڕین، کە دێیتە سەر چیرۆکنووسێن هونەری چیرۆک لای کەسانێکی وەک دەستۆیڤسکی زۆر گەورەیە، ئەو بۆشاییانە پڕ بکەینەوە، چونکە نەوەی نوێ لەو شتانە تێناگات.

**رامان:** هەندێک لەو گرفتانەی بواری وەرگێڕان چین؟

**د. ئیحسان فوئاد:** هەڵبژاردنی کتێب بە ڕێکەوتە، لیژنەیەک نییە پێداویستییەکانی وەرگێڕانی کتێبەکان دیاری بکات، دووەم وەکو گوتم گرفتەکە هەر زاراوە نییە، بەڵکو ڕستەسازیشە، ڕستەکان زۆر خراپ دادەڕێژرێن، لە ڕستەی نووسەر ناچن، تۆ ئەو سەرو ئەوسەر دەکەی، نازانی دەڵێ چی.

**رامان:** ئەی تێنەگەیشتن لەتایبەتمەندیی زمان؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بۆ وێنە وەرگێڕێک کە زمانە ئەسڵییەکە نازانێ دەکەوێتە هەڵەی زۆر زەقەوە، ئەو شتێک دەڵێ ئەو شتێکی تر دەنووسێ.

**رامان:** بێجگە لەوە هەڵپە هەڵپیش زۆرە بۆ ناو دەرکردن، ئێستاش وەرگێڕان بۆتە جۆرێک لەبازرگانی کردن و پارە پەیداکردن، لەبەرئەوە بەشێکی زۆری نووسەران بە تەکلیف وەردەگێڕن، ئەمەش حیسابی لاپەڕەی بۆ دەکرێ و بۆ ئەو مەبەستە پارەی باش تەرخان دەکرێ، بۆیە لەو پەلە پەلییەدا وەرگێڕ تووشی هەڵەی گەورە و زەق دەبێتەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بۆ نموونە دێتەوە بیرم هەڵەی وایی تێدا دەکرێت، لە ئینگلیزییەوە شتی وەرگێڕاوە و هاتووە (سێکشن) کە لە عەرەبیدا بە (قسم) تەرجوومە دەکرێت، ئەو چووە بە (قەسەم)، واتە (سوێند) تەرجوومەی کردووە، چونکە ئینگلیزییەکەی تەواو نییە، ئەی بابە تۆ نابینی ئەمە سوێند نییە؟ باشە ئەوە کەی پێوەندی بەدەقەکەوە هەیە؟

**رامان:** دکتۆر ئەگەر قسەیەکی دیکەت نەمابێ لەسەر وەرگێڕان، دەچینە سەر تەوەرەیەکی تر کە بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆشنبیری تۆیە و پێوەندی بە ڕۆژنامەوانییەوە هەیە، هەر لە (بڵێسە) و (ڕۆژی نوێ)وە تا دەگاتە (ڕۆشنبیری نوێ) و ئەو بڵاوکراوانەی تر کە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گرینگن؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دیارە وەرگێڕان زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام سەبارەت بەو تەوەرەیە من لە شەشی سەرەتاییەوە لەگەڵ تاقمێک بڵاوکراوەی دیوارمان دەردەکرد، من لەوساوە ئەو مەراقەم هەیە. دێتەوە بیرم برادەرێکی خۆشەویستم هەیە لە ساڵی ١٩٥٣ ناوی نەجمەدین حەسەن قەرەداغی-یە، دەرچووی بەشی کۆمەڵناسییە، بڵاوکراوەیەکم ڕێکخست و بۆم نارد حکومەت گرتبووی. ئەو فەقیرە لەسەر ئەوە تووشی فەرتەنە ببوو، بە هەزار شەڕەشەق تا ڕزگاری ببوو. هەر لەو تەمەنەوە زۆر حەزم لە ڕۆژنامەنووسییە. دیارە هەروەک گوتم یەکەم ئەزموونم لە (بڵێسە) و پاشان (ڕۆژی نوێ) دابوو، دوایی لە ئەورووپا (پرشنگ) من بەرپرسی بووم، پرشنگ ژمارەکانی ئەوە بە تەمان چاپی بکەنەوە. ئنجا نۆرە دێتە سەر (ئەستێرە) و (ڕۆژی نوێ) و (بەیان)، یانی هەر مەراقێکی تایبەتیم بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی هەبووەو هەیە.

**رامان:** ئەوە لەچییەوە هات؟ هەر لەو بڵاوکراوەی دیوارەوە بوو یان چۆن بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نەخێر من هەروەک پێشتر عەرزم کردن لە منداڵییەوە زۆرمان گۆڤار و ڕۆژنامە بۆ دەهات وەکو (گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و نزار و...) حەزم دەکرد لاسایی ئەمانە بکەمەوە، ئەوە لەوەوەیە.

**رامان:** باسی تەجروبەی خۆتمان بۆ بکە لە (بڵێسە) و (ڕۆژی نوێ)؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بڵێسە هی نەقابەی مامۆستایان بوو، ئەویش بەسەر دوو حزبەوە کەرت ببوو، شیوعی و پارتی، موجامەلەی شتی یەکترمان دەکرد و هەر کەس و شتی ئەوی تری بڵاودەکردەوە، بەڵام ئازادی ڕەهای تێدا نەبوو.

ڕۆژی نوێ کوردایەتییەکی فراوانی دەکرد، کوردایەتی

تەنگەبەر نا کـــوردایەتی فـــراوان. لە پاش ئەوە ئەو گۆڤارانەی کە دەرچوون وەک ڕۆژی کوردستان، ئاستێکی باشی هەبوو شتەکان بۆ عەرەبیش وەدەگێڕدران، بەڵام گەورەترین سەرکەوتن بۆ من لە ڕۆشنبیری نوێ-دا بوو، چونکە بە تەواوی دەرگاکانی بۆ هەموو بیروباوەڕێک واڵابوو، بە شـــەرتێ تۆزێک بەهرەی هەبوایە بۆمـــان بڵاودەکردەوە.

**ڕامـــان:** بە تایبەتی وەک ئاگادارم زۆرتان بۆ لاوەکان بڵاودەکردەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ بۆ لاوەکان، ئەوە لای من گەورەترین ئەزموونە، چونکە زۆر دیموکراسییانە هەڵسووکەوتمان دەکرد، تەنانەت لەبیرمە کوڕێک ڕەخنەیەکی توندی لەمن گرتبوو، من ئەوەم کرد بە وتاری دەستپێک. ئیتر خەڵکەکە ئەمەیان پێ خۆشە، لە کاتێکدا خەڵکانێک گۆڤارێکیان هەیە یەک وشە دژی بنووسی دەبێ بەدوژمن.

**ڕامـــــــان:** ئەی سەبارەت بە دەرکردنی گۆڤاری (ئەستێرە)ی منداڵان چۆن ئەزموونێک بوو بۆ ئێوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** ئەستێرە زۆری ئەزیەت دام، چونکە پاش نسکۆی شۆڕش کە خەڵک گەڕانەوە تووشی ئەو بێ هیواییە گەورەیە ببوون، ئەوکات دەمەویست ئیشێک بکەم ڕۆشنبیرەکان برێک لەو نائومێدییە دەربهێنم. (ڕۆشنبیری نوێ) دەمێک بوو ئیزنی دەرچوونی درابوو، منیش نامەیەکم بۆ تاریق عەزیز نووسی و مۆڵەتی دەرچوونم وەرگـــرت، بەڵام تووشی هەڵەیەکی زەقی سیاسی بووم، کاتێ بە مانشێتێکی گەورە نووسیم (کەرکووک دڵە گەرمەکەی کوردستان). دیارە ئەو قسەیە بۆ ئەو ڕۆژە نەدەبوو بکرێ. ئەوان هەر بەمە شێت بوون. گوتیان ئێمە مەلا مستەفا بەسەدو پەنجا هەزار کەسەوە کەرکووکمان نەدایە، ئێستا موزەفێکی خۆمان کە بە خۆمان دامان مەزراندووە دەیەوێ کەرکووکمان لێ بسێنێ! یەکسەر دائیرەکەیان داخست و هەموو شتێکیان تاڵان کرد و منیشیان برد بۆ ئەمن. هەڵەکە گەورە بوو، هەڵەکە چی بوو؟ من کە خەڵکم دەبینی ئەوەندە بێ هیوا بووە، دەمزانی شکستەکە زۆر گەورە بوو، قەت کورد هێندە بەتوانا نەبوو، بەڵام دیسان ئەمە مانای کۆتایی بزووتنەوەی سیاسیی کورد نییە، چونکە ئەگەر وا بوایە نەتەوەکان هەموویان کۆتاییان پێ دەهات.

مەبەستم ئەوە بوو شتێک بنووسم بڵێم بابە ڕاستە ئەم جارە تووشی ئەو نسکۆیە بووین، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە بزووتنەوەی کورد کۆتایی هاتووەو تەواو بووە، میللەتی کورد هەر زیندووە، ئەم کارە تەوقیتی وەختەکەی زۆر هەڵە بوو، هەروەها بۆ لایەنی زەرەر کە لە خەڵکم دا زۆر غەڵەت بوو. جۆری نووسینی وتارەکەش دیسان زۆر هەڵە بوو.

منیان بردە ئەمن، بەڵام بڕوات بێ بە ئەوپەڕی ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵم کرد و هیچ ئەزیەتیان نەدام. پرسیارەکانی خۆیان دەکرد و گوتیان وەڵامی بدەرەوە. پرسیارەکان ئەمانە بوون، دەڵێ تۆ وتووتە کەرکووک هی کوردە، ئەمە لەسەر چ ئەساسێکە و ئەم قسەیەت لەکوێ هێناوە؟ منیش گوتم من کە دەڵێم کەرکووک هی کوردە، یانی بەشێکە لە کوردستان و کوردستانیش بەشێکە لە عیراق. وتیان کی بەرپرسە لەم وتارانە؟

وتم من بەرپرسم. وتیان بۆچی تۆ ویستووتە نێوان سۆڤیەت و عیراق تێک بدەی؟ وتم من ئەوەم نەویستووە. گۆڤارەکە شتێکی تێدابوو پێوەندی بەلینینەوە هەیە، لینین ئەو قەسەیەی کردووە خۆ من بۆم دروست نەکردووە، بەکەفالەت بەڕەڵلایان کردم. ئیتر لەماڵەوە بووم نەمدەتوانی بێمەدەرێ. جا تۆ باسی ئەستێرەت کرد لەو سەردەمەدا کە ئێمە ئەستێرەمان دەرکرد دەمویست خەڵکەکە دڵی خۆش بێت، لەو لایەنەوەش سەرکەوتنم بەدەست هێنا، بەڵام ئەو هەڵە گەورەیەمان کرد. سەدام حوسێن بە تاریق عەزیزی وتبوو تۆ چۆن گۆڤاری منداڵان دەردەکەی؟ وتبووی ئەوە پەروەردە کردنی وەچەیەکی نوێیە. دووەم ئەوەتا ڕێگات داوە شتی ئاوا دەنووسێ. ئێمە هەموومان زۆر بە بایەخدانەوە ئیشمان دەکرد، خاوەن چاپخانەکە ناوی کەنعان بوو ئیشیان زۆر جوان بوو، گۆڤارێکی منداڵانەی ڕەنگاوڕەنگی بۆمان چاپ کردبوو لەناو چاپەمەنییەکانی ئیعلامدا شاز بوو، تەنانەت لە ئەمن لێیان پرسیم ئەمە لە عیراق چاپ کراوە یان لەدەرەوە؟ هەر ئەوەندە بوو، ئیتر ئەوە بوو ژمارە یەک و ژمارەی دواتری دەستی بەسەرداگیرا.

گۆڤارەکە ڕاگیراو منیان لەوێ لابرد، بەڵام ئەو هەڵەیە لە داخی وەزعەکە بوو، هەرچەندە قازانجیشی هەبوو، بۆ وێنە (حەمە ساڵح دیلان) دەیگوت بەشەرەفم تووشی نائومێدییەک ببووم وەخت بوو خۆم بکوژم، کە ئەوەم خوێندەوە گوتم: نا شوکور هێشتا هیوایەکمان تێدا ماوە. ئەو، وتارەکەی لەبەرکردبوو.

**ڕامان:** ئەی بیرۆکەی دەرچوونی (ڕۆشنبیری نوێ) چۆن

بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** من چووم بۆ لای دکتۆر مارف خەزنەدار کە تازە لە سۆڤیەت گەڕابۆوە، پێم وت دکتۆر مارف ئێمە ئەدەب و هونەرمان هەیە و لەو بوارەدا هەست بە بۆشاییەکی گەورەش دەکەم، با هەوڵ بدەین گۆڤارێک دەربکەین. ئەوەبوو کابرای سامەڕائی وەزیر بوو داوایەکمان پێشکەش کرد، ڕەزامەندییان لەسەردا، ئەوکاتە لە سێ شوێنەوە باسی ئەو هەواڵەیان کردبوو، ئەم هەمسوو هەواڵە بڵاوکرابۆوە، کەچی دوایی لە ڕەزامەندییەکەیان پەشیمان بوونەوە. جا فکرەکە زۆر کۆنە ئەوە کەنگێیە ١٩٦٨ و ١٩٦٩یە، بەڵام دوایی ئیتر بیرۆکەکە تەکمیل بوو، خۆشم بەڕێوەبەری گشتی بووم، پێشکەشی حامد ئەلجبوری-م کرد، وتمان وەکو ڕۆژنامەیەک ناو بەناو دەردەچێ و دەوریبیە. وردە وردە لەوەوە بوو بە گۆڤار.

**ڕامان:** خۆی بڵاوکراوەیەکی دە ڕۆژی بوو.

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ وابوو... ئێمە بەتەمای ئەوە نەبووین، بەڵام وەزارەتی ئیعلام خۆی فەرزی کرد.

**ڕامان:** هەر لەوکاتەدا کتێبی گرینگیشتان چاپ کرد؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ لەو ماوە کەمەدا کتێبەکەی گۆرانمان چاپ کردەوە، دیوانی قانیعمان چاپ کرد و من ئەوانەم بەبێ ڕەقابە دەردەکرد و مۆری ڕۆشنبیری نوێ-م لێ دەدان، بەداخەوە ئیدی نەیان هێشت، دەنا دامان نابوو ٥٠ کتێب یەک لەیەکی باشتر چاپ بکەین.

**ڕامان:** کتێبەکەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف-یش قەدەغە کرا، کە بەشی دووەمی (الدولة الدوستكية) بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ.. کتێبێکی چاک بوو، بەڵام چەند دانەیەکی لێ ڕزگار کرا.

**ڕامان:** چەند دانەیەکی بەدەست کەوتووە و لەم دواییانە جارێکی تر سەرلەنوێ چاپی کردەوە.

**ڕامان:** بەڕای ئێوە ئێستا لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا دابونەریت دروست بووە، یان چۆنی دەبینی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دەزانی چییە؟ ئێمە بە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێدەپەڕین، دابونەریت لای ئێمە هێشتا دروست نەبووە، ئەمە کاتی زۆرتری دەوێ، بەڵام تێکڕا سەیر بکەی ڕەخنەی مەوزووعی دەبینی، خەڵکی وا دەبینی لەناو ڕۆژنامەگەریدا کار دەکات دڵسۆزە، بەڵام بڵێی دابونەریت دروست بووە بە تایبەتی لەناو گەنجەکاندا ئەوە نییە. لەناو گەنجەکاندا خۆ پەرستن و خۆ دەرخستن زۆرە، سەبری نییە. ئەو نازانێ عەلائەدین سەجادی شەوی خستۆتە سەر ڕۆژ بە دیار مۆمەوە و لە پاش چەندان ساڵ ئینجا ناوبانگێکی پەیدا کردووە، ئەو دەیەوێ ئەو دەقەیەی نووسی ببێ بە ڕۆژنامەنووسی یەکەم، بۆ ئەوەی ئەوە بەدی بێنی لەخۆوە دەچێ بوختان بە یەکێکی دیکە دەکات.

**ڕامان:** زەقترین دیاردەی سەلبی لەناو ڕۆژنامەگەری کوردی بێجگە لەوەی باست کرد دیاردەی دیکە چییە کە بەرچاوت کەوتبێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** یەکێک لەوانە زمانە، کە زمانی ڕۆژنامەگەریمان نییە، ناشڵێم خراپە تاقمێکی باش هەن زمانەکەیان باشە، تەکنیکی ڕۆژنامەوانیمان هێشتا نییە وەکو ئەوەی ناونیشانی زل و ناونیشانی لاوەکی، چونکە وەکو زانستێک نەخوێندراوە. تێکڕا دەتوانم بڵێم بەپێی بارودۆخ و ئەو ڕابردووە خراپ و تاریکەی تێیدا بووە، باشە و خراپ نییە.

**ڕامان:** تۆ لە دوو ماوەی جیاوازدا لە ڕۆژنامەگەریدا ئیشت کردووە لە (بڵێسە) و (ڕۆژی نوێ) لە شەستەکان و پاشان لەناوەڕاستی حەفتاکان لە (ڕۆشنبیری نوێ) و (ئەستێرەی منداڵان) و ئەمانە، ئەو دوو ماوەیە لە کارکردندا جیاوازییەکانیان چی بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** دیارە (ڕۆشنبیری نوێ) و (ئەستێرە) لەسەردەمێکی وا دەرچوون کە سەربەستی زۆرتر هەبوو، لەپێش ئەوە زۆر بەترس و پارێزەوە دەمان نووسی و نەماندەوێرا هەموو شتێک بنووسین، دەتوانم بڵێم تارادەیەک سەربەستییەکە زۆرتر بوو، جیاوازی گەورەی ئەو دوو قۆناغە لەوەدایە.

**ڕامان:** ئەی وەکو کادیر، ئەو زەمانە کادیری ڕۆژنامەوانی کەم نەبوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ ئێمە کادیرمان هەر نەبوو لە ڕۆژنامەدا بنووسێ، هەبوو بەڵام لاواز بوو، بێ گومان لە زەمانی تازەدا کادیرمان زۆر زۆرتر بوو.

**ڕامان:** تۆ بیرەوەریت لەگەڵ شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی کورد زۆرە، پێمان خۆشە چەند دانەیەکی هەڵبژێری و بۆمانی بگێڕیتەوە.. سەرەتا با لە مامۆستا گۆرانەوە، دەست پێی دەکەین، ئەگەرچی لە سەرەتاوە نەختێک باستان لێوەکرد؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ گۆران ئەوەبوو کە لە بەندیخانەی بەعقووبە بەڕەڵڵایان کرد، ئێمە لە چاپخانەی بەلەدییە چاوەڕوانیمان کرد و زۆر مەتەوازیع هاتە پێش

چاومـان، دواتر پێـوەندییـەکە دروست بوو. جـارێکی تر گیـرایەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەممووز کە هاتـەوە ئیـتر هەمـوو سلێـمـانی بە پیـرییـەوە چوون. لە مـەڵکەندی مـاڵێکی متەوازیعی هەبوو. من ماڵەکەیم دۆزییەوە، جاروباریش کاک هەردی-م دەبینی، بەڵام من زۆرتر بە تەنیا دەچووم بۆ لای گـۆران. بەعـەزێک شـتـم لێ داوا دەکـرد، یان هەندێک ڕوونکردنەوە لەبارەی شیعرەکانی خۆیەوە، ئەوە بوو ئەو مـاوەیە هەر بە یەکـەوە بووین. مـن زۆر زۆرم پێ خۆش بوو کە چووینە یەکـێـتی سۆڤیـەت، ئەو کـە هاتە ئەوێ زۆر بەزەحـــمــــەت دۆزیمانەوە، چونکـە ئەو لە خەسـتـەخـانەیەک دانرابوو ڕێگەیان نەدەدا هەمـوو کـەس بچێ بۆ لای، ئەوەبوو وەک وتم کـە چووینە لای چیـرۆکی ئەمـریکی بە ئینگلیـزی دەخـوێندەوە کـە ئەوەش دەلیـلی ئاستی ئەو لەو زمانە نیشان دەدات، قسەیەکی خۆشیشی کـردو وتی بەخـوا وا دیارە ئێـوە نوقـورچی باشـتـان لەو ئافرەتانە گرتووە (مەبەستی سستەرەکان بوو)، بۆیە هەر باسیـان دەکـەن. وتم دەی تۆ هەمـوو دیوانەکـەت باسی ئافـرەتە قـەی چی ئەکـا؟ زۆر حـەزی لە قسـەی خـۆش و سوعبـەت کردن بوو، زۆر مـردنی بەشـتـێکی سروشـتی وەرگرتبوو.

**ڕامان:** لەکاتێکدا دەشی زانی دەمرێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ وتی من چاک نابمەوە، بەڵام خەفەت ناخۆم، چونکە من عومری خۆم بینیوە.

**ڕامان:** ئەی مامۆستا ئەحمەد هەردی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بێگومـان من مـامـۆستا هەردی-م لەماوەیەکی درەنگتر ناسی، بەتایبەتی ئەو ماوەیە ناسیم کـە لە دەرەوەی وڵات گـەڕامـەوە و هاتمەوە ئێـرە و بـوومـە مـامـۆسـتـا لە زانکۆ، ئەوکـاتە زۆر هاتوچۆم دەکـرد، کـۆمـەڵێک پرسیـارم هەبوو لە بـارەی کـێشی عـەرووز و ئەمـانە، ڕەفـاقـەتێکی زۆرمـان بوو و باوکـیـشـمـی هەر دەناسی. جگە لەوە ئەحمەد هەردی لە بنەماڵەی بابانە و ئێمەش بابانین، دیارە لەگەڵ هەردی باسی ئەدەب زۆر بە فراوانتر دەکرا تا گۆران، چونکە ئەو ئسلووب و تاقـەتی هەبوو بۆ باس کـردنی ڕەخنە. زۆرجـار دادەنیـشـتین شتێکمان دەخوێندەوە و ڕەخنەمان لێدەگرت. لەکاتێکدا لەگەڵ مامۆستا گۆران زیاتر باسی وەرگێڕان و ئەدەبیاتی دەرەوەمان دەکرد. بەلای منەوە هەردی حەماسێکی زۆری دا بە خەڵک و دەورێکی گەورەی هەیە.

**ڕامـان:** کـاریگەریی ئەو دوو شـاعـیرە لەسەر خـۆت چەندەیە؟

**د. ئیحسـان فـوئاد:** هەردووکیـان کاریگەرییان لەسەرم بووە، دیارە دەمـویست لە بارەی سروشـتـەوە بە گـۆرانەوە مـوتەئەسـیـر بم، بەڵام دوایی بۆم دەرکـەوت لەو بوارەدا سەرکەوتوو نابم، بەڵام هەردی کە لە شیعردا ئەو هەموو حەماسەتەی هەیە ئەوە لەلای من ڕەنگی داوەتەوە.

**ڕامـان:** ئەی لەگـەڵ نووسـەرەکـان نێـوانت چۆن بوو، بەتایبەتی لەگەڵ مامۆستا شاکر فەتاح و شێخ محەمەدی خاڵ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** شاکر فەتاح و شێخ محەمەدی خاڵ وەک دوو نووسـەر هەردووکیـان ڕەفـیـقی باوکم بوون و لەمەوبەر کە شاکر فەتاح دەهاتە لای باوکم دەمناسی. کە لە بەغداش بووم هەچ کامێکیان بهاتنایە بەغدا سەریان لێ دەدام. شێخ محەمەدی خاڵ لە لیژنەی زاراوەکان لە ساڵی ١٩٥٩ دەورێکی گـرنگی هەبوو، خـۆشی فـەرز نەدەکـرد، زۆر دیموکـرات بوو، کـتـێب و دەسـتـنووس و سەرچاوەی زۆر چاکی لەلابوو، ئێـمـەش بەزانایەکی زۆر گەورەمان دادەناو ڕێزێکی تایبەتمان لێ دەگرت.

هەرچی شـاکـر فـەتاح-ە من زۆر حـەزم لەو پەخـشـانە هونەرییـانەی دەکرد کە نووسیبوونی. لە بەغدا من بووم بوومە هاندەری تا ڕۆژنامە دەستنووسەکانی لە کوردستان دەری کـردبوون، وەکـو ڕۆژنامـەی دیوار چاپیـان بکات، ئەوەبوو کەوتە چاپ کردنیان.

**ڕامان:** ڕۆژنامەی باسەڕەو خوڕماڵ و ...تاد؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامـان:** ئەی لە بارەی مـامـۆستـا عـەلائەدین سەجادی چیت لەلا بەجێ ماوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** من ساڵانێکی زۆر لەگەڵی بووم.

**ڕامـان:** وەک تۆ لێی تێگەیشـتبی عـەقڵی سیاسیـانە بوو، یان تەنیا ئەدەبی بوو؟

**د. ئیـحـسـان فـوئاد:** زۆرتـر ئـەدەبی بـوو، بـەڵام لـە سـیـاسـەتیش بەتاڵ نەبوو. بە درێژایی ئەو مـاوەیەی لەگەڵمان بوو مامۆستا عەلائەدین سەجادی هونەرەکەی لەوەدا بوو، کـابرایەک بوو زۆر قـەڵەمی بەپێـز بوو، زۆر زمانی پاک بوو.

**ڕامـان:** پێم چاکە ئەگەر قسـەیەکی تایبەتت لەسەر عەلائەدین سەجادی لەلا ماوە بیکەی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ مامۆستا عەلائەدین سەجادی تەبعـێکی فـریشـتـەیی و مـەلائیکی تێـدا هەبوو، هەر خـەریکی نووسین بـوو، قـەت لە ڕەخنە عـاجـز نەدەبوو، بەرهەمەکانیشی زۆر بەپێزن.

**رامان:** کەریم بەگی سەعید بەگی زانستی کە لە لایەک خزمەتانە و لەلایەکی ترەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری تەمسیل و سروود کۆکردنەوە و نووسین و هاندانی خەڵک هەبووە چی دەڵێن؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بێ گومان کەریم بەگ ئامۆزای باوکمە و لە شەڕی بەردەرکی سەرا دەورێکی گەورەی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی قۆناغێکی زۆر کەمی تەمەنی بڕیوە، بەڵام خەریکی ئەدەب بوو، لە گۆڤاری هیوا-شدا ئیشی دەکرد. هەرچەندە من کە دەچووم بۆ لای بەعزێک بەرهەم و شیعری خۆی بۆ دەخوێندمەوە. نزیکەی سەدنامە لەنێوان ئەو و باوکمدا هەیە کە هەمووی نامەی ئەدەبین.

**رامان:** ئەی بۆ بەرهەمەکانی بۆ بەچاپ ناگەیەنن؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەتەماین، چونکە کاغەزەکانی باوکم زۆر دوور و درێژ و ئەدەبین، پەرشوبڵاو و ونن، وردە وردە دەیان دۆزینەوە و چاپیان دەکەین.

**رامان:** بێجگە لەنامە، ئەی شیعرەکانی، بەرهەمەکانی دیکەی چی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** جوانترین شیعری ئەوەیە کە تووشی شکستێکی عاتیفی دەبێ (کێ تۆی ون کرد لێم) دەنا وەکی دیکە شیعری کەمترە، پەخشان نووسێکی چاکە، لەسەردەمی خۆیدا پێشکەوتوو بووە.

**رامان:** ئەی عەبدوڵڵا جەوهەرت دەناسی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** عەبدوڵڵا جەوهەرم لە ساڵی پەنجاو نۆ ناسی، ئەوسا زۆرتر خەریکی سیاسەت بووین، لە پاشانا کە ئەو شتانە هەمووی بەسەرچوون، بەعزێک بەرهەمی ئەدەبی هێنا، پەخشان و چیرۆک بوون من خوێندمنەوە. ئیتر بۆچی ئەوسا چاپ نەکرا نازانم؟

**رامان:** بیروڕای سیاسی و ئەدەبی، کاریگەریی کێی بەسەرەوە بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** وەک ئەدیب لەو بڕوایەدام زۆرتر لە گۆڤاری (هیلال) و ئەو شتانە سوودی وەردەگرت و دەیویست بە ڕۆحیەتێکی تازەوە بنووسێ. وەکو بیروڕای سیاسیش عەبدوڵڵا جەوهەر یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی کاژیک و بە ڕێڕەوێکی نەتەوەیی کاری دەکرد.

**رامان:** بیرەوەریت لەگەڵی هەر ئەوەندە بوو؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ من دەمبینی و جاروبار زۆر دڵی خۆش بوو. دوای ناوەڕاستی حەفتاکان کە ئەو شتانەمان نووسی و موفاتەحەی حکومەتمان کرد دڵی کرایەوە، وەک بڵێی موعجیب بوو بەو شتانە. کابرایەکی زۆر موتەوازیعیش بوو.

**رامان:** پێشتر وتتان ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی متەسەڕڕیفی سلێمانی خزمتانە، چیت لەبارەیەوە لەلایە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** من لە ژیانمدا ئەو پیاوەم دوو جار بینیوە، بەڕاستی خوێندەوارێکی گەورە و چاک بوو، کە شەڕی بەردەرکی سەرای ساڵی ١٩٣٠ لە سلێمانی ڕوویدا، ئەگەرچی ئەو زەمانە وەزیفە خۆشەویست بوو، خەڵک بۆ کاتبییەک یان قوڵچی مالییەیەک دەستی ماچ دەکرد، کەچی ئەو پیاوە دەستی لە کار کێشایەوە. ئەو هەرچەندە دەرچووی (حقووق) بوو، بەڵام زۆر شارەزای ئەدەبیاتیش بوو. جارێکیان کە شیعرێکم لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاوکرابوویەوە، کە بینیمی یەکسەر وتی شیعرەکەتم خوێندەوە، ئەو شیعرە لەسەر وەزنی عەرووز نووسراوە، یەکەم جارم بوو وشەی (عەرووز) ببیستم، ئەوساکە هەر نەمدەزانی (عەرووز) چییە، شیعری کوردی و عەرووز یانی چی؟

**رامان:** ئەی وتار و نووسینەکانت بۆچی کۆناکەیتەوە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** زۆر وتار و نووسینم هەیە، بەڵام هەموویان پەرشوبڵاون، ئێستاکە وا خەریکم کۆیان دەکەمەوە.

**رامان:** ئەگەر تەمەڵی یەخەتانی بەردابێ؟

**د. ئیحسان فوئاد:** نا.. نا، ئەوە شەفاعەتم بۆ دەکات ئێستاکە لێکۆڵینەوەیەکم لەبارەی کافکاوە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، کە لە بنەڕەتدا بە ئەڵمانی نووسراوە و کراوە بە ئینگلیزی. بەم زووانە دەچێتە ژێر چاپەوە.

**رامان:** لێرەدا کۆتایی بە گفتوگۆکەمان دێنین، زۆر سوپاس کە ئەزیەتم دای؟

**د. ئیحسان فوئاد:** منیش زۆر سوپاستان دەکەم، پێم وایە بۆ یادکردنەوە و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێک شت ئەو جۆرە چاوپێکەوتنانە زۆر پێویستە.

**رامان:** تۆ گۆڤارەکەمان دەبینی؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەڵێ دەیبینم.

**رامان:** پێت چۆنە؟

**د. ئیحسان فوئاد:** بەگشتی گۆڤارێکە لە ئاستێکی بەرز، کە ئەمڕۆ ئەم ئیشانە کەمن، بە تایبەتی لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە جێی سەرنجە کە لەلای من ئەمە زۆر گرینگە.



من لە کارەکانمدا وەڵامم بۆ کەس نییە، بەڵام بە ڕاستی هیوادارم پرسیارێک بخەمە سەر پرسیارەکانی ئەو؛ ئەوەی کە هیچ پرسیارێکیشی نییە و هەموو شتێ دەزانێ و وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لەوەپێش دیاری کردووە؛ دیارە ناتوانێ پێوەندییەکی قووڵ دەگەڵ من بگرێ.

لە هەلومەرجی ئێستادا و بەو ماهییەتەی حکوومەتی ئێستاکە بە توندی بەرتەسک کەرەوەیە و دژی داهێنان و بەرهەڵستی سنوور بەزاندنە؛ ئاوڕدانەوە لە هونەر چەشنێک دژ کردەوەیە لە بەرامبەر بیرۆکەی خێڵ و کورتبینی دەسەڵاتدار.

**«عیرفان قانعی فەرد»**
**پێنجشەممە (٢٠٠٤/٥/١٦)**

# نیلوفەر بەیزایی «دەرهێنەری سینەمایی و نووسەر» لە وتووێژێکدا:

# دەبێ «تابۆکان» بشکێندرێن

**لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی**
**(بۆکان)**

دۆستانی بەڕێزم ئاگادارن کاری سەرەکی من «وەرگێڕی و فەرهەنگ نووسین»ە و بەپێی ئەوکارە؛ بەردەوام لە هاتووچۆی ئێران و دەرەوەدابووم. تا بە ئازادی و دوور لە هەر چەشنە کەڵکەڵەیەک؛ لە قوژبنێکی هێمن پاڵی لێدەمەوە و بە ئاسوودەیی خوانی وەرگێڕان بڵاوکەمەوە و گەلێک بیرەوەری شیرن و مەزنم لەو (١٠-١٢) ساڵە هەیە. گەلێک هەڵسوکەوتی ناشیرن و زۆریش ڕەخنە و هاندان و دڵخۆشکردن کە هەر کام بەشێوەیەک بۆ درێژەی کار دنەیان داوم؛ لەحاڵێکدا ئەم لۆمە و تیرو توانج و نە ئەو هەموو چاکە و خۆشەویستییە بەخۆم ڕەوا نابینم، چونکە بۆ خۆم باشتر دەزانم چم و کێم!؟ زۆر کەس خراپ لەو چەشنە بیروبۆچوون و باوەڕانە تێدەگەن و خراپی لێک دەدەنەوە کە بلێی: هەرکەس مافی ئەوەی هەیە بەپێی عەقڵ و بیروڕای خۆی لە شتەکان بکۆڵێتەوە، بەڵام ئەوەش دان پیدانانێکی جوانە ئەگەر بڵێم: بەستراوەیی فیکری و ئایدۆلۆژیکیم بە هیچ حزب و ڕێکخراو و هیچ کەسێکەوە نییە. بنەمای کارەکەم لەسەر جۆرێک ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی و توێژەریی لەگەڵ کێشە و واقیعەکان بووە و هەیە و بۆ پاراستنی ئەو سەربەخۆییە بێ ترس باجم داوە- تەنانەت ئەوانەی کە ویستیان بە بەدناوکردن و ڕیسواکردن ورەم پێ بەردەن. لە پەنا دەرس خوێندنەوە، بەشێک لە کاری لێکۆڵینەوەی ڕۆژانەم بۆ تاوتوێکردن و لێکدانەوەی بیرۆکە و ئەندێشەی کەسایەتییە ئێرانییەکان تەرخان کردووە و پاش تێگەیشتن لە پێکهاتەی فیکریی ئەوان؛ دەستم داوەتە نووسین، یا وەرگێڕانێک لەسەر ئەوان، چونکە تا ئەوکاتەی ئەندێشە و پەیام و واتای ئەو کەسایەتییانە بۆ گەشەسەندنی بیرۆکە و ئەندێشەی خوێنەر بەهرەی نەبێ؛ هیچیان لێ وەرناگێڕم و ڕەخنەشیان لەسەر نانووسم. بە هەرحاڵ لەسەر ئەو باوەڕەم: وەرگێڕان ئەگەر بۆ ناساندنی هونەر و ئەدەبیات و کولتوور و ئەندێشەکانی وڵاتەکەم بێ، چێژ بەخش دەبێ، چونکە ئەرک و ئامانجی وەرگێڕ ناساندنی کولتووری نەتەوەکانە و ئەگەر لە ناساندنی کولتوور و ئەندێشەی نیشتمانەکەیدا سەرکەوتووبێت هەست بە بەختەوەری دەکا لە ئەخلاق و ئایدیۆلۆژیای وەرگێڕدا؛ پێوەر تەنیا ناساندن و پێکهێنانی پێوەندییە لە کاتی پێویستدا لە پانتایی بواری ئەدەب و ئەندێشە و هزری وڵاتەکەیدایە دەگەڵ دەرەوە. دەنا بەدەر لەو چاوەڕوانییە، وەرگێڕ شتێ نییە. بایەخی وەرگێڕ وەک هونەرمەند؛ خزمەتە بە کۆمەڵگا. هەر بۆیەش زۆر جاران «وەرگێڕان» بە هونەر لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام بۆ من؛ ئەو شتانەی بەشی «وەچەی گەنج» بەشێکە لە بوونم، لە شوناسم و بیرەوەرییەکانی لاوێتیم و پێموایە «من»ی ڕاستەقینەم تەواو لەوێدایە.

**قانعی فەرد:** ئەوە زۆر گرنگە کە مرۆڤی هونەرمەند و داهێنەر بە چ ڕوانگە و بۆچوونێک بەرهەمێک بۆ پێشکەشکردن و جێبەجێکردن هەڵبژێرێ؛ هەڵبژاردنی بەرهەم بۆ وەرگێڕان؛ بەتایبەتی هەڵبژاردنی وەرگێڕانی ئەدەبی یا سیاسی- کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. بۆ وێنە ئەگەر وەرگێڕ تازەکار بێ، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر لە هەموو تواناییەکانی و لە هەموو فرت و فێڵێک کەڵک وەردەگرێ. بەتایبەت لە وڵاتی ئێمە- ئێران-وەرگێڕێکی لاو دەبێ هەزاران ڕێ تاقی بکاتەوە بۆوەی خۆی بناسێنێ و هەروەها بۆ لەچاپدانی کتێبەکەی دەبێ ئاگاداری بازاڕی ناوەندی بڵاوکردنەوەکەشی بێ. دەنا شانسێکی ئەوتۆی نابێ؛ لێرەدا دەمەوێ بۆچوونی ئێوە بزانم کە لە هەڵبژاردنی (کوێرە کوند)* و کارەکانی تردا زیاتر ڕوانگەی سیاسیت هەیە یا هونەری؟ بەردەنگ و بینەر چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**بەیزایی:** دەبێ ئاگاداری ئەوەبن کە من دەرهێنەری سینەما و نووسەریشم. دەقی زۆربەی ئەو شانۆیانەی کە بەرێوەم بردوون (وەک دەرهێنەر) بۆ خۆم نووسیومن. (کوێرە کوند) سێیەمین بەرهەمێکە کە لەنێو بەرهەمەکانی تردا هەڵبژاردووە و هەروەها دووەمین دەقێکە کە لەنێو دەقە هەڵبژێردراوەکاندا؛ بۆ خۆم نەمنووسیوە و لە ڕاستیدا دەقە ئەسلیەکەی «شانۆ» نەبووە و بۆ خۆم کردوومەتە دەقێکی شانۆیی. ئەوە ڕاستە کە بەر لە هەر شتێ لایەنی هونەریم لا گرنگە. لە کاری شانۆدا پێوەری من هونەرە. بە باوەڕی من لە بەرهەمێکی هونەریدا کە دوو توخمی «فۆرم» و «ناوەرۆک» یەکیان گرتبێ؛ ئەو بەرهەمە بەرهەمێکی لۆژیکی و تاقانەیە و بەرهەمێکە کە دەکرێ لە هەر سەردەمێکدا دووجار بخوێندرێتەوە و شی بکرێتەوە و ڕاڤە بکرێ. بەرهەمێکی کلاسیکی کە لە فۆرم و ناوەرۆکدا پێکهاتە شکێنی کردووە، لە فۆرمدا؛ وێنەی بەهێز، تێک هەڵشێلانی شوێن و کات، دووپاتەبوونەوەی ڕووداوەکان؛ ڕستە و کەسایەتییەکان لە فۆرم گەلێکدا؛ کە بە هەر جووڵەیەک لایەنی نوێتر دەخەنەڕوو؛ ڕازاندنەوەیەکی کۆلاژیک؛ پڕ لە خەیاڵ و فانتازیا، لەناوەڕۆکیشدا جەخت لەسەر وشەی (من)

بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ کولتووریک کە تێیدا «تاک» لە «کۆ»دا تواوەتەوە چەواشە بووە و چارەنووس دراوەتە دەست چارەنووس و هات و نەهات و نوقمی خورافاتە. جەختکردنەوە لەسەر ئەو دژبەرییانەی کە لەنێوان «من» لە وەها کۆمەڵگایەکداو دیرۆک و ئوستوورە، چەقبەستوویی نەریت؛ دێتە ئاراوە؛ یانی ئەو قورساییەی کە وەها (تاک)ێک لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا لەسەر شانێتی؛ هێزی گەیاندنی وێنە ئاسمانییەکان بۆ زەوی؛ پیرۆزیی سڕینەوە و زۆر خاڵی تر لەو بەرهەمەدا سەرنجی منیان ڕاکێشاوە.

ئەوە ڕاستە بەردەنگ- خوێنەر و بینەر- لای من زۆر گرنگە. بە خاتری ئەوە کارەکەم دەبەمە سەر (سێن) دیارە دەمەوێ دەگەڵ ئەودا پێوەندی بگرم، ئەوەش دەزانم کە ناتوانم دەگەڵ هەموان لە ئاستێکدا و بە قەد یەک پێوەندی بگرم ئەوە ژیانی ئێستای ئەوانە کە من هەوڵ دەدەم لە کاری هونەریمدا لە حاڵەتی «دووپاتەبوونەوەی ڕۆژانە» بیهێنمە دەرێ و کەشێکی بۆ بخوڵقێنم کە بتوانێ لە مەودایەکەوە لە خۆی بڕوانێ. هەر لەو کاتەدا من وەک پێکهێنەری بەرهەمەکە؛ خۆم لەو بەردەنگە جیا نابینم و خۆشم بە شوێن ئەو ڕوانینەوەم بۆ بەخۆداچوونەوە. کەواتە بەرهەمی هونەری دەبێ هەم بۆ خۆم و هەم بۆ بەردەنگ؛ قسەیەکی بۆ گوتن پێ بێ. من هەوڵ دەدەم زۆربەی ئەو قسە نەگوتراوانە وێنابکەم، بۆ بەردەنگێک کە خووی بە دیتن و ڕوانین نەگرتووە؛ کەشی کارەکەی من وەڕەزی دەکا. هەروەها بۆ بەردەنگێک کە لەبەرهەمی هونەریدا بە شوێن (پەیام) و (نوسخە) و چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانە، بەرهەمی من بۆ ئەویش شتێکی تێدا نییە. من لە کارەکانمدا وەڵامم بۆ کەس پێ نییە، بەڵام بە ڕاستی هیوادارم بتوانم پرسیارێک بخەمە سەر پرسیارەکانی. بۆ ئەو کەسەی پرسیارێکیشی نییە و پێی وایە هەموو شتێ دەزانێ و لەپێشدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە؛ دیارە ناتوانێ پێوەندییەکی قووڵ دەگەڵ کارەکەی من بگرێ.

**قانعی فەرد:** وتەی ڕەخنەگران تا چ ڕادەیەک لەسەر تۆ شوێن دانەرە؟ ئایا لە ئێراندا بڕواتان بە ڕەخنەی دروست و بونیادنەر هەیە؟ چاولێکە؛ من وەک وەرگێڕێکی لاو کە زۆر و کەم لە ئێران و دەرەوە چالاکیم بووە و لەو بەختەوەرانەم کە بەردەوام بلاقۆک و ڕاگەیەنەکانم لەبەردەست بووە، بۆ وەی بەرهەم و قسە و گەلاڵەکانم ڕاگەیەنم؛ بەڵام زۆر بە دەگمەن ڕەخنەی دروست و سازێنەرم دیتوە؛ ڕەخنە؛ یا پێداهەڵگوتن و شاخ و باڵ وێخستن بووە یا تووک و نزاو ڕەفزکردن و چەشنێک ڕەقەبەرایەتی منداڵانە و شەخسی، یا یەکسەر بێدەنگی... بۆ وێنە لە وەرگێڕانی (ڕۆژگاری پیاو کوژان) نووسراوەی هێنری میلەر؛ دوو ڕەخنەی باشم پێگەیی، کە یەکەمیان (قوتبەدین سادقی) ئەوی تریان (سدیق تەعریف) نووسیبوویان. لە نەوەی بەر لە ئێمەش کە هەر نان بە قەرزدان بوویان پاککردنەوەی حیسابی شەخسی... بە دەگمەن ڕەخنەی ئوسوولی و هونەری وەک ڕەخنەی (کامەران فانی)م دیتوە.

**بەیزایی:** ئەوەش پێوەندی بەجۆری قسەکردنەوە هەیە. ڕەخنەگرانێک بوون کە ڕەخنەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆر شت لە کارەکانمدا ببینم کە نەمدیتبوون. پێم وایە تا ئەو ڕادەیە دەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆیم کە پاش بەرێوەچوون، خاڵی بەهێز و لاوازی کارەکانم ببینم، بەڵام زۆر جاران گۆشە و خاڵگەلێک هەن کە وەبەرچاوی منی دەرهێنەر نایەن، بەڵام کەسانێکیش هەن کە بێ لەبەرچاوگرتن و دەرککردنی چوارچێوەی ڕەخنەگرتن لە بەرهەمێک، پێیان ناوەتە ئەو گۆڕەپانە و من پاش خوێندنەوەی دوو ڕستە تێدەگەم کە ویستوویانە خۆ بنوێنن، بەڵام بە تەواوی لە کەش و هەوای کارەکەی من چوونەتە دەرێ تارادەیەک کە تووشی مەسەلە و باسی فەلسەفی و بوون و بیرکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی هاتوون، بێ ئەوەی نووسراوەکەیان هیچ پێوەندییەکی بە بەرهەم و کارەکەی منەوە بووبێ. من زۆر گرنگی بە وانە نادەم و هیچ شوێنێکیشم لەسەر دانانێن و لە ڕاستیدا ئاستی ڕووکەشی و نزمی زانست و بێ خەبەریی ئەوان لە پێکهاتەی ڕەخنەی بەرهەمی هونەریم زیاتر بۆ دەردەکەوێ. کەواتە وەڵامی پرسیارەکەتان (ئەرێ)یە. من پێموایە ڕەخنەگرمان هەیە؛ بەڵام کەمن. بەڕای من ڕەخنەگر کەسێکە کە بتوانێ لایەنی بەهێز و بێ هێزی بەرهەمێک؛ بەپێی پێوانە و پێوەرە تەکنیکییەکانی ڕەخنە هەڵسەنگێنێ، بێ ئەوەی دووری و نزیکایەتی شەخسی بڵێم یا فکری ڕەخنەگر و خاوەن بەرهەم لەسەر لێکدانەوە و داوەرییەکانی شوێن دابنێ، یا بیەوێ بەخۆ ڕانان و خۆ نواندن؛ کەموکوورییەکانی خۆی داپۆشێ. دیسان دەڵێم: ڕەخنەگرمان هەیە، بەڵام کەمن بە داخەوە، چونکە هێشتا نەگەیشتووینەتە دنیایەکی عەقڵانی. زانستەکانمان ڕووکەشیانەن. داوەری کەش و دەمارگرژی و داوەریکردنی پێش وەخت دەست و چاومانی بەستووە.

پێکهاتەیەکی زەینی پەروەردە نەکراوەمان هەیە. بە دەگمەن لۆژیکی بیردەکەینەوە. بوغز و غەرزدارین. خێڵەکی و عەشیرەتین و لەو ڕوانگانەوە هێشتا نەبووینەتە کەسێکی شارستانی و (مەدەنی). بەو حاڵەشەوە هێندێ جموجووڵ دەبینم کە پێشاندەری تێپەڕبوون لە دۆخی ئێستان و ئەوانە زۆر پۆزەتیڤن.

**ڤانعی فەرد:** ئێستاکە، چالاکی و تێکۆشانی وەچەی گەنج و چالاک لە سینەما و شانۆی ئێراندا چۆن دەبینن؟ چ ئەوانەی ناویان دەرکردووە و چ ئەوانەی خەریکە ناویان دێتە نێو ناوان؟ تەنانەت ئەو دەستە لاوە بە توانا و خاوەن هەستەی بە هۆگرییەوە پێیان ناوەتە ئەو ڕێگایە.

**بەیزایی:** تا ئەو جێیەی من ئاگادارم ژمارەی هۆگرانی هونەر لەنێو لاواندا یەکجار زۆرە. لە ڕاستیدا هەلومەرجی ئێستا و چییەتی (ماهییەت)ی حکوومەت کە بە توندی بەر تەسک کەرەوە و دژی داهێنان و سنوور بەزاندنە؛ ئاوڕدانەوە لە هونەر چەشنێک دژکردەوەیە لەبەرامبەر بیرۆکەی خێڵەکی و کورتبینی دەسەڵاتدار. ئەو دیاردەیە شتێکی پۆزەتیڤە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە تەواوی ئەوانەی ڕوودەکەنە کاری هونەری؛ لەسەر ئەو کارە بەردەوام دەبن و بەرهەمی گەورە و مەزن دەخوڵقێنن، بەڵام ئەو پەرەگرتنە لە باری (چەندایەتییەوە) ڕێ خۆشکەرە بۆ ئەوەی دواتر: هونەرمەندی مەزن و جیهانیمان هەبێ. ڕۆژێک دێ کە ئەم هەوڵ و تێکۆشانانەی ئێستا وەبەردێن و بە ئاکام دەگەن. دەزانم لە ئێراندا کۆسپی سەر ڕێگای داهێنان یەکجار زۆرە. هەروەها بە جیدی لەسەر ئەم باوەڕەشم کە گەشەسەندن و بەهرە لێکەوتنەوەی داهێنان لە کەشێکی ئازاد و دوور لە سانسۆر و خۆسانسۆریدا، دێتە ئارا، بەڵام ڕێچکە شکێنەکانی ئەو ڕێگایە هەر لە ناو ئەو نەوەیەوە سەرهەڵدەدەن. ئەو نەوەیە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە نەوەی پێش خۆی و (ڕووی کەسی نایەشێ) و بەدەگمەن دەچێتە ژێر باری ڕێساکانی عورف و پێوەندی. زۆربەی ئەوانەی سەر بەو وەچەیەن ئیتر نایانەوێ تەنیا لەبەر ئەوەی کەسانێک (مامۆستا) و (هەڵکەوتە) بوون و هەن؛ هەرچی دەیڵێن و چۆنی بیری لێ بکەنەوە ئەوان بێ یەک و دوو گوێڕایەڵیان بن. پێوەندی (مورید و مراد) لەو نەوەیەدا زۆر کەمە. حەز بە ئەزموونکردن و گەڕان و دۆزینەوەی ڕێگای تایبەت بەخۆ، خاڵێکی پۆزەتیڤە و لە پێویستییەکانی کاری داهێنانە، بەڵام ئەوە دژکردەوە و زۆرەملی دەسەڵاتدارە؛ کە گەرەکییەتی هەموو شتێ بە شێوەیەک و بێ پرسیار بێ. ئەو نەوەیە ناچارە کە ئاراستەیەکی پڕ لە ئاژاوە بۆ گەیشتن بە هاوکێشەیی ببڕێ. ناچارە بوێری و ڕاشکاوی تاقی بکاتەوە. ناچارە ڕووبەڕووی دەمارگرژیی خۆی و ڕابردووانی بێتەوە و خۆی یەکلا بکاتەوە. ئەو هەموو هەوڵ و تاسەی داهێنان و پێشکەوتن و کردنەوەی چوارچێوەکان؛ هەرکات بە زانست و قووڵبوونەوە تەیار بکرێ و بتوانێ ئەو شتانەی کە یارمەتی ئەو پێشکەوتنە دەکەن بپارێزێ و جیابێتەوە لە هەر شتێک کە زیانی پێ دەگەیەنێ، ئەوکات بەهرەی لێ دەکەوێتەوە.

**ڤانعی فەرد:** جەنابت بڕوات بە (تابۆ) شکێنی هەیە؟ بەڕای تۆ (تابۆکانی) کۆمەڵگای ئێمە چین؟ چونکە من هەمیشە لەسەر ئەو بڕوایەم دەبێ لە ڕابردووان دەرس وەرگرین؛ بەو حاڵەشەوە دەبێ بە ڕێگا نوێیەکاندا بڕۆین و لە هیچ ڕێیەک نەترسین؛ چونکە تێپەڕبوونی زەمان؛ کۆمەڵگاو ڕەخنەی بەجێ؛ پاک و پیس لێک دەکاتەوە..

**بەیزایی:** بەڵێ: بێ شکاندنی ئەو تابۆیانەی هەن بێ شکاندنی ئەو (پیرۆزی)یەی بەرتەسک کەرەوە و وەدواخەرە، هیچ شتێ نایەتە ئارا. ڕێگام بدەن وەڵامێکی گشتی بدەمەوە و نەچمە نێو ئەو وێنەهێنانەوە، چونکە لە هەژمار نایەن و دووردرێژ دەبێتەوە؛ تەواوی ئەو خوو خدە و باوەڕانەی کە دەگوترێ هەر بوون و دەبێ هەر بمێننەوە؛ هەموو ئەو پێناسانەی کە لەسەر بنەمای ئەو چەمکانە لە مرۆڤ؛ لە ژن؛ لە پیاو؛ لە بنەماڵە؛ لە حەزی سێکسی، لە چەمکگەل و وشە.. کراوە و بەسەر نەوەی دواییدا سەپاوە؛ دەبێ لە گۆشەنیگای ترەوە چاویان لێ بکرێتەوە. دیسان پێناسە بکرێنەوە و ئەوەش کارێکی سووک و سانا نییە. (چەرمی ئەستووری) دەوێ لەو هۆکارە و ڕێگایانەی بۆ وەپەراوێزخستنی تێکۆشەرانی ئەو ڕێیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە نەترسێ. دەبێ هەوڵ بدرێ و بدۆزرێنەوە و لە بەرانبەر هەر شتێدا کە بێ وەشوێنکەوتن و ماف و توانای پرسیارکردن و تەنیا بەپێی عادەت و (ئەخلاق) لەلایەن ڕابردووانەوە پێناسەکراون و بەڕێوەیان دەبەین، یا باوەڕمان پێیانە؛ دەبێ وەشوێن ڕێگاچارەی تر بکەوین. لێگەڕێ بە زێدەڕۆیی بڵێم؛ دەبێ بەناخی پووچیدا ڕۆبچی بۆ ئەوەی لەودیوی ئەوێوە ڕێگەیەک بدۆزییەوە ئەو (دەبێ)یانە قسەی من نین، بەڵکو نرخێکە کە هەر کۆمەڵگایەکی کە بیەوێ (تویژ) بخا (بهاوێ) و نوێ

بێتەوە و بەرەوپێش بڕوا؛ دەبێ بزانێ، ئێمەش لەوەها قۆناغێکداین.

**قانعی فەرد:** لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێراندا؛ ئەرک و ڕۆڵی هونەرمەندێکی لاو چییە؟ بۆ ئەوەی لەسەر پێکهاتەی چیرۆک و شانۆی جموجۆڵی کۆمەڵگا شوێندانەر بێ؟ باس لە کارەکەی خۆم دەکەم.. بۆ وێنە وەرگێڕێک ئێستا کە نابێ لە گۆشەیەکی ماڵێ دانیشێ و وەک وەرگێڕەکانی بەرەی ڕابردوو ساڵێ ڕۆمانێک وەرگێڕن و تەواو. من پێموایە لەو نێوەدا چەند بابەتی تر سەبارەت بە کۆمەڵگا و سیاسەتی زاڵ و.. هەر بە مەبەستی ڕوونکردنەوە و زانیاری بەخشین، وەرگێڕێ.. نازانم دەگەڵ ئەو بۆچوونەی منی، یان نا؟

**بەیزایی:** هونەرمەند و کولتوورخواز ناتوانێ بەو پێناسەی لە نەریتی پێشینیانەوە پێمان گەیشتووە ڕەزامەند بێ و بەس. هەروەها نابێ ئەوە قبووڵ بکا کە کاری داهێنانەکەی لە گۆشەنیگای سیاسەتڤان یا سیاسەت بازێکەوە پێناسە بکرێ. ناوەرۆک و کاکڵی سەرەکی هونەر و داهێنانی هونەریی؛ (مرۆڤە) و کەڵکەڵە و دڵەڕاوکێیەکانی. ئێمە مرۆڤی بێ کەم و کووڕیمان نییە.

بەداخەوە ئێستاش بەشێوەیەکی مەزهەبی و ئاسمانی (میتافیزیک) چەمکەکان لێک دەدەینەوە تەنانەت ئەگەر سکۆلاریش (نا مەزهەبیش) بین. ئێمە هێشتا نەبووینەتەوە شتێکی زەوینی. لە ڕێوە بەرەی (حەق) و (باطل) پێک دێنین. جووت بینین. تەنانەت بەشێوەی جووتبینیش لە دیموکراسی تێگەیوین. دنیا بۆ ئێمە یا (بەهەشتە) یا (دۆزەخ) هونەر و هونەرمەندی ئەمڕۆیی بە شوێن ئەو ڕەنگانەوەن کە لەنێوان دوو ڕەنگی ڕەش و سپیدان. هونەرمەندی ئەمڕۆکە پاساودەری پلە و بیرۆکەی سیاسەتباز و دەسەڵاتدار نییە. مرۆڤ بە هەموو لایەنی لاواز و بەهێزییەوە دەبینێ. زەینی داهێنەر، سنوور ناناسێ و ئەرکی سەرشانی هونەرمەندی ئەمڕۆیی بەربڵاوکردنەوەی ئەو سنوورانەیە. سنوورگەلێک کە ئەگەر بشکێندرێن؛ نە دەمارگرژی، نە دیکتاتۆر و نە هیچ ملهوڕێک ناتوانێ پێشی بگرێ و ئەوە گەورەترین کاریگەرییە کە دەکرێ لەسەر کۆمەڵگا دابندرێ.

**سەرچاوە:**

**ئینتەرنێت، ماڵپەڕی (هەواڵەکانی ڕۆژ).**

# مۆدێرنزم، یان هونەری ڕۆح گەورە

د. سەباح عەبدوڵڵا ساڵح
(ئەمەریکا)

هونەر لە پێناو هونەر.. هونەر لەژێر چاودێری هونەرەوە.. ناکۆکییەکانی هونەر لە گەڵ هونەر.. هونەری دژ بە کۆمەڵ.. هونەری دژ بە جوانی.. هونەری دژ بە ئایین.. هونەری دژ بە سیاسەت.. هونەری سەربەست... هونەری ئۆپۆزیشن هونەری بێ ویژدان، هونەری دنیا تێکدەر.. هونەری ڕا لەخۆ یان ڕۆح گەورە، هونەری بێ شەرم و حەیا.. هونەری پڕ لە پرسیار.. پیاوانی ساڵی ١٩١٤ جۆرە ئایدیۆلۆژییەتێک کە دەیەوێ دنیای هونەر لە دنیای ڕۆژانە جیاواز بکاتەوە.. ئەو هونەرەی کە لای ئافرەت دەگرێت. ئەم هونەرەی کە مەترسی لە هێزی ئافرەت دەکات. ئەم هونەرەی کە لەبەر سێبەریدا پۆستمۆدێرنیزم خۆی دەناسێنێ.

ئەمانەی سەرەوە هەندێکن لەو زاراوانەی کە مۆدێرنیزم پێیانەوە دەناسرێتەوە.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێکن لەو ناوانەی کە پێیانەوە مۆدێرنیزم دەبێت بەمێژوو:

ڕۆماننووسان: جەیمس جۆیس، تۆماس مان، فرانز کافکا، ڤەرجینیا وۆڵف، فۆرد مادەکس فۆرد، دی ئێچ لۆرەنس، هێنری جەیمس، گێترود شتاین.

درامانووسان: هینریک ئیبسن، ئۆگەست سترنبێرگ، جۆرج بەرنارد شۆ، ئەنتوان چیکۆڤ، ئەنتۆنین ئەرتۆ، ئێروین پیسکاتۆر، بێرتۆڵد برێخت.

شاعیران: تی. ئێس . ئیلیۆت، ئێزرا پاوەند، دەبلیو.بی. یەیتس، دەبلیو. ئێچ . ئۆدن، ئەلن تەیت، ئێچ . دی، واڵەس ستیڤنسن.

ڕەخنەنووسان: جۆرج براندیس، ئێف. تی . مارینێتی، هێنری بێرگسۆن، ئۆرتێگە وای گاسێت، تی. ئی. هولم.

تەلارســازان: لیَ کـوربوسی، ڤــان دیَر ڕۆهی، فــرانک لۆید ڕایت، هەروەها شیَوازی بیَناسازی ئینتەرناشناڵ.
بزووتنەوەکـان: ناچرەلیـزم، سیـمبـۆلیـزم، سریـالیـزم، کیوبیزم، دادائیزم، ئیمیگیزم.
هونەرمـەندان: پابلۆ پیکاسـۆ، هیَنری مـاتیس، جـۆرج براک، پۆڵ سیَزان، مارسیَل دو چامپ.
ئەم ناو و زاراوانە یەکسەر چەند شتیَکی گشتیـمان لە بارەی مـۆدیَرنیـزمـەوە بۆ ئاشکرا دەکـەن. مـۆدیَرنیــزم بەشیَوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەرهەمیَکی کولتووری ئەوروپی و ئەمریکی جۆراوجۆر.
لە لایەکـەوە ئەدەب و هونەرە جــوانەکــان و ڕەخنەی ئەدەبی دەگـریَتـەوەو لەلایەکی ترەوە تەلارسـازی و شـار ئاوەدان کـردن و ڕازاندنەوەی نـاو مـاڵ و دروست کـردنی کورسی و قەنەفە دەگریَتەوە.
مـۆدیَرنیـزم بەرهەمی ئەمـڕۆ نییـە، بەڵکو بۆ چەرخی ڕابردوو دەگەڕیَتەوە، بەلای گەلیَ لە میَژوونووسانەوە، لە دەوروبەری ســاڵی ١٨٩٠ تاکــو دەوروبەری ســاڵی ١٩٣٠.
دوو شتی تریش:
هەمـوو بابەتەکـانی مـۆدیَرنیـزم لەژیَر ئالای تـازەگـەری خـۆیان دەناسـیَنن و کــار دەکــەن و زۆربەی ئەم کــارە کولتوورییە لە دەستکردی پیاوە نەک ئافرەت. هەروەکو ئەم قــســانەی خــوارەوە ئاشکرای دەکــەن، ئەم کــارە کولتوورییە کاریَکی تەنیا نەبوو، بەڵکو بەشیَک بوو لە شـۆڕشـیَکی زانسـتی و ڕۆشنبـیـری کە لە چەند بـاریَکی سـەرەکـیـدا، کـۆمـەڵگەکـانی ئەوروپی بەشـیَـوەیەکی ڕادیکاڵی هیَنا گۆڕانەوە.
ڕۆمـانووسی بەریتـانی دی. ئیَچ . لۆرەنس لە ڕۆمـانی Kangaroo (کەنغەر)دا ئەمە دەنووسیَت:
It was in 1915 the old world) (١) (ended
واتە: لە ساڵی ١٩١٥دا دنیای کۆن کۆتایی هات.
هاووڵاتییەکی لۆرەنس، ڕۆماننووسی ئافرەت ڤەرجینیا وۆڵف گەلیَ بە وردتر لەم بارەیەوە دەدویَت: (لە مـانگی دوازدەی ١٩١٠دا یان لە دەوروبەریدا، خـوو و ڕەفـتـاری ئادەمیزاد گۆڕا.. هەمـوو جۆرە پیَوەندییەکی نیَوان ئاغـاو خـزمـەتکار، ژن و مـیَـرد، بـاوک و دایک و منداڵ. ئەم گۆڕانانەش بوون بە هۆی چەند گۆڕانیَکی دیکە، لە ئایین و شیَوەی ژیان و سیاسەت و ئەدەبەوە)
پیَش وۆڵف بە نزیکەی یازدە ســاڵ، درامــانووسی سویَدی ئۆگەست سـترنبیَرگ ئاگـادارمان دەکاتەوە چۆن بەهۆی ئەم گــۆڕانکاریانەی دنیــا، خــەڵک ســەری لیَ شـیَـواوەو نە لە حـازرەکی present دەگـــات، نە لە ڕابـــردوو past دەگــات و گــەلیَ لە دواڕۆژ Future بەترسە (٣)
هونەرناسی بەریتـانی هیــربەرت ڕید کــە لە ســاڵی ١٩٣٣دا چاوی بە هەندی لە تابلۆکانی پیکاسۆ کەوت، بەم شیَوەیە هەستی خۆی دەربڕی:
(ئەمـڕۆ نیگارکـیَـشی ئەوروپی بەهیچ شـیَـوەیەک، نایەویَ خـۆی لە ڕابردووی ئەم هونەرە بگەیەنیَت، بەڵکو هەوڵ دەدات هەمـوو جـۆرە پیَـوەندییـەک لەگـەڵ ڕابردوو بپچڕیَنیَت.) (٤)
لەم بارەیەوە هونەرمەند پۆڵ کلی قسـەیەکی بەسـوودی هەیە:
(جـاران ڕەسـمی ئەو شـتـانەمـان دەکـرد کـە بەچاو دەبینران، واتە ئەم جـۆرە شـتـانەی کە زەوقـمـان پیَـیـان دەهات یاخود حەزمان دەکـرد تەماشایان بکەین.. بەڵام ئەمڕۆ ئەم شتـانەی کە ڕەسمیان دەکەین، جۆرەها مـاناو شیَـوەیان هەیە و گـەلیَ جـار بە پیَـچـەوانەی شـیَـوەی بیرکردنەوەو شیَوازی جاران.)(٥)
قسەکانی لۆرەنس و وۆڵف و سترنبیَرگ و ڕید و کلی چەند خـالیَکی وردترمـان لە بارەی مـۆدیَرنیـزمـەوە بۆ ئاشکرا دەکەن، مـۆدیَرنیـزم هەمـوو جـۆرە پیَـوەندییـەکی کـۆمـەڵایەتی خسـتـە ژیَر پرسیـارەوە، بەتایبـەتی شـویَنی ئافـرەت لەناو کـۆمــەڵدا. هەروەها ڕیَگای کـردەوە بـۆ ئادەمــیـزاد بۆ ئەوەی سـەرلەنویَ پیَناسـەی مـانـای ژیان بکات.
مۆدیَرنیزم بەردی بناغەی ئایینی لەق کرد. لەناو دنیای مۆدیَرنیـزمدا خواوەند لە پاشایەتی دەکەویَ. مۆدیَرنیزم هونەرو ئەدەبی زیندوو کردەوەو ئازادی دا بە هونەرمەند و هونەرەکـــانی لەژیَر دەســەڵاتی ئایین و ســیــاسی و کۆمەڵایەتییەوە ڕزگار کرد. هونەر بۆ خاتری هونەر بوو بە دروشمی گەلیَ لە هونەرمەندان و نووسەران. مۆدیَرنیزم هونەری لە بیرۆکەی جوانی جیاواز کردەوە.
مـۆدیَرنیـزم وازی لە ڕیالیـزمی تەقلیـدی هیَنا، ئا بەو شیَوەیە هونەرو ئەدەبی ڕزگـار کرد لە لاساکـردنەوەی ئەم

دنیـایەی کـە بەچاو دەبینرێت. مـۆدێرنیـزم بەبێ شـەرمـە خۆی بە هونەری بەرز ناساند و دوژمنانی بە هونەری نزم یاخود هونەری میللی جا لەم هەڵوێستەدا مۆدێرنیزم بە ئایدیۆلۆژیەکی دژ بە دیموکراسی ناسرا. لە ئەنجامـدا بوو بە جۆرە ئایدیۆلۆژیەتێک بۆ گاڵتە پێکردن و ڕیسواکردنی زەوقەکـانی هونەری مـیللی. واتە ئەو کـەسـەی کە ئەمڕۆ دەڵێت: (ئەو زەوقەی کە من لە مۆزارت وەریدەگرم گەلێ لەو زەوقـە بە نرختـرە کـە تۆ لە حـەیرانەکـانی ڕەسـوڵ گەردی وەریدەگری)، ئەو کـەسـە هیچ ڕاسـتـیـیـەکـمـان دەربارەی زەوقی هونەری بۆ ئاشکرا ناکـات، بەڵکو ئەم کـەسـە تەنیـا ئەوەمـان نیـشـان دەدات کـە بەچاوی مـۆدێرنیـزمـەوە تەمـاشـای زەوقی هونەری دەکـات، مۆدێرنیزم بەلووت بەرزێتی خۆیەوە شەرمی نییە، چونکە هەروەکـو یەکێ لە هەرە بەناوبانگتـرین بیـرمـەندەکـانی مۆدێرنیزم ناوی (تی.ئی. هۆڵم)ە دەڵێت؛ هونەرو ئەدەبی مۆدێرنیزم خۆیان بەدۆستی مرۆڤایەتی حسێب ناکەن(٦)

## مۆدێرنیزم، یان پیاوەكانی ساڵی ١٩١٤

گـەلێ جـار مـۆدێرنیـزم بە (پیـاوەکـانی سـاڵی ١٩١٤) دەناسـرێت، ئەمـە لەبەر ئەوەیە، چونکە زۆربەی زۆری هونەرمەندان و نووسەرانی ئەم بزووتنەوەیە بریتیبوون لە پیـاوانی گـەنجی بە ڕق لەو پیـاوە پیـرانەی کـە یەکـەم جەنگی جیهانییـان هەڵگیرساند. بۆ نووسەرانێک وەکو: دی. ئێچ. لۆرەنس و تی ئێس. ئێلیـۆت و ئێـزرا پاوەندو بەرنـارد شـۆ و چەندانی تر، ئەو شـەڕە بەڵگەی ئەوە بوو کـە لەمـەودوا دەبێ سـەرلەنوێ ژیان و بیـروباوەڕەکـان پێناسە بکرێنەوە. هەروەها ئەو شەڕە بوو بە هۆی کوشتن و بریندار بوون و ونبـوونی گـەلێ لەو گـەنجـانە. بۆیە لە چەند بارێکەوە سـەربوردەی مـۆدێرنیـزم بریتـیـیـە لە سەربوردەی یەکەم شەڕی جیهانی.

شـایانی باسـە ئەم شـەڕە بۆی دانرابوو بە یەکـجـاری کـۆتایی بەشـەڕ بێنێت. گـەلێ لە کـەسـایەتی بەریتـانی و فـەڕەنسی لەو بڕوایە دابوون، شەڕەکە دواڕۆژێکی گـەلێ خۆش و بەسوودی دەبێت بۆ هەموو گەلانی جیهان. ئا بەم شێـوەیە شـەڕ بۆ ڕزگـارکـردنی ئادەمـیـزاد لە شـەڕ بوو بە دروشمێک، جۆرەها وشە پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد، وشەی وەکـو قـوربانی، شـەرەف و بوێری، هەروەکـو ئەم پارچە هۆنراوەی ئێریک بلێر (پێش ئەوەی ناوی خۆی بکات بە جۆرج ئۆروێل) نیشانمان دەدات:

**ئەی لاوەکانی ئینگلستان، هەستن لە خەو**
**چونکە لە کاتێکدا کە نیشتمان پێویستی بە یارمەتییە**
**ئەگەر ئێوە بە هەزاران فریای نەکەون**
**بە ڕاستی ئێوە ترسنۆکن.**

ئەم پارچە هۆنراوەیە دەنگی ئەم دنیایە کۆنەیە کە دی. ئێچ لۆرەنس دەڵێت لە سـاڵی ١٩١٠دا کـۆتایی هات. هەروەک هۆنراوەکەی ئاشکرای دەکات، لەم دنیایە کۆنەدا ئەوەی پیاوی جاحێڵ بێت، دەبێ خاوەن غیرەت بێت و لە پێناوی وڵات ئامادە بێت خۆی بکات بە قوربانی، ئەگینا ئەو پیـاوە لەلایەن کۆمەڵەوە ڕیسوا دەکرێت و بە ترسنۆک لە قـەڵەم دەدرێت. واتە: ئەم هۆنراوەیە جـۆرە پێناسـە کردنێکی پیـاومان بۆ دەکات، پێناسەیەک کە لە کۆنەوە لەلایەن کۆمەڵەوە پەسند کراوە.

ئەم هۆنراوەیە، ئەگەرچی ناوی ئافرەت ناهێنێت، بەڵام بە وسکتی پێناسەی ئافرەتیش دەکات، واتە ئەگەر پیاو سەرچاوەی ئازایەتی و غیـرەت بێت، ئافرەت سەرچاوەی ترس و گـریانە، ئەگـەر پاراسـتنی نیـشـتـمـان ئەرکی سەرشانی پیـاو بێت، بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵەوە دەبێ ئەرکی سەرشانی ئافرەت بێت، ئەگەر پیاو خاوەن مێشک بێت، ئافـرەت خاوەن سـۆزە (عـاتیـفـە). ئەگەر شەڕکردن پیشەی پیاو بێت، ئەوا دڵدانەوە پیشەی ئافرەتە.

تێکسـتـە بێ دەنگەکەی ئەم پارچە هۆنراوەیە گـەلێ بە وردتر حـاڵی ئەم دنیـایە کـۆنەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە، چاکەو خراپەش بە ئاسانی دیارکراون.

خودا خـاوەنی ئەم دنیـایەیە. پاداشت و سزا لە دەستی خودایە، خوداش لە ڕێگای کۆمەڵەوە دەسەڵات دەگێڕێت. پیـاویان پیـاو گـۆتییـە، ژنیـشیـان ژن گـۆتییـە. هونەرمەند بەشێکە لە گەل، هونەر بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵە. دنیـای ڕاسـتی، ئەم دنیـایەیە کـە بەچاو دەبینرێت. زمـان بەبێ گومانەوە کارەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێ.

ئۆروێـل ئەم پـارچە هـۆنراوەی لە سـاڵی ١٩١٤دا نووسی، لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵک لەو باوەڕەدا بوون شەڕەکە زیاتر لە ساڵێک ناخایەنێت، بەڵام ساڵێک بوو بە دوو ساڵ، دوو ساڵ بوو بە سێ ساڵ، سێ ساڵ بوو بە چوار سـاڵ، شـەڕ وەسـتـانی نەبوو، لەوەش خراپتـر، تاکـو ئەوکـات ئەو شـەڕە لە هەمـوو شـەڕێکی دیکە خوێناویتـر

بوو:

ده ملیۆن کەس کوژران، ٢١ ملیۆن بریندار بوون . لە ساڵی ١٩١٦دا بەیەک ڕۆژ بەریتانیا شێست هەزار سەربازی لێ کوژرا. لەلایەکی ترەوە تێچووی ئەو شەڕە گەیشتە ٧٣٣ بلیۆن دۆلار، بە ملیۆنان خەڵک بوون بە دەرۆزەکەر و بێ دەرامەت، هەروەها ئەو شەڕە شێوەی شەڕکردنی گۆڕی: لە بەرامبەر تۆپ و چەکی ئۆتۆماتیکی و دەبابەو چەکی کیمیاویدا پیاو لە ئازایەتی کەوت، بە غیرەت و بێ غیرەت وەکو یەکیان لێهات. ئا بەم شێوەیە، شەڕی یەکەمی جیهانی کە بۆی دانرا بوو بە یەکجاری ئادەمیزاد لە شەڕ ڕزگار بکات و دوارۆژێکی بەختەوەری بۆ دابین بکات، ئەو شەڕە بەپێچەوانەوە، دنیایەکی هەتا بڵێی تاریک و پڕ لە هەژاری و غەم و پەژارەی لێ پەیدا بوو. ئەو شەڕە زۆر بەتوندی بناغەکانی دنیای کۆنی هێنا هەژان و هەموو جۆرە بیروباوەڕێکی خستە ژێر پرسیارەوە.

یەکێ لەو نووسەرانەی کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کوژرا، ناوی ڕۆبەرت گرەیڤس بەم شێوەیە باسی ژیانی ناو سەنگەر دەکات:

(هەموو شەوان دەچووین مردووەکانمان خڕدەکردەوە. گەلێ لە لاشەکان ئەستوور ببوون. زگی هەندێکیان شەقی بردبوو. لەبەر بۆن بۆگەنی گەلێکمان دەڕشاینەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگی دەموچاوی مردووەکان دەگۆڕان: لە سپییەوە بۆ سوور، لە سوور بۆ قاوەیی، لە قاوەیی بۆ سەوز، لە سەوزەوەش بۆ ڕەش.)(٢)

بەلای گەنجانی وەکو گرەیڤس، سەبەبکاری ئەم کارەساتە خوێناوییە ئەو پیاوە پیرانە بوون کە بە ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی دنیای کۆنەوە لە بارودۆخی دنیا دەگەیشتن. ئا بەم شێوەیە نەوەی نوێ بوو بە دوژمنی هەرە گەورەی نەوەی کۆن. یەکێ لەو شاعیرانەی ئینگلیز ناوی ولفرید ئۆوین کە لە ١٩١٨/١١/٤دا کوژرا، لەم بارەیەوە چاک دەدوێ و دەڵێت: بۆ ئەوەی هۆنراوە بتوانێ بە ڕاستی باسی شەڕ بکات، دەبێ خۆی لە وشە و زاراوەی پیاوانی پیر ڕزگار بکات و پشتی خۆی بە گوتاری ڕەق و هیشک و توندو نوێ ببەستێتەوە.

ئۆوین بە ئاشکرا دەیەوی زمانی هۆنراوە لە وشەی وەکو: شەرەف و غیرەت و ئازایەتی و قارەمانیدا بڕەوێتەوە، لە هۆنراوەکانیدا، لە باتی ئەم جۆرە وشانە، ئۆوین تەنیا ڕاستی ئاشکرا دەکات: فلان کەس دەستێکی نەما، فلان سەرباز هەردوو قاچی نەما، فلانە گەنج هەردوو چاوی نەما، دنیای شەڕ ئا بەم ڕەوشەیە، ئەرکی شاعیریش ئەم جۆرە ڕاستییانە بەرچاو بکات:

(٣) true poets must be truthful

واتە (...شاعیری ڕاستەقینە دەبێ ڕاستگۆ بێت.)

دوای ئەو شەڕە بە چوار ساڵ، تی. ئێس . ئیلیۆت بەشێوەیەکی گەلێک ڕەقترو ساردتر ئەم قسانەی ئۆوین دووبارە دەکاتەوە. لە بەشی یەکەمی هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا، بەناونیشانی The waste land واتە (خاکی کاول) دوو کۆنە سەرباز لەدوای شەڕەوە چاویان پێک دەکەوێتەوە. کە تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکەن زۆر دڵتەنگ دەبن: هەموو جێیەک بۆتە کاولگە. تەنیا پیرەکان هاتوچۆی لەسەر دەکەن و تام لە ژیان وەردەگرن.

بۆ هونەرمەندانی لاو، هۆنراوەکەی ئیلیۆت لە لایەک وەکو شۆڕشێکی هونەری بوو، واتە شۆڕشێک کە بە ڕەگەز و ڕوخسار form کارەکانی هونەری ئەدەبی دەخاتە گۆڕانەوە و لە لایەکی ترەوە وەکو سەرەتای دنیایەکی نوێ بوو، واتە دنیایەک کە تیایدا هەموو بیروباوەڕ و کردار و پێوەندییەک بەچاوی گومانەوە سەیر دەکرێت و لێی دەکۆڵدرێتەوە. دوو ساڵ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم چامەیە، شاعیرێکی ئینگلیزی گەنج بەناوی دەبلیو. ئێچ. ئۆدن کە ئەوکات قوتابی پۆلی یەکەمی زانکۆ بوو، ڕۆژێک ئەم پارچە هەواڵەی بە یەکێ لە مامۆستایەکانی خۆی ڕاگەیاند: (هەموو هۆنراوەکانی خۆم دڕاند.) مامۆستایەکە بە سەرسوڕمانەوە پرسی: (لەبەرچی؟) ئۆدن یەکسەر ئەم وەڵامەی پێ دا: (لەبەر ئەوەی گشت هۆنراوەکانم ڕۆمانتیکی بوون. ئەم جۆرە هۆنراوانەش بۆ ئەمڕۆ ناشێن.) کە مامۆستاکە داوای لە قوتابییەکەی کرد زیاتر قسەکەی ڕوون بکاتەوە، ئۆدن وتی: (دەبێ ئەمڕۆ ئیلیۆت بخوێنینەوە. ماوەیەکە من ئیلیۆت دەخوێنمەوە. ئێستاکە دەزانم بەچ شێوەیەک دەمەوێ هۆنراوە بنووسم.)

هەرچەندە لە بارێکەوە بۆ ئیلیۆت ئەم هۆنراوەیە بریتی بوو لە پرۆژەیەکی تایبەتی کە تیایدا هەوڵ دەدات هەندێ ئاسنی سارد بکوتێتەوە کە دژی زەحمەتییەکانی ژیانە، بۆ هونەرمەندانی گەنج ئەم هۆنراوەیە پەیامی گەیشتنی

جیهانێکی نوێی ڕاگەیاند (٥)
پێنج ساڵ دوای ئەم هۆنراوەی کە جۆرج ئۆرویل لە ساڵی ١٩١٤ دا نووسیبووی، خودی ئەم نووسەرەش، وەکو ئۆدن، بوو بە نووسەرێکی دیکە، ئەمەش نموونەیەکە لە قسەکانی ئۆرویلی گۆڕاو:
(... لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٨دا، خەڵکێکی لاو، بەتایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان لە چل ساڵ کەمتر بوو، گەلێ بە ڕق بوون لە پیرەکانیان، ئەو هەستە بەهێزەی دژی شەڕو چەکەمەنی کە لەناو کۆمەڵدا پەیدا ببوو، بوو بە هێزێکی بەهێزتر دژی هەموو جۆرە دەسەڵات و پیرۆزمەندییەک). (٦)
لێرەدا، هەروەکو وشەکانی ئۆرویل دیاری دەکەن، شەڕی یەکەمی جیهانی گۆڕانێکی ڕادیکالی لە ژیانی ئەورووپیدا کرد، هەم لە بارەی سیاسییەوە، هەم لەبارەی کۆمەڵایەتییەوە، هەم لە بارەی ئابوورییەوە. ئەورووپا بوو بە ئەورووپایەکی تر. لەگەڵێ وڵات ئافرەت مافی دەنگدانی پێ دراو ئەرک و مافەکانیان خرانە ناو گفتوگۆی ڕۆژانەوە. هەموو جۆرە بیروباوەڕێک هاتە هەژانەوە دنیای کولتووریش هەمان جۆرە گۆڕانی لێ پەیدا بوو.
بۆیە لەم هەڵوەستەدا دەتوانین بڵێین مۆدێرنیزم، بەو ڕەنگەی کە دەیناسین، بریتییە لە پرۆژەیەکی هونەری و ئەدەبی کە لەبەر سێبەری شەڕی یەکەمی جیهانیدا کاری کردووە و لەوەوە خۆی دەناسێنێت، بۆیە (پیاوەکانی ١٩١٤) بەکورتە مێژوویەکی مۆدێرنیزم حسێب دەکرێت.

## مۆدێرنیزم و داروینیزم

پەنجاو پێنج ساڵ پێش جەنگی یەکەمی جیهانی، چارلس داروین کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (ڕەچەڵەکی جۆرەکان- أصل الأنواع)ی بڵاو کردەوە. نووسینی ئەم کتێبە دوو ساڵی خایاند، لێکۆڵینەوەکەش پێنج ساڵ.
وەکو شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەم کتێبە یەکسەر بوو بە ڕووداوێکی گەلێ قووڵ و مێژوویی و پڕ لە پرسیار. دەورێکی گەلێ بەهێزی هەبوو لە بۆ لاواز کردنی بیروباوەڕەکانی کۆمەڵ، یەکێ لەم بیروباوەڕانە کە سەر بە مەسیحییەت بوو بەم شێوەیە مانای ژیانی چەسپاندبوو: پەیدابوونی دنیا بریتییە لە پرۆژەیەکی خودایی، لەم پرۆژەیەدا خودا بیری لە هەموو شت و بابەتێک کردۆتەوەو زۆر بە وردی و زۆر بە ڕێکوپێکی سەرەتاو دواڕۆژی هەر یەک لە ئەندامانی ئەم دنیایە دیارکردووە.
ئەوەی کە ئادەمیزاد سەرەدەری لێ دەرناکات، یاخود بەلایەوە کارێکی بێ مانەیە، بەلای خوداوە شتێکی ئاشکراو پڕ لە مانایە. واتە هەموو جۆرە مردنێک، هەموو جۆرە کارەساتێک، هەموو جۆرە ناخۆشییەک، یاخود هەموو جۆرە خۆشی و گۆڕانێک، ئەمانە هەموویان بەشێکن لەو پرۆژە خوداییە.
هۆنراوە بەناوبانگەکەی شاعیری ئینگلیزی ئەلفرێد تێنەسون (١٨٠٩-١٨٩٢) بەناونیشانی In Memoriam (بیرەوەری) نموونەیەکی چاکی ئەم جۆرە باوەڕەمان ئاراستە دەکات. لە دەسپێکی هۆنراوەکەدا تێنەسون زۆر غەمبارە لەبەر ئەوەی برادەرێکی گەلێ گەنج و خۆشەویستی بە مەلەوانی خنکاوە. دنیا لەبەر چاوی تێنەسون ڕەش بووەو نازانی چۆن دڵی خۆی بداتەوە. دێڕ لە دوای دێڕ تێنەسون هەوڵ دەدات لە هۆیەکانی ئەم تراجیدیایە بکۆڵێتەوە. لە نیوەی هۆنراوەکەدا و بەشێوەیەکی ناکاو، تێنەسون پرسیارەکانی ئاراستەی خودا دەکات و بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت، ڕێگا بە ئایدیۆلۆژییەتی مەسیحییەت دەدات مانای ئەم ڕووداوەی بۆ ئاشکرا بکات.
ئا بەم نزمە تێنەسون دڵی خۆی دەداتەوە:
هەموو مردنێک کاری خودایە، خودا لە کاری خۆی دەگات، بەبێ خودا ژیان شتێکی بێ مانایە، خودا بەردەوام دەزانی چ جۆرە پرۆژەیەکی لە بەردەستە، چاک دەزانێت بۆ مردن و لە دایکبوون ڕوو دەدەن، کێ گوناحبارەو کێ بێ خەتایە، لێرەدا مەسیحییەت ڕووداوەکانی دنیا دەکات بە ڕووداوی پڕ لە ماناو بەم ڕێگەیە یارمەتی یەکێکی وەکو تێنەسون دەدات، تا غەم بەلاوە بنێت و دڵی خۆی خۆش بکات بەو ڕۆژەی کە تێیدا لە دوای مردنەوە بەدیداری برادەرەکەی خۆی شاد دەبێتەوە.
مەبەستی داروین ئەوە نەبوو زەرەر بەم جۆرە دنیایە بدات کە بەر لە سەدان ساڵ مەسیحییەت سازی کردبوو، بە پێچەوانەوە، داروین مرۆڤێکی شەرمن و بێ دەعیە بوو و بە ڕق نەبوو لە ئایین. زۆربەی یەکشەممان سەردانی کڵێسای دەکرد. مەبەستی داروین ئەوەبوو هەندی شت بە

ڕێگای زانستەوە ڕوون بکاتەوە: بۆ نموونە، لەبەر چی لەناو سروشتدا ٦٠٠٠ ساڵ وەکو شەش دەقیقەیە، لەبەر چی هەندێ ئاژەڵ ملیان گەلێک درێژە، لەبەرچی هەندێک لە شێوەکانی ژیان قڕانیان بۆ دێت، لەبەرچی چەند شێوەیەکی تر بەتواناتر دەبن و زیاد دەکەن.

داروین ناڵێت خودا هەیە یان نییە، بەڵام ئەم بەڵگانەی کە دەیدات، دەسەڵاتی ئایینی بەلاوە دەنێن و دنیا لە پرۆژەیەکی خوداییەوە دەکەن بە پرۆژەیەکی سەر بە سروشت. لەم بارەیەوە تۆماس هێنری هەکسلی دەڵێت: لە دوای کتێبەکەی داروین دنیا وەکو خۆی نەما، چونکە ناوبژی کردن لە نێوان مێشکی سەربەست و دەسەڵاتی ئایینی بوو بە شتێکی مەحاڵ، دەبێ لایەک بۆ لایەکی تر دابیبنی:

one or the other will have to succumb.

بۆ بەرتراند ڕەسل، گرنگی داروین لەوە دابوو کە ڕێگایەکی بۆ ئادەمیزاد دۆزیبیەوە بۆ ئەوەی بەیەکجاری خۆی لە دیکتاتۆرییەتی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی خوداییەوە ئازاد بکات:

the tyranny of all non - human power. (٢)

بۆ بێرت جەیمس لۆوینبێرگ، داروین شۆڕشێکی مێشکسازی هەڵگیرساند و دنیای کۆنی لە ڕەگەوە دەرهێنا. (٣)

واتە لە بارەی ژیانی کولتوورییەوە، داروین دنیایەکی نوێی بۆ هونەرمەندو ڕۆشنبیران سازکرد، دنیایەک کە تێیدا سروشت، نەک ئایین، وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

بەڵام بەپێچەوانەی دنیای ڕابردوو، ئەم دنیایە نوێیە لە توانایدا نییە دڵی هیچ کەسێکی غەمبار بداتەوە، بەتایبەتی بەم شێوەیەی کە دنیای کۆن دڵی تێنەسونی داوە.

دنیای داروین بەسەرێک خەڵک ئازاد دەکات لە ژێر دەسەڵاتی خوداییەوە، بەڵام بە سەرێکی دیکەوە داوای نرخێکی گەلێ گران دەکات بۆ ئەم ئازادییە. ئایین سەری دێشی بۆ دڵدانەوە، بەڵام زانست دەست بەسراوە بەرامبەر پەژارەو تاڵی، بۆ هەندێ کەس دنیای داروین دنیای خۆشی و سەربەستییە ، بۆ هەندێ کەسانی تریش سەر لێ شێوان و دڵتەنگییە.

لەم بارەیەوە بەرناردشۆ قسەیەکی بەسوود دەگێڕێتەوە. لەدوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی داروین بە ٢٥ ساڵ، بەرناردشۆ شاری دەبلنی بەجێهێشت و لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوو، لە هەموو لایەکەوە بە چاکی و بەخراپی باس باسی داروین بوو، ئێوارەیەک بەرناردشۆ دەچێت بۆ ئاهەنگی زەماوەندی برادەرێکی خۆی، کە دەگاتە شوێنەکە یەکسەر واقی وڕدەمێنێ: کۆمەڵە پیاوێک خەریکن دەمکوتی پیاوێک بکەن کە چۆتە سەر مێزێک بۆ ئەوەی چەند قسەیەک بکات. پیاوەکە ڕادەکێشنە خوارەوە و بەپاڵ ڕەوانەی ژوورێکی تری دەکەن. یەکێ لە پیاوەکان ڕوو لە بەرنارد شۆ دەکات و دەڵێت: (داروین لە مێشکی ئەم کابرایە دایە.) دەڵێ ئەم کابرایە خەریک بوو کاتژمێرەکەی لە گیرفانی دەرخا و بڵێ (ئەی خودا، ئەگەر هەی بۆم بیسەلمێنە، بە یەک دەقیقە لە کۆڵم بکەوە.)

کابرایەکە بە بەرنارد شۆ دەڵێت: (چا نەبوو نەمانهێشت): بەرنارد شۆ یەکسەر کاتژمێرەکەی خۆی دەردەکات و دەڵێت: (لەبەر ئەوەی ئەم هاوولاتییە ڕێگای پێ نەدرا تاقی کردنەوەکەی خۆی تەواو بکات، پێویستە من بۆی تەواو بکەم.) (٤)

بەرنارد شۆ ناهێڵێت مشەوەشییەکە توندتر بێت، یەکسەر بابەتەکە دەگۆڕێت و خەڵکەکە دەگەڕێنێتەوە سەر مەسەلەی زەماوەندەکە.

هەروەکو ئەم هەڵوێستەی بەرنارد شۆ نیشانمان دەدات، داروینیزم گەلێ بەخێرایی خۆی لەناو دنیای کولتوورەوە چەسپاند. لە بواری ئەدەبیشدا، داروینیزم یەکێ لە ڕێچکە سەرەتاییەکانی مۆدێرنیزمی لێ پەیدا بوو کە بە ناچرەلیزم دەناسرێت. لەناو دنیای ئەم ڕێبازەی ئەدەبدا دەسەڵاتی سەرەکی لە دەست ئادەمیزاد نییە، بەڵکو لە دەست سروشت و مێژوو و بایۆلۆجی و بارودۆخی ژیانە واتە ئادەمیزاد چی بەسەر دێت، یاخود چ جۆرە مرۆڤێکی لێ پەیدا دەبێت، یاخود دوارۆژی چۆن دەبێت، ئەم پرسانە بەگوێرەی ناچرەلیزم لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئادەمیزادن. ئادەمیزاد وەکو دیلێکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی جۆرەها بارودۆخ: لە لایەکەوە چۆنیەتی گەورەبوونی لەناو ماڵ و کۆڵان و شارو کۆمەڵ و پێوەندییەکانی بایۆلۆجی لەگەڵ باوک و دایکیدا، لەلایەکی ترەوە ڕەوشی مێژوویی و

سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم چەرخەی کە لە ژێریدا هەوڵ دەدات ژیانێک بۆخۆی پەیدا بکات. لەبەر ئەوەی سروشت نەیکردۆتە عادەت زگی بەهیچ لایەک بسووتێت، لەناو دنیای ناچرەلیزمدا بەهێزو بە توانا سەردەکەون و شێوەی ژیان و سروشت دەگۆڕن. بێ تواناو لاوازیش دەکەونە ژێرەوە و بەلاوە دەنرێن.

لەلایەکەوە، ئەم دنیایەی داروین بوو بە سەرچاوەی دڵتەنگی و بێ هیوایی و بێ ئارامی بۆ گەلێ لە هونەرمەندان و نووسەران، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە دنیای کۆندا ڕاهاتبوون و ئامادە نەبوون دەسەڵاتە ئایینییەکان بخەنە ژێر پرسیارەوە.

یەکێ لەمانە ڕۆماننووسێکی ئینگلیزی بوو بەناوی جۆرج گیسینگ کە دەڵێ: دنیای داروینیزم (مێشکی پیاو تاریک دەکات و دڵی ڕەق دەکات و جوانی و سادەیی ژیان تێک دەدات).(٥) لە وەڵامدانەوەی ئەم قسەیە، داروینیزم دەڵێت بە هیچ شێوەیەک ژیانیش سادە نەبووەو سادە نابێت.

لە بەرەیەکی تردا، چەندەها نووسەر و هونەرمەندی دیکە بەپێچەوانەی گیسینگەوە تەماشای ئەم دنیایە دەکەن. ئەم نووسەرانەی وەکو: تۆماس هاردی و جۆرج مێرەدیپ و ئەی. ئێس. سوینبێرن و سامۆیل بەتلەر و بەرنارد شۆو چەندانی تر، دەڵێن ڕاستە بەتێکچوونی دنیای کۆن ئادەمیزاد تووشی مەترسی و ئاڵۆزی بوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا داروینیزم جۆرەها شیمانەی possibilities نوێی هێنا مەیدانەوە.

بۆ ئەم مەبەستە بەرنارد شۆ بە نزیکی، دووساڵی تەرخان کرد (١٩١٩- ١٩٢١) بۆ ئەوەی لە مەسەلەی داروینیزم بکۆڵێتەوە. بەرنارد شۆ داروینیزم وەسف دەکات بە تاکە ئایینی دنیای نوێ، بەڵام یەک عەیبی سەرەکی تێدا دەبینرێت: ئەم ئایینە شوێنێکی نییە بۆ هیوا. بەرنارد شۆ لێرەدا چاک ئاگادارە بێ هیوایی ژیان دەکوژێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دوای داروینەوە چیتر لە توانای ئایینە ئاسمانییەکان نییە هیوا بە خەڵک ببەخشن، پێویستە لەمەودوا لەناو داروینیزم جێگایەک بۆ هیوا بدۆزرێتەوە، بەڵام چۆن؟ بەم شێوەیە: بەرنارد شۆ مردن حساب دەکات نەک کۆتایی، بەڵکو بە ڕووداوێک کە بەهۆیەوە ژیان لە ڕووی بایۆلۆجییەوە بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، واتە ژیان لەناو سروشتدا هەتا دێت بەهێزو بەتواناتر دەبێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە زەحمەتترین و ئەستوورترین درامای بەرنارد شۆی لێ پەیدا بوو، پێنج دراما لەناو یەک بە ناونیشانی back to Methuselah (بگەڕێنەوە بۆ مەثوسەلە) واتە بۆ کورەکەی ئینۆک کە بەگوێرەی ئینجیلەوە تەمەنی گەیشتۆتە ٩٦٩ ساڵ).

لەم درامایەدا، بەرنارد شۆ دنیایەکی داروینی دروست دەکات، پڕ لە جووڵانەوەو گەشەدان، دنیایەک کە تێیدا بە یارمەتی هێزی ژیانەوە تەمەنی ئادەمیزاد دەگاتە ٣٠٠ ساڵ و بۆی هەیە زیاتریش بژێت. واتە لێرەدا تەمەن زۆری دەبێتە جێگری هیوا و ئەرکەکانی جێ بەجێ دەکات. ئا بەم شێوەیە بەرنارد شۆ هەوڵ دەدات بناغەیەکی فەلسەفی پێک بێنێت بۆ ئەوەی جارێکی تر هیوای بێنێتە ناو ژیانەوە.

لە بەشی یەکەمی ئەم درامایەدا چاومان بە ئادەم و حەوا دەکەوێت. ئادەم گەلێ لە خۆی بە ڕقە، چونکە ڕای لە دەموچاوەکەی نییە. ئادەم بەردەوام دەنووزێتەوە: (من دەمەوێ جیاواز بم، دەمەوێ باشتر بم، دەمەوێ لە نووژەنەوە دەست بەژیان بکەمەوە، جارێکی تر یان دوو جاری تر، دەمەوێ وەکو مار کراسەکەم دابدڕم و کراسێکی دی لەبەر بکەم.) (٦)

ئادەم لە ژیان دەترسێت و لە توانایدا نییە بەهیچ شێوەیەک سەرەدەری لە دنیای داروینیزم دەربکات. ئەم بارودۆخە دڵی ئادەم توند دەکات، یان هەروەکو خۆی دەڵێت: (لای من ترس لە هیوا بەهێزترە) (٧) وەکو ئێمە، ئادەم لە ژیان بەترسە، چونکە ئەوەی کە جاران بەیارمەتی ئایینەوە لە ژیاندا مسۆگەر بوو، ئێستاکە مسۆگەر نییە. ئادەم دنیایەکی مسۆگەری دەوێت.

بەپێچەوانەی ئادەمەوە، کە حەوا تەماشای دنیا دەکات لە هەموو لایەکەوە نیشانەکانی هیوا دەبینێت بۆ حەوا خۆشی دنیا لەوەدایە کە دوارۆژەکەی مسۆگەر نییە، دوای ئەوە کە هەردووکیان نزیکەی هەزار ساڵ پێکەوە دەژین و دەگەنە سەدەی بیستەم، حەوا بە پێویستی دەزانێت هەردووکیان واز لە مجێوراتی ژیان بهێنن واتە بمرن، ژیان بدەنە دەست پیاو و ژنێکی تر کە چاکتر لە خۆیان، سروشت ئامادەی کردوونە بۆ ژیانی سەدەی بیستەم.

بۆ بەرنارد شۆ ئەم جۆرە گۆڕانە بە بێ مانا ڕوو نادات، بەڵکو بریتییە لە پرۆژەیەکی بایۆلۆجی پێویست کە

بەهۆی هێـزی ژیانەوە ڕوو دەدات. ئادەم لەم کێـشـەیەدا سەری دەرناچێت لەبەر ئەوەی نیـمچە گێل و دڵتەنگە، بەڵام حەوا چاک لەم مەسەلەیە دەگات، چونکە دەزانێت ئێستا و ڕابردوو دوارۆژ پێکەوە بەستراون و بەگوێرەی هێزی ژیانەوە کاردەکەن، بەڵام بۆ درامانووسی ئەمریکی یوجین ئۆنیل ئادەمیزاد هەرچەندە هەوڵ بدات، بۆی نییە بتوانێت لەنێو بازنەی ناچڕەلیزمەوە خۆی ڕزگار بکات. بۆ ئەم مەبەستە، لە دراما بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی (گەشتێکی دوورو درێژ لە ڕۆژەوە بۆ شەو) ئۆنێل ژیان دەکات بە جۆرە گەشتێک کە لە ڕووناکییەوە دەست پێ دەکات و لە تاریکیدا کۆتایی دێت، واتە گەشتێک کە تێیدا سوکان لە دەست ژیانە، نەک لە دەست ئادەمیزاد .

ئۆنیل ئەم درامایەی لە ساڵی ١٩٤١دا تەواو کـرد، بەڵام ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ یەک ڕۆژ لە ساڵی ١٩١٢دا. تیایدا ئۆنیل خێزانێکمان نیشان دەدات کە لە گەلێ بارەوە لە خێزانەکەی باوکی دەچێت: باوک و دایکێکی پیـرو دوو کـوڕی جـاحـێڵ وەکـو زۆرێک لە باوکـان، باوکـەکـەی کـوڕەکـانی بەدڵ نیـیـە، چونکە یەکێکیان لە سی ساڵی تێپەڕاندووە و ئەوی تر بیست و یەک ساڵە، هەردووکیان بێکارن. وەکو زۆربەی کوڕان، کوڕەکانیش ڕایان لە دایک و باوکیان نییە. بەلایانەوە باوکـیـان گەلێ ڕەزیلەو دایکیـان گەلێ بە پرتە پرتە. دایکەکە، مێری، وەختە لە دەردی پیـری شێت بێت. بەردەوام دەستـەکـانی دەلەرزن و چاوەکـانی تەمـاشـای بۆشایی دەکەن. باوکەکەش، جەیمس تارۆن هەوڵ دەدات بەیارمەتی وێسکییەوە خۆی لە دڵتەنگی قورتار بکات. کوڕە گچکەکەیان ئێدمەند نەخۆشی سیلی هەیەو دنیای لەبەر چاوی تاریک بووە.

هەرچەندە ئەمـریکی بوو، ئۆنیل شـارەزایەکی چاکی هەبوو لە نووسینەکانی مارکس و فـرۆید و داروین و شۆپنهاوەر و بەرناردشۆ و ئیبسن و چەندانی تر لە نووسەرانی ئەورووپی و بە ڕێگای ئەمانەوە ئۆنیل جێگایەکی بۆ خۆی کردەوە لە نیو مۆدێرنیزمی ئەمریکی. ئۆنیل بڕیاریدا ناچڕەلیزم لەگەڵ مەبەستەکانیدا دەگونجێن چاکتر لە شێوەکانی تری مۆدێرنیزم.

دنیای ناچڕەلیزمی ئەم درامایە هەتا بڵێی تاریکە. تیایدا، ڕابردوو یا سروشت یان ژیان، ژیانی لەم خێزانە تاڵ کردووە. هەمـوو ئەندامەکان هەست بەوە دەکەن هیچ چارەیەکیان نییە دژی ئەم هێزە تاریکەی کە لەناو گوتاری ناچڕەلیزمدا بەژیان دەناسرێت.

هەروەکو دایکەکە دەڵێت:

(هیچ کەسێک لە ئێمە توانای گۆڕینی ئەم شتانەی نییە کە ژیان بەسەرمانی هێناوە. ئەم شتانە ڕوودەدەن پێش ئەوەی ئێمە ئاگاداریان بین و لەدوای ئەوەی کە ڕوو دەدەن، ئەم شتانە وامان لێدەکەن شتی تریش بکەین، تاوەی لێدێت هەموو شتێک دەبێتە کۆسپێک لە نێوان خۆمان و ئەم جۆرە کەسانەی کە دەمانەوێ ببین. ئا بەم شێوەیە بەیەکجارەکی ڕاستەقینەی خۆمان لێ ون دەبێت.)(٨)

لەدوای ئەم قسەیە، مێری کەمێک ڕادەمێنێت و بە مێردەکەی دەڵێت:

- (جەیمس! ئێمە یەکترمان خۆشویستووە. هەموو کاتێک یەکترمان خۆش دەوێت. قەد نابێ ئەمە لەبیر بکەین. پێویست ناکات هەوڵ بدەین لەم شتانە تێبگەین کە لە تواناماندا نییە لێیان بگەین... ئەم شتانە کە ژیان بەسەرمانی هێناوە لە تواناماندا نییە نەتێیان بگەین نە بیانگۆڕین.) (٩)

واتە لێرەدا بۆ مێری دنیای داروینیزم / ناچڕەلیزم دنیایەکی گەلێ تاڵە، چونکە ئادەمیزاد کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ژیانەوە و ژیان ناهێڵێت بەهیچ شێوەیەک ئادەمیزاد لە ڕێگای ژیانەوە دەربچێت.

ئا بەم شێوەیە ئۆنیل، بە پێچەوانەی بەرناردشۆ، بێ هیوا دەمێنێتەوە و ناتوانێت تاڵاتی ژیان بەلاوە بنێت. دیسان بە پێچەوانەی بەرنارد شۆ، بۆ ئۆنیل دنیای ناچڕەلیزم ڕێگای پێکەنینیش نادات، لەباتی ڕابردوو لە بیـر بکرێت، دەبێت بە حازرەکی. هەروەکو جارێکی تر مێری دەڵێت:

(ڕابردوو ئێستاکەیە، وانییە؟ هەروەها ئاییندەشە. ئێمە هەموومان هەوڵ دەدەین خۆمان لە ڕابردوو ڕزگار بکەین، بەڵام ژیان لێ ناگەڕێت.)(١٠)

ئا بەم شێوەیە، لەنێو دنیای ناچڕەلیزمی ئۆنیلەوە، ئەگەر ئەمڕۆ مێری دڵتەنگە، ئەمە لەبەر ئەوەیە ژیان ڕێگای پێ نەداوە ببێت بە مۆسیقارێکی کلاسیکی. لەباتی ئەوە، ژیان مێری کرد بە ژنی ماڵەوەو دایکی دوو کوڕی بلح. ئەگەر ئەمڕۆ تایرۆنی مێردی کابرایەکی پارە پەرستە، ئەمە لەبەر ئەوەیە ڕابردووەکەی پڕ لە هەژاری و

چەوسانەوە بووە. ئەگەر ئیمرۆ ئێدمەند گاڵتە بەخوداو ژیان دەکات، ئەمە لەبەر ئەوەیە نەخۆشییەکەی بێ ئاواتی کردووە، هەروەها ئەمە لەبەر ئەوەیە ئێدمەند چاک دەزانێت سروشت بەلاوازی پێکی هێناوەو ڕێگای گەشەکردنی لێگرتووە، بۆیە ئێدمەند بە باوکی دەڵێت:

(لەدایکبوونی من هەڵەیەک بوو. من لە ژیاندا سەرکەوتووتر دەبووم، ئەگەر ماسییەک یان باڵندەیەکی ماسیگر بام.) (١١)

**1**

**1- D.H. Laerence, Selected Literary Criticism, ed. Anthony Beal (London: Heinemann, 1956), P.266.**
**2- Virginia Woolf, "Mr Bennet and Mrs Brown" (1942), reprinted in Collected Essaya, volume I (London: Constable, 1966), p.321.**
**3- August Strindberg, Miss Julie (1889), (New York: Dover,1992), p. xii.**
**4- Herbert Klee. Cited in Modernism: A Guide to European Literature. Ed. Malcolm Bradury and James MeFarlane. (London: Penguin, 1991), p.48.**
**6- T.E. Hulme, "Romanticism and Classicim," in Speculations: Essaus on Himanism and the Philosophy of Art (London: Routledge, 1994), pp.188, 126, 132.**

**2**

**1- George Orwell, quoted in Peter Stansky and William Abrahams, The Unknown Orwell (London: Constable, 1973), p.61.**
**2- Robert Grabes, quoted in paul Fussell, The Great War and Mondern Memory (Oxford University Press, 1975), pp. 25-7.**
**3- Ibid., pp. 75-6.**
**4- Nevill Coghill, "Sweeny Agonistes," in Richard March and Tambi Muttu, eds.,T.S.Eliot: A Symposium (London: Editions Poetry, London, 1948), p.82.**
**5- Quoted in Valerie Eliot, ed., The Waste Land: Facsimile and Transcript of the Original Drafts (London: Faber & Faber Orwell, The Road to Wigan Pier (London: Gollancz, 1937), pp.170-71.**

**3**

**1- Thomas Henry Huxley, cited in Malcolm Bradbury and James Mcfrlane, eds., Modernism 1890-1930. (Jarmondsworth: Penguin, 1974, 1974). p.95.**
**2- Bertrand Reussell, cited in Michael Lebenson, A Genealogy of Modernism (Cambridge: Cambridge University Press, 1984), p.127.**
**3- Bert James Loewenberg, ibid., p.89.**
**4- George Bernard Shaw, Shaw on Theater, ed.  E.J.West (New York: Hill and Wang, 1958), p.220.**
**5- George Gossing, cited in Malcolm Bradbury and James MacFarlane, eds., Modernism 1890-1930. (Harmondsworth: Penguin, 1974),p. 35.**
**6- George Bernard Shaw, Back to Methuselah (London: Constable, 1945), pp.18-19.**
**7- Ibid., pp. 25-6.**
**8- Eugene O'Neill, Long Bay's journey Into Night (New Haven: Yale University Press, 1967), p.22.**
**9- Ibid., p.45.**
**10- Ibid., p.61.**
**11- Ibid., p.78.**

# بیستیاری و بینیاری چاو و گوێ

سەلاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵاند)

چۆن دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ئایا ئەم کولتووره کولتووری چاوه یان کولتووری گوێیه، چۆن دەتوانین بەو ئەنجامه بگەین ئایا ئەوانەی بە چاو دەیانبینین و ئەوەی بە گوێ دەیانبیستین بەشێکن لەو کولتوورەی کە مرۆڤایەتی لێ پێکدێت؟ یان بە چ شێوەیەک بەو ئامانجه دەگەین کە بزانین کام لە ڕووداوه مێژووییەکانی دەوروبەرمان چاو و گوێ تێیدا بەشدار بووه و بە چ شێوەیەک ئەو دەرئەنجامەمان لا دروست دەبێت کە بزانین چ ڕاستییەک سەرچاوەکەی چاو و گوێیه؟ چۆن بزانین کامیان ڕاستترن، بینراوەکان یان بیستراوەکان؟ پێش ئەوەی وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانه بدەینەوە، پێویسته بە وردی لە بنەچه و سەرەتاکانی پێکهاتەیی ڕوانین و بیستن ورد بینەوە. بڕێکی زۆر لە لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە ڕێکن کە بینیاری پێش بیستیاری هاتووە، ئەوان بۆ بەڵگەی ئەم قسەیه پەنایان بردووەتە بەر دیاردەکانی چاو و ئەو شتانەی لە پێوەندی بەردەوامدا بوون لەگەڵ چاودا، هەر بۆ نموونه پێش سەرهەڵدانی زمان و دواندن مرۆڤ شێوازی ئاماژەو دواندنی ئاماژەیی لەگەڵ یەکتریدا بەکار هێناوه، واته پێش ئەوەی مرۆڤ هەر کارێکی کردبێت بۆ دەربڕین بزووتنی بەکار هێناوه، ئەمەش لەگەڵ چاودا پەیوەست بووه، واته مرۆڤ بە بینین ئەو ئامـاژانه توانیویێتی لە یەکتری بگات، ئەو شێوه ئاماژانەش لە کۆمەڵگایەکەوه بۆ یەکێکی تر گۆڕاوه، لای کۆمەڵگایەک شێوەکانی ئاماژەیی جەستەیی بووەو لای کۆمەڵگایەکی تر ئاماژه هەستییەکان بووه، لە بابەتی بەکارهێنانی چاو و هەناسه و هەست و سۆز.

یەکەمین مرۆڤ بۆ ئەوەی گوزارشت لە ناخی خۆی

بکات پەنای بردووەتە بەر وێنە [یان نیــــشـــــانە وێنەییــەکان]، واتە یەکـەمین مـرۆڤ بە وێنە هەوڵیـداوە پرســیـار لە خـۆی بکات، یەکـەمین مـرۆڤ بە شـێـوە و هێـڵـەکـان هەوڵی ترسـاندنی دوژمنەکـانی خـۆی داوەو نێچیرەکانی خۆی ڕاوکردووە، لەبارەی ژیان و سروشت و بوونەوە هەوڵی پێکهێنانی بۆچوونێکی داوە، مـرۆڤ کە چاوی کـردۆتەوە شـێــوەی بینیــوە نەک بیــستن. گــەر بیستبێتیشی ئەوەندەی شێوەکان کاریگەرییان لەسەر داناوە، ئەوەندە دەنگەکان دایاننەناوە، مرۆڤی سەرەتایی لەسەر ئەشکەوت و مەنزڵگەکانی نیشانەی ئەو دڕندانەی کێشاوە کە لێی ترساون، یان وێنەی ئەو گیانلەبەرانەی کێشاوە کە پیرۆز و بەردار و پڕ بەرەکەت بوون وێنەکانی دروست کــردوون و هەڵیـگرتوون، بۆیە شـێــوەو وێنە و پێوەندییەکانی بینین و چاو و بینیاری بۆ مرۆڤ سەرەتای دەســتــپــێکردنی پێــوەندی بووە، ژمــارەیەکی زۆر لەو ســەرچاوانەی کــە باس لە مــرۆڤی ســەرەتایی دەکــەن، هەمیش هەڵسوکەوت و ئەو شتانەیان لێ دەگێڕنەوە کە ڕوویانداوە، هەر لە پێوەندییە بینیارییەکانییەوە تا ئەو کردارە بینیارییانەی کە کردوونی و ئەنجامیداون.

کەواتە مرۆڤ لە چاوەوە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی زیاتر لەم ڕاستــییــە دڵنیـابین بۆ شارسـتـانییـە کۆنەکـان دەگـــــەڕێینەوە واتە پێش ســــــەرهەڵـدانی ئـایینـە ئاسـمـانییــەکـان. گـەر بڕوانینە زۆربەی شـارسـتـانییـە کـۆنەکـانی سـەردەمی ئینکا و سـۆمــەر و مـیــسـری و بابلییەکان دەبینین ئەو سەردەمە مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ شــتــە بینیــارییــەکــاندا ســەرقــاڵ بووە، واتە بەردەوام هەوڵیداوە شێوە بە هەموو شتێک ببەخشێت، زۆربوونی نەخش و نیگار لە پەرستگا و لە نێو کۆشک و لەسەر ڕێگا و ڕازاندنەوەی بێشوماری ساختمان و بونیادەکان وایانکردووە چاو لە پێوەندییـەکی بەردەوامدا بێت، ئەو بەردەوامییەی کە پێی دەوترێ گۆڕینەوە، واتە چاو هەروا لە خــۆیەوە و بە بێ مــەبەست تەمــاشــای ئەو دیمەن و نەخشــەو وێنانەی نەکردووە، بەڵکو لەگەڵیـدا هەست و بڕواو سـۆزی گـۆڕیوەتەوە، واتە بەردەوام لەگـەڵیـاندا لە دایەلۆگی چاودا بووە، چاو بۆ تەمــاشــاکــردنی ڕووت پێوەندی دانەمەزراندووە، بەڵکو پەیامێکی گەیاندووە و پەیامــێکی دیکەی وەرگـــرتووە، هەر بۆیە مـــۆدەی کۆشکەکانی سۆمەر و دانانی ڕێگاوبان و بیرکردنەوە لە نوێترین شێوەکانی بونیادسازی و بونیادنانی باخچەی بابل و ئەهرامەکـانی میسر و سێ کوچکەکانی ئینکا بۆ ئەوە بووە تا مرۆڤ بەردەوام چاوبڕکێیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوە بووە تا مـەسـەلەی بینین و ڕوانین و مـەوداکـانی تەماشاکردن دەوڵەمەند و بەرفراوانتربێت، بۆ ئەوە بووە تا مرۆڤ لە جوانی شێوەکان تێر بێت و چێژی لێ ببینێت، تەنانەت جوانکردنی پەرستگاکان بۆ ئەوە بووە تا جوانی و قــەشــەنگی بە خــواو پەروەردگــار بدەن، لە هەمــان کاتیشدا بۆ ئەوە بووە تا ڕۆحی مرۆڤ لە جوانییـەکانی ئەو هەموو دیمەنانە تێر بێت، بۆیە ئەوەی لەو سەردەمەدا ڕوویان دەدا هەوڵ بووە بۆ دەوڵەمـەندکـردنی لایەنەکـانی بینین، هەر خودی شارستانییەکانی ئەو سەردەمە دێرینانە بەو هەمـوو جـوانیـانە ناو و ناوبانگیـان بە دنیـادا بڵاو دەکردەوە، هەر خودی هەوڵی شاو پاشاکانی ئەو سەردەمە بۆ ئەوە بووە تا مەزنترین و گەورەترین و نایابترین شێوە بە مەملەکەتەکانیان ببەخشن، ڕاستە لە ناخی ئەو شتە جوانانەشدا گەلێک شتی ناشرین ڕوویان دەدا لە بابەتی چەوساندنەوە و کوشتن و سەرکوتکردن، بەڵام مرۆڤ بە سیـحری تەمـاشـاکـردنیـان ئاگـای لەو هەمـوو تراژیدیانە نەدەما، بۆیە ئەو سەردەمەش لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێ شێوە و نەزمی ڕوانینی هێنابوو، هەر لە شــێـــوە و دیمەن و مەوداکـان تا گۆڕینەوەی ڕوانینەکان. پاش سەرهەڵدانی زمـان و گـەشـەکـردنی شـارسـتـانییـەکـان مـرۆڤ ئەو شـێــوازانەی بەکـاردەهێنا کـە گـەشـەکـردووتر بوون لە تۆمــارکــردنی ســەر ئەشکەوت و شـێـوەکـانی دڕندە و پەلەوەڕان، پەنای بردە بەر هەڵکەندن و پەیکەر کــــە ئەمـەش قـۆناغـێکە تێـیـدا بەرجـەسـتـەبوون دەست پێ دەکـات، واتە بەرجـەسـتـەبوونی دیمەنەکـان لە شـێـوەکـانی لاساییکردنەوەی فیگۆرەکان.

**بەرجەستەبوون**

دەتوانین بەرجەستەبوون لە لای مرۆڤ لە چەند قۆناغ و چەند حاڵەتێکدا کۆ بکەینەوە:

یەکەم: بەرجەسـتـەبوونی شێوە زەینییـەکان لە شێوەی ماتەریالیدا.

دووەم: بەرجەسـتـەبوونی شـێـوە مـاتەریالیـیـەکـانی لە شێوەی دیکەدا واتە لە پێوەندی و خواپەرستیدا.

سێیەم: بەرجەستەبوونی پێوەندییەکان لە هەڵسوکەوتی ژیاندا.

کە دەڵێین بەرجـەسـتـەبوون، واتە گۆڕانکارییـەکـان لە

شـێـوەی بینین و ڕوانیندا، مـرۆڤ لە سـەرەتادا شـێـوەی دەبینی و لاسـایی دەکـردەوە، بەڵام پاشـان ئەم بینینانە دەبوون بە بابەت و هەست، لە نێـــو زەینیدا شێوەیەکی پێ دەبەخشین، ئەو شێوەیەش وردە وردە بۆ شـێـوەیەکی تر دەگـــۆڕان کـــە بە زۆری لە کـــاری هونەرمەنداندا ڕەنگیـان دەدایەوە. شێـوەکـانی مـرۆڤ لە شێوەی نامەئلوفدا ڕەنگیان دەدایەوە وەک وێنەی مرۆڤ بە کەللەسەر شێر و بەسەر مرۆڤ، بە لەش گا و بە سەر مرۆڤ، مرۆڤ لە شێوەی مار و شێـر و گورگ و.. تاد. هەموو ئەم دەربڕینانە ڕەنگدانەوەی زەینی مرۆڤ بوون، بە پێی قـۆناغـەکـان گـۆڕانیـان بەسـەردا هاتووە، لە وێنە بەجێماوەکانی ئەشکەوتەکانی فەرەنسا هونەرێک هەبوو پێی دەوترا هونەری ئەشکەوتەکـان بە هۆی ئەو هەمـوو وێنانەی لەسەر دیواری ئەو ئەشکەوتانە دەکران، هونەری بالیـولیت کە بە چەند قـۆناغـێکدا دابەشکراوە باس لە تواناکانی مرۆڤ دەکا لە دەربڕینی دیمەنە بینیارییەکاندا، لە ناوچەی لوسیل لە باشووری ژمارەیەکی زۆر لەو وێنانە دەبینرێ کە مێژووەکەیان بۆ سەردەمێکی زۆر دەگەڕێنەوە، ئـەو وێـنـە بـەردینـانـەی لـەم نـاوچـەیـە دۆزراونـەتـەوە بـۆ مـــێــژوویەکی دوورودرێژ دەگــەڕێنەوەو باس لە توانـای مەزنی مرۆڤ دەکەن لە دەربڕینی هەست و سۆزی، بۆ هەر بـاســـــێـک و ڕووداوێ وێـنـەیـەکـی تـایـبـــــەت و بەرجەسـتـەبوونێکی تایبـەت دەبینرێ، بەرجەسـتـە سێ گـۆشەییـەکـان ئاماژەن بـۆ سێکس و ئەو شێـوانەشی کـە وێنەی گـــیـــانلەبەری مـــەزن و بە توانا دەگـــێـــڕنـەوە بەرجەستەبوونی توانا سروشتی و ئابوورییەکانی مرۆڤ دەردەخـەن، کـەواتە لە مـێـژووی مـرۆڤـدا شـێـوەکـان وەڵامدانەوەی شێوەیی پرسیارەکانی مرۆڤ بوون.

بەرجەسـتەبوون لەلای مرۆڤی سـەرەتایی تـەنیا بریتی نەبووە لە کێشانی شێوەی تایبـەت، بەڵکو بریتی بووە لە بەرجەستەکردنی مەسەلەیەک، ئەویش لە ڕێگای وێنە و شێوە و هێڵ و پەیکەرێکی تایبەتەوە، هەروەک لەسەرەوە ئامـــاژەمـــان بۆ کـــرد، ئەو بابەتانەی کـــە دۆزراونەتەوە مەبەستێکی بیرخوازی و ناوەکی لە پشتەوە بووە، هەروا لەخـــۆیەوە نەکـــێـــشـــراوە، وێنەکـــان بۆ ئەوە بوون تا مەسەلەیەک بەرجەستە بکەن بۆ ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ چاودا ئەو بۆچوونە فەراهەم بێت کە مەبەستە، بۆ ئەوەی بزانێ ئەوەی دەیبـینی ئاماژەیە بـۆ ئەو ڕووداوە، کاتێک ئاسک دەبینی بیر لە جوانی و هێز بکاتەوە، کە گا ببینی بیر لە بەرەکـەت و خـێـرو خـێـرات، یان بە بینینی مار چاوەڕوانی دوژمنێک بە.

**یەکەمین**
**مرۆڤ**
**بۆ ئەوەی**
**گوزارشت**
**لە ناخی خۆی بکات**
**پەنای بردووەتە بەر وێنە**

بەرجەستەبوونی ئەم شێوانە لە زەیندا دەبێـــــتـــــە هۆی گـــــەڕان بەدووی تەوزیفکردنـدا، واتە ئەو وێنەی کـە هەیە وەکـو ئاسک و گـاو مـار دەبن بە بیـر و ئایدیا، بۆ شـێـوەیەک لە ترس و خۆشـحـاڵی و کـارەسـات دەگـۆڕێن، وا لە مـرۆڤ دەکـەن یەکێکیـان بپەرستێ و ئەوی تریان بەردەباران بکات، بە بینینی هەر ڕووداوێکیش یەکسـەر ئەو حـاڵەتانەی بیـر بکەوێتەوە. واتە لە شەڕدا مار و لە ژیانێکی خۆشدا گا و لە بینینی سێگۆشـەکـانا سێکس.. تاد، بەم شـێـوەیە شـتـەکـان لە خـودی ڕووداوەکـان بەرجـەسـتـە دەبن و لە ئەنجـامـــیـــشـــدا دەبنە هۆی هێنانە کـــایەی ئاکـــار و خووڕەوشتی دیکەوە.

لێـرەوە دەتوانین بڵـێین لەم هەمـوو بەرجەسـتەبوونانەدا مـرۆڤ هێـزی بینین و چاو و وەکـو سـەرچاوەیەکی گـرنگ بەکـــــار دەهێنـێ، لە کـــــرداری بـیـنـیـنـدا هەوڵ دەدا بەراوردکارییەک بەکاربێنێ، واتە بەراوردکاری لە نێوان هەر شێوەیەک کە هەیە و لە نێوان هەر ڕووداوێک کە ڕوو دەدات، پاشان بەراوردکاری لە نێوان هەر ڕووداوێک کە ڕوو دەدات و ئەوەی لە زەین و هەستـیدا دروست دەبن. لەم هەمـوو پرۆسـەیەدا چاو ئامادەگییـەکی زۆری هەیە، واتە هێـزی بینین فـەرمـانڕەوایە، ئەم ئەرکـەی چاو تا سـەردەمـە نزیکەکـانی شـارسـتـانی نوێش هێـزی خـۆی بەکـارهێناوەو لە سـەردەمی گـەشـەکردنی کـۆمـەڵایەتی و زاڵبوونی هێزی بیستیاریشدا جێگای لەق نەبووە.

## ڕۆیشتن لە سەردەمی بینینی ئاساییەوە بۆ بینینی ڕێکوپێک

وەکـو لەسـەرەوە ئامـاژەمـان بۆ کـرد پاش هەمـوو ئەو پێوەندییە ئاساییانەی چاو لەگەڵ دیمەنەکان، لە سەردەمی شارستانییە مەزنەکاندا چاو هەوڵیدا بە شێوەیەکی دیکە بڕوانێـتـە شـتـە بینراوەکـان، وەکـو پێـشـتـر باسـمـان لە شارستانییەکانی ئینکاو سۆمەر و بابلی و میسرییەکان کـرد، مرۆڤ لەو شارسـتـانیـانەدا هەوڵیـدا پێـوەندییـەک بەرپا بکات کە تایبەت بێت و لە پشتییەوە بەرنامەیەک

هەبێت، بۆ ئەوەی لە نێوان چاو و دیمەن، لە نێوان بینین و ڕوانین، وێنە و پەیکەرەکان پێوەندییەک بەرپابێت، هەر بۆیە لەوێدا هەموو شتەکان جوان دەکران شەقام و شار و کۆشک و پەرستگاو شتە نایابەکان، بەڵام ئەمجارەیان ئەوانەی کە ئەرکیان تێرکردنی چاو بوو، وەکو هونەرمەند و پارەدارەکان، هەوڵیاندا ئەو دیمەنانە دروست بکەن کە چاو پێی ئاشنا نییە، بۆ ئەمەش سوودیان لە کۆمەڵێ هۆکاری مەزن وەرگرت، وەک چیرۆک و ئایین و ئەفسانە، بۆ ئەوەی چیتر چاو لە پێوەندی مەئلوفدا نەژی، بەڵکو بچێتە حاڵەتی نامەئلوفەوە، هەر بۆیە دەبینین ئەم حاڵە لەو پەیکەر و شێوە ئەفسانەیانەدا دەردەکەوێت کە مرۆڤ هەوڵیدا بیانکێشێ، ئەفسانەی یۆنانی لەم ئەرکەدا توانایەکی مەزنی هەبوو، هەروەها ئەو پەیکەر و شێوانەی کە بەجێماون شایەدی لەسەر ئەم قسەیە دەدەن.

چاو لە حاڵەتی بینینی ئاساییەوە بۆ بینینێکی خەیاڵئامێز چوو، بۆ حاڵەتی لێکدانەوە و بەراوردکاری قووڵ، کەواتە بینین توانایەکی تری بە مێشکی مرۆڤ بەخشی، وای لە مرۆڤ کرد ئەمجارە بە تەواوی بیر و عەقڵی بەکاربێنێت ـ لە هەمان کاتیشدا ئەو بۆشاییانەی کە لە ڕوانینەکانیدا بوون، وردە وردە پڕیان بکاتەوە، واتە کردنەوەی ئەو دەرگایانەی کە بە ڕوویدا داخرابوون و هەروەها زێدەتر قوڵبوونەوە بۆ پرسیار لەخۆکردن و دایەلۆگ کردن لەگەڵ خودی ناخی خۆی. نەک ئەمەش ئەرکی بینین چیتر تەنیا بینین نەبوو، بەڵکو لە بینینی ئاساییەوە بۆ بینینێکی دیکە چوو، وای لە مرۆڤ کرد، زێدەتر برەو بە بوارەکانی چاو بدات و تەنیا لە چوارچێوەی تەسکی لاساییکردنەوەی ئاساییدا نەمێنێتەوە و کەم تا زۆر هەوڵی شیکردنەوەی خاڵەکانی ناخی خۆی بدات، تا بتوانێ بە هەردوو زمانی چاو و هەست لە دیمەنەکان بکۆڵێتەوە.

یەکەمین قۆناغی نزیکبوونەوەی چاو لەگەڵ گوێدا واتە نزیکبوونەوەی نێوان بیسیاری و بینیاری لەم سەردەمەوە دەست پێ دەکات (دیارە کە دەڵێین چاو و گوێ مەبەستمان لە هەردوو دیاردەی شێوە بینراوەکان و دەنگە بیستراوەکانە ئەم دووانەش دوو پرۆسەن لە شێوەی بڕیاردان بەسەر پێوەندییەکاندا) لەم سەردەمە چاو بە تەواوی لە شێوە بە خشین بە هەموو ئەو شتانەی هەستی پێ دەکات نزیک دەبێتەوە، واتە بینیاری دەگاتە ئەوپەڕی توانا، دەگاتە دوا ئاستی بیرکردنەوەو لێکدانەوە، بۆخۆشی ئەم قۆناغە دەسپێکردنی بیری قوڵبوونەوەیە لە لێکدانەوەکانی جەستەو ڕۆح کە تێیدا ڕۆح و دڵ و دەروون و هەست پێکەوە ئامادەن.

ئەگەر ویستمان ئەم بۆچوونانەی سەرەوە لە چوارچێوەیەکی واقیعیدا دانێین ئەوە باس لە چەند نموونەیەکی زیندوو دەکەین: بینینی باران و هەتاو و لافاو و بورکان کۆمەڵێ دیاردەی سروشتین، لە لای کۆمەڵگا دێرینەکان ئەم کردارانە کە ڕوویان دەدا، تەفسیر و ڕاڤەکردنێکی سروشتیانەی بۆ نەدەکرا، بەڵکو بە هێزێکی شەڕخواز بەراوردیان دەکرد بۆ ئەمەش وێنەی کەرنەڤاڵی تایبەتیان دادەمەزراند بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەو حاڵەتانە، هەر هەمان ئەو ڕووداوانە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤ ڕووداوی سروشتین مرۆڤ هیچ شێوە وێنەیەکیان بەرامبەر ڕاست ناکاتەوە، بەڵکو هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، یان لە بینینی دیمەنەکانی سروشت و حاڵەتەکانی مرۆڤ و مەرگ و لەدایکبوون، بۆچوونێکی مەئلوفی لا بەرجەستە دەبێت، ئەو حاڵەتە بینیاریانە لە لای مرۆڤ ڕەنگدانەوەیەکی قووڵ بەجێدێڵێت، ڕەنگە ببێتە هۆی کاریگەری مەزن و گۆڕانکاری دەروونی مەزن. لە ئەنجامیشدا کاریگەری بەسەر دەوروبەردا بەجێبێڵێت.

یان ئەمڕۆ بەسەرهاتێک هەروا بە بێ ڕەنگدانەوە تێناپەڕێت، دیمەنێک کە ڕوو دەدات، هەر کەسەو بە شێوەیەک گوزارشت لەو بینینە دەکات، ئەو گوزارشتەی شاعیرێک دەیکات جیاوازە لەوەی کە شێوەکارێ دەیکات، بینینی دیمەنی کوشتن و ماڵوێرانی جەنگ بۆ سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی مانایەکە و سەرکەوتنێکە، بۆ هونەرمەندێ مانایەکی دیکەی هەیە و مەزنترین تراژیدیایە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو ئەرکەی کە چاو لە سەرەتادا هەیبوو، بووەتە ئەرکێکی تر، نزیکبوونەوەیە لە ناخی ڕووداوەکان و قوڵبوونەوەیە لەو هۆکارانەی کە ئەو دیمەنانەیان دروست کردووە، نزیکبوونەوە لەو هۆکارانەی وایانکردووە ئەم شێوەیە بێتە ئاراوە، ئەمەش وا لە تەماشاچی دەکات، ڕووانگەیەکی بینیاری تایبەتی هەبێت کە زۆر لە ڕوانگەکانی تر جووداتر بێت و واشی لێ دەکات لە شتە بیستراوەکانی نزیک بکاتەوە، زۆر کات ئاماژەیەک جەنگێک بەرپا دەکات و هەر ئەو ئاماژەیەشە ئەو جەنگە ڕادەگرێت.

کاتێک دەڵێین ئەرکی چاو زیاتر و ئاڵۆزتر دەبێت واتە بوارەکانی بینیاری مەزنتر دەبێ، هەر بۆیەش لە خۆڕایی نەبوو کاتێ دیکارت وتی: [دەبێ تەنیا پشت بە شتە بینراوەکان ببەستین]. وێنە بە پێچەوانەی وشە، لەبەردەستی هەمووانە.

## لە چاوەوە بۆ گوێ
## لە بینینەوە بۆ بیستن

کاتێک ئەرکی چاو بەرەو کۆتایی دەڕوات ئەو کاتە ئەرکێکی دی دێتە ئاراوە کە پێی دەوترێ ئەرکی بیستن، دیارە بەراوردکردنی گوێ لەگەڵ چاودا توانایەکی سنوورداری هەیە، مەودای ڕوانین چاو زێدەتر لە مەودای بیستنی گوێ، ئەوەی گوێ دەتوانێ بیگێڕێتەوە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە چاو دەیگێڕێتەوە، تەنانەت ئەوەی چاو دەتوانێ بیکات گوێ ناتوانێ، ئەم قۆناغە واتە گواستنەوە لە بینینەوە بۆ بیستن قۆناغێکی ئاڵۆزە و ناشکرێت بە تەواوی بڵێین سەردەمێک هەبووە هەر هەمووی بینیاری بووەو سەردەمێکیش هەر هەمووی بیسیاری، بەڵام دەتوانین بڵێین لایەنێک بەسەر ئەویتردا زاڵتربووە، بۆیە ئەم قۆناغی گواستنەوەیە دەکرێ بە سێ هەنگاو دیاری بکرێت ئەو هەنگاوانەش بریتین لە زاڵبوونی بینیاری، پاشان زاڵبوونی بیسیاری، پاشان تێکەڵبوونی بیسیاری و بینیاری بە جۆرێک جیاکردنەوەیان لە یەکتری ئاستەنگە. ئێمە کە باس لەو دوو قۆناغە دەکەین کە چۆن لە یەکێکیانەوە بۆ ئەویتریان چووین، قۆناغی سێیەمیش کە ئەمڕۆ ئاستەنگە ئەو پۆلینکردنە دێرینە بەکاربهێنرێت.

لێرەدا دەتوانین بڵێین گواستنەوە لە بینیاری بۆ بیستیاری پاش دەرکەوتنی کۆمەڵگای گەشەکردوو، گۆڕانکارییەکانی بواری کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی بیری سیاسی پەرەی سەند، پەیدابوونی زمان بە سەرەتایی پەیدابوونی بیستن دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گەشەکردنەکانی ڕاوشکار و دامەزراندنی پێوەندییە خێزانییەکان و گەشەکردنی جەنگ و داگیرکردن و پەیدابوونی سیاسەت و سوپا بە باڵاترین گەشەکردنی پرۆسەی بیستیاری دادەنرێت. پەیدابوونی نووسین و خوێندنەوەو قوتابخانەوەو وتارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان برەوێکی گەورەی بەخشییە لایەنی بیستیاری. مرۆڤ چیتر پێویستی بەوە نەبوو تەنیا تەماشا بکات، بەڵکو شتە بیستیارەکان بۆ دیمەن و دیاردە دەگۆڕان، هەروەها مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش یارمەتی زیاتری ئەوەیان دا تا زمان جێگای هەموو شتێک بگرێتەوە، چیتر ئەوە نەبوو تەنیا تۆ بە چاو لە ڕووداو و پێوەندییەکان بگەیت، بەڵکو پێویستیشت بەوە بوو کە ببیستی.

کەواتە بیستیاری وایکرد کە ڕۆڵی چاو وردە وردە بەرەو کەمبوون بچێت، کە تێیدا شتەکان کەوتنە نێو دووروورییەوە، واتە مرۆڤ دەیتوانی بە تەواوی سنوورێک لە نێوان بینیاری و بیستیاریدا دانێت. دیاریکردنی سنوور هەروا نەبوو، بەڵکو سەردەمێک پەیدابوو هەردووکیان تا سەری ئێسقان تێکەڵ بە یەکتری بوون، هەردووکیان بوون بە بەشێک لە چالاکییەکانی ژیان. ئەوەتا ئێستا لە سەردەمی بەجیهانبووندا دەبینین کە شتەکان سنووریان نییە، تەنانەت نەک چاو و گوێ، بەڵکو هەست و هزر و جووڵەش تێکەڵ بە یەکتری بوون.

## کولتووری بیستن و بینین

چ یەکێک لەم دوو کولتوورە کاریگەری مەزنی بەسەر کۆمەڵگاوە هەیە و ڕێڕەوی مێژووییان دەستنیشان کردووەو کاریان کردۆتە سەر شێوازی پێوەندییەکانی ژیان، چ یەکێک لەم دووانە دەتوانێ بەشێک لە پێکهاتنی شارستانی مرۆڤ ببینێ؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ پێش هەموو شتێک بزانین ئایا بیستن و بینین کامیان ڕەگی قووڵیان لە ناخی کۆمەڵگادا داکوتاوە. چاو ئەو ئامێرەیە وەک گوتمان مێژووەکەی کۆنترەو زێدەتر بەشداری لە بوون و بیرکردنەوەی مرۆڤی کردووە، بەڵام ئەو بەشدارییەی ئەو بنبڕ و هەمیشەیی نەبووە، سەردەم لە دوای سەردەم کاریگەری بینیاری بەشێک لە ئەرکەکانی خۆی بەخشیوەتە بیستیاری و وردە وردە دەسەڵاتەکانی کەمتر بووەتەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی هۆکارێکی مەزن بووە لە دەستیشانکردنی دەسەڵاتی بیستیاری.

تا ئەم کاتەش کولتوورەکان بە پێی پێوەندییەکانیان دەگۆڕێن، هەندێ کولتوور زێدەتر پەیڕەوەی پێوەندییە بینیارییەکان دەکات و لە نێوەندیاندا چاو ڕۆڵێکی مەزن دەگێڕێ، لە زۆربەی خێڵە ئەفریقییەکان و دارستانەکانی ئەمازۆن، زۆربەی گۆڕینەوەو گەیاندنی پەیام و دەربڕینی

هەست و سۆز لە ڕێگای ئاماژەوە دەکرێت، واتە ئاماژەکانی چاو و دەست و هەست شێوازی لەیەک گەیشتن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە چاو وەکو ئامێرێکی هەستیار لە دیارکردنی ڕووداوەکان بەکاردەهێنرێ، کەچی لە کولتوورێکی دیکەدا ئەم حاڵەتە جیاوازی هەیە و بە شێوەیەکی دیکەیە و بیستیاری تێیدا زاڵە، لە زۆربەی پێوەندییە خێڵەکییەکاندا پێوەندی بیستیاری زاڵە، تەنانەت لە کۆمەڵگا داخراوەکانیش مەسەلەی بیستیاری بە شێوەیەکی بەهێز ئامادەیە.

کولتووری بیستن و بیستیاری لە پاش گەشەکردن و پەیدابوونی بیری ئایین و گەشەکردنی ئایینە ئاسمانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و زێدەتر گەشەی کرد لە زۆربەی ئایینەکانی پاش ئایینە دێرینەکانی وەک بودیزم و هیندۆیزم و زەردەشتی... ڕۆڵی چاو و وردە وردە کەم دەبێتەوە، ئەم کەمبوودیە بۆ پەیدابوونی وەعز و پەیام و فەرموودە و کتێبە پیرۆزەکان دەگەڕێتەوە، زۆربەیان پشتیان بە بیستنی فەرمانەکان بیستووە و مەسەلەی وتار و فەرموودە و خیتاب و فتوای ئایینی زۆربەی پێوەندییەکانیان گرتۆتەوە، بەڵام هێشتا بەو ڕادە بنبڕ جێی بە چاو لەق نەکردووە، تا ئەو کاتەش هەرچەند مەسەلەکانی بیسیاری لە گەشەکردندا بوون، بەڵام تا ڕادەیەکیش مەسەلە بینیارییەکان ئامادە بوون، بۆ نموونە لە ئایینی زەردەشتیدا هەتاو و ڕووناکی سیمبولی خوا بووە، واتە مرۆڤ بۆ بەهێزکردنی بڕواکانی هەمیشە پێویستی بە گەڕانەوە بۆ شتە بینیارییەکان بوو، واتە ئەو دیمەنانەی کە لە بیری بوونی خواو و هێزی خوایان نزیک دەکاتەوە، واتە تەماشاکردنی دیاردەکانی دەوروبەر و ئاگر و ئاو و ڕووەک و سروشت و گیانلەبەران، نەک تەنیا تەماشاکردنێکی کە ڕووت و قووت بووە، بەڵکو بەکارهێنانیان مەبەست بووە بۆ کاملکردنی بڕوا ئایینییەکان، لە هیندۆیزم گیانلەبەران و شیڤا لە نێو ئاییندا ئامادەیە، لە زەردەشتیدا ئاگر و لە بودیزمدا شێوەی بوودا.

پاش پەیدابوونی ئایینە ئاسمانییەکان ڕۆڵی چاو و مەسەلە بینیارییەکان بە تەواوی کەچ بوو، زۆربەی بڕیارەکان بۆ گوێ بوو، ئایینی جولەکە و مەسیحی و ئیسلام جەخت لەسەر گوێگرتن و بیستن دەکەن، لە زۆربەی تێکستەکاندا ئەوەی دەخرێتە ڕوو بریتین لە پەیام و وتن و وشەکانی خوا کە دەبێ ببیسترێن و گوێڕایەڵی بین و پەیڕەویان بکەین و بە هیچ شێوەیەک نابێت بۆ ساتێکیش گوێمانیان لێ غافڵ کەین، گوێگرتن و گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فەرموودەکان بەشێکن لەو شتانەی بەر گوێی بڕواخواز دەکەون، کەسی بڕواخواز کەسێکی گوێڕایەڵە، کەسێکە ئەرک و فرمانەکان وەردەگرێت و جێبەجێیان دەکات، واتە بینین نییە بە قەبارەی ئەوەی وەرگرتنە، وەرگرتن لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە پەیامبەر و فەرموودەکانی خواوە بۆ مرۆڤ و ئادەمیزاد، ئەمەش بۆ خۆی سەرەتایەکی مەزنە بۆ پتەوبوونی بیستیاری.

**چاو لە حاڵەتی بینینی ئاساییەوە بۆ بینینێکی خەیاڵئامێز چووە**

پاش ئایین کە پێوەندی بە هزر و چاو و گوێی خەڵکییەوە هەیە، مەسەلەکان پێوەندی نێوان تاک و ئایین، لەوێوە کارەکە دەچێتە قۆناغێکی دیکە کە چوونە بەرەو ئاستی خێزان، لەبەر ئەوەی بە پێی پێکهاتەیی کۆمەڵگا، تاکەکان خێزان پێکدێنن و خێزانیش کۆمەڵگا. کەواتە لە نێو خێزاندا کارەکە چۆن دەبێت، دەبێ مرۆڤ بە چ شێوەیەک جیاوازی لە نێوان مەسەلەکانی بینیاری و بیستیاریدا ببینێ، ئەوەی لە نێو خێزاندا ڕوودەدات زۆربەی زۆری کارەکان پێوەندیان بە دیاردەی بیسیاریەوە هەیە، گەر وابێت کەواتە لە نێو خێزاندا کەم کەم ڕۆڵی چاو بەرەو کزی دەڕوات، بەڵام ڕۆڵێکی سنووردارە، ئەوەی لە نێو خێزاندا بە مەسەلەی بینیارییەوە پەیوەستە، بریتییە لە فرمان و وتن، فرمانی سەرەوە بۆ خوارەوە، باوان بۆ منداڵەکانیان، باوک بۆ کوڕ، دایک بۆ کچ، پیاو بۆ ژن، برای گەورە بۆ برای بچووک و برا بۆ خوشک..تاد. مەسەلەی بیستیاری لە نێو خێزاندا لە باڵاترین قۆناغدایە، لەو ئاستەی کە هەموو شتەکان دەگەن و جێبەجێ دەکرێن، خودی پێوەندییە خێزانییەکان پێوەندی بیستیارین، ئەوەندەی وتن و گوێ تێیدا بەشدار دەبێت ئەوەندە بینین و چاو تێیدا بەشدار نابن، دەگەر باس لە ڕۆڵی چاو لە نێو خێزاندا بکرێت، دەتوانین ئاماژە بە مەسەلەکانی دەربڕینی هەستی خۆشەویستی و بەزەیی و مۆڕەکردن و تووڕەبوون بکەین، دەتوانین باس لە

پێوەندییەکانی نزیکبوونەوەی بینیاری نێوان منداڵ و دایک بکەین، باس لەو بینین و نەبینینانە بکەین کە جەرگ سووتاندن و گریانی لێ دەبێتەوە.

کەواتە دەتوانین لە دەرئەنجامدا بڵێین خێزان بەشێکە لە کۆمەڵگا، هەر کردارێک ئەو دەیکات لە نێو کۆمەڵگادا ڕەنگ دەداتە، ئەو بیستیارییەی لە خێزانی کۆمەڵگایەکدا هەیە جیاوازی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە هەیە کە بواری چاو تێیدا زاڵە، دیارە هۆکارەکانی ئایین و پێوەندییەکانی ئابووری و سۆسیۆلۆژی ڕۆڵی گرنگ لەم شێوە پێوەندیانەدا دەبینن. لە کۆمەڵگایەکدا ڕۆڵی چاو بە تەواویی یاساغ کراوەو لە کۆمەڵگایەکی دیکەش ڕۆڵی گوێ. لە کۆمەڵگایەک گۆڕینەوەی چاوی نێوان کەسەکانیان هەندێ کات بۆ جەنگ و پێوەندی خوێناوی دەگۆڕێت، یان دەرکەوتنی شێوەی ڕوخساری ئافرەت لە شوێنە گشتی و لە دەرەوەی خێزان تاوانێکی مەزنە [وەک لە کۆمەڵگاکانی تالیبان و ئیسلامە توندڕەوەکاندا دەبینرێ].

چاو یان بینین، لەو کۆمەڵگایانەی کە ئەرکەکانی سنووردارکراوە بریتییە لە بەستنەوەی بە برێکی زۆر پێوەندی لابەلاوە، بەستنەوەی بە ئایین و شەرەف و هێز و گوێڕایەڵییەکانەوە، واتە دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی یاساغ و بڤەن، کولتوورێک کە ڕێگا بە مەسەلەی چاو نادات و ناشهێڵێ ئەو شتانە بە ئەنجام بگەن و ڕێگاش لە بڵاوبوونەوەی بینیاری دەگرێت، بێگومان بیانووی خۆی هەیە، سەرچاوەی هەر بیانوویەکیشی پەیوەستە بە کۆمەڵ و هەلومەرج و پێوەندییەوە، بۆ نموونە بۆ سنووردارکردنی زێدەتری چاو و مەسەلەی بینیاری لە هەندێ کۆمەڵگادا تەنانەت هەڵواسینی وێنە تاوانێکی مەزنە، کەچی لە کۆمەڵگایەکی دیکە سەر دەرگاو پەنجەرەکان بە نەخش و نیگار و وێنەی باڵندە و ئاژەڵی وشککراو دەڕازێنرێتەوە. ئەوەی بەراوردی ئەم دوو شێوە مامەڵەکردنەی چاو بکات و لەم دوو پێوەندییە بکۆڵێتەوە بۆی دەردەکەوێت ئەوەی لەم پرۆسەیەدا بەشدار دەبێت و دەبێتە هۆی خولقاندنی ئەم بۆچوونانە بریتین لەو هێزانەی لە دەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە خزاونەتە نێو کۆمەڵگاوە، ئەو هێزانەش بریتین لە ئایین و بڕوا ئەفسانە و بەسەرهات و بۆچوونە هزرییەکانی کۆمەڵگایەک، هەروەها مەسەلە دەروونییەکانی بابەتی ترس و تۆڵەو خۆ دوورخستنەوەش بەشێکن لە هێزانە.

## چاوی دەرەو چاوی ناوەوە

پێش ئەوەی لەم باسە قووڵبینەوە، حەز دەکەم باس لە وێنە بکەم، وێنە بەو مانایەی سەرچاوەیەکی گرنگە و هەروەها لەگەڵ چاودا لە پێوەندییەکی بەردەوامدایە. وێنە دەرئەنجامی بینیاری و پێوەندی نێوان چاو و ڕۆحە، وێنە بە هەموو شێوەکانییەوە، وێنەی دەسکرد و [وەک تابلۆ و فۆتۆگراف] وێنەی سروشتی [ئاوەژووبوونەوە وێنەییەکانی نێو ئاو و سەر دیوار و ئاوێنە...] بەشێکی گرنگن لەو پێوەندییە بەهێزەی کە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیی و ژیانی خۆیدا بەرپای دەکات. وێنە وەڵامدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی مرۆڤە، وەڵامدانەوەیەکی بێدەنگە. سەرەڕای وێنە دەسکرد و سرووشتییەکانیش وێنەیەک هەیە بەردەوام لەگەڵماندایە، کە ئەویش وێنەی ناخە.

بۆ زیاتر وردکردنەوەی ئەم باسە لێرەدا ئاماژە بە کتێبێکی [ڕیجیس دۆبریە] دەکەم بە ناوونیشانی [ژیان و مەرگی وێنە]، هەرچەندە ئەو کتێبە نووسینێکی بەرفراوانە لەسەر مێژووی کاریگەری وێنە بۆ سەر پێوەندی و پەیدابوونی شێوە، بەڵام لە هەمان کاتدا جەختکردنە لە سەر ڕۆڵی چاو و مەسەلە بینیارییەکان، لەوێدا دەڵێ: [ژیان بۆ کەسێکی یۆنانی دێرین وەکو ئەم ژیانەی ئێمە نەبووە، واتە پەیوەست بێت بە هەناسەوە، بەڵکو پەیوەست بووە بە ڕوانین و مەرگ و کوێربوونەوە.] (١) کەواتە لە کۆندا چاو و سەرچاوە بووە، بەڵام نووسەر لەو کتێبەدا باس لە مەسەلەیەکی گرنگ دەکات کە ئەویش پێوەندی نێوان مەرگ و وێنەیە، ئەو پێی وایە پاش مەرگ ئەو وێنەیەی بەجێدەمێنێ وێنەی حەقیقی کەسی مردوو نییە وێنەی زاکیرەو ناخی مرۆڤە. کەواتە ئەوەی لەبەرچاو ون دەبێت بە چاوێکی دیکە دەبینرێ، یان هەندێ جار ئەو وێنەیەی بەرامبەرمانە بە چاوی ناخ بە شێوەیەکی دیکە دەیبینین، بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچوونەش دەتوانم ئاماژە بەو وێنانە بکەم کە کاریگەری دەروونیمان لا بەجێدەیڵن. هەر لە هەمان کتێبدا دۆبریە نموونەیەک باس دەکات لەسەر بوونی وێنە لە هەموو جێگایەک و لەلای هەموو کەسێک بە پێچەوانەی وشەو پیتەکان کە هەمووان لێی ناگەن، بەڵام وێنە هەمووان لێی دەگەن، کەواتە بە پێی بۆچوونی ئەو وێنە نموونەیەکی گشتخوازە و هۆی ئەو گشتخوازییەی

ئەو پێـــوەندییـــەدایە کـــە لەگـــەڵ چاوداهەیەتی. [وێنە دەردێکی زیاتر و درمـــێکی زیاترە لە نووسین. بە بێ پاڵپشـتـە بینیـارییـەکـان جـەمـاوەری ڕێکخراویش بوونی نابێت..] (٢).

لە دەروونی مرۆڤدا چاوێکی تر هەیە شتـەکـان دەبینێ، هەروەها دەنگێکی دیکەش هەیە کـە ڕووداوەکـــان دەبیـــســـتێ و لەوێشـــەوە مـــرۆڤ بڕیار وەردەگـرێت، ئەم وەرگـرتنەش ڕەنگدانەوەی بڕیارەکـانی ناخی مرۆڤە، هەر لەو سنوورەش ناوەستێت بەڵکو زێدەتر ئەڕوات تا دەبێتـە شێـوەیەک لە بەرپەرچدانەوە، کـەواتە کاریگەری دەنگ کاریکەری ئەو کۆمەڵە بەرپەرچدانەوەیە کە دروست دەبن، دروستبونەکەشی دەبێتە هۆی پێوەندی، بۆیە باسکردنی خـەیاڵ یان ناخ هەمیـشـە پەیوەسـتـە بەو شتانەی مرۆڤ ئەیانبینێ و ئەیانبیستێ. پێوەندی ناخ و خەیاڵ بە شتە بینیاری و بیستراوەکانەوە کارێکە نکوڵی لێ ناکرێت هەر بۆیەش کـە باس دێتـە سـەر بینیـاری و بیسیاری باس دێتە سەر خەیاڵ و زەین و ناخ، هەر بۆیە کـەسێکی وەکـو سارتر دەڵێ: [کـاری خـەیاڵ کـارێکی سیـحرییـە] (٣). بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە دەرەوە پێوەندی دروست دەکـات، لە ناخـیـشـەوە پێـوەندییـەکی دیکەی هەیە، ئـەوەی لـە دەرەوە دەبیـنـرێ لـە نـاوەشـــــەوە بـە شـێـوەیەکی دیکە دەبینرێ، ئەوەی لە ناوەو دەبیـسـرێ ڕەنگدانەوەی کـــاریگەرییـــەکـــانی دەرەوەیە و بە پێچەوانەشەوە. فرۆید وتەنی: جەستەمان قـەدەرمانە. باشلاریش جەخت لەسەر وێنەو چاو دەکات و بە بەشێکی گـرنگی دەزانێ بۆ دامـەزراندنی پێـوەندییـەکـانی ناخی مرۆڤ، بڕواشی وایە کە بینین شێوەیەکە لە وێنە، ئەوەی دەبینرێ شتێکی مردووە، لەبەر ئەوەی وێنە پێش هەموو شتێک لای ئەو مەرگـە. باشلار هەوڵێکی زۆری دا ئەم بیرە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانی فەلسەفیدا دابڕێژێ.

[ئێمە لە جیهانێک قسە دەکەین و لە جیهانێکی تر دەبینین. وێنە شتێکی سیمبولییە، بەڵام خاوەن سیفەتە دەلالییەکانی زمان نییە..] (٤)، بەڵام ئەوەی لە ناخدا دەبینرێ کـاریگەرییـەکـانی جیـاوازن لەگـەڵ ئەوەی لە ناخەوە دەبیـسـترێ، کـاریگەری دەنگدانەوە شێـوەیەکی هەوایی هەیە، بەڵام کـــاریگەری وێنەیی و بینیـــاری شێـوەیکی بەرجـەسـتـەبووی هەیە، دەبێ ئـەوەش بووترێ لەکۆتاییـدا هەردوو ئـەم سیـفـەتانەی ناخ بۆ کـاریگەری

**مرۆڤ لە چاوەوە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی زیاتر لەم ڕاستییە دڵنیابین بۆ شارستانییە کۆنەکان دەگەڕێینەوە**

دەگۆڕێن، دەبنە بەشێک لە پێوەندییە سایکۆلۆژییەکان، دەبنە سەرچاوەیەک بۆ ڕەنگدانەوە.

لە ناخـدا هەمـیـشـە ئەو پرسـیـارانە دووبارە دەبنەوە کە مرۆڤ پێویستێتی، بەڵام مەرج نییە ناخ تەنیا لە سنووری ئەو پرسیارانەدا بسوڕێتەوە، مێشکی مرۆڤ لە سنووری پێـوەندییـەکـانەوە دەتوانێ ببێـتـە خـاوەن ناخی دیکە، چەندێ ئەو هێـــرشـــانەی دەرەوە زێدەتر بن ئەوەندە کـاریگەرییەکان زێدەتر دەبن، چەندێ ناکۆکییەکانی ناخ زێدەتر بن ئەوەندە پێـوەندییـەکـانی دەرەوە ئاڵۆزتر دەبن، نەک ئەمـەش بگرە ئەو پێـوەندیانە هەندێ جـار دەبنە هۆکـاری دروسـتکردنی ناخی ناوەوە. کـەواتە ناخ کـە پرسیـار دەوروژێنێ دەبنە هۆی زیادکردنی دەنگ و وێنەو شتە بینراوەکانی ناخ.

بینینی چاوی ناوەوە لە زۆر سەرچاوەوە سـەرهەڵدەدا، وەک شـاعـیـران دەڵێن بە چاوی دڵ و بە گـوێچکەی ناخ دەبینم و گوێم لێیـە، بۆیە کـاتێک چاوی دەرەوە دەبێـتـە چاوی ناوەوە هاوکێشەکانیش دەگۆڕێن. ئەوەی لە ناوەوە ڕوو دەدا پەیوەسـتـە بەکـۆمـەڵێ هۆکـاری دەروونی و کـۆمـەڵایەتییـەوە کـە وا لە مـرۆڤ دەکـات پەنا بۆ ئەو دیمەنانە بەرێت کـە لە ناخـیـاندا ڕوو دەدەن و دەبنە هۆی دروست کـردنی ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەو شـێـوەیەکی خاڵی بۆ بڵاوبونەوەی دەنگەکان، ئەوەی گرنگە ئایا ئەو پرسیارانە چین کە ناخ دروستیان دەکات؟ ئایا ئەوەی لە ناخەوە دەبیـستـرێ چ جیـاوازییـەکی لەوە هەیە کـە لە دەرەوە دەبیستـرێ؟. دەنگ و ڕەنگی دەرەوە تەنیا خاوەن ڕوویەک نییە، بەڵکو خاوەنی دووڕووە، بەڵام ئەو دەنگ و ڕەنگەی لە ناخـــەوە دروست دەبن پاک و بێگەردن و دووڕوو نین و هەروەها بەشـێکن لە هاوکـێـشـەی ڕاستگۆیی و پاکی و بێگەردی،. کەواتە بۆچی ئەوەی لە ناخەوە دروست دەبێت پاکەو ئەوەی دەرەوە شێـوەیەک لە ناپاکی؟ بۆ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە دەتوانین بڵـێین ئەوەی مـــرۆڤ بە چاو دەیبـــینی و ئەوەی بە گـــوێی دەیبیـستـێ بریتییـە لە کـۆمـەڵێ هاوکێشـە، زۆربەی دیمەنەکان کە دەبینرێن لە پێوەندیدان لەگەڵ چاودا، بەڵام چاو مەرج نییە ئەوەی دەیبینی بینینی حەقیقی بێت، هەندێ کـات چاویش مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێ، یان ئەوەی گوێ دەیبیستێ ڕەنگە شێوەیەک بێت لە گەمە کردن بە

وشەو نەگەیاندنی حەقیقەتی مەبەستەکان بێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو شتەی دەوترێ و دەبینرێ پێوەندی بە مەبەست و غەرەزی ئەنجامدەرەکەیەتی، ڕەنگە شێوەیەک و دەنگێکی هەڵخەڵەتێنەرانە بن، یان مەبەستێکی شاراوەیان لە پشتەوە بێت، ئەمە لە لایەک، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە کەسی وەرگر ئەوەی کە دەیبینێ بە چاوی حەقیقی لێی نەڕوانێ و بە چاوی خەیاڵ لێی بڕوانێ، بەمەش لەو دوو حاڵەتەدا تووشی سەرسوڕمان دەبێت ، یان لەوانەیە ئەو دەنگەی وەریدەگرێت مەبەستەکان لە ناخیدا بە شێوەیەکی دیکە شیبکاتەوە، ئەویش بە پێی ئەو بارە تایبەتییەی کە کەسی وەرگری تێدایە یان بە پێی ئەو لێکدانەوانەی کە ناخ پێیان دەگات، کە زۆر هۆکاری دیکەش لەم پرۆسەیەدا بەشدار دەبن، وەکو هۆکارەکانی ناخی وەرگر خۆیی و هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و..تاد. بۆیە وەرگر لە بەرامبەر هەر وەرگرتن و بینینێکدا ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێ دەرئەنجامە کە ناخ دەستنیشانی دەکەن واتە چاو و گوێی ناخ بەشداری تێدا دەکەن.

هەر لەسەر ئەم بناغەیەش دەتوانین بڵێین بەهەر حاڵێک ئەوەی بە چاوی ناخ و بە گوێی ناخ دەبیسترێ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە هەیە، هەر بەم پێیەش پێم وایە ئەوان زێدەتر ڕاستگۆترن لە گەیشتن بە بڕیارێکی کۆتایی و لە گەیشتن بە مەبەستە زیندووەکان، بۆیە جێگای خۆیەتی بڵێین لە هەر کردارێکدا کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە دەبێ ئەوەی لەبەرچاو بێت کە سەرچاوەکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگۆڕێن و هەر لەگەڵ گۆڕانکارییەکانیشدا دەستنیشانی پێوەندییەکانی ناخ و دەرەوەی خۆیان دەکەن.

ناخ بە هەموو بەشەکانییەوە خاوەن هەموو ئەو ئەندامانەیە کە مرۆڤ لە دەرەوەی ناخ شکیان دەبات هەر لە چاوەو تا گوێی هەست و بۆن و..تاد، واتە ناخی مرۆڤ بە هەموو پێکهاتە هەمەچەشنەکانییەوە دەتوانێ سروشتێکی تایبەت بێت لەو پێوەندیانەی کە دەستنیشانی کاریگەری و بەرپەرچدانەوەکان دەکەن، واتە مرۆڤ بە هەموو پێکهاتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و مێژووییەکانی لە هەموو بڕیاردانەکانی لەبەردەم دوو بڕیاری مەزندا وەستاوەتەوە، ئەو دوو بڕیارەش بریتین لە یەکەم: بڕیاری مەزنی بینین و بیستنەکانی دەرەوە، دووەم: بینین و بیستنەکانی ناخ.

## هونەرەکانی بینیاری و بیستیاری

دیارە هەموو هونەرێک لەگەڵ بەشێک لە ئەندامەکانی جەستەدا پێوەندییەک بەرپا دەکات، هونەر هەیە بە تەواوی پەیوەستە بە چاوەوە وەکو هونەری شێوەکاری، یاخود هەیە بە تەواوی هونەری گوێیە وەکو موزیک و گۆرانی، بەڵام لەم نێوەندەشدا هونەر هەیە هەر دوو دیاردەکە لە ناخی خۆیدا کۆدەکاتەوە، هەم لایەنی چاو و هەم لایەنی گوێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە ئایا هونەرەکان چۆن دەتوانن پێوەندی لە نێوان هەموو ئەو ئەندامانە پەیدا بکەن، واتە شێوەکاری چۆن ئەچێتە نێو پێوەندی چاو و چۆن موزیکش دەبێتە کاریگەرێک بۆ سەر گوێ؟ چاو و گوێ وەک دوو ئەندامی جیاواز هەر یەکەیان پێکهاتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هونەرەکان هەوڵ دەدەن ئەو ئەندامانە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، واتە هەر هونەرێ کە دروست دەبێت پەیامێکی پێیە و دەیەوێ بیگەیەنێ جا لە ڕێگای بەشەکانی جەستەوە بێت، یان لە ڕێگای دیکەی مرۆڤەوە، شێوەکاری وەک هونەرێکی سەرەتایی و بە دێرینترین هونەر دادەنرێت کە پێوەندی لەگەڵ چاودا هەیە، ئەم هونەرە ڕاستە پێوەندی لەگەڵ چاودا هەیە، بەڵام تەنیا بەو شێوازە بینیارانە نایەتە پێش، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەشدا پەیامێکی پێیە، پەیامێکی قووڵ، ڕەنگ و هێڵ بە کۆکردنەوەی لەگەڵ شێوەکانی هێڵ و فیگۆرەکان دەبنە بابەت و چاویش بەرەو پێشوازیان دەڕوات، واتە چاو لە ڕێگای ئەو ڕەنگ و هێڵ و شێوانەوە دەتوانێ بابەتی لا دروست بێت و ببێتە بابەت لە زەین و بیرکردنەوەی وەرگردا.

هونەری شێوەکاری لە نێو بابەتە هونەرییەکانیدا بۆ چاو بانگەشەیەکی پێیە، هونەرەکە ئامانجی بینیارییە پێش ئەوەی هەر ئامانجێکی دیکەی هەبێت، ئامانجی ئەوەیە هەموو ئەو دەرگایانە بکاتەوە کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی پێوەندییە بینیارییەکان، لە نێو شێوەکاریدا ئەو شتانە هەن کە بێدەنگن، دەنگەکان شێوەیەکی وەستاویان هەیە، کەسێک گەر بڕوانێتە شێوەکانی هونەری شێوەکاری کلاسیکی دەبینێ چاو لە ناخی هونەرمەندا بەڕاستی کاردەکات و لە پێوەندییەکانی دەرەوەشی دەوڵەمەندترە، هەرچەندە لە هونەری

کلاسیکیدا جێگایەک بۆ چاوی ناخ نییە، بەڵام لە هونەری شێوەکاری ئەپستراکتیزم و سوریالیزمدا چاوی ناخ دوو بەرامبەر بە چاوی دەرەوە کاریگەرترن، ئەمەش بۆ شاردنەوەی شتە بینیارییەکان لە نێو هێڵ و ڕەنگەکاندا دەگەڕێتەوە، ئەوانەی پێویستیان بە شیکردنەوە هەیە پێویستە بچنە قووڵایی ئەو هێڵ و ڕەنگانەوە، جگە لە چاو دەبێ هەستەکانی تریش بەکاربێنن، واتە ئەو شێوە هونەرە دەچێتە ناخی مرۆڤ و لەوێدا بە پرۆسەی شیکردنەوەی قووڵدا تێدەپەڕێ و لە ئەنجامدا ڕوویەک و دیمەنێکی جیاواز پێکدێنێت لەو میانەشدا بینەر بە چاوێکی دیکە دەیبینێ.

لە هونەرە بینیارییەکاندا پێوەندی نێوان هزر و چاو زۆر بە هێزە، بە تایبەت هونەری مۆدێرن، ئەو پێوەندییە بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێدەپەڕێت، یەکەم: قۆناغی بینین و کارلێکردن. دووەم: قۆناغی گواستنەوەو شیکردنەوە. سێیەم: قۆناغی دووبارە بینینەوەو خستنەڕوو. واتە هونەری شێوەکاری چ تابلۆ، یان پەیکەر، یان کارە شێوەکارییەکانی دیکە، سەرەتا کە دەخرێنە بەرچاو و دیدەی بینەر، مانای وایە کەسانێک هەن ئەو دیمەنانە دەبینن، کاتێک کەسی بینەر چاوی بە شێوەکانی ئەو کارە هونەرییە دەکەوێت ئەوا کاریگەرییەکی لا دروست دەبێت [ئەو کاریگەرییە بە هەر شێوەیەک بێت سلبی یا ئیجابی]، پاشان ئەو کارلێکردنە لەسەر کەسی کارلێکراو وای لێ دەکات کاریگەرییەکانی خۆی بۆ دەرەوەی خۆی بگوێزێتەوە، واتە لە بینینێکی سادەوە بەرەو مێشک و شوێنەکانی لێکدانەوەی جەستە دەڕۆن و پاشان شیکردنەوەیەک لە هزر و مێشکیدا بە ئەنجام دەگات واشی لێ دەکات ئەو تابلۆیە بە شێوەیەکی دیکە ببینێ. واتە تەنیا هێڵ و ڕەنگ و بابەت نەبێت، بەڵکو بۆ مێژوو یادەوەری و بەراوردکاری بگۆڕێت. بەم پێوەدانگە بازنەی کاریگەرییەکان دەچنە قۆناغێکی دیکەوە، کە ئەویش دروستبوونی پێوەندییەکە تێیدا هەموو جەستە بەشدار دەبێت.

لە مەسەلەی کارلێکردنە بیستیارییەکاندا واتە ئەوانەی پێوەندییان بە گوێ و بیستن و وتنەوە هەیە دەکرێ باس لە یەکێک لە هونەرە هەرە بیستیارییەکان بکەین کە ئەویش موزیکە. موزیک ئەو هێزەیە کە شێوازی تایبەتی بۆ بزواندنی مرۆڤ هەیە، بۆ نموونە موزیک دەتوانێ شێوەیەک بۆ وەبیرهێنانەوەو وریاکردنەوەو بەخشینی حەز و لەززەت و جووڵە بە مرۆڤ.

لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم: کاریگەریی موزیک بۆ سەر گوێ، پێوەندی بە کۆمەڵێ هۆکاری دیکەوە هەیە، لەوانە هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، مرۆڤ بە پێی پێوەندی و پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر و کاریگەرە دەروونییەکانی چێژ لە موزیک وەردەگرێ. گەر لەو پێوەندیانەی بترازێنی چێژ دروست نابێت، بەڵام مەرج نییە تەنیا مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو پێوەندیانەوە لە موزیک بگات و چێژی لێ وەرگرێ. هەندێ جار هۆکاری دیکە هەن دەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ گوێ بداتە ئەو دەنگ و ئاوازانەی کە بەرگوێی دەکەون، بۆ نموونە زۆر کات موزیک خۆی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی مرۆڤ، واتە بێ ئەو پێوەندیانەش دەتوانرێ پێوەندی لەگەڵ موزیکدا دابمەزرێ.

موزیک دەرگایەکە بەرەو دەستنیشانکردنی هەموو ئەو خاڵە سست و بەهێزانەی لە دەروونی مرۆڤدا ئامادەن، واتە دەستنیشانکردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە دەبنە هۆی وروژاندن، موزیک وەکو هونەرێک لە پێوەندییەکی مەزندایە بۆ ئەو کەسەی کە دایدەمەزرێنێ، بیستیاری موزیک تەنیا بیستنی دەنگ نییە، بەڵکو دەنگ شێوازێکە بۆ گەمەکردن بە هەستەکانی ناخی مرۆڤ. هونەری بیستیاری دەتوانێ لە دوو قۆناغی مەزندا کاریگەر بێت، یەکەم لەو قۆناغەی پێویستت بە موزیکە و لەو قۆناغەی کە وروژاندنەکانی دەروون داوای موزیکت لێ دەکەن. ئەم دەنگە وەکو دەنگی ئاسایی نییە، بەڵکو دەنگی هەست و ویژدان و سۆزە، دەنگێکە لە سەرچاوە و هەڵدەقووڵێ، بۆیە هەستی بیستن لای گوێگر دەوڵەمەند دەکات، زۆر کات موزیک دەبێتە هۆی هێنانەکایەی کەرنەڤاڵە مەزنەکان و دەبێتە هۆی بەرپاکردنی جەنگ و دامرکاندنەوەی تووڕەییەکان و هەڵگیرساندنی گڕی تایبەتی، دەبێتە هۆی دروست کردنی پرد لە نێوان مرۆڤ و شیعر و خۆشەویستی، بۆیە لە هونەری موزیکدا دەتوانین هێزی بیستیاری بەرجەستەی بکەین، بەرجەستەبوونی ئەم هونەرە لە گوێدا بەرجەستەبوونی ئەو ڕۆحەیە کە دەوروژێ، کەس لە ئێمە ناتوانێ بێ موزیک گوێی ڕاهێنێ، تەنانەت دیکتاتۆر و مرۆڤکوژەکانیش تامەزرۆی بیستنی موزیکن، هەر کەسە

و بەجۆرێک چێژی لێ دەبینێ.
ژمارەیەکی زۆر لەو دەنگ و ئاوازانەی بە شێوەی میلۆدیای تایبەت لەگەڵ گوێدا پێوەندی پەیدا دەکەن، خاوەن ڕێچکەی نەخشە بۆ دانراون، لە ڕێچکە هەمە چەشن و فرە شێوەکانی مۆزیکدا دەبینین کە داهێنەرانی موزیک هەوڵیانداوە سوود لە هەموو دەنگێک وەرگرن، دەنگی سروشت و گیانلەبەر و جەستەی مرۆڤیش، بۆیە ئەوەی موزیکی دروست کردووە سروشتە، هەر ئەمەش بۆ خۆی وای لە موزیک کردووە لە گەران بەدووی پەیداکردنی پێوەندیدا بە شێوەیەکی سروشتیانە بچێتە نێو گوێی وەرگرەکانی. ئەگەر لە بەراوردکاری گوێ و موزیک نموونەیەک بهێنینەوە دەبینین، موزیک بێ گوێ ناژیت، ئەو حاڵەتەی لای بتهۆڤنیش هەبوو دەرئەنجامی مێژوویەک بوو لە ئەزموونی مۆسیقی، هەرچەندە ئەو لە دانانی سیمفۆنیای نۆیەم گوێی بەکارنەهێنا، بەڵام ئەو ئەزموونە دەنگانەی لە گوێیدا ئامار ببوون، ئەوەیان بۆ ئامادە کردبوو کە بێ گوێگرتنیش بزانێت دەنگ چییە و ئاواز چییە و چۆن دەگاتە نێو ناخ و دڵ و دەروونی بیسەر.
سەرتاپای ئەو نموونانەی کە باس لە پێوەندی نێوان گوێ و موزیک دەکەن، [موزیک وەکو هونەرێکی بیستیاری] ، لەسەر ئەوە سوورن کە گوێ لەگەڵ موزیکدا بە شێوەیەکی پێوەندیدار ئامادە نییە، بەڵکو خودی موزیک هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو پێویستیانە دەدات کە گوێ بە ڕۆح و ناخ و دەروونی دەگەیەنێت، گوێ پردێکە لە نێوان واژەو ئاواو دەنگ، لەلایەک لە نێوان پێویستی ڕۆح و هەستی مرۆڤ لەلایەکی دیکەوە، ئەو پردەیە کە مەزنێتی مرۆڤ دەپارێزێ و ڕێگا بۆ دووبارەبوونەوەی وروژانەکان خۆش دەکات.
ئەوەی سەرەوە باسکردنێکی ئەو هونەرانە بوو کە بە تەواوی بیستیاری و بینیارین، بەڵام هونەرەکانی دیکە دەکرێ تێکەڵەیەک بن لە نێوان پێوەندی بینیاری و بیستیاری، پێوەندییەک بن لە نێوان گوێ و چاو، هەروەها هەوڵێک بن بۆ ناساندن و پێگەیاندنی هەموو هونەرەکان و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵێ پێوەندی هەستی مرۆیی لە بابەتی بینین و بیستن و بەرکەوتن و چێژ.....
ئەمرۆ لە بواری شانۆ و سینەمادا نەک تەنیا هێزی بیستن و بینین ئامادەن، بەڵکو لایەنەکانی دیکەش بەشداری لە پێکهاتن و دروستکردنی ئەو هونەرە دەکەن، واتە هونەر دەتوانێ هەوڵێک بێت بۆ دووبارە دروستکردنەوەی هونەرەکان بە شێوەیەکی دیکە. هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد لەم هونەرانەدا بیناسازی و تەکنیک و زانست و تەنانەت هونەرە یاسایی و پیشەییەکانیشی تێدا بەشدار دەبێت، ئەمەش بۆ خۆی بەرفراوانییەک و هەمەچەشنییەک بە بارودۆخەکان دەبەخشێت، سەرەڕای ئەو کاریگەرییانەی کە لەگەڵ جەستەدا بەرپادەبن ئەمرۆ لە ڕێگای سێ مەودایی و هونەری کۆمپیوتەری و کاریگەرییە دەنگی و بینیارییەکان مرۆڤ خودی خۆی بە کردار لە نێو ڕووداوەکان دەبینێتەوە، ئەمرۆ سینەما وەکو هونەری حەوتەم بە کۆی هەموو هونەرەکان دادەنرێت لە ڕوانگەی پێوەندی لەگەڵ جەستەو هەستدا، بەڵام ئەمرۆ لە سینەمادا بەشێکی نوێ هەیە کە پەیوەستە بە کۆمپیوتەرەوە، لە ڕێگای ئەو بەشەوە مرۆڤ خۆی لە نێو ڕووداوەکان و ئەکتەرەکان دەبینێتەوە، هەروەها هەست بە کاریگەری ڕووداوی نێو فیلمەکان دەکات. بۆ نموونە لە ستۆدیۆیەکی تایبەت بە هونەری سینەمایی هۆلیوود لە ئەڵمانیا ژوورێکی تایبەت بۆ تەماشاچیان هەیە، کە لەگەڵ هەر ڕووداوێکی تەقینەوەو پێکدادان و ڕوودانی حاڵەتی نائاسایی ئەو کەسەشی کە دانیشتووە، هەست بە کاریگەرییەکانی دەکات و هەست بەوە دەکات کە ئەو بەشێکی زیندووە لە ڕووداوەکان، ئەمەش بە یارمەتی هونەر و زانستی کۆمپیوتەر و میکانیکی ئەنجام دەدرێت.

### کولتووری کوردی و زاڵبوونی بیستیاری

پێش ئەوەی باس لە کولتووری کوردی بکەین، پێم باشە باسێکی هەمەلایەنی شێوەی کولتووری دەوروبەر و ناوچەکەمان بکەین. پێم وایە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئاماژە بە وە دەکەن کە کولتووری ئەم ناوچەیە ئەوەندەی پێوەندی بیستیاری بووە ئەوەندە بینیاری نەبووە، واتە لایەنی زاڵ لەم کولتوورەدا بریتی بووە لە زاراوەکانی گوێڕایەڵی و فرمان و بیستن و وتن، هەرچەندە ئەم کولتوورە لە دێرینەوە پێوەندییەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ شتە بینیارەکان، واتە بناغەکەی لەگەڵ بینین و چاو و شتە بینراوەکان بووە، ئەو لە سەردەمێکدا سەرقاڵی بینین و بینیاری بووە کە سەردەمێکی زۆر دێرینە، ئەو کاتەی کە باو باوی شێوە مەزنەکانی بیناسازی و پەیکەرسازی و مامەڵەکردن لەگەڵ خواو و

پەیکەرە مەزنەکان بوو، بەڵام پاش کۆمەڵێ گۆڕانکاری لە بواری ئایینی و شارستانی و جوگرافی وای کرد کە گۆڕانکارییەکان کار بکاتە سەر هەموو دیاردەکان بە دیاردەی بینیاریشەوە واتە گۆڕان لە گشت ڕووبەرێکدا ڕوویدا تەنانەت لە بواری هەست و سۆز و لێکدانەوەی مرۆڤیش. کۆمەڵگای کوردەواریشمان وەکو کۆمەڵگایەکی نەپچڕاو لەو ڕووداوانە بەشێک لەم گۆڕانکاریانەی بە نسیب بوو، واتە لە کولتوورێکەوە کە هەمووی بە بینین و وێنەو پەیکەر و بیناسازی و دیمەن و سروشتەوە پەیوەست بوو، بەرەو کۆمەڵگایەک چوو کە بواری بیستیاری تێیدا زاڵ بوو.

لە مێژووی کۆمەڵگای کوردەواری گەلێک مەسەلەی بینیاری ئاشکرا هەن کە شایەدی لەسەر مەسەلەکانی چاو و بینین دەدەن، هەر لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایەدا برێکی زۆر پاشماوەی زیندوو هەن باس لە هونەر و بیناسازی و پەیکەر و شتە بینراوەکان دەکەن، بەڵام پاش ئەوەی ئەم کولتوورە لە بناغەی خۆی دابڕاو پاش ئەوەی هەموو شارستانییەکەی بە شێوەی جیاواز لەت و پەت کرا، گۆڕانی گەورە لە هەموو بونیادی پێکهاتەییدا ڕوویدا، ئەو گۆڕانکارییە تەنانەت پێوەندییە دەروونییەکانیشی گرتەوە. تەنانەت لە بواری ئاییینیشدا گۆڕانکاری ڕوویدا، هەر پاش بەستنەوەی بە ئایینە ئاسمانییەکانەوە بە شێوەیەکی بێ شومار مەسەلە بیستیارییەکان دەستیان بەسەر پێکهاتەیدا گرت، ئایینەکانی پێشوو مرۆڤی کوردی نزیک دەکردەوە لە ڕووناکی و وێنەی پەرستگاو دیمەنی سروشت و هەتاو و ئاسمان و دیمەنە بینیارییەکان، ئاییینی زەردەشتی وەکو تاکە سەرچاوەی ئایینی کورد داوای لێ دەکردن بەردەوام بڕواننە ئاسمان و زەوی و شتە جوانەکانی ژیان، واتە لە چاو و دیمەن و دیاردەکان نزیکی دەکردنەوە، ئەمەش لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگی دایەوە، کاری کردبووە سەر ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکانی. ئایینە ئاسمانییەکان ئەو ئایینانەی بە کۆمەڵێ فرمان و ئەرکی نووسراوەوە هاتنە پێشێ هانیدەدان بۆ گوێ هەڵخستن و پاراستنی پەیام و هەڵگرتنی فەرموودەکان، فێری ئەوەی دەکردن لە چاو و شتەکانی پەیوەست بە چاو دوورکەونەوەو گرنگی بە شتە بینراوەکانی ئەو دنیا بدەن. بەمەش ئەرکی سەرەکی سەرشانی ئەو گوێڕایەڵی بوو، واتە گوێ بۆ پێوەندییەکان هەڵبخات و ببێتە کەسێکی گوێگر، ئەرکەکانی بریتی بێت لە خوێندنەوە و وەرگرتنی وەعز و بڕیار و فرمانەکان، واتە واز لە مێژووە بینیارییەکەی بهێنێ و لە کۆمەڵگایەکی گوێڕایەڵدا بتوێتەوە، بۆیە مرۆڤی کورد وەکو زۆر لە گەلانی تر وازی لە برێک لە مێژووی خۆی هێنا، دەبوایە بۆ بەردەمی مێژوو ئەمەی بکردایە گەر ئەم کارەی نەکردایە تووشی چارەنووسێکی ڕەش دەبوو.

گوێڕایەڵی تەنیا ئەوە نەبوو کە مرۆڤ بە گوێگرتن و فرمان و وتنەوە وابەستە بێت، بەڵکو دەبوو هەموو جەستەی بۆ گوێ بگۆڕێتەوە، هەموو دیاردەکان بکاتە گوێگرتن و بیستن، بۆیە بە ناچاری و لە نێو شاڵاوی ئەو هەموو بیستن و گوێگرتنەدا ناچار بەدووی هەڵبژاردن و ئەڵتەرناتیڤدا بگەڕێ، ئەڵتەرناتیڤێ هەر لەو بازنەیەدا بسوڕێتەوە، بەڵام چێژبەخش بێت، بۆیە بیری لە شێوە گوێگرتنێکی دیکە کردەوە ئەویش بە مەبەستی تێرکردنی حەز و چێژەکانی بۆ ئەوەی ئازارەکانی ئەو هەموو بیستن و گوێگرتنانە کەم کاتەوە، بۆ ئەوەی لەو بازنەیە دەرچێت و لە نێو شێوە پێوەندییەکی نوێدا بژی، بۆ ئەم مەبەستەش شێوەی دیکەی شتە بیستراوەکانی داهێنا لە نموونەی ئەوانەش [گۆرانی و شیعر و داستان و حەکایەت و قسەی نەستەق...]، پەیدابوونی ئەم شێوە دەنگانە پەرچدانەوەیەک بوو بەرامبەر بە گوێگرتنە بەردەوامەکانی ئەو هەموو وتنانەی کە گوێیانی ماندوو کردبوو.

مەسەلەی بیستیاری لە نێو کۆمەڵگاکەمان زەمەنێکی زۆری لەگەڵ خۆدا ڕاکێشا تەنانەت چووە نێو هەموو پێوەندییەکانەوە چووە نێو هەموو شێوەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونییەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە بواری پێوەندییە چینایەتییەکانەوە تەماشا بکەین دەبینین پێوەندی خێڵەکی لە کۆمەڵگای ئێمە مێژوویەکی قووڵی هەیە زۆربەی زۆری ڕووداوەکان لە نێو ئەو دیاردەیەدا بریتی بوون لە پێوەندی نێوان گوێ و وتن، ئاغاو جوتیار، سەرەوە و خوارەوە، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گەورە و بچووک، ئەرکی وەرگرتن و بەخشین. واتە وەرگرتن و بیستنی ئەرک و فرمان و فەرموودەی خاوەن خێڵ، تا دەگاتە بەخشینی وەلا بۆ سەرۆک خێڵ و هۆز. ئەمە سەرەڕای گۆڕانکاری لە پێوەندییە ئایینییەکانیشدا. لە حاڵەتی خواپەرستی تاک و خوا بۆ خواپەرستی گشت کە تێیدا برێکی زۆر ئەرکیان بیستنەو ژمارەیەکیش بێژەرن. مەسەلەی گۆڕینەوە وەرگرتن و بیستن لە حاڵەتی بیستیاری ئایینیدا شێوەیەکی زۆر گشتئامێزی گرتۆتە

خۆ، لە مزگەوتەکاندا مەلا و ئیمام و خەتیب وتار دەخوێننەوە و بڕێکی زۆر گوێگرن، لە نێو بازنەی شێخ و دەروێش و موریدانیشدا هەمووان لەبەردەم بۆچوونەکانی شێخدا نەک تەنیا گوێگرن، بەڵکو گوێڕایەڵ و ملکەچی بڕیار و بۆچوونەکانی شێخن، ئەگەر لە نێوان تەریقەتەکاندا جیاوازییەک هەبێت، بەڵام لە پرەنسیبدا هەر دەبێ دەروێش گوێگر بێت و مورید گوێڕایەڵ. گەر نەقشبەندی ڕێبازی تەسبیح بۆ زیکر بەکار بهێنێ کە ڕوویەکی بێدەنگ و زێدەتر زاڵبوونی چاوە، ئەوا لە تەریقەی نەقشبەندی ئەم بیدەنگییە بۆ زیکر و لەخۆدان دەگۆڕێت تا ڕادەیەک شێوەی بێدەنگی شکاندووە و ڕووی لە گوێ کردووە، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە لە خۆدان و زیکری بە کۆمەڵیش بەشێکە لە کاری نیشاندان، واتە بینیاری تێیدا ئامادەیە.

هەروەک بینیمان چۆن لە هونەردا هەردوو لایەنەکە تێکەڵ دەبن، ئەوا لە ئایینیشدا هەر بەهەمان شێوە کاری تێکەڵبوون ڕوودەدات، بۆیە دەبینین لە نێو بازنەی خواپەرستی تاکدا چاو بە شێوەیەکی تەواو و بنبڕ ئامادەیە، بەڵام لە خواپەرستی کۆدا، بیستیاری باڵی هێز و دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی زۆری پێوەندییەکاندا کێشاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی ئایین هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی چاو و گوێ. لە ئاییندا سنوور بۆ هەموو شێوەکانی نەزەر دەستنیشان کراوە، واتە تۆ وەکو ئایینپەروەر و خواناس بۆت نییە ئەوەی دەتەوێ تەماشای بکەیت، ڕاستە هەندێ شتی دزێو و ناشیرین ڕەتکراوەتەوە و مرۆڤی هانداوە تا لێی دووربکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ شت هەن کە خودی ئایینپەروەرانیش خۆیان پێ ناگیرێ لە ئاستیاندا چاو و گوێیان بێهۆشن، ڕاستە.

کەواتە کۆمەڵگای کوردی ئێمەش بە هۆی کاریگەرییە ئایینی و مەزهەبییەکانییەوە مەوداکانی بیستن و ڕوانینی کورت کراونەتەوە، گەر وەک کۆمەڵگایەکی چیایی هەندێ کات چیاکان تەگەرە بن لەبەردەم مەوداکانی ڕوانیندا ئەوە ئایینیش بەش بە حاڵی خۆی لە هەندێ بواردا تەگەرەی لەبەردەم ڕوانینەکانی مرۆڤی کوردا داناوە، ئەمەش تەگەرەی داناوە لەبەردەم گەیشتنی بڕێکی لە دەنگەکان، گەر خودی ئایینیش ئەو دەنگانەی یاساغ نەکردبێ ئەوا کۆمەڵگا بە پێی لێکدانەوە و هەڵەکانی خۆی نەیتوانیوە چێژ لەو دەنگانە ببینێ.

کۆمەڵگاش لە ڕووی پێوەندی و لێکدانەوەی خۆیەوە دیسان لە پاڵ بۆچوونە ئایینییەکان و لە پاڵ لێکدانەوە هەڵە و خێڵەکییەکانی خۆی وایکردووە لە زۆر لە دیمەنە جوانەکانی ژیان خۆی بێبەشکات، لەم میانەشدا مرۆڤ لە خودی مرۆڤ چێژ وەرناگرێ، عاشق و دڵداران بێبەشن لە گۆڕینەوەی نیگا و جوانی یەکتری، بێبەشن لە ڕوانینی نهێنییەکانی یەکتری و ئەو هەناسە و دەنگانەی کە گوزارشت لە ناسۆری و پەژارەییەکانیان دەکات. تەنانەت لە لای هەندێ گرووپ و کۆمەڵێ پێوەندی کۆمەڵایەتیشدا ڕوانین و تەماشاکردنیش سنووری بۆ دانراوە و ئەوەشی لەو سنووورە بترازێ زیانی گەورەی بەردەکەوێ. ئەمەش وای کردووە مرۆڤ لای ئێمە بە دڵ و تێروتەسەلی نەڕوانێتە وێنە و ڕەنگەکان.

ڕەگەزی ئافرەت سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ خودی پیاودا لە زۆر لە دیاردە بینیاری و بیستیارییەکان بێبەشکراوە، بەڵام ئافرەتان سنووری بینین و بیستنەکانیان زۆر سنووردارترە، تەنانەت لە ڕوانین بۆ جەستەی خۆشیان لە گوماندان، لە نێو خودی خێزانەکانیشدا ئەوان بۆیان نییە ئەو دیمەنانە ببینیان کە نێرەکان دەیبینن، ئەوان لەودیوی دیوارەکانیماڵەوە دەبێ زۆر حەزەر کات، چ لە دەنگەکان یان دیمەنەکان، زۆر دەنگ و دیمەن هەن لە مەودای بینین و بیستنی ئەواندا سنووری بۆ دانراوە، ئەمانەش کۆمەڵێ یاسان لەگەڵیان لەدایک دەبێت ئەو یاسایانەش بریتین لە ملکەچی لە ئاستی زۆربەی دیاردە بیسیاری و بینیارییەکان. کاتێک کە بۆ ئافرەتێکیش دەلوێ کە گوێ لە دەنگە یاساغەکان بگرێت هیچ چێژێکی لێ نابینێت و ناشزانێ بۆ گوێ لەو دەنگانە دەگرێت، یان کە بۆی دەلوێ بە چاوی خۆی دیمەنەکان ببینێ دیسان لێڵییەک لەبەرچاویدا دێت و دەچێ و پێویستی بە زەمەنێکی زۆر هەیە تا لەو دیمەنانە بگات، پێویستیشی بە زەمەنێکی زۆرە وێنە لێڵەکان لەبەرچاوی ورد ببنەوە، کەواتە ڕەگەزی مێ هەر ئەوە دەکات کە کۆمەڵگا داوای لێ دەکات، نەک ئەوەی کە گوێ و چاوەکانی داوای لێ دەکەن.

لەپاڵ ئەوانەشدا مەسەلە گرنگەکانی بینین و بیستن لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەک دەگۆڕێ، لای کۆمەڵگایەک خۆر و ڕۆژ گیران، دەنگی نەگبەتی لەگەڵ خۆی دەهێنێ، یان کۆمەڵگا لە تەمومژی ئاووهەوا و هەورەتریشقە دوا پونتی دۆزەخی دێتەوە یاد، یان ئەوەی

لای ئێمە پێی دەوترێ دیمەنەی ناشرین و وشە دزێو و نارەوشتییەکان لای کۆمەڵگایەکی دی دیمەنی جوان و وشەی ماقووڵن.

ئەگەر زێدەتر لەسەر کۆمەڵگای خۆمان بدوێین دەتوانین ئاماژە بەو دیمەنانە بکەین کە پڕ لە مانا و مەبەست هەڵگەڕاوەکانن، بەدەر لە پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئایینیش، پێکهاتەی کۆمەڵگاو سرووش و تێگەیشتی بۆ هەندێ لە شتە بیستراو و بینراوەکان جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی دیکە، هەموو ئەو وشانەی دەچنە نێو قاڵبی پێوەندییە سێکسییەکان کراون بە دەنگی یاساخ، هەر بۆیەش جێگایەک بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگانە لای کۆمەڵگای ئێمە نییە، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی بانگەشە و هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگانە بدات، پێش نووسینەکانی تیرۆری شەرەف دەکرێت. دەگەر ئەمانە تا رادەیەک دەنگی بڤە بن، خۆ دەنگی جوانیش هەن بە ئاسانی ناتوانن بگەنە هەموو گوێیەک. بڵاوبوونەوەی سەدا و هێزی دەنگی نارەزایی بە هەموو شێوەکانی زەمەنێکی دوور و درێژە لە کۆمەڵگای ئێمەدا رێگای نەبووەتەوە، واتە ئەو دەنگانە هەمیشە هەڵهاتوو بوون. ئەمە بێجگە لە دەنگەکانی تایبەت بە گۆڕینەوەی خۆشەویستی ئازاد کە هەمیشە سەرکوت کراوە،

کەچی دەنگە دزێوەکان رۆژ بە رۆژ پەرەیان پێدراوە، پەرە دراوە بە دەنگی نەشازی سیاسییە جامبازەکان و دەنگی قووڵکردنەوەی برینەکانی دوژمنایەتی و سووتاندنی راستییەکان و رێگا خۆشکردن بۆ دەنگە گرەکانی پیاهەڵدان و ماستاوکردن و راستی نەگوتن. لە هەموو ئەمانەش بترازێ دەنگگەلێ هەبوون و تا ئەم ساتەش ژیانیان لە هەموو هەستەکان تاڵ کردووە و گوێی هەموو مرۆڤە هەستیارەکانیشان کاس کردووە ئەویش دەنگی گرگنەکانە، ئەوانەی بە شان و بازوو هەڵدەدەن و باڵای درۆزنەکان باڵابەرزتر دەکەن و هەناسەی قورگە ئازادەکان کورتتر دەکەن.

سەرەڕای هەموو ئەو دەنگانەش برێکی زۆر دیمەنیش هەن، چاوی کەسی ئێمەیان تووشی تەراخوما و شەوکوێری کردووە، هەروەها شێوە ناسۆرییەکیان لە ناخماندا چاندووە، ئەو ناسۆرییەی کە زەمەن لە دوای زەمەن بەرامبەر بە هەر وێنەیەک کە دەمانەوێ ببیانبینین و لێیان وردبینەوە تووشی رەشبینیمان دەکەن. هیچ کەسێک لە کۆمەڵگای ئێمە پڕ بە چاوی خۆی لە هیچ دیمەنێ ورد نەبووەتەوە و لەو دیمەنانە نەگەیشتوون، کە دیمەنی ژیانیانن. دیارە بەدەر لە دیمەنە تاڵەکانی سیاسەت. دیمەن و شێوەکان و هێڵەکانی دیکەش هەن وایان کردووە مرۆڤی کورد نەزانێ بەرامبەر بە چ وێنەیەک وەستاوە، خۆ ئەگەر رۆحی ئینسانی کورد بخوێنیتەوە، دەبینی روحێکە جێگایەکی کەم بۆ وێنە و بینینەکان هەیە. هۆی ئەم کەمبوودییە بۆ زۆر هۆ و هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: کەسی کورد لەبەردەم دیمەنێکی تاڵدا چاوی کردۆتەوە، لە بابەت دیمەنەکانی نووشستی و ماڵوێرانی و سەرکوتکردن.

دووەم: تاکی کورد هەمیشە رووی چاوی لەو وێنانە کراوە کە بۆی دیاریکراوە و خۆی وێنەکانی مەبەستی خۆی هەڵنەبژاردووە.

سێیەم: دەستنیشانکردنی روانینی بینینەکانی دەستنیشانکردنێک بووە کە لە ناخی خۆیەوە مەبەستەکانی دیاری نەکراوە، بەڵکو مەبەستەکانی بۆ دیاریکراوە.

کەواتە لە سایەی ئەو هەموو ناتەواوییەی کە هەیە، دیارە کاریگەرییەکانی دیکەش رۆڵی خۆیان هەبووە لە کەمبوودییەکانی مرۆڤی کورد، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر چاوەکان هەرگیز بە دیمەنە ناسک و قەشەنگەکان نەکراونەتەوە و تەسکینیش نەکەوتبێتە دڵ و دەروونیانەوە، هەروەها ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گوێیەکان بە دەنگەکانی راستی و جوانی نەزرنگاونەتەوە.

بینیاری و بیستاری لە نێو بونیادی پێکهاتەیی کۆمەڵگای کوردەواریدا لە یەک حاڵەتی تاک و تەنیادا بەلایەنی ئیجابیدا شکاوەتەوە، ئەو لایەنەش لایەنی سروشتی بووە، مرۆڤی کورد بە حوکمی یاخیبوون و ژیانی نێو چیا و گەڕان بەدووی پەناگەکاندا، هەمیشە لە پێوەندی بووە لەگەڵ ئەو جێگایانەی تەسکینیان پێ داوە، مرۆڤی کورد لە دیمەنەکانی سروشت و کێو و رووبار شینایی و کانیاو خوڕەی ئاو دەنگی نسرمی با تەسکینییەکی بێ وێنەی بینیووە، ئەمەش بە هۆی ئەو هەموو یارمەتی و پەناگایانەی کە لەودا بینیویەتی. هەروەها دەنگەکان هەر لە نێو خودی ئەو سروشتەدا توانیویانە مانایەک بە ژیان ببەخشن.

هەر بۆیەش دەبینین رەنگدانەوەکان لە هونەر و ئەدەب

و کولتووری گەلی کورددا ڕەنگدانەوەیەکە پەیوەستە بە سروشتەوە، ئەم پەیوەست بوونەش لە ئەنجامدا لەسەر ئاستی دیمەنە هونەرییەکانی نەخشونیگار و شێوەکاری و هەروەها لەسەر ئاستی ئاواز و مۆزیک و دەنگە فۆلکلۆرییەکان دەرەنجامێکی دەوڵەمەندی هەبووە، شایەدیش لەسەر ئەم وتەیە ئەو هەموو بەرهەمانەی بەجێماون ئاماژەن بۆ پێوەندی نێوان مرۆڤی کورد بە سروشتەوە.

دواجار دەپرسین ئایا بۆچی بیسیاری لە نێو بونیادی بیری کوردیدا زاڵە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانم زۆر بە سادەیی بڵێم، چاو لە چەند سەدەیەکەوە کوێرکراوە، چاو ئەگەر بە تەواویش کوێر نەکرابێتەوە ڕۆڵی نەماوە، یان هیچ نەبێت مرۆڤی کورد بۆی نەبووە بڕوانێتە هەر شتێک کە خۆی دەیەوێ، تاقە شتێک هەمیشە بە کراوەیی ماوەتەوە گوێیەکان بووە، تاقە شتێک کە نەتوانراوە بلۆک بکرێت دەنگەکان بووە، وێنەکان سڕاونەتەوە، ڕەنگەکان کاڵ کراونەتەوە، دیمەنەکان پەردەیان بەسەردا دراوە و ڕۆژیش لە نێو ژوورەکاندا خنکێنراوە، بۆیە ئەوەی کە ڕۆڵی مەزنی پێ سپێردرابێت گوێ بووە، هەر گوێ بووە توانیویتی دەرگاکان بشکێنێ و لە پشتی پەردەکانیشەوە خۆی بخزێنێتە نێو هەستەکانەوە.

ئەگەر دیمەنەکان سەرکوتکرابێتن، بێگومان دەنگەکانیش سەرکوتکراون و دەست خراوەتە سەر ئەو لێوانەی کە ویستوویانە باسی خۆشەویستی و ڕاستی و سیاسەت بکەن، لە مێژووی ئێمەدا لاپەڕەیەک هەیە پێی دەوترێ زمان بڕین، لە مێژوومانداا زمانەکان بە شێوەی فیعلی و مەجازی بڕاونەتەوە، دەڵێن: ئەو دەنگانەی داوای ئازادی مرۆڤ و سەربەستی پیاوانی قەڵای دمدمیان دەکرد، یەک یەک لەبەرچاوی ئەوانەی زیندوو مابوونەوە زمانیان ببڕین و بە پەتێک بە گوێیانەوە هەڵواسین، هەر لە سەردەمی عوسمانییەکان ئەوەی دژی ئەمری سوڵتان بوایە، گەر بە قازوخ تەمێ نەبووایە زمانیان دەبڕینەوە، سەدامیش هیچی لەوان کەمتر نەبووە، هەموومان دەمانبینی بە بەرچاوی هەمووان و لە شوێنە گشتییەکان زمانی ئەوانەیان دەبڕییەوە کە بەرهەڵستکاربوون. گەر وەک مەجازیش بڕوانین هەڵواسینە سیاسییەکان و داخستنی قوتابخانە کوردییەکانی تورکیا و نەهێشتنی دەنگ و واژەکانی زمانی کوردی لە گوند و شارەکانی کوردستانی باکوور و ڕاگواستن و سڕینەوەی ناو و ئاواز و دەنگە کوردییەکان لە گوند و شارەکانی کوردستانی باشوور سڕینەوەو تەنانەت یاساخکردنی ناوە کوردییەکانیش. شێوەیەک بوو لە زمان بڕینی مەجازی. واتە کپکردنی دەنگ کە ئەمەش شێوەیەکە لە سنووردارکردنی دەنگ. لە بواری سیاسەتدا، هەر لە بوارەکانی تریش دەنگ هەمیشە سەرکوتکراوە، بەڵام بنبڕ نەکراوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- حياة الصورة و موتها، ريجيس دوبريه، ترجمة: حياة الزاهي، افريقيا الشرق:٢٠٠٢، ل ١٧.**

**٢- سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢.**

**٣- ئینتەرنێت، نووسینێکی فەرید ئەلزاهی.**

**٤- حياة الصورة و موتها، ريجيس دوبريه، ترجمة: حياة الزاهي، افريقيا الشرق:٢٠٠٢، ل ٣٥.**

# گەنجە کوردەکان یەکەمین پڕۆژەی مەعریفیی کورد لە مێژوودا

فەرهاد پیربالّ

**هەڵستاون جەوانانی وەتەن دیسان بەبێ باکی**
**لە حەسرەت دەوری کۆنە موڵکی بابیان هاتنە چالاکی**
**دە دڵ عەزم و لەسەر شۆڕی جەوانی، هاتوون دەخوازن**
**کە بڕژێنن لەسەر خاکی وەتەن خوێنیان بەسەرپاکی**
**لەغوربەت لاوی کوردان بۆ نیگای وەسڵی تۆ مەحزوون**
**شەو و ڕۆژ ناسرەون بۆ شەهدی شیرین ژەهرە تریاکی**

مستەفا شەوقی قازی زادە
(١٩١٩)

دۆزینەوەی ناوێک بۆ ئەو وەچە ڕۆشنبیرە کوردەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕێنسانسێکیان لە بواری ڕۆشنبیریی کوردیدا بەرپا کرد؛ ناسینەوەی پڕۆژە ئەپستمۆلۆژییەکەیان ئاسانتر دەکا. ئەم چەند دێڕە هەوڵدانێکە بۆ دەسنیشانکردنی پەلوپۆ مەعریفییەکانی ئەو نەوە ڕاچەنیوەی کە هاوهەنگاوی «گەنجە تورکەکان»، لەژێر کاریگەرێتیی ئەورووپا لەدایک بوو و کولتووری کوردی تازە کردەوە.

## پێشینەیەکی مێژوویی

عوسمانییەکان، سەبارەت بەوەی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتەکەیان لە ئەورووپا نزیک بوو، پێوەندییەکی بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ ئەورووپادا هەبوو. بۆیەش، تورکەکان، لە زۆر زووەوە (پێش گەلانی کورد و عەرەب و فارس) توانیویانە پێوەندی لەگەڵ ژیانی کولتووری و سیاسیی ئەورووپا دروست بکەن. لە ماوەی ١٨٣٩ ـ ١٨٧٦، کە ئەم قۆناغە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا بە قۆناغی

«تەنزیمات» واتە (حکوومەتی دەستووری) ناسراوە؛ هەرچی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و کولتووری لە ئەورووپا دروست ببووایە، یەکسەر لە تورکیادا دەنگی دەدایەوە و سوودی لێ وەردەگیرا. ئەم قۆناغەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە قۆناغی بووژانەوەی سیاسی و کولتووری و شارستانی لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە قەڵەم دەدرێ.

لەم قۆناغەدا چەند نووسەر و سیاسەتمەدار و رووناکبیرێکی عوسمانی (تورک و کورد و عەرەب و چەرکەس..) کە ماوەیەکی زۆری ژیانیان لە ئەورووپا و بەتایبەتیش لە فەرەنسا بەسەر بردبوو، بە نووسین و وەرگێڕان و کار، تەکانێکی گەورەیان دایە رۆشنبیری و داهێنان و پەرەسەندنی فیکر؛ لەوانە، بۆ نموونە: د. عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسحاق سکووتی، رەزا گۆگالب، ئیبراهیم شیناسی ١٨٢٦ - ١٨٧١، نامیق کەمال ١٨٤٠ - ١٨٨٨، عەلی بەگ ١٨٤٤ - ١٨٩٩، ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی ١٨٤٤ - ١٩١٢، شەمسەددین سامی ١٨٥٠ - ١٩٠٧، مەحموود ئەکرەم رەجایی زادە ١٨٤٧ - ١٩١٣، محەمەد رەفعەت ١٨٥١ - ١٩٠٧، ئەبو زیا تۆفیق ١٨٤٩ - ١٩١٣، تۆفیق فیکرەت، جەناب شەهابەدین.. دەیانی تریش. ئەمانە، لە رێگای داهێنانەوە، هەروەها لە رێگای وەرگێڕانی بەرهەمەکانی رۆژئاواوە، گوڕێکی تازە و ناوەرۆکێکی مۆدێرنییان بەخشییە بزاڤی فیکر و رووناکبیری و ئەدەبیات.

لەو سەردەمەی تەنزیماتدا، یەکەمین حیزب و کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەیی و ئازادیخواز و ریفۆرمیستەکان یان شۆڕشگێڕەکان، یەکەمین قوتابخانە و یانە و چاپخانە و پەیمانگە و زانکۆ و رۆژنامە و گۆڤار و شانۆنامە، هەروەها یەکەمین بیرمەندە رۆشنگەرەکان سەرهەڵدەدەن و ناو لە خۆیان دەنێن عوسمانییە نوێیەکان «یێنی ئۆسمانیلار»، کە پاشتر رەهەندێکی سیاسی وەردەگرێت و لەژێر ناوی «تورکە گەنجەکان» دەناسرێنەوە. «١»

زاراوەی «گەنجە تورکەکان» بە عەرەبی ترکیا الفتاة، بە فەرەنسیش Jeunes Turcs، بەم شێوەیەی خوارە وە پەیدا بووە:

لە مانگی ٢ی ساڵی ١٨٦٧، رۆژنامەیەکی بەلژیکی بە ناوی(لۆ نۆرد) خەبەری ئەوەی بڵاوکردەوە کە میری تورک، مستەفا فازیل، دامەزراوێکی بانقیی لە تورکیا دامەزراندووە. ئەم میرە تورکە لە نامەیەکیدا لایەنگرانی خۆی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی (تورکیای گەنج Jeune Turquie)دا شاباش کردووە. ئەو، ئەم زاراوەیەی، بێگومان، لە زاراوەی (ئیتاڵیای گەنج) و (فەرەنسای گەنج) و (ئەڵمانیای گەنج) وەرگرتبوو، کە پێشتر لای ئەورووپییەکان بەکارهاتبوو. زاراوەی (تورکیای گەنج) دووای ئەوە، یەکسەر لەلایەن رۆژنامەی Courier d Orient سەرلەنوێ بەکارهاتەوە، چونکە سەرنووسەرەکەی، دۆستی رووناکبیرە ئازادیخوازە عوسمانییەکان بوو. ئنجا هەمان زاراوە لەلایەن رۆژنامەی (مخبر)ەوە، لە تورکیا، لە ١٨٦٧/٢/٢١ بەکارهاتەوە. لە کۆتاییشدا، لەلایەن عەلی سوواڤی و نامیق کەمال، لەجیاتی زاراوەی (عوسمانییە تازەکان «یێنی ئۆسمانیلار») کەوتە بەکارهاتن. بەم شێوەیە، پەیتا پەیتا بڵاوکراوەکانیان لەژێر ئەم ناوەدا، یان لەژێر ناوە فەرەنسییەکەدا ژۆن تورک Jeunes Turcs واتە «گەنجە تورکەکان» بڵاوبوونەوە.«٢».

## زاراوەی «گەنجە کوردەکان» چ پێوەندییەکی بە «گەنجە تورکەکان»ەوە هەیە؟

ناونانی ئەو نەوە مۆدێرن و گۆڕانخوازەی کورد بە «گەنجە کوردەکان»، بێگومان، لاساییکردنەوەی زاراوەی «گەنجە تورکەکان» نییە؛ بەڵکو دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنین کە نەتەوەی کوردیش وەک ئەڵمان و فەرەنسی و تورک و ئیتاڵییەکان، لەو سەردەمەدا لەناو ژانی نوێبوونەوەیەکی کولتووریدا ژیاوە و ویستوویەتی پرۆژەیەکی ئەپستمۆلۆژیی هەبێت و رێنسانسێکی کولتووری بەرپا بکات.. تەنانەت خودی ئەم گەنجە کوردانە چەند توخمێکی بنەڕەتی بوونە بۆ خولقاندنی بزاڤی «گەنجە تورکەکان» و بناغەیەک بوونە بۆ ئەو پرۆژە مەعریفییە مەزنەی کە سەرتاپای داروپەردووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی هەڵوەشاندەوە.

بە کام بەڵگە و ماف دەتوانین ناو لەم نەوە نووسەر و رووناکبیرە نوێخوازە بنێین «گەنجە کوردەکان»؟

د. عەبدوڵڵا جەودەت، کە خۆی دامەزرێنی بزاڤەکەیە، یەکەمین کەسێکە کە لەسەر وەزنی (گەنجە تورکەکان)، لە وتاری «بیر خطاب» لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (رۆژی

کورد) لە ئەستەمبۆڵ، ساڵی ١٩١٣، ناو لەم نەسلە کوردە دەنێ (گەنجە کوردەکان)، دەڵێ؛ ئەمەش چونکە ئەم نەسلە تازەیە بووە پردێک لەنێوان ئەورووپا و کوردستان: کولتووری دنیای ڕۆژئاوای بە تورکیاشەوە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا گەیاندە کوردستان.

پاشان، دیارە ئەم زاراوەیە، بەتەواوەتی لە ناوەندە ڕووناکبیرییەکانی ئەوکاتەدا بڵاوبووە. بەڵگەمان ئەوەیە کە حاجی مووسای سەرۆک عەشیرەتی کۆرچیخان، یارمەتیدەری ڕێکخراوی هێڤی، گوتوویەتی: «ئەگەر گەنجە کوردەکان کوورەیەک دروست بکەن، ئێمە ئامادەین ببین بە دار و خۆمان لەو کوورەیەدا بسووتێنین» «٣». ئەم قسەیە ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەم ڕووناکبیرە گەنجە کوردانە، لە بەستێنی سیاسیشدا کاریان کردووە و چەنێکیش باوەڕپێکراوی خەڵک و عەشیرەتەکانیش بوونە.

لە بەستێنی ئەکادیمیشدا، کوردناسی ڕووس، ڤ. ئە. گەردلیڤسکی، بە هەمان شێوە، زاراوەی (گەنجە کوردەکان)ی بەرامبەر (گەنجە تورکەکان) بەکارهێناوە. «٤»

### فاکتەر و هۆکارەکانی دروستبوونی بزاڤی «گەنجە کوردەکان»

لە دەسپێکی ئەم باسەوە گوتمان «گەنجە کوردەکان» ئەو نووسەر و سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرە کوردانەن کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەڕێگەی پڕۆژەیەکی مەعریفی و کاری ڕێکخراوەیی یان سیاسییەوە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەییماندا یەکەم هەنگاویان هەڵنا بەرەو بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، یەکەمین ئەو پردانەیان دروستکرد کە دەمانگەیەنن بە ئاقارەکانی ئازادی و ڕیفۆرم و تازەبوونەوە. ڕاستییەکەیشی، ئەگەر باس لە مێژووی مۆدێرنیزم بکرێت لە چوارچێوەی کولتووری کوردستانیدا، ئەم بزاڤەی گەنجە کوردەکان بە یەکەمین دەروازەکانی نوێبوونەوە و مۆدێرنیتەی کورد دەژمێردرێت.

**گەنجە کوردەکان ئەو نووسەرو سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرە کوردانەن کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا یەکەم هەنگاویان هەڵنا بەرەو مەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری**

ئەو گەنجە کوردانە، لەژێر کاریگەرێتی چەند فاکتەرێکدا، بەری داری بارودۆخێکی شارستانیی تازە بوون. ڕاستییەکەیشی، خودی خۆشیان لە هەمان کاتدا خوڵقێنی ئەو بارودۆخ و هۆکارانە بوون بەسەر یەکترەوە. کاریگەرێتییەکانیان وەردەگرت و لە هەمان کاتدا دەشیانبەخشینەوە. دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دەسنیشانی ئەو پێوەندییە ئۆرگانیکە بکەین لەنێوان بارودۆخ - فاکتەرەکان و ئەواندا:

پێش دەرکەوتنی ئەو گەنجە کوردانە، تەنانەت هاوزەمانی ئەوانیش، واتە لە کۆتایی سەدەی ١٩م و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەستی ناسیونالیستی و ڕاپەڕینە چەکداری و نیشتیمانییەکان بڵاچەیان سەندبوو: میرنشینی سۆران ١٧٨٤- ئابی١٨٣٦، میرنشینی بابان - ١٨٥١، میرنشینی بادینان - ١٨٣٧، میرنشینی بەدرخان -١٨٤٧ «کە لە ١٨٤٢ ئاڵا و دراوی خۆیشی دامەزراندبوو»، هەروەها ڕاپەڕینەکانی یەزدان شێر ٥٣-١٨٥٥، ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ١٨٧٨- ١٨٨٢، ڕاپەڕینەکانی شێخ عەبدولسلامی بارزانی ١٩٠٧- ١٩١٢، ڕاپەڕینەکانی سمکۆ ئاغای شکاک ١٩١٣، شێخ مەحموود لە ١٩١٨-١٩٢٣، دەرسیم لە سەرەتای ساڵانی ١٩٢٠، شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥، تا دەگاتە ساڵی ١٩١٩: داخوازینامە نێودەوڵەتییەکەی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی... هەموو ئەمانە زەمینەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی نەوەی نوێی گەنجەکان (نووسەر، سیاسەتمەدار، ڕووناکبیران..) بەشێوەیەکی تازە بیر بکەنەوە، بە ئاوایەکی مۆدێرن و بەرنامەڕێژ خەبات بکەن.

کەواتە، بەپێچەوانەی دۆخی ڕۆژئاوا و هەندێ نەتەوەی دیکە؛ بناغەی ئەو پڕۆژە مەعریفییەی کورد، لە بەستێنی مۆدێرنیتە و نوێکردنەوەدا، لای «گەنجە کوردەکان» بریتی بووە لە هەستی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، کە لە کۆتاییدا ڕاپێچاون بەرەو چەمکەکانی دیکەی وەک: مافی ئافرەت، ئازادیی ڕادەربڕین، دیموکراسی، فیدراڵی،

مەدەنیەت.. تاد. لەسەرەتادا، لای کورد، هەستێکی ئازادیخوازی نەتەوەیی هەبووە ئنجا پاشان ئەو هەستە ئازادیخوازە نەتەوەییە خۆی لە چەمکە کۆمەڵایەتی و شارستانی و مرۆڤایەتی و کولتوورییەکان ئاڵاندووە .

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ژمارەیەکی زۆری نووسەر و ڕوناکبیرانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە، بەتایبەتی ڕوویان کردبووە ئەستەمبوڵ و ئنجاش پایتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەستەمبوڵ، وەک قاهیرە، لەو سەردەمەدا، ببووە مەڵبەندێکی ڕۆشنگەر و تیشکهاوێژی ئەوتۆ کە نووسەر و ڕۆشنبیرانی نەک تەنیا کورد، بەڵکو ئەوانی زۆربەی میللەتانی وەک عەرەب و تورک و ئەرمەن و بوڵگاری و چەرکەس و فارس و هی دیکەشی تێدا کۆببۆوە؛ ئاڵوگۆڕێکی کولتووریی فراوانی تێدا ئەنجام دەدرا. ئەستەمبوڵ، ئەم پایتەختە ڕەنگینە فرە کولتوورە، ببووە پردێک کە بیری ڕۆشنی هەموو جیهان و کولتووری هەموو ئەوروپای بە دنیای دوواکەوتووی میللەتانی ڕۆژهەڵات، لەوانە کوردیش، دەگەیاند.. وەک حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**سەوادی ئەعزەمی قوستەنتەنییە**

**گەلێ بێ ناوی کردە صەدری ئەعزەم**

دروستبوونی ئەم پێوەندییە قووڵەی نێوان کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا لەڕێگەی ئەستەمبوڵەوە، فاکتەرێکی بەهێزی دیکە بوو بۆ گەڵاڵەبوونی ئەم پرۆژەیەی گەنجە کوردەکان، هۆکارێکی دیکەی دامەزراندنی ئەو بزاڤەیان بوو. ئەمەش چونکە لەسەر دەستی ئەو نووسەر و ڕووناکبیرە گەنجە کوردە ئاوارە و دوورەوڵاتانەوە بوو کە بیر و نووسین، بیری کوردپەروەری و ئەدەب، تێکەڵ بە یەکتر بوون؛ چەمکی تازە لەبارەی ژیان و ئەدەب و هونەر و شارستانیەت لەدایک بوون؛ کۆمەڵێک پێشبینی و تێگەیشتنی هاوچەرخ بیروڕای تازە سەریان هەڵدا. ئەو ڕووناکبیر و نووسەرانە لە ١٩٢٣ بەم لاوە، دووای قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردی و ڕاوەدوونانی ڕووناکبیرە کوردەکان لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە، پەیتا پەیتا گەڕانەوە بۆ کوردستان: حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، ئیسماعیل حەقی بابان، ڕەفیق حیلمی، ئەمین زەکی بەگ.. بۆ کوردستانی عیراق؛ هەروەها برایانی بەدرخان و عوسمان سەبری و قەدری جان و جگەرخوێن بۆ کوردستانی سووریا. لە کوردستاندا، بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا، ماڵێکی کولتووریی هێندە ڕەسەن و بەبڕشتیان دروستکرد کە تا ئەمڕۆش، ئێمە لە سایەی بەر و سێبەری ئەواندا دەژین.

تەنانەت لەو زەمانەشدا کاتێ لە ئەستەمبوڵ و هەندێکیشیان لە پایتەختەکانی ڕۆژئاوادا دەژیان، دیسان هەر توانیبوویان لەوێوە بناغەی ئەو ڕێنسانسە کولتوورییە دابڕێژن.

## ئایا «گەنجە کوردەکان» پرۆژەیەکی مەعریفییان هەبووە؟

ئەگەر دیارترین سیمای کۆمەڵگەی مەدەنی کاری ڕێکخراوەیی و خەباتی سیاسی بێت (لەجیاتی جموجۆڵی چەکداری و عەشایەرگەری) ئەوا «گەنجە کوردەکان» دەبنە یەکەمین گرووپی ئەو ڕووناکبیرە کوردانەی دەیانویست لە کەناڵێکی مەعریفی و مەدەنییەوە تێبکۆشن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە. ئەمەش چونکە ئەوان هاتن بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا خەباتی چەکدارییان تەرجەمە کردە سەر خەباتێکی کولتووری، خەباتی ئەپستمۆلۆژییان لەجێگەی میلیتاریەت و چەک دانا؛ هەموو ئامرازێکی ئەو پرۆژە مەعریفییەشیان تاقی کردەوە.

شایانی باسە، هەرچی چالاکی و کارێکی ئەو گەنجە کوردانە ئەنجامیان دابێ، واتە جێبەجێکردنی سەرتاپای پرۆژە مەعریفییەکە و پێداویستییەکانی، هەر لە کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی بنکە کولتووری و سیاسیەکانەوە بگرە تا دەگاتە دامەزراندنی قوتابخانەکان و چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانیان.. هەمووی لە باخەڵی خۆیانەوە دەرهاتوون، کەسی بوونە؛ هیچ حکوومەت و حزبێک کۆمەکی نەکردوون. ئەمەش بەپێچەوانەی دۆخی هەموو نەتەوەیەکی جیهان کە دیارە حکوومەتەکەیان یان لایەنێک لەپشتەوەیان بووە. کە دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبوردوویی و دڵسۆزیی ئەو ڕووناکبیرە گەنجە کوردانە.

سەرتاپای پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، واتە هەر هەموو مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دوو گەنجی خوێندکاری کوردەوە دەست پێدەکات: عەبدوڵلا جەودەت و ئیسحاق سکووتی کە یەکەمیان کوردی مەڵبەندی عەرەبگیر بوو، ئەوی دیکەشیان کوردێکی دیاربەکری، هەردووکیشیان قوتابیی

کۆلێژی پزیشکی سەربازی بوون لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ، لەژێر کاریگەرێتیی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا و فەلسەفەی رۆشنگەریی ئەورووپا و سیستەمی پەرلەمانتاری؛ پێش هەموو شتێک هاتن، لە ئەستەمبۆڵ، لە رۆژی ۱۸۸۹/۵/۲۱ یەکەمین رێکخراوی سیاسییان لە مێژووی کورددا (تەنانەت لە مێژووی هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا) بەنهێنی دامەزراند: رێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی.

ئەم دوو قوتابییە گەنجە کوردە، کە دوو رووناکبیری ئەرمەن و چەرکەسیشیان لەگەڵدا بوو، لە سەرەتادا بریتی بوون لە تەنیا چوار - پێنج قوتابیی گەنج، پاشان بوونە یازدە ئنجا پازدە قوتابییەک لە چوارچێوەی زانکۆدا، بەڵام پاشان ژمارەیان گەیشتە دەیان و سەدان و لە کۆتاییدا بوونە رێکخراوێکی جەماوەریی هێندە فراوان کە داوای لەناوبردنی سیستەمی سوڵتانەتی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دەکرد و ئامانجیان ئەوە بوو کە سیستەمێکی «نیمچە عەلمانی» و پەرلەمانتاری و دیموکراسی یان فیدراڵی دابمەزرێت کە ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس و هەموو توێژ و دین و نەتەوە و چینێک مسۆگەر بکات.

**لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێکی زۆری نووسەر و رووناکبیرانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە روویان کردبووە ئەستەمبۆڵ**

جگە لەو دوو گەنجە کوردە، دەیان رووناکبیری گەنجی دیکەش بوونە ئەندام و خەباتگێڕی ئەم حیزبەی (ئیتیحاد و تەرەقی)، دیارترینیان: عەبدولڕەحمان بەدرخان، میقداد - مەدحەت بەدرخان، ڕەزا گۆگالب، حیکمەت بابان، ئیسماعیل حەقی بابان، هەروەها ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان کە لە ۱۸۹۸/۷/۹دەبێتە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم بەڵام لەژێرەوە ئەندامێکی چالاکی ئەم رێکخراوەی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوو دژ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

شایانی باسە، ئەم رێکخراوە «کە دوو گەنجی کورد دایانمەزراندبوو!» لەکۆتاییدا ناویان لێنرا (تورکە گەنجەکان) کە لە ۱۹۰۸ کوودەتایەکیان بەسەر دەوڵەتدا کرد و دەسەڵاتیان گرتە دەست. بەم شێوەیە ئیتر، لە ۱۹۰۸ بەملاوە، وردە وردە چەندین رێکخراوی دیکە و یانەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەی کولتووریی دیکە لەلایەن دەستەی جۆراوجۆری گەنجە کوردەکانەوە لەپێناو ئامانجە کولتووری و مەعریفی و نەتەوەییە کوردەکانەوە دروست بوون:

- لە ۱۹۰۸/۹/۱۹: رێکخراوی «کوردستان تەعالی و عەزمی قەوی جەمعیەتی». شەریف پاشا و عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان لفە ئەستەمبۆل دایانمەزراند. هەندێ مێژوونووس وای بۆ دەچن کە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی) بووە. رۆژنامەیەکیان لە ۱۹۰۸ بڵاودەکردەوە بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی)؛ پیرەمێرد سەرۆک نووسینی بوو؛ سەعید نەورەسی و عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسماعیل حەقی بابان و چەندین نووسەری دیکە لەو گۆڤارەدا دەیاننووسی. لە ۲۵ی ئەیلوولی هەمان ساڵ یانەیەکی رۆشنبیریی کوردیشیان کردەوە.
- هەر لە ۱۹۰۸ خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی رووناکبیری دیکەی، لە گەڕەکی گیوو بەگ پاشا لە ئەستەمبۆڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بلاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند.
- لە ۱۹۰۸/۹/۲۵: شەریف پاشا، لە ئەستەمبۆڵ، لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و شێخ عەبدولقادری شەمزینی و داماو ئەحمەد و زولکەفەل پاشا... کۆمەڵەی (کورد تەعالی و تەرەقی جەمعیەتی) دادەمەزرێنن. لە هەمان رۆژدا یانەی کۆمەڵەکەش لەئەستەمبوڵ دەکرێتەوە و نوێنەری شاری مووش، رەشید بەگ، وتاری کردنەوەی یانەکەی تێدا دەخوێنێتەوە.
- دیسان لە ۱۹۰۸ کۆمەڵەی نەشری مەعاریفی کوردی لە ئەستەمبوڵ دادەمەزرێت و خوێندنگەیەک بۆ منداڵانی کورد لە ناوچەی (چەنبەرلی تاش) دروست دەکا.

حکوومەتی گەنجە تورکەکان واتە سەرکردایەتیی رێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی، کە ئەو کاتە کەوتبووە دەست چەند گەنجێکی تورکی شۆڤینیستەوە، (دووای بەهارێکی کەم خایەنی زەرد) لە پرەنسیپەکانی خۆیان لەهەمبەر ماف و ئازادییەکانی کورد پەژیوان بوونەوە.

ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو گفت و پرەنسیپانە بوون کە بەپێی کۆنگرەی حیزب لە ساڵی ١٩٠٧ لە پاریس: بەڵێن وابوو خودموختاری بدەنە کورد.

هەر لەو ساڵەدا (١٩٠٨) دووای ئەوەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی (تورکە لاوەکان) هاتنە سەر حوکم، پاش چەند مانگێک، دەمودەست کەوتنە دژایەتیی ماف و ئازادییەکانی کورد. پێش هەموو شتێک چوون لە مانگی ١٩٠٨/١٢ ڕێکخراوە کوردییەکەی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعیەتی)یان داخست؛ دکتاتۆرییەتێکی سەختیشیان سەپاندە سەر ئازادییەکانی گەلی کورد. لەم بەستێنەدا ژەنەراڵ شەریف پاشا، کە تا ئەم ساڵەش خۆی بە دڵسۆز و لایەنگیری ئیتحادییەکان دەزانی، سەبارەت بەم هەڵوێستە تۆرانچێتییە دەرهەق بە کورد، لێیان هەڵدەگەڕێتەوە و دژیان دەوەستێ. ناوبراو یەکێک دەبێت لە یەکەمین ئەو گەنجە کوردانەی لە گەنجە تورکەکان (واتە لە ئیتیحاد و تەرەقی) توورە دەبێت و واز لە حیزبەکەیان دەهێنێ! دووای ئەویش د. عەبدوڵڵا جەودەتی دامەزرێن و عەبدولڕەحمان بەدرخان و وردە وردە هەموو گەنجە کوردەکان (مەگەر تاک و تەرایەکی وەک ڕەزا گۆگالب و محەمەد شوکری سەگبان نەبێت کە تەنانەت خۆشیان بە تۆرانی ناونووس دەکەن!)

بەم شێوەیە، کۆتایی ساڵی (١٩٠٨) دەبێتە کۆتایی پێوەندییەکانی گەنجە کوردەکان بە گەنجە تورکەکانەوە، دەبێتە ساڵی دامەزراندنی ڕێکخراوە کوردییە نەتەوەییەکان بە مانای تەواوی زاراوەی «نەتەوە»؛ (چونکە جاران ئیتیحاد و تەرەقی ڕێکخراوێکی عوسمانی و گشتی بوو: ئەندامانی هەموو نەتەوەیەک دەیتوانی تێیدا خەبات بکات!). «٥»

بەم شێوەیە، دەبینین: وازهێنان لە ئیتیحاد و تەرەقی و وازهێنان لە ئایدیۆلۆژییەتی پان عوسمانیزم، فیدراڵیزم، ڕادیکاڵیزم.. وای کرد کە ئەو توخمانەی جموجۆڵی ناسیونالیزمی کورد پێکدەهێنن، هێدی هێدی، لەیەکتری کۆبنەوە؛ لە کۆتاییشدا پڕۆژەیەکی مەعریفیی کوردانە و ئەدەبیاتێکی سەربەخۆی جیاواز و کولتوورێکی نەوژەن لەناو کوردادا دروست ببێت.

لە مانگی ١٩٠٩/١ یەکێک لەو گەنجە کوردە سیاسەتمەدارانەی مەترسییەکی گەورەی بۆ سەر حکوومەتی ئیتیحادییەکان هەبوو (ژەنەراڵ شەریف پاشا)، میانەی لەگەڵ سەرکردایەتیی حوکوومەتی ئیتحاد و تەرەقی تێکدەچێ: لەسەر ئەوەی کە ئیتحادییەکان ڕازی نابن شەریف پاشا ببێتە باڵوێزی دەوڵەتی تورکیا لە پاریس. ئیتر لە مانگی ١٩٠٩/٢ ژەنەراڵ شەریف پاشا دەچێتە پاریس و لە ناوەڕاستی ١٩٠٩ حزبێک بە ناوی (حزبی ڕادیکاڵی عوسمانی) دژ بە حکوومەتی ئیتحادییەکانی تورکیا، لە شاری پاریس دادەمەزرێنێت و لە ١٩٠٩/١٠/١٥ گۆڤارێک بە ناوی مەشرووتیەت کە ئۆرگانی حزبەکەی خۆبەتی، لە پاریس بڵاو دەکاتەوە کە تا مانگی شوباتی (١٩١٤) بەردەوام دەبێت و (٥٥) ژمارەی بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لێ بڵاو دەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا ناوبراو، لە ماوەی ١٩١٠-١٩١٤ پێوەندییەکی بەردەوام و پتەوی، لەپاریسەوە، لەگەڵ هەموو (جەمعیەت) و (کلووب) و (شەخسیات) و ڕێکخراوە نهێنییەکانی کوردستان هەبووە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەوانەی ئەستەمبوڵ و قاهیرە و ژنێف. بەم شێوەیە، «مەسەلەی کورد» لەڕێگای گۆڤارەکەیەوە دەگەیەنێتە ئاستی گفتوگۆی دیبلۆماسی و نێودەوڵەتی. جگە لەمە، بە کردەوەی سیاسیانەش هەمان کار دەکات: لە سەرەتای ١٩١٤: شەریف پاشا لە حکوومەتی ئینگلیزەکان نزیک دەکەوێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا: لەگەڵ بیرس کۆکس، باڵوێزی بەریتانیا لە پاریس، کۆدەبێتەوە و ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی بەریتانیا لەبارەی نەخشەدانانێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

بەدەر لەم ڕیزپەڕییەی ژەنەراڵ شەریف پاشا، کە تا ساڵی ١٩١٤ هەر لە چوارچێوەی خەباتێکی ڕادیکاڵی عوسمانیدا دەمێنێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری گەنجە کوردەکانی دیکە، لە ١٩٠٨ بەم لاوە بەرنامەی خەباتیان بریتی دەبێت لە خەباتێکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی ناسیونالیستانە. ئیدی وردە وردە ڕێکخراوی نەتەوەیی - کولتووری - کۆمەڵایەتیی سەر بەم هێڵە ناسیونالیستە دامەزران:

- لە ١٩١٢-١٩١٤ کۆمەڵەی ئیستیخلاسی کوردستان لە ورمێ لە ساڵی ١٩١٢، لەلایەن سەید عەبدوڵڵای کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، بە

هاوکــاریی ســەید تەهای نەهری و سمکۆ ئاغای شکاک دامەزراوە.

- لە ١٩١٢ یەکـەمین ڕێکخـراوی خـوێندکـارانە، ڕێکخـراوی تەڵەبەی کوردان بە ناوی (هێڤی) دادەمەزرێت، کــە پێــشــتــر لە ١٩١٠/١/١٠ دامـەزرابوو، بەڵام لە ١٩١٢ مـۆڵەت وەردەگرێت. ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ژمـارە (٤٧)ی گـۆڤـارەکـەی خـۆیدا (مەشرووتیەت) نامەیەکی پیرۆزبایی بەزمانی فەرەنسی بەبۆنەی دامـەزراندنی (جـەمـعـیـەتی هیـوای طەلەبەی کوردان) بڵاو دەکاتەوە و داوا لە گەلی کورد دەکـات کە خـەبات پتــەوتر بکەن بۆ ئەوەی «لەدەست ئەو بەڵایەی وڵاتەکــەمــان ڕزگــارمــان بێت کــە ناوی ئیــتــیــحــادو تەرەقــیــیــە». لە هەمـان وتاردا پیـرۆزبایی لە دەرچوونی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) دەکات.

- لە ١٩١٣ کۆمـەڵەی جیـهـاندانی لە شـاری خوی لە کـوردسـتـانی ئێـران، عـەبدولڕەزاق بەدرخـان دایمەزراند و پاشان لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ قوتابخانەیەکی هەر لەناو جـەمـعـیـەتەکـەدا کـردەوە. زمـانی ڕووسی و کوردییان تێدا دەگوتەوە.

- لە ١٩١٥ : لـوتفـی فــــیـکـری، لەگـــــەڵ چەند ڕۆشنبــیـــرێکی دیکەی کــورد پارتی مــوجــەددید لە ئەستەمبوڵ دادەمەزرێنێ.: جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دابڕانی خەلافەت لە سوڵتان. شەریف پاشا لە گۆڤاری مەشرووتیەت باسی کردووە.

- لە ١٩١٨ کـۆمــەڵەی (کــوردســتــان تەعــالی جەمعیـەتی) لە ئەسـتـەمـبـۆڵ، کە شێخ عـەبدولقـادری شـەمزینی سـەرۆک و ئەمین عـالی بەدرخـان جێگر بووە. ئەندامەکانیشیـان: حیکـمەت بابان، مسـتـەفا شەوقی، محەمەد میهری، هەمزە موکسی، مەمدووح سەلیم، ع. ڕەحمی هەکاری، عـەزیز یامـولکی، کـەمال فەوزی. هەر ئەم کـۆمـەڵـەیەش پشــتـگیـری بڵاوکـردنەوەی گـۆڤـاری (ژین)ی کردووە. لە هەمان ساڵدا کۆمەڵەی (کوردستان ئیـسـتـیـقلال جەمعیـەتی) لە قـاهیرە لەلایەن سورەییا بەدرخـان، هەروەها لە هەمـان ســاڵدا یانەی کـوردی لە دیاربەکر لەلایەن ئەکرەم جەمیل پاشاوە دامەزراووە.

- لە ١٩١٩ لە مانگی گوڵان، لە ئەستەمبۆڵ بۆ یەکەم جـار (کـۆمـەڵەی پێـشکەوتنی ژنانی کـــورد/ کـــورد قـــادینلار تعـــالی جـمـعـیـەتی) دادەمـەزرێت لە پێناو گرێدانەوەی خەباتی ئافرەتانی کورد بە خەباتی نەتەوەییەوە.

- لـــە ١٩٢٠/٥/٢٠ یـــانـــەی سەرکەوتن لە بەغدا. (*)

**دروستبوونی ئەم پێوەندییە قووڵەی نێوان کورد لەگەڵ ڕۆژئاوا لە ڕێگەی ئەستەمبۆڵەوە، فاکتەرێکی بەهێزی دیکە بوو بۆ گەڵاڵەبوونی ئەم پرۆژەیەی گەنجە کوردەکان**

- لە ١٩٢٢ کۆمـەڵەی کوردسـتان لە سلێمانی کە مستەفا عەزیز پاشا و ڕەفیق حیلمی و سـاڵح قەفتـان و ئەحمەدبەگ و شوکری عەلەکە دایانمەزراندووە و گۆڤارێکیـان بە نـاوی (بانگی کوردستـان) دەرکردووە. ئامانجی سەرەکییـان بریتی بووە لە پشتیوانی کردنی شۆڕشی شێخ مەحموود.

- لە ١٩١٨ لقـێکی جەمعیـەتی تەعاون لە دیاربەکر کـرایەوە و نـاوی نرا یانەی کـورد (کـورد کلوّبی). دکـتـۆر جەوودەت بەگ جێگری سەرۆک بوو، کەریم جەردیس زادە ژمــێـــربار. نزیکەی دوو هەزار ئەندامی هەبوو لەوانە مـحـەمـەد مــیــهـری و دکــتـۆر فـوئاد. لە کـۆتـاییــدا ڕێکخراوێکی دیکەی لێ دامـەزرا بە ناوی تەشکیـلاتی ئیجتیماعیە؛ ئەمین عـالی بەدرخان و شوکری بابانزادە و عـەبدوڵڵا جـەوودەت و ئەکـرەم جـەمـیل پاشـا سـەر بەم ڕێکخراوە بوون. گۆڤاری ژین ١٩١٩ ئۆرگانیان بوو.

- ئەحمەد خواجە دەڵێ: " کۆمەڵەی لاوانی کورد " کە لە هەولێـر لە ١٩٢١ دامەزرابوو، لە هەولێر شانۆگەریی سەلاحەدینیـان پێشکەش کـردووە. عـەبدوڵڵا عـەزیز کـارگەچی و ئەحـمـەد فـەخری سامی و عـەبدوڵڵا سامی ئەندامــانی ئەو کــۆمــەڵەیە بوون و بەشــدارییــان لەو شـانۆگـەرییـەدا کـردووە. بڵاوکـراوەیەکی دەسنووسی ڕەخنەیی توندوتیـژیان هەبوو. عـەبدولخـالیق قـوطب و مـحەمـەد مەحـموود قودسی و تاهیر سادق و مسـتـەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و سەید نەظیف کۆیی ئەندامانی دیکەی ئەم کۆمەڵەیە بوون».

- لە ٢/٢٤/ ١٩٢٦ کۆمەڵەی زانستیی کوردان لە سلێمـانی، کە ئەحمەدیەگی تۆفیق بەگ و کەریم زانسـتی و ڕەفــیـق حــیلمی دایانمەزراندووە. تـیــپی شــانۆیی قوتابخانەی زانستی کە سەر بەو کۆمەڵەیەی (زانستی) بووە لە سلێـــمـــانی، لە ١٩٢٦ دامــەزراوە، چەندین بەرهەمی شانۆیی هەبووە. جگە لە پیـشـاندانی فـیلمی

سینەمایی لەناو ئەم جەمعیەتەدا.

هەموو ئەم کۆمەڵە ڕۆشنبیری و ڕێکخراوانە، کە دەیان ڕووناکبیر و سەدان گەنج بەشداریبیان تێدا کردووە و ئەندامیان بوونە، یەکێکە لە نیشانە و بەڵگەکانی هەبوونی ئەو پرۆژە مەعریفی و ژیانە مەدەنییە کە تازە ڕووی کردبووە کوردان.

لەسەرووی هەمووی ئەمانەشەوە، هەر لەسەر دەستی یەکێک لەو گەنجە کوردە دیپلۆماسیانەیە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا «کێشەی کورد» لەسەر ئاستی ناوخۆ و ناوچەییەوە بەرزدەبێتەوە ئاستێکی جیهانی: ژەنەڕاڵ شەریف پاشا داخوازینامەیەک پێشکەش دەکاتە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩دا لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد. دیسان هەر بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، هەمان ئەو گەنجە ڕووناکبیرە کوردە نەخشەیەکی کوردستانی گەورە دروست بکات و وەک ئامرازێکی دەربڕینی هەستی نەتەوەیی، لەناو داخوازینامەکەیدا بەدەری بخات.

دەستاوەردێکی ئاپستمۆلۆژیی دیکەی گەنجە کوردەکان، گۆڕینی سیستەمی خوێندن و پەروەردە بوو، دامەزراندنی قوتابخانە بوو لەشێوەیەکی نوێدا بە ناوەڕۆکێکی هاوچەرخی ئەوتۆ کە لەگەڵ دۆخ و پێداویستییەکانی هاوزەمان بگونجێ.

زەمانی کلاسیک، واتە زەمانی پێش «گەنجە کوردەکان» سیستەمی خوێندن کە پێی دەگوترا (فەقێیاتی) یان (خوێندنی حوجرە) سیستەمێکی کۆن و دوواکەوتوو، ئیسلامی بوو. بەپێی قۆناغی یەک لەدووای یەکی خوێندن بەم شێوەیە بووە: سوختە، موقەدیمات خوێن، ناسکە موستەعید ، موستەعید. ئەو بابەت و دەرسانەیش لە حوجرە و و مەدرەسەکاندا دە گوترانەوە (قەید و تەذبیب و شەرح و حاشیەکان...) دیارە، وەک حاجی دەڵێ بەرباد و بێ کەڵک بوونە، نەک هەر سوودێکی ئەوتۆیان نەگەیاندۆتە فەقێکان، بەڵکو بەربەستێکیش بوونە لەبەردەم پێشکەوتنی کورد. بەدرێژایی سەدان ساڵ هەمان سیستەم، هەمان کتێب، هەمان دەرس، هەمان مەعریفەی باوی سواو خۆی دووبارە کردۆتەوە: بێ ئەوەی هیچ ئەبستمۆلۆژیایەکی نوێ دابهێندرێت کە لەگەڵ واقیعی تازەی کوردستان و لەگەڵ ژیانی جیاوازی ئینسانی جیاوازی هەر قۆناغێک یەکتر بگرێتەوە. تەماشاکە گەنجێکی یاخی، حاجی قادری کۆیی، کاتێ خوێندنی فەقێیاتی تەواو دەکات و ڕوودەکاتە ئەستەمبوڵ، چۆن لەوێ چاوی دەکرێتەوە و تێدەگا کە ئەو مەلای دەرس و موفتییانەی کوردستان چەندە گەوج بوونە، چۆنیش هەر هەمان سیستەمی خوێندن لە کوردستاندا ببووە بەربەستێک لەبەردەم پێشکەوتنی قوتابی و گەنجی کورد:

**ئێستە مەعلوومی بوو هەموو میللەت**
**ئەی مەلای دەرس و موفتیی ئوممەت**
**قەید و تەذبیب و شەرح و حاشیەکان**
**بوونە سەددی مەعاریفی کوردان**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە، نووسەر و ڕووناکبیرە «گەنجە کوردەکان» دەست دەکەن بە پەیداکردنی هوشیاری و وردە وردە ڕەخنەگرتن. بێداردەبنەوە و دەزانن کە لەپێناو وەدیهێنانی ڕێنسانسێکی کولتووریدا پێویست وایە پرۆژەیەکی مەعریفی دابمەزرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دێن پێش هەموو شتێک قوتابخانەی نوێ، واتە قوتابخانەی سەر بە سیستەمی مۆدێرن دادەمەزرێنن. ئەم قوتابخانە و خوێندنگە مۆدێرنانەش بێگومان ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو بەسەر بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەشونمای جموجۆڵی ئەدەبی. قوتابخانەکان، جگە لە ناوەڕۆکی هاوچەرخی ئەبستمۆلۆژی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییان، چالاکییە شانۆیی و کولتوورییەکانیشیان، ڕۆڵی مەزنیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی چەمکە فیکری و ڕۆشنگەری و ئەدەبییە تازەکان و نوێکردنەوەی چێژی ئێستێتیکیی خەڵک.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، لە ١٨٩٢ تا ١٩٠٧ لە ئەستەمبوڵ قوتابخانەیەکی گشتی بە ناوی (عەشیرەت مەکتەبی) هەبوو کە منداڵانی کوردیش دەیانتوانی زمانی عوسمانی و عەرەبی تێدا فێر بن. هەروەها لە سلێمانی، لە ١٨٩٣ بەم لاوە قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری کرایەوە کە دەرچووەکانی دەنێردرانە بەغدا و ئەستەمبوڵ بە مەبەستی تەواوکردنی زانستەکانی عەسکەری. ئەمین زەکی بەگ و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەعرووف جیاوک و ئەمین ڕواندزی و دەیانی دیکە.. دەرچووانی ئەم قوتابخانەیەن. سەعید صدقی حەسەن کابان لە ١٩٠٣ بۆتە مامۆستا لەوێ. ئنجا لە ١٨٩٩ لە سلێمانی

مەكتەبی ئەعدادی لە سلێمانی كراوەتەوە. جگە لەمانەش لە ١٩٠٠ لە سەردەمی عوسمانییەكاندا لە هەولێر، بەپێی سجلاتی كۆن، وانەی " لیسانی فەرەنسەوی و مۆسیقا و ڕەسم و ئال ئیشلەری و تەربیەی بەدەنی و حوسنی خەت " دەخوێنزا. دووای ئەمیش لە ١٩٠٨- ١٩٠٩ قوتابخانەیەكی دیكە بە زمانی كوردی لە ناوچەی (چەنبەرلی تاش) لەناو بینایەی ڕێكخراوی "كورد نەشری مەعاریف جەمعیەتی" لە ئەستەمبۆڵ بە ناوی (كورد نموونە مەكتەب ئیپتیدائیسی – مەشرووتیەت) كرایەوە كە خەلیل خەیالی و ئەحمەد كوردیزادە دایانمەزراندبوو. مامۆستای ئەو قوتابخانەیە سەعید كوردی بووە كە ئەو كاتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی شەرق و كوردستان بووە. جەمعیەی ناوبراو لەوكاتەدا كتێبێكی ڕێزمانی و قوتابخانەیی بۆ قوتابییەكان چاپكردبوو. پاشانیش لە ١٩١٠ قوتابخانەیەكی دیكە لە ئەستەمبۆڵ لە گەڕەكی دیوانلی دادەمەزرێ، عەبدولڕەحمان بەدرخان مامۆستا بووە و مانگی ٣٠ لیرەی عوسمانلی لە باخەڵی خۆی لە خەرجیی ئەو قوتابخانەیە سەرف كردووە. دوواتریش لە ١٩١٣/١/٤ قوتابخانەیەكی كوردیی دیكە لەلایەن عەبدولڕەزاق بەدرخان لە (خوی) لە كوردستانی ئێران: ئەلف و بێی ڕووسی و ئەدەبی ڕووسی و زمانی كوردی فێری قوتابیان دەكەن. سمكۆ ئاغای شكاك هاوكاریی دەكردن. لە هەمان ساڵ و شوێندا دامەزراندنی (كۆمەڵەی ڕۆشنبیریی كوردستان). لە شاری سلێمانیش لە ١٧ی مانگی ئۆگەستی ١٩٢٠ دەبینین «لە مەكتەبی نموونەی سەعادەت قوتابی قەید و قبووڵ دەكرێ و لە یەكی مانگی سێپتەمبەری ١٩٢٠ ڕۆژی چوار شەممە مەكتەب دەكرێتەوە و دەست بە دەرس خوێندن دەكرێ. حكوومەت كتێب، دەفتەر، قەڵەم، كاغەز، مەرەكەب، تەباشیریان ئەداتێ و هیچیان لێ ناسێنێ». هەر لە ساڵی ١٩٢٠یەكەم كتێبی چاپكراوەی ڕەسمی لە كوردستانی عیراقدا كە بۆ قوتابخانەكان ئامادەكرا و بڵاوكرایەوە، نووسراوی مامۆستای قوتابخانەی نموونەی سەعادەت، محەمەد باشقە (١٨٩٠ ـ ١٩٨٠) كە بە هاوكاریی مێجەرسۆن و محەمەد زەكی داینـاوە بە ناونیشانی (ئەوەڵەمین قیرائەتی كوردی) لە ساڵی ١٩٢٠دا لە چاپخانەی حكوومەت لە بەغدا چاپكراوە. ئنجا لە ١٩٢٦ لەلایەن ئەحمەد عەزیز ئاغاوە (ئەلف و بێ) لەجیاتی (ئەوەڵەمین قیرائەت) بۆ پۆلی یەكەم دانرا. لە هەولێریش، هەر لەو دەوروبەرەدا قوتابخانەی ئەربیل ئوولای هەولێر هەبووە كە تێیدا «لیژنەی فەن و تەمسیل» چالاكیی نوواندووە و بە یەكەمین لیژنەی نواندنی شانۆیی دەژمێردرێ لە كوردستاندا. ئیتر وردە وردە دەیان قوتابخانەی دیكە لە كوردستاندا سەریان هەڵدا و لە ناوەڕاستی بیستەكاندا قوتابخانە بۆ كچانیش دەرگاكانیان كەوتە سەر پشت.«٦»

بەم شێوەیە، ئەو ڕووناكبیرە گەنجە كوردانە، بەپێچەوانەی شێخ و موفتی و مەلا و میرە كوردەكانی سەدەكانی ڕابردوو، بزووتنەوە كۆمەڵایەتی و نەتەوەخوازییەكەی ئەو سەردەمەی كوردستانیان، لە ئاستی سەرزارەكییەوە، لە ئاستی كارەسات و ڕاپەڕینە ڕۆژانەكانەوە گەیاندە ئاستی بە ئەبستمۆلۆژیاكردن، ئاستی بە مەعریفەكردنی كردەوەكان. گەیاندیانە ئاستی ئایدیۆلۆژیا و بە پرۆژەكردنی نووسین و هوشیاری.. ئەمەش لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی خوێندەواری بە زمانی كوردی و كردنەوەی قوتابخانەكان و هێنانە ئارای سیستەمێكی پەروەردەیی هاوچەرخ و خوڵقاندنی زەمینە بۆ دروستبوونی مەعریفەیەكی نوێ. ئەمە كارێك بوو كە موفتی و میر و مەلا و شێخ و خاوەن تەریقەتەكانی سەردەمی كلاسیك (مەلای جزیری و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا مەحموودی بایەزیدی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و زۆری دیكەش ..) هەرگیز نەیانتوانیبوو پەی بە ئەنجامدانی ببەن و جێبەجێی بكەن.

تا دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم – لە چەند شاعیرێك زیاتر – هیچ مەلا و شێخ و میر و موفتی و میرزایەك (كە منەوەرەكانی ئەوكاتە بوون) نەهاتوون كتێبێك لەبارەی ژیان و كۆمەڵ و زانست و هەر چی شتێكی دیكەوە بە كوردی بنووسن. ئەمەتا شاعیرێكی گەنجی كۆتایی سەدەی نۆزدەم، حاجی قادری كۆیی یاخیگەر، ڕەخنە لەم بێ عەقڵی و خۆ بە كەم زانینیەی نەسلی ڕووناكبیرانی پێش خۆی دەگرێت و دەڵێ (حەیف):

**كتێب و دەفتەر و تەئریخ و كاغەز**
**بە كوردی گەر بنووسرایە زەمانی**
**مەلا و میر و پادشامان**

**هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی**

هیچ خواجە و خان و کوێخا و مەلا و میر و موفتی و مووریدێک (کە منەوەرەکانی ئەوکاتە بوون) نووسراوێکیان (لە شیعر زیاتر) بە زمانی کوردی نەنووسیوە؟ دیسان هەر هەمان شاعیری یاخی، کە سەر بە نەوەی گەنجی تازەی ڕاچەنیوی کۆتایی سەدەی نۆزدەیە، بە هوشیارییەکی هێرشکارانەوە دژی مەلا و «عولەما» و ئوستادە کۆنەکانمان، گەواهیمان بۆ دەدات:

**هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت**
**بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت**

هۆی سەرەکیی ئەم بە کوردی نەنووسینە، بە باوەڕی من، لەوەدایە کە خواجە و کوێخا و مەلا و میر و موفتی و میرزاکان، واتە نەسلی پیری دەسەڵاتدار، نەیانویستووە نەسلی گەنج و نەوجەوان و قوتابی (واتە شاگرد و سوختە و موستەعید و فەقێکان) لەو نیعمەتە بەهرەمەند بن کە ناوی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و هونەر و زانستە! ئەمەش چونکە، هەموومان دەزانین: توانای نووسین و خوێندنەوە، یان سوودوەرگرتن لە زانست و ڕۆشنبیری و هونەر، گەنج و خوێندکاران دەگەیەنێتە لێوارەکانی یاخیبوون و ئازادی؛ ئەمەش مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتداری پیر و میر و مەلا دروست دەکات.

بەکوردی نووسین یان توانایی کوردی خوێندنەوە، یان تەنانەت هەر فێری خوێندەواری بوون و ڕۆشنبیربوون، لە دیدی ئەو مەلا و میر و منەوەرە پیرانەدا، دەکاتە: مەترسیی ئەوەی بەرژەوەندی و پایە و بەهاکانی خۆیان بەسەر خۆیاندا قڵب ببێتەوە. بۆیە زۆربەی هەرە زۆریان، نەک هەر بەلایانەوە گرنگ نەبووە، خەڵک فێری خوێندەواری و نووسین بە کوردی و خوێندنەوە بە کوردی بکەن، بەڵکو ڕێگەشیان لێ گرتووە؛ تەنیا ئەوەیان لەلا بەس بووە چەند ژمارەیەکی کەمی فەقێ و شاگرد لە حوجرەکانیاندا ڕابگرن ئەویش لەژێر سانسۆر و زەبری دارحەیزەراندا!

بەپێچەوانەی ئەمانە، گەنجە کوردەکان هاتن پێش هەموو شتێک بایەخیان دایە نووسین بە کوردی. کەواتە نووسین (پەخشان) بە زمانی دایک، خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەکی مۆدێرن و لەو زەمانەدا هەنگاوێکی نوێگەرا بووە.

هەر لێرەشەوە دەبینین، سەدەکانی ڕابردوو خاسیەتێکی شەرمەزاری لەم بەستێنەدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە هیچ هۆشیارییەکیان لەبارەی خۆیانەوە نەبووە؛ هیچ هوشیارییەکمان لەبارەی خۆیانەوە ناداتێ. ئەمەش بە پێچەوانەی (سەردەمی گەنجە کوردەکان) کە جورئەتی پەیدا کرد هوشیارییەک لەبارەی خۆیەوە ببەخشێت و خۆی بنووسێتەوە!

تەنانەت لە ئاستی جیاوازییەکانی زمانی دەربڕینیشدا، ئەو گەنجە کوردانە هەوڵیانداوە زمانێکی جیاواز لەچاو زمانی کلاسیکی کوردی دەکار بێنن. بەم شێوەیە، زمانێکی تازەیان هێنایە ئارا کە شاعیری گەورەی ئەو زەمانەمان، عەبدوڵڵا گۆران ناوی دەنێت (زمانی کوردیی عوسمانلی) ؛ ئەو زمانەش - بە بۆچوونی گۆران - تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو. «٧»

گەنجە کوردەکان لەپێناو ئەو ڕێنسانسە کولتوورییەدا، پرۆژەی هێنانی یەکەمین چاپخانە کوردییەکانیشیان هێنایە دی:

١- چاپخانەی میقداد- مەدحەت بەدرخان (١٨٩٨)

لە ژمارە چواریدا نووسراوە کە ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپخانەی سەربەخۆی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا چاپکراوە «لمصرێ ل مطبعا جریدەیا کوردستانێ طەبع بیە». ژمارە پێنجیش لە هەمان ئەو چاپخانە کوردییەدا.

لەم دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەی ناوبراودا هیچ باسێک لە بارەی کڕینی چاپخانە و دامەزراندنی چاپخانەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕۆژنامەکە نەکراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە میقداد مەدحەت بەدرخان لەو ماوەیدا بە ڕاستی چاپخانەیەکی سەربەخۆی بۆ بڵاو کردنەوەی (کوردستان کڕیبێت. لە هەمان دەور و زەمانیشدا، فەرەجوڵڵا زەکی ئەلکوردی، کە دیارە ڕۆشنبیرێکی بە نەژاد کوردی میسر بووە، چەند کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپ کردووە و لەسەر هەر یەکێکیانی نووسیوە (مطبعە کردستان). ئێمە پێمان وایە ئەم دوو چاپخانەیە هەمان شت نین؛ بەڵام نەشمانتوانیوە بزانین ئەو چاپخانەیەی زەکی ئەلکوردی چی بووە؟ هەر چۆنێک بێ ئەگەر برایانی بەدرخان و ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨- ١٩٠٢ چاپخانەیەکی سەربەخۆیان هەشبووبێت، ڕاستە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام زوو جوانەمەرگ کراوە و لە ژمارە ٤ و ٥ زیاتر بەروبوومێکی ئەوتۆی نەبووە.

٢- چاپخانەی ئیجتیهاد (١٩٠٤)، خاوەنی: د. عەبدوڵڵا جەودەت

ڕووناکبیری کورد، د. عەبدوڵڵا جەودەت ١٨٦٩-١٩٣٢، کاتێ لە دوورە وڵاتدا ژیاوە لە ژنێف، لە ڕۆژی ١٩٠٤/٨/٤ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ئیجتیهاد بەو چاپخانەیەی خۆی لە سویسرا بڵاو دەکاتەوە، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەم چاپخانەیەشەوە پرۆژەی بڵاوکردنەوەی زنجیرە کتێبێک دەگرێتە ئەستۆی خۆی، بە زمانی تورکیی عوسمانلی و فەرەنسی، کە تا ڕۆژی مردنیشی هەر مابوو.

ئەم چاپخانەیەی د. عەبدوڵڵا جەودەت بە چاپخانەیەکی کوردی لە قەڵەم دەدرێت، چونکە خاوەنەکەی کوردە؛ دووەم: لەبەر ئەوەی ئەم چاپخانەیە چەندین کتێب و چاپەمەنی نووسەرە کوردەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەی بە زمانی عوسمانلی لە بارەی کولتووری کورد بە چاپ گەیاندووە، هەروەها چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردیی دیکەش چ بە زمانی تورکی چ بە زمانی کورد لەم چابخانەیەی ئیجتیهادی ڕۆڵەی کورد، عەبدوڵڵا جەودەتەوە چاویان بە ژیان هەڵێناوە، لەوانە بۆ نموونە: ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە ساڵی ١٩١٣دا و چەندین گۆڤار و کتێبی دیکەی کوردیش.

٣- چاپخانەی «تعاون و ترقی» ١٩٠٨

ڕووناکبیری کورد، زنار سیلۆپی (قەدری جەمیل پاشا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: «خەلیلی خەیاڵی، لەگەڵ هەندێ هاوڕێی ڕووناکبیری دیکەی لە ساڵی ١٩٠٨ دا لە گەڕەکی گیوو بەگ پاشا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکیان دامەزراند بە ناوی «جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی» پاشان چاپخانەیەکیشیان بۆ بڵاو کردنەوەی بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەکەیان دامەزراند.

٤- چاپخانەی کوردستان ١٩١٥

حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣- ١٩٤٧) لە تافی لاوێتیدا مەڵبەندە ڕۆشنبرییە گەورەکان زۆر گەڕابوو. هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە خۆی فێری زمانی هیندی وعەرەبی و تورکی و فارسی و ڕووسی و فەڕەنسی کردبوو. باش لە بایەخی چاپخانە و چاپەمەنی تێگەیشتبوو، بۆیە دوای ئەوەی ڕووسیای بەجێهێشت و چوو بۆ هیندستان بە ڕێگای ئەفغانستانەوە چوو بۆ ئەستەمبۆڵی مەڵبەندی چاپەمەنی، لەوێ خۆی فێری هونەری خۆشنووسی و زانستی و چاپخانە و چاپەمەنی کرد، ئینجا دوای ئەوە چووە ئەڵمانیا و لەوێ لە ساڵی ١٩١٥ دا چاپخانەیەکی بە ١٢٠ لیرەی تورک کڕی و لە هەمان ساڵدا گواستییەوە بۆ شاری حەلەب لە سووریا. موکریانی، لە ساڵی ١٩٢٥ دا لەسەر داخوازیی سەید تەهای شەمزینیی قایمقامی ئەوسای ڕەواندز، چاپخانەکەی لەشاری حەلەبەوە دەگوازێتەوە شاری ڕەواندز و دەست دەکاتە بڵاوکردنەوەی زاری کرمانجی (١٩٢٦- ١٩٣٢). لە ساڵی ١٩٤٧ بەولاشەوە چاپخانەکە دەگوازێتەوە هەولێر و ناوی لێدەنرێت: چاپخانەی کوردستان. بەم شێوەیە موکریانی بە دامەزرێنی یەکەم چاپخانەی کوردیی تەمەن درێژ لە قەڵەم دەدرێت لە مێژووی دامەزراندن و پەرەسەندنی چاپخانەی کوردیدا. بەشی هەرە زۆری کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکان و مەعریفەی کوردستانی عیراق لەم چاپخانەیەوە لە دایک بوون.

دروستکردنی پێوەندییەکی کولتووریی بەهێز، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لەنێوان کولتووری کوردی و کولتووری ڕۆژئاوادا، واتە لەنێوان نووسەرانی کورد و نووسەرانی ئەوروپادا پرۆژەیەکی ئەبستمۆلۆژیی دیکەی «گەنجە کوردەکان» بوو، کە سەرکەوتووانە بەجێیان گەیاند؛ لەئەنجامیشدا ڕێنسانسێکی کولتووریی لێوە هاتە دی.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەشێکی زۆری نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد، لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانەوە، ڕوویان کردبووە ئەستەمبوڵ: محەمەد میهری و مستەفا شەوقی لە سابڵاخەوە، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و مەمدووح سەلیم و هەمزە بەگ و سەعید کوردی و خەلیل خەیالی و د. عەبدوڵڵا جەودت و برایانی بەدرخان و قەدری جەمیل پاشا لە دیاربەکرەوە، ئیسماعیل حەقی شاوێس و پیرەمێرد و ڕەفیق حیلمی و مستەفا پاشا یامولکی و ئەمین زەکی بەگ و نەجدەت کەرکووکلی و حوسێن حوزنی موکریانی و ژەنەراڵ شەریف پاشا لە عیراقەوە.

گرووپی نووسەرانی گۆڤاری ژین (١٩١٨ ـ ١٩١٩)، بۆ نموونە، بۆ یەکەمین جار باسی ئازادی و مافەکانی ئافرەتی کردووە، کە درەنگتر ـ لە ساڵانی بیست و سییەکاندا ـ لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی دایەوە. پشتیان بە

ئێستێتیکایەکی هاوچەرخ و پێوەرە ئەدەبییە تازەکان بەستبوو، لەژێر کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەورووپی و تورکە گەنجەکاندا. هەر ژمارەیەکی ژین (٢٠ لاپەڕە)، نزیکەی ٧ لاپەڕەی تەرخانکرابوو بۆ بڵاوکردنەوەی داهێنانی ئەدەبیی تازە و ڕەگەزە تازەکان: چیرۆک، وتار، شانۆنامە، بەتایبەتیش شیعری نوێ کە مستەفا شەوقی و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری سەرتۆپی بوون. تەئسیراتی ئەو نووسەرانەی گرووپی ژین زۆر زوو بەسەر کوردستانی عیراقدا ڕەنگ دەداتەوە، بەتایبەت بەسەر نووسەرانی تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن و ژیانەوە و ژیان. لەوانەیە هەر بۆیەش ئەدەبی کوردی لە عیراقدا لە ١٩٢٠ بەم لاوە تەکانێکی بەهێز دەدات.

دروستبوونی ئەو پێوەندییە کولتوورییە بەهێزە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا، لەنێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ڕۆژئاوادا، واتە لەنێوان نووسەرانی کورد و نووسەرانی ئەورووپا، بە نوقتەگۆڕان و وەرچەرخانێکی کولتووری دەژمێردرێت. ئەم وەرچەرخانە کولتوورییەش، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و پەیتا پەیتا، لە ماوەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای بیستەمدا، لە سێ ڕێگەوە گەیشتۆتە ئێمە:

یەکەم: ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کولتووری ئەورووپا و زمانە ئەورووپییەکانەوە.

ئەمەش لەبەرئەوەی گەلێک لەو ڕووناکبیرانە لە زانکۆی پایتەختەکانی ئەورووپا ژیابوون؛ خوێندبوویان و بروانامەی بەرزیان هێنابۆوە، یان بەلای کەمییەوە فێری زمانەکانی فەرەنسی و ئەڵمانی و ڕووسی و ئینگلیزی و یۆنانی ببوون: ئەو ئەدەبیات و زمانە ڕۆژئاواییانەیان بەکاردەهێنا بۆ دەوڵەمەند کردن و تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی.

میقداد - مەدحەت، ژەنەراڵ شەریف پاشا، ڕەفیق حیلمی، حوسێن حوزنی موکریانی، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسماعیل شاوەیس، مەمدووح سەلیم (فەرەنسی)، عەبدولڕەحمان بەدرخان و سورەییا بەدرخان (ئەرمەنی و ئینگلیزی و فەرەنسی)، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، عەبدوڵڵا گۆران (ئینگلیزی)، کامەران عالی بەدرخان و نوورەدین زازا (ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی)، جەلادەت بەدرخان (ڕووسی و یۆنانی)، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (ڕووسی و ئەڵمانی) فێر ببوون. ئەمە جگە لە زانینی تورکی یان عەرەبی و فارسی. وەک دەشزانین، ئەم نووسەرانە هەموویان، هەر یەکە و لە بواری خۆیدا، سوودیان لە کولتوور و زمانە ئەورووپاییەکە وەرگرتووە؛ لە سەرجەم چالاکی و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ تەنانەت هەندێکیان تەرجەمەشیان لەو زمانە ئەورووپییانەوە کردووە.

دووەم: لەڕێگەی ئەو ئەدەبیاتە ئەورووپییەوە کە تەرجەمە کرابووە سەر زمانی تورکی و لەلایەن نووسەرانی وەک پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و نەجمەدت کەرکووکلی و خەلیل خەیالی و مستەفا شەوقی و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری و جەمیل سائیب و ئەوانی ترەوە دەخوێنرایەوە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە تورکەکان پێش نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب و فارس کەوتبوونە سەر تەرجەمەکردنی ئەدەبیاتی ئەورووپایی بۆ سەر زمانی خۆیان. کوردیش ئەو ئەدەبیاتە ئەورووپاییەی بە زمانی تورکی دەخوێندەوە. هەر بۆیەش دەبینین: کورد لە سەرەتادا، لەژێر کاریگەرێتیی تورکدا دەبێت؛ پاشان دەکەوێتە ژێر کاریگەرێتیی عەرەب لە عیراق و فارس لە ئێراندا.

ئەو نووسەرە کوردانەمان، ئەورووپاشیان نەدیبوو، بەڵام لەڕێگەی زمانی تورکییەوە توانیویانە پەی بە پێشکەوتن و تازەگەرییەکانی ئەدەبی ئەورووپی ببەن. گۆران، کە باسی تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەکات و باس لە تەئسیری شاعیرانی فەجری ئاتیی تورک دەکات بەسەر شاعیرانی کوردەوە؛ ئەوەش دەستنیشان دەکات کە لەوکاتەدا شاعیرانی تورک، لە ئەنجامی باری تورکیا و بڵندبوونەوەی دەنگی ئازادیخوازیدا، بە ڕەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسا و تەوژمی ڕۆمانتیکیی شیعری ئەورووپا، ڕوویان کردبووە بیری تازە و بۆ ڕوخسار گەڕابوونەوە سەر کێشی شیعری فۆلکلۆری تورکی. هەر لەو کاتەدا شاعیرانی کورد لاسایی ئەوانیان دەکردەوە. هەروەها د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ (لە ئەدەبی نوێی کوردیدا) جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە ئەدەبی تورکی خۆیشی - کە کاری کردۆتە سەر نووسەرانی کورد - لەژێر کاریگەرێتیی ئەورووپادا بووە، واتە نووسەرانی کورد لەڕێگەی زمانی تورکییەوە

توانیویانە دەستی خۆیان بگەیەننە ئەدەب و کولتووری ئەورووپی.

سێیەم: لەڕێگەی زمانی تورکی و ئەدەبیاتی نەتەوەیی نوێی تورکییەوە.

ئەدەبی تورکی لەو سەردەمەدا لەمێژ بوو، واتە پێش عەرەب و فارس، خۆی تازە کردبۆوە و کەوتبووە ژێر تەئسیری پەرناس و سمبوولیزمی ئەورووپی: سەروەتی فنوون (١٨٩٠)، فەجری ئاتی (١٩٠٨)، گەنج قەڵەملار (١٩١٠).(٢٩) کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی تورکی بەسەر کوردانی ئەوکاتەوە، لە هەموو بوارێکی داهێنان و ڕووانین و تەکنیک و شێواز و فۆرم و زمان و بابەتەکاندا بووە. ئەو نووسەرە کوردانەی کە لەڕێگەی زمانی تورکییەوە، کەوتبوونە ژێر کاریگەرێتیی ئەدەبی نەتەوەیی تورکییەوە، دوو دەستەن:

دەستەی یەکەم: ئەوانەی دووربەدوور، هەر لە کوردستانەوە، ئەو ئەدەبیاتە تورکییە تازەگەرانەیان پێدەگەیشت؛ بێ ئەوەی ئەستەمبۆڵ و ناوەندە کولتوورییەکانی ئەستەمبۆڵیان دیبێت، تەنیا لەڕێگەی خوێندنەوە و موتابەعەکردنەوە موتەئەسیر بوون. بۆ نموونە، بەڵگەنامە مێژووییەکان بۆمان دەسەلمێنن کە جەمیل سائیب بەردەوام بڵاوکراوە تازە تورکییەکانی ئەستەمبۆڵی، لەلایەن پیرەمێردەوە پێگەیشتووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتیی ئەو کولتوورە تورکییەوە. هەروەها شێخ نووری شێخ ساڵح نموونەیەکی دیکەی دیاری ئەم جۆرە نووسەرانەیە، کە ڕەفیق حیلمی – لەشیعر و ئەدەبیاتەکەیدا– لەبارەیەوە دەڵێ:

شێخ نووری شێخ ساڵح شاعیرە گەورەکانی تورکی دەوری ژیانەوە و ئینقیلابی عوسمانیی بە وردی خوێندۆتەوە. لە ئەدیبەکانی دەوری وریابوونەوەی تورک زۆر سوودمەند بووە و لە دانانی شیعری کوردیدا پێڕەوی تۆفیق فیکرەت ی کردووە.

دەستەی دووەم: ئەوانەی کە لە ئەستەمبۆڵ ژیابوون و ڕاستەوخۆ لەناو ژینگە کولتوورییە تازەکەدا شیلەی ژیان و ئەزموون و کولتوورەکەیان وەردەگرت؛ تەنانەت هەندێک لەو ڕووناکبیرانە، لە زانکۆکانی ئەنقەرە و ئەستەمبۆڵ خوێندبوویان و بڕوانامەی بەرزیان هێنابۆوە، یان بەلای کەمییەوە زۆر بەباشی فێری زمانی تورکی ببوون و بەکاریان دەهێنا بۆ دەوڵەمەندکردن و تازەکردنەوەی ئەدەبیاتی کوردی. پیرەمێردی نەمر کە نموونەیەکی دیاری ئەم دەستە نووسەرانەیە، لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٧ ـ ١٩٢٣دا لە ئەستەمبۆڵ ـ ڕاستەوخۆ لەناو جموجۆڵە ئەدەبییەکەدا ژیاوە ــ گەواهیمان بۆ دەدات و دەڵێ:

" ئێمە زۆرترمان لەوێوە، لە ئەستەمبوڵەوە، پێگەیشتووین " ، " یەکەم جار لە ئوطظە دراوسێی ڕەجایی زادە ئەکرەم بەگ و عوششاقی زادە خالید زیا و حسێن ڕەحمی بووم، ڕەزا تۆفیقیشیان پی ناساندم " ، " ئیتر کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە"، " ئێواران کە لە ئەستەمووڵەوە بە واپۆڕ ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم کە ئوطظە بوو، وە کە سەروەتی فنوونم لە گۆگرتەی ئەو واپۆڕی سەر دەریای مەرمەرییەدا ئەخوێندەوە، تەئسیری ئەو شیعر و ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە دەریای خولیاوە ".

سەبارەت بەم ڕێنسانسەوە کە ڕەگەکانی خۆی لە ڕۆژئاواوە وەرگرتبوو، دەبینین، چەندین ژانری ئەدەبی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، لەسەر دەستی ئەو نووسەرە گەنجە کوردانەوە لەدایک دەبێت؛ بۆ نموونە: وتاری ڕۆژنامەگەری، بە هەموو جۆرەکانییەوە (لە ١٨٩٨ بەم لاوە)، چیرۆک (لە ١٩١٣ لە گۆڤاری ڕۆژی کورد)، شیعری نوێ و شیعری ستوونی (لە گۆڤاری ژین ١٩١٨)، شانۆنامە (لە ١٩١٩ لە گۆڤاری ژین)، نۆڤلێت (لە ١٩٢٥ لە ڕۆژنامەی ژیانەوە)، ، شیعری منداڵان (لە ١٩١٩ لە کوردستان و ژین)، ڕەخنە (لە ١٩١٨ و ١٩٢٤ لە ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و ژیان و ژیانەوە)، (پەخشانەشیعر) لەژێر ناوی شیعری مەنسوور (لە ١٩٢٦ لە گۆڤاری زاری کرمانجی)، شیعری ئازاد (لە ١٩٣٢ لە گۆڤاری هاوار).. ئەمە جگە لە پیشاندانی یەکەمین شانۆگەرییە شێوە ڕۆژئاواییەکان لە کوردستاندا لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٥– ١٩٢٥) و بڵاوکردنەوەی یەکەمین دیوانە شیعری شاعیرێک کە خۆی لە ژیاندا بێت بە ناونیشانی(گازیا وەلات) لە ئەستەمبۆڵ لە ١٩١٩. تەنانەت هەر لەو ماوەیەشدا بۆ یەکەمین جار خودی زاراوەی نوێگەری یان مۆدێرنیزم (تەجەدود و موجەدید) دەکەونە سەر زاری شاعیر و نووسەرانمانەوە. ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی ١٩١٨ لە ژمارە ٢٣ و ٢٤دا بابەتێکی تایبەت

دەداتە بیری نوێخوازی لە شیعرنووسیندا؛ بۆ یەکەم جار وشەی «نوێخوازی – تجدد» بەکاردەهێنێت.

هەر لە سەردەمی ئەو گەنجە کوردانە و لەسەر دەستی ئەواندایە کە چەندین دیاردەی نوێگەری و پرۆژەی مەدەنیی دیکە دێنە دی، لەوانە:

– لە ١٩١٣ گۆڤاری (رۆژی کورد) بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا وێنەی فۆتۆگرافی بڵاودەکاتەوە. هەر لەو ساڵەدا یەکەمین وێنەگری کورد لە کوردستاندا ستۆدیۆی وێنەگرتن دادەمەزرێنێت و هونەری فۆتۆ و وێنەگرتن لەناو کوردان بڵاودەکاتەوە و وێنەگرتن دەکاتە پیشەیەک بۆ خۆی: محەممەد یووسف سدیق غەزنەوی یە ١٨٩٤–١٩٦٤. خەڵکی شاری ئاکرێ بووە ستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەوێ کردۆتەوە.

– لە ١٣–١٩١٥ دوو جار سینەمای سەفەری لەلایەن تیپی عوسمانییەکانەوە لە رێگەی زاخۆوە هاتۆتە هەولێر، لەسەر گالیسکەیەک دانراوە و فیلمی سوڵتان عەبدولحەمیدی پیشانداوە، پاشان چۆتە کۆیە و سلێمانی.

– ١٩٢٥: تابلۆ و تەختیتەکانی حوسێن حوزنی موکریانی. ناوبراو یەکەم نووسەری کوردی هاوچەرخە کە کتێبی خۆی بە تەختیت و نیگار رازاندبێتەوە: (غنچە بهارستان) زیاتر لە (٢٠) تابلۆی تێدایە. لە هەمان ساڵدا: یەکەمین کتێب بە زمانی کوردی کە چەند نەخشەیەکی جوگرافیای کوردستانی تێدا دروست کرابێ و بڵاو کرابێتەوە؛ حوسێن حوزنی موکریانی: غنچە، بهارستان. لە هەمان ساڵیشدا، یەکەمین تیپی مۆسیقا لە سلێمانی بە سەرپەرشتیی عەبدولواحید نووری و فوئاد رەشید بەکر دادەمەزرێ. ئنجا لە ١٩٢٦یەکەم جار چیرۆکنووسێکی کورد کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاوبکاتەوە: عیسا عەلی (حوسێن حوزنی موکریانی ؟): چیرۆک بە شێوەی شیمال (کەڵەکۆک)، رواندز، ١٥ لاپەرە. کەڵەباب؛ هەروەها حوسێن حوزنی موکریانیێ: خۆشی و ترشی، کورتە چیرۆکێکە بۆ منداڵان، گفتوگۆیەکە لەنێوان گورگ و مەڕ و بزنێک (یەکەم چیرۆکە کە بۆ منداڵان نووسرابێت لە ئەدەبی کوردیدا)، رواندز، ٢٢ لاپەرە. زاری کرمانجی لە ژ ١٠ دا دیعایەی بۆ کردووە.

– شێخ نووری شێخ ساڵح بۆ یەکەم جار رەخنەی ئەدەبی و هونەری شێوەکاری دادەهێنێ. ئەمەش لەو زنجیرە وتارەی بە ناونیشانی " ئەدەبیاتی کوردی" لە رۆژنامەی ژیان لە ناوەراستی ١٩٢٦ بەولاوە تا ١٩٢٧ بە ٢٥ ئەڵقە لە سلێمانی بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەم بەرهەمەیدا هەموو بەشەکانی هونەرە جوانەکان "صەنایعی نەفیسە" (نیگارکێشان، مۆسیقا، پەیکەرتاشی، بیناسازی، وێنەگەری) شیدەکاتەوە . بەم شێوەیە ئیتر یەکەم وتارە ئەدەبی و شێوەکاری و رەخنەییە شانۆییەکان و رۆشنبیرییە هونەرییەکان و زمانەوانییەکان و فەلسەفییەکان، لەسەر دەستی ئەم گەنجە کوردانە و لە زەمانی ئەواندا سەرهەڵدەدا. هەموو ئەمانەش بەڵگەی هەبوونی ئەوپرۆژە مەعریفییەن.

ئامرازێکی دیکەی گەیاندنی ناوەرۆکە مەعریفییەکەی گەنجانی کورد: رۆژنامەگەری بوو. بەهۆی بزاڤی رۆژنامەگەرییەوە، ئەم نووسەرە گەنجە کوردانە، توانیویانە ئاگاداری چالاکییەکانی یەکتر بن: هەر بەشێکی کوردستان لەگەڵ بەشەکەی دیکەی، یەکانگیر بوونەتەوە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتیی یەکتر و بە هەموویان یەک ئەدەبیاتی نەتەوەیی یەکانگیریان دروست کردووە.

رۆژنامەگەریی کوردی، بە پێچەوانەی دۆخی میللەتانی دراوسێی عەرەب و تورک و فارس، لای کورد، لە ئەنجامی (هوشیارییەکی تاکە کەسییەوە) لە دایک بوو: نەک لە ئەنجامی پێداویستی دەوڵەت یان دەزگایەکی حکوومی بۆ بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە و هەواڵەکان و بە ئەرشیف کردنی دەنگو باسەکانی ئیدارەی ئەو حکومەتانە. لەو ساڵانەدا ئەو گەنجە کوردانە، زۆربەیان لەسەر گیرفانی خۆیانەوە، دەیان رۆژنامە و گۆڤاری کوردییان بڵاودەکردەوە:

– لە ١٨٩٧–١٨٩٩ دوو رووناکبیری کورد، د.عەبدوللا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی، کە دامەزرێنی رێکخراوی (ئیتیحاد و تەرەقی) بوون و لە زیندان و لەدەست زەبروزەنگی سوڵتان عەبدولحەمیدا رایانکردبوو، خۆیان گەیاندبووە ژنێڤ: لەوێ دوو رۆژنامەیان بە زمانی عوسمانی دەردەکرد؛ یەکەم: رۆژنامەی عوسمانلی (١٨٩٧–١٩٠٤) بە زمانی عوسمانی، لەگەڵ رۆژنامەیەکی دیکە بە فەرەنسی Os-manli (١٨٩٧– ١٨٩٩) کە پاشکۆی (عوسمانلی) بوو.

- ڕۆژنامەی اجتهاد (١٩٠٤). د.عەبدوڵلا جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی.
- کوردستان (ڕ. قاهیرە /٢٢/ ١٨٩٨/٤ ـ ١٩٠٢).
- کورد (ڕ. ئەستەمبۆڵ /١٩٠٨).
- ڕۆژی کورد (گ. ئەستەمبۆڵ /١٩١٣).
- هەتاوی کورد (گ. ئەستەمبۆڵ /١٩١٤).
- ڕۆژنامەی کوردستان، خولی سێیەم ،لەلایەن ثریا بەدرخانەوە (١٨٨٣-١٩٣٨)، لە ئەستەمبۆڵ (١٩١٧-١٩١٨)
- ژین (گ. ئەستەمبۆڵ /١٩١٨ ـ ١٩١٩).
- کوردستان (گ. ئەستەمبۆڵ / ١٩١٩ـ ١٩٢٠).
- تێگەیشتنی ڕاستی (ڕ. بەغدا ١٩١٨).
- پێشکەوتن (ڕ. سلێمانی /١٩٢٠ ـ ١٩٢٢).
- بانگی کوردستان (ڕ. سلێمانی ١٩٢٢ و ١٩٢٦).
- ڕۆژی کوردستان (ڕ. سلێمانی ١٩٢٢ـ ١٩٢٣).
- بانگی حەق (ڕ. سلێمانی ١٩٢٣).
- ئومێدی ئیستیقلال (ڕ. سلێمانی ١٩٢٣).
- دیاری کوردستان (گ، بەغدا ١٩٢٥).
- ژیانەوە (ڕ. سلێمانی /١٩٢٤ ـ ١٩٢٦).
- ژیان (ڕ. سلێمانی، ژ ١: ١/٢١/ ١٩٢٦ـ ژ ٥٥٣: ١٠/٣/ ١٩٣٨).
- ژین، کە بەردەوامبوونی ژیان بووە، ژ ٥٥٤: ١٩٣٩/١٢/٢٦ تا ژ ١٧١٤: ١٩٦٣/٢/٧
- زاری کرمانجی (گ. ڕواندز ١٩٢٦).
- ڕیا تازە (ڕ. یەریڤان ١٩٣٠ـ ١٩٣٨ و ١٩٥٥ ـ ١٩٩٣.
- هاوار (گ. ژ ١: ١٩٣٢- ١٩٣٥؛ ژ ٢٧: ١٩٤١- ١٩٤٣) پەنجا و حەوت ژمارە لە دیمەشق.

بایەخێکی گرنگی بزاڤی ڕۆژنامەنووسی کوردی، لە تازەکردنەوەی ئەدەبیدا دەردەکەوێ، ئەمەش لە ئاستی بەرەوپێشەوەچوونی هەموو ژانرەکاندا. چونکە ڕۆژنامە منداڵدانی ژانرە ئەدەبییە تازەکان و جێگەی پەرەسەندنیانە، بۆیەش دەبینین هەندێ لە یەکەم ڕۆژنامەنووسەکان (حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێرد، جەمیل سائیب، جەلادەت بەدرخان..) بوونەتە یەکەم تازەکەرەوەکانی ئەدەب. ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە تەنیا بیروڕای نەتەوەییان تێدا دەرنەدەبڕا، بەڵکو پشتیان بەستبوو بە سیستەمێکی ئێستێتیکی و نووسینی تازە؛ چەند فۆرم و ژانر و تەکنیک و شێوازێکی تازەیان بۆ دەربڕین هێنایە ئاراوە.

لەڕێگەی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەوە بوو کە بۆ یەکەمین جار شاعیرانی گەنج و نوێخواز دەردەکەون و باوەڕ بە هێزی نوێخوازانەی خۆیان پەیدا دەکەن؛ پەیتا پەیتا بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە و نوێگەرێتی دەکەنە دروشمێک و کارێکی وادەکەن کە جەماوەر بە شیعری نوێ ڕابێت و سیستەمی کلاسیکی بیر بچێتەوە. ژمارەی سەرجەم شیعرەکان لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا لە ماوەی ١٩٢٠- ١٩٣٢ دەگاتە (٢٧٥) شیعر.

ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە دێن بۆ یەکەم جار شاعیرانی گەنج و نوێخواز بە گەل دەناسێنن. هەر ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بوون کە بۆ یەکەمین جار ڕۆشنبیرییەکی فراوانیش لەبارەی شیعر بڵاودەکەنەوە و ژانری ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەها ڕەخنە لە شیعر بڵاودەکەنەوە و کۆڵەگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دادەمەزرێنن. زۆر لە زاراوە زانستی و ڕەخنەیی و ئەدەبییە تازەکان (بەتایبەتی ئەو وشانەی کە ئەوروویین و لە ئەدەبیاتی ئەورووپییدا بەکاردێن) لەڕێی ڕۆژنامەنووسییەوە لەدایکبوون و بڵاوبوونەوە. لە ئاستی دەوڵەمەندکردنی موفرەداتی زمان و پاککردنەوەی زمانی کوردیش لە وشەی بێگانە هەوڵی باش و کاریگەر درا. جگە لەمانەش، زۆربەی ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە بابەتی تەرجەمەکراویان تێدایە و بایەخێکی باشیان دەدایە وەرگێران بۆ سەر زمانی کوردی. ئەم وەرگێرانەش دەبووە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و تازەبوونەوەی کەشوهەوای کولتوورێکی هاوچەرخ.

خاسیەتێکی دیاری ئەو ڕێنسانسەی گەنجە کوردەکان بەرپایان کرد، ئەو خاسیەتەی لە هەموو ڕێنسانسێکدا هەیە: جیاوازیی دیدی سیاسی و فرەیی بیر بوو، جۆراوجۆرێتیی بۆچوونەکان بوو. دەبینین، بۆ نموونە بیری پان ئیسلامی، عوسمانیخواز، ڕیفۆرمیزم، فیدراڵیزم، لەپاڵ بیری ناسیونالیزم.. ڕووبەرێکی فراوانیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا داگیر کردبوو.

جێی ئاماژە بۆ کردنە، ئەم هەموو کار و کردەوە و پرۆژە و بەرهەمە بێ هاوتا و دەگمەنانە لەو سەردەمەی گەنجە کوردەکاندا، لەخۆوە و بێ بەرنامە نەهاتوونەتە دی، بەری داری هیچ ڕێککەوتێک نین: بەڵکو لە بێدارییەکی قووڵ

و له هوشیارییەکی بەرنامەڕێژەوە هاتوونەتە بەرهەم. بەڵگەشمان ئەوەیە کە بەدەگمەن نووسەرێک دەبینین ڕاستەوخۆ باسی لەم پرۆژەیە نەکردبێت و لەو ململانێیە نەدووابێت کە لەنێوان دنیای کۆن و دنیای نوێدا هەبووە. گرووپی نووسەرانی گۆڤاری ژین (١٩١٨ ـ ١٩١٩)، بۆ نموونە، پشتیان بەستبوو بە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەتێکی هاوچارخ و سیستەمێکی تازەی بیرکردنەوە و نووسین. دروشمیان لەم دێڕەدا وەدیار دەکەوێ کە لە وتاری " بیر حەسبحال " بە زمانی تورکی لە ژمارە (١)دا لە ٧ /١١ ١٩١٨ دا نووسیویانە : " ئایدیۆلۆژیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە کۆنەکان، ئەمڕۆ، ڕوو لە هەرەسن. ئێمە ئەمڕۆ بەشداری لە سازکردنی چەند ڕچە و پرینسیپێکی تازە دەکەین".

یان لای حاجی قادری کۆیی، دەبینین ئەم ڕووناکبیرە گەنج و نوێخوازانە باوەڕ بە هێزی نوێخوازانەی خۆیان پەیدا دەکەن کە دەتوانن ببن بە هێزێک و مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵات و مورشیدە پیرەکانیان. حاجی گەنجەکان ئامۆژگاری دەکات:

**دەستگیریت لە عەمەلدا قەت نەکا مورشیدی پیر**
**دەستی تۆی گرتووە، پێی بەستووی مانەندی ئەسیر**

لای ئەحمەد موختاربەگی جاف بەڵێنی تۆڵەسەندنەوەکە ڕووانینێکە بەرەو داهاتوو:

**ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد**
**دێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە**

لای شێخ نووری شێخساڵح، موژدە و ئومێدێکە:

**صبحەینێ ئەم تەجەدودە بۆ تۆیە ئەی شەباب**
**بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن، خادیمی حەیات**
**ئەی ئافتابی فەجری تەمەن، مایەی نەجات!**
**ئەی فەجری بێ غوبار و کەدەر؛ عالەمی ئەمەل**
**چاوی لە تۆیە، تۆ کە ئومێدی هەموو کەسی !**
**ئەلحەق عیلاجی دەردی، دەوایەکی نەوڕەسی!**

لای حوسێن حوزنی موکریانیش وەک لە (گ. زاری کرمانجی، (٢٣)، ساڵی ١٩٣٠) دەڵێ: کاری ڕووناکبیرانەی نەپچڕاوە و بەردەوامی ئەبستمۆلۆژییە، دەڵێ: «ئەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین سەردەمی سەرکەوتن و بەرزبوونی عیلم و فەنە، سەردەمی تەئلیف و کتێب و نەشری مەعاریف و چاپەمەنییە..».

بەم شێوەیە، ئەم دوورەوڵاتییە خواستمەندانەیەی (گەنجە کوردەکان)، بەتایبەتی لە ئەستەمبۆڵدا و پاشانیش کاتێ لە **١٩٢٣** بەم لاوە پرژوبڵاودەبنەوە، بە یەکەمین هەنگاو لە مێژووی دوورەوڵاتیی کورددا لە قەڵەم دەدرێت، کە وەک دەستاوەردێک بەشێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بەکاری بهێنن بۆ دروستکردنی دیالۆگێکی شارستانیانە لەگەڵ کولتووری ڕۆژئاوادا: لەپێناو تازە کردنەوەی ڕووناکبیری و بوژاندنەوەی ژیانی کولتووری و سیاسیی کورد؛ لەپێناو وەدیهێنانی ئەو پرۆژە مەعریفییەی کە بەناو داهاتووی کورددا – تا ڕۆژی ئەمڕۆ ڕەگاژۆ بووە.

د. عەبدوڵڵا جەودەت ڕۆڵێکی مەزنی لە بڵاوکردنەوەی بیری یاخیگەرانە و گەنجانە و ئازادیخوازانەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەبوو، توانیی ببێتە بناغەیەک و سەرکردەیەکی ئەو شۆڕشە ڕووناکبیرییە گەنجانەیەی کە ناسراوە بە بزاڤی (گەنجە تورکەکان) و (گەنجە کوردەکان). ئەوەتا لە نامەشیعرێکیدا لە ٢ اغسطوس ١٨٩٨، لە شاری ژنێفەوە –لە سویسرا– بۆ عەبدولڕەحمان بەدرخانی سەرنووسەری یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان)ی نووسیوەو دەڵێ:

**ایام ما گذشت بغربت ولی چه غم**
**اشراق شرق شد اثر اغتراب ما**

واتە:

ڕۆژەکانمان لە ئاوارەییدا بە هەدەر چوون، بەڵام چ باک:
ڕۆژهەڵاتی سەرتاپا درەوشاندەوە ئاوارەییمان

**ژێدەر و سەرچاوە:**


«١»

**Metin AND: A history of theatre and poputa, Paris: 1968, P. 349.**

«٢».

**Bernard LEWIS: Islam et laicite, tr. de l anglais par P. DELAMAR, Ed. Fayard, Paris: 1987, PP. 139.**

«٣»

**عەبدوڵڵا بابەکر حەمەد ئاغا: ڕۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا، لە تورکییەوە ئامادەی کردووە، کاروان، ژمارە ٦٤، س ١٩٨٨، ل ٨٨ ـ ٩٢.**

«٤»

لاهووتی: کوردستان و کورد، و: جەبار قادر، گ. هەزار مێرد، ژ(٣)، سلێمانی: ١٩٩٨، ل ١٦٢.

«٥»

Alessio BOBACI: Histoire de la litterature turque, Paris: 1968, P. 4.

«٦»

H. BO- پais et citâ( traduit en fran
me national kurdeڵZARSLAN: Le probl
moire deپen Turquie Kemaliste, M
me de l' E.H.E.S.S., sous la directionڵdipl
de M. ROBERT, Paris: 1986, P.138-140 ).

«٧»

د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ: ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بەغدا: ١٩٨٩

هەروەها:

- ئومێد ئاشنا: پیرەمێردی ڕۆژنامەنووس، سلێمانی: ١٩٩٨
- تاهیر ئەحمەد حەوێزی: شانۆگەری لە کوردستاندا، ڕامان ژمارە ٢٧، ساڵی ١٩٩٩
- گۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٧٢و ٢٩ی شوباتی ١٩٦٠، لاپەڕە ١٩ ـ ٢٠.
- محەمەد تەیموور: شانۆ لە قوتابخانەکاندا، گ. ئوتۆنۆمی، ژ ٢٠ و ٢١، ١٩٨٤، ل ١٠٥ ـ ١١٢و ٧٦-٨٠.
- سەباحی غالیب: دوو تەقەلای بێ سوود، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن: ١٩٨٤.
- ڕەفیق حیلمی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ب٢، بەغدا: ١٩٥٦، ل ٢٠٤، ٢٠٥، ٢٠٦.
- عەبدولڕەزاق بیمار: دانیشتنێک لەگەڵ گۆران، گ، بەیان، ژمارە ٢، بەغدا: شوباتی ١٩٧٠، ل٣

rature turque ", inپJean DENY: " Litt
die Larouse,پmonto, EncyclopپGrand M
Paris.

Ahmed HACHIM: " Les tendances ac-
rature turque ", in Mer-پtuelles de la litt
e, Nپcure de France, 35me ann
Paris: 1924, P. 641-655٦٢٧. !

N.Zaza: ma vie de kurde kurde Ed. p-
m. Favre, Lausanne 1982 ler, 2e chap).

Pierre Rondot: publecations kurdes em caracteres latins (Hawar R.K) in "Bulletin d, etudes orientales e l.int. fr. de damas. T.2. 1933.pp.3-8

* C. J. EDMONDS: " A kurdish. -
per " in Journal of the Centralnewspa
Asian Society, Vol. 12; Part. 1, 1925, p. 83-90.

Roger Ledcot: Litterature kurder in "Enccydopedie de la pleiade, hidtorie des littrratures, pleiade, historie des littrratures Ed. Galinard , V. 1, paris 1977.pp 795-805

Joyce Blau: Les Kurd et le kurdistan (inst. Fr. Rech. en iran) paris 1989 p.. (XIV

- ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (١٦٧)ساڵی ١٩٢٩، ژیان، ژمارە (٤٦٢) ١٤/ ١٢/ ١٨- ١٩٣٥، ڕۆژی سێ شەممە، ٢ی ئاغستۆسی ١٩٢٧، ژیان، ژمارە (٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤، ل ٦٩، ژمارە (٦٢)، سلێمانی:١٩٢٧، ل ٣، ژمارە ١٦٩، دووشەممە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٩
- ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٩٥٣)، شوباتی ١٩٤٩، ژمارە (٩٦٧)، حوزەیرانی ١٩٤٩، ژین، ژمارە (٨٩٣)، ١٩٤٧، ژین، ژمارە (٩٨٣)، ساڵی ١٩٤٩ ، ژمارە (٤٦٢)، ١٩٣٥/١٢/١٤

سەرنج: ئەم تۆژینەوەیە خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوەی فیستیڤاڵی ساڵی ڕابردووی گەلاوێژی وەدەست هێناوە، کە دەبوایە لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ بڵاوبکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بە نارێکی بە کەمورتییەکی یەکجار زۆرەوە بڵاوکراوەتەوە و پڕیشە لە هەڵە، وەک خۆی تەنیا بەشێوەی سەرزارەکی ناو کۆڕەکە گوێزراوەتەوە؛ بۆیە بە پێویستمان زانی لە گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیزدا بڵاوی بکەینەوە. «نووسەر»

* تێبینی: یانەی سەرکەوتنی کوردان لە شاری بەغدا ساڵی (١٩٣٠) دامەزراوە نەک (١٩٢٠)، کە مارف جیاوک سەروکاری دەکرد، یەکەمین هەڵبژاردنیان هەر لەو ساڵەدا لە سینەما (ڕۆیاڵ) هەر لە شاری بەغدا سازکرد و دەست بەکار بوون.

(ڕامان)



# زانستی عەرووز

**کامەران موکری**

**(٢ – ٢)**

پێش چەند مانگێک برامان مامۆستا حەسەن جاف نووسینێکی کامەران موکری ڕەحمەتی بۆ هێنام کە بە شێوەی مەلزەمە بۆ قوتابیانی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەی کردبوو. ئێمە لە گۆڤاری ڕامان بە مەبەستی پاراستن و بەرچاوخستنی بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە و بۆ ئەوەی ئەو نووسین و بەرهەمانە ون نەبن بڕیارمان دا بڵاوی بکەینەوە.

ڕاستییەکەی ئەو مەلزەمەیە کە ئێستاش لە ئەرشیڤەکەماندا هەڵمان گرتووە لەبەر ئەوەی بە ئامێری (طابعة) تایپ کرابوو، پاشان بە (ڕۆنیۆ) ڕاکێشرابوو، زۆر بە زەحمەت دەخوێنرایەوە و لە هەموو لاپەڕەکاندا چەندان دێر و پەرەگراف و لاپەڕەی بەڕادەیەک کاڵ ببوونەوە کە خوێندنەوەی زۆر زەحمەت بوو، بۆیە جارێکی دیکە سەرلەنوێ نووسیومانەتەوە و دێر بە دێری ئەو نووسینەمان بە وردی و بە ئەمانەتەوە خوێندووەتەوە و بە وردیش هەڵەچنیمان کردووە تا بە هیچ شێوەیەک هەڵەی تێنەکەوێ، پاشان بردمە لای د. مارف خەزنەدار تا پێیدا بێتەوە و ئەگەر سەرنج و تێبینییەکی هەیە وەک پەراوێز بۆی بنووسێ. د. مارف-یش پێشنیاری (د. محەمەد بەکر)ی کرد کە لە زانکۆی دهۆکە و هەم دۆستێکی دێرینی منیشە کە بە وردی پێیدا بێتەوە و سەرنجەکانی وەک پەراوێز لە بەشی دووەمی ئەو نووسینەدا بڵاو بکەینەوە، تا زیاتر سوودی خۆی بگەیەنێ، چونکە ئەوەی کامەران موکری خوالێخۆشبوو نووسیبووی زیاتر بۆ قوتابیانی بەشی کوردییە و لە کەموکوڕی بەدەر نییە، لێرەدا دەبێ سوپاسی مامۆستا حەسەن جاف و د. محەمەد بەکر بکەین کە خەمخۆرانە بە تەنگ پاراستنی ئەو بەرهەمەوە بوون. هیواداریـن بەرهەم و نووسینەکانی دیکەی ئەو شاعیرە ئەگەر کەوتووەتە لای هەر کەسێ بۆمان بنێرێ تا سەرەتا بڵاویان بکەینەوە و پاشان لە دوو توێی کتێبێکدا چاپیان بکەین، بەمەش خزمەتێکی بچووکی ئەو شاعیرە کوردپەروەرەمان دەکەین کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی کێشەی ڕەوای میللەتەکەی خۆی بەڕێ کرد و چی لە توانایيدا بوو لە بواری خزمەتی ڕۆشنبیری و ئەدەب و وشەی کوردی درێغی نەکرد، ئێمەش بە دانەوەی بەشێکی کەمی ئەو قەرزە نەختێ گیانی ئەم شاعیرەمان ئاسوودە دەکەین.

**«سەرنووسەر»**

**کێشی هۆنراوەی کوردی**

کێشانەکردنی هۆنراوە: گەلێ پێناسە هەیە بۆ کێشی هۆنراوەو (وزن الشعر) کێشانەکردنی هۆنراوە. ئەرستۆکسنۆسی تارنتی (سەدەی چوارەمی پێش زایین) سەبارەت بەکێشی هۆنراوە دەڵێ: (کێش ڕێکخستنێکی دیاری کراوە بەبێی ماوەی کات واتا موددەی زەمەنی)، بەڵام وەکو دەرکەوتووە ڕێکخستنێکی دیاری کراو، یان بڵێین هۆنینەوەیەکی وشە سەرنجێکی ڕوون نییە. هەروەها دەنگ ڕیزکردن بەپێی ماوەی زەمەنی پڕبەپڕی پێناسەکە نییە، چونکە دەنگ تەنیا بریتی نییە.

لەوەی کە هەر بەپێی موددەی زەمەنی هەست پێ بکرێ. خواجا (نیری تووسی) لە کتێبی (معیاری اشعار)دا دەڵێ: (کێش شێوەی- ڕێکخستنێکی پیتە بزوێن و نەبزوێنە بەپێی جەردەیان بڵێین ژمارە) هەروەها دەڵێ: (ئەگەر هاتوو ئەو دەنگانە پیت بوون، ئەوا پێی دەوترێ هۆنراوە) ئەگەر وانەبوو، ئەوا مۆریس گرامۆن دەڵێ: (کێش دیاردەیەکە کە لە هۆشی ئادەمیزاد ناپچڕێ و خۆی هەستی پێ دەکا، موددەی زەمەنیش دەبێ وردبکرێتەوە وەک جیاکەرەوە لە نێوان دەنگکاندا نەک ناو دەنگەکان خۆیان، بۆ وێنە گلۆپەکانی پاپۆڕ کە لە دوورەوە دەبینرێن، دەمێ گەش گەش و دەمێ کز، ئەمە هەر لەکێشی هۆنراوە دەچێ لە هەستی مرۆڤدا، مرۆڤ کێشی وەک زنجیرە دەنگێ دێتە بەرگوێ، دەمێ بەرزو دەمێ نزم.

بەم پێیە گەلێ لە شارەزایان پێناسەی کێشیان کردووە، بەڵام ئەوەی نزیکتر بێ لە تێگەیشتن، ئەوەیە کەوا هۆنراوە کۆمەڵە وشەیەکە، چەشنە ئیقاعێکی ڕێکخراوی هەیە کە دەنگی پیتەکان پێکیان هێناوە.

ئەگەر گوێ هەڵخەین بۆیەکێ کە پایسکل لێ دەخورێ لەخل بوونەوەی پێچکەکانی، هەست بە دەنگێکی ڕێکوپێک ناکەین، بەڵام لە بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی پایدەرەکە هەست دەکەین بە پشوو، یان سنووری لەخولانەوەکەدا.

لەمەش ڕوونتر کە گوێ هەڵ دەخەین بۆ بزمارکاری دارتاشێ، هەست دەکەین کەوا کاتێ کە بزمارێ دادەکوتێ چەند ترپەیەک، یان تەقەیەک پێک دێ، کە لەگەڵ یەکدا کەم و زۆر جیاوازن و هەندێکیشیان لەیەک دەچن، کە دەگاتە ئەوەی کە بە تەواوی بزمارەکە دادەکوتێ و دواپیاکێشان، سەری تەختەکەو چەکوشەکە جووت دەبن، ئەمجا دەنگەکە خپ دەبێ هەست بەپشوویەک دەکەین، هەروەها بزماری دووەم و سێیەم و تاد... «ئەمە تا ڕاددەیەک کێشی هۆنراوە لە مێشکمان نزیک دەخاتەوە و داکوتانی هەر بزمارێ (شەترێ) هۆنراوە پیشان دەدات.» (٢٧) بە کورتی هۆنراوە بریتییە لە کۆمەڵێ، یان چەند ڕستێک وشە کە شێوەیەکی تایبەتی دروست دەکەن لە ڕیزبوون و ڕێکخستندا. ئەم کۆمەڵە وشانە پێکەوە زنجیرە دەنگێ دروست دەکەن و هەر وشەیەکیش چەند دەنگێکی هەیە، لەم دەنگانەش برگەکانی وشە پێک هاتوون کەواتە کێشی هۆنراوە بریتییە لەو ئاوازە ڕێکوپێکانەی لە نەغمەی برگە دروست بوون، بەڵام ئەگەر هاتو موددەی زەمەنی برگە بکەین، بە بنچینەی کێشانەکردن و کێشی هۆنراوەکە. ئەوا پێی دەوترێ جەردەیی، کە ئەمە لە سانسکریتی و یۆنانیدا (یۆنانی کۆن و لاتینیدا) هەیە، بەڵام کێشی (تبری) لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانیدایە کە بنچینەکەی شدەت و ناشدەتە و هەروەها گەلێ چەشنە کێشی تر هەیە بە گوێرەی زمانان کێشی هۆنراوەی کوردی دوو چەشنە:

١- کێشی عەرووزی عەرەبی.

٢- کێشی پەنجە (سیلاب) ژمارەی برگە واتا کێشی ژمارەیی.

**کێشی عەرووزی لە هۆنراوەی کوردیدا**

کێشی ڕەسەنی هۆنراوەی کوردی، جۆرە کێشێکن کە لە هەزاران ساڵەوە هۆنراوەی پێ ڕێکخراوە.

واتا بریتییە لەوجۆرە کێشانەی کە زمانە کۆنەکانی ئێران هۆنراوەیان لەسەردانادوە، بەڵام کێشی عەرووزی کێشی هۆنراوەی زمانی عەرەبییەو دوای ئیسلام بوونی کورد، هاتۆتە ناو هۆنراوەی کوردیەوە.

دوای ئیسلام بوونی گەلانی ئێران، واتا ئەو گەلانەی کە بەزمانە ئێرانیەکان دەدوان، لەوانەش گەلی کورد ڕۆشنبیری و زمانی عەرەبی کاری کردە سەریان. بەرەبەرە زمانەکانیان پڕبوو لەوشەو زاراوەی عەرەبی، چونکە مزگەوت بوو بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەوسەردەمەو زمانی عەرەبی بوو بە زمانی ڕۆشنبیری گەلانی موسڵمان بێگومان شاعیرانیش بێجگە لە شاعیرە میللیەکان لەناو دەستەی ڕۆشنبیردا هەڵدەکەون. دەستەی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمانەش مەلای مزگەوتەکان بوون و دوای ئەوان میرزایان. ئەم مەلایانەش، یان بڵێین ئەم مەلا

شاعیرانەش پەروەردەی زمانی عەرەبی و فارسی بوون، ئەوەبوو هەر لە زووەوە ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی کاری کردە سەر فارسی ئەمجا لە ڕێی (بەتایبەتی) زمانی فارسییەوە کاری کردە سەر ڕۆشنبیری کوردیش لەلایەنی ڕۆشنبیریانەش، لایەنی ئەدەبی عەرەبی بەم پێیە شاعیرانی کوردیش تا ڕادەیەک شارەزای هۆنراوەی عەرەبی بوون و لەڕێی هۆنراوەی فارسیشەوە چەشەی ئاوازی هۆنراوەی عەرەبی بوون. شاعیرانی فارسی کێشەکانی هۆنراوەی عەرووزی عەرەبیان وەرگرتوو کەوتنە دارشتنی هۆنراوەی فارسی لەسەر ئەو کێشانە، کێشەکانی هۆنراوەی فارسی پێش ئیسلام لای شاعیرە میللییەکان و لەناو هۆنراوەی فۆلکلۆریدا مایەوەو تا ئەمڕۆش شاعیرانی فارس کە کێشە عەرووزییەکانیان وەرگرت، کتومت وەک خۆی بەکاریان نەهێنا، بەڵکو هەندێ گۆڕانیان بەسەردا هێناو وایان لێ کرد کە لەگەڵ زمانەکەی خۆیاندا، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا، بیگونجێنن ئەو گۆڕانانەش کە بەسەر عەرووزدا هاتووە لە بەکارهێنانیان لای فارسەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆدەبنەوە:

١- لە هۆنراوەی فارسیدا ئەم تەفعیلانەی خوارەوە زۆ بەکاردەهێنرێن، واتا لەوانی تر زیاتر: (مفاعیلن، فاعلاتن، مستفعلن، فعولن، مفعولات).

٢- دەریای (رمل و هزج) لە هۆنراوەی عەرەبیدا بەزۆری شەش هەنگاوە، واتا بەیتەکە شەش تەفعیلەیە، کەچی لە فارسیدا (کوردیش) بە زۆری ئەو هۆنراوانە هەشت هەنگاوین، واتە تەفعیلە بەیت هەشت نەک شەش.

٣- لە زحاف و عیلەلدا فارسەکان وازیان لە هەندێکیان هێناوەو نزیکەی (٢٣) زحافی تریان داهێناوە.

٤- لە فارسیدا بێجگە لە (١٦) دەریاکەی عەرووزی، خۆشیان سێ دەریایان لەوەدەریایە دروست کردووە، کە بەمە دەریاکانی کێشی عەرووز لای ئەوان بووە بە (١٩) دەریا، ئەو سێ دەریایەش ئەمانەن: (قریب، جدید (غریب)، مشاکل).

وەکو وتمان شاعیرانی کورد لە ڕێی هۆنراوەی فارسییەوە کێشە عەرووزییەکانی عەرەبیان وەرگرت و ئەوانیش هەروەک شاعیرانی فارسی دەستیان لە کێشی ڕەسەنی کوردی هەڵگرت، تا ساڵەکانی پەنجاکان کە کێشی ڕەسەنی کوردی گەڕایەوەو هۆنراوەی ئازادیش لەسەر ئەو جۆرە کێشە دامەزرا.

«شاعیرانی کورد چەند دەریایەک، یان هەندێ دەریای کێشی عەرووزیان بەکارهێناوە، نەک هەمووی ئەو دەریایانەی کە زۆر بەکارهێنراون (رمل و هزج و بسیط و مضارع)ن.» (٢٨)

## کێشانەکردنی هۆنراوەی کوردی عەرووزی

ئەو هۆنراوە کوردییەی لەسەر کێشی عەرووزی دانرابێ، هەروەک هۆنراوەی عەرەبی بڕگەبڕگە دەکرێ و ئەمجا تەفعیلەکانی جیادەکرێنەوەو ئەوسا دەریاکەی دەردەکەوێ، بەڵام ئەوەی کە جیاوازە لەگەڵ هۆنراوەی عەرەبیدا ئەوەیە کەوا لە زمانی کوردیدا (بزواندن- واتا سەروبۆر) نییە، بەڵکو پیتە بزوێن هەیە بەرامبەر بەو سەرو بۆرانە، لە زمانی کوردیدا ئەم بزوێنانە هەن (ی، ێ، و، ۆ، وو، ـە، ا، ب) لەم بزوێنانە بزوێنی (ێ، ۆ، وو، ا) هەندێ جار (ێ، و) بزوێنی درێژن کە کەوتنە کۆتایی بڕگەوە. بڕگەکە بەدرێژ دادەنرێ، ئەوانی تریش کورتن کە کەوتنە کۆتایی بڕگەوە بڕگەکە بە کورت دادەنرێ. کەواتە لە کێشانەی عەرووزدا پیتە بزوێنی (و)ی کورت بەرامبەر بە بۆری (ضمە)ی عەرەبی دادەنرێ و پیتە بزوێنی (ە) بەرامبەر بەسەری (فتحە) عەرەبی دادەنرێ، پیتی (ی)ی کورت بەرامبەر بەژێر (کسرە).

بەڵام لە کوردیدا پتە بزوێنێک هەیە کە لە ڕیزی بزوێنە کورتەکان بە چوکڵە (ب) نووسیمان ئەمەش بە بزوێن دادەنرێ بەرامبەر بەژێر (کسرە) ئەم پیتە بزوێنە لە ڕێنووسی کوردی ئەمڕۆدا، (واتا ڕێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی) نییە، ناوی نراوە بزوێنی نادیار، یان (کسرە مختلسە) ئەم پیتە لە زۆر وشەدا هەیە وەکو (من) کە دەکەوێتە نێوان میم و نوونەوە و ئەم پیتە لە کێشانەکردنی هۆنراوەی کوردیدا چ لە سەرکێشی ڕەسەن بێت وەک لەسەر کێشی عەرووزی بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. بەم پێیە دەردەکەوێ کەوا هۆنراوەی کوردیش لە سەرکێشی عەرووزی عەرەبی وترابێ، هەروەک ئەو کێشانە دەکرێ و لەجیاتی سەروبۆر پیتە بزوێنە کورتەکان ڕەچاودەکرێ و هۆنراوەکە بەو پێیە بڕگەبڕگە دەکرێ. بۆ نموونە کە بە عەرەبی وترا (زهرةُ) بەم جۆرە بڕگە دەکرێ زه/ ر/ه کە یەکسانە بەم هێمایانە-

ب- و بریتییه له تهفعیلهی (فاعلن) و ههر ئهم وشهیه وا دانێین که کوردییه و بهڕێنووسی کوردی بینووسین بهم جۆره دهردهچێ (زهره تون).

بهم جۆرهش بڕگه دهکرێ زهه/ ره/ تون که هێماکانی ئهمانهن- ب- که دهکاتهوه (فاعلن).

نموونه:

**(١) «ژیان و ئهرکی ناخۆشی پهپوولهی ئارهزووی کوشتم شهرابی جامی دڵداری له تافی لاوی یاڕشتم» (٢٩)**

ئهم بهیته هۆنراوهیه له پێشدا بڕگه بڕگه دهکهین بهم جۆرهی خوارهوه:

ژ ب- یا- نوو- ئهر- کی- نا- خــــۆ- شی- پهـ- پوو- لهی- ئا- ره- زووی- کوش- تم.

شــه- را- بی- جــا- می- دڵ- دا- ری- له- تا- فی- لا- وی -یا- ڕهش- تم.

ئهمــجا بڕگــهکـان کــه ژمــارهیان (١٦) بڕگــهیه بهش دهکــهین بهســـهر چواردا و، چوارچوار تهفــعــیلهیان لێ دهردێنین بهم جۆرهی خوارهوه.

ژیان و ئهر کی ناخۆشی پهپوولهی ئا رهزووی کوشتم
ب.... ب..... ب..... ب....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

شهرابی جا می دڵداری له تافی لا وی یا ڕشتم
ب.... ب..... ب..... ب....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئهم دهریایه دهریای یان بڵێین کێشی (هزج)ی ههشت ههنگاوییه، چونکه ههر پیتێک له چامهکه بریتییه له (٨) تهفعیله.

**(٢) «بهدهستی خۆت که جامت خسته سهر لێوت غهشیمانه ئهگهر ژههریشی تێدابوو گوناهی خۆته بیزانه» (٣٠)**

بهدهســتی خــۆت کــه جــامت خس تهســهرلێــوت غهشیمانه
ب.... ب..... ب..... ب....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

ئهگهر ژههری شی تێدابوو گوناهی خۆ تهبیزانه
ب.... ب..... ب..... ب....ب
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

ئهم دهریایه (هزج)ی ههشت ههنگاوییه.

**(٣) گوتم: ئایا بهزاری خۆت دهپرسی حاڵی زاری من بڕۆی هێنایه یهک وهک شکڵی (لا) یهعنی که بێزارم**

گوتم ئایا بهزاری خۆت دهپرسی حا ڵی زاری من
ب.... ب..... ب..... ب....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

بڕۆی هێنا یهیهک وهک شک ڵی لایهعنی که بێزارم
ب.... ب..... ب..... ب....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

دهریای (هزج)ی ههشت ههنگاوییه.

**(٤) لهلاتی لالهیی حهمرا جگهر پڕ داغی خورشیده لهباتی سونبولی تاتا سهری سهودا پهرێشانه**

لهباتی لا لهیی حهمرا جگهرپڕدا غی خورشیده
ب.... ب..... ب..... ب....ب
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل
لهباتی سون بولی تاتا سهری سهودا پهرێشانه
ب.... ب..... ب..... ب....ب
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل

دهریای (هزج)ی ههشت ههنگاوییه.

**(٥) «وهکو یهک دێته بهرگوێی پیاوی ئهحمهق نهفیری بلیل و ئاوازی لهقلهق» (٣١)**

وهکو یهک دێ تهبهرگوێی پیا وی ئهحمهق
ب.... ب..... ب.....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعیل= مفاعی

نهفیری بل بل و ئاوا زی لهقلهق
ب.... ب..... ب.....
مفاعیلن مفاعیلن مفاعی

بهم پێیــه دهتوانرێ بهســهدان و بهههزاران نموونه لهسـهر ئهو هۆنراوه کـوردییـانه بهـێنرێتـهوه کـه لهسـهر کـێشی

عـــەرووزی دەریای (هزج) بەتایبـــەتی (هزج)ی هەشت هەنـگاوی دانراون. هەروەها دەریای ڕەمـــــەلیش بەو پێودانگە هەیە وا چەند بەیتێ دەکەین بە نموونە کە لەسەر دەریای ڕەمەل ڕێک خراون.

**(١) تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**
**گوڵ چەمەن ئارانەبوو هەم لێوی غونچەوانەبوو**

تا نەگریا   ئاس مان و   تەم وڵاتی   دانەگرت
– ب––   – ب––   – ب––   – ب–
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

گـــوڵ چەمـــەن ئا   رانەبوو هەم   لێـــوی غـــونچـــە وانەبوو
– ب––   – ب––   – ب–ب–   – ب–
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلات   فاعلن

**(٢) شـیـعـری خـەڵکی کـەی دەگـاتە شـیـعـری من بۆ ناسکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە   شیعری من بۆ   ناسکی
– ب––   – ب––   – ب––   – ب–
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

کەی لە دیققەت   دا پەتک دەع   والەگەڵ هەو   دادەکا
– ب––   – ب––   – ب––   – ب–
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

**(٣) چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەو لە چاوم ناکەوێ**
**چونکە من پێش خزمەتم پێش خزمەتان نانوون شەوێ**

چاوەکەم زا   نیوتە بۆچی   خەولەچاوم   ناکەوێ
– ب––   – ب––   – ب––   – ب–
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

چونکە من پێش   خـزمـــەتم پێش   خـزمـــەتان نا نوون شەوێ
– ب––   – ب––   – ب––   – ب–

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

### کێشی ڕەسەنی کوردی

کێشی ڕەسەنی کوردی مەبەست لەوجۆرە کێشانەیە کە پێش ئیسلام بوونی کورد، لە زمانی کوردی و زمانەکانی تری ئێراندا، هۆنراوەیان لەسەردانراوە و دوای ئیسلام بوونی کورد، کێشی عەرووزی دەستی بەسەر هۆنراوەی شاعیرانی کورددا گرت، بەڵام کێشی ڕەسەن بەهۆی هۆنراوەی فۆلکلۆرییەوە مایەوە تا ئەم سەردەمەش بەتایبەتی لە پەنجاکاندا، لەسەر دەستی (پیرەمێرد و شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران)دا ئەو کێشانە هاتنەوە کایە لەم ڕووەوە (گۆران) دەستێکی باڵای بووە، چونکە ئەو سەرجەم دەستی لە کێشی عەرووزی عەرەبی هەڵگرت و کەوتە هۆنراوە دانان. لەسەر کێشی ڕەسەنی کوردی کە پێی دەوترێ پەنجە (سیلاب) بڕگە. ئەم جۆرە کێشە بەپێی ژمارەی بڕگەکانە نەک بەپێی بەرامبەریی بڕگەی کورت لەگەڵ کورتداو درێژ لەگەڵ درێژدا وەکو کێشی عەرووزی واتا کە هەردوو شەتری (لەتی) بەیتەکە ژمارەی بڕگەیان ئەوەندەی یەکتری بوو، ئەوا ئەو بەیتە کێشدارە. وەک چۆن کێشی عەرووزی عەرەبی (١٦) دەریایە واتە (١٦) چەشنە ئاوازە، «هەروەها کێشی ڕەسەنی کوردیش بریتیە لە چەند ئاوازێک کە ئاوازەکان بەپێی کەم و زۆری ژمارەی بڕگەکان دەگۆڕێن هەروەها بەپێی ژمارەی بڕگەکانیش ناویان لێ نراوە، بۆ نموونە دەڵێین کێشی (١٠) بڕگەیی، یانزە بڕگەیی.. تاد بەم پێیە کێشە کوردییەکان (٩) دەریان کە ئەمانەن: ١٣،١٢،١١،١٠،٩،٨،٧،٦،٥ بەڵام کێشی (١٤) بڕگەیی بریتییە لەتێکەڵ بوونی کێشی حەوت بڕگەیی واتە دوو حەوتی لەیەک دراوە کە ئەم دووحەوت بڕگەییە کۆکرایەوە دەبێ بە (١٤) بڕگە هەروەکو (١٦) بڕگەیی کە دوو هەشت کۆبۆتەوە، بەڵام کێشی (١٥) بڕگەیی تەنیا لە هۆنراوەی (مستزاد)دا بەدی دەکرێ کە مستزادیش جۆرە داهێنانێکی ئێرانیە، بەپێی دابەش کردنی قافیە نەک کێش. جاری واش هەیە مستزاد (١٦) بڕگەییە، یان جاری وا هەیە کێشی عەرووزییە.» (٣٢)

### کێشە ڕەسەنەکانی هۆنراوەی کوردی

١- «کێشی (٥) بڕگەیی» (٣٣) ئەم کێشە زۆرکەم

بەکارهێنراوەو دەهێنرێ، چونکە بە ئاسانی (بە لابردنی قافیە) دەبێ بە کێشی (١٠) بڕگەیی واتە دووشەتری (٥) بڕگەیی کە قافیەی شەتری یەکەمیان لابرا، پشووەکە کورتتر دەبێتەوەو هەردوو پێنج بڕگەکە کۆدەبنەوەو دەبن بە (١٠) بڕگە، نموونە: لەسەر کێشی (٥) بڕگەیی

**کوانێ چاوی ڕەش**
**کوڵمی ئاڵ و گەش**

ئەم بەیتە بەم جۆرە کێشانە دەکرێ:

کوا- نێ- چا- وی- ڕەش
کوڵ- می- ئا- ڵ و، گەش
١ ٢ ٣ ٤ ٥

(٢) «کێشی (٦) بڕگەیی» (٣٤) ئەم جۆرە کێشەش کەم بەکارهێنراوە، لە هۆنراوەی (گۆران)دا بەدی دەکرێ، نموونە:

**کوا هەیکەلی جەمال**
**کوا حوسنی بێ میسال**

کوا- هەی- کە- لی- جە- مال
کوا- حوس- نی- بێ - می- سال
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦

(٣) کێشی (٧) بڕگەیی ئەم کێشە لە هۆنراوەی فۆلکلۆریدا ماوەو لە هۆنراوەی نوێشدا تا ڕادەیەک باوە، دەربارەی هۆنراوەی فۆلکلۆری چەند بەیتێ دەکەین بە نموونە کە زۆر کۆنن:

**ئەتل مەتل توتولە**
**گایی حەسەن کوتولە**
**نەشیرداره نەپستوون**
**شیرەش بیەر کورد سوون**

ئەم دووبەیتە بەزاراوەی لوڕی وتراوە کە بەزاراوەی سۆرانی ئەمەی خراوە دەگرێتەوە:

**ئەتل مەتل توتولە**
**گاکەی حەسەن بچکۆلە**
**نەشیری هەیەو نەگوان**
**شیری برد بۆ کوردستان**

ئەم هۆنراوەیە بەم جۆرە بڕگە بڕگە دەکرێ و کێشانە دەکرێ:

ئە- تل- مە- تل- تو- تو- لە
گا- ی- حە- سەن- کو- تو- لە
نە- شیر- دا- ڕە- نە- پس- توون
ش- ڕەش- بـ- بەر- کور-دن- سوون
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

نموونەیەکی تر

**هەلوور بلوور تەکامە**
**زەرد و سوور و شەمامە**

هە- لوور- بـ- لوور- تە- کا- مە
زەر- دو- سوو- رو- شە- ما- مە
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

بێجگە لەم نموونە فۆلکلۆرییانە ئەم دووبەیتەی خوارەوەش دەکەین بە نموونە کە لە هۆنراوەکانی پەنجاکانن.

**با هێلانەم هەر تەنگ بێ**
**ئاوازەکەم بەدەنگ بێ**
**وەرزم پایزی زەردبێ**
**لێ نیشتووی گوڵم گرد بێ**

با- هێ- لا- نەم- هەر- تەنگ- بێ
ئا- وا- زە- کەم- بێ دەنگ- بێ
وەر- زم- پا- یی- زی- زەرد- بێ
لێ- نیش- تووی- گو- ڵم- گەرد- بێ
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

(٤) کێشی (٨) بڕگەیی ئەم جۆرە کێشە لە هۆنراوەی نوێ کوردیدا زۆرە، بەڵکو دەتوانین بڵێین (٩٠٪) هۆنراوەی ئازادی ئەم سەردەمە لەسەر ئەم کێشەن. کە لە هەندێ شەتردا دابەش دەکرێ و هەندێ جاریش کۆدەکرێتەوە واتا هەندێ شەتر (٤) بڕگەیەو هەندێکی (١٢) هەندێ جاریش (١٦) و ئەوانی تر (٨) بڕگەن.

**ناسک ناسک**
**بەرگەردن و کوڵم و باسک**
**ناسکە ئەندامی لەشی**
**ڕوومەت لامل کوڵمی گەشی**
**سنگی ئاستی درزی بلوور**

**پێستی یەکجار ناسکی پووز**
**لەوانەن وەک بەفر یا مۆم**
**بتوێنەوە ناو پێڵووی خۆم**
**ناسک ناسک**
**بەرگەردن و کوڵم و باسک**

**ئەو جوانە هەروەکو پەری**
**لەناودڵی منا ئەگەری**
**چونکە گەردەلوولی ژیان**
**ئەیبا بەرەو دەشتی گریان**
**دڵی ناسک ئەشکێنن**
**نازانن ناسک بدوێنن**
**نرخی ناسکۆڵەیی جوانێ**
**مەگەر هەر شاعیر بیزانێ**

ئەو- جوا- نە- هەر- وە- کو- پە- ری
لە- ناو- دب- لێ- مە- نا- ئەگ- ری
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

(٥) کێشی (٩) بڕگەیی ئەم کێشە یەکجار دەگمەنە بەتایبەتی لە هۆنراوەی کرمانجی خوارووودا وابۆ ئەم کێشە بەیتێ دەکەین بەنموونە:

**قژی درێژ و چاوی کاڵی**
**باڵای لاولاوی و لێوی ئاڵی**

قە- ژی- دب- رێ- ژو- چا- وی- کا- ڵی
با- لاێ- لاو- لا- وی و- کوڵ- می- ئا- ڵی
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩

(٦) کێشی (١٠) بڕگەیی زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەی زاراوەی کوردی باشوور (بەشی فۆلکلۆر) لەسەر ئەم کێشە دانراوە و لەناو شاعیرانی چەرخی بیستەمدا بەتایبەتی ساڵانی پەنجاکاندا، ئەم کێشە زۆرباوە وەکو دەرکەوتووە زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەی زاراوەی گۆران- بەتایبەتی- هەورامی- فۆلکلۆرو هۆنراوەی شاعیرانی هونەریش هەر لەسەر ئەم کێشەن بۆ نموونە: هۆنراوەکانی (مەولەوی) هەر هەمووی لەسەر ئەم کێشەیە.

**خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە**
**زار زار مەناڵێ وەدەم دەردەوە**
**توو پاشکستەی بەرد هەرد دەرد**
**چاو کوور مەینەت تەن لاغر رەنگ زەرد**

نموونەیەکی تر

**بلبل بوو رەنجی لەگەڵ گوڵ کێشا**
**کەچی بای بەیان عەتری گوڵی برد**
**بە پەنجەی عەشق بێستوون نەخشا**
**کەچی فەرهاد بوو ناوبانگی دەرکرد**

کێشانەکردنی بەیتێ لەوبەیتانە:

بل- بل- بوو- رەن- جی- لە- گەڵ- گوڵ- کێ- شا
کە- چی- بای- بە- یان- عەت-ری- گو- ڵی- برد
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

سەرنج: لەسەرەتای لێکۆڵینەوەماندا دەربارەی کێشی رەسەنی کوردی وتمان ئەم کێشە وەکو کێشی عەرووزی نییە، کە بڕگە بە گوێرەی چەشن بەرامبەر یەکتری بێ، واتە بڕگەی کورت بەرامبەر بە کورت و درێژ بەرامبەر بەدرێژ بۆ نموونە وەکو کێشی (هزج) مفاعیلن کە بەرامبەر بە مفاعیلن دەوەستێتەوە ئەمجا بۆ بەڵگەی ئەمە ئەم بەیتە کێشانە دەکەین:

بل- بل- بوو- رەن- جی- لە- گەڵ- گوڵ- کێ- شا
– – – – ب – – – – –
کە- چی- بای- بە- یان- عەت – ری- گو- ڵی- برد
– – ب – – – ب – – ب

کە سەرنج دەدەین ئەم بەیتە نەک هەر بڕگەکان بە گوێرەی چەشن بەرامبەر بەیەک نابن، بەڵکو زۆربەی بڕگەکانیش درێژن و بەهیچ جۆرێ تەفعیلەشیان لێ دروست نابێ، چونکە پێنج بڕگەی درێژ تەفعیلە دروست ناکات. ئەمەیە جیاوازی لەنێوان کێشی عەرووزی و کێشی رەسەنی کوردیدا.

(٧) کێشی (١١) بڕگەیی ئەم کێشە لەسەر دەمانی پێش ئیسلام بوونی کورددا زۆربەکارهێنراوە، بەتایبەتی هۆنراوەکانی گاتای ئافێستاو هۆنراوەی مانی، بەڵام لەسەردەمی ئێمەدا، واتە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە زۆرکەم بەکارهێنراوەو لە هۆنراوەی فۆلکلۆریشدا ونە. ئەوەی یەکەم جار لە ساڵانی سیەکانەوە ئەم جۆرە کێشەی بەکارهێناوە تەنیا

(گۆران)ە.

**زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم**

زۆر- قـ- ژی- زەرد- سە- رن- جی- ڕا- کێ- شا- وم
زۆر- چا- وی- شـین- داو-یە- پر- شنـگ- لـە- چا- وم
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١

نموونەیەکی تر
**قژی نەرمت وەکو تاڵی خۆرەتاو**
**لەسەر شان و قۆڵی سپی پەرش و خاو**

قـ- ژی- نەر- منت - وە- کـو- تا- ڵـی- خـۆ-رە - تاو
لە- سەر- شا- ن و- قۆ- ڵی- سـ- پی- پەر- شو- خاو
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١

(٨) کـێـشی (١٢) بڕگـەیی ئەم کـێـشـە لە هۆنراوەی فۆلکلۆریدا ونە، بەڵام لە هۆنراوەی شاعیرانی نوێخوازی ئەم چەرخــەدا بەکـارهێـنراوە بەتایبــەتی لە هۆنراوەی (گۆران)دا. بۆ نموونە:

**قژکاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگاکاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێ ئاڵ**
**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو**
**گەندەمووی دەم و چاو مەچەک هەڵنەگرتوو**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک**
**ئەی بەرگی ساکارت شیرنتر لە هی بووک**

قژ- کا- ڵی- لێو- ئا- ڵی- پر- شنگی- نی- گا- کاڵ
ئەی- ک- چە- جـوانە- نە- کـەی- سـەر- گـۆ- نا- نەخ- تێ- ئاڵ
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩
١٠ ١١ ١٢

(٩) کـێـشی (١٣) بڕگـەی ئەم کـێـشـە ئەگـەرچی زۆر کـۆنە و لەسـەردەمـانی پێش ئیـسـلامـەوە لەناو گـەلانی ئێـراندا بەکـارهێنراوە، بەڵام ئێـسـتـە تا ڕاددەیەکی ئەوتۆ ناوێزەیە کـە لە فـۆلکلۆردا ونەو لە هۆنراوەی شـاعـیـرانی هونەریشدا دەگمەنە. بۆ نموونە:

**ئێستە هەرچی کە پێی ئەڵێن نیعمەت و نازە**
**هەمووی ئەدا بەیەک دڵۆپ فرمێسکی تازە**
**لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ و بڵێ**
**دەستی زۆردار سەد سەر ئەکاو ناگاتە دڵێ**

بۆ نموونە بەیتی یەکەم کێشانە دەکەین کە بەم جۆرەی خوارەوە دەردەچێ:
ئێس- تە- هەر- چی -کـە- پێی - ئە- ڵێن- نیع- مە- تو- نا- زە
هە- مـــووی- ئە- دا- بە- یەک- د- ڵۆپ- فـــر- مێس- کی- تا- زە
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩
١٠ ١١ ١٢ ١٣

## پێشەکییەک بۆ تێبینیەکانم

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**دکتۆر محەمەد بەکر محەمەد**
**(زانکۆی دهۆک- کولێژی ئاداب)**

لەسـەر دەسـتنووسی (زانسـتی عـەرووز)ی مـامـۆسـتـا (کامەران موکری):

١- لەسـەر داخـوازی دەسـتـەی نووسـەرانی (گـۆڤـاری ڕامـان) هەوڵدەدەم بە دەسـتنووسـەکـەدا بچـمـەوەو لەم بوارەشدا تێبینییەکانم لە دوو ئاستاندا دەخەمە ڕوو:

أ- لەو جـێـگـایانەدا کـە هەست دەکـەم وشـەیەک، یان دەسـتـەواژەیەک کـەمـە، دەیانخـەمـە نێوانی دوو کـەوانەی گەورەدا.

ب- بۆ ئەو بۆچـوون و شـــیـکـردنەوانەی کـــە لە دەسـتنووسـەکەدا هاتوون و بە هەڵەیان دەزانم، ژمـارەم بۆ داناون و لە کــۆتایی دەســتنووســەکــەدا پەراوێزم بۆ نووسیوون.

پێـویسـتـە ئەوە بڵێم هەرچەندە ئەو زانیـارییـانەی لەم دەستنووسەدا سەبارەت بە عەرووزو کێشی خۆماڵییەوە

خراونەتە ڕوو بۆ خوێنەری ئەمڕۆ زۆر سادەو سەرەتایین، بەڵام بۆ سەردەمی خۆی بە بایەخ و گرنگ بوونە.

**پەراوێزەکان:**

١- زانستی (عەرووز) لەژێدەرە کلاسییەکاندا بەچەند جۆرێک پێناسەی کراوە و پێویست ناکات دووبارە بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی پێویستی بە ئاماژەکردن هەیە لەم پێناسەیەی مامۆستادا، ئەو وشەی (دەنگ)ەیە کە لە جێی (کێش) بەکاریهێناوە. هەژی گوتنە کە زاراوەی (دەنگ) چ لە بواری زمانەوانیی کلاسی و چ لە بواری عەرووزیشدا نەناسراو بوو، ئەوان زاراوەی (پیت)یان لە جێی ئەودا بەکار دەهێنا.

٢- «ئەمانە هەر بە سەلیقەو کەڵەکەبوونی مۆسیقای هۆنراوەی پێشین [هۆنراوەی] خۆیان ڕێک دەخەن بەبێ ئەوەی لەنگ بێ».

٣- لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند ڕاستییەکی مێژوویی بکرێت لە بارەی ئەو کێشانەی کە گوایە شاعیرانی عەرەب هۆنراوەیان پێ ڕێکخستووەو لە دواییشدا (خەلیل) لە عەرووزەکەیدا کۆیکردوونەتەوە:

أ- جگە لەو بۆچوونەی نووسەرێکی هەڵکەوتووی عەرەبی وەکو (تەها حوسێن) کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (حدیث الاربعاء)دا لە بارەی هەڵبەستراویی شیعری جاهیلی بەگشتی و (المعلقات العشر) بەتایبەتی پیشانیداوە، نووسەرێکی کۆنی وەکو (البیرونی) لە کتێبی (تحقیق ماللهند)دا زۆر بە ڕوونی (عەرووز) دەباتەوە سەر کێش ناسیی سانسکریتی لە ڕووی دابەشکردنی دێرە شیعر بەسەر دوو بەشداو دابەشکردنی هەر بەشێک بەسەر چەند یەکەیەکی ریتمیدا و دابەشکردنی هەر یەکەیەک بەسەر چەند دەنگێک، یان پیتی بزوێن و نەبزوێندا کە هەر یەکێکیان زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە.

ب- بەڵام بەهێزترین بەڵگەی نەبوونی پێوەندی لەنێوان سیستمەکەی (خەلیل) و شیعری عەرەبیی پێش خەلیل، لە بازنە عەرووزییەکاندا دەبینرێت کە من لە ئەنجامی کارکردنم لەم بوارەدا لە دوو خاڵی سەرەکیدا تێبینیم کردوون.

یەکەمیان ئەوەیە کە بازنە عەرووزییەکان هێڵکارییەکی ئەندازیاریی ڕووتن و هیچ پێوەندییەکیان بەشیعرەوە نییە، بەدەربڕینێکی سادەتر، ئەوە جۆری ڕیزکردنی دەنگەکانە لەناو بازنەکاندا کە پێکهاتەی هەر کێشێک دەستنیشان دەکات.

دووەمیان و گرنگترینیان ئەو کێشانەن کە لەناو بازنەکاندا دروست دەبن و پێیان دەگوترێت (کێشی پشتگوێخراو- البحور المهملة) وەکو کێشەکانی (المستطیل، الممتد، المنسرد... تاد) کە لەم بوارەدا پرسیارێکی بەجێ خۆی دەسەپێنێت: ئەگەر ئەم کێشانە پشتگوێخراون و (خەلیل) نموونەیانی لە شیعری عەرەبیدا نەدیوە، لەسەر چ بنچینەیەک تەفعیلەکانیانی دەستنیشان کردووە؟

باشترین وەڵام بۆ ئەم پرسیارەو پرسەکانی تریش، بەڕای من، لەو ڕاستییەدا دەردەکەوێت کە لە پێش (خەلیل)دا شیعری عەرووزیی عەرەبی نەبووەو هەر شیعرێکی عەرەبیش کە لەگەڵ کێشەکانی (خەلیل)دا دەگونجێن، پاش خەلیل دانراون.

٤- دیسان چەمکی (برگە) لە زانستی عەرووزی کۆندا نییە، سەبارەت بە پێکهاتەی (تەفعیلە)شەوە، یەکسەر لە پیتی بزوێن و نەبزوێن پێک نایەت، بەڵکو ئەو پیتانە (سبب، وتد، فاصلة) دروست دەکەن و بەلێکدانی ئەمانە (تەفعیلە) پێکدێت.

٥- ئەم نموونەیە بە کێشی (البسیط)ی هەشت تەفعیلەی (مخبون) هۆنراوەتەوە، بەڵام مامۆستا تەفعیلەی (عروض) و (ضرب)ی هەر بە (سالم= فاعلا) نووسیوە کە دەبوو (مخبون= فعلن) بێت.

٦- «زمانە هیندو ئەورووپییەکان بەوهۆیەوە کە ڕەگ و ڕیشەیان لەیەکەوە نزیکە، گەلێ خاسیەتی [چون] یەکیان تێدایە، [چ] لە ڕووی پیتی بزوێن و نەبزوێنەوە.. تاد».

٧- بە پێچەوانەوە، کێشی برگەیی لە زمانە هیندو ئەورووپییەکاندا زۆر کەمە. من لە کتێبی (کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆریی کوردی)دا، خشتەیەکم بۆ زمانە هیندو ئەورووپییەکان و سیستەمی ڕیتم لە شیعرەکانیان و ئەو نووسەرانەی دووپاتیان کردۆتەوە، دروست کردووە، کە بەڕوونی ئەوە پیشاندەدات کە کێشی چەندی لە پلەی یەکەمداو کێشی ستریسی لە پلەی دووەمدا و کێشی برگەیی لە پلەی سێیەمدا دێت.

هەروەها پێـویسـتـە ئامـاژەیەک بەزاراوەی (بڕگـەی جەردەیی) بکرێت کە لێرەدا مامۆستا بۆ (کێشی بڕگەیی ڕووت) بەکاریهێناوە، کەچی لە جێیەکی تردا (ل ١٨/ دێری ١٢) هەمان زاراوە بۆ کێشی چەندی بەکاردەبات، واتە (موددەی زەمەنی)، یان بڕگەی کورت و درێژ.

٨- ئەم ڕیتـمـەی کـە (گـۆران) لە نموونەکـەدا بەکاریهێناوە، چ پێوەندییەکی بە (ئاڤێستـا)وە نییە. پشووی نموونەکەش بریتییە لە:

(٤+ ٤+ ٣) کە یەکێکە لە داهێنانەکانی (گۆران) لە بواری کێشی خۆماڵیدا.

٩- «بەپێی زانستی عەرووز هۆنراوەی عەرەبی (١٦) کـێشـە کـە پێی دەڵێن دەریاو (٣٦) عـەرووز و (٦٦) [زەرب].»

(١٠) «منسرح»

پێـویسـتـە لەم بوارەدا بگوترێت کـە مـامـۆسـتـا لە ڕیزکـردنی کـێشـەکـان و دەستنیشـانکردنی تەفعـیلەی هەندێک کـێشـدا، پێـڕەوی لە ژێدەرە عـەرووزییـەکـان بازنەکـانی (خـەلیل) نەکـردووە، کـە لە جـێی خـۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

١١- ئەم کێشە لە بازنەی یەکەمدایەو تەفعیلەکانی چوارن:

(فاعلاتن فاعلن فاعلاتن فاعلن)، بەڵام لە شیعردا سێیە.

١٢- ئەم کـێشـە بەگـوێرەی زنجیـرەبەندیی بازنەکـان، کێشی ژمارە (٥)ە.

١٣- تەفعیلەکانی ئەم کێشە لە بنەڕەتدا بەم ڕەنگەیە:

(مفاعلتن مفاعلتن مفاعلتن).

١٤- زنجیرەی ئەم کێشە (١٤)یەو تەفعیلەکانیشی ئەمانەن:

(مستفعلن فاعلاتن فاعلاتن)

١٥- زنجیـرەی ئەم کـێشـە (١٣)یەو تەفـعـیلەکـانی ئەمانەن:

(مفعولات مستفعلن مستفعلن)

١٦- ئەم کێشە سەر بە بازنەی پێنجەمەو ژمارەکەشی (١٦)یە.

١٧- ئەم کێشەش سەر بە بازنەی پێنجەمەو ژمارەکەی (١٥)یە.

١٨- تەفعیلەکانی ئەم کێشە لە بازنەی چوارەمدایە و تەفعیلەکانی ئەمانەن:

(مستفعلن مستفعلن مفعولات)

١٩- ئەم کـێشـە ژمـارە (١١)یەو تەفـعـیلەکـانیـشی بریتین لە:

(فاعلاتن مستفعلن فاعلاتن)

٢٠- ژمـارەی ئەم کـێشـە (١٢)یەو سێ تەفـعـیلەییـە نەک چوار:

(مفاعیلن فاعلاتن مفاعیلن)

٢١- ئەم کـێشـە ژمـارەکـەی (٣)یەو تەفـعـیلەکـانی دروستن.

٢٢- ژمـارەی ئەم کـێشـە (٧)ەو تەفـعـیلەکـانیـشی سێیین:

(مستفعلن مستفعلن مستفعلن)

٢٣- ئەمە کێشی شەشەمەو تەفعیلەکانی سێیین:

(مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)

٢٤- ئەمەش کێشی هەشتەمەو تەفعیلەکانی دروستن.

٢٥- ژمـارەی ئەم کـێشـە (١٠)یەو تەفـعـیلەکـانی دروستن، بەڵام شـیکردنەوەی نموونەکـە لە (عـەرووز) و (زەرب)دا هەڵەی تێدایە، بەگوێرەی نیشـانەی بڕگەکـان دروستن: (- -) کـە شـێـوەی (مـطوی)ی (مستـفعلن)ە و پێویستە (مستفعلن)ی دوایی هەردوو نیوەدێر ببێتە: (مفتعلن).

٢٦- لەبارەی ئەم بەشـەی نووسـراوە کـە دوو تێـبـینی گشتیم هەیە:

یەکەمیان ئەوەیە کە مامۆستا نموونەی شیعریی بۆ جۆرو پێکهاتەی (سەروا) نەهێناوەتەوە، دووەمیشیـان بریتییە لە پشـتگوێ خستنی هونەرێکی گرنگی سەروای شیعری کوردی کە (ڕەدیف)ە.

٢٧- ئەو دیاردەیەی کـە مـامـۆسـتـا لە شیکردنەوەی (بزمـارکـاری دارتاشێ) ئامـاژەی بۆ کـردووە وەکـو بەرجەستەکاری (کێش)ی هۆنراوە، دیاردەیەکی ڕیتمییە و لە ئەنجامی تێکەڵکردنی ئاستەکانی (کێش) و (ڕیتم) پەیدا دەبێت.

٢٨- سەبارەت بەو کێشە عەرووزیانەی کە شاعیرانی کورد بەکاریانهێناوە گۆترەکارییەک لەلایەن مامۆستاو نووسـەرانی ئەم بوارەدا بەدیدەکـرێت، من لـە ماستەرنامەکەی خۆمدا لەساڵی (١٩٩١) ئەژمارێکی عەرووزیم لەسەر (٢٢) شاعیری کلاسیی کورد بە ئەنجام گەیاند هەر لە (جزیری)یەوە تاکو (شاری) کە پێمـوایە یەکـەمین کـارێت لەم بوارەدا کـرابێ و بۆم دەرکـەوت

دیارترین کێشەکان و ڕێژەکانیان بەم شێوەیەیە:

هزج: ٤٩٪

رمل: ٣٥٫٩٪

مضارع: ٧٫٤٪

رجز: ٣٫١٩٪......... تاد

٢٩- لە دانانی نیشانەی برگە کورت و درێژەکانی تەفعیلەکانی ئەم نموونەیەو نموونەکانی تری ئەم دەریایەدا، نیشانەی برگە درێژەکان بەخاڵ دانراوە: (مفاعیلن: ب....) کە دەبوو بەم جۆرە بێت: (مفاعیلن: ب....).

٣٠- تەفعیلەکانی (عەرووز) و (زەرب)ی ئەم بەیتە: (غەشیمانە، تەبیزانە) هەردووکیان (سالم) دەبن لە ڕێگەی (الاشباع)ەوە، بەڵام لێرەدا تەفعیلەی (زەرب) بە (مکفوف) نووسراوە: (مفاعیل).

٣١- لە (سەدر)ی ئەم بەیتەدا، بۆ تەفعیلەی (عەرووز) نووسراوە: (مفاعیل= مفاعی)، دیارە یەکەمیان هەڵەیە، چونکە شێوەی (مقصور)ە، بەڵام دووەمیان تەواوە کە (محذوف)ە، ئەوەندەش هەیە لە عەرووزدا (مفاعی) بۆ (مفعولن) دەگوازرێتەوە.

٣٢- سەبارەت بەکێشی (١٤) برگەیی کە مامۆستا پێی وایە لە تێکەڵکردنی دوو کێشی حەوتی پێک دێت پێویستە بڵێین ئەم کێشە (گۆران) بەکاری نەهێناوە کە بە داهێنەری کێشەکانی شیعری نوێی کوردی دادەنرێ.

سەبارەت بەکێشی (١٥) برگەییش کە مامۆستا پێی وایە تەنیا لە هۆنراوەی (موستەزاد)دا بەکار هاتووە پێویستە بڵێم بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییەی کە بۆ سەرجەم دیوانی گۆرانم کردووە، گۆران بەناونیشانی (دیمەنێکی بەهار، ل١٦٩ بە ڕیتمی (٥+ ٥+ ٥) کە موستەزادیش نییە بەکاری هێناوە.

٣٣- سەبارەت بەکێشی (٥) برگەیی کە مامۆستا نموونەیەکی تەریکی لە گۆران گواستووەتەوە، گۆران ئەم کێشەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دوو شیعردا بەکارهێناوە کە بریتین لە (ڕازی ناڕازی ل٢٩٥) و (بەرخەکەم ل٤٢٦).

٣٤- پێم سەیرە مامۆستا بۆ کێشی (٦) برگەیی نموونەیەکی گۆرانی بەکارهێناوە کە لە بنەڕەتدا عەروزییە، نەک خۆماڵی و گۆران خۆشی لە پەراوێزی شیعرەکەدا و لە دیوانەکەدا ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستییە کردووە.

## وتەیەک بۆ بیرەوەری

**حەسەن جاف**

کامەران موکری شاعیرێکی بە هەڵوێست و گەورەی کورد بوو، هەمیشە لەناو خەم و خەون و هیوا و ئاواتەکانی کورددا دەژیا و دەتلایەوە. تێکۆشەرێکی ئازای بواری کوردایەتی و نەتەوایەتی بوو، جگە لەوەی مامۆستایەکی بەهرەدار و دڵسۆزی قوتابی و زانست بوو، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ڕەنگە کامەران یەکێک بێ لەو کەسانەی غەدرێکی زۆری لێ کرابێ و زۆریش پشتگوێ خرابێ، تا ئێستا پاش تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر کۆچی دواییەکەی نەمبیست و نەمدیت کۆڕێ، یان سیمینارێ بۆ شیعر و بەهرە جۆراوجۆرەکانی ساز بکرێ، یان لە گۆڕەپانێکدا پەیکەرێکی بۆ دابتاشرێ.

من هەرچەندە کەمتەرخەمیم لە بەرانبەری نەکردووە و لەم ڕووەوە هەمیشە یادم کردووەتەوە و لەسەرم نووسیوە، بەڵام هێشتا هەر خۆم بە قەرزاری ئەو پیاوە دەزانم. یەکەم جار کامەرانم ناسی لە سلێمانی لە چاپخانەی «کامەران» بوو کە بەخۆم و دەفتەرێ شیعرەوە چووم بۆ ئەوێ تا «دیوان»ێک چاپ بکەم. بەرگی ئەو «دیوان»ـە هونەرمەندی کوردی ڕۆژاوای کوردستان «فواز علي نصری» بۆی نەخشاندبووم، ئەو هونەرمەندەم لە جەزایر ناسیبوو کاتێ هەردووکمان لە شاری «تلمسان» مامۆستابووین، کامەران تەماشای دەفتەرەکەی کرد و هەندێکی لێ خوێندەوە و پاشان گوتی:

– ئەگەر قسەیەک بکەم بە قسەم دەکەی؟

منیش گوتم «بەڵێ». گوتی:

– کەواتە ئەمانە چاپ مەکە، چونکە شیعر نین.

ئێستاش کە ئەو «شیعر»انە دەخوێنمەوە، لەشم نوقمی ئارەقە دەبێ و هەزار ڕەحمەت بۆ گۆڕی کامەران دەنێرم. ئیتر لەوساوە دۆستایەتیمان لەگەڵ یەکتر دەستی پێکرد، بەڵام هەمیشە هەر بە چاوی براگەورە و مامۆستا تەماشام دەکرد و ڕێزم لێدەنا.

ساڵی ١٩٨٦ دەستم کرد بە نووسینی کتێبی «کامەران موکریی چیرۆکنووس» مامۆستا زۆری دڵ پێ خۆش بوو، زۆریش هانی دەدام بە زووترین کات تەواوی بکەم، بەڵام بەداخەوە کۆچی کرد و ئەو کتێبەی نەدی، پێش ئەویش «زانستی عەرووز»ەکەی لەلام داناو داوای لێکردم بیپارێزم تا لە دەرفەتێکدا چاپ دەکرێ، منیش ئەو مەلزەمەیەم خستە بەردەست مامۆستا ئازاد عەبدولواحید کە زۆر بە خوێندنەوەیەوە ماندوو بوو، چونکە بە «طابعة» چاپ کراوە و ماوەیەکی زۆریشی بەسەردا تێپەڕیوە، بۆیە باش نەدەخوێندرایەوە، بەڵام هیمەتی کاک ئازاد ئیشەکەی ئاسان کرد.

وەک وتم ئەوەندەی بۆم لوابێ یادی مامۆستام کردووەتەوە، وا لە خوارەوەدا نووسینەکانی خۆم لە بارەی مامۆستا کامەران بەبیر دەهێنمەوە:

(١) کامەران و چەند یادێ: ڕۆژنامەی (پاشکۆی عیراق) ژمارە(٧١)ی ڕۆژی ١٩٨٩/١/٢٥ بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر کۆچ کردنیدا.

(٢) خستنە ڕوو و لەسەر نووسینی (دیوانی کامەران موکری) کە مامۆستا عەبدوڵڵا ئاگرین ئامادەی کردبوو. لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عیراق) ژمارە (٧٨)ی ڕۆژی ١٩٨٩/٣/١٥دا بڵاوکرایەوە.

(٣) بۆ یادی کامەران موکری: ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٨٦٢)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤.

(٤) ئەرێ کامەرانتان لەبیر ماوە؟: ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) ژمارە (٣٣١)ی شەممە ٢٠٠٠/١٢/٩.

(٥) کتێبی (کامەران موکریی چیرۆکنووس).

لە کۆتاییدا ئەم دیاریەشم بە هیمەتی ڕامان و دڵسۆزیی مامۆستا ئازاد عەبدولواحید دەخەمە بەردەست و دیدی خوێنەری کورد، بەو هیوایەی گیانی بەرزەفڕی کامەران ئاسوودە و گۆڕی پڕ لە نوور بێ و هەمیشە و هەردەم لە یاد و بیرەوەری نەتەوەی کورددا بە نەمری بمێنێتەوە.

# شوناسی ئازار
# لەبەر چرایەکی هیلاک

**بە زمانی کردنی کارەسات**
**لە «گۆڕستانی چراکان»دا**

ئەوە کارەسات نییە کە جیهان هەمیشە ئامادەی قەومانیەتی، کارەسات لە بێ قەوارەیی کارەساتدایە. شپەرزەیی، پارچە پارچەبوون و غیابی بنەمایەکی ئەزموون پەزێر، پێش بە پێکهاتنی بنەمایەکی مەعریفی دەگرێ کە کارەسات لەهەر چەشنە تێگەیشتن و دەربڕینێک دوور دەخاتەوە. بەم پێیە هیچ کارەساتێک وەک خۆی پێناسە ناکرێ و هیچ مەعریفەیەک شوناسێکی بۆ بەرهەم ناهێنێ. بێ شوناسی کارەسات، کارەساتێکە کە ئامادەی دووپات بوونەوەی دەکات وەک بڵێی ڕووی نەدابێ.

گەر بێتو «هایدگەر» گوتەنی زمان بە یانەی هەبوون دانێین، هەر بەو هۆیەوە کە کارەسات لەم یانەدا ناگونجێ، بوونی نییە. کارەسات لەکاتی قەومانی خۆیدا بە تێپەڕین لە زمان و فەوتاندنی ئەو، هەبوونی خۆیشی دادەڕووخێنێ. بە هەر کارەساتێک ئەو یانە زمانییە کە بیەوێ بوونێکی وەبەر خات، خاپوور دەبێ، واتە کارەسات لە ئەوپەڕی زماندا دەقەومێ.

زمان لە پاش و پێش کارەسات دەدوێ، بەڵام کە دەگاتە خودی کارەساتەکە، بێ دەنگ دەبێ، نەک هەر بەو هۆیە کە کارەسات شتێکی نامۆڕاڵی و نائینسانی و ناعەقڵانییە- ئەم چەمکانە بۆ خۆیان لە زماندا چێ کراون و بوونیان هەیە-، یان زمان دەرەقەتی نایە، بەڵکو بەو هۆیەی کە کارەسات لە دەرەوەی زماندا دەقەومێ.

هەر گوزارەیەک لە پێناو دەربڕینی کارەسات، هەوڵێکە بۆ بە زمانی کردن و گونجاندنی لە یانەی هەبووندا. ئەم گوزارەیە کە بیچمێکی زمانی بەخۆوە دەگرێ، مەودایەک

---


**محەمەد ڕەحیمیان**
**(تکاب)**

لەنێوان واقیعی کارەسات و گێڕانەوەی وی، چێ دەکات. مەودایەک کە لە ماهیەت و چۆنایەتی گێڕانەوەدایە و هەموو دەربڕینێک گێڕانەوەی ئەم مەودایەیە. بە واتایەکی تر گێڕانەوەی کارەسات نەک دەربڕینی ئەو ڕووداوەیە، بەڵکو دەربڕینی مەودایەکە کە لە نێوان کارەسات و گێڕانەوەیدا، بەهۆی زمان پێک هاتووە. ئەو زمانەی کە بە شانازییەوە دان بەم مەودایە دادەنێ و نکۆڵی لە ئەم ئەوەکی خۆی و کارەسات دەکات، زمانی ئەدەبییە. زمانێک کە نەک بەشێوەی قەتعی و بڕیاگ، بەڵکو بە چەشنێکی ناحەتمی و کراوە لە دیاردەکان دەدوێ.

کارەسات لە کاتی قەتیس بوونی زماندا ڕوودەدا و جەمسەری غیابەکانە. غیابی دەربڕین، مانا، دەلالەت، مسداق و ئەزموون. کارەسات بە کوشتنی سەرچاوەکان و پەک خستنی پرۆسەی ئیرجاع، خۆی لە ڕاڤە و لێکدانەوە دەپارێزێ.

هەوڵی ئەدەبیات لە پێناو کارەساتدا، پێکهێنانی بەستێن و قەوارەیەکی زمانییە کە ئەمەش پێویستی بە ئەزموونی کارەساتە. ئەزموونێک کە زەمان و ئەزموون و زمان پێکەوە گرێ دەدا واتە ڕەوایەت و گێڕانەوەی کارەسات.

«گۆڕستانی چراکان» وەک ڕۆمانە شیعری «شێرکۆ بێکەس»، بەتێکەڵکاری بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعر و ڕۆمان، سەبارەت بە ئەنفال دەدوێ. لەم بەرهەمەدا، شیعر لایەنێکی خوازە (ئیستعارە)یی و ڕۆمان لایەنێکی ڕەوایی، پێک هێناوە. شیعر بە لایەنە خوازەییەکەی خۆی لە ئەنفال ئەزموونێکی زمانی چێ کردووە و قەوارەیەکی ڕاڤەهەڵگر، ناحەتمی و کراوەی پێ داوە و ڕۆمان جیهانێکی ڕەوایی بۆ دەربڕین و ڤەهاندنی ڕووداوەکە ساز داوە. دەربڕینی ئەزموونێک کە لە زمانی ئاسایی و خووپێ کراودا، ناگونجێ.

شیعر بە زمانێکی خوازەیەوە لەگەڵ ئەنفال ڕووبەڕوو دەبێت و تێ دەکۆشێ و قەوارەیەکی نوێ لە ئەنفال بخولقێنێ کە لەگەڵ ڕاگرتنی مەودای ڕەوایی خۆی لە کارەساتەکە، مەعریفە و شوناسێکی ئەزموون هەڵگریشی بداتێ بێ ئەوەی ئاستی کارەساتەکە دابەزێنێ. مسافرێک ڕوو دەکاتە سەفەر. سەفەرێکی بێ سەروشوێن و نادیار. سەفەرێک لە پانتایی زماندا کە جیهانێکی نوێ لە ئەسرین و مەراق و بێدەرەتانی دەخولقێنێ:

«بە بەرگی تازەی شیعرەوە/ بەرگێ... لە وردە پوولەکەی ئەسرین/ با بریسکەییێ مەراق و/ بدرەوشێتەوە ئاخ و داخ!/ ...». (ل٥و٦) ئەمە سەفەرێکی تازەیە کە زمان و بەرگ و تێگەیشتنێکی تازەی دەوێ. سەفەرێک کە لە ژوورە نسرمەکانی شاعیرەوە دەس پێ دەکا.

دەوامی ئەم سەفەرە شوناسێک پێک دێنێ لە موسافرێک کە بەجل و بەرگ و مێژوو و جوغرافیا و خولیای کوردەواریەوە کەوتووەتە ڕێ بەرەو نادیار، ڕوو بە شپەرزەیی، کاول بوون و ڕۆچوون لە خاک.

لە فۆرمی ڕۆمانە شیعری «گۆڕستانی چراکان»دا، جل و بەرگ و شاخ و کێو و خاک و خۆڵ و شارەکان و هەموو شتێ، تەنانەت کوشتن و بڕینیش لایەنێکی ئیستعاریان گرتووەتە خۆو کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە بە زمانی شیعرەوە دەدرێن. مسافیر (وەگێڕ) و کاڵێ وەک قوربانی و جەللاد و سەربازە شاعیرەکە و حەیرانبێژ، هەر کامەیان بەشێک لە کارەساتەکە وەک ئەزموونی خۆیان وەگێڕنەوە. ئەزموونێک کە بەهۆی بیچم و قەوارە ڕەوایی و خوازەییەکەی، ڕەهەندە مێژوویی و سیاسی و فەلسەفی و ئایینی و لایەنە مرۆڤی و بێبەزەیی و کوشندەکانی ئەنفال لە تۆڕێکی زمانی تەنراو بە ئەستەتیک و جوانیناسی، دەگێڕێتەوە. بەم پێیە حەقیقەتی ئەنفال لە خوازەدا دەشاردرێتەوە نەک بە مەبەستی نکوڵی کردن لە ئەنفال، بەڵکو بە مەبەستی دەرخستن و گێڕانەوەی حەقیقەتی ئەنفال. «ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟/ قیژە چۆن ئەنووسرێتەوە؟/ عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟» (ل٤٥)، وەلامی ئەم پرسیارانە نهێنی بە زمانی کردنی کارەساتێکە کە ناگێڕدرێتەوە و نانووسرێ و ناخوێندرێتەوە. ئەمە زمانی ئەدەبییە کە بە خولقاندنی قەوارەیەکی زمانی، کارەسات دەگێڕیتەوە و دەینووسێ بێ ئەوەی ئیدعای یەکسانی خۆی و کارەسات یان دوایین گێڕانەوە و دوایین نووسینی بکات. دەیخوێنێ بێ ئەوەی داوای دوایین خوێندنەوەی بێ.

ئیستعارە ئەو زمانە سەرەتایی (بەدەوی)یە کە بۆ ئەزموون و دەربڕینی کارەسات، چارێکی نییە بێ جگە لەوەی کە مەودای نێوان وشە و مسداقەکانی بفەوتێنێ تا

خـاک و خـۆڵ و خـوێن و زریکە و زریان و قـوربانی و جەللاد، وەک خۆی بێتە دەربڕین. ئیستعارە ئەو حەشرەیە کە دیاردەکان بە بێ مەودای دەلالەت، سەر هەڵ دەدەن و قەوارەیەکی ڕەوایی بە خۆیانەوە دەگرن.

«گۆڕستانی چراکان» لە ٧ کۆپلەی ڕەوایی پێکهاتووە کە لە لایەن چوار کەسایەتییەوە دەگێڕدرێتەوە: مسافیر (شـاعـیـر، یان وەگـێـڕ)- کـالێ- جـەللاد- سـەرباز (شاعرێکی گەنج) کـە هەر کـەسێک بە پێی پێوەندی خۆی لەگەڵ کارەساتەکە، لایەنێکی تایبەت دەگێڕێتەوە.

کـۆپلەی ١: وەگـێـڕ، یان مـسـافـیـر، ڕوو دەکـاتە سەفەرێکی نامۆ. سەفەرێک کە هەر سەفەری ئەنفالە. مسافیر بە کۆڵێ پرسیارەوە ئەم ڕێیە دەگرێتە بەر. وەک کـەسێک کـە لەم سـەفـەرە و ئازارەکـانی سـەرسـوڕ و شڵەژاوە. پرسیاری سەرەکی مسافیر ئەوەیە کە من کێم و ئەم سـەفـەرەم بۆ وەبەر کـەوتووە و ئازارەکـانم چۆن بخوێنمەوە؟

لەم بەشەدا مسافیر بە گێڕانەوەی خۆی، شوناسێکی زمانی بۆ خۆی پێک دێنێ کە پرۆسەیەک وەک ئەنفالیش توانای سڕینەوەی نەبێ. ئەو جلوبەرگ و ئەو کالاّو کلاّش و مۆسیـقـایە کە ئەو سەفـەری پێ دەکا، شوناسـێکی کـوردی پێک دێنێ. ئەو بەڵگانە کـە لە گـۆڕە بە کۆمەڵەکان بەدی دەکرێ، دەبێتە هۆی ناسینەوەی هۆبەی ئەنفال کراوەکان. ئەم مسافرە کێیە؟

«بەرگێ.. لە وردە پوولەکەی ئەسرین/ با بریسکەییێ مـەراق و/ بدرەوشـێـتـەوە ئاخ و داخ!» کچ کـوردێکی خنجیلانە؟ «بەرگێ.. لە شەماڵی وەنەوشەیی شەفاف/ لە مدیوەوە با هەناوی کزەکانی هەموو دیاربێ/.../ ئەو جلانەی کە خەیاتە باریکەلەی خەیاڵی خۆم/ لە ژوورە نسرمەکانی تەنیایی و تەریکیدا/ هێور هێور لە بەر فـانووزێکی هیـلاک/ بۆی بڕیم و بە تەقـەڵی وردە هەنیسکی شەوانە/ بۆیشی درووم!» یان شاعیرێکی بە هەنیسک و تەنیا؟ «هەر بە کلاّشە دۆمیانەشەوە/ کە داربەڕۆیەکی هەورامان/ دوای خوێندنەوەی پێدەشتێکی پەخـشـانم/ لە بەردەمی هۆرەیەکی کـاکـۆڵ درێژ و/ کنالەیلەیەکی چاوڕەشدا/ لە شارەزوور پێشکەشی کردم» (ل ٥ تا ٨). یان گەنجێکی عاشق؟ یان...؟

ئەم مسافرە هەر کەسێک بێت هەڵگری شوناسێکی کوردییە کە بە زمان پێک هاتووە. هەر هەنگاوێک کە دەگوازێتەوە بەشێک لەم شوناسە لەت لەت و بلاّوە لە جانتاکەیدا، کۆ دەبێتەوە.

مسافیر هەر هەنگاوێک کە دەگۆزێ مێژوو و شوناس و جوغرافیایەکی ئەنفال کراو دەنەخشێنێ.

لە جانتاکەیدا چیا و دارستان و مۆسیقا و مرۆڤ و... هەمـوو شـتـێک بۆنی خـەم و مـەراقی لێ نیـشـتـووە. هەوایەکی گرمۆڵە و کۆست کەوتوو. جوغـرافـیـایەکی ئیستعاری کە بێجگە لە وەها زمانێکی شیعری، هیچ جۆرە دەربڕینێک، دەرەقەتی گێڕانەوەی نایە.

سـەفەرێکی بە پەلە و بێ مـۆڵەت کـە هەمـوو مـەنتـقی خووپێکراوی جیـهـان تێدەپەڕێنێ، بە بێ گرینگیدان بە ڕەخنە و گـۆڤـار و سنوور و بێ ترس لە داوەکـان: «بێ مۆڵەت وەرگرتن لە یەکەم ڕەشنووسی تووڕەم/ بێ مۆڵەت وەرگرتن لە ڕەشەبا چەنەبازەکەی ڕەخنەگر/ بێ مـۆڵەت وەرگـرتن لە بازگەی هیچ ڕۆژنامـە و گۆڤـارێ/ لە هیچ کـەوشـەنێ و لە هیچ پێـرەرێ و/ لە هیچ داوێکی سەرەڕێ» (ل٩)

زمانێکی پڕهێز و دەوڵەمەندی شیعـری، جیهـانێکی ئیستعاری دەخوڵقێنێ کە واقیع و کارەساتەکانی کورد بە تێکڕایی لەوێڕا دەردەکەوێ بە هەڵەبجە و کەرکووکیەوە. هەڵەبجە و کەرکووکێک کە لە جوغرافیای جیهانی واقیع دابڕاوە و تایبـەتی ئەم شـیـعـرەیە. کـەرکـووک و هەڵەبجـەیەک بە واقـیـعی خـەمـبـار و ژنە مـێـژوویـیەکانییەوە: «ئەڕۆم../ چۆن هەوری ڕاونراو لە گـاپێـلـی کـێـواندا/ بەشـێـوەی (با)یەکی ترسـاو لە چەخماخە/ بە وێنەی کیژۆڵەیەکی قوتاربووی ئەوسا/ لە هەوای هەڵەبجـە/ ئەڕۆم/ هەر بەو شـمـشـاڵی ئاخ و داخـانەوە/ کە برینەکانم بۆ تەنیاییمی ئەژەنن/ بە پەڵە خوێنی نەوتاوی کـەرکـووکی سـینەمـەوە/ کـە بەردەوام سەری بڕاوی تیا هەڵدێ» (ل١١). هەڵەبجە و کەرکووک لەمـە بەدوای، بەو شـوناسـە پڕ ئازارەوە دەناسـرێ. شوناسێک کـە نە داهاتوو و نە قەرەبووی ڕەنجەکانیان، پێیان لە بیر دەکرێ. شوناسێکی زمانی و هەتایی.

مسافیر دەچێتە ناخی مێژووی ژنە ئەنفال کراوەکان و لە بەرانبـەر مـێـژووی ئایین وەجـواب دێ: «بەخـۆم و دەسکەنەیەک/ لە قژی ئەو ژنەوە ئەڕۆم/ کە شمشێری فـەتوایەک لەسـەر تاوری بەردێکی تەوێڵـە/ بەنێـوی خـــوداوە، گـــەردنی ڕفـــان و/ لە دواییـــدا دای بە

منارەیەک!» (ل١٢)

مسافیر وێنەیەک لە سەفەری ڕوو بە ئەنفال دەگێڕێتەوە، سەفەرێکی تازە و تووناوتوون و نادیار کە بە شوناسی کوردەوە دەلکێ: «سەفەرێکی تازەم لەبەرە/ سەفەرێ بەپێی پەتی خەمان/ سەفەرێ بەسواری تراویلکە و/ سەفەرێ بەسواری هەواڵی ناوەخت و/ سەفەرێ بە سواری دووکەڵێ/ کە پاشکۆ و خورجینی پڕ کردووە لە چاوی کوژراوی باران!/ سەفەرێکی تازە بۆ مەملەکەتی..../ (ل١٢)

مسافیر دە گیرفانی هەیە و هەر کام لەم گیرفانانە، بەشێک لە چارەنووسی ئەوی تێدایە. چارەنووسێک کە لە شیعر و مانگەشەو و لاواندنەوەی دایک و عیشقەوە دەس پێ دەکات و لە گیرفانی چوارەمەوە تووشی ژن دەبێت و ڕوو دەکاتە هەڵوەرین و مەرگ و دۆخێکی تازە لە جوانەمەرگی و داباریینی وەیشوومەیەکی ڕەش، کە لە دەیەمین گیرفان کێلانەی تووڕەیی و تۆڵەی ڕادەپەڕێ: «ئەوەتا لە یەکەم گیرفاندا/ شێرزەییم گمەگمیەتی و/ لەسەر هێلکەی شیعرێ کڕکەوتووە و/ خەریکە مانگەشەوێ هەڵیبێنێ!/.../ لە دەیەمدا.. کێلانێکم ئارام ناگرێ و لە تیغی خۆی ڕائەپەڕێ!» (ل ١٧ تا ١٩).

وەگێڕ وەک مسافرێک ڕوو دەکاتە مێژوو و هەتا بەر دیواری بابل و خاکی سۆمەر و مەملەکەتی تەمووز دەڕوا و بەشوێن ئێسک و پرووسکی خۆی و کەسەکانیدا دەگرێ. ئەمجا بە ناو جیهانی بنەوەدا، دادەگەڕێ و وەک بڵێی گەیشتبێتە چاڵەکانی ئەنفال، ڕۆدەچێ و دادەچۆڕێ: «من ڕۆئەچم و سەرنج شۆڕشۆڕ ئەکەمەوە/ تا ئەو شوێنەی/ کە ڕووبەڕوو مەرگ ئەبینم!...» (ل٢٠) ئیتر لێرەوە کارێکی بەسەر زەوین و ئاسمان نەداوە و بەرەو بن دادەچۆڕێ ڕووبە نیشتمانی گڵ: «هەر بەرەو بن دائەچۆڕێم/ لە ناو نیشتمانی گڵدا/ لە وڵاتی خۆڵ و قوڕدا/ بۆ ئاوی کوژراو ئەگەڕێم...». (ل٢١)

ئەم نیشتمانە زمانییانە کە ئاماژە بە چارەنووسی کورد دەکەن، شوناسێکی زمانی بۆ کورد پێک دێنن کە هەتا هەتایە لێی نابنەوە و لە گەشە و گرشەی داهاتووی کورد بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەم شوناسە دۆزەخییە، مەعریفەیەکی ڕاستەقینەی لێ ناکەوێتەوە. شوناسێک کە پرسیارە لێڵ و بێ وەڵامەکان قوت دەکاتەوە و بە لایەنە فەلسەفییەکانیەوە خودا و جیهان و مێژوو، دەداتە بەر پرسیارێکی بێ باک. ئەو پرسیارانە کە لێڵ بوونیان نەک لە ماهیەتی پرسیاردا، بەڵکو لە چۆنایەتی وەڵامە تەفرەدەرەکاندایە: «... من بە نادیاردا ئەگەڕێم/ دەلیلم شێرزەییە و/ سەرابێ پێشم ئەکەوێ! /.../ من ئێستا وەک مەراق ئامادە و/ چون هاوار لەسەر پێم!/ ئەپرسم: لە پێشدا پێ بخەمە/ کام خاکی واوەیلا و کام عەردی زریکەو/ کام وەرزی کوژراوی لەشمەوە؟!/.../ یەکەم جار سەر بکەم/ بەچیدا!/ بە تەمدا؟/ بەخوێندا؟/ بەگڵدا؟/ بە کوێدا؟/... پێم بڵێن، چۆن بڕۆم؟!/ ڕاستەو ڕاست؟!/ چون پرسی بربنی دڵنیا؟!/ بەرەو خوار/ بۆ دنیای ژێرەوەی تارومار؟!/ بەرەو ژوور، بۆ لای خوا؟!/...» (ل٢٤ تا ٢٨) ئەمە مرۆڤی پارچە پارچە و پرسیارە شپرزە و لەت لەتەکانیەتی کە لە ئەوپەڕی ئازارەوە و لەبن خوڵی ئەنفالەوە، لە وەڵام دەگەڕێ.

کۆپلەی ٢: کەس وەڵامی ئەم پرسیارانە نازانێ بێجگە لە کاڵێ کە قوربانی ئەنفالە، کاڵێ دەبێتە هاوڕێی مسافر و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. ئایا کو کارەسات و ڕووداوێکی وەک ئەنفال، دەگێڕدرێتەوە؟ «من ئەگەر پێشت نەکەوم/ نە ئەسپی ئەفسانە و نە مەراڵی خەون و نە تەیری شیعر و نە بای جادووگەر/ بەو مەرگانە نازانن/...» (ل٣٠) کاڵێ لەگەڵ مسافیر دەدوێ و تا بن خۆڵ خۆی دەگێڕێتەوە. کاڵێ بەبێ هیچ مەودایەک خودی ئەنفالە و کەس وەک ئەو ئەزموونی مەرگی نییە: «ئەوەی کە ئاو پێی ئەزانێ و/ ئەوەی کە داری سەرەڕێ و باڵندەکان/ پێی ئەزانن، کورتەی خەمە و ئێکجار کەمە./ من خۆم قیژەی ناو چاڵ و من ڕەنگی شەوی دڕندەو/...» (ل٣١). کاڵێ بە دەم قسەکانیەوە زەینی جەللادیش دەخوێنێتەوە: «لێرە قەدەغەیە کزە/ گەورە ببێ و لە دواییدا/ ببێ بە گڤەی ڕەشەبا!/ لێرە قەدەغەیە گزنگ/ پێ بگرێت و باڵا بکا و/ ببێ بە سوورە هەتاو و/ بچێتە سەر لووتکەی چیا!» (ل٣٨- ٣٩). پاشان بە مێژووی ئەنفالچیەکاندا دەچێتەوە.

کاڵێ چەند وێنەیەکم لەسەر بهووردی خۆی دەگێڕێتەوە: «.../ ئەڵقەیەک ژن لە ڕەگەزی گەلاڕێزان، لە توخمی/ شەوی تەمتوومان، بووبوون بە پەرژین بۆ ژنێ/ لە ناوەندا ئەیزریکان، ژنەی ناوەند پاڵکەوتووەو/ لەسەر

پشتە و نیوەی لەشی لە باوەشی چەند ژنێکدا و/ نیوەکەی تری بەڕەڵڵا، وەختێ ئازار گرژ ئەبووەوە..../» (ل٤٢). زمان لەم گێڕانەوەدا لەگەڵ ڕاگرتنی لایەنی ڕەوایی خۆی جاری وایە دەگاتە تەشقی زمانێکی شیعرییەوە: «چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟ چیرۆکی سەمای ئەو/ ئاوەڵ کراسانەی کە «قەحتان» و «عەدنان» و «دەحام»/ بە پێش دەمی قافڵەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین؟!» (ل٤٤)، «ئاخر چی بگێڕمەوە، زەلیلی کە بووبووە کراسی شیتاڵ شیتاڵی بەرمان؟» (٤٥)

لە کۆتاییدا کاڵێ هەست بەوە دەکا کە بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کە لە بن گۆڕەوە دەیگێڕێتەوە، هێشتا داماوە و پێ ناگرێ: «ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!/.../ ئەبێ خۆڵ قسە بکات خۆڵ!/.../ ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێ سەرمان لێبداو/ پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا؟!» (ل ٤٥ تا ٤٦).

کۆپلەی ٣: «دەحام» دێتە قسە و لێرەدا جەللادیش وەک قوربانی مافی دەربڕینی خۆی هەیە. جەللاد لە هێرشی هەمیشەیی خۆی وەک مێژووی عەرەب دەدوێ: «ئێمە وا هاتووین کە نەڕۆین/ هەر وەکو چۆن شمشێر هاتە ناو خوێنەوەو/ ئیتر نەڕۆی!/.../ هەموو شتێ بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین/ هەموو کێوەکانمان یخ دا و گەیشتینە دوا نوختەی بەرد و نەهێنی.../ من بەزەییم فڕێدایە چاڵێکەوە/ هەتا نەمرد بەجێم نەهێشت/....» (ل٤٧ تا ٥١). جەللاد بۆ خۆی دان بە خۆیدادەنێ و مێژوو و هەناوی خۆی دەگێڕێتەوە. بە چەشنە قسەکردن سەبارەت بە جەللاد ڕەنگێکی دروشماوی ناگرێ کە لە نەفرەتی قوربانییەوە سەرچاوەی گرتبێ. ئەو حەقیقەتی خۆی بە ڕاشکاوی دەردەخا لە دەستەمۆ کردنی جیهان و کوشتن و بێ بەزەیی وەک زاتی مێژوویی و ماهیەتی خۆی دەدوێ.

کۆپلەی ٤: سەربازێک لە ژێر زەمینێکی شاری سلێمانییەوە ئەو نهێنییە ورد و خاشانە کە سەبارەت بە ئەنفال دەیزانێ، لە تۆی شیعر و لە ٢٧ پاژدا دەیگێڕێتەوە. سەربازەکە بیرەوەری پارچ پارچەیی و پرش و بڵاوی ئەنفالی پێیە. بیرەوەری ئەم مرۆڤانەی کە بوون بە نینۆک و گوێچکە و پەنجە و چاو و.... لەم بەشەدا هەڵوێستی ئەو کوڕە شاعیر لە بەرانبەر عەرەب و ئایین و ئەنفالدا دەردەکەوێ و داکۆکی لەوە دەکات کە ئەنفال دەبێ ببێ بە بەشێک لە شوناسی ئێمە: «..../ ئەنفال... ئەنفال/ ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە/ یەک بە یەکمان نەیخۆینەوە/ لە خۆشەویستی سەرچاوە و/ لە خۆشەویستی ئاو ناگەین/ ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشین و/ ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین/ کەسمان ناژین!» (٧١)

کۆپلەی ٥: کاڵێ دیسان دێتە قسە و یاداشتەکانی ڕۆژی حەشر دەگێڕێتەوە. ئەو ڕۆژانەی کە لە قافڵەیەکی کوێر و لێڵدا دنیا و شەو و ڕۆژیان لێ بزر ببوو بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆیشتن. کاڵێ لەگەڵ خۆی دەمانباتە ناو ماشێنەکەو ئەو کاتەمان لێ زیندوو دەکاتەوە و کاتی ئێستای ئەو ڕابردووەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم بەشە لەشێوەی گێڕانەوەی چیرۆک زۆر نزیک دەبێتەوە و کاڵێ بەهۆی ڕەوتی سەییالی زەین، لە ناو ماشێنەکەدا دەچێتە ڕابردوو و دێتەوە ئێستای ئەو کاتە. لێرەدا سێ دەمکاتی ڕابردووی زۆر دوور وەک ڕابردووی کاڵێ و دەمکاتی ڕابردوو وەک کاتی بوونی کاڵێ لە ناو ماشێنەکە و دەمکاتی هەم ئێستای گێڕانەوەکە، دەتەنرێنە یەک.

کاڵێ دەچێتە ناخی دڵی سەربازە شوفێرە بەعسیەکە و دەیگێڕێتەوە کە چۆن لە دڵی خۆیدا لە قائید حەمدان و سیستمی بەعس، دەترسێ و لە لەشی خۆیشی سڵ دەکا و هەموو شتەکانی دەور و بەری خۆی بەسیخوڕێک دەزانێ. بەعس ترسی کردووە بە سیستم و شۆڕی کردووەتە هەناوی هەموو کەسێک. «ئەترسم ڕۆژێ دڵی خۆم، دڵی کەس نا/ هەر دڵی خۆم../ وەختی نووستن، یان لێخوڕین/.../ فرسەت بێنێ و لەناو قەفەزەی سنگمەوە/.../ خۆی قوتارکا و هەڵبێ و بچێ/ لە دەرگای دڵی عەریف یاثر باو/.../ ئەوسا خەبەرم لێبدا/ کە ناو بەناو لە کونی کونی ژوورەوەی/ ناو دەروونما من چی ئەڵێم!/.... (ل١٢٣ تا ١٣١).

ئەم بە سیستم بوونەی ترس لە هۆیەی خۆ بەخودا زانینی خاوەن دەسەڵاتێک وەک بەعس، سەرچاوە دەگرێ. کتێبە ئایینیەکان ئەم مەترسییە دەخەنە بەر مرۆڤەوە کە لە ڕۆژی حەشردا ئەندامی مرۆڤ لە دژی ئەو شایەتی ئەدەن.

کۆپلەی ٦: ئەم کۆپلەیە سەبارەت بە کاتی پاش

ئەنفــاله. ئەو كــاتەی كــە بەعس فــەوتاوە و ســەربازە شــاعــیــرەكــە لەژێر زەمــینەكــە ڕزگــار بووە و ئێــســتــا لە كەشوهەوایەكی كراوە و بێ مەترسیدا گومانی دۆزینەوەی ئەو مانگ و خۆرانە دەكات كە لە ژێر خۆڵدان: «گومان. گــومــان ئەكــەم/ ناتوانن بیــاندۆزنەوە/ هەر هەمــوویان نادۆزنەوە» (ل١٥٦). لەم بەشەدا چوار شیعر سەبارەت بە كــاتی پاش ئەنفــال و هەڵســەنگاندنی لایەنەكــانی دوای كارەسات لە كەشوهەوایەكی ئازاد دایە.

كۆپلەی ٧: دواین كۆپلە دەیگێڕێتەوە كە ئەنفال دەبێتە لاوك و حــەیران و دەچێــتــە تۆی فــەرهەنگ و شــوناسی كــوردەواری. لاوك و حــەیرانێك كــە ســیــمــایەكی تازە بە خــۆوە دەگــرن بە ناوی «حــەیاوك» كــە كــورد هەتا هەتایە دەیچڕێ.

«گۆڕستانی چراكان» ئیپستمەیەكی ڕەواییە سەبارەت بە ئەنفــال كــە ســەمــفــۆنیــایەكی زمــانی پێكی هێناوە. «ئادرنۆ» جوانیناسی بە مێــژووی شــاراوەی ئازار دەزانێ. كــە «مــرادی فــەرهاد پوور» لەم ڕوانگەی «ئادرنۆییــە»دا پێوەندییەكی دیالكتیكی لە نێوان جوانیناسی و مێژوو و ئازاردا بەدی دەكات. (١) مێژووی ئازار ئەزموونێكی بە بالآی ژیانی مرۆڤی لە پشــتــە كــە بە گــێڕانەوەی دەچێــتــە بەستێنی ئەزموونەوە. ئەزموونێك كە تێكەڵ بە هەست و عاتیفە و ئازارە.

«شێركۆ» بە پێكهێنانی قەوارەیەكی شیعری- ڕەوایی لە ئەنفال، دەگاتە تەشقی بوێرییەكی زمانی بۆ ئەزموونی كارەسات. شیعرێك كە بەرهەمی ئاگایی و تێ گەیشتن و شــیكاری و خــوڵقــاندنە و ئاوڕ لە مــێــژووی ڕووداوەكــە دەداتەوە و هەست و هەڵوێستیشی لە بەرانبەر دەردەخات.

ئەنفال بەم شیعرە قەوارەیەكی زمانی بەخۆوە گرتووە و دەربڕدراوە بێ ئەوەی لە ئاســتــی خــۆی وەك كــارەســات، دابەزێ و ببێ بە بیرەوەرییەكی بەردەست و شیكراو. شیعر ســەبارەت بە كــارەســاتەكــە دواوە، بێ ئەوەی لە دواین گێڕانەوەدا كۆتایی پێ بێنێ، یان دایبەزێنێتە ئاستێكی ساكار كە چەمەوازەی (انعطاف)ی گێڕانەوەی پێ بدات. كارەساتەكە لە قەوارەیەكی ئیستعاریدا گێڕدراوەتەوە و لە گــومــانی بوون و نەبوون، لە گــومــانی گــێــڕانەوە و نەگێڕانەوەدا، لە گومانی تێ گەیشتن و تێ نەگەیشتندا، كــۆتایی پێ هاتووە، بەڵام ئەوەی كــە بەرهەم هاتووە شوناسێكی نوێیە كە نووساوەتە هەبوونی كورد.

# فەزای زانیارییەکان و تیرۆری ئایندە

لە ساڵی ٢٠٠٣دا، «دانڤێرتۆن dan verton» کتێبێکی دەرکرد بەناوی «بەفری ڕەش کە هەڕەشەی نادیاری تیرۆری زانیارییەکان.. کە تێیدا بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش باسی لە جۆری ئەو مەترسییانە کردووە کە ڕەنگە لە ئاییندەدا هەڕەشە بن بۆ سەر جیهان.. بەهۆی دزە کردنی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە بۆ نێو تۆڕی سیستەمی زانیارییەکانی حکومەت و دامودەزگاکانی دارایی، کۆمپانیا ئابوورییە گەورەکان و بەکارهێنانیان بۆ تێکدانی ژێرخانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت کە ئەو حکومەت و دامودەزگایانە لە ئاراستەکردنی زۆر جۆر لە چالاکییەکانی ژیان لە دەوڵەت و کۆمەڵگە بە ئامانج کراوەکاندا پشتی پێدەبەستن نووسەری ئەم کتێبە ڕاو بۆ چوونی ژمارەیەک پسپۆڕی سەربازی و زانا و پیاوانی حوکم و سیاسەتی ئەمریکای وەک بەڵگە بۆ ئەو مەترسیانە هێناوەتەوە.. وێڕای گەواهیدانی کەسانێک لەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندیان بە هەندێک لە گرووپە تیرۆریستیەکانەوە کردووە و توانیویانە ئاگادار بن لە توانای ئەم گرووپانە لە پشت بەستن بە فەزای زانیارییەکان بۆ هێرش کردنە سەر سیستەمی زانیارییەکان لە ئەمریکادا بە تایبەتی و ئەو زیانانەی کە لەو هێرشانە دەکەونەوە. نووسەر هاوکات ئەو ڕێوشوێن و شێوازانەی خستۆتەڕوو کە بەرپرسانی ئەمنی قەومی وادەبینن کە دەکرێت بەهۆیانەوە مەترسییەکانی هێرشەکان بنبڕ بکرێت و ڕەنگە بەر لە ڕوودانیشیان پێشبینی ڕوودانیان بکرێت. کتێبەکە لە کاتی دەرچوونیدا بووە

د. ئەحمەد ئەبوزەید
و/ عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە
(کەرکووک)

جێی بایەخی زۆرێک لە پێوەندیداران بە ئاساییشی نەتەوەیی و ئایندەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئەمریکادا، وێڕای جەماوەرێکی زۆر لە توێژی رۆشنبیران، بەتایبەتی کە نووسەر خۆی کارمەندێکی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا بووە و زۆرباش دەزانێت لە کتێبەکەیدا چی دەڵێت. لەواقیعیشدا، ئەگەری بەکارهێنانی فەزای زانیارییەکان بۆ هێرشی تیرۆریستی کردنە سەر و تێکدانی سیستەمی زانیارییەکان کە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان پشتی پێ دەبەستن لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە سەرچاوە بووە بۆ هەژاندنی ئەندێشەی زۆرێک لە نووسەران و ڕۆماننووسانی وەک «تۆم کلانسی» ،«ستیڤ بیزینیک» لە ڕۆمانە تۆقێنەرەکەیاندا «هێزی تۆڕەکە Net force». هەندێک لە سینەماکارانیش لە ئەمریکادا ئەم ڕۆمانەیان کردۆتە فیلمی سینەمایی و بۆتە مایەی سەرهەڵدانی ترسێکی زۆر لای جەماوەر بەڵام هاوکات سەرکەوتوو بوون لە ڕاکێشانی سەرنج و ئاگایی بەرپرسانی ئاساییشی نەتەوەیی لەم جۆرە هێرشانە لە ئەگەری ڕوودانیدا کە ئەگەرێکی دوور نییە. چیرۆکی یەک لەو فیلمانە باس لە بەکارهێنانی یەک لەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانە دەکات بۆ ئەنتەرنێت لە تێکدانی ئامێر و سیستەمی کۆنترۆڵکردنی ژمارەیەک لە وێستگەی بەرهەمهێنانی هێزی ئەتۆمییەکان و هێنانە ئارای کارەسات و زیانی گەورەی مادی و مرۆیی. هەرچەندە چیرۆکەکە زادەی ئەندێشەیە، بەڵام بەرپرسانی ئەمریکا پرسەکەیان بەجدی وەرگرتووە و کەوتوونەتە لێکۆڵینەوە لە مەترسییەکان ئەم هێرشانە لە ئەگەری ڕوودانیاندا و چۆنێتی ڕێگرتن لەو مەترسییانە بەر لە ڕوودانیان. هەندێ کتێبی تریش لەسەر مەترسی تیرۆری فەزای زانیارییەکان دەرکراوە،وەک هی نووسەران «وین شوارتۆ» ، «جۆن ئەرکێلا» و .. تاد. گەرچی ڕەخنەگران ئەم فیلمانە بە زادەی خەیاڵ دەزانن و پێیانوایە زیادەڕەویان تێدا کراوە و دوورن لە واقیعەوە، بەڵام ئەوە نابێتە مایەی وەبەرنەگرتنی ڕێوشوێنی پارێزگاری بەر لە ڕوودانی هەر هێرشێکی لەو جۆرە کە لە ئایندەدا ئەگەری ڕوودانیان دەکرێت.

**مەترسی ئەگەر لێکراو**

ڕەنگە هەندێک زیادەڕەوی گەورەکردنەوە هەبێت لە لایەن میدیاکانی ڕاگەیاندنەوە سەبارەت مەترسی تیرۆری فەزای زانیارییەکان و گەورەکردنەوەی هەندێک حاڵەتی سەرکەوتنی چەند کەسێک لە دزە کردنە نێو تۆڕی زانیاری تایبەت بە دامودەزگا و خەڵکانی تر لە ڕێی دروستردنی ڤایرۆسی نوێوە کە دەبنە مایەی زیانی زۆر بە کۆمپیتەر و ئەو زانیاریانەی تێیاندا کۆکراونەتەوە. یان دانانی ئەو جۆرە دزە کردنانە بە پێشەکیەک بۆ هێرشە تیرۆریستییە زیاندارەکان کە ئاراستەی دامودەزگا و ئامێر و ئیدارە گرنگەکانی دەوڵەتانی دەست نیشانکراو دەکرێت. نموونەی وا هەیە ڕەنگە دەلالەتی ئەوەیان لێوەربگیرێت کە ئەگەری هێرشی گەورەیان لێبکرێت و ببێتە هۆی زیانی ئەوتۆ کە لە ئێستادا نەتوانرێت بە وردی بخەمڵێنرێت. لەوانەش بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەندێک ڕێکخراوی تیرۆریستی لە ئوسترالیادا بەدییان هێنا لە تێکشکاندنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ لە هەندێک شاردا و ئەو مەترسییە تەندروستییانەی کە دووچاری خەڵک و دامودەزگا حکومییەکان هات. هەروەها ئەوەی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠دا لە ژاپۆن ڕوویدا کە فەرمانگەی پۆلیسی میترۆپۆلیتانی ڕایان گەیاند کە گرووپی «ئاوم شینریکۆ»ی تیرۆریستی توانیویان دزە بکەنە نێو سیستەمی کۆنترۆڵکردنی پرۆگرامی کۆنترۆڵکاری ڕەوتی و چالاکی ١٥٠ لە ئۆتۆمبیلەکانی، هەرچەندە زۆربەیان هیچ نیشانەیەکی دیاریکراوی پێوەنەبووە، بەڵام ئەو گرووپە توانیویانە کۆنترۆڵی کاریان بکەن و بە پێی زانیاری خۆیان ئاراستەیان بکەن، بە جۆرێک کە هەندێک لە کردەوەکانیان سەر بگرێت. هەر هەمان گرووپیش بوو گازی خنکێنەریان کردە وێستگەی میترۆی تونێلەکەی تۆکیۆوە لە ساڵی ١٩٩٥دا. هەروەک ئەم گرووپە سەرکەوتوو بوو لە یاریکردن بە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتی زیاتر لە (٥٠) کۆمپانیا لە کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆن و دزەکردنە نێو سیستەمی دەیان ئیدارەی حکومی و ئاراستە کردنیان بە پێی بەرژەوەندییەکانیان، دوای زیانێکی زۆریش ئەوسا ئەو دزەکردنە ئاشکرا بوو.

هەندێک کردەوەی تیرۆریستی سەیروسەمەرەیش لە خۆ دەگرێت، وەک ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٧دا لە پەیمانگەی

گەیاندن پێوەندی جیهانی لە سان فرانیسکۆ روویدا. ئەو پەیمانگەیە دیدی هەرێمی باسێکی لە جیابونەوە لە ئیسپانیا لە خۆگرت و لەو پێناوەشدا لەسەر ئەنتەرنێت رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی «دەوڵەتی باسک»ەوە کەتێیدا پشتگیری لەو هەڵمەتە دەکات. دوای ئەوە دەیان هەزار نامەی ئەلیکترۆنی کرایە سەر ماڵپەرەکە لە یەک کاتدا و بۆ ماوەی چەند رۆژێک.. زۆربەی پەیامەکانیش هەڵگری هیچ پەیامێکی مانادار نەبوون، بەڵکو تەنیا بە مەبەستی تێکدانی پۆستە ئەلیکترۆنییەکە کرابوون، بە جۆرێک پەیمانگەکە ناچار بوو دەرکردنی رۆژنامەکە راگرێت و سیاسەتەکانیشی لە ئاستی ئەو کێشەیەدا بگۆرێت. پەیمانگەکە حکومەتی ئیسپانیای بەو هێرشیە تیرۆرستییە تۆمەتبار کرد کە ئەو کاتە بە بۆمبارانێکی ئەلیکترۆنی ناوبراو وەک بۆمبارانی جەنگەکان.

## زیانەکانی «خۆشم دەوێی»

تیرۆری فەزای زانیارییەکان لە زۆر باردا بە ئامانجی سیاسی دەکرێت، بۆیە کردەی دزەکردنە نێو تۆرەکانی ئینتەرنێت کە لە لایەن خەڵکانی ئارەزوومەندەوە دەکرێت لە رێی دروستکردنی ڤایرۆس و ناردنی بۆ تۆرەکان بە بێ ئامانجی سیاسی دیاریکراو، بەرای زۆرێک لە پسپۆران ئەم کردەوانە ناچنە چەمک و بازنەی تیرۆرەوە هەرچەندە زیانی زۆریشیان لە سیستەمە زانیارییەکەدا لێدەکەوێتەوە، وێرای ئەوەی زیانێکی زۆر بەر ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت دەکەوێت، وەک ئەوەی بە هۆی ڤایرۆسی خۆشم دەوێی ٢٠ ملیۆن بەکارهێنەری ئەنتەرنێت زیانیان بەرکەوت و چەند بلیۆن دۆلار زیانی بەدواوە بوو، کە رەنگە ئەو زیانە گەورانە لە رێی کردەوەی تیرۆریستییەوە بەدی نەهێنرێت بە چەکی ئاسایی و تەقلیدی. بیرۆکەی تیرۆری فەزای زانیارییەکان پەیوەستە بەو گەشەسەندنانەی لە کۆمەڵگای زانیارییەکان رووی داوە، وێرای ئەو مشتومرەی کە تایبەتمەندێتی و بنەماکانی ئەم کۆمەڵگەیە وروژاندوویانە لەبارەی ئەو مەترسیانەی کە لەو کۆمەڵگە زانیاریانەدا ئەگەریان لێدەکرێت و دەبنە هۆی زیانێکی زۆر لەو کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتانەی ئەم کۆمەڵگانە پشتیان پێدەبەستن، چونکە تیرۆری فەزای زانیارییەکان دەوەستێتە سەر توانای دزەکردنە نێو تۆرەکانی ئەنتەرنێتەوە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دوژمنکاری خاوەن مۆرکێکی سیاسی، هەرچەندە لایەنەکانی تری ژیانیش دەرەنجامی نێگەتیڤیان بەر دەکەوێت. لەوبارەیەوە «باری کۆڵن» لە پەیمانگەی «ئاساش و ژیری» ئەمریکی لە ئایندەی ئەم تیرۆرە نوێیە پرسیار دەکات، کە خۆی بەرپرسە لە دانانی زاراوەی تیرۆری فەزای زانیارییەکان کە ناونانێکی دەلالەتدارە، چونکە لە تیرۆری دیکەی بە چەکی فیزیکی و تەقلیدی جیادەکاتەوە. باری کۆڵن لەوە دوو دڵ نییە دان بەوەدابنێ کە تیرۆری فەزای زانیارییەکان تیرۆری ئایندە دەبێت، ئەویش بەهۆی بەرفراوانی و فرەیی بوار و ئامانجەکانی هێرشەکان و هاوکات سەلامەتی هێرشبەران و نەدۆزینەوەیان تەنانەت تا ماوەیەکی زۆر دوای هێرشەکان و زیان گەیاندنێکی زۆریش. وەستاندنی تەنیا رۆژێکی بازرگانی ئەلیکترۆنی رەنگە نزیکەی حەوت بلیۆن دۆلار زیانی لێبکەوێتەوە.. تاد هەروەک لە رێگەی ئەم فەزای زانیارییەوە Cyber-space دەکرێت گرووپە تیرۆریستەکان زیان و کێشە و تێکدان بخەنە کاری بانکەکان و بۆرسەکان و جوولەی فرۆکەوانی و بگرە گۆرینی مواسەفاتی داودەرمان بە هەموو ئەو زیانە مادی و رۆحیانەی کە لێیان دەکەوێتەوە، بەڵکو رەنگە بتوانن دەست بگرن بەسەر توانای هەر دەوڵەتێکدا لە دەستەبەرکردنی خواردن و خواردەمەنی بۆ هاولاتیانی.. زۆر شتی دیکەیش. هەموو ئەمانەش هەر تەنیا تیۆر و گریمانە و وەهم و خورافە یان بەشێک لە خەیاڵی زانستی نین، بەڵکو زۆرێک وای بۆ دەروانن پرسگەلێکی ئەگەر لێکراون کە دەکرێت بەبێ ئەزیەت ئەنجام بدرێن.. هەرچەندە جێبەجێکردنی کۆڵینەوە و هاوکات خۆ ئامادەکردن و وردەکاری لە نەخشەدانان و جێبەجێکردن دەخوازێت، لەگەڵ بوونی ئامێرێکی کۆمپیوتەری گرێدراو بە ئەنتەرنێتەوە یان لە رێی تەلەفۆن یان هەر گیاندنێک بە ئامێرێکی بێتەلەوە و هەموو ئەمانەش ئاسانن. رەنگە هەندێ لە نووسەران تیۆری فەزای زانیارییەکان تەنیا بە ئەفسانەیەک دابنێن کە لە بەردەم پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا شکست دەهێنێت، بەهۆی داهێنانی نوێوە کە دەکرێت خۆ لەو هێرشانە بپارێزرێت، بەلام هاوکات لەگەڵ پێشکەوتن لە بواری بەرگری و پاراستندا پێشکەوتنی

شێوازی سەرکەوتن بەسەر ئەو بەرگری و پاراستنەدا دێتە ئاراو ئەوەش مانای بەردەوامبوونی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و دژە تەکنۆلۆژیا دەگەیەنێت. ئەوەی بۆتە مایەی ترس لای هەندێک لە بەرپرسان لە بارەی ئەگەرەکانی ئایندەوە، ئەوەیە هەندێک لە خەملاندنەکانی هێرشە تیرۆرستییەکان بۆ سەر دامودەزگاکانی ئابووری و داراییە گەورەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتۆتە زیاتر لە سەدوهەشتا هەزار حاڵەتی دزەکردنە نێو سیستەمی زانیارییەکانەوە لەڕێی ئەنتەرنێتەوە. ئەم هێرشانەش ساڵانە بە ڕێژەی ٦٠٪ لە زیاد بووندان و هاوکات ڕووداوەکانی تێکدان و وێرانکردنیش لە زیادبووندا دەبن، ئەوەش بارێکی گرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت و دامودەزگاکان بۆ پرۆژەکانی بەرگریکردن لەو هێرشانە و پووچەڵ کردنەوەیان. هەموو ئەمانەش بوونە هۆی سەرهەڵدانی دەربڕینی نوێ و ناونیشانی نوێ کە پێشتر نەبوون، بەڵام مەترسی هەڵوێستەکە دەخەنە ڕوو، وەک (جەنگی زانیارییەکان)، (جەنگی تۆڕە نێو دەوڵەتییەکان)، (جەنگی کۆمپیوتەر)، (تیۆری دیجیتاڵ)، (جەنگە گریمانە لێکراوەکان یان ئەگەر لێکراوەکان Vertual wars) وێڕای چەندین زاراوەی تر کە ئاستی مەترسییەکە دەخەنە ڕوو، وێڕای هاتنە ئارای دیدێکی ڕەشبینانە بۆ دوا ڕۆژ بە پلەیەک کە لەم ساڵانەی دواییدا دەربڕینی «پیرل هاربۆری ئەلیترۆنی» هاتۆتە ئاراوە وەک ئاماژەیەکی ڕوون بۆ ئاستی ئەو کاولکاری و زیانانەی لە تیۆری فەزای زانیارییەکان دەکەوێتەوە کە ڕەنگە لە کەسانی نادیارەوە لە هەر ساتێکدا ڕووبدەن.

## جەنگی ئایندە

ترس لە تیرۆری فەزای زانیارییەکان وای کرد «ئاندرۆ ڕاسمل» لەم بارەیەوە بابەتێک بنووسێت بە ناونیشانی «تیۆری فەزای زانیارییەکان: فۆرمی ململانێی ئایندە» لە گۆڤاری پەیمانگەی پاشایەتی بۆ خزمەتگوزارییە یەکگرتووەکان لە بەریتانیا بڵاوی کردەوە، لەو بابەتەدا «ئاندرۆ» بۆ ئەوە چووە کە هەموو بەڵگە پەیوەستەکان بە گەشەسەندنی تەکنۆلۆژی و سۆسیۆسیاسی ئەوە دەسەلمێنن کە جەنگی زانیارییەکان جەنگی ئایندەیە و ئاژمایەک لەئارادایە کە تەواوی ژێرخانی تایبەت بە سیستەمەکانی زانیارییەکان لە جیهاندا ئەگەری داڕووخانی لێدەکرێت، ئەویش بە هۆی هێرشە تیرۆریستییەکانەوە بۆسەر زانیارییەکان کە بە وردی ئامادەکارییان بۆ دەکرێت تا لەیەک ساتدا کۆمەڵێک ئامانج بپێکرێت، ئاندرۆ ڕاسمل وا دەبینێت کە ئەگەر سیاسەتوانان و سەرانی حوکم و سەربازی دڵنیان لەوەی جەنگەکانی ئایندە پشتبەست دەبن بە فەزای زانیارییەکان و شانازی بەوەش دەکەن دەکرێت لەو جەنگانەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت بە بێ خوێن ڕشتن و لەڕێی کۆنترۆڵکردن و هەژموون بەسەر زانیارییەکان و تێکشکاندنی سیستەمی زانیارییەکانی دوژمن، بە جۆرێک کە بە یەکجار سیستەمی سیاسی و ئابووری بڕووخێنرێت بەرلەوەی دوژمن ئاگای لەوە بێت کە بەسەریدا هاتووە، ئەگەری ئەوەش هەیە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانیش پەنا بۆ ئەم شێوەکارەبەرن کە بێ ئەوەی ئەندامانی بکەونە مەترسییەوە ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. کەواتە فەزای زانیارییەکان بێگومان دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی -ئەگەر تاکە سەرچاوەش نەبێت- بۆ کارکردنی بزاڤە تیرۆریستییەکان لە ئایندەدا، بۆیە ئێستا هەوڵی زۆری ئاشکرا و پەنهان دەدرێت بۆ ئامادەکردنی بیروهۆشەکان بۆ ئەم تیرۆری دیجیتاڵە کە ڕەنگە گەورەبوونی حەتمی بێت، سەرەڕای هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی دەوڵەتان دەیگرنە بەر بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی. گومانی زۆریش هەیە لە سەرکەوتن لە تیرۆری فەزای زانیارییەکان. بۆیە ئەو ئامۆژگارییەی بایەخداران بە ڕێگری و بەرگری دەیکەن ئەوەیە کە خەڵکی دەبێ بەردەوام ئەوەیان لە یاد بێت کە دوژمنە نوێکان ئەوەندەی پەنجەنانیک بە ماوسدا لێیان دوورن، ئەم ئامۆژگارییەش مایە بە دڵنیا بوون نییە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری العربي ژمارە (٥٦٦) ساڵی ٢٠٠٦.**

# ڕای گشتی و ڕۆڵی لە کۆمەڵدا

ڕای گشتی بابەتێکە لای زۆران گرنگە، سیاسییەکان و پیـــاوانی دەوڵـەت خـۆیان پێ خـۆشـەویست دەکـەن، فـەیلەسـووفـەکـان بە گـەورەی دادەنێن، یان نەفـرەتی لێ دەکـــەن، بازرگـــانەکـــان لێی دەپارێنەوە، ســـەرکـــردە سـەربازییـەکان لێی دەترسن، زانایانی کـۆمـەڵناسی شی دەکەنەوە، پیـاوانی ئامـار دەیپـێـون، پیـاوانی دەسـتـوور هەوڵ دەدەن بیکەنە دەسـتـەڵاتدار، پیـاوانی ڕاگـەیاندن دەیکەنە بابەتی ڕاگـــەیاندن، زانایانی دەروونزانیش دیراسەی کاریگەری بۆ سەر ڕەفتار دەکەن.

باشـترین پێـوەریش بۆ ئەوەی کۆمـەڵێکی دیموکراتی لە کـۆمـەڵەکـانی تر جیـا بکەینەوە، هێـز و دەسـەڵاتی ڕای گشـتی تێیدا بەهێزە، چونکە ئازادی و ڕای گشـتی دوو کۆڵەگەی سەرەکی دیموکراتین.

ڕای گشــتی بریتـییـە لە دەربڕینی بیـروڕا و هەست و باوەڕ و ئاراسـتـەکـانی کـۆمـەڵێک بەرامـبـەر بابەتێکی تایبەت و لە کاتێکی دیاری کراودا، کە بەهۆی کێشەیەک یان گـیروگـرفـتێـک گرنگی پێ دەدرێت، ئەم ڕایەش ڕای زۆرینەیە و هێزێکی ڕاستەقینەیە لە کۆمەڵدا.

ڕای گشــتی حـوکـمێکە جەمـاوەر لەسەر کـارێک، یان ڕووداوێک، یان چالاکییـەک، یان مەودایەکی ناوخۆیی، یان دەرەکی دەری دەکـات. کـەواتە ڕای گـشـتی ئیـرادەی گەلە.

هەروەها دەتوانین بڵـێین ڕای گـشــتی بریتــیــیــە لە کۆمەڵێک بیروڕا کە تاکەکانی کۆمەڵ لە خۆیانەوە. یان بەهۆی بـانگێــشــتــێک دەری دەبڕن، ئەم دەربڕینەش لایەنگیـری کـردنە یان وەسـتـانە دژی بارێکی دیاریکراو

**زەیتۆ شێخانی**

یان کـەسێکی دیاری کـراو یان حکوومـەت و لایەنێکی دیاری کراو.

ئەو پێناسانەی کە لە پێشەوە لە بارەی ڕای گشتییەوە خـسـتـمـانـەڕوو هەمـوویان یـەک مـانا دەگـەیەنن، بەڵام هەریەکــەیان لایەنێکی وەک ســیـــاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.. تاد شی دەکەنەوە.

## جۆرەکانی ڕای گشتی

ڕای گشـتی چەندین جۆری هەیە، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ڕای گـشـتی تێ بگەین، پێـویسـتـە جـۆرەکـانی ڕای گشتی بخەینەڕوو:

* ڕای کەسیەتی: بریتییە لەو ڕایەی کە تاکێک دوای بیرکردنەوە لە بابەتێکی دیاری کراو لای دروست دەبێت، ئەم ڕایەش بە ئاشکرا دەردەبڕێت و بەبێ ئەوەی لە کەس بترسێت. نموونەش بۆ ئەمە زۆرە، هەموو ئەو کەسانەی لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکاندا ڕاوبۆچوونی خۆیان دەردەبڕن، بەڕای کەسیەتی دادەندرێت.

* ڕای تایبەت: بریتییە لەو ڕایەی کە تاکێک تەنیا بۆ خۆی دەیپارێزێت و لای کەس باسی نەکات- تەنیا لای نزیکەکانی نەبێت- نەوەک تووشی ئازار و ئەشکەنجە و ناخۆشی بێت. ئەم ڕایەش لە کاتی دەربڕینی ڕای گشتی و دەنگدان و هەڵبـژاردنەکـاندا کـاریگەری دەردەکـەوێت. نموونەش بۆ ئەمە هەموو ئەو ڕا تایبەتییانە دەگرێتەوە کە بە نهێنی لایەنێکی سیاسی دیاری کراویان خۆش دەوێت و لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگی بۆ دەدەن.

* ڕای زۆرینە: بـریتـــیـــیـــە لە کــــۆبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ڕای کـەسـیـەتی زۆرینەی کـۆمـەڵێکی چالاک و کــاریگەر و لە ٥٠ ٪ زیاترە. وەک دەرچوونی یاسایەک لە پەرلەماندا.

* ڕای کــەمــینە: ئەم ڕایە ڕای کــەمــتــر لە ٥٠ ٪ کۆمەڵێکی دیاری کراو دەگرێتەوە و ئەو ڕایەیە لە زۆرینە دەمێنێتەوە بەڕای کەمینە دادەنرێت.

* ڕای یەکگرتوو: بـریتـیـیـە لە یەکگرتنی ژمـارەیەک بیـروڕا لەبارەی کێـشـەیەک یان گـیـروگرفـتێکی دیاری کراوەوە و لە کاتێکی دیاری کراودا و لەژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخـێکی تایبــەتدا کــە پێـویسـت دەکـات ئەم ڕایە یەکگرتووە هەبێت. وەک یەکگرتنی بیـــروڕای پارتە کوردستانییەکان لەبارەی بەشداری کردن بەیەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا.

* ڕای شـــاراوە: ئەو ڕایەیە کـــە بە ڕوون و ئاشکرا دەرنەکەوتووە بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی لێ بکەوێتەوە. وەک گلەیی و گازاندەی خەڵکی کوردستان لەبارەی گەندەڵی ئیدارییەوە.

* ڕای گـشـتی کـردەوەیی: ئەم ڕایە بۆ ڕەفـتـارێکی کردەوەیی واقعی دەگۆڕدرێت. وەک شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستان دژی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق.

* ڕای گشتی بزر: ئەو ڕایەیە کە خاوەنەکەی لە ترسی کۆمەڵ دەری نابڕێت، چونکە پێچەوانەی دەستوور و یاسا و پێـوەرە کۆمـەڵایەتیـیـەکانە وەک ڕای هەندێک خـەڵک لەبارەی پێوەندی سێکسی نێوان نێر و مێ.

* ڕای گشتی ڕوون: ئەو ڕایەیە کە خـەڵک بە ڕوون و ئـاشـکـرایـی و بـەبـێ تـرس دەری دەبـڕێـت. وەک داوای فــەرمــانبــەرانی هەرێمی کــوردســـتـــان بۆ زیادکــردنی مووچەکانیان.

* ڕای گـشـتی نەگـۆڕ: ئەم ڕایە لە دابونەریتـەکـانی کـۆمـەڵ وەرگـیـراوە و تاڕادەیەک نەگـۆڕ و بەردەوامـە و ناگـۆڕێت تەنیـا دوای مـاوەیەکی دوورودرێژ نەبێت. بۆ نموونە ڕای خـەڵکی لادێکانی کـوردسـتــان لەبارەی ژن بەژنییـەوە مـاوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بوو، چونکە لە دابونەریتـە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان وەرگـیـرابوو، هەر لەبەر ئەوەش ئێستا بە تەواوی نەفەوتاوە.

* ڕای گـشــتی گـۆڕاو: ئەو ڕایەیە کــە بە ئاســانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بانگەواز و پڕۆپاگەندە کاری لێ دەکەن و بەخێرایی دەیگۆڕن. وەک گۆڕانی ڕای خـەڵک لەبارەی جـۆرێکی دیاری کــراوی تەلەفــزیۆنەوە بەهۆی ڕیکلامی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ جۆرێکی نوێ.

* ڕای گشتی هەمـووان: بریتـیـیە لەو ڕایە تەقلیدی و بەردەوامــەی کــە لە نەوەیەکــەوە بۆ نەوەیەکی تر بەهۆی هۆکاری شارستانی و ڕۆشنبیری دەگوازرێتەوە. وەک ڕای خەڵکی کوردستان لەبارەی نەورۆز.

* ڕای گـــشــــتی کــــاتی: ئەو ڕایەیە کـــە لەبارەی گـیـروگـرفـتـێکی دیاری کـراو دروست دەبێت و بەردەوام نییە. بە نەمانی گیروگرفتەکە ڕای گشتییەکە نامێنێت. وەک ڕای گـشــتی خـەڵک لەبارەی کـەمی کــارەبا و سووتەمەنییەوە لە هەرێمی کوردستاندا.

* ڕای گشتی ڕۆژانە: ئەم ڕایە ڕووداوەکـانی ڕۆژانە و هۆیەکـانی ڕاگەیاندن و بەرژەوەندی ڕاستـەوخـۆی تاک و کـۆمـەڵ کـاری لێ دەکـەن، وەک ڕای گـشـتی خـەڵکی کوردستان لەبارەی گرانی کەلوپەلەوە لە بازاڕەکاندا.

* ڕای گشـتی پێـشـەنگ: ئەم ڕایە کـار دەکـاتە سـەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەکان، بەڵام ئەوان کاری لێ ناکەن، وەک ڕای گشتی خەڵکی کوردستان لەبارەی

کوردستانیەتی شاری کەرکووکەوە.

* ڕای گشتی سەرکردە: ئەم ڕایە ڕای گشتی سەرکردە و زانا و ڕووناکبیر و سیاسییەکانە. وەک ڕای گشتی سەرکردە کوردەکان لەبارەی ناواقعییەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی عێراقدا.

* ڕای گشتی ڕۆشنبیر: ئەم ڕایە ڕای کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرە، بناغەکەی پلەی خوێندن و ڕۆشنبیرییە. کاریگەریشی بۆ سەر ئەوانە زیاترە کە لە پلەی نزمتری خوێندن و ڕۆشنبیریدان. وەک ڕای ڕۆشنبیران لەبارەی گۆڤاری ڕامانەوە.

* ڕای گشتی پاشکۆ: ئەو ڕایەیە کە زۆربەی ئەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە بە دوای ڕای گشتی پێشەنگ و ڕۆشنبیر و سەرکردە دەکەون و هۆکانی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە و ڕێکلام کاری لێ دەکەن. وەک ڕای خەڵک لەبارەی پارتە سیاسییەکانەوە.

* ڕای گشتی هەڵخەڵەتێنەر: ئەو ڕایەیە کە بەهۆی زانیاری ناڕاست دروست دەبێت، ئەمەش ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندە دروستی دەکات. وەک ئەو زانیاریانەی کە ڕژێمی بەعس لەبارەی زیانەکانی و پێشمەرگە و شکستی شۆڕشی کوردەوە بڵاوی دەکردەوە.

## ئامانجەکانی دیراسەی ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستاندا

* دیراسەی ڕای گشتی لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەک کێشەی سولحی عەشائیری..تاد.

* دیراسەی ڕای گشتی لەبارەی بابەتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپان. وەک ڕای گشتی خەڵک لەبارەی فیدرالیەتی هەرێمی کوردستانەوە..تاد.

* دیراسەی ڕای گشتی بۆ پلاندانانی بەرنامەی سەرکەوتوو. بۆ پێوەندییە گشتییەکانی نێوان حکوومەت و میللەت وەک دامەزراندنی دەزگای شەهید و دەزگای ئەیلوول... تاد.

* دیراسەی ڕای گشتی بە ئامانجی دانانی باشترین شێواز بۆ پێوەندی کردن بە جەماوەر. وەک وتاری سەرکردە سیاسییەکان بۆ جەماوەر..تاد.

## ئەرکەکانی ڕای گشتی

گرنگترین ئەرکەکانی ڕای گشتی ئەمانەن:

* دیاری کردن و نوێکردنەوە و لەناوبردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان. ڕای گشتی ئارەزووەکانی جەماوەر دەردەبڕێت. بۆیە یاساکان دروست دەکات و دەستوورەکان دادەنێت. ڕای گشتی هێزێکی گەورەیە دەم و دەست حوکمەکانی لەسەر ئەو ڕەفتارانە دەردەکات کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەشکێنن و گوێ بە ڕەوشت و دابونەریتەکان نادەن.

* ڕای گشتی پشتگیری حکوومەت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵە خێرخوازەکان و سیاسیەکان دەکات. بەبێ ئەم پشتگیرییە چالاکییەکانیان دەوەستێت. ئەمانە هەموویان لەژێر تاقیکردنەوەی ڕای گشتیدان. جا یان ژیانیان پێ دەبەخشێت ئەگەر ڕازی بکەن، یان حوکمی سێدارەیان بۆ دەردەکات ئەگەر لێیان تووڕە بێت! هێزی ڕای گشتی گاڵتەی پێ ناکرێت، چونکە سیاسەتی حکوومەتەکان دیاری دەکات و حکوومەت دەگۆڕێت و شۆڕش دروست دەکات و شەڕ بەرپا دەکات و هاوپەیمانیەتی گرێ دەدات و ئاشتی دروست دەکات.

* گرنگی بە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەدات و پشتگیری پاشکۆ ڕەوشتییەکان دەکات. ئەو هێزەیە کە هەق دروست دەکات و بەدی دەهێنێت و بەشداری ئەو دابونەریتانە دەکات کە میللەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە سەری ڕۆیشتووە.

* بەرزکردنەوەی ورەی گشتی بەرامبەر کێشە گرنگ و گشتییەکان و دابەشبوونی ڕای گشتی و پێش خستنی بەرژەوەندی تاکە کەس لەسەر بەرژەوەندی گشتی و ململانێی چینەکان گەورەترین هۆکارن بۆ نزم بوونەوەی ورەکان بەرامبەر کێشە گرنگەکان.

## پایەکانی ڕای گشتی

مەبەستمان لە پایەکانی ڕای گشتی ئەو ڕەگەزانەیە کە بە بێیانەوە ڕای گشتی دانامەزرێت. ڕەگەزەکانیش ئەمانەن:

* کۆمەڵ بە هەموو جۆرەکانی و خاسیەت و سروشتی تاکەکانی ئەمانە دەگرێتەوە (ئاراستەکان، ڕەگەزنامە، ئایین، مێژوو، دابونەریت، بەهاکان، ئامانج و بەرژەوەندییەکان..تاد).

* گیروگرفت، یان ئەو بابەتە گشتی و گرنگانەی کە کۆمەڵ دەرکیان پێ دەکات و سەرنجیان ڕادەکێشێت، گیروگرفتەکانیش لەوانەیە سادە و دیاری کراو بن و پێوەندیان بە کۆمەڵێکی بچووکەوە هەبێت؛ یان لەوانەیە گیروگرفتەکان ئاڵۆز بن و پێوەندیان بە کۆمەڵەیەکی گەورەی ناوخۆ یان نێودەوڵەتی هەبێت، یان لەوانەیە

کێشەکە پەیوەندی بە ئایین و ڕەوشت و هەندێک باری ئابووری و سیاسییەوە هەبێت. وەک ئەو کێشەیەی لە نێوان جیهانی ئیسلامی و وڵاتی دانیمارک دروست بوو بەهۆی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێری نارێک لەبارەی پێغەمبەر محەممەدەوە (د.خ)

* گفتوگۆیەکی گشتی و چالاک و بەرهەم هێن کە پشتی بە دیراسەکردن و تێگەیشتنی بابەتەکە بەستبێت. ئەمەش لە چوارچێوەی کارلێکە کۆمەڵایەتییە ئازادەکان دێتە دی، کە تێیدا بیروڕاو بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارەکان دەردەکەون. لەم کاتانەدا بیروڕا جیاوازەکان دەخرێنەڕوو، وەک ڕێکەوتن لەسەر بیروڕایەک، ئەم بیروڕایەش دەبێتە ڕای گشتی.

## پێکهاتنی ڕای گشتی

ڕای گشتی لەسەر بناغەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان هاووڵاتییان و لە کەشوهەوایەکی دیموکراتی و لە ڕێگای گفتوگۆکردن دروست دەبێت. ئامانجیشی بەرژەوەندی گشتییە، بۆیە پێکهاتنی پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە، بەڵام ئەگەر هەر کۆمەڵێک لەسەر ڕای خۆی مکوڕ بوو، ئەوا ڕای گشتی دروست نابێت.

چەند هۆکارێک هەن کە ڕۆڵی گرنگ لە دروست بوونی ڕای گشتی دەبینن لەوانە: پاڵنەرەکان و ئاسانکارە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لە ڕێگای سروشدان و لاساییکردنەوە. هەروەها سەرکردەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دیاری کردنی ڕای گشتی دەبینن، بەتایبەتی لە ڕێگای ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەوە.

پێکهێنانی ڕای گشتیش بە چەند هەنگاوێکدا دەڕوات، دەتوانین بەم شێوەیە کورتیان بکەینەوە:

* دروستبوونی گیروگرفتێک یان بابەتێک کە لەوانەیە سەرچاوەکەی پڕۆژەیەکی گرنگ و گشتی بێت. یان کەم بوونی ماددەیەک بێ لە بازاڕ، یان گیروگرفتێکی سروشتی بێت. لەوانەیە گیروگرفتەکە بەرەبەرە یان بە کتوپڕی دروست بێت. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت چارەنووسی گەلی کوردستان دیاری بکەین، پێویستمان بە دروست کردنی ڕای گشتی هەیە بۆی.

* دەرکردنی گیروگرفتەکە، یان کێشەکە، یان بابەتەکە. ئەم هەنگاوە ئاگاداربوونە لەبارەی کێشە و تێگەیشتنیەوە پێویستە کێشەکە لەژێر ڕۆشنایی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بە وردی ڕوون بکرێتەوە.

لەم هەنگاوەدا، پێویستە بارودۆخ و مەترسییەکان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکرێنەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوی دەرکی گیروگرفتەکان بکرێت و بە وردی و دانایانە چارەنووسی خەڵکی کوردستان دیاری بکرێت، تاکو ببێتە ڕای گشتی هەموو خەڵک.

* گفتوگۆ: لێرەدا پرسیارەکان لەبارەی ڕادەی مەترسی و گرنگی بابەتەکەوە دەردەکەون.

* دەرکەوتنی پێشنیارەکان: ئەو پێشنیارانەی لەبارەی گیروگرفتەکەوە دەردەکەون بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاکانە. کۆمەڵێکیش دیراسەی دەکەن، بەم شێوەیە ئاراستەی جیاواز و دیاری کراو دروست دەبن.

* ململانێی بیروڕاکان: لێرەدا بیروڕاکان ململانێ دەکەن و بۆچوونەکان لەبارەی پێشنیارەکانەوە جیاواز دەبن. لەم کاتەدا لەوانەیە پڕۆپاگەندە و هەڵچوونەکان ڕۆڵی گرنگ ببینن و ململانێ لەگەڵ ئەقڵ بکەن. هەر خاوەن ڕایەک لە چوارچێوەی ئامانجی گشتی کۆمەڵ بەرگری لە ڕای خۆی دەکات. بۆ نموونە لەوانەیە تاکێک یان دەستەیەک لە کاتی هەڵچووندا بڵێن ئێمە خاوەن هێزی پێشمەرگەین و دەسەڵاتی ناوەند لە بارودۆخێکی خراپدایە، بۆیە پێویستە بەهێز کەرکووک و شارەکانی تر بخەینەوە ژێر دەسەڵاتی خۆمان.

* دەرکەوتنی ڕاکان: لێرەدا جەمسەرەکان دەردەکەون و ڕایەکان بۆ لای خۆیان کێش دەکەن.

* نزیک بوونەوەی ڕایەکان: ئەم نزیک بوونەوەیە بەهۆی گفتوگۆ و وتار خوێندنەوە و پڕۆپاگەندە ڕوودەدات. لە هەمان کاتدا بیروڕا ناواقعی و بێ هێز و بێ کەڵکەکان دوور دەخرێنەوە و ڕایەکان بەرەو میانڕەوی دەچن.

* ڕێکەوتنی بە کۆمەڵ: لێرەدا ڕێکەوتنێک لەسەر ڕایەکی بە کۆمەڵ دێتەکایەوە، ئەم ڕایە بەهێز و واقعییە، ئەم ڕایەش هەموو لایەنە چاکەکانی ڕایەکانی تری تێدا کۆدەبێتەوە و دەبێتە ڕای گشتی کۆمەڵ.

* ڕەفتاری بە کۆمەڵ: لە دوا قۆناغدا ڕای گشتی دروست دەبێت و دەبێتە ڕەفتار، ئەم ڕەفتارەش لە شێوەی خۆپیشاندان، یان مانگرتن یان دژایەتی کردن..تاد دەردەکەوێت.

## ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕای گشتی

* ڕۆشنبیری و خوێندن: کەلەپووری ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری بەهەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە. ژینگەی جوگرافیا و دابونەریت و بیروڕا و بەهاکان و مێژوو و سیستەمی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی..تاد ئەمانە

هەمووی کەسایەتی نەتەوە دروست دەکەن و کاردەکەنە سەر دروست بوونی ڕای گشتی.

* خێزان: یەکەم کاریگەرە بۆ سەر کرداری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بیروڕا و ئاراستەکانیان. لەم ڕووەوە جیاوازی لە نێوان خێزانەکاندا هەیە لە ڕووی چۆنیەتی کاریگەریەکە. ئەمەش بەهۆی پێوەندی دایک و باوک لەگەڵ یەکتردا و پێوەندیان بە منداڵەکانیان. پێوەندی منداڵەکان بەیەکتری. هەروەها پێوەندی خێزان لەگەڵ دەزگاکان و کۆمەڵەکانی تر..تاد. شتێکی ئاشکرایە دروست بوونی کەسایەتی تاک بناغەکەی لە منداڵییەوە لەلایەن خێزانەوە دادەنرێت. ئەم پەروەردەیش کاردەکاتە سەر دروست بوونی ڕای گشتی.

* ئایین: کاریگەریەکی بەهێزی بۆ سەر بیروڕا و ڕەفتاری تاکەکان هەیە. پیاوانی ئایینی و ماڵەکانی خواپەرستی و کۆمەڵە ئایینییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن و کاریگەری زۆریان بۆ سەر ڕەفتاری تاک و کۆمەڵ هەیە. ئەو بیروڕایەی کە لەگەڵ بیروڕایە ئایینییەکان دەگونجێت کار دەکاتە سەر ئاراستەکان و ڕای گشتی.

* ڕووداوە گرنگەکان: ڕووداوە گرنگەکانی سەر گۆڕەپان کاردەکاتە سەر ڕای گشتی. وەک جەنگ و گیروگرفتە ئابوورییەکان و شۆڕشەکان و پێشکەوتنی زانستی.. تاد. ئەمانە هەموو کاردەکەنە سەر پێکهاتنی ئاراستەی نوێ و ڕای گشتی.

* سەرکردەکان: سەرکردەکان بەهۆی ئەو جەماوەر و دەسەڵاتەی کە هەیانە کار دەکەنە سەر ڕای گشتی. هەروەها ڕای گشتیش کاردەکاتە سەر سەرکردەکان.

* هۆکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی کردن: ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەکانیەوە ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و ئینتەرنێت..تاد کاردەکەنە سەر ڕای گشتی.

* گفتوگۆکانی بە کۆمەڵ: ئەو گفتوگۆ بە کۆمەڵانەی کە خەڵک بە ئازادی ڕای خۆی دەردەبڕێت بڕیاری بە کۆمەڵی لێ دروست دەبێت، بڕیاری بە کۆمەڵیش ڕای گشتی لێ دروست دەبێت.

* پڕۆپاگەندە: ئەو پڕۆپاگەندانەی کە جەخت دەکەنە سەر هەندێک دەنگ و باس و زانیاری کاریگەری دەروونی ترسناکیان بۆ سەر ڕای گشتی دەبێت. بۆیە پڕۆپاگەندە بە ترسناکترین چەکی جەنگی دەروونی دادەنرێت.

باری کۆمەڵایەتی و ئابووری: باری ئابووری تاک پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕێگای بیرکردنەوەی دیاری دەکات. باری ئابووری تاک چینی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات و جۆری کار و ئەندامیەتی لە ڕێکخراوە سیاسییەکان جۆری بیرکردنەوەی دیاری دەکات.

## پێوانی ڕای گشتی

پێوانی ڕای گشتی بۆ سەرکردە و بەرپرسان و ئەوانەی گرنگی بە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن زۆر گرنگە. زانینی ڕای گشتیش لە جیهانی ئەمڕۆدا پێویستییەکی دیموکراتییە. پێوانەکەش بە ئاراستەکردنی پرسیارێک، یان دوو پرسیار لەبارەی بابەتی ڕای گشتییەوە ئەنجام دەدرێت.

پێوانی ڕای گشتی بە دیاری کردنی گیروگرفتەکە و تێگەیشتنی هەموو لایەنەکانی و شی کردنەوە و دانانی گریمانەکان دەست پێ دەکات. لە پاشان ئەو کۆمەڵە بچووک کراوە دیاری دەکرێت کە پێوانەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت. کۆمەڵەکەش بە ڕێگای هەڕەمەکی چینایەتی هەڵدەبژێردرێت. ئینجا پرسیاری ڕاپرسییەکە ئامادە دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت. ئەم ڕێگایەش بە گرنگترین ڕێگای پێوانی ڕای گشتی دادەنرێت. شێوازی جێبەجێ کردنەکەش بە ڕێگایەک، یان چەند ڕێگایەک لەم ڕێگایانە دەبێت:

* ڕێگای پۆستە: بەهۆی پۆستە پرسیارەکان بۆ خەڵک دەنێردرێت و ناونیشان و پوولی پۆستەی لەگەڵ دەنێردرێت و لە کەموکوریەکانی ئەم ڕێگایە سەرپێیی وەڵامەکان و وەڵام نەدانەوەیە.

* هۆکارەکانی پێوەندی کردن: پێشتر تەلەفۆنی ئاسایی یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێوەندی کردن بە تاکەکانی کۆمەڵە هەڵبژێردراوەکە. یەکێک لە کەموکوریەکانی ئەوەبوو کە تەنیا بۆ چینە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵ بەکاردەهات، بەڵام ئێستا دوای ئەو پێشکەوتنەی هۆکارەکانی پێوەندیکردن دەتوانین مۆبایل و ئینتەرنێت زۆر بە فروانی بۆ زانینی ڕای گشتی بەکار بهێنین.

* تێبینی ڕاستەوخۆ: ئەمەش بریتییە لەڕاپرسی لە ڕێگای تێبینی کردنی ڕاستەوخۆی تاکەکانی کۆمەڵ لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و لە شوێنی کار و یانە و قاوەخانەکان و سینەما..تاد.

ئەم ڕێگایە پێویستی بە زیرەکی و دبلۆماسی و بێ لایەنی و ئەمانەت پارێزی و هێزی تێبینی کردن و تەندروستی دەروونی و جەستەیی و ڕۆشنبیری گشتی

هەیە، کە پێویستە لە توێژەردا بەدی بکرێت. لە جیاکەرەوەکانی ئەم ڕێگایە هەڵ دەرەخسێنێ بۆ پێوەندی کردنی ڕاستەوخۆ بە جەماوەر. لە کەموکورییەکانی ئەوەیە، ئەگەر ڕاپرسییەکە فرەوان بێت، ناتوانین ئەم ڕێگایە بەکار بهێنین، هەروەها هەڵچوونەکانی خودی توێژەر کار لە ئەنجامەکەی دەکات.

چاوپێکەوتنی کەسیەتی: لەم ڕێگایەدا توێژەر لەبارەی بابەتی ڕای گشتییەکەوە ڕووبەڕوو لەگەڵ تاکەکان گفتوگۆ دەکات ئەم ڕێگایەش هەندێک کەم و کوڕی تێدایە لەوانە پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی زۆر هەیە و دەست نادات بۆ زانینی ڕای گشتی فرەوان.

* گفتوگۆی بە کۆمەڵ: هەندێک جار لەوانەیە توێژەر بۆ زانینی هەست و نەست و بیروڕا و ئاراستەی جەماوەر لەبارەی بابەتی ڕای گشتییەوە ئەم ڕێگایە بەکاربهێنێت. لە جیاکەرەوەکانی ئەم ڕێگایە گفتوگۆی بە کۆمەڵ یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ ئەوەی ئازایانە و بە ڕوونی بیروڕای خۆیان دەربڕن. کەم و کوڕیەکانیشی ئەوەیە دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان ناڕەخسێنێ بۆ گفتوگۆکردن و بەشداری کردن. هەروەها توێژەر ناتوانێت لەگەڵ هەموو تاکێک بە قووڵی گفتوگۆ بکا. ئەنجامەکەشی بە هاوکێشە ئامارییەکان زۆر بە گرانی چارەسەر دەکرێت.

* ڕێگای دانەپاڵ: ئەم ڕێگایە لەم بارانەدا بەکاردێت کە ڕاستی ئاراستە و هەڵوێستی تاکەکان نازاندرێت. لەم ڕێگایەدا توێژەر هەندێک شتی نادیار و تەم و مژاوی و بێ مانا دەخاتە بەردەستی تاکەکان و ئەوانیش بەبێ ئاگایی ئاراستە و بیروڕاکانیان لەسەری لێک دەدەنەوە شی دەکەنەوە.

* شی کردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن: ئەم ڕێگایە زۆر بە سوودە ئەگەر بمانەوێت ڕای گشتی دەوڵەتێکی دیاری کراو لەبارەی کێشەیەک، یان بابەتێک وەربگرین ناتوانین هیچ ڕێگا و شێوازێکی تر بەکاربهێنین جگە لەم ڕێگایە. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت ڕای دەوڵەتێک لەبارەی کێشەی کوردەوە بزانین ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندنیان شی دەکەینەوە.

* شی کردنەوەی پڕۆپاگەندەکان: ئەمەش بەهۆی شی کردنەوەی دەروونی پڕۆپاگەندە ئاشکرا و نهێنییەکان دەبێت کە لەناو کۆمەڵدابڵاون، چونکە گرنگترین هۆکارە دەروونییەکانی پڕۆپاگەندە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕق لێبوونەوەیە کە خەڵک بە هۆیانەوە پێداویستی و هیوا و ئاواتیان دەردەبڕن تاکو لە واقعدا بێتە دی.

شایانی باسە توێژەر دەتوانێت زیاتر لە یەک ڕێگا بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

دوای هەڵبژاردنی گونجاوترین ڕێگا و جێبەجێ کردنی، توێژەر ئەنجامەکان بە ژمارە و بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکان دەخاتەڕوو لە پاشاندا بەپێی ئەنجامەکان پێشنیارەکان ئامادە دەکرێت.

## گۆڕانی ڕای گشتی

گۆڕانی ڕای گشتی هەندێک جار پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوە بەکاردێت. هەروەها ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، ڕۆشنبیری گشتی بەوە جیادەکرێتەوە کە بە خێرایی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕای گشتی. لە کۆتاییدا بۆ گۆڕانی ڕای گشتی چەند تێبینییەک دەخەینەڕوو:

* هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی کردنی جەماوەری، ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕینی ڕای گشتی دەبینن. هەروەها هۆیەکانی ئاراستەکردنی بە کۆمەڵ و ڕووداوە گرنگەکان و سەرکردەکان کاریگەری بەهێزیان لەسەر ڕای گشتی هەیە.

* ئەو ڕا گشتییەی کە لەسەر بناغەی بیروباوەڕە ئاینییەکان و کەلەپوورە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوە دامەزراون، زۆر بە توندی دژی گۆڕان دەوەستن.

* ئەو ڕا گشتییەی کە تایبەتە بە بابەتە نوێیەکان و سەرپێییەکان ڕەگیان دانەکوتاوە و جێگیر نین، بۆیە تارادەیەک گۆڕانیان ئاسانە. هەروەها لەوانەیە هەندێک جار گۆڕانکاری کتوپڕ لە ڕای گشتی ڕووبدات بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر ڕوودەدەن.

**سەرچاوەکان:**

**١- د. زهران. حامد عبدالسلام، علم النفس الاجتماعي، ط٤، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٧٧.**

**٢- لندال. دافيدف (ترجمة د. سيد الطواب، د. محمود عمر و آخرون) مدخل علم النفس، ط٤، دار مكجرو هيل للنشر، القاهرة ١٩٨٣.**

# نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب)

١- هیچ گومان لەوەدا نییە کە نامۆیی بە ناوەرۆک و ڕوخسارەوە سەرەڕای ئەوەی کە ڕەوشێکی دەروونی (نەفسی)یە، کێشەیەکی مودێرنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشە، هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە و ئەنجامی دیاریکراوی لێدەکەوێتەوە. ئەوی لێرەدا پتر مەبەستی ئێمەیە لایەنی فەلسەفەیی ئەم ڕەوش و دیاردە و کێشەیەیە کە ئێمە وەک چەمکێکی دیاریکراو و سنووردار قسەی لێوە دەکەین.

وشەی نامۆ، کە ئێمە لێرەدا بەرامبەر بەچەمکی ئەڵەمانی Entfremdung وشەی ئینگلیزی Alienation بەکاری دەهێنین، ناکردی وشەی دەستەمۆیە و ئەو واتایە دەگەیەنێ کە مرۆڤ لەناخی خۆیدا، لەژیان و لەنێو خێزان، لە کۆمەڵدا خۆی وەک بیانی و بێگانە و غەریب دێتە بەرچاو و هەست پێدەکات، خەسڵەتە هەست پێکراو و بەرچاوەکانی ئەم ڕەوشە، ئەگەر بەگشتی سەرنج بدرێن بریتین لە بێزاری و هەست کردن بە دەستەوسانی و بێدەسەڵاتی و بێمانایی و هیچ و پووچی هەموو شتێک، بڕوانەمان بەداب و دەستوور و ڕێ و شوێنەکانی کردار و ڕەفتارو ئاکار..، گۆشەگیری و دوورە پەرێز وەستان و ئامادە نەبوون بۆ بەشداری کردن لە بەلایەکدا خستنی کێشە و گیروگرفتەکانی ژیان و کۆمەڵ و ئینجا خۆ بە بیانی دانان و زانین.

نامۆیی، بەپێی ئەو ڕوانگەوە کە مرۆڤ پەنای بۆ دەبات، دەکرێ وەک دیاردە و دەشکرێ وەک ڕەوش و کێشە قسەی لێبکرێت.

هەست کردن بە دابڕان و گۆشەگیری و بێهوودەیی ژیان و غەریبی و بێگانەیی لە دەوروبەرێکی تایبەتی و

کۆمەڵێکی دەستنیشانکراو و تاقمە کەسێک و کۆڕ و گرووپ و ژینگەدا، ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا و بۆ خۆی دیاردەیەکی نائاساییە، هۆکارو هاندەری تایبەتی و سەرەنجامی دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دیاردەیە ئەگەرچی لە چوارچێوەی ئایین و لەناو ڕێبازە فەلسەفەیی و ئابووری و سیاسییەکاندا لێوەی دەکۆڵرێتەوە، کێشەیەکی سەخت و گەرم و گوڕی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵ و ژیانی بە کۆمەڵ، کۆشش و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستییە ناچارییەکانی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە، پێوەندییە فرە لایەن و جۆر بەجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی پەیدای دەکەن و دەیهێننە کایەوە.

لە ژیاندا لە کۆمەڵدا، بێگومان مرۆڤ خۆیشی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، کێشە و گرفتی هەمە جۆرە هەیە کە بەدیاردەی کۆمەڵایەتی ناودەبرێن، چونکە توندوتۆڵ بە هەلومەرجی ئەو بوونە و پێکهاتە فرە لایەنەکانییەوە بەندن، هەر شتێکیش مافی بوونی هەبێت دوو لایەنی هەیە و هەردووکیان بەبێ یەکتری نابن و بگرە تەواوکەری یەکترین: باش-بەد، ئاسایی-نائاسایی...تاد، بەڵام ئەوی لەم کایەیەدا دەبێ دووپات بکرێتەوە و پێی لەسەردا بگیرێ ئەوەیە کە دیاردە خۆی لەخۆیدا، لە سنوورێکی تایبەت و دیاریکراودا شتێکە و پەرینەوەی ئەم دیاردەیە لە سنوور و بەزاندنی ڕادەی ئاسایی بەرەو سنوور و ڕادەیەکی فراوانتر کە چەمکی گیرو (گرفت) کێشە» پڕ بە پێستی بێ شتێکی ترە، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێ توێ کردن هەیە.

٢- بابەتی نامۆیی و غەریبی لە هەر سێک ئایینە جیهانییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشی ئەوەیە کە ئەم ئایینانە بە پێچەوانەی فەلسەفە و سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) و ڕێبازە ئابوورییەکانەوە بەهیچ جۆرێک باسی هۆکاری پەیدابوونی نامۆییان نەکردووە و لە ئاقار ئەنجامە جۆر بەجۆرەکانیدا بێدەنگ بوون، بگرە لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە هەڵوێستی ئەم ئایینانە پتر بەلای ڕەواکردن و پاساودان و بە ئاسایی نیشاندانی ئەم دیاردەیەدا شکاندووویانەتەوە. ئەم هەڵوێستە بە ئاشکرا لە ئایین و لاهووتی مەسیحیدا دەردەکەوێ. لە ئایینی ئیسلامدا، ئەوی بەرچاو دەکەوێ لەم بوارەدا حەدیسێکی پەیامبەری ئیسلامە کە دەڵێ:

«جاء الاسلام غريباً و سيعود غريباً
فطوبى للغرباء»

وەک سەرچاوەیەکی ئایینی دەکرێ تەوراتی تایەفەی مووسایی بەیەکەم سەرچاوەیەکی ڕێک و پێک دابنرێت کە بەشێوەیەکی ڕەمزی لە چوارچێوەی بڕواو ئەندێشەدا، بۆ نامۆیی بوونی مرۆڤ و ئینجا ئەو سەرگەردانی و بەدبەختییەی بەسەریدا هاتووە، سەرنجی ڕاکێشاوە.

٣- ئەم بابەتە لە سفری پەیدابووندا بە (بەسەرهاتی ئادەم و حەوا ناوبراوە). ئەم بەسەرهاتە دەکرێ بەم جۆرە پوخت بکرێتەوە(١): ڕەب دوای ئەوەی لەشەش ڕۆژدا هەموو جیهانی داهێنا ڕۆژی حەوت پشووی داوە. ئینجا لەسەر زەوی زیندەوەر و لە ئاسمان باڵندەی داهێناوە، لە پەراسووی ئادەم ئافرەتێکی بەناوی حەوا داهێناوە، ئەم ژن و پیاوە لە بە هەشتی (عەدەن)دا بە ڕووتی دەژیان و هیچ شەرمیان نەدەکرد. ڕەب پێی وتن ڕێگاتان دەدرێت لەبەری هەموو درەختێک بخۆن تەنیا بەری درەختی زانینی چاکە و بەدکاری نەبێت، چونکە ئەو ڕۆژەی بەری ئەو درەختە دەخۆن دەمرن (تەورات: سفری پەیدابوون: ٢: ١٧).

مار کە فێڵبازترین زیندەوەری سەر زەوییە Listiger Tier کە ڕەب دایهێناوە (خەڵقی کردووە)، دەرفەتی بۆ دەڕەخسێ و لەگەڵ حەوا دەکەوێتە قسە کردن. حەوا فرمانەکەی ڕەببی بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن خواردنی بەری درەختی زانینی چاکە و بەدکارییان لێ قەدەغەکراوە بۆ ئەوەی نەمرن. مارەکە بە حەوا دەڵێ، نەخێر شتی وا نییە. ڕەب خۆی دەزانێ کە ئەگەر لەبەری ئەو درەختە بخۆن نامرن، بەڵکو چاوتان دەکرێتەوە و وەک ڕەب دەتوانن چاکە لەبەدکاری جیابکەنەوە (سفری پەیدابوون-٣:٥). حەوا بە قسەکەی مار بە تەفرە دەچێ و لەبەری درەختەکە دەخوات و بۆ مێردەکەشی دەبا و ئەویش لێی دەخوات، هەردووک بەم خواردنە چاویان دەکرێتەوە و دەزانن ڕووتن، بە گەڵای داری هەنجیر خۆیان دادەپۆشن (تەورات: سفری پەیدابوون: ٣: ٧).

دوای وتووێژێکی دوورودرێژ ئادەم بەسەرهاتەکە بۆ ڕەب دەگێڕێتەوە کە چۆن مار حەوای تەفرە داوە و چۆن ئەمیش ئەوی بەهەڵەدا بردووە. (٣: ١٤).

وەک لەو شوێنەی تەوراتدا باس کراوە، ڕەب ئەم جۆرە سزایەی بۆ بڕیونەتەوە:

- مار بە لەعنەت کراوە (Verflucht) لەچارەی

نووسراوە سەری پان بکرێتەوە، لەسەر سک بکشێ، گڵ بخوات و دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤدا هەبێ.

– ڕەب بە حەوای وتووە:

سزای تۆ ئەوەیە، سک پڕیت گران و سەخت دەبێ، بە ئێش و ئازارو ژان منداڵ و زاروت دەبێ، پیاو ئاغات دەبێ و تۆ لەژێر دەستی مێردەکەتدا دەبی. (تەورات: ٣: ١٧).

– بە ئادەم گوتراوە:

بەهۆی تۆوە غەزەب لە زەوی گیراوە.. دەبێ بە درێژایی ژیانت بە ئارەقەی ناوچەوانت خواردن و خواردنەوەت دەستگیر بێ، تۆ لە خاک پەیدابوویت و دەگەڕێیتەوە دەبی بەخاک و خۆڵ. (تەورات: ٣: ١٩)

دوای ئەمە هەمان سفر باس دەکات کە ئادەم و حەوا لە بەهەشت فڕێدراونەتە دەرەوە و پێویست بووە زەوی و زار ڕەنێو بهێنن. ئەوی لێرەدا پێوەندی بەبابەتی ئێمەوە هەیە و لە تەوراتدا ڕەب ڕاستەوخۆ دواوە وتوویەتی:

بڕوانە ئەوەتا مرۆڤ بووە بە یەکێک لە ئێمە و چاکە و بەدکاری دەزانێ (سفری پەیدابوون، ٣-٢٢). با بزانین چی لەم بەسەرهاتە دەکەوێتەوە و چەندە و تاچ ڕادەیەک پێوەندی بە بابەتی نامۆییەوە هەیە؟! ئەگەرچی بەسەرهاتەکە لەخۆیدا یەکەم نموونەی ڕێکوپێکی ئایینی نامۆییە، ئەوا لەناوەڕۆکدا چەندین پرسیاری لێ دەکەوێتەوە کە وا بە ئاسانی ناتوانرێ وەڵام بدرێتەوە.

**یەکەم:** بەسەرهاتەکە خۆی بەهیچ بنەمایەکی ژیر و مەنتیق نە پشت ئەستوورە و نە پشت ڕاست دەکرێتەوە. بەواتایەکی تر هیچ بنەمایەکی نییە پشتی پێ بسپێردرێ، بۆیە دەکرێ لە فەلسەفەی پۆزەتیفیزم وشەیەک بخوازرێتەوە و بەسەر ئەم بابەتەدا پراکتیزە بکرێت ئەویش وشەی (زرە کێشەیە) کە ئەگەرچی لە چوارچێوە و قاڵبێکی ئەوتۆدا دارێژراوە کە سەرنجی مرۆڤی ئاسایی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ دوور نییە جۆرە ئارامییەکیش بەدڵ و دەروونی وروژاوی مرۆڤ ببەخشێ، بەڵام خۆی لەخۆیدا لە قسەی ڕووت بەو لاوە نییە و هەموو بەڵگەی دنیا کۆ ببنەوە ناتوانن ڕاستییەکەی و پێچەوانەکەی ساخ و پشت ڕاست یاخود پووچەڵ بکەنەوە. هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفەیی و مێژوویی و دەروونیی و سیاسی و ئابووری تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە ساغی بکەنەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دنیا نەبووە و ئینجا داهێنراوە و داهێنرانەکەش لە هیچەوە بووە، دەبێ ئەم هیچە چی بێت کە هەوێنی دروست بوونی هەموو شتێکە، کەچی گوایە هیچەکە (Nichts) خۆی شت نییە؟!

**دووەم:** وەک بەسەرهاتەکە دەڵێ ئادەم و حەوا بە ئاسوودەیی و سەرسووک و بێ ئێش و ئازار لە باخی عەدەندا ژیاون، بەڵام دەبێ ئەمە چ جۆرە ئاسوودەیی و بەختەوەرییەک بووبێ کە نەزان و لە هەموو شتێک بێخەبەر بوون، تەنانەت هەستیان بە ڕووت و قووتی خۆیان نەکردووە. بەختەوەری و نەزانین هیچ کاتێک بەیەکەوە ناگونجێن و بگرە دژی یەکترین.

**سێیەم:** ئەگەر تەورات خۆی، وەک سەرچاوەیەکی بەسەرهاتەکە، لەوە ئاگادار بووە کە مار فێڵبازترین زیندەوەرە بۆ ڕێگای دراوە بچێتە بەهەشت؟! خۆ ئەگەر ڕێگاشی دراوە بۆ دەرفەتی تەفرەدانی ئادەم و حەوای دراوەتێ. ئەم شانۆیە بەهیچ بنەمایەکی ژیر پشت ڕاست ناکرێتەوە و بە هیچ جۆرێک هیچ ئۆباڵێک ناکەوێتە ئەستۆی ئادەم و سزای دواتریش ناعەدالەتی بووە.

**چوارەم:** ئایا درۆ و تەفرەدان و چاوبەستەکێ هەلومەرجی سەرەکی بەختەوەرین، یان نا؟! ئەگەرنا بۆ وا لە ئادەم و حەوا گەیەنراوە کە ئەگەر لەبەری داری زانین بخۆن دەمرن، ئەگەرهەر لە سەرەتاوە قسەی ڕاست بە ئادەم و حەوا بگوترابایە ئایا مار دەیتوانی ڕاستییەکەیان بۆ دەربخات و ڕازییان بکات لەبەری داری زانین بخۆن؟! بۆچی دەبێ ڕاستی لە زاری مارەوە بێتە دەرێ و مرۆڤی وەک ئادەمی پێ تەفرە بدرێت؟!

**پێنجەم:** تەورات خۆی لەیەک سفردا دوو قسەی جیاوازی کردووە کە دەکرێ بوترێ بۆ کتێبێکی ئایینی ڕەوا نییە قسەی دووەمی بە پێچەوانەی یەکەمەوە بێت. لەسەرەتادا تەورات وتوویەتی، ڕەبی موسا بە ئادەم و حەوای وتووە ئەگەر لەبەری داری زانین بخۆن دەمرن، کەچی ئەم قسەیە بەجۆرێکی تر دەرچووە، ئینجا لە کۆتاییدا هەر تەورات لە زمان ڕەبی مووساوە وتوویە، مرۆڤ لە بەری داری زانینی خواردو بوو بە یەکێک لە ئێمە، کەوابوو قسەی مارەکە ڕاست بووە و مار ئادەم و حەوای تەفرە نەداوە، بەڵکو ڕێگای ڕاستی نیشان داون و ئەو زانینەی پێ بەخشیون کە تەورات خۆی داوا لەلایەنگیرانی دەکات بخوێنن و شت بزانن.

**شەشەم:** بۆ دەبێ ئەو قسە ناڕاستەی لە سەرەتادابە ئادەم و حەوا لە بارەی درەختەکەوە وتراوە، ئاسایی بێت

و ئۆباڵی ناڕاستییەکەی نەچێتە ئەستۆی کەس، کەچی خواردنەکە ببێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بەبێ ویست و خواستی خۆی فڕێ بدرێتە دەرەوە؟!

**حەوتەم:** ئایا تەورات. ئەو ئەنجامانە پەسند دەکات کە لەم بەسەرهاتە سەیر و سەرنج ڕاکێشەدا دەکەونەوە؟ بۆ دەبێ نەزانین هەل و مەرجی بەختەوەری بن و زانین ژیانی هێمنی و ئاسوودەیی و بەختەوەری بشێوێنێ؟! ئایا زانین گێرەشێوێنەکە بووە، یان ئەوی ڕەوشی نەزانینی بەسەردا سەپاندوون.

**هەشتەم:** مرۆڤ لە تێکڕای ئەم بەسەرهاتەدا هیچ دەورێکی نەبووە کە بەخواستی خۆی هەڵبژاردبێ و بڕیاری کردنی دابێ، بەڵکو هەموو شتێک بەسەریدا سەپێنراوە، بۆیە من وای بۆ دەچم کە نامۆییەکە هەر لە سەرەتاوە هەبووە، ئادەم و حەوا کە لێرەدا باسیان کراوە و نموونەی بوونی مرۆیی نیشان دەدەن، هیچ جۆرە خواست (ئیرادە) و بڕیاردانێکی سەربەخۆ و ئازادانەیان نەبووە.

لەژینگەو دەوروبەرێک ژیاون نامۆییەکەیان بەوە پەردەی بەسەردا دراوە کە بەقسەیەکی ناڕاست تەفرە دراون. هۆکاری گۆڕانەکەش بەهیچ جۆرێک چاوەڕێی ئەو گۆڕانەی لێنەکراوە. دەرکردنی ئادەم و حەوا لە باخی عەدەن بەهیچ جۆرێک لە ڕەوشی جەوهەری نامۆییەکەی نەگۆڕیوە ئەگەر سەختتری نەکردبێ.

٣- لە مەسیحیەتدا کە بەبۆچوونی من ئایین نەماوە، بەو شێوەیەی دوای کۆچکردنەکەی لە ئۆرشەلیم (ڕۆژهەڵاتەوە) بەرەو هەواری نوێ لە ئەورووپا پێی براوە، بەڵکو پتر بڕوایە (واتە عەقیدە)یە، وەک ئایینەکانی تر لە دوو مەزهەبی سەرەکی پێک هاتووە، کاتۆلیک، پرۆتستانت، بە هەردوو ڕێبازییەوە، بە هەموو دۆگم و دامەزراو و دەزگاکانی کلێسەوە چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوادا ئەو بۆچوونە لاهوتییە باوە کە «ڕەب لە کەسی مرۆڤی مەسیح (عیسادا) ڕەوشی نامۆیی نێوان خۆی و دنیای(٢) لەناو بردووە «Aufgehoben» ئەو قسەیەی لاهووتی ڕەسمی مەسیحی بۆ خۆی و لەخۆیدا نەک هەر دان پیادانانە بەنامۆیی، بەڵکو بە ئاشکرا دووپاتی کردۆتەوە کە ئەم ڕەوشی نامۆییە هەیە و بگرە بەشێکی بنەڕەتییە لە ژیاندا. ئەگەر ڕەوش و دیاردە و کێشەیەک لە ئارادا نەبێت، بێگومان کۆششی لەناوبردن و چارەسەرکردن و بەلایەکدا خستنەکەشی ناکرێت. ئایا ڕاستە مەسیحیەت ئەم کارەی کردووە و ئەو نامۆییەی نێوان ڕەب و دنیا، نێوان (مەملەکەتی ئاسمانی و دنیای) لەناو بردووە؟ یاخود وەک من بۆی دەچم، کێشەکەی خستووەتە نێو چوارچێوەیەکی ترەوە؟ یان بابەتەکە لە هەندەکیدا جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هێنراوە و لە سروشتە هەمەکییەکەیدا هەر ماوەتەوە؟!

کێشەی سێ ڕەنگی مەسیحیەت دەستکردی یاوەرانی عیسا خۆی بووە، مەبەستیان ئەوە بووە ئایینەکەیان، دوای چوار مێخەکێشانی عیسا، تایبەتمەندییەکی خۆی هەبێ و لە ئایینی جوولەکە، کە هەر جارێکی تر بە باوەڕی من، سەرچاوەیەکی سەرەکی مەسیحییەتە، جیاوازبێت. بەڵگەی ئەم قسەیە زۆرن، بەڵام لێرەدا بواری باسکردنیان نادرێت، چونکە لەبابەتەکە دەچینە دەرەوە. ئەگەر مرۆڤ بە وردی هەر چوار ئینجیلەکە بخوێنێتەوە، دوایی بە وردی سەرنجی پەیامی پەیامبەران بدات کە سەرۆکەکەیان بن جوو بووە و لە پڕو ناکاو بووە بەمەسیحی، هیچ جۆرە تایبەتمەندی ئایینێکی ئاسمانی لە مەسیحییەتی دوای چوار مێخەکە کێشانی مەسیحدا نابینرێ. وابزانم سێرمۆنی یەکشەممان بە کڵێسە دەری دەخات تا چەند لەو ئاهەنگەدا کە بە نوێژ ناودەبرێ و هەفتەی یەک جار ساز دەکرێ، پشت بە تەوراتی جوولەکە- تایەفەی مووسایی دەبەسترێت.

لەلایەکەوە، ئەم بەرجەستە بوونەی ڕەب لە کەسی مەسیحدا کە لەلایەن پسپۆڕانەوە بە جۆرە هەڵوێستێک بەرامبەر بە کێشەی نامۆیی دادەنرێت،لە گریمانەیەک کە بە هیچ بەڵگەیەکی ژیری پشت ڕاست ناکرێتەوە، بەولاوە نییە، پتر ئەو بۆچوونەی سەرەوە لە مێشک و ناخدا جێگیر دەکات کە مەبەست ڕشتنی ڕەنگی خەسڵەت و کارەکتەری ئەو ئایینە بووە کە خۆی لە مەڵبەندی سەرهەڵدانیدا- ئۆرشەلیم- ڕۆژهەڵات- نامۆ بووە و کۆچ وکۆچباری لێکناوە و بەرەو ئەورووپاو دوورتریش ڕۆیشتووە. خۆ ئەگەر بشێ مرۆڤ بەڕاشکاویی بدوێ و گرێی دڵی خۆی بکاتەوە، دەڵێین، مەسحیەتی دوای مەسیح پتر نامۆیی جێگیر کردووە و هەر ئەو نامۆییەی خۆی بووە بەرامبەر بەهەموو شتێک کە لە ڕۆژهەڵاتدا جێگای نەبۆتەوە و بە ئاسانی پاشەکشێی کردووە و پشت لە ڕۆژهەڵات رووەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتووە. لێرەدا پرسیارێک بە بیردا دێت: دەبێ بۆچی ڕەبی تەورات ئەو کارەساتەی لەباخی عەدەن بەسەر ئادەم هێنابێ، کەچی

پاشتر ئەم هەڵوێستەی گۆڕابێ و بڕیاردرابێ بێتە سەر زەوی، بێتە دنیا و لە کەسێکدا بەناوی میسیبیا (دوایی بووە بە مەسیح) خۆی بەرجەستە بکات و ئینجا بە کردەوە وا بکات بەو مەرەبە بچێ کە پێی چووە، گوایە بۆ ئەوەی کەفارەتی گوناهی ڕۆڵە و نەوەکانی ئادەم بدات!!! ئەگەر ئەم گۆڕانەی هەڵوێست خۆی جارێکی تر، بەڵام لە چوارچێوە و بەشێوازێکی تر، بەرجەستە کردنی نامۆبیەکی ئایینی نەبێت، دەبێ چ ناوێکی تری لێ بنرێت؟!

٤- شتێکی گومان هەڵنەگرە کە نامۆیی هەر لە سەردەمی ڕووناکبیریی و Aufklaerung دوای بەرپابوونی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا (١٧٨٩ز) کە خۆی و مرۆڤ و کۆمەڵ و ژیان و تێکڕای جیهانی گۆڕیوە،نەک تەنیا وەک دیاردەیەک، وەک بەشێکی گرینگی سروشت و ژیانی مرۆڤ، وەک پێوەندییەکی نالەبار و نەخۆشی ئاسایی نێوان تاکە مرۆڤ و کۆمەڵ، نێوان تاکە مرۆڤ و دەوڵەت، نێوان قانوونەکانی دەوڵەت و ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ڕەوشت و کردار نێوان مرۆڤ و دەوروبەر... نەک هەر هەست پێدەکرێت و لەبەرچاوە، بەڵکو ڕەنگی سروشتی ژیانی ڕۆژانە و لایەنە فرە ڕەنگ و پێوەندییە هەمە چەشنەکانی ڕشتووە!

مرۆڤی نوێ لەڕوانگەیەکی ترەوە سەرنجی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان دەدات، هەڵوێستی بەرامبەر بەکۆمەڵ و داوو دەزگاکانی، بەرامبەر بە دەوڵەت و ئۆرگانە فرە ڕەنگ و چڕوپڕەکان بەرامبەر بە مرۆڤی تر کە دەکرێ بە (نا من) دابنرێت جیاواز و هەمەچەشنەیە.

ئەو زانست و تەکنەلۆجییەی چاوەڕێی زۆر شتی لێ دەکرا، جێگای بە ئایدیۆلۆجی لەق کردووە و تەنگی بەئایین و دۆگم و بۆچوون و دامەزراوەکانی هەڵچنیوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک نەیتوانیوە جێگای هیچ کامێک لە ئایینی، فەلسەفە یاخود دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر بگرێتەوە، ئەگەرچی ئەو گۆڕانەی بەرپای کردووە و ئەو ئەنجامانەی داوینەتە دەست دەکرێ بە شۆڕشی سەرتاپاگیر ئاسا نیشان بدرێت.

ڕەوشی ژیان و کۆمەڵ و شارستانیەت و مرۆڤ و پێوەندییان بە یەکترییەوە دەبێتە مایەی ئەوەی جارێکی تر بیر لەو ڕۆڵە بکرێتەوە کە زانست بەگشتی دەیگێڕێت. دوور ناڕۆین کە بڵێین قسەکەی ئیدمۆند هوسەرڵ ١٨٥٩- ١٩٣٨ز ڕابەرو دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمینۆلۆجی تائێستا گەرم و گوڕی خۆی لە دەست نەداوە. هوسەرل وتوویەتی: «ڕەوشی ئێستای زانستەکانی ئەورووپا وا پێویست دەکات بە وردی لە بنەڕەتەوە بیری لێ بکرێتەوە، ئەو بڕوایەی جاران بە دەورە گرنگە لە سنوور بەدەرەکەی هەبوو لە دەستی داوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە وەک مرۆڤی سەردەمی ڕووناکبیریی وا سەرنجی زانست و کولتوورەکە نادات کە بریتی بن لەبەرجەستەکردنی ژیری مرۆڤ... ئەو بڕوایە، کە زانست گەیشتن بە ڕاستی (هەقیقە) Wahrheit دەستەبەر دەبێت لەنێو کۆڕو کۆمەڵەکاندا هەموو جۆرە گەرم و گوڕی و توانایەکی لە دەستداوە.(٣)»

ئەو قسەیەی هوسەرل بەڵگەیەکە نامۆبی زانستی سەدەی بیستەم بەرامبەر ژیان ساخ دەکاتەوە. زانستێک کە مژدە دەربوو، چاوەڕێی گۆڕانێکی ئەوتۆی لێدەکرا کە زۆرترین کێشەکانی ژیانی مرۆڤ چارەسەر بکات، کەچی خۆی جارێکی تر بووە بە هۆکارێکی ترسناکی هەڕەشەکردن لە چارەنووسی مرۆڤ و بگرە ئەتۆمی داهێناوە کە وەک مۆتەکەی سەرسنگ وەک گورگی هەیاسی خاس بگرە پتریش هەڕەشە دەکات و چاو لە مرۆڤ بز دەکاتەوە و ناڕەحەتی دەکات.

٥- وەنەبێ دەزگاکانی تری کۆمەڵ لەم دیاردە سەرنج ڕاکێشە بەدووربن، بۆ نموونە ئەو دەوڵەتی دوای کۆششێکی لە ئەندازە بەدەر و پەرەسەندنێکی نەپساوەی درێژ خایەن پەیدابووە و دامەزراوە و جێگیربووە، ئەو ڕۆڵەی لەدەست داوە کە چاوەڕوان دەکرا بیگێڕێت. من ناڵێم، مەبەستیشم ئەوە نییە شەڕی دەستەویەخە لەنێو چینەکانی کۆمەڵدا هەبێت، یان هەبوویێت و لەمەولا دەبێت، هەروەها نیازم نییە بڵێم دەوڵەت ئۆرگان و ئامرازێکی چەوساندنەوەی چینایەتی بووە و لە پاشەڕۆژیشدا هەمان دەور دەگێڕێ، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم: دەوڵەت هیچی تر ئامراز و ئۆرگانی یەکخستنی پێکهاتە جیاجیاو فرە ڕەنگ و فرە توێژ و سوود و قازانجە جۆر بەجۆرەکانی کۆمەڵ نەماوە و ئەرکی سەرەکی خۆی لەدەست داوە.

مرۆڤی سەردەم لە کۆمەڵی نوێدا هەست دەکات کە دەوڵەت دەزگایەکی بیانی (نامۆیە) و سەر بە جیهانێکی ترە، ئەگەر جاران بگرە لە هەندێک شوێن و سەردەمدا ئەو جۆرە نامۆییە لە پێوەندی نێوان تاکەکەسان و کۆمەڵی دوای شۆڕشی فەرەنسا و گەورە بوونی شارو

باژێرو پەرەسەندنی زانستدا بەدی کرابایە، ئێستاکە بەتەواوەتی هەست بەوە دەکرێ کە دەوڵەت بووە بە دەسەڵات و لەمیللەت دوورەپەرێزە. کۆمەڵی کردووە بە دوو بەشی بە یەکتری بیانی و نامۆ: خاوەن دەسەڵات و میللەت، ئەوانەی حوکمڕانی دەکەن و ئەوانەی وەک ژێر دەستە حوکم دەکرێن.

دامەزراو و دامودەزگاکانی دەوڵەت وەنەبێ لەم نەخۆشی نامۆبییە دووربن و نەک تەنیا هەر پڕیشکیان بەرکەوتووە، بەڵکو بە تەواوەتی ئەم نامۆبییە بەرجەستە دەکەن.

هەر سێ دەسەڵاتەکە کە دەوڵەتیان لێ پێک دێت و هێز ودەسەڵاتی دەوڵەتیان لێدەکەوێتەوە نموونەی ڕاستەقینەی ئەم نامۆییەن و نەک هەر پردی پێوەندی نێوان میللەت و دەسەڵات هەڵنابەستن، بەڵکو کەلەبەری نێوان هەردوولا قووڵتر و فراوانتر دەکەن. ئەگەر مرۆڤ گوێی لە وشەی دادوەرو دادگا دەبێت کە بەشێکە لە دەسەڵات یەکسەر پاڵەوانە بێتاوانەکەی ڕۆمانێکی فرانتس کافکای دێتەوە یاد کە لە کێشە و تاوانەکان بێخەبەر بووە، کەچی فرمانی (حوکمی) مردنی لەلایەن دادگاوە بۆ دەبڕدرێتەوە. قانوون و ڕێ وشوێنەکانی بەڕێوەبردنیش وادێنە بەرچاو کە لە دنیایەکی ترەوە هاتبن و بەدەگمەن نەبێ بۆ سوود و قازانجی (تێوەگلاوان و بێنەوازان) بەکارنایەن و پیادە ناکرێن و سوودیان لێوەرناگیرێت. هێزی چەکداریش بێ پسانەوە ئەرکی سەرەکی سەرشانی لەبیر براوەتەوە و ئەرک و فرمانی تری پێدەسپێردرێ کە پتر هەست و نەست گیان و دیاردەی نامۆیی قووڵتر و بەتینتر دەکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی هەڵوێستی نەوەی نوێ، چینی لاوان بدات بە تایبەتی بەرامبەر بە دەسەڵات و سیاسەت و دەوڵەت وێنەیەک لەمێشکیدا دەنەخشێ کە بەتەواوەتی ئەم نامۆبییە بەرجەستە دەکات. بەدەگمەن، لەم سەردەمەدا لاوێکی خوێنگەرم دەبینرێ کە ناخ و دڵ و دەروونی پڕ لە گازندە و گلەیی و ڕەخنە نەبێت. لاوی ئەمڕۆ ئەگەر بۆی بلوێ هەوڵ دەدات خۆی لە سیاسەت و دەزگاکانی پێوەندیدار بە ئایدیۆلۆجییەوە دووربخاتەوە و یان دوورەپەرێز و خەم سارد بوەستێ. خۆ ئەگەر هەڵوێستێکی دژ و پێچەوانەی ئەم دیدە بەدی بکرێت، پتر ئەم هەڵوێستە هۆکاری گوزەران و ژیانی ڕۆژانە بەرپای کردووە. دەوڵەت و دامودەزگاکانی، بەو هەموو توانایانەی لەبەر دەستیاندایە نەیانتوانیوە وێنەیەکی جوان لە بارەی خۆیانەوە لەمێشکی مرۆڤی ئاساییدا بنەخشێنن، مرۆڤ ئەمڕۆ وا تەماشای دەوڵەت دەکات کە بووە بە دەزگایەکی دەسەڵات و سوود و قازانجی گشتی وەلاناوە و بووە بە ئامرازێکی سوودو قازانج و دەسکەوتی دیاری کراو گەیاندن بە کەسان و توێژی تایبەتی.

دەوڵەت نەک هەر ناتوانێ بگرە لەبیری چۆتەوە و بیریش لەوە ناکاتەوە چۆن پردی پێوەندی لەگەڵ توێژی سێیەم کە ڕۆشنبیرانن و هۆکاری پەرەسەندن هەڵبەستێ.

زانکۆ و پەیمانگا و ئینستوتە زانستی و ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان کە پێویست بوو مەڵبەندێکی زانستی بن، بوون بە مۆڵگای دەرچواندنی- سالانە- بە سەدان لاو کە وشەی «بێتوانا و فێرنەبوو» پڕ بە پێستی خۆیانە.

ئەم لاوانە کە هەڵگری سێرتیفیکاتێکن کە سەرەتای ژیانی ئەکادیمی نیشان دەدات کە بەدەگمەن نەبێ لەو بابەتەی کە خوێندوویانە بە تەواوەتی شارەزا و پسپۆڕین، دوو ڕێگایان دێتە بەردەم. لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەبێ ئەوەی لەو کارەی پێیان دەسپێردرێ پسپۆر بن، دادەمەزرێن و پتر گیانی گەندەڵی بەهێز و بەتین و بەگوڕتر دەکەن، یان ژمارەی لەشکری بێ ئیش و کاران پتر دەکەن. ئەمەش جارێکی تر لەلای خۆیەوە دیاردە و کێشەی نامۆبییەکە بەرجەستە دەکاتەوە.

٦- لە فەلسەفەی ئیگزستینتیالیزمدا بە هەردوو بەشی ئەڵەمانی و فەرەنساییەوە چەمکی نامۆیی وەک بابەت بایەخێکی چاکی پێدراوە و توێ توێ کراوە. ئەمەش ئەنجامێکە لە هەڵوێستیان بەرامبەر بە ژیان و مردن بەگشتی و بەرامبەر بە بوونی تاکەکەسان بە تایبەتی کەوتۆتەوە. لەم ڕێبازەدا چوارچێوەکە سایکۆلۆجییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەم هەڵوێستەی ئەم ڕێبازە دەکرێ لە دوو لاوە سەرنج بدرێت:

- جارێکیان لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلوجییەوە، واتە: بوونی مرۆڤ بوونێکی خودییە، هیچ ناوێکی لێ نانرێت، جۆرە یەکەیەکە و بەهیچ شێوازێک دووبارە بوونەوە هەڵناگرێت.

- جارێکی تریان جۆرە ترانسندێنتییەک نیشان دەدات بەو مانایە کە بوونی مرۆڤ بەردەوام لەخۆی دووردەکەوێتەوە سنووری خۆی دەبەزێنێ و بگرە خۆی لەناو دەبات و دەمرێت(٤). ئەم جۆرە ڕەوشە کە بریتییە لە مردن کە کۆتایی بە بوون و ژیان دەهێنێ و دەبێتە

مـایەی ئەوەی ترس و نیگەرانییـەکە نەک هەمیـشـە لە مـــردنەوە بکەونەوە، بەڵکو ببن بە ترس و نیـگەرانی بەرامبـەر بەژیان خـۆی. ژیانی بەپیت و پیـّزی مـرۆڤ بە هەموو فرەرەنگییەوە بە خۆشی و ترشییەوە، بەسەرکەوتن و تێشکانییەوە هەمیشە بەرەو رەوشێک هەنگاو دەنێت کە دواشیـاوەکی بوونە، شیـاوەکی «هیچ و نـابوونە» و ئەنجـامـەکـەشی هەست کـردنە بەوەی مـرۆڤ بیـانییـە و بوونیش لەجۆرە نامۆییەک بەولاوە نییە. هەربۆیە سارتر بە راشکاوی وتوویەتی: «شـتـێکی ئەوپەڕی بێ مـانا و بێ هوودەیە کە ئێمە هاتووینەتە دنیاوە و لەدایک بووین، بێ هوودە و بێـواتایە کـە ئێـمـە دەمـرین» (٥). بە باوەڕی جـــان پۆل ســـارتر ئەم بێ هوودەیی و بێـــواتـایە لە سەرئەنجامدا خۆی وەک نامۆییەکی بەردەوام و نەپساوەی شیاوەکی بوونی تاکە کەسی مرۆڤ نیشان دەدات.

دیاردەی مردن کە قۆناغێکی کۆتایی ژیان و بوونە و مـرۆڤ لە ژیان و بوونیـدا یەکـجـار دەیبـیـنێ و پیـادا تێـدەپەڕێ بەشـێکی تەواوکـەری ژیانە، چونکە هەر شتێک سەرەتای هەبێ، دەبێ کۆتاییشی هەبێ. ترسی مـردن شـتـێکی ئاسـاییـە، چونکە هۆکـار و فـاکـتـەری دیاریکراوی هەیە کە بریتییە لە فاکتەری هەست و هۆشی فیـزیۆلۆجی و بایۆلۆجی، بەڵام ئەو ئەنجامەی ئەم ڕێبـازە پێی دەگات لە دوو لاوە پەسند نییە:

یەکەم: ئەو رەشبینییەی بەرامبەر بە ژیان و پاشەڕۆژ و چارەنووسی.

دووەم: بە هیچ جۆرێک نابێ دەردەسەرییەکانی ژیان و نامۆیی و مردنی مرۆڤ ببن بە مایەی لەبەرچاو کـەوتنی ژیان و گۆشەگیری و بە کەم زانینی بایەخی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤ خۆی.ئەوەی سەرگەرمی ئەوەبێ لە ژیاندا هەموو شـتـێکی هەبێ و هەمـوو شـتـێک بەدەست بهـێنێ، بەدەگمەن نەبێ هیچ شتێکی نابێ و وەک کوردەکە وتەنی لە هەردوو جـەژنەکـە دەبێت. ڕاسـتـە هەبوون و دەست ڕۆیشتوویی و توانا جۆرە خۆشی و چێژێک بە دەروون و دڵـی مـــرۆڤ دەبەخـــشێ، بەڵام نەبوون خـــۆی هاندەری ســەرەکی هەوڵ و کـۆشـشـە بۆ بەدەست هێنان و بوون بە خاوەن شت. مردن دەبێ هاندەری بەختەوەری و بە خۆشی ژیان و خۆشکردنی گـوزەران بێت. نەک بە پێچەوانەوە. ئەگەر مرۆڤ هەست بە بێزاری و نامۆیی نەکات، ئەگەر مرۆڤ پەشێو و نیگەران و نەخۆش نەبێت، ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی هەبوو، ئەوا هیچ جۆرە چێژ و خۆشییەک نامێنێ، هیچ جۆرە فاکتـەرو هاندەری کۆشش و هەوڵ و گەڕان نامێنێ و مرۆڤ دەگاتە ئەو ڕادەیەی بایەخ بە هیچ شتێک نەدات، چونکە ئەوکاتە لە هیچی کەم نەبووە و لە هەمـوو شـتـێک بێناز بوون. ئەی باشە نەبوونی و هەژاری زۆر شتی بەدو نالەباریان لێناکەوێتەوە؟!

٦- نامـۆیی ئەگـەر ئـێـمـە وەک چەمکێکی فـەلسـەفـە Begriff ســـەرنجی دەدەین، وەک ڕەوش و دیاردە لە ڕوانگەی جۆراوجـۆرەوە سـەرنج دراوە و شـرۆڤـە کـراوە، ئەگـەرچی تاوەکــو ســەدەی نۆزدەیەم بەدەگـــمـەن نەبێ هەڵوێـــســتی ڕاشکاو لەبارەی چارەســەرکــردنی بەرچاو ناکـــەوێت. نامـــۆیی بابەتی ئایین و ســـیـــاســـەت و دەروونناسی و سۆسیـۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجی و ئابووری بووە، جگە لە فەلسەفە خۆی.

ئەگـەر مـرۆڤ سـەرنجـێک لە بەرهەمـەکـانی هیـگڵ و مــــارکس بدات، ئەم بابەتە بە جــــۆرێکی تر چ وەک ناوەرۆک و ڕوخسـار چ وەک پێناسە و دەستنیشـانکردن و ئینجـا پێـــشکەشکردنی چارەســـەرکـــردنەکـــەی جـــا بەدوورخـســتنەوە، لێکدانەوە، پاساودان یان بەلایەکـدا خستن بێت، دێتە بەرچاو و هەست پێ دەکرێت.

- هیگڵ کـە ڕابەرێکی فـەلسـەفـەی ئیـدیالیسـتـییـە لە چوارچێـوەی بۆچوونی ئایینی- لاهووتی مـێـژووییـەوە نامـۆیی توێ توێ کـردووە وەک لە بابەتی دیالێکتـیـکدا سـوودی لە بنەمـاکـانی ئاییـنی مـەسـیـحی وەرگـرتووە بە تایبـەتی سێ ڕەنگی (باوک و ڕۆڵە و گیـانی پاک) کە لەلای ئەو، بووە بە تێزە و دژە تێزە و سونتێزە بە چاوێک سەرنجی داوە کە ئەو گۆڕانەی ئەو مەبەستی بووە و بڕوای پێی هێناوە ئەو دەفـرو چوارچێـوەیە بووە کـە هەمـــوو شتێکی گرتۆتە خۆی.

گـیـان یان ژیر Geist کـە هیگڵ وەک شـاچەمکێک بەکاری هێناوە بۆچوون و جیـهـاندیدی سەرەکییـەکی ئەم کەڵە فـەیلەسوفەی ڕەنگ ڕشـتـووە. هەمـوو شتـێک کە بوونی هەبێت لە کۆتاییدا لەئایدیا، یان گیانی ڕەها ab-solute Geist بەولاوە شـتـێکی تر نییـە. ئەم گـیـانە ڕەهایە لە پرۆسـەیەکی زیندوودا بەردەوامی نامـۆبوون و بەلایەکـدا خسـتنی نامـۆییـدا خـۆی دەبینێـتـەوە و پیـادە دەبێت. بگرە سروشت خۆی کە بە پێچەوانەی ئەم گیـانە ڕەهایەوەیە لەنامۆبوونی ئەم گیانە بەولاوە نییە (٦).

ئاییـنی مـەسـیـحی و بەسـەرهاتی عـیـسـای مـریەم سـەرچاوەیەکی سـرووش بەخـشی بابـەتی نامـۆیی بوون

لەلای هیگڵ بە تایبەتی لە شاکاری «فینۆسینۆلۆگی گیان»دا کە فەسڵێکی بەناوی «گیانی نامۆ بوو» (٧) نووسیوە.

هیگڵ لە ڕوانگەی دیالێکتیکە ئایدیالیستییەکەوە پەرەسەندنی جیهانی بە ئەنجامێکی پەرەسەندنی گیانی ڕەها داناوە(٨). بەلایەوە ئەم گیانە ڕەهایە، کە زۆرجار وشەی ئایدیای ڕەهاشی لەجیاتیدا بەکار دەهێنێ، ڕۆڵی ڕەببی مەسیحی گێڕاوە، لەوەدا کە خۆی نامۆ کردووە و بەم خۆ نامۆکردنە جیهان کەوتۆتەوە (داهێنراوە). ئەم نامۆبوونە لەخۆیدا بریتی بووە لەوەی گیان - ئایدیای- ڕەها دەستبەرداری جەوهەری خۆی بووە و لە سروشتدا خۆی بینیوەتەوە.

لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆچوونە ئایینییە مەسیحییەکە دێتە بەرچاو کە چۆن ڕەب دەستبەرداری سروشتی جەوهەریی خۆی بووە و خۆی لە کەسێکی دیاریکراودا کە یەسوعی مەسیح (عیسای مریەمە) بەرجەستە کردووە. ئەم بەرجەستە بوونەی ڕەب لە مرۆڤی عیسادا لەلای هیگڵ بووە بە گیانی ڕەها کە بەجۆرە نامۆبوونێک دەستبەرداری جەوهەری ڕەببانی خۆی بووە و مرۆڤ و سروشت کەوتوونەتەوە. نامۆبوونەکە بەوە بەلایەکدا دەخرێتەوە کە بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەکەی، بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. ڕەب- عیسا- گیانی پاک، تێزە، ئەنتی تێزە، سونتێزە. ونبوونی عیسا لەبەرچاو جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ ڕەوشی پێشوو و بەلایەکداخستنی نامۆیی کە لە تەسەوفدا بە (الفناء في الله) ناودەبرێ.

ئەو بلیمەتییەی هیگڵ لە بەرجەستەکردنی ئەم دیاردەیەدا نیشانی داوە ئەوەیە کە ئەم بەلایەکدا خستنەی نامۆیی کە بریتی بووە لە نامۆیی گیان و بەم بزاڤە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کەئەو بە «هوشیاری تەواوەتی»ی گیان ناوی بردووە، بە پێچەوانەی مەسحییەتەوە، گریمانەی جیهانێکی تر، جیهانی سەروو زەمین، جیهانی ترانسندنتالی نەکردووە، بەڵکو ئەم لابردنەی نامۆییە و پیادە بوون و هاتنە دی دوا قۆناخی پەرەسەندنی گیانی ڕەها و نەمانی نامۆیی لەسەردەمی خۆیدا لەدەوڵەتی پرووسیدا دیوە و ڕووی داوە، بۆیە بە ئاشکرا بوونی ڕەوش و بارودۆخی سەردەمی خۆی بە بارودۆخێکی هەڵکەوتی ڕیالیستی داناوە، ئەوەی هەڵکەوت و ڕیالیستیش بێ لەگەڵ ژیردا گونجاوە و قبووڵ دەکرێت. ئەم بۆچوونەی هیگڵ بووە، بۆتە مایەی ئەوەی ئەوانەی لەدوای مردنەکەی کە بەناوی چەپی هیگڵ ناسراون، بەتایبەتی برۆنو باوەر Bauer، لودڤیک فۆیەرباخ و مووسا هێس Hess لەکاتی توێ توێ کردنی هەمان بابەتدا تیرو توانجی ڕەخنەیان گرتۆتە ئایینی مەسیحی و دەوڵەتی پرووسیی Preussischer staat کە بە بنەماو سەرچاوەی بیروبۆچوونی هیگڵیان داناون.

٧- لەکاتێکدا هیگڵ لەو باوەڕەدا بووە کە نامۆیی بریتییە لە نامۆبوونی هەست و هۆش و هوشیاری و هەرچی هەیە و نییە بریتییە لە ئایدیا لە گیانی ڕەهاو ئەم گیانی ڕەهایە لە پرۆسەیەکی بەردەوامی نامۆبوون و لەناو بردنی ئەم نامۆبوونە دایە و سروشت بریتییە لە فۆرمێکی نامۆبوونی گیانی ڕەهاو مرۆڤ ڕۆڵێکی سەرەکی لەلادانی ئەم نامۆییەدا دەگێڕێ، ئەم دەورو ڕۆڵەش لە چوارچێوەی پرۆسەی تێکڕای مێژوودا دەبێ، چونکە مێژوو خۆی لە پرۆسەی لابردن و لادانی ئەم نامۆییە بەولاوە شتێکی تر نییە، کەچی فۆیەرباخ بە پێچەوانەوە (ڕەب)ی بەمرۆڤێکی «خۆ نامۆ بوو» داناوە، گوایە ڕەب ئەو جەوهەرەی مرۆڤە کە لەلایەن مرۆڤەوە ڕەها کراوە و لەمرۆڤ نامۆ بووە(٩).

ڕاستە و گومان هەڵنەگرە کە لە چوارچێوەی ئایینیدا، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە لە هەموو سەردەم و کۆمەڵێکدا بەشێوەی جیاواز هەبووە، نامۆیی دیاردەیەکی بەرچاو و ئاشکرایە، بەڵام ئەم نامۆییەی مرۆڤ تەنیا هەر تاکە فۆرمێک نییە، بەڵکو نامۆیی و مرۆڤ چەندین جۆری هەیە و دەکرێ ئەم دیاردەیە لە ڕەوشی پرۆسەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵیشدا بەشێوەی جۆر بەجۆر هەست پێ بکرێت.

ئەگەرچی چەمکی نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفە بلیمەتانە لەلای هیگڵەوە قسەی لێ کراوە و پەرەی پێدراوە، بەڵام هەمان چەمک و بەلایەکداخستنی لە ڕوانگەیەکی تری ئەوپەڕی جیاوازەوە لەلایەن کارل مارکسەوە (١٨١٨- ١٨٨٣) بە تایبەتی لە شاکاری دەستنووسە ئابووری- فەلسەفییەکاندا کە ساڵی ١٨٤٤ نووسیویەتی، کەچی دوای ئەم لاوە ئەو لایەکی زۆر و زەبەندە بەناچاری ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەم جار بڵاوکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئەو لایەنەی بڵاوی کردۆتەوە سوودی لێ وەرگرتبێ. مارکسی لاو کاتێک دەستی بە توێژینەوەی بابەتی نامۆیی کردووە لەبەردەم سێ

هەڵوێست بەرامبەر بەم بابەتەدا خۆی بینیوەتەوە:
یەکەم: نامۆیی سیاسی کە لەلایەن هیگڵەوە لەکاتی باسکردنی واقیعیەتی دەوڵەتی پرووسیدا لە چوارچێوەی فەلسەفەی ڕەسمیدا باس کراوە.
دووەم: نامـــۆیی ئایینی کـــە بە توندی لەلایەن فۆیەرباخەوە لە چوارچێوەی لاهووتی مەسیحیدا ڕەخنە کراوە.
سێیەم: نامۆیی ئابووری(١٠) کە ڕەگوڕیشەکەی لەنامۆیی کاردا دۆزیوەتەوە.
تیۆری نامۆیی لەلای مارکس بە هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی بورجوازییەوە بەستراوەتەوە و بگرە نامۆیی ئابووریی بەلایەوە نامۆیی سەرەکی بووەو چارەسەرکردنیشی بە گۆڕینی ڕێژیمی سەرمایەداریی چینی ناوبراوەوە گرێ داوە. لە شاکاری دەستنووسە ئابوورییە فەلسەفەییەکاندا، بە تایبەتی لە فەسڵی کارە نامۆ بووەکەدا (Die entfremdete Arbeit) چوار لایەنی نامۆ بوون لەچوارچێوەی کارو سیستەمی ئابووری و ڕێژیمی سەرمایەداری و پێوەندییەکانی بەرهەمهێناندا لە یەکتری جیا دەکاتەوە:
یەکەم: کرێکار شت و مەک بەرهەم دەهێنێ، بەڵام ئەم بەرهەمەی وادێتە بەرچاو کە پێوەندی بەخۆیەوە نەبێ و شتێکی بیانی بێت مارکس وتوویەتی:
«ئەو بابەت و شمەکەی کار بەرهەمی دێنێ، بەرهەمی کارەکە وەک جەوهەرێکی بیانی دێتە بەردەمی، وەک هێزێک کە ئەو بەرهەمی هێناوە و هیچ پێوەندی پێوە نەبێ بەرامبەری دەوەستێ».(١١)
دووەم: بەبێ سروشت، بەبێ جیهانی بەرهەستی دەرەکی کرێکار ناتوانێ هیچ شتێک بەرهەم بهێنێ سروشت ئەو کەرەسەیەیە کە کارەکەی خۆی تێدا ئەنجام دەدات، کە تێیدا چالاکە و لێیەوە شت بەرهەم دەهێنێ، بەڵام سروشت جیهانی دەرەکی بە چ شێوازێک، ئامراز و کەرەسەی ژیان دەخاتە بەردەم کرێکار؟!
بە کورتی بابەتەکە بریتییە لەوەی کە کرێکار ناچارە و بەبێ ئەوەی ئازاد بێت، کار بکات و بەرهەم بهێنێ و بەرهەمەکەش دەبێ شتێکی دژ بەخۆی.
سێیەم: لەکاتی ئیشکردن و چالاکیدا کرێکار لە ئاقار چەمکی جەوهەری مرۆڤدا نامۆ دەبێ، بەم پێیە دەبێ وەک بوونەوەرێکی هوشیار و ژیر، جەوهەرێکی زیندوو کە بەرهەمهێنەرێکی ئازاد و هەمەکییە تێی بگەیشترێ، بەڵام بەهۆی نامۆبوونییەوە لە ئاقارو جەوهەری توخم و ڕەگەزەکەیدا دەبێتە ئامرازێکی ڕووت و قووتی پەیداکردنی پێداویستی ژیانی، مارکس وتوویەتی: «کاری نامۆبوو، پێوەندییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە، مرۆڤ، کە جەوهەرێکی هوشیارو بەئاگایە، چالاکی ژیانەکەی، جەوهەرەکەی دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی بوونەکەی».(١٢)
چوارەم: مرۆڤی کارگەر، واتە کرێکار، بەرامبەر بە مرۆڤی تر خۆی وەک بیانی و نامۆ هەست پێدەکات و دێتە بەرچاو، کرێکار لە پرۆسەی کارکردندا تەنیا هەر شتومەک (شمەک) بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو دەبێتە مایەی کەوتنەوە و پەیدابوونی چەندین پێوەندی کۆمەڵایەتی gesellschaftliche Verhaeltnisse ئەو دەبێتە مایەی پەیدابوونی سەرمایەداران و ڕقەبەران لە شوێنی کارکردندا.. لێرەوە دوو کەشوهەوا، دووجۆر دۆخ و ڕەوشی لە یەکتری جیاواز دەکەونەوە. مارکس وتوویەتی:
«ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ئەمە ئەوەیە کە مرۆڤی لەبەرامبەر بەرهەمەیدا لە ئاقار کارەکەیدا، لە بەرامبەر چالاکی ژیانیدا... نامۆ و بیانی دەبێت، ئەمەش بریتییە لە نامۆیی مرۆڤ لە بەرامبەر مرۆڤدا...».(١٣)
ئەم جۆرە کەلەبەرەی نێوان بوون و جەوهەر و سروشتی مرۆڤ، کاری نامۆ بوو، وەک من لە مارکس گەیشتبم سەرچاوەی دوو دیاردەی ڕاستەقینەن:
یەکەم: دەوڵەمەندبوون و کەڵەکەبوونی سامان و پارە لەلایەک.
دووەم: پتـــر هەژاری و نەداری و دەست کـــورتی لە لایەکی ترەوە. بەواتایەکی تر جۆرە ناتەبایی و ناکۆییەک دەکەوێتەوە کە بەم جۆرەیە:
بەرهەم هێنانی شمەک و پتربوونی دارایی و سامان کە بەهۆی هێزی کارکردن و ئیش کردنەوە کەوتوونەتەوەو دەبنە ئامرازێکی بەهێز و توانا بۆ چەوساندنەوەی ئەو هێز و کەسانەی کە کاریان کردووە و ئەمەیان بەرهەم هێناوە.
بۆیە بەلای مـــارکســـەوە زاڵبـــوون بەســـەر ڕێژیمی سەرمایەداری و لەناوبردنی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەبێتەمایەی نەمان و بەلایەکداخستنی نامۆیی و بەمەش دەرفەت دەرەخسێ مرۆڤ(١٤) لە بوونەکـــەی وا ڕۆڵی لە ژیان و لەپێـــوەندییـــە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی جەوهەرەکەی بێت کە مرۆڤە نەک ئامرازە، ئامانج و مەبەستە نەک ڕێگایە لەوەی تا

ئێستا لەبارەی هەڵوێستی مارکس وتمان، دەردەکەوێ کە تەنانەت لە بواری ئابووریشدا نامۆبوونەکە چەند ڕوخسار و فۆرم و ناوەرۆکێکی هەیە وەک!
- نامۆ بوونی مرۆڤ لە بەرامبەر بەرهەمی چالاکی و کارەکەیدا.
- نامۆبی مرۆڤ لە ئاقار چالاکی بەرهەمهێنانی خودی خۆی.
- نامۆبی مرۆڤ لە بەرامبەر سروشت و جەوهەری تایبەتی مرۆڤی خۆی.
- نامۆبی مرۆڤ لە ئاقار مرۆڤ خۆیدا.
ئەم ڕەوشەش بێگومان جۆرە هەست کردن بە بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی، بێزاریی، بڕوا لاواز بوون، کەمتەرخەمی، گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، بڕوانەمان بە بەهاو ڕێو شوێن و بنەماکانی ئاکاری..تاد لێ دەکەوێتەوە.
٨- لەوەوە تا ئێستا وتمان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نامۆبی وەک دیاردەیەک سێ لایەن و چەند ڕەهەندێکی هەیە.
لایەنەکانی ئەمانەن:
- نامۆبوون لە شتێک (بۆ نموونە بەرامبەر بە سروشت و کۆمەڵ).
- نامۆبوون بەرامبەر بە کەسێک یان مرۆڤێکی تر.
- نامۆبوونی مرۆڤ لە خودو سروشت و جەوهەری خۆی.
ڕەهەندەکانی نامۆبی ئەگەرچی لە لایەنەکانی جیاناکرێنەوە، بەشێوەیەکی تر ئەگەر بشێ بڵێین پێوەندییەکی (دەستیاوی دیالیکتیکی) لەنێوان لایەن و ڕەهەندەکانی نامۆبووندا هەیە، بەو مانایە کە هەر یەکەیان چ لایەن و چ ڕەهەند سەربەخۆن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراون و دەستبەرداری یەکتری نابن. ڕەهەندەکانی نامۆبی ئەمانەن:
- ڕەهەندی دەروونی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەلای ڕابەرانی فەلسەفەی ئیگزیستینتیالیزمدا، لە بەرهەمە جۆر بەجۆرەکانیاندا دەبینرێ.
- ڕەهەندی ئایینی، لە تەوراتدا و ئینجیا ئەوەی لەچوار ئینجیلی عیسایییەکاندا لە بارەی ڕەب و بەرجەستەبوونی لە کەسایەتی عیسای مریەمدا وتراوە.
- ڕەهەندی سیاسی، بەتایبەتی لەلای هیگڵ کە بەرجەستە بوونی دوا قۆناخی پەرەسەندنی ئایدیا و گیانی ڕەها لە دەوڵەت و ڕێژیمی پرووسی Preuss سەردەمی خۆیدا بەدی کردووە.
- ڕەهەندی ئەنترۆپۆلۆجی و کۆمەڵایەتی لەلایەن فۆیەرباخ داکۆکی لێکراوە کە لافی لێداوە مرۆڤ ئایین و ڕەب و...تاد داهێناوە و دەستی لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە جەوهەرییەکانی خۆی هەڵگرتووە و بە بوونەوەرێکی سەروو سروشتی بەخشیون.
- ڕەهەندی فەلسەفە کە لەلای هەرە زۆری ڕێبازی فەلسەفە و فەیلەسووفەکاندا دەبینرێ و دەکرێ نموونەی ئەشکەوتی ئەفلاتوون و تیۆری ئایدیا و بەسەرهاتەکەی نەفسی مرۆڤ لەم بوارەدا بهێنرێنە بەرچاو.
- ڕەهەندی ئابووری لەلای کارڵ مارکس کە توندوتۆڵ بە ناکۆکییەکانی Widerspruche نێو سیستەمی ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی مرۆڤەوە بەندە، ئەمەش بریتییە لە شەڕی دەستەویەخە و ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە بە خەباتی چینایەتیشەوە بەستراوەتەوە.
دامەزراندنی کۆمەڵێکی دوور لە نامۆیی بەوە دەبێ کە کۆمەڵێکی بێ ناکۆکی چینایەتی دابمەزرێنێ، بەواتایەکی تر، بنەڕەتەکانی کۆمەڵ و پێوەندییەکان دەبێ وەک بنەما لە ڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕدرێن بۆ ئەوەی مرۆڤی ئازادو سەربەست بتوانێ نامۆبی لەناوبەرێت و وەک جەوهەرێکی ڕاستەقینەی ئازاد و ڕاستەقینە بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەک لە بوونی خۆی دڵنیابێت.
هیچ گومان لەوە ناکرێ کە هیگڵ و مارکس و بەوپەڕی تواناوە کێشە و دیاردەی نامۆبیان شی کردۆتەوە و جۆرە چارەسەرێکی تایبەتیان، هەریەکە بەپێی باوەڕی خۆی و لەڕوانگەی تایبەتی خۆیەوە داوەتە دەست و خستۆتە بەرچاو، بەڵام وەک من تێی بگەم هەریەکە جۆرە نامۆبییەکی شرۆڤە کردووە و چارەسەرێکی پڕ بە پێستی ئەم نامۆبییەی پێشکەش کردووە، بەڵام نامۆبی لەخۆیدا وەک دیاردەیەکی تری شان بەشان و نێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان و کۆمەڵ تائێستا بە تەواوەتی هیچ بیرمەند و فەیلەسووف و سیاسییەک بەتەواوەتی بەلایدا نەچووە.
کۆششەکەی فۆیەرباخ کردوویەتی و هەوڵی مارکس کە داویەتی تەنیا بۆ لەناوبردنی دوو جۆر ڕەگەزی نامۆبی بووە کە لە چوارچێوەی ڕێژیم و سیستەمی دیاریکراودا

سەرهەڵدەدەن. گۆڕینی بیروبۆچوون و هەڵوێست بەرامبەر ئایینی مەسیحی و دۆگماکانی تەنیا هەر نامۆیی ئایینی لەناو دەبات نەک نامۆیی لەخۆیدا. گریمان! ڕێژیمی سەرمایەداری و پێوەندییە جۆر بەجۆرەکانی و سەرخان و ژێرخانەکەی کۆچ و کۆچباریان کردووە و نەمان! تەنیا هەر ئەو نامۆییە نامێنێ کە لە ڕێژیم و لایەنە ئابوورییەکانییەوە کەوتۆتەوە، خۆ ئەگەر ڕێژیمێکی تری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تر بێتە کایەوە، یان جێگای ئەوی تر بگرێتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەویش جۆرە نامۆییەکی تر دروست دەکات کە لەگەڵ بنەما جۆربەجۆرەکانی خۆیدا بگونجێ، چونکە پرۆسەی پەرەسەندنی ژیان بە هەموو لایەنەکانییەوە ساخی کردۆتەوە کە نامۆیی وەک هەموو دیاردەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی بەهیچ جۆرێک لە بوون و ژین جیاناکرێتەوە. تاوەکو مرۆڤ و ژیان هەبن نامۆییش هەردەبێ. ئەگەر هاتوو هەر دەوڵەمەندی هەبوو، هەژاری نەما، ئەگەر هاتوو هەر لەش ساخی هەبوو، نەخۆشی، نەما، ئەگەر بێتوو لەدایک بوون و پیر بوون هەبێ و مردن نەبێت، ئەوا نامۆییش نابێت، بەڵام هەموو ژیرێک باش دەزانێ کە ئەمانە گریمانەی بێ بنەما و بێ سەروشوێنن و هەموو هۆکارێک لەدنیادا بێ سێ و دوو کردن ئەنجامی خۆی هەیە کە لێیەوە دەکەوێتەوە. نامۆیی ئەنجامە نەک هۆکار، لەهیچ سەردەمێک و لە هیچ شوێنێکدا ئەنجام بەبێ هۆکار پەیدا نەبووە و نابێت هۆکاریش ناچارییانە و بەناچاری ئەنجامی بەدوادا دێت.

ئەگەر مارکس گازندەی هیگڵی بەوە کردبێ کە هیگڵ لەو باوەڕەدابوو نامۆیی نەخۆشی و دیاردەی نالەباری هوشیارییە و Bewustsein گوایە ئەم خۆنامۆبوونەی هۆش بەوە دەبێ لەناو ببردرێ، دەرک و پەی بەگیانی ڕەها و پرۆسەی پەرەسەندنەکە و پیادەبوونەکەی ببردرێ، گوایە وەک مارکس بۆی چووە نەک زانین و دەرک پێ بردن، بەڵکو تێکۆشان و خەباتی چینایەتی Klas-senkampf پرۆلیتاریا دەبێتە مایەی لەناوبردنی ئەم دیاردەی نامۆییە، چونکە ئەم چینە خۆی و تێکڕای کۆمەڵ ڕزگار دەکات و پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێ و هیچ جۆرە چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە نامێنێ، ئەوا مارکس باسی دوو جۆرە نامۆیی کردووە، یەکێکیان سیاسی و ئەوی تریان ئابووری بووە، چارەسەرەکەی دووەمیان کە نامۆیی ئابوورییە دەگرێتەوە و پەی بەوەی هیگڵ نابات، چونکە هی هیگڵ لەناوەرۆک و ڕوخساردا جیاوازە. بە باوەڕی من ئەگەر قسەکەی هیگڵ لەو توێکڵ و ڕوخسارە تەمومژاوییە میتافیزیکییە ڕزگار بکرێت، ڕاستە و بەتەواوەتی قۆناخی ئەم سەردەمەمان کە سەردەمی نامۆیی و هەست بە بیانی کردنە وەک ئەنجامێکی سنوور بەزاندن و گلۆبالیزیرۆنگ (جیهانگیری) دەپێکێ و دەگرێتەوە. ئەم نامۆییەی ئەم سەردەمە پتر لە هۆکارێکی هەیە و سنووری پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی نێوکۆمەڵ و نەتەوەی بەزاندووە و دەبەزێنێ! بە تەنیا هۆکارێک نەکەوتۆتەوە و بە ئاسانی لەناو ناچێت!

**سەرچاوە:**


**1- Die Bibel. Elberfelder Uebersetzung. R. Brockhaus Verlag Wuppertal. q. Auflage 2003. Ersterteil Das Alte Testament. Das erste Buch Mose (Genesis) 3: 21.**

**– تەورات. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بروکهاوس ڤوپەرتال چاپی نۆیەم– ٢٠٠٣. سفری پەیدابوون ٣: ٢١. بە ئەڵمانی.**

**2- Heinz- Horst Schrey., Entfremdung und Versohnung: Grundbegriff moder nen Selbst ber staendnisses. In: Schrey (Hrsq): Entfremdung. W B G. Darmstadt 1975. S. 220ff.**

**3- Husserl, E., Formale und trams Zendentale Logik. 2.Auflage. Tuebingen 1981. S.4-5.**

**4- Oieserman, Theo dor. I., Die Entfremdung als historische Kategorie. Dietz Verlag Berlin (Ost) 1963. S.117- 118.**

**5- Sartre, J.P, Das Sein und das Nichts. Hamburg 1962. S. 687-688.**

**6- Petrovis, Gajo., Gibtes noch Entfremdung in Sozialis tischen Syste men?**

In: Heinz- Horst Schery (Hersg)., Entfremdung. WBG Darmstadt 1975. S.266ff.
7- Hegel, G.W.F., Phaeno menologie des Gristes. In: 22 Bde. Hamburg 1968.
8- Cornu, Auguste von., Die Idee der Entfremdung bei Hegel, Feuerbach und Marx. In: H-H, Schery (Hrsy)., Entfremdung. WBG. Darmstadt. 1975. S.45ff.
9- Feuerbach, Ludwig., Vorlaeufige Thesen Zur Reform der Philo sophie (1842) In: KLeine Schriften. Theorie. I. Suhrkamp Verlag. 1966. S. 125ff.
ئەم شاكارەی فۆیەرباخ كراوە بە كوردی بڕیاروایە بەڕێوەبەرایەتی گۆڤاری ڕامان- هەولێر ئەركی چاپ و بڵاوكردنەوەی بگرێتە ئەستۆ:
10- Israel, Joachim., Der Begriff Entfremduung. rowohlts enzyklo paedie. Hamburg 1985. S. 49ff.
11- Marx Karl, Okonomisch- Philosophische Manuskripte (1844). In: Marx- Engels Ergarnzungsband. Erster Teil. Dietz Verlag Berlin (Ost) 1968. S. 511ff.
12- Marx,k., Ebenda. S 516.
هەروەها سوود لەم دوو لێكۆڵینەوە زانستیانە لە بارەی ماركسەوە وەرگیراوە:
- Pleger, Wolfgang. H., Linksheglianismus- Existenzphilosophie- Karl Marx. S. 177- 178.ff. In: Fellmann, Ferdinand (Hrsg). Geschichte der Philosophie im 19. Jahr hundert. rororo 1996.
- Roed, Wolfgang., Karl Marx und Fridrich Engels S. 229 ff. In: Roed, W., (Hrsg) Geschichte der Philosophie. Bd x. Munchen 1989.
13- Marx, Karl, Ebenda. 517- 518.
14- Israel, J., Ebenda. S.20.ff.

# ئاکاری چاکە؛ ویستێک لە خۆناسکردن و خرۆشاندنی هێزی ناوەکیی


## ڕەوشتگەرایی لە ڕوانگەی ئەرستۆ و نیتشەوە

هەندرێن
(سوێد)

**دەروازەیەک**

چەمکی «Arete»، هەرچەندە بە کوردیکردنی ئاسان نییە، لێ دەکرێ ئاکاری چاکە و باڵا (فەزیلە) واتایەک بەو چەمکە بگەیەنن. ئەمــــڕۆ ئەو چەمکە لە بواری ئێتیک/ ڕەوشتناسیدا وەک جاران بەکار ناهێنرێت، لێ کاتێک کە باس دێتە سەر فەلسەفەی گریکی کۆن، وەک دەربڕینێکی کــۆن یان ڕەهەندێکی فــەلســەفی، بەکــار دەهێنرێت. لە بۆیە ئەمڕۆ زۆر کەس پێیـان وایە ئاکاری چاکە، بە واتایەکەی خۆی، لە کۆمەڵگای نوێیاودا بەهایە ڕەسەنەکەی لەدەستداوە، کەچی لە کۆمەڵگا و ڕۆژگاری ڕابردوودا بەهای خۆی هەبوو.

شایەنی باسە ئەوەندەی من بزانم، لە زمانی کوردیدا، بەشێوەیەکی گشتی، دەستەواژەی «مۆراڵ/ ئەخلاق» و «ئێتیک/ بەرپرسیارییـەکی هەڵبژێردراو» بە یەک واتا بەکـاردەهێنرێت یان جیـاوازی لە نێـوانیـاندا ناکـرێ، هاوکـاتیش لە کـۆمـەڵگای کـوردسـتـاندا، کە لەلایەک بەهۆی پێکهاتەی خێڵ سالارییەکەی بەگشتی، لەلایەکی دیکەشەوە بە تایبەتیش، بەهۆی ئەو شاڵاوە تەکنۆلۆژییە ڕووکەشەی کە ئەمڕۆ ناخی کوردی داگیـرکـردووە، بۆیە لەهەموو بۆنەیەکەوە لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا دەگاتە بواری ڕۆشنبیـریی، هەمیـشە گوێمان لە پەیڤی ئەخـلاق دەبێ. هۆکــردی بەســەر زارەکی بوونی دەستەواژەی ئەخلاق واتای هەبوونی تەنگژەیەک لە خودی تەنگژەدا ڕادەگەیەنێ. بە واتایەکی دیکە، مرۆڤە سیاسی و ڕۆشنبیـرییەکانی کورد بەگشتی، بێ بەرپرسیـارانە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەخلاقدا زارقەڵەباڵغن، کەچی ئاخێـوەری کـوردی، وێڕای تێکەڵاوکـردنی «ئێـتـیک» و


ئەرستۆ

«ئەخلاق» ، خاوەنی پێناسە و پێوانەیەکی دیاریکراو یان ڕاڤەیەکی پوخت نییە بۆ ئەخلاق. هەربۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەهۆی ئەو هەڵتەکانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە کوردستانی گەمارۆداوە، واتای ئەخلاق لە ژیانی کوردیدا، وەک وێناندنێکی پێشمەرجی نەگۆڕە، تەنیا دەمامکێکە بۆ چەواشەکاریی و دەستخەڕۆدانی هەستی کۆمەڵگا. بەهەمە حاڵ.

هەڵبەتە، لە بواری فەلسەفیدا ئەو دوو دەستەواژەیە واتا و پێناسەیان جودایە. «ئێتیک» ، وشەیەکی گریکییە، لە وشەی «ئێتۆس»ەوە هاتووە، کە واتای بەگشتی دابونەریتەوە دەگەیەنێ. کەچی ئێتیک لە ئاستی فەلسەفەدا لە دیاردە مۆرالییەکان دەکۆڵێتەوە.

فەلسەفەی نوێباو هەوڵدەدا لە کۆی ئەو پێناسە جودایانەی کە لەسەر دەستەواژەی ئێتیک کراون، پێناسەیەک بۆ ئەوە بدۆزێتەوە کە دانانی بنەمایەک بۆ پێوانەکردنی ئەخلاقی چ واتایەکی هەیە. بەکورتی لە جیهانی فەلسەفەدا، بە تایبەتیش لەبواری ئێتیکی میتافیزیکدا پێناسەکردنی ئێتیک باسێکی بەربڵاو و فرە ڕەهەندە. لێ دەکرێ بەواتایەکی ئاسان بێژین، کە ئێتیک چەشنە شێوازێکە کە مرۆڤ چۆن لەژیان و بەرپرسیاریەتی تاکەکەسیی، جڤاکی و نەتەوایەتی تێبگات. واتا ئێتیک بەرپرسیارێتییەکە کە کۆمەڵگا پێکڤە بە ئاگایی خۆیان لەسەری پێکدێن کە چۆن ڕەفتار و کردار بکەن. ئەمەش وەک مۆراڵ، مەرج و ئەرکێکی سەپێنراوی کتومت یان نەگۆڕ نییە، بەڵکو ڕامانێکی فەلسەفییە لەژیان و جیهاندا.

کەچی مۆراڵ زیاتر ئەرک یان نەریتێکی هاوبەشە، کە بە گوێرەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی، دابونەریت، دەروونی و ئایینی کۆمەڵگایەک دەبێتە دیاردەیەکی گشتی و دەسەپێنرێ. بە واتایەکی تر، مۆراڵ، ئەخلاق بریتییە لەوەی کە کۆمەڵگا و تاکەکەسەکان چ کار و ڕەفتارێک بە هەڵە و ڕاستە دەبینن، کە ئەمەش لەنێوان کۆی کۆمەڵگادا لەسەری پێکهاتوون، هاوکاتیش دەکرێ تاکەکەسێک هەڵگری مۆراڵ بێت. کەواتە مۆراڵ مەرجێکە لە نائاگایی کۆی کۆمەڵگایەکدا، هەروەک کۆمەڵگای کوردی، ئیش دەکا و بڕیاری ڕاستی و هەڵەیی بەسەر کار و ڕەفتارەکانی خەڵکدا دەدا.

لێرەدا دەتوانین بێژین، کە چەندان جۆری «ئەرێتا» ، ئاکاری چاکە هەیە، بۆیە لەسەردەمە جودایەکاندا پێناسە و تایبەتمەندی هەمەجۆر بۆ خەسڵەتی ئاکاری چاکە دانراوە. لەکن پلاتۆ و ئەرستۆدا تێگەیشتنێکی هاوڕا هەیە ،کە ئەو چەشنە ئاکار چاکە جودایانە لێکدەترێنجرێن و واتایەک دەبەخش و هەریەکە و یەکتر تەواو دەکەن، بەم جۆرە هاوئاهەنگی ئەو بەهایانەی ئاکار چاکی یەکاتییەکی گەردوونی پێکدەهێنن کە لەوێدا جارێکی دیکە ژیانێکی باش و لەبار خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، کەچی لە هەمبەر دیدی پلاتۆ و ئەرستۆدا نیتشە لەجیهانی زانستی نوێباودا بە میتۆدە سەرەڕۆیەکانییەوە جەختی لەسەر خاڵێکی نەگۆڕ دەکردەوە. هەڵبەتە نیتشە ڕەخنەی لەو بیرۆکە مرۆڤگەراییانە دەگرت،چونکە نیتشە پێی وابوو، کە ئەخلاقی مەسیحییەت هۆکردێکی سەرەکییە بۆ ئەو بیرۆکە ئیدیالەی کە بە دژی ژیانە، یان بە دژی ویستی بەرزە مرۆڤە.

کەچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لە بری ئەو ئاکار چاکەیەی کە ئاماژەمان پێکردن تەرزە وێنەیەکی دیکەی ئاکاری باڵا و چاک هەیە، واتا ئاکاری «سەرووی من» . مەبەست لەوەش، واتا چەشنی ئەو «دەسەڵاتە باڵا»یەی کە کانت باسی لێوە دەکرد، دەسەڵاتێکی داڕێژراو هەیە کە وەک مەرجێکی ناوەکییانەی مرۆڤ، یان وەک ئاگاییەکی خودییانە، خۆی ڕەپێش دەکا و دەردەبڕێ.ئەو مەرجە ناوەکییەش، بەواتای ئەرستۆ، مەبەستی ئەوە نییە کە سەرکەوتنێک یان ژیانێکی هاوبەشی چاک بۆ تاکەکەسەکان دابهێنێ، بەڵکو ئەو مەرجە ناوەکییە دەخوازێ ڕێکخستنێکی ناوەکی و دەرەکی دروست بکا.

هەر چۆنێک بێت، لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم لە دیدی کتێبەکەی ئەرستۆ، «ئێتیکی نیخۆماتکیک»ەوە دەستەواژەی «ئەرێتا / ئاکار بەرزی، چاکە» لەخوێندنەوەیەکی چڕدا بخەمەڕوو. دوای ئەمەش، لە ڕوانگەی کتێبەکەی نیتشە، «ڕەچەڵەکی ئەخلاق ئەرکۆلۆژیای مۆراڵ»ەوە چەمکێک لە ژیانێکی بێگەرد، زاهیدی نموونەیی شرۆڤە بکەم.

لێ، لێرەوە دەخوازم ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنمەوە، کە بەندە پێشتر لەدوو وتاری جودادا بەشێک لە ڕوانگەی پلاتۆ و ئەرستۆی سەبارەت بە تیۆری دەوڵەت و ئەرکی دەوڵەت لە پەروەردەکردنی هاووڵاتیان لەژێر ناونیشانی «مرۆڤ/ فەلسەفە ئاژەڵێکی سیاسییە» و «ئەرکی حوکمڕان بەرهەمهێنانی هاووڵاتییەکی ویستگەرا و بەختەوەرە» بەسەر کردۆتەوە، کە یەکەمیان لەژمارە چواری «سەردەمی ڕەخنە»، لە هاوینی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە و دووەمیشیان لە ڕۆژنامەی «ڕۆژهەڵات» هەر لە هاوینی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە. کەواتە دەکرێ ئەم وتارەش بەشێکی، وەک دیوێکی دیکە، لە جیهانی ئەرستۆ بخوێنرێتەوە، هاوکاتیش ئەو بەشە نوێیە، واتا ئامادەیی نیتشە، کە لەم وتارەدا دەیخەمەڕوو، دەکرێ وەک بەراوردکارییەک لەنێوان ڕوانگەکانی ئەرستۆ و نیتشە، کە لە دوو ڕۆژگاری جودا ژیاون و خاوەن دوو ڕوانگەی جوداشن، سەیر بکرێت. هەر بۆیە من لەم وتارەدا لەسەر ئەو پرسیارانە دەپەیڤم کە ئەم وتارە گەرەکییەتی. کەواتە لەم وتارەدا خۆم لەو تیۆرییە جڤاکی، سیاسییانەی کە لەهەردوو کتێبی ئەو دوو فەیلەسووفە گرنگەدا ئامادەن بەدووردەگرم.

## ئاکاری چاکە لە بەختەوەرییەکی هاوبەشدایە

تێڕوانینییەکانی پلاتۆ لە گۆشەنیگای یەکایەتییەکی نێوان ژیان، ئێتیک (بەرپرسیارییەتی) و سیاسەتەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. پاشان قوتابییەکەی، ئەرستۆ ئەو بونیاتی یەکایەتییە؛ ئاکاری چاکەیە لە پلاتۆوە وەردەگرێ. لێ پێویست بەوە ناکا مرۆڤ فێری ئەوە بکا کە چۆن لەژیاندا سەرکەوتوو بێت، چونکە ئەرکی ئێتیکی هەر تەنیا ئەوە نییە کە مرۆڤەکان فێر بکا چۆن ببنە مرۆڤی ئاکار چاک، بەڵکو پێویستە بۆ کردەوەی چاکە هانیانبدرێن.

لە بۆیە ئەو پرسیارگەلەی کە ئێتیک یان «ئەرێتا، ئاکاری چاکە ئاراستەی دەکا، ئەوەیە: چۆن لە ژیانماندا بژین؟ چتۆ ئارمانجێکمان هەبێ، یان ئاخۆ ئێمە، وەک مرۆڤ، لە ژیانماندا کام چەشنە پرینسیپێکی ڕەوشتیی بکەینە کۆڵەکەی ڕەفتار و کردەوەکانمان؟ دیدی ڕەوشتناسیی ئەرستۆ لە جڤاتێکی نموونەیی وەک گریکی کۆنینە وێناندنێکی پڕ بەهایە، یان ڕەنگدانەوەی ئەو جڤاکە بوو. بەلای ئەرستۆوە، هەروەک بۆ هەموو هزرڤانەکانی دیکەی گریکییەوە، کاری چاکە واتای سەرکەوتنێکی بەختەوەری دەگەیاند. لەکن ئەرستۆ ئەوەی کە دانسقەیی گەوهەری مرۆڤ پێکدەهێنێ و لە بوونەوەرەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، سەرکەوتنێکی بە ڕاستییە. کەواتە ئەوەی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جودا دەکاتەوە بریتییە لە «لۆگۆس»، ئاوەز، ئاخاوتن، هزرین. سەرکەوتنێکی بەڕاستیش، لەکن ئەو، بریتییە لە فراژانێکی هاوئاهەنگیانەی مرۆڤ، چونکە بەلای ئەرستۆوە مرۆڤ بۆ سەرکەوتن هەڵبژێردراوە. کەواتە بە واتای ئەرستۆ سەرکەوتن «بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە شتێکی پوختە و سەربەخۆیە. هاوکاتیش سەرکەوتن ئامانجی کردەوەکانمانە» . (١) ئێتیکی ئەرستۆ بە مەبەست داڕێژراوە. لێرەدا مەبەست واتای کردە و مرۆڤایەتی دەگەیەنێ، چونکە ئامانجی مرۆڤ سەرکەوتنە لە ژیانەکەیدا. وێڕای ئەمەش سوود وەرگرتن لە خاوەندارییەتی ئامرازێکە بۆ ئەوەی مەبەست بپێکی، بۆیە ئەرکی مرۆڤ چالاکییە. هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ ئەگەر باش بن یان خراپ ئاوەزگەراین. ئەوکاتە ئاکارەکانی مرۆڤ دەخەملێ کە چالاکییەکانی فەراهەم بوون. سروشتی شتەکان لە مەبەستە سروشتەکانیاندایە. بۆ نموونە، خودی چاو چییە، کە ئێمە ناتوانین ڕوونی بکەینەوە، بەڵکو دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بینین، واتا ئەرکەکەی یان مەبەستەکەی تێبگەین. بەواتایەکی تر، دەبێ بۆ «شێوە»، بیرۆکە و گەوهەرەکەی بگەڕێینەوە. ئەو بیرۆکەیە بە بینایییەوە گرێدراوە، کە شتەکان چێ دەکەن. لە بۆیە بینایی پێویستی بە ڕووناکییە. ڕووناکی لە هەتاو، ڕووناکی لە چاوەوە دێت. چاویش بۆ ئەوەی ببینێ پێویستی بە هەتاو هەیە. لەو دیدەوە ئێمە ئەوکاتە مرۆڤایەتی خۆمان بەرجەستە دەکەینەوە کە بێ وچان بەدوای کردە ئاوەزگەرایییەکاندا تێبکۆشین.

کەواتە جیهانبینی ئەرستۆ بریتییە لە «Eidos». مەبەست لەو چەمکە «ئێیدۆس» واتا شێوە (فۆرم) و

ئامانج یان مەبەست. هۆکارەکانی ئامانج عەودالّی ئەوەیە کە زەمینەی توانایی بۆ نوێکردنەوە خۆش بکا. ئەرستۆ لەسەر ئەوە مکورە کە هەموو زانستێک ئامانجێکی هەیە، بۆنموونە، بە واتای ئەرستۆ «هونەری پزیشکی ئامانجی تەندروستییە» هەندێک ئامانج وەک ئامرازێک بۆ شتێکی دیکە چاکەن، بۆ نموونە، پارە. هەروا دەکرێ مەبەست لە خودی خۆیدا چاک بێ. (٢) سەرکەوتن یان ژیانێکی چاک ئەوەیە کاکلەی مەبەستی ئەرستۆ، بەڵام دەکرێ بپرسین ئەو سەرکەوتنە یان ژیانە چاکەیە چییە؟ لێرەدا ئەرستۆ بەم جۆرە وەراممان دەداتەوە: «... هەرکەسێک کە شتێک دەئافرێنێ، بۆ مەبەستێک ئەوە دەکا»، یان هەر کەسێک کە شتێک دەکا، کە دەکرێ بکرێ. بەڵێ، سەبارەت بەوە با گوێ لەو کۆپلەی «ئاگاتۆن» بگرین: «شتێک کە هەر خوا بێبەشی کرد: کە کردەیەکی نەکردە تەنیا یەکجاری کرد». (٣)

کەواتە پایەی بەرزی مرۆڤ لەوەدایە کە قسە دەکا و دەتوانی باشە و خراپە لێک جودا بکاتەوە، بە تایبەتمەندییەکی رەوشتییانە بژی.

مرۆڤ لە بەراییرا مەیلی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، وەک ترس و رق. لێ مرۆڤ لە رێگای فێربوونەوە سەرکەوتن و بەختەوەری دەستەبەر دەکا. ئەمەش پێوەندی بە ویستی مرۆڤەوە هەیە، چونکە لەواقیعدا شتێک نییە بەناوی ئاکاری بالاّ و چاک، ئەوە لەگەڵ بوونە نەریتدا دروست دەبێ. مرۆڤ ئەو کاتە دادپەروەر دەبێ کە لەهەموو ئازارێک رزگاری بوو. مرۆڤ ئەوکاتە دڵی خۆش دەبێ کە کردەیەکی دادپەروەرانە ئەنجام بدا، ئەو چەشنە نەریتەش لەویستەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ؛ واتا ئەوە ویستە کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤێکی دادپەروەر، لە هەمان کاتیشدا ئەوە ویستە کە وا دەکا مرۆڤ بە کردەی دادپەروەرانە بەختەوەر بێ. مرۆڤە بێ ویستەکان نە دەتوانن دادپەروەر بن و نە کردەی دادپەروەرانەش ئەنجام بدەن، چونکە ویستیان نییە. کەواتە لە روانگەی ئەرستۆوە، ئاکار چاکە ویستگەراییە. لەکن ئەرستۆ ویست تەنیا واتای ویستی ئەنجامدانی کردە ناگەیەنێ، چونکە «هۆی کردەیەک بڕیارێکە یان نیازێکە، شتێکی بەڵگەنەویستە، نەک کۆتایی، لە کاتێکدا بڕیاری کردەیەک بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجێکی دیاریکراو رەنگدانەوەی مەیل و لێکدانەوەیە». (٤) ئەمەش کە هەوڵدان نییە بۆ کردەیەکی ماددیانە.


نیتشه

ئەرستۆ، وەک پرسێکی ئێتیکی، لە بەشی هەشت و بەشی نۆهەمی کتێبەکەی «ئێتیکی نیخۆماتیک»، باس لە هاوڕێیایەتی دەکا. لەکن ئەرستۆ هاوڕێیایەتی یەکێک بوو لە پرسی «ئەرێتا»، ئاکار چاکی کە دەستنیشانی کرد، بەڵام ئەو هاوڕێیایەتی لەو جۆرە پێوەندییە هەستەکییە جودا دەکردەوە کە ئەمڕۆ ئێمە بیری لێدەکەینەوە. بەلای ئەرستۆوە هاوڕێیایەتی تێگەیشتنێکی هاوبەشانە دەگەیەنێ، کە چ شتێک چاکە و بەهای ئەوەی هەیە هەوڵی بۆ بدەین. ئەو شتەش لای ئەو مەرجەکانی ژیانی جڤاکی بوو، هەروا جۆرە تێگەیشتنێک کە لە بەرپرسیاریەتی پێکڤەیی فەراهەم دەبێ یان دەخەملێ. لە دیدی ئەرستۆوە هاوڕێیایەتی بەر لە قانوونە، واتا هاوڕێیایەتی پێش مەرجێکە بۆ قانوون، نەک بەپێچەوانەوە، چونکە لەکن ئەرستۆ هاوڕێیایەتی مەرجێکی پێویستە بۆ ئاکاری چاکە. خودی هاوڕێیایەتی لەبالاترین شێوەکەیدا لەنێوان تاکەکەسێکی ئازاد و نائازادەوە لە ئاکاری چاکەدایە و ئەوان پێکڤە سوود بە یەکتر دەبەخشن. ئەو تەرزە هاوڕێیایەتییەش وەک ئەو هاوڕێیاتییە نییە کە دوو بازرگان لەسەر بنەمای سوودی بازرگانی دروستی دەکەن یان هەیانە. لێ لە کن ئەرستۆ هاوڕێیایەتییەکی چاک و بالاّ بریتییە لە «پێکڤەیی، هاوکاتیش وەک چۆن مرۆ رەفتار لەگەڵ خۆی دەکا بە هەمان شێوەش مامەڵە لەگەڵ هاوڕێیەکەی خۆی دەکا... لە بۆیە بۆ ئەوەی بەختەوەر بیت، کەواتە مرۆ پێویستی بە هاوڕێی چاک هەیە». (٥)

وەک لەبەراییرا ئاماژەمان پێکرد کە یەکێک لەو خاڵە سەرەکیانەی کە ئەرستۆ لە کتێبی «ئێتیک»دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، چەمکی «ئەرێتا/ ئاکاری چاکە» یان خودی بەهای باشەیە وەک خۆی.

لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بپرسین: ئاخۆ کامە پێوەندیی لەنێوان مرۆڤگەلدا مایەی تێگەیشتن و درککردنە؟ بەرسڤی ئەرستۆ بۆ ئەو پرسیارە ئاوەز و کردارە. وەک دەزانین ئەوەی کە لەکن گریکییەکانی بەرێ، بە تایبەتیش لەکن پلاتۆ گرنگ بوو، کردەی سەیر کردن و گوێگرتن بوو کە واتای هەقیقەتی دەگەیاند. لە دیدی پلاتۆوە سەیر کردن و گوێگرتن وەک درککردنە کە ئەوەش دواجار زانین دەستەبەر دەکا. ویستی زانینیش واتای بەرزکردنەوەی ئاستی خودی مرۆڤ دەگەیەنێ. بەلای پلاتۆوە، بالاترین زانین بیرۆکەیەکی باشە، بەبێ ئەو بیرۆکە باشە هەموو شتێک جۆرێکە لە ئاستەنگ. هاوکاتیش ئەرستۆ پێی وایە، کە ئێمە هەر لە سروشتەوە هەڵگری غەریزەی ئاکاری چاکەین، لێ بۆ ئەوەی ئەوە بەرەو کردەیەکی هاوئاهەنگی شکۆمەندانە پەلوپۆ بهاوێژێ، ئەو غەریزەیە پێویستی بە فرچکدان، قانوونی باش و نەریتی بالا هەیە. ئاکاری چاکە، بۆ ئەرستۆ، شێوەیەکی هارمۆنیکراو بوو. هەر بۆیە لای ئەرستۆ، ئازایەتی دەکەوێتە نێوان ترسنۆکیی و دەبەنگایەتی، بەخشندەییەکی ڕاستەقینە دەکەوێتە نێوان قرچۆکی و دەست بلاویدا. وەلێ ئەرستۆ زیاتر جەخت لەسەر دابونەریتی ئازادی ناوەکییانەی مرۆڤ دەکاتەوە. کەواتە شێوەیەکی هارمۆنی وەک خەسڵەتێک بۆ مرۆڤ، بریتی نییە لە ٤، بەڵکوبریتییە لە ٦. ١٠ دابەش ٦ یەکسانە بە ٦ دابەش ٢.

ئەرستۆ لە کتێبی دووەمی «ئێتیکی نیخۆماتیک»کەیدا بە چەندان واتای جودا «Ethos» بەکاردەهێنێ. وەک ئاکارێکی چاکەی ئەخلاقی «Ethos». «ئێتۆس»، واتا ئەزموونی کەڵەکەکراو، یان خەملێو، بە جۆرێک بەکاردەهێنرێ کە وەک شتێکی سروشتی وەرناچەرخێ. «Arete»ش شێوازێکە لەکردەی ژیان. ئەو شێوازە دەبێ ڕێزی بۆ دەوروبەرەکەی هەبێت. ئەمەش پەیوەستە بەوەی کە مرۆ دەبێ چی بکات و چۆن بژیت. مرۆڤایەتییەکی چاکەخواز، بەندە بە کردەی مرۆڤەوە. کەواتە ئێمە دەبێ بە شکۆمەندی بژین. هاوکاتیش کاکڵەی ئاکاری چاکە، واتای کاری چاکە و ڕێزگرتن لە خەڵک بەرجەستە دەکاتەوە.

هەموو مرۆڤێک دەتوانێ فێربێ، بەبێ ئەوەی کۆسپێک بۆ ژیانی خۆی دروست بکا. لێ مرۆ دەتوانێ لەسەر کردەی باشە شت بزانێ، بێ ئەوەش خۆی فێر بکا. لێرەوە، بەدیدی ئەرستۆ، زانینێکی ئێتیکی واتای دەست بەسەرداگرتن بەرجەستە دەکاتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە ئەزموونی ژیانی مرۆڤەوە. لەکن ئەرستۆ ئەوەی کە کاریگەریی لەسەر کردارەکانماندا دادەنێ سەرەتاکەیە. «بۆیە گەنجێک کەسێکی شیاو نییە کە سەبارەت بە هونەری کۆمەڵگا گوێی لێ بگرین. گەنج ئەزموونی لەسەر کردار نییە کە مرۆڤ لە ژیاندا دەستەبەری دەکا...لەو ڕوانگەیەوە کردار ئامانجێکی هەیە. واتا ئێمە کە کردارێک ئەنجام دەدەین دەخوازین بۆ خۆمان شتێک فەراهەم بکەین. وێرای ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەوە هەموو کەسانی دیکە تێدەکۆشن. ئەگەر ئێمە لەسەر بنەمای ئامانجێکی دیکە هەموو شتێک هەڵبژێرین، کە ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە...». (٦)

دیارە ئێمە لە ڕێگای پیادەکردنی کردەوەیەکەوە ئاکاری چاکە فێردەبین، هەروەک بە هەمان شێواز جۆرەکانی دیکەی زانایی دەستەبەر دەکەین. هاوکاتیش ئاکارێکی چاکی ڕۆشنبیرییانە بنەڕەتیترین کاری فێرکردنە، کە بتوانێ جێگەی سەرهەڵدان و گەشەکردن بنوێنێ، چونکە بەدیدی ئەرستۆ، ئەم ئەرکە ئەزموون و کاتێکی پێشمەرجی گەرەکە. ئاکارێکی چاکەی ئەخلاقیش بەهۆی ڕاهاتن و دەقپێگرتنەوە دەمێنێتەوە، چونکە «هیچ شتێک لە سروشتیدا بەیەک شێوە نییە وا خۆی بگونجێنێ کە بەشێوەیەکی دیکە خۆی بنوێنێ. بەم جۆرە بۆ نموونە بەردێک، کە لە سروشتیدا بکەوێتە خوارەوە، وا ڕانەهاتووە کە بەرەو سەرەوە بەرببێتەوە...». (٧) هەڵبژاردنی شێوە ژیانێکی هارمۆنی، جۆرە دۆخێکی هاوئاهەنگ لە ژیاندا، بەلای ئەرستۆوە، واتای خۆناسین و بوون بە یەکایەتییەک دەگەیەنێ. لەو ڕوانگەیەوە ئەرستۆ دەبێژێ کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە دەتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە؛ واتا لەئێستادا ئامادە بێ.

## نیتشە و ئێتیکی هیچگەرایی

وێنەی نیتشە وەک ڕەخنەگرێکی سەرسەخت و بوێر لە جیهانبینی مەسیحییەت، سەرشاری هزری ئەو پێکدێنێ. ئەو وێنەیە وێنەی پیاوێکە کە ڕاشکاوانە دژی

هەموو چەشنە ئەخلاقگەراییەکە، جا لەکن نیتشە ئەو ئەخلاقگەراییە هەر چەشنە ئەخلاقێک بێ، بەمجۆرە تا ئێرە ئەو خاڵانەی کە لەسەرێ ئاماژەمان پێکردن بریتی بوون لە جیاوازییە زەقەکانی نیتشە کە لەنێوان «ئەخلاقی سەروەر» و «ئەخلاقی کۆیلە»دا دەیبینی. ئەوە ئازارکێش، کۆیلە، چەوساوەکانن کە بەهایە ئەخلاقییەکانی دیکە بە ئەخلاقی دەکەن. ئەو تایبەتمەندیانە هەموویان بنەما بۆ ژیانێکی وا خۆش دەکەن کە کۆیلەکان بێدار ببنەوە. ئەخلاقی کۆیلەیی تەنیا هەست بەدژایەتییەکانی نێوان «باش» و «خراپ» دەکا، بەڵام خراپ دەبێتە بەهێزترینیان. لەڕوانگەی ئەخلاقی سەروەر یان باڵادەستەوە «بەدی و خراپی» لای ئەخلاقی کۆیلە دەبێتە ئەخلاقێکی نموونەیی. بێدەسەڵات دەبێتە «باشە»، ترسنۆکیش دەبێتە «خۆ بەکەم گری». کۆیلە ڕقی لە دوژمنەکەی نییە، بەڵکو ڕقی لە«ناڕاستی»، «بێ خوایی»یە.

نیتشە دژی ئەخلاقی لەرزۆکە، چونکە بەلای ئەووەوە ئەخلاق بوار بۆ «ژیانێکی پاکیزەیی» خۆش دەکا. هەربۆیە بەلای نیتشەوە، زانسی نوێباو میراتگرێکی ئەو ژیانە ئایدیالییە پاکیزەیەیە، چونکە زانستیش بڕوای بە هەقیقەت هەیە، بۆیە لەکن نیتشە بڕوایەکی کتومت بە هەقیقەت کێشەیەکی گەورەی زانستە. هاوکاتیش فەیلەسووفەکان عەوداڵن بەدوای هەقیقەتێکی میتافیزیکی. هەر بۆیە «زۆر بە ڕاشکاوی فەلسەفە ڕەخساو نەبوو، بەڵکو پەردەیەکی پاکیزەیی پۆشیوە، پاکیزەیەکی پەردەپۆشە، کەچی خودی پاکیزەیەکی خۆ دەستخەڕۆدەرە». (٨) ئەمەش ئاکامگیرییەکە لە خودی جیهانبینی هزری پلاتۆنی- مەسیحییەتدا. بە واتای نیتشە قەشەکان مامۆستای دیالێکتین، کە مرۆڤ ناچار دەکەن ببێتە کۆیلەی بەهاو پێوانەکان. هەر قەشەکانن کە بە مرۆڤە لاواز و هەژارەکان و... تاد دەڵێن پیاوی چاک.

ویستێکی کتومتی بۆ هەقیقەت کە دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بڕوا بوون بە «بەهای هەقیقەتێکی میتافیزیکی» و خودی جیهانبینییەکی نموونەیی، بڕواکردن بەزانست هەر بۆ خۆی واتای بڕوا کردن بە میتافیزیک، جیهانێکی دوور لەو واقیعە دەگەیەنێ، بێ خولیایەکی ڕووخێنەرانەیە. هەرچۆنێک بێت مرۆ پێویستە لەسەر ئەو وێنەیە شتێکی تر لە هەمبەر چەشنە پرسیارێکی ئاڵۆزی لەمەڕ نیتشە ڕابگەیەنێ، کە بە هەق هەتا ئێستاش هزرڤانێکی دانسقە و گرنگە. لە جەم نیتشەدا کە ئەوە ئەرکی فەلسەفەیە پێوانەی نوێ بۆ بەها دابهێنێ. ئەخلاقی نیتشە بەرزە مرۆڤ، ویستی دەسەڵات و لە دایکبوونەوەی هەتا هەتاییە. هەڵبەتەهەر بۆیە نیتشە هەمیشە بەرووی پلاتۆنیزم- ئەخلاقی مەسیحی هەڵدەشاخێ. لە دیدی نیتشەوە، جیهانبینی مەسیحییەت دەخوازێ خۆی لەسەرووی ڕاستیی واقیع دابنێ، ئەمەش خەیاڵاندنێکە کە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو بەهایە داڕێژراوە ببینێتەوە.

بەڵام ئەرستۆ و نیتشە لەسەر ئەوە هاوڕان، کە ئێتیک، بەرپرسیارییەتی واتای خۆناسین و خۆ بەڕێوەبردن دەگەیەنێ، هەروا هەردووکیان لە ڕوانگەی دەستپێکێکی بزواوی لەبارەوە، بیریان لە ئێتیک دەکردەوە. جیهانبینی مەسحییەت سەبارەت بە مرۆڤایەتی بریتییە لە ئەخلاقێکی نەگۆڕی دژوار. ئەوەی کە لە پشتەوەی گەردوونگەرایی مەسیحییەتەوە کار دەکات ئەو شتە سروشتییە نییە کە باس لە چاکەخوازی دەکا. لە مەڕ ئەو پرسەش ڕاڤەکارییەکی فرە کراوە. بەگشتی ئەو ئەخلاقگەراییەی مەسیحییەت وەک هەوڵێک بۆ دۆزینەوە پێناسە دەکرێ. لەو ڕوانگەوە، مێژووی کۆلۆنیالیزم و زەبر و زەنگێکە کە لەو هزرە گەردوونگەراییەوە لەدایک بووە. تەواوی زەبروزەنگییەکان و زیندان، دامەزراندنێکی مێژووین. ئەو تەرزە مێژووەش لە مەسیحییەتەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. لە هەمان کاتیشدا ئەوە مەسیحییەت بوو کە لاواندنەوە و بەزەیی بە ئازارکێشان بەخشی، کە بەمەش بوێریی چەپاند و لەرزۆک کرد. لەوەش زیاتر، ئەوە مەسیحییەت بوو کە پشتیوانی مرۆڤە وابەستەکانیان کرد، هاوکاتیش هەموو بەهایە سروشتییەکانی لینگەو قووچ کردەوە، ئەمەش زەمینەی ڕەوایەتیدانی بۆ هەموو نەخۆشی و ئازارخواردنێک خۆش کرد.

بڕواییەکی کتومتیش بەدژی بڕوایەکی پاکیزەیی نموونەیی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەکەوێتە ناو چوارچێوەی هەمان جیهانبینییەوە. توێژینەوەکانی زانست پشت بە بڕوایەکی میتافیزیکی دەبەستن، کە لەوێدا هەقیقەت شتێکی سەرەکییە. هاوکاتیش زانستکارەکان، کە گوایە بڕوایان بە ئایین نییە، سەرچاوەی بیرکردنەوەکانیان لە بنەمایەکانی مەسیحییەتەوە

وەردەگرن: خوا هەقیقەتیش خواوەندیی و پیرۆزە.

شایەنی وتنە نیتشە لەبنەمادا بڕوای بە هیچ چەشنە هەقیقەتێک نەبوو، هەقیقەتی نیتشە، بڕوا بوونەبە خودی بوونایەتی. «کە ڕازی نەبی بڕوا بە بوونی خۆت بکەی، کەنکۆڵی لە واقیعیەتی خودی خۆی بکەی- کە شتێکی بنەبڕە!» (٩) ئەخلاقی هیچگەرایانەی نیتشە وێنایەک نییە، بەڵکو شتێکی ئۆرگینال و خۆکردە. ئازارکێشانی نیتشە پشت ئەستووریی بوو بە خۆی و هەروا بۆ وێناکردنی ژیان پێوانەیەکی بێ وێنەی دژایەتییەکی ڕاستەوخۆ بوو. لە ڕوانگەی نیتشەوە، بەرزە مرۆڤ چەشنە مرۆڤێکی باڵاترە، مانایەکی ڕاستیی بە مێژووەکان دەبەخشێ. بەرزە مرۆڤی نیتشە لە گەوهەرکەیدا خۆی لەژێر ڕکێفی قانوونەکاندا سەرفراز کردووە.

هاوکاتیش لەکن نیتشەدا بیرۆکەی لە دایک بوونەوەی هەتا هەتایی تەرزە هەوڵێکی ئێتیکی دەگەیەنێ. ئەو بیرۆکەیە، لای ئەو، نوێنەری تیۆری لەمەڕ گەڕانەوەی هەتا هەتایی بەرجەستە دەکاتەوە. دیۆنۆسۆسی نیتشە جۆرە خوازەیەکە بۆ ئەو بەرزە مرۆڤەی کە ئەو عەوداڵی بوو. دیۆنۆسۆس مرد و وەک خوایەکی گەردوونی لەدایک بووەوە، کە بووەخودان دەسەڵاتی ژیان و بووناندن و مەرگ.

نیتشە لە بەشی دووەمی کتێبی «ڕەچەڵەکی ئەخلاق»دا سەبارەت بە لەدایکبوونەوەی ناوەکی دەپەیڤێ. نیتشە ئەو دەرەکی و ناوەکییە وەک یارییەکی هێز یان وزە پێناسە دەکا. هێزە ناوەکییەکە ڕوو لەسەرەوە دەکا و هێزە دەرەکییەکەش ڕوو لە هێزی ناوەکی دەکا. لەدیدی نیتشەوە هەر خودی ئەو پاڵەپەستۆیە بە زۆرەکییەش ئەو مرۆڤە نوێباوەی داهێناوە. نیتشە بەم جۆرە لەسەر هێزی دەرەکی دەپەیڤێ. «دوژمنایەتی، درندەیی، حەزی ڕاوەدوونان، دەست درێژکردن، کاولکردن- کاتێک گشت ئەمانە کتوپڕ بەڕووی هەموو کەسێک بووەوە کە ئامانجی هێمایەکەی بۆ ئەو چەشنە درککردنانە نیشان دا، وێجا هەرچی «ویژدانی خراپە» لەدایک دەبێ!» (١٠)

## دوا پەیڤ لە چرکردنەوەیەکدا

لەم وتارەدا هەوڵماندا پوختەی ڕوانگەکانی ئەرستۆ و نیتشە لەمەڕ پرسی ئێتیک، بەرپرسیارییەتی نمایش بکەین. لێرەدا وەک پوختەکردنەوەیەک لە کۆی ئەو وتارەدا دەخوازم بڵێم، کە ئەرستۆ و نیتشە، وێڕای جیاوازییەکانیشیان، کەچی ئەوان هەردووکیان لە تێڕوانینیاندا بۆ ئێتیک وەک مەرجێک بۆ خۆناسین یان لە خۆگەیشتن هاوڕان، هاوکاتیش ئەوان ئێتیک وەک پرسێکی بنەڕەتی سەیر دەکەن.

لەکن ئەرستۆ مەرجەکانی ئێتیک ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ باڵاترین ئاستی چاکەکاریی فەراهەم بکا. ئەرستۆ پێی وانییە ئەگەر مرۆڤ لەسەر شتە هاوبەشە چاکەکان خاوەن زانیاری بوو، ئیدی ئاکاری چاکە ناخی هەموو تاکەکەسەکان هاندەدا کەبەسەر خودی خۆیاندا زاڵبن. لێ بەبڕوای ئەو، ئەوە ئەرکی ئەخلاقە کە مەیلەکان بەرزەفت بکا، چونکە مەیل یان غەریزە بەندە بە چالاکی ڕۆحییەوە. هەربۆیە لەدیدی ئەرستۆوە چالاکی ڕۆح شتێکی نەرێ/ نێگەتیڤە، کەچی لەکن نیتشە ئاکاری باڵا و چاکە شتێکی نێگەتیڤە، چونکە واتای ملکەچی لەبەرانبەر نۆرم و پۆلێنکردن دەگەیەنێ.

لێرەوە پرسیاری ئێتیک/ بەرپرسیارییەکی ئازادانە لە جەم نیتشە بریتییە لە بیرۆکەیەک لەسەر ژیان کە ئەویش ویستی دەسەڵاتە، شێوازی ڕەفتارێکی ئێتیکی بریتییە لەوەی کە مرۆڤ دەسەڵاتی ناوەکی خۆی بخرۆشێنێ، تاکو بتوانێ کردە ئەنجام بدا و ببێتە سەردارو باڵادەست بەسەر خۆیەوە. نیتشە هێندە سەرگەرمانە شەیدای وێرانکردنی بەهایە چەقیووەکانە، هەتا دەگاتە ئاستێک کە «بەهایەکان بەبێ بەها دەبن».

هاوکات وەک نیتشە لەکتێبی «ڕەچەڵەکی ئەخلاق» پێمان دەڵێ، کە لەکن کانت ئەرکی ئەخلاق بریتییە لە مەرجێکی سەپێنەرانەی هەست. هەروەک کانت دەیگوت، مرۆڤ بۆ ئەوە دەژی تاکو مەرجە سەپێنراوەکان یان ئەرکە دەستنیشانکراوەکان ئەنجام بدا، بۆیە لەکن کانت، ئەو چەشنە ئاگاییە لە مەرجی ئەرک بریتییە لە سەرەکیترین و گرینگترین مەرجی ئەخلاق. هەربۆیە کانت ئەو ئەرکە مەرجدارە بە «پەیامێکی دانراوی پۆلێنکراو/ kategoriska imperative» ناودێر دەکا.

لەو ڕوانگەوە کانت چارەنووسی مرۆڤ بە ئامێزی باڵاترین گەوهەر (ئێسێنس) دەسپێرێ. ئەو گەوهەرەش، لە دیدی ئەخلاقیانەی کانتەوە، کە بناخەی ژیانی مرۆڤە. بە بڕوای کانت، مرۆڤ هیچ بەڵگەیەکی تیۆریی لەبەردەستدا نییە کە بتوانێ بڕیار لەسەر بوونی خوا بدا.

هەر بۆیە ئەخلاق لای کانت، وەک نیتشە دەفەرمووێ: «هێشتا هەندێ بەخت هەڵێنان لە ئارەزووی پاکیزەگەراییەکی دوو شاخانە لای ئەو ماوە، کە حەز دەکا ئاوەز بە دژی خودی ئاوەز بکاتەوە...» (١١) لە ڕوانگەی کانتەوە ئەو ئاگاییە ئەخلاقییە دەبێ گریانەی بالاترین دەسەڵات بکا. وەلێ هەروەک لەدەستپێکدا ئاماژەم پێکرد، لەم ڕۆژگارەدا ئەو بالاترین دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایی «سەرووی خود»ی مرۆڤ دەکا، چونکە ئەو دەسەڵاتە لە «سەرووی من» بووە بە ئەرکێکی سەپێنراو بەسەر مرۆڤدا، کە بە ویستی خۆی ژیانی ئەو مرۆڤە نوێیە ئاراستە دەکا. بەم جۆرە مرۆڤی ئەمڕۆ لەژێر بالادەستی ئەو سەرووی منەدا، بە چەشنێک بەرزەفت کراوە کە نەتوانێ وەک خودی ئەو منە ڕەسەنەی ڕەفتار بکا. لە بۆیە، لە دیدی ئەرستۆوە، ناخی ئەو «سەرووی من»ە قەڵەمڕەوە هەرگیز ناتوانێ هاوئاهەنگ بێ، چونکە وەک نیتشە دەیوت: «... مرۆڤ نەخۆشتر، نادڵنیاتر، لە هەر ئاژەڵێکی تر زیاتر کاریگەرترە...»، مرۆڤ ئاژەڵێکی نەخۆشە. مرۆڤ، ئەو جەربێنەوە گەورەیەیە لەگەڵ خودی خۆیدا، هەمیشە تێرنابێ، هەمیشە برسییەتی کە لە ژیانیدا لە پێناوی ئەوپەڕی دەسەڵاتداریدا، بەدژی ئاژەڵ، سروشت و خوایەکاندا دەجەنگێ. مرۆڤ بێجگە لە ویستی خودی عەدەم هیچ خواستێکی تری نییە.» (١٢) هەر بۆیە مرۆڤ هەمیشە ناچار دەکرێ یان ناچارە لە ژیاندا بەشێوەی ڕەفتارێکی لێکدژدا/ پەرادۆکسال ژیان بەسەر ببا. ڕۆژگارێکی مرۆڤکوژ، کە لەژێر پەردەی دیموکراتی، لیبرالیزم و...تاد، ئەو ژیانە نوێباوەمان بۆ دەنەخشێنێ و ئاراستەمان دەکا. ئەم ڕۆژگارەی کە تێیدا دەژین هەمان ئەو ئەخلاق سالارییە، کە نیتشە تەنیا بێ پەروا هەوڵیدا مرۆڤ بۆ ناو ڕووناکی جیهانەکەی، ناوجۆش و خرۆشەکەی خۆی داوەت بکا. لێ مرۆڤگەلی ناخ کۆیلە هەمیشە حەز دەکەن لەناو ئەخلاق سالارییەک بمێننەوە، کە کۆیلەدارەکانیان پێیانی بەخشیون.


**ژێدەرەکان:**

**1- Arstoteles, Den nikomachiska etiken/ over. Marten ئێتیکی نیخۆماتیکی Ringbom, Daidalos, Goteborg, 1993,**
**هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٣٢**
**2- 30 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**3- 160 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**4- 159 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**5- 275-272 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**6- 23 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**7- 49 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**8- Nietzsche, Om moralens harstaminin, over. Jan Sjogren, Bokforlaget Raben Prisma, 1994.**
**9- 139 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**10- 94 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**
**11- Nietzsche ،لاپەرە:139**
**12- 142-191 هەمان سەرچاوە، لاپەرە**

# ڕۆڵ و کاریگەریی یاساگەرایی لە تەندروستی سایکۆلۆژیایی کۆمەڵگەدا

د. ئیرەج سولتانی
لە فارسییەوە: جەمال محەمەد هەڵەبجەیی
(هەڵەبجە)

ئێستا تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە، ڕۆڵی سەرەکی لە گەشەسەندن و تۆکمەیی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت و ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ژێرخانی گەشەسەندن، مرۆڤگەلێکی پەروەردەکراو و دروستی وان کە بتوانن لە پاڵ یەکدیدا لە پێناو بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگەدا چالاکی بنوێنن، ئەوەی کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بتوانن یەکدی بخوێننەوە بەرامبەر بەیەکدی لێبوردنیان هەبێت، لەگەڵ یەکدیدا خۆش ڕەفتاربن، یارمەتی یەکتر بدەن، بەرامبەر بەیەکدی گەشبین بن و تاد...، پەیوەستە بە ڕێژەی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە، لە بەهێزکردنی تەندروستی سایکۆلۆژیدا کۆمەڵە فاکتەرێکی جۆراوجۆر ڕۆڵیان هەیە، یەکێک لەوانە کە ڕەهەندێکی گشتی هەیە یاساگەرایی و یاساخوازی، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی یاساگەرایی لە پەرەپێدانی ئاستی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە. لەم وتارەدا کار لەسەر ئەوە کراوە کە چەمکی دروستی سایکۆلۆژی و چەمکی یاساگەرایی ڕوون بکرێتەوەو باشتر ئاوڕ لە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەری یاساگەرایی لە بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئاستی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا بدرێتەوە.

### چەمک و پێناسەی تەندروستی سایکۆلۆژی

تەندروستی سایکۆلۆژی؛ زانستێکە بۆ باشتر ژیان و خۆش گوزەرانی کۆمەڵایەتی کە هەموو لایەنەکانی ژیان لە ژینگەی ماڵەوە تا قوتابخانە و زانکۆ و شوێنی کارو

هاوشێوەکانی دەگرێتەوە. ئەوەی کە لە تەندروستی سایکۆلۆژیا بەر لە هەموو شتێک بەرچاوە «ڕێزنانە لە کەسایەتی و ئابڕووی مرۆڤ» و تا ئەو ساتەی کە ئابڕوو و ڕێزی تاک نەپارێزرێت سلامەتیی هزرو هاوسەنگی سایکۆلۆژی و چاک بوونی پێوەندی مرۆڤایەتی واتا و چەمکێکی نابێت، لەسەر ئەم بنەمایە تەندروستی سایکۆلۆژی بە هونەر یاخود زانستێک دادەنرێت کە یارمەتی تاکەکان دەدات بە دۆزینەوەی چەند شێوەیەکی ڕاست و دروستی سایکۆلۆژی و عاتیفی، لەگەڵ ژینگەی خۆیدا سازگاری بەدەست بێنێت و بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان لە ڕێگەی شیاوەکانەوە هەنگاو هەڵگرێت.

تەندروستی سایکۆلۆژی واتە بەرگری کردن لە بەرامبەر سەرهەڵدانی پەرێشانییە سایکۆلۆژییەکان و تێکچوونی هەڵسوکەوتی تاکەکان و سلامەت سازیی ژینگەو کەشی ڕەوانی کۆمەڵگە ژێرخانی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە، بوونی کەسایەتی گەلی ساغە لە کۆمەڵگەدا، واتە هەر چەندێک تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەک لە کەسایەتییەکی ساغتر بەهرەمەندبن ڕێژەی تەندروستی سایکۆلۆژی ئەو کۆمەڵگەیە بەرزترە، بەپێی ئەم بنەمایە، تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی ساغ لە ڕوانگەی ئالپۆرت-ەوە دەخەینە ڕوو تا بەو پێیە بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ چنگ خستنی ئەو تایبەتمەندییانە بۆ بەرزکردنەوەی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە یارمەتییەکی کاریگەر پێشکەش بکەین.

١- تاکی بەهرەمەند لە تایبەتمەندی و سایکۆلۆژی ساغ ئاشنایە بەو ئەندێشە جۆراو جۆرانەی کە لەلایەن کەسە جۆراوجۆرەکانەوە دەخرێنە ڕوو، پێوەندیی خۆی لەگەڵ خەڵکیدا دەپارێزێ و لەپێوەندیی خۆی بەکەسانی دیکەشەوە هەست بە دڵنیایی دەکات.

٢- دەتوانێ عیشق و خۆشەویستی و دۆستایەتی بەرامبەر بەدایک و باوک و زارۆیان و هاوسەر و دۆستانی نزیکی خۆی بنوێنێ.

٣- کەسایەتیی ساغ توانای دەرک و بەرگەگرتنی ئازارو سۆز و ترس و ئەو جۆرە تێکشکانە جیاوازانەی هەیە کە لەتایبەتمەندێتی ژیانی مرۆڤن.

٤- هەوڵی چاکسازیی کەموکوڕییەکانی خۆی دەدات و تەسلیمی خاڵە لاوازەکانی خۆی نابێت.

٥- هەستەکانی خۆی ناچەپێنێت، بەڵکو لە ڕێڕەوێکی لەبارتردا ڕێنماییان دەکات.

٦- واقیعەکانی ژیان ناشێوێنێت و واقیع بینانە دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەری.

٧- تەسلیمی ناکامییەکان نابێت.

٨- دەگاتە ئاستێکی بەرزی خۆناسین و بینایییەکی وای هەیە کە بەپێی پێویست خۆی بناسێ و جیاوازیی نێوان ئەوەی کە بەڕاستی هەیەو ئەوەشی کە مەیلی لێ هەیە دەناسێت.

## چەمکی یاساگەرایی

یاسا خوازی و یاساگەرایی لە کۆمەڵگەدا بە واتای قەبووڵکردنی لۆژیکی یاسایە، بەو واتایەی کە هەر چالاکییەک بتوانێت بەشێوازێکی یاسایی ئەنجام بدرێت، ئەم پرۆسەیە بەواتای دۆگمابوونی یاسا نییە بەڵکو پێداویستی ئەوەیە کە لەهەر قۆناغێکی گەشەو بزاوتی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەو بزاوتنەدا، یاساییانەو یاساخواز بین و ڕەفتارمان ڕەنگدەرەوەی تەواوی ئەو بێت. بەشێوەیەکی گشتی لە چەمکی یاسا گەراییدا ئەم ڕەگەزانە هەیە: ١- ڕێوڕەسم؛ ئەخلاق خوازی ٢- نەزم خوازی؛ ٣- تێڕوانینی پتەوی؛ ٤- بەڵگە هێنانەوە؛ ٥- دامەزراوی وجێگربوون؛ ٦- ئامانج خوازی؛ ٧- واقیعی بوون.

## ڕۆڵ و کاریگەریی یاسا خوازی لەتەندروستیی سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەدا

تەندروستیی سایکۆلۆژی لەکۆمەڵگەدا ڕشتەیەکە لە ڕشتەکان، بەو واتایەی خاوەنی چەندین ڕەهەندی جیاوازە کە زانست و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لە پەرەپێدان یان کەوتنیدا ڕۆڵیان هەیە، لە ڕۆڵی یاساگەرایی لە بەهێزکردن و گەشەپێدانی تەندروستیی سایکۆلۆژیدا دەتوانین ئەم ڕەهەندانەی خوارەوە دەسنیشان بکەین.

**١- مشتومال کردنی سۆزو دۆستایەتییەکان بە ڕەچاوکردنی یاسا**

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە دەبێتە هۆی واتادار بوونی عاتیفەو هەستەکان و وایان لێدەکا پێویست بن، بوونی یاساو ئەخلاقی کۆمەڵایەتییە کە دەبێتە هۆی کارکردن و ڕێزی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە کاتێک کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەیەک ڕێز لەیاسا دانراوەکان دەگرن و پراکتیزەیان دەکەن ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دۆستایەتی و خۆشەویستی زیاتر ببێت و ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە جەماوەر لە زەمینەیەکی هاوبەشدا جووڵاونەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی یاساگەرایی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا دەبێتە هۆی مشت و ماڵ کردنی عاتیفە و دۆستایەتییەکان لە کۆمەڵگەداو دواجار یارمەتیی

گەشەسەندنی تەندروستیی سایکۆلۆژی دەدات:
* هاوکـاری و یارمـەتیـدانی یەکـتـری ئەندامـانی کۆمەڵگە بەهێز دەبێت.
* بە بایەخ پێـدانی هەمـوان بە یاسـا، چاوپۆشـیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بە یەکدی بەهێز دەبێت.
* ناهەمـاهەنگیـیـەکـانی کـۆمـەڵگە لە ڕەهەندی یاساگەراییەوە بە نزمترین ئاست دەگات.
* تێڕوانینی گشتی بەرامبەر بە یاسا بەهێز دەبێت.

**٢- تێرکردنی نیازی ڕێکوپێک دۆستی**

ڕێکوپێک خـوازی یەکـێکە لە پێـداویسـتـیـیـە دەروونیـیـەکانی مرۆڤ، هەمـوو کەس ئارەزوویەتی کە خۆی ڕێکوپێک بێت و ژینگەی دەوروبەریشی ڕێکوپێک بکات، لە ڕێگەی یاسـا گـەراییـەوە، ڕێکوپێکی لە تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەچێنرێت و لەم ڕێگەوە زەمینەی سوود وەرگرتنی بەجێ لەکات، ئیمکانیات، بەڕێوەبردنی شـێـوە نامـەکـان، شـێـواز و یاسـایی بوون پێک دێت، بەشـێـوەیەکی گـشـتی ڕێکوپێک خـوازی لەم ڕێگانەی خـوارەوەدا یارمـەتیی پەرەپێـدانی ئاسـتی دروسـتی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە دەدات:
* لە سایەی ڕێکوپێکیدا بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆ پێکەوە گرێ دەدرێن.
* ڕێکوپێکی زەمینە خۆشکەری سوود وەرگرتنی بەجێ لە بەهرەکانی کۆمەڵایەتییە.
* ڕێکوپێکی خـوازی پاش مـاوەیەک دەگـۆڕدرێت بۆ خۆڕێکوپێکی.
* فەرهەنگی بەرنامەڕێژی لەکۆمەڵگەدا بەهێز دەبێت.
* تاکـەکـانی کـۆمـەڵگە بەرامـبـەر بە کـات و زەمـەن هەستیار دەبن.
* تاکـەکـانی کـۆمـەڵگە بۆ کـاروبارەکـانی خـود ئەولەوییات بە خەرج دەدەن.

**٣- بەرقەرارکردنی هاوسەنگیی بەجێ لەنێوان هەست و لۆژیکدا**

لەسایەی یاساگەراییدا، عاتیفەو هەستی تاکەکانی کـۆمـەڵگە پاڵفـتـە دەکـرێن و سـوودبەخش دەبن، بەشـێـوەیەکی ئاسـایی کاروبڕیاردان لەڕووی عـاتیـفـەوە ئاکـامـێکی باشی بۆ تاک و کـۆمـەڵگە نابێت، بەڵکو پێکەوە گرێدانی لۆژیک و عـاتیـفە کارسازو سوودبەخش دەبێت، یاسا خـوازی دەبێـتـە هۆی ئەوەی کـە تاکـەکـان بتوانن هاوسەنگییەکی بەجێ لەنێوان لۆژیک و عـاتیفەدا بخـوڵقێنن و هەوڵبدەن لە گوفـتـار، ڕەفـتـار، بڕیاردان و قـەزاوەت کردندا کـەمـتر لەسەر عـاتیـفـەو هەسـتـەکان پێ داگـرن و جـێگەیەکـیش بۆ بەڵگەو لۆژیک لەپێش چاو دەگـرن، بەشـێـوەیەکی ئاسـایی بڕیاردان لە کـەشـێکی عـاتـفـیی زۆر توندو بێ لۆژیکدا، زۆر نامـێنێـتـەوە و تەندروسـتـیی سایکۆلۆژیی کـۆمەڵگەش پاش مـاوەیەک دەڕووشـێـت و کـێـشـە بۆ دەزگـاو تاک دەخـوڵقـێنێ، بەشـێـوەیەکی گـشـتی یاسـا خـوازی لەم سـۆنگانەی خوارەوەدا دەبێـتە هۆی بەدەسهێنانی هاوسەنگیی نێوان هەست و لۆژیک و یارمـەتیی پەرەپێـدانی ئاسـتی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە دەدات:
* بەهۆی یاساگەرایی، تاکەکان لەکاتی خۆشحاڵی و تووڕە بووندا خۆیان لە قەزاوەت و بڕیاردان دەپارێزن.
* لە کاتەکانی هەڵچوون و سەرکەشیدا بەپێوەرەکانی یاساو لۆژیک دەجووڵێنەوە.
* هەق بێژی ناکەنە قـوربانیی بەسـتەم لێکراو نوێنیی تاکەکان.
* هەمـیـشـە خـەسـتـێـتی هەسـتـەکـان بە لۆژیک شل دەکەنەوە.
* هەست و عاتیفەکان بەیاساو ڕێساکان دەپاڵێون.

**٤- تۆکمە کردنی یەکێتی نەتەوەیی**

بەهەر ئەندازەیەک تاکەکـانی کۆمـەڵگە خاوەنی خـاڵی هاوبەشی دەوڵەمـەندترو زیاتر بن پلەی تەندروسـتی سایکۆلۆژییان بەرزتر دەبێتەوە، لەم سۆنگەوە فەرهەنگی ئایینی و نەتەوەیی کە جەخت لەسەر یاسا خوازی دەکەن پێکەوە دەتوانن کـۆمـەڵگە لەسـەر ڕێگایەکی ڕاست و بەمەبەسـتـێکی ڕۆشنەوە بخەنە ڕێ، بە بەردەوامبـوون و قـووڵبـونەوە لەم ئەندێشـەو هەست و بیـروباوەڕە ڕاسـتـە دەتوانرێت لەجـیـهـانی پڕ لە هەڵدێری ئەمـڕۆدا بگەینە ئامـانجـە نەتەوەییـەکـان، یاسـاگـەرایی یەکـێکە لەو پێکهـاتانەی کـە بەباشی دەتوانێت لە بەهێـزکـردنی یەکێتیی نەتەوەییدا ڕۆڵ بگێڕێت، بەشێوەیەکی گشـتی یاسـاگـەرایی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا لە بەهێـزکـردنی یەکێتیی نەتەوەییدا ڕۆڵی هەیە و بەرزێتی دەبەخشـێتە دروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە:
* بوونی دیدێکی گشتییانە بۆ ڕەچاوکردنی یاسا؛
* بوونی دیدی یارمـەتیدانی یەکدی لە فـەزای یاسـا گەراییدا؛
* بوونی حەساسیەتی گشتی لە بەکارهێنانی شیاوی یاساو ڕێساکاندا؛
* بوونی ڕۆحـیـەتی بەشـداریکردن لە بڕیار سـازی کۆمەڵگەدا؛
* هێنانەکایەی بەشداریکردنی نەتەوەیی لە ڕیفۆرم و

چاکسازیی یاساکاندا؛

* بوونی تێڕوانینی سنیرتیکی-یانە بۆ دەستووری بنەڕەتیی وڵات.

**٥- فێرکاری یاساناسی**

بەشێوەیەکی ئاسایی ئاشنابوونی جەماوەر بە یاساکانی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە تەندروستیی سایکۆلۆژیی کۆمەڵگەدا، بەڵام فێرکاری یاساو ڕێو شوێنەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی کلاسیکی و ڕەسمییانە کاریگەریی ئەوتۆی نییە، بەم پێیە یەکێک لەو شێوازانەی کە جەماوەری کۆمەڵگەیەک دەتوانن لە یاساکان ئاگادار بن بۆ بەهێزکردنی دروستی سایکۆلۆژیی خۆیان و کۆمەڵگە لێیان بەهرەمەندبن، بەکار بردنی ئەو یاسایانەیە. یاساگەرایی و بەکارهێنانی یاسا تەنانەت بەشێوەیەکی ناتەواویش بێت دەبێتە مایەی کارکردنی تاکەکان بەیاساو ڕێساکان و لەم ڕێگەوە خوو بە یاساکانەوە دەگرن، سەروەریی یاسا خۆی لەخۆیدا فێرکردنی یاسایی بەشێوەیەکی پراکتیکی بە دوادا دێت، بەشێوەیەکی گشتی فێرکاری یاساناسی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا زەمینەی بەهێزکردنی دروستی سایکۆلۆژیی کۆمەڵگە دەسازێنێت:

* تاکەکان بە ڕۆح و فەلسەفەی یاسا ئاشنا دەبن.

* میسداقییەتی بەکارهێنانی یاسا بۆ جەماوەر ڕوون دەبێتەوە.

* تاکەکان بە ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون لە بواری یاساگەراییدا یەکدی تەواو دەکەن.

* خاڵە بەهێزو لاوازەکانی یاسا دەردەکەون.

* سنووری ئەرکی هاوڵاتیی تاکەکان دیاری دەکرێت.

* گەرموگوڕی و گەشەسەندنی باس و لێتوێژینەوە لەمەڕ یاساو باڵا دەستیی یاسا بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێت.

* شیمانەی سوود وەرگرتنی یەکسان لە یاسا بۆ هەمووان پێک دێت.

**٦- پراکتیزە کردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا**

یەکێکی دیکە لەو پێکهاتانەی کە ڕۆڵی ژێرخانی و بەرجەستەیی هەیە لەتەندروستیی سایکۆلۆژی هەر کۆمەڵگەیەکدا دادپەروەرییە لە زەمینە جۆراو جۆرەکاندا، لەو میکانیزمانەی کە بەهۆیەوە دەتوانرێت دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا قووڵ بکرێتەوەو بەربلاو بکرێ زاڵ کردنی یاسایە، هەرکاتێک کە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک بەکردەوە هەستیان کرد کە لەڕێگەی یاساوە ماف دەدرێتە خاوەن ماف، گومان و ئیرەیی بەرامبەر بەیەکدی، دوژمنایەتی، ناکۆکیی خراپ، دژایەتی، دوژمنایەتی و تاد... لەکۆمەڵگەدا جێگەی خۆیان دەدەنە دۆستایەتی، برایەتی، هاوکاری، مرۆڤدۆستی... کە ئەم چۆنایەتییانەش لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی بەرزو بەهێزکردنی ئاستی دروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گشتیی یاساخوازی لەم ڕەهەندانەی خوارەوەدا یارمەتیی دادپەروەری دەدات و لەسەر بەرز ڕاگرتنی ئاستی تەندروستیی سایکۆلۆژیی کۆمەڵگە کاریگەرە:

* بە یاسا گەرایی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی خەڵکی دابین دەبێت و لەم حاڵەتەدا دادپەروەری پراکتیزە دەبێت.

* بە یاسا گەرایی دروشمی یەکسانی هەمووان لە بەرامبەر یاسادا دێتە ئەنجام، ئەمەش لە پەرەپێدانی دروستی سایکۆلۆژیدا ڕۆڵێکی دیارو گرنگی هەیە.

* بە یاساگەرایی ماف دەدرێتەوە خاوەن ماف و ڕاستێتیی ئەو دروشمەی کە کەمترین ڕێژەی ڕێکوپێکی باشترە لە ناڕێکوپێکی دەردەکەوێت.

* بە یاساگەرایی ئاسایشی تاکەکان دابین دەکرێت.

* بەیاساگەرایی هاوسەنگی نێوان سزاو یاسا شکێنی بەرقەرار دەبێت و لە ئاکامدا تاکی یاساشکێن بە سزاکەی قایل دەبێت.

**پوختە و ئاکام**

بەرز کردنەوەی ئاستی تەندروستی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە خێراترو باشتر شوێن ئامانجەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی بکەوێت و بەرگری بکا لەو زیانە فەرهەنگی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە لەوەوە پەیدا دەبن، لەو ڕوانگەیەوە کە مرۆڤەکان ژێرخانی گەشە سەندنن دەبێت جەستەو هزرو سایکۆلۆژییان بەشێوەیەکی ساغ و سەلامەت بخرێتە خزمەتی ئامانجەکانی کۆمەڵگەو کاتێکیش ئەم کارە دێتەدی کە تاکەکان لە سەلامەتی هزری و دروستی سایکۆلۆژی شیاو بەهرەمەندبن، بۆ بەرزکردنەوەی گەشەسەندنی ئاستی تەندروستیی سایکۆلۆژی، چەندین میکانیزمی بەرفراوان هەن کە یەکێک لەوانە پەرەپێدانی یاساگەراییە کە دەتوانرێت بەبێ سەرمایەیەکی زۆر و بەشێوەی خۆڕسک لەو ڕەهەندانەی کەلەم بابەتەدا باس کران پێداویستییەکانی ئاستی تەندروستیی سایکۆلۆژی کۆمەڵگە دابین بکەن..

**سەرچاوە:**

**إطلاعات سیاسی اقتصادی، ژ ١٥٣- ١٥٤**

# سەرنجێک
# لە دیرۆکی خوزستان

عەباس سلێمان سمایل

سەرنجێک لە دیرۆکی خوزستان کتێبێکی (٣٢٨) لاپەڕەیە لەلایەن (نیرەزمان ڕشیدیان) بە زمانی فارسی لە ساڵی (١٣٦٧) هەتاوی (١٩٨٧ز) لە ئەهواز ڕووناکی چاپی بینیوە ڕەشیدیان بە ڕەگەز ئەرمەنییە و لە هەموو بوارەکانی خوزستان دواوە و زیاتر گرنگی بە دیرۆکی کۆنی بەر لە ئیسلامی خوزستان داوە، بەڵام بەداخەوە زۆر بە کورتی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی خوزستان دواوە و هەرچەندە دەڵێت بەشی باکووری خوزستان لوڕ نشینە و ڕۆژهەڵات و باشووری ئەم ئوستانە ئەنزانی نیشینە واتە بەختیاری و ناوچەکانی (سوسەنگەرد، خوڕەم شەهرو ئەهواز) زۆربەی دانیشتوانی عەرەبن، جا هەرچەندە بەختیارییەکانی جیاکردۆتەوە لە لوڕەکان و بە کوردیشیان نازانێت، لەگەڵ ئەوەشا دەڵێت لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئیلامییەکان، ڕۆژهەڵاتی خوزستان کە دەکاتە کوێستانەکانی ئەمڕۆی بەختیاری فارسن.

## بابەتەکانی ئەم کتێبە

### سەرزەمینی ئیلام

نووسەر دەڵێت: بە قسەی پسپۆرانی دیرۆکی و باستان ناسان، نوحی پێغەمبەر لە خاکێکی نزیک بە خوزستان ژیاوە، لەم دواییەش کتێبخانەیەکی سۆمەری کە ٦٠,٠٠٠ خشتە قوڕی نووسراوی تێدابوو، لە شاری نیپور بە دووری (٩٥) میل لە باشووری بەغداد دۆزراوەتەوە و ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات کە کۆنترین هەواڵ لە بارەی نوح لەم خشتە قوڕینانە بەدەست کەوتووە، کە پێنج مانگ بەر لە ڕوودانی لافاو، نووسینەکان نووسراوەتەوە و ناوی نوح بە (زئوس ئودرا) بە ڕەگەز سۆمەری هاتووە و دانیشتووی شاری شوروپاک بووە و هەر لەو شارە کەشتییەکەی دروست کردووە،

لەدوای تەواوبوونی لافاو یەک لە نەوەکانی نوح بەناوی ئیلام کوڕی سام کوڕی نوح ئەم ناوچەیەی ئاوەدان کردۆتەوە و بەناوی ئیلام ناسراوە.

## سنووری ئیلامی کۆن

وڵاتی ئیلام کەوتبووە نێوان فارس و کلدە (عیراقی عەرەبی) و میدی (عیراقی عەجەم)، کە هەموو خاکی بەختیاری و لوڕستانی ئەمڕۆ بەشێک بوون لەم وڵاتە. مێژوونووسان دەڵێن سنووری ئیلام لە بوشەهر، تا قەسری شیرین درێژ دەبێتەوە و شوێنەوار ناسان پاشماوەیەکی زۆری نووسین و کەرەستەی ئیلامیان لە بوشەهر و چەند ناوچەیەکی دیکە دۆزیوەتەوە هەندێک لە مانە فلزن و نووسینەکانیش بە خەتی بزماری و زمانی ئیلامییە.

لەبارەی مێژووی زنجیرەی پاشایانی ئیلام دەڵێن بە گوێرەی نووسینە ئیلامییەکان، پاشایانی ئیلام دابەشی سەر سێ زنجیرە کراون، یەکەمیان زنجیرە پاشایانی ئاوانە، ژمارەیان (١٢) پاشایە و دەوروبەری (٥٠٠) ساڵ حوکمیان گێڕاوە، زنجیرەی دووەمی فەرمانڕەوایانی ئیلام (سیماش)ە کە دەوروبەری (١٥٠) ساڵ حوکمیان گێڕاوەو ژمارەی پاشایانی ئەم زنجیرەیە (١٠) پاشایە و سێیەم زنجیرەش بە ئانزان ناسراوە، کە لە ساڵی (١٣٠٠- ١١٢٠پ ز) حوکمیان گێڕاوە، واتە بۆ ماوەی (٢٠٠) ساڵ حوکمیان گێڕاوە و دامەزرێنەری ئەم زنجیرەیە (ئیکهالکی) بووە.

لە پادشا بەناوبانگەکانی ئەم زنجیرەیەش (ئونتاش گال)ە، کە شاری دور ئینتاشی لە شوێنی جغاز نەبیلی ئەمڕۆ دروست کرد کە ٣٠کم لە باشووری شوشە.

هەروەها لە پاشا بەناوبانگەکانی ئەم زنجیرەیە (شوتروک ئاخونتەیە) کە پەرستگایەکی لە شاری شوشی دروست کرد، ئەم پاشایە لە ساڵی ١١٦٠ شاری بابلی گرت و دوا پاشای کاسی کوشت و کوڕەکەی بەناوی گوتیە ناخونتی لە شوێنی داناو تاڵانی بابلی گواستەوە بۆ شوش، لەوانە یاساکانی حەموڕابی و تابلۆی ئارام سین و پەیکەری مردۆخ خوای گەورەی بابلیانی لەگەڵدا بوو.

لە ساڵی ١١٢٠ پ.ز حکومەتی ئیلام بەدەستی نەبو خودنەسەر لەناو دەچێت و دواتر لەساڵی ٧٤٢پ ز بۆ ماوەیەکی کەم زیندوو دەبێتەوە، بەڵام لە ساڵانی ٦٦٨-٦٦٣ پ ز بە یەکجاری بەدەستی ئاشوورییەکان لەناودەچن.

## شوێنەوارە دۆزراوەکانی خاکی ئیلام

پاشماوەیەکی زۆری شوێنەواری دەسەڵاتدارانی حکومەتی ئیلامی کۆن دۆزراوەتەوە، لە ساڵی ١٩١٣ چەند لێکۆڵینەوەیەک کرا. لە ئەنجامی لەناوچەی بوشەهر پاشماوەیەکی زۆر دۆزرایەوە دواتر لە ناوچەکانی سەبز ئاباد و قەڵای ڕەشەهر و شاە نشین و لوڕستان تا دەگاتە قەسری شیرین ژمارەیەکی دیکە لە پاشماوەی جۆراوجۆر و نووسینی ئیلامی دۆزرارایەوە، بۆ یەکەمین جار هەندێک لەم نووسینانە بۆ زمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٩١٤ وەرگێڕدراوە بلاوکرایەوە، دواتر بەشێک لەم وەرگێڕدراوانە بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدرا.

## ئیلام لەسەردەمی هەخامەنیشیان

لەسەردەمی هەخامەنیشیەکان گەلی فارس لە ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای ئەم هەرێمە نیشتەجێ بوون مادەکانیش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ تا نزیک هەمەدان دەژیان، بەشێکی دیکەی مادەکان تا ئیسفەهان ڕۆیشتبوون و بەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندو سەختی ئیلامییەکان بوون، لە بارەی (فارس)یش دەڵێت: لە سەردەمی ئیلامییەکان پاسگاردیەکان لە کوێستانەکانی ئەمڕۆی بەختیاری دەژیان، دوای لەناوچوونی ئیلامییەکان ئەمانە لە پارسەکان جیابوونەوە و لە دەشتی سوزیان نیشتەجێ بوون و بۆ ماوەیەک وڵاتی ئیلامیان کەوتە ژێردەست و فەرمانڕەواییان لەناوچەکە کردووە، بەڵام ڕوون نییە کە هەخامەنیشیەکان بەشێک بن لەوان.

دواتر نووسەر بە درێژی لە ڕووخانی مادەکان بەدەستی کورشی هەخامەنیشی دەدوێت.

## ئیلام لەسەردەمی ئەشکانیەکاندا

دوای ئەوەی مهردادی یەکەمی پاشای ئەشکانییەکان لە ساڵی ١٧٠ پ.ز دەبێتە فەرمانڕەوا ناخۆشییەک لەنێوان سلۆکییەکان و جوولەکان دروست دەبێت، میهردادیش بەهەل دەزانێت و دوای تێکهەڵچوونێک دەتوانێت (دمتریوس)ی پاشای سلۆکیەکان بەدیل بگرێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی سلۆکییەکان بهێنێت و هەرێمی ئیلام بکاتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی و ئەردەوانی پێنجەمیش شاری ئەهوازی کردە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی.

## خوزستان لەسەردەمی ساسانیاندا

لەسەردەمی ساسانیاندا بە باشووری هەرێمی ئیلام

وتراوە خوزستان و جارێکی دیکە ئەم هەرێمە دەکەوێتەوە بەردەست ساسانییەکان و ژمارەیەک شاری لێ دروست دەکەن و ئاوەدانی دەکەنەوە، لەوانە شاری شوشتەر لەسەردەمی ئەردەشیری بابەکان ئاوەدان کرایەوە، هورمزی کوڕی ئەردەشیریش شاری ئەهوازی ئاوەدان کردەوە، شاپووری یەکەمیش شاری جندشادبوری دروست کرد، (هورمز نەرسی)یش ڕام هرمزی فراوان کرد.

## خوزستان لە سەرەتای ئیسلام بوونیدا

نووسەر گرتنی ئێرانی بە تایبەتی خوزستان بۆ چەند هۆیەک گەڕاندەوە، لەوانە جەنگی (٢٠) ساڵەی نێوان ڕۆم و ساسانیان، کە ئێرانیانی ماندوو کرد و دوای خستن. هەروەها بێ ئاگایی یەزدە گردی ساسانی لە ڕەوشی ئێران و بڵاوبوونەوەی دووبەرەکایەتی لەناو ئێرانیان، بە گوێرەی خوزستانیش دەوڵەمەندی ئەو هەرێمە، کە ئەوکاتی لە هەموو هەرێمەکانی دیکەی ئێران زیاتر دانیشتوانی تیابوو، کە سەرچاوەیەکی ئابووری گەورە بوو. ئەوکاتی (هورمزان) فەرمانڕەوای خوزستان بوو، توانی بۆ ماوەی (١٨) مانگ ڕووبەڕووی سوپای ئیسلام ببێتەوە، دواتر لەلایەن سەرلەشکری ئیسلام باوکی موسای ئەشعەری خوزستان فەتح کرا.

دواتر نووسەر لە بارەی دانیشتوانی خوزستانەوە دەڵێت: دانیشتوانی خوزستان بەر لە ئیلامییەکان، ڕەش پێستەکان بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە چەند دەستەیەک یا چەند هۆزێک لەوانە: باکسیان، هپارنین، ئوملش. ئەمانە لەنێوان ڕووباری دیجلە و کەرخە نیشتەجێ بوون.

دەستەی دووەم (موتبای) کە لەنێوان ڕووباری دیجلە و کوێستانەکان نیشتەجێن، کە بەهسی و هزی و هورزی ناسرابوون، خوزستانیش لەناوی ئەم هۆزەوە هاتووە.

ئیتر خوزستان لەسەرەتای فەتح کردن بوو بە کاولگە و تا سەرەتای عەبباسییەکان، کاولگە و وێران بوو، بەڵام لەسەردەمی بوەیهەکان گرنگی پێ دراو نۆژەنکرایەوە و شاری (ئەریچان)یشیان نوێ کردەوە و کردیانە پایتەخت و شاری ئەهوازیشیان نۆژەنکردەوە ئیتر خوزستان بەردەوام بوو لە گرنگی پێدانی میری.

## ڕەوشی سروشتی و جوگرافیای خوزستان

خوزستان لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتووە سروشتی خاکەکەی بریتییە لە بەشی کوێستان کە کەوتۆتە باکووری ڕۆژهەڵاتی و لەچیاکانی بەختیاری کوگیلوە درێژ دەبێتەوە بەشی دووەمیشی بریتییە لە گەرمیان و دەشتاییەکانی لە باکووری خۆرئاوا تاکەنداو درێژ دەبێتەوە.

دەشتاییەکانی ژمارەیەک ڕووباری بەناودا دەڕوات لەوانە:

١- ڕووباری کارون کە لە چیای زەرد کوهی بەختیاریەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢- ڕووباری دز، ئەم ڕووبارە لە چیای گەورە (کەبیرەکوه) سەرچاوە دەگرێت.

٣- ڕووباری کەرخە کە درێژترین ڕووباری ئێرانە کە لەتێکەڵبوونی دوو ڕووباری (کشکا) و (زاڵ) پێک دێت.

٤- شاهوور (شاوور) ئەم ڕووبارە لە دووری فرسەنگێک لە باکووری شوش سەرچاوە دەگرێت.

ڕووبارەکانی دیکەش بریتین لە: باڵا ڕوود، عەجیروب، هیندیجان، لورە و مارون، جا بەهۆی ئاوی زۆری خوزستان ٣٠٠٠ پ.ز کشتوکاڵ لەم هەرێمە کراوە و بەنداو و پرد دروست کراوە.

دواتر نووسەر بە درێژی لەسەر ئاودێری و کشتوکاڵ و بەنداوەکانی خوزستان دواوە.

## کۆمەڵگەی خوزستان و هۆزەکانی

نووسەر دەڵێت بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی (١٣٦٩) هەتاوی ژمارەی گوندنشینانی ئەم هەرێمە (٩١٢,٠٠٩) کەسە و ژمارەی شارنشینەکانیش (١,٢٧٥,٠٠٨) کەسە.

## ڕەگەزەکانی دانیشتوان ئەمانەن:

**١- عەرەب:** ژمارەیەکیان ئەو عەرەبانەن کە شاپوور (ذوالاکتاف) لە ڕۆمەوە گواستنیەوە بۆ ئەوێ کە پێیان دەڵێن (بنی أحنظله)، ئەوانی دیکەش لە چاخی یەکەم و دووەمی کۆچی لە کوفە و بەسرەوە هاتوون، ژمارەیەکیشیان لەو خەواریخانەن کە لەبەر ستەمی خولەفای ئەمەوی ڕایان کردووە و لە ئەهوازو دەوروبەری نیشتەجێ بوون. کە بریتین لە تایفەکانی حەمدانی، خەزرەجی کە زیاتر لە دەوروبەری دیزفول و شووشتەر نیشتەجێ بوون، بەڵام تایفەکانی بەنی کەعب و دەیلەم و عنافجە و حەنزەلەو زبیدی لە زۆربەی ناوچەکانی خوزستان نیشتەجێن.

**٢- هۆزانی بەختیاری:** هۆزانی بەختیاری لە نەژادی

(ئانزان)ن و کۆچەرەکانیان زستانان لە خوزستان دەمێننەوە بە تایبەتی لە دەوروبەری ڕامهرمز و شووشتەر و دیزفول و مەسجد سلێمان.

بەرهەمەکانیان لە ڕۆن و خوری و... لە شارەکانی دەفرۆشن و پارەکەی بە گەنم و جۆر و جل و بەرگ دەدەن.

**٣- لوڕ:** نووسەر دەڵێت لوڕەکان بەشێکی دانیشتوانی خوزستان پێک دەهێنن زیاتریش لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی خوزستان نیشتەجێن و بە ڕەسەنیش دەگەڕێتەوە سەر مادەکان، گەورەترین هۆزیشیان هۆزی سەگەوەندە.

## خوزستان

نووسەر دەڵێت هەروەک وتمان خوزستانی جاران واتە ئیلامی کۆن هەر لە بوشەهر تا قەسری شیرینی دەگرتەوە (٣-٤) جار هەندێ خوزستانی ئەمڕۆکە بووە، هەروەک یاقوت ئەلحەمەوی دەڵێت:

لەشکری ئیسلام (٨٠) شاری گەورە و گچکەی لە خوزستان فەتح کرد، شوێنەواری زۆری ئەم شارو شارۆچکانەش ئەمڕۆکە دیار نییە.

خوزستانی ئەمڕۆش بریتییە لە (٩) بەشی بەڕێوەبردن:
١- ئەهواز. ٢- ئابادان. ٣- خوڕەم شەهر. ٤- دزفوول. ٥- مەسجد سلێمان. ٦- بەهبەهان. ٧- بەندەرماه شتەهر. ٨- دەشت میشان. ٩- شووشتەر. ١٠- ئیذە. ١١- ڕامهرمز.

## خوزستان بێشكەی زانست و ڕۆشنبرییە

بەهۆی بەپیتی خوزستان و شوێنە ستراتیژییەکەی لەکۆنەوە پاشایان گرنگیان بەم ئوستانە داوە لە شار دروست کردن و زانکۆکردنەوە و بوونی چەند شارێک بە پایتەختی ئێران لەسەردەمی جیاجیاو گرنگ دانە بە ئاودێری ئەمانە هەموو وایان لە دانیشتوانی خوزستان کردووە کە گرنگی بە زانست و ڕۆشنبیری بدەن، بۆ نموونە کە شاپووری یەکەمی ساسانی (٢٢١- ٢٧١ز) شاری جند شاپووری لە خوزستان دروست کرد ژمارەیەک قوتابخانە و زانکۆی لێ کردەوە و ئێرانیان و کەسانی نائێرانی لەم زانکۆیانە دەیانخوێند.

دواتر نووسەر بەدرێژی لە قوتابخانەکانی هەموو خوزستان دەدوێت.

## ئاشنابوون بەشارەکانی خوزستان

خوزستان هەر لە کۆنەوە شاری لێ دروست کراوە بەهۆی لە باری خاکەکەی دواتر نووسەر باس لە ژمارەیەک لە شارەکانی دەکات لەوانە: (ئەهواز)، نووسەر دەڵێت ئەم شارە کاتی خۆی هوزیەکان (هوسیەکان) دروستیان کردووە و ئەردەشیری بابەکانی ساسانی نوێی کردۆتەوە و بە هورمز شەهر ناسراوە، هەندێ لە مێژوونووسان وای بۆ دەچن کاتی خۆی تایفەک بەناوی هوزی لەم شارەدا نیشتەجێ بووبن، بۆیە بەناوی ئەهواز ناوی دەرکردووە.

یا بەهۆی چەند جار وێران بوونی ئەم شارە و ئاوەدانکردنەوەی بەم ناوە ناسراوە، وشەی (ئەهواز)یش واتای وێران بوون و نوێبوونەوە دەگەیەنێت. هەندێ لە مێژوونووسانی دوای فەتحی ئیسلام ناوی ئەم شارەیان بە جزیرە و مەدینە هێناوە، ئەو بەشەی کە کەوتبووە نێوان ڕووباری کارون و ڕووباری شاهجرد پێیان دەوت جزیرە و بە بەشەکەی دیکەشیان دەوت مەدینە، بەهۆی ئەوەی بازاڕ و قوتابخانە و مزگەوتی زۆری تێدابوو. واتە مەدینە لە جزیرە گەورەتر و ئاوەدانتر و پێشکەوتووتر بووە.

دواتر نووسەر بەدرێژی لە شاری ئەهواز هەر لەسەردەمی فەتحی ئیسلام تاکو ئەمڕۆ دەدوێت لە بارەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و فێربوون و ئاوهەوای هەرێمەکە و چاڵە نەوتیەکان و پاڵاوگەکانەوە.

## شاری گەورەی سوزا، یان شوشی ئەمڕۆ

نووسەر لەم بەشەدا بەدرێژی لەناوی شوش دواوە کە چۆن لە سوزا، سۆسن بەرەو ناوی شوش گۆڕاوە، هەروەها بەدرێژی لە جەنگەکانی نێوان ئیلامییەکان و بابلییەکان هەروەها ئیلامییەکان و ئاشوورییەکان و جەنگە ناوخۆییەکانی هەرێمی ئیلام دواوە.

دواتر لەسەر دەست بەسەراگرتنی ئیلام لەلایەن هەخامەنیشیەکان و جەنگەکانی نێوان یۆنان و هەخامەنیشیەکان و چۆنیەتی داگیرکردنی شارەکانی خوزستان لەلایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی دەدوێت.

دواتر باس لە هۆی شکستی سوپای ساسانی و سەرکەوتنی سوپای ئیسلام و گرتنی خوزستان دەکات. کە بریتییە لە وەڕز بوونی خەڵکەکە لە شەڕ بەهۆی شەڕی درێژخایەنی نێوان ڕۆم و ساسانیان، خێرو بەرەکەتی خوزستان و دڕندایەتی هۆزانی عەرەب بوو.

هەر لەم بەشەدا نووسەر بە درێژی لەسەر پاشماوەی شوێنەوارەکانی ئەم هەرێمە دەدوێت لە نووسینە بزماری و کەلوپەلەکان.

### ناوچە نەفتیە نوێیەکانی خوزستان

پارێزگای خوزستان دەوڵەمەندترین پارێزگای ئێرانە لە هەبوونی نەوت و غـــاز و بەردەوام چاڵەنەوتی نوێ دەدۆزنەوە.

### گرنگترین چاڵە نەوتەکان ئەمانەن:

١- رامشیز. ٢- رگسفید. ٣- پرسیا. ٤-هندیجان. ٥-لب سفید. ٦-گۆپاڵ. ٧-شادگان. ٩-منصوری. ١٠-کارون. ١١- ئاب تەیمور. ١٢- ئەهواز...

### شوێنەواری مێژوویی دەوروبەری بەهبەهان

بەهبەهان شوێنەواری زۆری لە نووسین و کەرستە و قەلات تێدایە کە بۆ سەردەمی جیاجیا دەگەڕێنەوە و ژمارەیەکیان بۆ سەردەمی ئەشکانیەکان دەگەڕێنەوە. لە بارەی شێوە زمانی بەهبەهان دەڵێت! شێوەی ئاخاوتنی بەهبەهان و دەوروبەری لەنێوان لوڕی و فارسی و خوزییدایە و بەیەک لە شێوەزمانە فارسییە کۆنەکان دادەنرێت.

نووسەر دواتر چەند ڕستەیەکی بەزاراوەکانی ناوچە جیاجیاکانی خوزستان بەم جۆرە هێناوە:

لوڕی: ایخنی بره سرا؟

شووشتەری: مخی ریت چپیله؟

دزفولی: مخی رووی کیچه؟

بەهبەهانی: می ته بشی تنگاه؟

شێوەی خوزی

واتاکەی بەسۆرانی دەبێتە: (دەتەوێ برۆیە کۆڵان) ئەو ناوچانەی کە بەشێک بووینە لە پارێزگای شەشەم دواتر لێی جیابوونەتەوە.

ئەو ناوچانەی لەم پارێزگایە جیابوونەتەوە بریتین لە کوگیلوەو برو جەردو خورەم ئاباد و دواتر بەم جۆرە لێیان دەدوێت: جاران کوگیلوە سەر بە بەهبەهان بوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٤٥ هەتاوی بووە پارێزگایەکی سەربەخۆ و بریتییە لەم شارانە یاسوج، دەشت، نوداب، چرام، باشا...

لە بارەی (دەشت میشان)یش دەڵێت ژمارەیەکی زۆری لوڕی ئەم شارە ناوچەکەیان بەجێ هێشتووە..

### نووسینی و زمانی خوزی

زمان ناسان نووسینی بزماری بەداهێنانی سۆمەریان دەزانن کە دەگەڕێتەوە بۆ (٤-٥) هەزار ساڵ بەر لەزایینی، دواتر لاسایی کرایەوە لەلایەن گەلانی سامی نەژاد و گەلانی ئیلامی و میدی.

پرۆفیسۆر کامرون وای بۆ دەچێت کە ئیلامی ٢٨٠٠ پ.ز نووسینی وێنەداریان داهێناوە و نموونەی ئەم نووسینەی لە دورگەی بوشەهر دەستکەوتووە، کاتی خۆشی سۆمەری هەر لەم جۆرە نووسینەوە بەرەو نووسینی بزماری هەنگاویان هاویشتووە.

لە بارەی زمانەکەشیان وای بۆ دەچێت کە زمانی پارسی لەم زمانانە سەرچاوەی گرتووە پێکهاتووە: پەهلەوی، فارسی، دەری، خوزی، سریانی.

١- زمانی پەهلەوی کە بە پەهلەو ناوی هاتووە، دانیشتوانی ئەم پێنج شارە قسەیان پێ کردووە: ئیسفەهان، هەمەدان، ماه نەهاوەند، ئازربایجان.

٢- زمان دەری: زمانی شارستانان بووە.

٣- فارسی: زمانی موبەدان و زانایان بووە.

٤- زمانی خوزی: زمانێک بووە کە پادشایان و ئەمیران قسەیان پێ کردووە.

### کورتەیەک لە بارەی ئایین و مەزهەبی دانیشتوانی خوزستانەوە

کاتی خۆی دانیشتوانی خوزستان، واتە ئیلامی کۆن وەک گەلانی هاوسێیان ئەو هێزانەیان دەپەرست کە سوودی پێ دەگەیاندن هەروەها ئەو هێزە سروشتیانەشیان پەرستووە کە زیانی هەبووە، لە ترسی ئەوەی نەوەک زیانیان پێ بگەیەنێت، بۆ ئەم مەبەستە پەیکەریان بۆ ژمارەیەکیان دروست کرد و کڕنۆشیان بۆ دەبردن، دواتر ئایینی سۆمەری لەناویاندا بلاوبووەوە و هەندێک لەخوداکانی سۆمەریان دەپەرست لەوانە خودای بانوی (نینا) بووە کە ٢٥٠٠ پ.ز لە لایەن ئیلامیانەوە پەرستراوە و پەیکەرەکەشیان لەژێر خاکی شوش دۆزیەوە.

ئەمڕۆکەش زۆربەی دانیشتوانی خوزستان شیعە مەزهەبن و ژمارەیەکی کەمیشیان سابیئەی مەندائین و پێغەمبەری جیا ڕابەرێتیان دەکەن.


# ڕێژیسیۆر و ڕێبەرانی شانۆ

د. فازیل جاف
(سوێد)

چۆن بڕوانینە ڕێبەرانی شانۆ؟ وەک ڕێژەی نەگۆڕ تەماشایان بکەین و لە ڕیزی ئەو کەسانەیان دابنێین کە بیروبۆچوون و ڕێبازەکانیان بە هیچ جۆرێک ناکرێ جێگای گومان بن! یان هەر ئاوڕیان لێ نەدەینەوە و بە هیچ جۆرێک نەیانخوێنینەوە؟ برووک دەڵێ: سەد لە سەد مەدە بە ڕێبەران، بەڵام سفریشیان مەدەرێ.

پێم وایە شانۆکار دەبێ توانای یاخیبوونی بەرامبەر بە ڕێبەرانی شانۆ هەبێ. بەڵام ئەم یاخیبوونە دەبێ پاش تێگەیشتن و قووڵبوونەوە و سوود لێوەرگرتن لە دەستکەوتەکانیان بێت. دەڵێم یاخی بوون، نەک ڕەفزکردنی کوێرانە، ڕاستی ئەم بۆچوونەش ئەوەندە ڕوونە کە زۆر قسە هەڵناگرێ، بۆیە نەکەی هەروا لە خۆڕاو بێ دیراسەکردن و ساخکردنەوەیەکی قووڵ، تەنیا بە مەبەستی خۆدەرخستن و هەر بۆ مۆدە و مۆدێل و فشە دژایەتی ڕێبەرانی شانۆ بکەی، چونکە لەو حاڵەتەدا هەر تۆ زەرەر دەکەی.

دیدوبۆچوون و بناخەی ئێستێتیکا و پەیامی ڕێبەرانی شانۆ، وەکو ستانیسلاڤسکی، مییرهۆڵد، کرەیگ، برێخت، تا بلێیی ڕوونن. ئەوان ئاکامی کار و لێکۆڵینەوە و ئەزموون و تاقیکردنەوەی دوور و درێژیان لە شێوەی تیۆردا داڕشتووەو کاکڵەو ئاکامی توێژینەوە و ئەزموونی خۆیان بە پوختی بۆ تۆ جێهێشتووە، تۆیەک کە تازە دەست پێ دەکەی و هێشتا لە سەرەتای ڕێگای هونەردای، تۆ خەزێنەیەکت لەبەردەستدایە، دەتوانی تەواو سوودی لێ ببینی، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چاک لێی تێبگەی. وەک چۆن ئەوان توێژینەوەی خۆیان ئەنجام



پیتەر شتاین

داوه، تۆش بەهەمـان شـێـوه دەبێ له بۆچوون و پەیام و هزریان قـوولّ بیـتـەوه، تەنانەت ئەگـەر بتـوانی توێژینەوەشیان لەسەر بکەی، بەو مەبەستەی باشتر لێیان تێبگەی. ئنجا پاشان بۆت دەردەکەوێ کام لایەن و کام بابەتیـان بە دڵی تۆیە و سـەرنجت ڕادەکـێـشێ و هەرخۆیشت دەزانیت چۆن و له کوێ بەکەڵکت دێ.

کێشە لەوەدایە، وەکو زۆر جار ڕوودەدات، کەسانێک هەن سەرپێیانە و سەرکێشانە نیشانەی ڕەفز بەسەر ئەو دەستکەوتە مەزنەدا دەکێشن. ڕێبەران ئەو بنەما گرنگانەیان چەسپاندووە کە کارئاسانی تێدایە بۆ تۆ، ئەوان بەئاسانی ڕێگایەک یان چەند ڕێگایەکت پیشان دەدەن. ئەگەر بە بێ لێ تێگەیشتن دوای بکەوی، یان باسیان بکەی و کتێب و گوتاریان له سەر بڵاوبکەیتەوە، کارێکی گەلێ خراپ دەکەی. بەهەمان شێوە، ئەگەر له نەزانی و غەشیمییەوە ڕەفزیان بکەی، هەر خراپە.

**میتۆدی باش و میتۆدی خراپ نییە**

ڕێبازەکانی ڕێبەرانی شانۆ بە سیفەتی باش و خراپ پێناسە ناکرێن، ناکرێ بڵێی ئەم ڕێبەرە خراپە و ئەوی دییان باشە. یان ئەمیان لەوی دی باشترە، یان ئەمیان ئەوی دیانی ڕەتکردووە، هەروەک جارێک له نووسینی شانۆکارێکدا خوێندمەوە کە گوایە باربا ستانیسلاڤسکی و گرۆتۆڤسکیشی ڕەتکردووە. ئەم جۆرە گوزارشتانە له جیهانی پێشکەوتووی شانۆدا بەدی ناکرێ. شانۆکارێکی خۆیشمان کە له ئەورووپاوە گەڕابووەوە، له نووسینێکیدا دەڵێ ئێمە هەردووکیانمان (مەبەستی له ستانیسلاڤسکی و گرۆتۆڤسکییە) دەمێکە بەزاندووە. ڕێبەران تەواوکەری یەکدین و لەسەر یەکتر بینای خۆیان دەکەن، له یەکدی شت وەردەگرن و کەشفی خۆیشیان دەخەنە سەر. تۆ هەرگیز ناتوانی له کەسیان تێبگەی بێ ئەوەی لەوی دیکەیان تێبگەی، نەک هەر ئەوەندە تۆ ناتوانی کار لەسەر ڕێبازێک یان میتۆدێک بکەی بێ ئەوەی له دژەکەی، یان له هامبازەکەی تێبگەی. ئەگەر بتەوێ له ستانیسلاڤسکی تێبگەی، دەبێ له مینیگینەکان تێبگەی، چونکە ڕێبازەکەیان بنەمای میتۆدی ستانیسلاڤسکی پێکدێنێ. هەر چەندە له قۆناخەکانی دوایی تەمەنیدا ستانیسلاڤسکی تا دەهات له مینینگینەکان دوورتر دەکەوتەوە، سەرەڕای ئەو دوورکەوتنەوەیەش ناکرێ بە بێ تێگەیشتن له بۆچوونەکانیان له ستانیسلاڤسکی تێبگەی.

ئەگەر سیستێمێک پیادە دەکەی، هەوڵبدە بە قووڵی لێی تێبگەی، تا لێی قـووڵ بیتەوە و باشتر شارەزای بی، چاکتر بەکاری دێنی و زۆرتر سوودی لێ وەردەگری. سیستێم ناکرێ خراپ بێ، بە مەرجێ ئەگەر باش لێی تێبگەی و داهێنەرانە بەکاری بهێنی. واتە بزانی شمولیانە تێی بڕوانی و وەکو داهێنەر بەکاری بهێنێ. سیستێم ئەگەر خراپ بێ، تەنیا له بەر ئەوەیە کە تەواو لێی تێنەگەیشتووی و خراپ بەکاری دێنی.

دەکرێ میتۆدێک لەگەڵ بۆچوون و ڕۆح و زەینی تۆدا نەگونجێ و پێت پەسەند نەبێ، بەڵام ناکرێ له بەر ئەو هۆیە خراپ بێت.

نووسینەکانی ڕێبەران، فەرمایشتەکانیان، بۆچوون و تیۆرەکانیان، لەمانەش گرنگتر، ڕەوتی ئەزموونیان له مەیدانی ڕاهێنان و پراکتیکدا زۆر بە جدی وەربگرە و بزانە کە ئەو کەلەپوورە گەورەیە، ئەو شارەزاییە ئێستا مولّک و سەرمایەی تۆن و دەتوانی کەڵکیان لێ وەربگری. بەر لەوەی گوێ له مامۆستاکان و شانۆکارانی ئەم سەردەمە بگری، جارێ بۆچوون و تیۆرەکانی ئەوان ساغ بکەرەوە، بە بێ تێگەیشتن لەوان له مامۆستاکانی ئەمڕۆیش تێناگەی، بەڵام کە لەوان تێگەیشتی هەڵە و ڕاستیی مامۆستاو شانۆکارانی ئەمڕۆشت بۆ دەردەکەوێ.

باربا له کتێبی کەشتیەک له کاغەزدا دەڵێ: دەکرێ نووسینەکانی زیمی، ستانیسلاڤسکی، ئاپیا، مییرهۆڵد،

کرەیگ، کۆپۆ، ئارتۆ، برێخت، ئێزنشتەین، دیکرو، وەکو کەلەپووری ئەزموونێکی بەسەرچوو تەماشا بکەین؟ باربا دەڵێ کتێبەکانی یاخی بووەکان، ئیسلاحییەکان، ڕائیییەکانی شانۆ تەنیا کاتێ دەتوانین لێیان تێ بگەین گەر ئێمەش کە پەنایان بۆ دەبەین تەژی بین لە ئەزموونێک، تاکو ئێستا نەمانتوانیوە ناوێکی لێ بنێین. بە بۆچوونی باربا نووسینەکانی ڕێبەران دیدی ڕوون بە هۆشمەندیمان دەبەخشێ.

ناکرێ بە بێ تێگەیشتن لە ستانیسلاڤسکی لە مییرهۆڵد بگەی، من لە هەموو وۆرک شۆپەکانمدا لە بواری بیومیکانیک ئەوە دووپات دەکەمەوە کە باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە ڕێبازی مییرهۆڵد بەراوردکردنی قوتابخانەکەیەتی لەگەڵ قۆتابخانەی ستانیسلاڤسکی. چارلس ماروڤیتز کە یەکێکە لە ئارتۆیستە هەرە بەناوبانگەکانی بەریتانیاو لە لابۆری شانۆی توندوتیژیدا هاوکاری برووک بوو، پێی وایە : ئەکتەری ئارتۆ پێویستی بە میتۆدی ستانیسلاڤسکییە تاکو بتوانێ ئەو هەستانە ساغ بکاتەوە کە پێیان دەگا- دەنا هەر دەبێ بە قۆچی قوربانیی هەستاکانی خۆی. ئنجا بەو شانۆکارە دەڵێم کە پێی وابوو ستانیسلاڤسکی و مییرهۆڵد سەردەمیان بە سەرچووە وەکو ئەوەی میتۆدەکانیان سەلاجە و تەلەفیزیۆن و کوتاڵی ناو ماڵ بن و دەبێ ساڵ بەساڵ فڕێیان بدەین، بڕوانە لە چ بوارێکدا ئارتۆ پێویستی بە میتۆدی ستانیسلاڤسکییە، خۆ ئەگەر ڕاستتر بڵێم چۆن ستانیسلاڤسکی فریای ئارتۆ دەکەوێ.

بەهەمان شێوەو لە هەمان بواردا ستانیسلاڤسکی فریای گرۆتۆڤسکیش دەکەوێ ، خۆ ئەگەر وریا و هۆشمەند و ڕاستگۆ بی، زۆر باش فریای تۆش دەکەوێ. ستانیسلاڤسکیش بە بێ نەشونماو پێشکەوتنی میتۆدی مییرهۆڵد و ڕەنگە میتۆدەکەی لە بواری کرداری جەستەییدا بەم شێوەیە پەرەی نەسەندبا.ڕێبەرانی شانۆ و داهێنەرانی میتۆد تایبەت بە خۆ، تەنیا ڕێگا نیشاندەروهیچی دی، ئەوی بە ڕێگاکەدا دەڕوا تۆی. تۆی کە ئەو ڕێگایە هەڵدەبژێریت، ئەو هەڵبژاردنەت دەبێ لە سەر بناخەی جیهانبینی خۆت بێ، فەلسەفەی ژیان و جیهانبینی و بیری سیاسی خۆت وات لێ دەکات برێختت پێ باش بێت، ئەمە ئەگەر سۆسیالیست بیت ، بەڵام زۆر هەن کە سۆسیالیستیش نین سوودێکی چاکیان

لە برێخت وەرگرتووە و پەرەیان بە شێوازەکەی داوە. بۆ نموونە ستریهلەر لە ئیتاڵیا و لوبیوف لە ڕووسیا کە لە سەر میتۆدی برێخت دەڕۆن .خۆ ئەگەر جیهانبینیت میتافیزیقانە بێ، ڕەنگە ئارتۆ سەرنجت پتر ڕابکیشێت. فیکرەی سەرنجڕاکێشی ئارتۆ بەلای برووکەوە ئەوەیە چۆن نەبینراو دەکەی بە بینراو Invisible made visible ئەم فیکرە جەوهەرییە، دەکرێ لە پێوەندی زاهیری و نازاهیریدا سەیر بکرێ، واتە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی میتافیریک لە فەزا و جیهانی فیزیکی سەر شانۆدا.

## کەڵک لە هەموو میتۆدێک وەربگرە

داهێنەرانی میتۆدە جیاوازەکانی شانۆ، هەر یەکێ لەوان لە سەر ڕێگایەک وەستاوە و ئاماژە بەو ڕێگایە دەکا کە خۆی پێیدا ڕەت بووە و تاقیکردۆتەوە و بەباشی دەزانێ. دەیەوێ سوودبەخش بێ، بۆیە دەیەوێ کەسانی دوای خۆی بەهەمان ڕێگادا بڕۆن.

لە میتۆدی هەر ڕێبەرێکدا شتێکی تایبەت دەدۆزیتەوە، شتێک کە بە کەڵکت دێ، ڕەنگە نەزانی کەی بە کەڵکت دێ، ڕەنگە لە بەرهەمێکدا کە ئێستا هەر بیریشی لێ ناکەیتەوە ئەو میتۆدە فریات بکەوێ. ئەو دەم تێدەگەی کە ئەو هزرە یان ئەو کەشفە لە کام سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ، لە کام ڕێباز و میتۆدەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمە شتێکە من گومانم لێی نییە، بە مەرجێ تۆ خۆت لە پشکنیندا ڕاستگۆ بیت، کارکردنت بۆ خۆدەرخستن و ناوبانگ دەرکردن نەبێ، بۆ فشە و هەڵخەڵەتاندن نەبێ، بە مەبەستی سامان و پارە پەیداکردن و دەوڵەمەند بوون نەبێ،بگرە بۆ گەیشتن بە جوانی و ڕاستی هونەر بێ.

ئەگەر وا بیر بکەیتەوە، لە هەموو میتۆدێکتدا دەستکەوتێکت چنگ دەکەوێ، گەوهەرێکت دەستدەکەوێ کە لە ساتێکی تاریکدا دەردرەوشێتەوە و دیمەنێکی تاریکی شانۆنامەکەت بۆ ڕووناک دەکاتەوە، هەر نەبێ لە ڕووی سەنعەت و تەکنیکەوە سوودی لێ دەبینی، چونکە لای هەموو وەستاو لێزانێک تەکنیکێک، جۆرە دەستڕەنگینییەک هەیە ئەگەر بە چاوی سووکەوە تەماشای بکەی قەت نابی بەو وەستاو و پسپۆرە.



### میرهۆڵد و سەنعەتکاران

ئەلکسەندەر گلادگۆڤ ڕەخنەگری ڕووسی کە یەکێک بوو لە هاوکارە گەنجەکانی مییرهۆڵد، دەڵێ لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەکتەرێکی کلاسیکی هەبوو بە ناوی ڕۆسۆڤ، ئەم ئەکتەرە زیاتر بابەتی ڕۆمانتیکی لە ستیلی کلاسیکدا نمایش دەکرد و بایەخی بە شێوەی میلیۆدراما دەدا، ئەم شێوازەی لەگەڵ هەندێ فۆرمی تەقلیدیدا موتوربەکردبوو کە بەدەر نەبوو لە کلێشەی موبالەغەکردن لە جووڵە و ئاماژە و گوزارشتی دەموچاو.

گلادگۆڤ دەڵێ ڕۆژێک ئەم ئەکتەرە هات بۆ سەردانی مییرهۆڵد. ڕۆسۆڤ لەگەڵ مییرهۆڵددا وەستابوو و لە قسەکردندا دەستەکانی بەکار دەهێنا و ئاماژەی گەورە گەورەی پێ دەکردن هەر وەکو ئەوەی لە سەر شانۆ وەستا بێ. گلادگۆڤ دەڵێ پاش ڕۆیشتنی ، لە مییرهۆڵدم پرسی: پێت وایە ڕۆسۆڤ ئەکتەرێکی باش بێ؟ لە وەڵامدا گوتی بێگومان. ڕۆسۆڤ پیشەکارە و خاوەن سەنعەتە. بێگومان وەکو ستیل و میتۆد ڕوسۆڤ بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دنیاو چێژ و میتۆدی مییرهۆڵددا نەدەگونجا ، بەڵام مییرهۆڵد ڕێزی لە کارزانی و وەستایەتی ئەم ئەکتەرە دەگرت.

### لە ڕێبەرانەوە فێربە... نەک لە شاگردانەوە

کە نمایشێک دەبینی، هەوڵ بدە بە چاوی پیشەکارێکەوە ولە ڕوانگەی ڕیژیسیۆرێکەوە تەماشای بکەی و لە ڕووی سەنعەتەوە هەڵیسەنگێنە. ئەوە بکە بە پێوەر کە ڕیژیسیۆر و ئەکتەران و کارمەندانی نمایشەکە چەند وەستا و پیشەکارن، چی ئەزموونێکی هونەریی بە تۆی ڕیژیسیۆر دەبەخشن، جا با ڕیژیسیۆرەکەی بانگەشەی نوێخوازی و ئەزموونچێتی و پۆست مۆدێرنیزم نەکات، با وەکو دەڵێین تەقلیدیش بێت. گوێ بە هیچ یەکێ لەم زاراوانە مەدە. گرنگ ئەوەیە، کاری ئەو ڕیژیسیۆرە لە سەر شانۆ چۆنە و لە چ ئاستێکدایە. ئایا کاری ڕیژیسیۆران لە ڕووی ستایلەوە لەگەڵ بۆچوونەکانیان دەگونجێن؟ یان جارێ ڕیژیسیۆرێکی ئارەزوومەندە؟

ئەگەر بتەوێ فێر بی دەبێ تەنیا لە پیشەکارانەوە فێر بی، دەرسێک کە لە نەزانەوە فێری ببی، کاریگەرێتییەکەی بە ئاسانی لەسەرت لاناچێ. هەندێ جار هەڵەیەک کە نەزان بیکا بەسەد زانا چاک نابێتەوە. وانەکانی ڕیژیسیۆرییش لەم ڕیسایە بەدەر نین. بۆیە هەمیشە دەبێ سەرچاوە ڕاستەقینەکان مەرجەعیەتت بن، دەبێ هەمیشە بگەڕێیتەوە سەر تیۆرەکانی داهێنەرانی پێش خۆت، ئەوانەی کە یاساو بەردی بناخەیان داناوە. جا لەم دۆخەدا وا چاکتر نییە یەکسەر هەر لە ڕێبەرانەوە فێر بی، نەک لە شاگردانەوە.

تەنانەت ئەگەر بتەوێ لە میتۆدێک یاخی بیت یان دژ بەو میتۆدە کار بکەی، دەبێ چاک لێی تێبکەی ئەنجا دەتوانی سەروبنی هەڵگێڕیتەوە یان پەرەی پێبدەی و یاخود هەر لە بنەڕەتەوە دژی بوەستیتەوە، بۆ ئەمەش هەر دەبێ قوتابییەکی باشی ئەو قوتابخایە بی. تاکو بە قۆناخی قوتابییەتیدا تێنەپەڕی، نابێ بە نوێکەرەوە، بە پێشەنگ یان ئەزموونکار.

## قۆناخی میتۆد خوێندن

قۆناخی قوتابیەتی و دەرس خوێندن، خۆی لە خۆیدا واتە میتۆد خوێندن، واتە گەڕان بەدوای مەنهەجیەت. ڕیژیسیۆرە لاوەکان گەلێ جار بە وشەی میتۆد سەخڵەت دەبن، لە هەمان کاتدا خۆیان هێشتا قوتابین یان تا دوێنێش قوتابی بوون. ئەوان لەوە تێناگەن کە دەچنە پەیمانگایەک یان کۆلیژی شانۆ بەو مەبەستەیە کە ئەو چوار پێنج ساڵە فێری میتۆد بن، چونکە بەرنامەی خوێندن خۆی لە خۆیدا واتە میتۆد. ئەوان هەندێ جار بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن فێری میتۆد دەبن. بە ڕاستی ئەرکی سەرشانی مامۆستاکانیان ئەوەیە کە فێری میتۆدیان بکەن. ئەنجا قوتابییەکانیان، قوتابی شانۆ بە گشتی و ڕیژیسیۆری قوتابی بە تایبەت دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەو لە کۆلیژە بۆ ئەوەی دەرس وەرگرێ و جارێ دەبێ فێر بێ، نەک هەر لە ساڵی دووەمەوە خۆی بە ئەزموونگەر بزانێ و ستانیسلاڤسکی و میێرهۆڵد و برێخت بەشاگرد ڕانەگرێ و جارێ هیچ فێر نەبووە بیەوێ کەسانی دیکە فێربکا و دەرسیان بۆ دابدات.

## سۆراخ و پشکنین لە چوارچێوەی میتۆددا

لە ڕاستیدا ڕێبەران جەوهەری ئەزموونی خۆیان لە دارشتەیەکی ئێستێتیکی چڕوپڕ و فەلەسەفی ئەوتۆدا دارشتووە کە هەرگیز ڕێگای تێدا ون ناکەی. ڕەنگە درەنگ بگەی بە بنج و بنەوانییەوە، چونکە سۆراخ و پشکنین کات و وزەی دەوێ، ئەویش لە سەر ئاستی ڕۆشنبیری و ئەزموونی ژیانی خۆت وەستاوە، بەڵام بێگومان بە کە بەڵەدێک پێشەنگیت دەکا، قسەو فەرمایشتەکانی بۆ فشە و خۆ دەرخستن نین، هەر بۆیەش ئەوەندە چڕ و پڕن.

دەفەرمەوو بە دیقەت ئۆرگانوونی بچووکی برێخت بخوێنەوە، کە بریتییە لە شەست حەفتا لاپەڕەیەک و حەفتا و شەش برگەی کورت، بەڵام ڕەنگە تۆش وەکو من بە درێژایی تەمەنی هونەریت هەر بۆی بگەڕێیتەوە وپەنای بەریتە بەر.

هەمان بۆچوون دەربارەی کتێبە بچووکەی ئارتۆ" شانۆ و هاوجووتەکەی" ڕەوایە. ئەم کتێبەی ئارتۆ بە قەوارە زۆر بچووکە، بەڵام بە ناوەرۆک دەوڵەمەندە، تێگەیشتنی ئەم کتێبە ئاسان نییە. من نووسەری وا دەناسم کە کتێبی دەربارەی ئارتۆ نووسیوە بێ ئەوەی توانیبێتی لە کتێبەکەی تێبگا.

ئەم بۆچوونە کتێبە بچکۆلانەکەی برووک" فەزای بەتاڵ"یش دەگرێتەوە، کە ئەگەر باش لە سەرجەمی میتۆدەکان و تەرزەکانی شانۆ نەگەی و لە نووسینەکانی ڕێبەرانی خاوەن تیۆر نەگەی تێگەیشتن لە کتێبەکەی بروک مەحاڵە.

زۆربەی ڕێبەرانی شانۆ خاوەن بەرهەمی تیۆرین. لەوانە ستانیسلاڤسکی کە وەکو دەزانین لە هەموویان زیاتر بەرهەمی تیۆریی نووسیوە، میێرهۆڵد، کرەیگ، برێخت و گرتۆڤسکی ...تاد.

تۆ وەکو ڕیژیسیۆر ئەم تێوریانەت چەند خوێندۆتەوە، چەند لێیان قووڵ بوویتەوە. دەبێ جارێ ئەم نووسینانە تاوتوو بکەیت و لە بنجوبنەوانیان بگەی ئەنجا قبووڵ، یان ڕەتیان بکەیتەوە. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە، کە چەند لە جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی ئەو میتۆدانە لە بواری پراکتیکدا شارەزای.

لە میێرهۆڵدییان داواکرد پوختەی ئەزموونی خۆی وەکو قوتابخانەیەکی ڕیژیسیۆری بنووسێتەوە، لە وەڵامدا گوتی پێویست ناکات، خۆ ئەگەر بیشینووسمەوە، ئەوە نامیلکەیەکی کورتی لێ دەردەچێ، چونکە جێبەجێ کردن و بەئەنجامگەیاندنی، کاتێکی زۆری دەوێ.

## دژایەتیکردنی ڕێبەرانی شانۆ و میتۆدەکانیان

نەکەی دژایەتی هیچ یەکێ لە ڕێبەرانی شانۆ بکەی، چونکە هەموو ئەو شارەزاییە کەمەی تۆ هەتە بەشی ئەوە ناکات یەک بنەمای میتۆدەکانی ستانیسلاڤیسکی، یان میێرهۆڵد، یان برێختیان پێ هەڵوەشێنێتەوە.

بە هەمان شێوەش کە باوەڕت بە میتۆدی یەکێ لەو ڕێبەرانە هێنا، هەوڵ مەدە بیسەلمێنی کە تەنیا ئەو ڕاستە، چونکە ئەو کارە مەحاڵە، مەحاڵە ئەوە بسەلمێنی کە ئەو میتۆدەی تۆ باوەڕت پێی هەیە هەر ئەو ڕاستە و تاکە میتۆدەو لەهەموو ئەوانی دیکە نوێ ترە و لە هەموویشیان ڕاستترە. ئەو میتۆدەی تۆ باوەڕت پێ هەیە، بۆ تۆ ڕاستە چونکە بۆ تۆ دەگونجێ، بەڵام قەت ناتوانی بیسەلمێنی کە ئەوانی دیکە چەواشەن.

بۆ نموونە من میتۆدی میێرهۆڵدم لە هەموو میتۆدێک پێ پەسەندترە، من میێرهۆڵدم بینی لە سەر ڕێگایەک



وەسـتـابوو و ئـامـاژەی بۆ ئـەو ڕێگایە دەکـرد، منیش ئەو ڕێگایەم گرتە بەر، بەڵام ناتوانم بۆتی بسەلمێنم کە تەنیا ئەو ڕێگایە ڕاستە و دەتکات بە ڕیژیسیۆر، هەروەک چۆن ناتوانم بۆتی بسـەلمێنم کـە مـیـیـرهۆڵدم لە سـەر ڕێگاکـە دیوە. ڕاسـتـە دەتوانم داکـۆکی لێ بکەم و بانگەشـەی بۆ بکەم لە وەش بترازێ، من خۆم باوەڕم پێی هەیە و هیچی دی. هەوڵیش نادەم باوەڕ بە کەس بێنم.

گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت باوەڕت بەچییە، هەروەها چەند ڕاستگۆیت لەگەڵ خۆتدا؟

بێگومـان ڕێبـەرانی شانۆ خۆیشیـان هەر وایان کردووە. هەر یەکەو لە مامۆسـتاکەی خۆی و نەوەی پێشـوو یاخی بووە، بەڵام هاوکـات هەمـوو کـەشف و دەسـتکەوتەکـانی وەستایانی پێش خۆیانیـان تاقی کردۆتەوە و سوودیان لە شتە جەوهەرییەکانیان وەرگرتووە.

## سیستێم و میتۆدی کار

ڕەنگە گەلێ جار بیستبێتت کە ڕیژیسیۆرێک لەسەر سیستێمیک کار دەکات. بۆ نموونە تۆڤستۆنۆگۆڤ کە لە سەر سیستێمی ستانیسلاڤسکی کاری دەکرد، پێی لە سەر ئەوە دادەگرت کە ئەو سیستێمە بەقەدەر ژیان خۆی دەوڵەمەندە. فۆکین ڕیژیسیۆرێکی گەورەی ئێستای ڕووسیایە، خۆی بە یەکێک لە شاگردانی سیستێمی مییرهۆڵد دەزانێ. ئەم دوو کەڵە ڕیژیسیۆرە لە کارەکانیاندا سیستەمێک پیادە دەکەن کە وەکو مەرجەعیەتێکی هونەری ئێستێتیکی وایە.

بەڵام هەر ئەم دوو ڕیژیسیۆرە خۆیان خاوەنی میتۆدێکی تایبەتن کە لە سەر بناخەی میتۆدی ڕێبەرەکانیان دەڕوا، بێگومان نەک هەر لاسایی ڕێبەرەکانیان ناکەنەوە، بگرە پەرەیان بە سیستێمەکانیان داوە، بەدەیان لیکۆڵینەوە و ئیزافە و باسی پەروەردەکارانەیان خستۆتە بەر شانۆکاران و قوتابیانی شانۆوە.

من کە لەسەر شانۆی بۆلشۆی لە پیتەربۆرگ نمایشەکانی تۆڤستۆنوگۆڤم بینی، ئەوەندە پێیان سەرسام بووم، تەنانەت بە خۆم دەگوت تۆ بڵێی ستانیسلاڤسکی ڕێبازەکەی خۆی لە تۆڤستۆنۆگۆڤ چاکتر پیادەکردبێ. یان بە خۆم دەگوت کێ دەڵێ ئەم لە ستانیسلاڤسکی ڕیژیسیۆرتر نییە، چونکە بەلانی کەمەوە کەرەستە هونەرییەکانی تۆڤستۆنۆگۆڤ پێدەچی بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانەی ستانیسلاڤسکی گەلێ دەمەزراوتربن. کێ دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ ئەوەی سەر لە نوێ ڕۆح بەبەر تیۆرییەکانی ستانیسلاڤسکیدا دەکات، ئەوەیە کە تۆڤستۆنۆگۆڤ هەر بە میتۆدی قووڵی سایکۆلۆژیا کاریگەرێتی و هاوچەرخێتی میتۆدەکەی ستانیسلاڤسکیت بۆ دەدەخات، ڕەنگە زۆر لە ستانیسلاڤسکی خۆی هونەرییانە تر بێ. تۆڤستۆنۆگۆڤ خۆی دەڵێ ئەرکی ئەکتەر لە چوونە ناو ڕۆڵەوە" اندماج" و لەوەی کە لە ڕۆڵەکەیدا بژێت "چوونە ناو ڕۆڵ بەلای منەوە چرای سیحری شانۆییە"، ئەم میتۆدە بڕبڕەی پشتی کارەکانی ئەو ڕیژیسیۆرەیە ،ئەمە میتۆدی ستانیسلاڤسکییە لای تۆڤستۆنۆگوڤ، بەڵام تۆ بڵێی ستانیسلاڤسکی خۆی پێشبینی داهێنان و پەرەسەندن و گۆڕانکاری لەو جۆرەی کردبێ؟

بە ڕاستی میتۆد کە بەر دەستی داهێنەرێکی دیکە کەوت لە پرۆفیلی دامەزرێنەرەکەی دەردەچێت، بەڵام بۆ

ئەوەی بگەی بەو ئاستە دەبێ وەکو تۆڤستۆنۆگۆڤ بێ، کە ڕەنگە هیچی لە ستانیسلاڤسکی کەمتر نەبێ.

دەنا چۆن دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەی کە ڕێژیسێرێکی هیندی، یان ژاپۆنی میتۆدی برێخت وەکو ئەوەی برێخت خۆی شرۆڤە بکات!

ڕێژیسێری ڕووسی ئەناتۆلی ئیڤرۆس باس لە نمایشی شانۆنامەی مرۆڤی چاکی سیتزوانی برێخت دەکا کە کاتی خۆی لە دەرهێنانی یۆری لوبیموڤ گەورە ڕێژیسێری ڕووسیا بینیبووی. ئەم کارە لەسەر میتۆدی برێخت پێشکەش کرا. دەربارەی ئەم دەرهێنانە، ئیڤرۆس دەڵێ:

" من بەرهەمەکانی برێختم خوێندۆتەوە و دەربارەی برێختیشم خوێندۆتەوە، شانۆی بەرلینەر ئەنسامبلیشم دیوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە برێختم پێ دەگا، من تەواو لەو باوەڕەدام کە نەک هەر من کەسانی دیکەش هەمان هەستیان هەیە" هەموو ڕێژیسێرێکی هەڵکەوتوو بە پێی سیستیمێک کار ناکات، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا، دەبێ میتۆدی کارکردنی خۆی هەبێ.

پەنا نەبردنە بەرسیستێمێک قەت ئەوە ناگەیەنێ کە میتۆدی تایبەتی خۆت لە کارکردنا نەبێ، چونکە هەر هەنگاوێک دەنێی دەبێ بە پێی میتۆدێک بێ، ئەویش میتۆدی کارکردنی خۆتە، ئەگەر ناتوانی ئەو میتۆدە گەڵاڵە پێ بکەی، یان هێشتا نەتدۆزیوەتەوە، دەتوانی سوود لە ئەزموونی ڕێبەران وەربگری.

### پرسیارەکانی میتۆد

سیستێم وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە بە نیسبەت هونەری شانۆ و پیشەی شانۆکارەوە جەوهەرین. ئەو پرسیارانەی کە لەهونەری شانۆدا جەوهەرین و لەگەڵ ڕۆژگاردا کۆن نابن و گەلێ گرنگن بۆ شانۆکار، بۆ ئەو شانۆکارەی کە بۆ خۆی کەشفی دەکا. سیستێم بۆ ئەو کەسە گرنگ و بە سوودە کە باش لێی تێدەگا و بۆ خۆی کەشفی دەکا.

### ڕەخنە لە میتۆد

هەندێ جار کەسانێک ڕەخنە لە میتۆد دەگرن، سا هەر میتۆدێک بێ، بە بیانووی ئەوەی گوایە نایانەوێ لاسایی کەس بکەنەوە، وەک ئەوەی پێڕەویکردنی میتۆدێک لاسایی کردنەوەی دانەرەکەی بێ، واتە ئەگەر پێڕەوی میتۆدی ستانیسلاڤسکی، یان میێرهۆڵد بکەیت، ئیدی ئەو کەسە لاسایی ستانیسلاڤسکی، یان میێرهۆڵد دەکاتەوە، ئەمە بێ ئەوەی ئەو کەسانە لەوە بگەن، کە کەسانی وەک ئەو ڕێبەرانە لاسایی ناکرێنەوە، تەنانەت ئەگەر بشیانەوێ لاساییان بکەنەوە ئەو کارە لە وزەی مرۆڤی ئاساییدا نییە.

داهێنەرە گەورەکانی وەکو ڕۆفائیل و دافنشی و پیکاسۆ و باخ و بیتهۆڤن و مۆزارت و شەکسپیرو میێرهۆڵد، لاساییکردنەوەیان مەحاڵە، چونکە بلیمەتن و خاوەن بەهرەیەکی کەونین، هەر وجودی خۆیان بەرهەمی کەون و سروشتە و لە کۆلیژی زانکۆکانەوە نەهاتوون، بەڵام دەکرێ سوود لە ڕێباز و بۆچوونەکانیان وەرگرین و کارەکانیان سەرچاوەی ئیلهاممان بن.

جا بۆ ئەوەی بتوانین سوودیان لێ وەرگرین دەبێ بگەینە ئاستێکی بەرز لە هۆشمەندی و زەوق و زەین و زیرەکی و ئاستی هونەریی بەرز، دەنا لێیان تێ ناگەین و چێژیان لێ وەرناگرین. ئەگەر لە باری زەینی (ڕۆشنبیری) و ڕۆحی و هەست بەرزییەوە نەبێ، مەحاڵە بتوانی چێژیان لێ وەرگری و بۆت ببن بە سەرچاوەی ئیلهام.

### پەرەپێدان بە میتۆد

ئەوانەی کە تەکانێکی نوێ بە میتۆد دەدەن ئەوانەن کە بۆ خۆیان کەشفیان کردووە. ڤاختانگۆڤ، تۆڤستۆنۆگۆڤ، میخائیل چیخۆڤ، لی ستراسبێرگ، تەکانیان بە سیستێمی ستانیسلاڤسکی دا و فراوانتریان کرد. ئەم ڕێژیسێرانە داهێنانێکی دیکەیان خوڵقاندووە و مەرج نییە لەگەڵ پرۆفیلی ئەسڵدا، کە لەم حاڵەتەدا ستانیسلاڤسکی خۆیەتی یەکبگرێ.

هەمان بۆچوون دەربارەی ئەزنیشتەین و پلۆچک و ئەخلۆبکۆڤ و باربا و میێرهۆڵد دەکرێ بگوترێ.

ڕێژیسێری پۆڵۆنی، نووسەری کتێبی ئێستێتیکای هونەری دەرهێنان پێی وایە شارەزایی قووڵ( قووڵ نەک رووکەشانە) لە سیستێمی ستانیسلاڤسکی بۆ ڕێژیسێر پێویستە، هەروەها دەڵێ بە ڕای من تاکو ئەم دواییەش شتێکی نوێ نەهاتۆتە کایەوە، گەلێ لە سیستێمی ستانیسلاڤسکی و ڕێبازەکەی نوێ تر بێ.

ئەو داهێنەرانەی کە ناوم هێنان بەردەوام کەرەستەیەکی

نوێیان له ناو ڕاهێنانەکانی میتۆدی ستانیسلاڤسکیدا دەدۆزییەوە.

له هەوێنی میتۆدی کاردا، هەوڵ بدە وشک و برنگ مەبە،کراوە و شەفاف بە و میتۆدی کارەکەت بەسەر کەسدا فەرز مەکە و با هەمیشە قابیل بە گۆڕان بێ. ئەگەر میتۆدی کارت چەق نەبەستووبێ و قابیل بە نەشونما و گۆڕان بێ، هەموو گیروگرفتێک چارەسەر دەکەی، چونکە میتۆدی کارکردنت هەمیشە لە گۆڕاندایە. با میتۆدی کارکردنت لە پێناوی ئەوە بێ فۆرمی نوێ، گوزارشتی شانۆیی نوێ و کەرەستەی هونەری بهێنیتە دی.

## کەرەستەی نوێ

ڕیژیسێر دەبێ بەردەوام کەرەستەی هونەری خۆی ساغ بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، شێواز و کەرستەی نوێی دەربڕین و بەرجەستەکردن تاقی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕیژیسێر دەبێ ئاگاداری ئەوە بێ چی کەرەستەیەک بەکاردێنێ و ئەو کەرەستانە چۆن کاردەکەنە سەر داهێنانەکەی.

بۆ ئەوەی کەرەستە هونەرییەکانت دووبارە نەبنەوە و نەسوێن،چاکتر وایە هیچ شێوازێکی گوزارشت کوێرانە ڕەت نەکەیتەوە، بەڵام هیچ شێواز و ئامرازێکیش بێ تاقیکردنەوەی شەخسی خۆت قەبووڵ مەکە. له ڕەفز وقەبووڵ کردنیشدا هەوڵ بدە تەنیا دوای ناخ و دەنگی ناوەوەی خۆت بکەوی. واتە هەوڵ بدە خودی خۆت بی نەک کەسێکی دیکە. بێ گوێدان بەوەی کە ئەمڕۆ له بازاڕی هونەری شانۆدا چ باوە. گوێ مەدە بەوەی کە ئەمڕۆ پیتەر برووک یان باربا یان هەر ڕیژیسێرێکی دیکە چی بەکار دێنێ. گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت چی بەکار دێنی، کام ئامرازی دەربڕین، کام کەرەستەی چارەسەرکردن، کام شێوازی نمایش؟ وەڵام تەنیا لای خۆتە و کەسی دیکە ناتوانێ ئەم کێشەیەت بۆ چارەسەر بکات.

ئەمە ڕێگا لەوە ناگری شتیان لێوە فێر بی و کەڵکیان لێ وەرگری، چونکە ئەوان خۆشیان شتەکانیان له کەسانی دیکە وەرگرتووە، بەڵام ئەوان داهێنانەکەیان لەوەدایە کە تایبەتمەندیی خۆیان له دەست نەداوە، بگرە ئەو داهێنانەیان ئاوێتەی داهێنانی خۆیان کردووە، بە تایبەمەندی خۆیانەوە ئەو شتەیان بەکار هێناوە. شتێکی تایبەت بەخۆیان، زمانێکی تایبەت بە خۆیان داهێناوە. هەموو بیروبۆچوونەکانی برووک، باربا، منوچکین، لای مییرهۆڵد و ئارتۆ و کۆپۆ هەن، بیرو بۆچوونەکانی مییرهۆڵدیش ڕەگ و ڕیشەیان له مێژووی شانۆ و شانۆی ئاسیایی دایە، هیچ شتێک له شانۆ و لەنمایشدا نۆی نییە. تەکنۆلۆژیا نەبێ ئەوی دی هەمووی گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە دێرینەکان.

لەم هاوینەدا نمایشێکی گەلێ ساکاری پیتەر برووکم له ستۆکهوڵم بینی، بە وردی دیقەتم دەداو دەمویست بزانم چی لەو نمایشەدا هەیە لای مییرهۆڵد نەبووبێ، یان کام ڕەگەز تیاترالیزەکردنی تێدا بوو کە مییرهۆڵد باسی نەکردبێ.

ئەوەی نوێ بوو،ئەوەی داهێنان بوو لە نمایشەکەدا تایبەتمەندی برووک خۆی بوو، کە فۆتۆکۆپی کەسێکی دیکە و لاساییکردنەوەی تێورەکانی ڕێبەرێکی دیکە نییە. بە هەمان شێوەش ئەگەر تۆ بێی و لاسایی برووک بکەیتەوە، بتەوێ تەنیا بەلاساییکردنەوە وەکو ئەوە سادەو قووڵ بی، ئەوە تەنیا بەرهەمێکی سەقەت و نابووتت لێ دەوەشێتەوە.

کە له نمایشەکە هاتمە دەرەوە بیرم لەوە دەکردەوە، ئەوانەی کە باس له برووک دەکەن و لەسەری دەنووسن، خۆزگە له برووکەوە تەنیا فێری ڕاستگۆیی دەبوون، وابزانم ئەوە بۆیان دەبوو بە گەورەترین دەستکەوت. تۆ بڵێی ئەوەش هەمان ڕاستگۆیی نەبێ کە ستانیسلاڤسکی جەختی لەسەر دەکردەوە، بۆیە نوێبوونەوە و نوێخوازی بە پلەی یەکەم پێوەندی بە خودی خۆت و تایبەتمەندی خۆتەوەیە، ئەوەش تەنیا تایبەتمەندی ئەو کەسەیە کە بە دیدێکی دیکەوە سەر لەنوێ بەکاری دەهێنێ، بە ڕەسەنایەتییەکی تەواو سەربەخۆوە. مەبەستیشم لە ڕەسەنایەتی لێرەدا ڕەسەنایەتی بە مانای ئەمانەت نییە بەرامبەر بە کەلەپوور و فۆلکلۆر و هونەری میللی ، بگرە مەبەستم له ئەمانەت و ڕاستگۆییە بەرامبەر بەخودی خۆت و دەنگی ناوەوەی خۆت کە ئەمیان سەختترین و ناسکترین جۆری ڕەسەنایەتییە.

میتۆد عەقڵە و داهێنانت پێ نابەخشێ، بەڵام شارەزایی و ئەزموونت پێ دەبەخشێ و ڕێگات پیشان دەدات. ئەو شتەی داهێنانت بۆ مەیسەر دەکات، هۆشمەندی و زیرەکی خۆتە.

ئەوی تازە و نوێیە دیدی تاکەکەسیی داهێنەرەکەیە. لەم مەقامەدا ڕیژیسیۆری خاوەن دید و ئیستێتیکای فراوان دەگەیەنێ.

### کاریگەریێتی ڕێبەران لە سەر یەکدی

ئەگەر کۆنستروکتیڤیزم" بیناگەری"ی میێرهۆڵد بە نموونە وەربگرین، کە یەکێکە لە دەستکەوتە گەورەکانی شانۆی سەدەی بیستەم، پێم وایە کۆنترین نموونەی پیادەکردنی ئەم ئاراستەیە لە شانۆی ئلیزابیسی و بە تایبەت لەلای شەکسپیردا پۆلێنکراوە. ئەم بۆچوونە چەمکی شێوازگەریش دەگرێتەوە، کە میێرهۆڵد بە ڕاستی و دروستی پێشەنگی ڕاستەقینەی ئەم چەمکەیە و بە زمانی دینامیک و مەجازی و شیعری و هێماگەریانەی شانۆی مۆدێرن دادەنرێ، بەڵام لە کەس شاراوە نییە کە ڕەگوریشەی ئەم چەمکە بۆ شانۆی ئەنتیک و شانۆی ئەلیزابیسی و شانۆی کۆمیدیا دیل ئارتی و شانۆی ئاسیایی بە گشتی دەگەڕێتەوە، بەڵام فەرموو بزانە میێرهۆڵد چ تێورێکی نۆیی لە سەر دامەزراندووە. نموونەیەکی دیکەمان هەیە کە چەمکی فەزای بەتاڵە، فەزای بەتاڵ لای مۆلێر نەک هەر هەبووە، بگرە مەرجێکی هونەریی بووە، لە هەموو دیمەنەکانی تەرتووفدا بە گوێرەی تێبینییەکانی مۆلێر خۆی تەنیا لە یەک دیمەندا پێویست بە تەختێک یان مێزێک دەکا، ئەوانەی کە لە شانۆنامەکانی مۆلێردا ناو ماڵ دروست دەکەن و دیمەنەکان پڕ دەکەن لە تەخت و قەنەفە و دۆڵاب و مێز و کورسی، ئەوانە بە هەڵە لە مۆلێر گەیشتوون، ئەوانە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن ئیبسن دەردەهێنن نەک مۆلێر. هەموو تیۆرەکانی ستانیسلاڤسکی دیراسەکردن و ڕێکخستنی ئەزموونی ئەکتەرانی سەردەمە دێرینەکانی شانۆیە، لەگەڵ ئەزموون و کاری شەخسی خۆی لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا. کەم لایەنی تیۆری برێخت هەیە کە میێرهۆڵد چارەسەری نەکردبێ، لە ڕیژیسیۆرانی ئەم سەردەمەدا، بۆ نموونە باربا و منوچکین گەر کەشفەکانی میێرهۆڵدیان لێ بسێنینەوە، زۆر کەمیان بۆ دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان تەنیا لاسایی کەرەوەی ئەوانی پێش خۆیان بن، خۆ ئەگەر لەوانی پێش ئەوان باش تێ نەگەی لەمانیش بە باشی تێناگەی.

ستانیسلاڤسکی و میێرهۆڵد داهێنانێکی دییان بۆ شانۆ سەلماند، ئەوەی بەلای ئەوانەوە مەبەست بوو، جەوهەری شانۆ بوو، یاسا جەوهەرییەکانی نمایش بوو، کە نە کۆنن و نە نوێن، ئەو یاسایانە بنچینەن وەک خۆیان دەمێننەوە و داهێنەر دەیان گۆڕێ و بە زمانێکی نۆی و تایبەتمەندی خۆی و بە گونجان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم بەکاری دێنێ. وەک چۆن لە فیزیکدا یاساکانی ئەنشتاین لە مەڕ جازبییەتەوە ناکرێ بڵێین کۆن بووە و کاتی بەسەرچووە، بە هەمان شێوە نابێ یاساکانی شانۆش وەکو کوتاڵی ناو ماڵ بە کۆن دابنرێن.

یاساکانی ئەنشتاین یان نیوتن لە فیزیکدا وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام شێوەو جۆری بەکارهێنانیان لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتن و ڕیتمی زەماندا دەگۆڕێن، هەموو داهێنانێکی ڕەسەن و تایبەت بەخودی دەرهێنەر نوێیە و لەو شوێن و کاتەدا سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە، پێمان وایە یەکەم جارە ئەم داهێنانە، ئەم ئەزموونە، لە دایک دەبێ. لە ڕاستیدا ئەوی نوێیە دیدی ڕیژیسیۆرە، تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتی و کەڵکەڵەی تاکەکەسی ڕیژیسیۆرە، کە پابەندە بە سەردەم و دەوران و ڕیتمی ژیان و پرسیارە گەرمەکانی سەردەمەوە.

بە واتایەکی دی ڕیژیسیۆری داهێنەر لە فەزای هەر شانۆنامەیەک کە کاری لەسەر دەکا، فەزایەکی نۆیی ژیان دەخولقێنێ. لە ناو جەرگەی ڕیتمێکی کۆندا ڕیتمی ژیانی هاوچەرخ دەدۆزێتەوە،بە کورتییەکەی وەک ڕیژیسیۆری ڕووسی زاڤادسکی دەربارەی میێرهۆڵد دەڵێ: لەگەڵ هەموو بەرهەمێکدا سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوە.

### هونەرەکانی دیکە لە ناو هونەری دەرهێنان

ڕیژیسیۆر دەبێ شارەزا بێ لە ئەدەب، مۆسیقا، هونەری نیگارکێشان، بیناسازی. ڕیژیسیۆر مەرج نییە ئەدیب و نووسەر بێ، بەڵام پێویستە تەواو شارەزای دنیای ئەدەب و تیۆر و قوتابخانەکانی ئەدەب بێ. دەنا لە ناوەرۆکی ئەدەبی شانۆنامەکە سەر دەرناکات و زەحمەتە ببێ بە ڕیژیسیۆرێکی داهێنەر. ڕیژیسیۆر کە شارەزای ئەدەب نەبوو، بەرهەمەکەی کرچ و کاڵیی پێوە دیاردەبێ، چونکە دیدی ئەدەبیی ڕیژیسیۆر هەر لە هەڵبژاردنی تێکستەوە دەردەکەوێ، ئەنجا لە سەرجەمی بەرهەمەکەیداو پاشان لە سەرتاسەری کارەکەیدا ناشاردرێتەوە.

ڕیژیسیۆر مەرج نییە مۆسیقا ژەن بێ، بەڵام مەرجە شارەزای مۆسیقا بێ و یاسا بنەڕەتییەکانی مۆسیقا لە ڕووی کۆمپۆزیسیۆن و ڕیتم و تێمپۆوە بزانێ.

ئەم بۆچوونە بواری وێنەکێشان و میعماریش دەگرێتەوە، کە ڕیژیسیۆر دەبێ شارەزایی لێیان هەبێ،

بەڵام بە بۆچوونی من، مەسەلەکە لە شارەزایی گرنگترە، شارەزایی بۆ ڕیژیسیۆر نابێ تەنیا وەکو زانست بێ، دەبێ چێژی لەگەڵدا بێ. ئەم هونەرانە دەبێ بۆ ڕیژیسیۆر سەرچاوەی ئیلهام بن و وەزیەکی ڕۆحی گەورە بە ڕیژیسیۆر ببەخشن، نەک تەنیا وەکو هونەرمەند، یان وەکو خاوەن پیشە، بگرە وەک مرۆڤ دەزانی بۆ کارەکەت چ وزەیەکی لە بن نەهاتوو لە هونەرەکانی دیکە وەردەگری.

وا بزانم هەر ڕیژیسیۆرێک میتۆدێکی تایبەتی لە ئیلهام وەرگرتن لەو سەردەمەی کە سەرقاڵی داهێنانە هەیە. من بۆ خۆم زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرم و شیعر دەخوێنمەوە و تەماشای فیلم دەکەم و لە کتێبخانە دادەنیشم و تەماشای تابلۆی جۆراو جۆر دەکەم.

پێش ئەوەی لە دەرهێنانی گیلگامێشدا دەست بەکار بم، بۆ ئەم مەبەستە چەند ڕۆژێک لە کتێبخانەی ئافروئاسیایی لە لەندەن دانیشتم و بە کەتەلۆک و ئەلبوومی وێنەو تابلۆ کۆنەکاندا چوومەوە. سەرچاوەیەکی گەورەی ئیلهام بوون و خەیاڵی دەورووژاندم. ئەنجا بۆ ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ڕیژیسیۆر چەند دەتوانێ لە ڕووی فەزاوە سوود لە هونەری بیناسازی ئەو سەردەمە دێرینانە وەرگرێ.

کە گەڕامەوەو لەگەڵ سینۆگرافەکەم دەست بەکار بووم، بۆچوون و پێشنیارەکانم زۆر لە جاران ڕوونترو کۆنکریتتر بوون.

ئامۆژگاری من بۆ ڕیژیسیۆران بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی هونەر وەکو مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و بیناسازی، نەک تەنیا وەکو سەرچاوەی ئیلهام یان وەک سەرچاوەیەک بۆ فەنتازیا و خەیاڵ، کە گەلێ گرنگن، بەڵکو وەک توخمی بنەڕەتی لە دەرهێنانیاندا ئەوەیە کە بزانن چۆن سوود لەم هونەرانە وەرگرن و چۆن بەکاریان بێنن.

## ئاماژەیەکی گەلێ گرنگ

بەر لەوەی دەست بەکار بی و دەستی ئەکتەرەکانت بگری و پێکەوە گەشتی یەکەمتان بۆ ناو جیهانی شانۆگەرییەکە دەست پێبکەن، هەوڵ بدە سەرچاوەی سیحر بدۆزەوە. بۆ من مۆسیقا و شیعر سەرچاوەی سیحرن، مۆسیقا و شیعر تەکان بە خەیاڵم دەدەن و ئاسۆیەکی فراوان لە پێش زەینمدا ئاواڵە دەکەن. هەوڵ بدە بەلای کەمەوە، لەو ماوەیەدا پەنا بۆ سەرچاوەکانی ئیلهام بەری و لە کێشە و گرژی و ئاڵۆزی دوور کەویتەوە، بە تایبەت کە بە تەمای ئەوەی کار لەسەر شانۆنامەیەکی قورس بکەی، دەبێ زیاتر خۆت بە هونەرەکانی دیکەو بە ئەدەب و سەرچاوەکانی ئیلهامەوە زاخاو بدەی.

من کە لە مەغریبەوە داوایان لێ کردم خۆم بۆ دەرهێنانی شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هاوینەی شەکسپیر ئامادە بکەم، کارێکی زۆرم لەگەڵ مۆسیقا و شیعردا کرد، نەک بۆ بەکارهێنانی مۆسیقا وەکو توخمی نمایش، هەرچەندە ئەم خۆ ئامادەکردنەم پاشتر گەلێ سوودبەخش بوو، بەڵام وەکو کارێکی دەروونی و ئیلهامبەخشانە.

هەوڵ بدە پێش ئەوەی دەست بەکار بی، بە شیعر و مۆسیقا و ڕەنگ و تابلۆ و میعمار دەروونت جۆش بدەی و دنیای خەیاڵت فراوان و بەرین بکەیت، نەک وەکو ئەو ڕیژیسیۆرەی کە لەبری هەموو ئەم سەرچاوانەی داهێنان و ئیلهام پەنای بۆ دۆمینەو ئەزنیف دەبرد.

ڕیژیسیۆرێکی گەنج هەر یەک دوو ڕۆژ بەر لە پرۆڤەکردن لە سەر یەکێ لە تراژیدیا قورسەکانی شەکسپیر، بێ باکانە دۆمینەی دەکرد، کە پێیان گوتم لەم ڕۆژانەدا لەسەر یەکێ لە تراژیدیاکانی شەکسپیر پرۆڤە دەکات، زۆر حەپەسام، نەمدەزانی کەسێکی بوێر و بە جورئەتە، یان هەر.....!

# ئەحمەد حەسەن حەمەد ناسراو بەفەقێ ئەحمەدەکۆرە

وریا ئەحمەد

(بەشی دووەم)

ساڵی (١٩١٤) لە گوندی (سماقە) هاتۆتە دنیاوە، لە وەرامی پرسیارێکی مندا گوتی: بەمنداڵی هەمیشە گوێم لە خەڵکی ڕادەگرت و هەر بەو چەشنەش گۆرانی گوتن فێربووم، ساڵێکیش کە پارەی جۆری (دینار و فلس) پەیدابوو ماڵم لە گوندی سماقەوە بۆ کۆیە هێنا، ئەوکاتە لە (حەیران)یش بترازێت هیچی دیکەم نەدەزانی! داوام لە مەلاکانی مەولوود خوێنی وەک (مەلا ئەسعەد و مەلاوڕەحمان) کرد کە لەهەر ماڵێک مەولوود بوو منیش پاشی نانخواردنی ئێواریێ تەنیا بۆ گوێ ڕاگرتن دێم، ئیدی هەندێ شەوان لەماڵی (حەمەدی کەریمی) و هەندێ شەوان لە ماڵی دی، دەی دەی هەتا شەوێکیان (یا عەیشێ) هەبوو (عەیشە زەولە)یان پێدەگۆ، ژنێ وەستا کەریمی نەجاڕ بوو، ساڵی جارێک مەولودێکی گەورەی دەکرد، ماڵیشیان لە هەوراز ماڵی (یا عەنیفی عەیشێ قادری) بوو، شەوێکیان لەوێ بووم هەر قالە کەچەڵ و حەمەدەمینەگۆجە و مەلا ئەسعەد و مامۆستا مەلاوڕەحمانیش مەولوودەکەی دەخوێندەوە، چووم گوێم ڕاگرت، گوتیان ئەتوو ئەوە شەش حەوت جارە دێی، دەنگیشت باشە ئێستا تۆ بۆ (تەنزیلە)مان لەگەڵ ناگێڕییەوە؟ ئەو سێ کەسە بۆ تەنزیلە کەم بوون گوتیان یاریدەمان بدە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوان دەستم پێکرد، کە تەواو بووین یاعەیشێ (١٠٠) فلسی بە هەریەک لە مامۆستا مەلاوڕەحمان و مەلا ئەسعەد و(٥٠) فلسیشی دا بە حەمەدەمینە گۆجەی درهەمێکیشی دایە من، ئەوێ شەوێ هەتا بەیانی لە خۆشی ئەو درهەمەی خەوم لێنەکەوت! ئەوکاتە لە تەکییەی بووم (واتە هێشتا خاوەنی خانووی خۆی نەبووە)، بە (عانە)م دەگۆ (فەتاح

بەگ)، ئیـدی گـوتیـان بابە ئەگـەر ئەتوو بە دایمی بۆ مولوودان بێی، ئێمە وەدەکەین بە ڕەسمی بانگت بکەن، (ئەحـمـەدی حەمـە مـەلا و عـومـەری مـام عـەولا)یش بۆ هەندێ مەولوود و دانیشتنی تایبەتی بەدوامدا دەهاتن و لەگـەڵ ئەوانیش بوومـە برادەر، تا وای لێـهـات هەمـوو تەنزیلەی مـەولوود فـێـربووم و لەگـەڵ مـەلا ئەسعـەدیش گۆرانی و غـەزەلەکان و هەندێ غـەزەلم لە کاکەحمەدیش (ئەحـمـەدی حـەمـە مـەلا) وەردەگـرت و تا کـار گـەیشـتـە ئەوەی خوێندنەوەی مـەولوودیشم لەبەرکـرد، ئەوە نزیکەی سی و ئەوەندە ساڵەیە من لەگەڵ ئامێری (دەف)ەکەمدا چەنگەقـــۆپانەمـــە، (واتـە خـــەریکی دەف کـــوتانی مـەولوودانم) سـەرم هاتـۆتەوە سـەر ئەو کـونە کـوڵێـتـەی (واتە دوای ئەو هەمـوو مـانـدووبوون و ئەوەندە سـاڵەیە، تازە بوومـــەتـە خـــاوەنی ئەم کـــەلاوەیە). گـــوتم ئەو گـۆرانیـبـێـژانەی لەکـۆیە دەتناسین وبرادەریشت بوون، کێ بوون؟

گوتی: مەلا ئەسعەد، حەمەدەمینەگۆجە، قالە کەچەڵ، ئەحمـەدی حەمە مەلا، گـوتم ئەدی مامە سێوە؟ گوتی: لەبەر ئەوەی ئەویان بۆ مـەولوودان نەدەینا، بۆیە لەگـەڵ ئەو میـانەم کـەم بوو. لێرە مامم (کەریمی حەمە مەلا) لە فـــەقێ ئەحـــمـــەدی پرسی و گـــوتی: مـــەلا (عـــەبەی چایچی)یت وەبیـرە؟ گوتی: نەخێر کە من هاتمە کۆیە ئەو نەمـابوو، بەڵام مـەتحیـان دەکـرد، مامم گـوتی: (گـۆرانی شاییـانیش هەر عـەبەی چایچی دەیگوت و نەشئەتاغـاو ئەوانیش بۆیان دەگـێـڕایەوە) دوای ئەوە فـەقێ حـمـەد گوتی: مەلا ئەسعـەد گێـڕایەوە و گوتی: (شـەوەکی سێ کـەپـتان لە کـۆیە بۆ مـاڵی ڕەسوول ئاغـای هاتن، بەدوای من و عـەبەی چایچی و عـەلیـیـە کۆری باوکی عـومـەری پینەدۆزدا هاتبـوون، لەوێدا هەندێک گـوتنی تورکیـمـان بۆیان گـوت، کـەپـتـانە ئینگلیـزەکـان نەیانزانی ناوی (حەیران)بێنن، بۆیە گوتیان ئەو گوتنەی شوانەکوردەکان لای مێگەل دەست لەبنا گوێیان دەنێن و دەیڵێن ئەوەمان بۆ بڵـێن! هەرچەندە ئەوان دیار بوو زۆریان مـەراق بوو، بەڵام مـخابن ئێـمـە هیچ کاممان نەمانزانی حـەیرانیـان بۆ بڵێین، دوایی کەپتانەکان یەکەو (٣٦) ڕوپیەیان داینێ، بەڵام مـن (مـــەلا ئەسعـــەد) وەرم نەگـــرت، ئەوانی دی وەریانگرت، لێم پرسی بۆ وەرت نەگـــرت؟ گـــوتی تۆ وادەزانی من هەر ئاوا (بزگوڕ) بوومە؟ گوتی ئەوکات من بێـزم دەهات پارە وەرگرم؟ مـامـۆژنم لێـرانە هاتە قسـە و



فەقێ ئەحمەدە کۆرە

گوتی: کە بووکێک لە کۆیە دەگوێزرایەوە (قالە کەچەڵ) و (مـام واحـیـدی مـوخـتـار) لەسـەربانی مـاڵی زاوا دادەنیشتن و گۆرانی (لەبەر نازی چاوبازان)یان دەگوت، فەقێ ئەحمەدەکۆرە هاتە قسەو گوتی: (ئەو گۆرانیانەی ئەمین ئاغـای ئەختەر، هەمـوو نزمـەکـانی لەسـەر نزمی تورکی دانراون!) جاران (عومەر جەلال) هەر گۆرانییەکی عـەرەبی ناوی دەردەکـرد، ئەو شیـعـرێکی کـوردی لەسـەر هەمـان ئاواز دادەنا! بۆ نموونە لەسـەر گـۆرانی (یا حـافـر البیـر) گـۆرانی (شـەمـاڵ وەرە دەردی دڵم بۆ یار بەرە)ی دانا! فـەقێ ئەحـمـەد گـوتی: جارێکیـان- جەلالی مـەلا نەجـیـم-ی هاتە ناو مـەکـتـەبی (بەیان) لە کـۆیە بە یارمەتی- تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە- مەقامی (خاڵە مـوختـار)*ی پێ گـوتم و ڕەسمەکیشی وەرگرتین، کەچی ئەوە بزر بوو. لەوانەیە بۆ(ئەڵمانیا)ی بردبێت! بیستوومە دەڵێن گـوایە ئەگـەر لەوێ ئاهەنگێک بـبـێت حـەز دەکـەن لەوێدا گۆرانی کوردیش بگوترێت!

گـوتم: مـامـۆستـا بۆچی تا ئەمڕۆ گـۆرانیت لەئێزگـەی کوردی بەغدا تۆمار نەکردووە؟

گـوتی: خـۆم هەوڵـم نەداوە، چونکە خـوا دەرکـۆکـەکی دیکەی لێکردوومـەتەوە، کـە پێـویسـتـم نەبێت خـۆم بەوەیانەوە مـاندوو بکەم (دیارە مـەبەسـتی لە مـەولوود خـوێندنەوەکـانە، کە ژیانی بۆ خـۆی و منداڵەکـانی دابین کردووە). سـاڵێکیـان (مەلا ئەسعـەد) بۆ ئێزگە چووبوو، پێـیـان گـوتبـوو دەبێت (عـەلی مـەردان) ڕای لێت بێت، ئەوجا وەک گـۆرانیبێژێک لێرە (لە ئێزگە)، وەرتدەگرین، ئەویش ڕێ و ڕێ هاتبـووەوە کـۆیە! جـارێکیش (کـاک

کەریم- واتە مامم کەریمی حەمە مەلا) مەلا حەمەدەمین (کە لە کۆیە بە مەلا نیسک ناسراوە) لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێزگەی کوردی- بەغدا بەو مەبەستە بردبوو، کەچی لە تاقیکردنەوەی دەنگدا دەرنەچووبوو! هەروەها گوتی ئەمڕۆش لە مولوودەکاندا (عەبدوڵڵای سمایل چاوشین- عەبدوڵڵا ئیسماعیل) و (ئیبراهیم سابیر) تەنزیلەم بۆ دەگێڕنەوە.

کاک کەریم گوتی: (سەعیدەکۆر) هەبوو لەکۆیە خەڵکی سابلاخێ بوو، لەگەڵ (شێخ محەممەد)ی برای، مەقامچی و دەنگخۆش دوای ئەوانە حەرامە! فەقێ حەمەدیش گوتی: (قەوان)ی تۆمارکراویشیان هەبوو، وانییە کاک کەریم؟ مامم گوتی بەڵێ هەیانبوو! گوتم تەمەنیان چەند بوو: مامم گوتی: لە تەمەنی مندا بوون، ئەمە ساڵە (١٩٣٤) ئەو ساڵانە بوو، فەقێ حمەد گوتی: کاک کەریم ئەتوو (ڕەفیقی چارچاو)ت دیتووە؟ مامم گوتی: نەوەڵڵا. فەقێ حەمەد گوتی: وەختێ خۆی مەلا ئەسعەد شاگردی بوو، هەردووکیان (مامم و فەقێ حمەد) لەسەر ئەوە کۆک بوون کە (ڕەفیقی چارچاو) گۆیندەیەکی باش بووە، دواجار ئەو ڕەفیقە کە بەئەسڵ خەڵکی کۆیە بووە، بۆ تورکیا سەری خۆی هەڵگرتووە و نەگەڕاوەتەوە! کە پرسیم هۆی ئەم ڕۆیشتنەی چی بوو؟ فەقێ حەمەد گوتی: نازانم ناوی هاتبوو بۆ عسکەری، نازانم چی بوو، مامم گوتی: حەنیلە خڕە لەمەیدانی خوارێ لەکۆیە مووی دەرست، منی دیت گوتی: وەرە (گورێ)یەکت بۆ بڕێم وەرە.. پاشی خۆی حەرام بوو، بەڵام حەنیل دوای ئەوەی کوڕێکی دەمرێت واز لەگوتن دەهێنێت! گوتیان جارێکیان حەنیل بە مام سێوەی گوتبوو: ئەو مەقامانەت گوتووە، هەموویت خەسار کردووە! هەروەها فەقێ حمەد گوتی: سێوە زۆر جاران دەیگوت: هەرچی ڕاست دەبێتەوە و گۆرانیبێژە، من بۆ هەر وشەیەکی ئەو مەقامانە شەونخوونیم کردووە و ماندوو بوومە خۆ هەروا بە خۆڕایی و بە ئاسانی فێریان نەبوومە! فەقێ حمەد گوتی سێوە بۆی گێڕاومەتەوە، کاتی خۆی کە (عەبدولئەحەد جەردیس) بۆ کۆیە هاتووە و لەچایخانەی سەرمەیدانێ مۆسیقای ژەندووە، بۆ سێوەش کاتی خۆی لەکۆیە موزیکی ژەندووە و یەکتریان ناسیوە، جا کاتێک سێوە بۆ ئێزگە چووە و موزیکیان وەک پرۆڤە دەست پێکردووە، سێوە بە عەبدولئەحەدی گوتووە: کاکە وەرە خوارێ، ئەو دەنگی ئەتو لە کۆیە وەختی خۆی گوێت لێ بووە، ئەو دەنگ نەماوە، بۆیە تکادارم لەچینێکی نزمتر موزیکم بۆ بژەنن! واتە ئەو کاتانەی سێوە و عەبدولئەحەد لە کۆیە یەکتریان ناسیوە و بەرهەمیان لە چایخانەکانی کۆیەدا پێشکەش بە خەڵکی کردووە، سێوە دەنگی (بەرزتر- ناسکتر) بووە، سێوە گوتبووی ئەمە قسەی فەقێ حمەدە: شەش قادرمەم پێهێنا خوارێ! (دیارە سێوە مەبەستی تۆن بووە)، دواتر هەر فەقێ حمەد گوتی: (ئەسڵی خۆی ئەو نیوەشەوەی (تایەر تۆفیق) لە مەلا ئەسعەدی وەرگرتووە، ئەوە هەڵەیە! سێوە گەلێک چاکتری دەگۆت!) لێرانەدا مامم گوتی: (سێوە دەیگوت بۆیە مەقامی نیوەشەوم لەئێزگەدا نەگوت، چونکە بەو گوتنەم (تایەرتۆفیق) دەشکا!؟ (خاڵەموختار) شێوەگوتنێکە فەقێ حمەد لەکۆیە بەوەوە ناودار بووە، حەکایەتەکەیشی بەم شێوەیەیە (خاڵە موختار ناوی مەلا مستەفا بووە، ناوی بۆ سەربازی هاتووە، نەچۆتە پێشێ، بەڵکو خۆی شاردۆتەوە، هەتاوەکو حەفت ساڵان خۆی بزرکردووە، دوای ئەو هەمووە ماوەیە هاتووە بە ناچاری خۆی بە دەستەوە داوە، پاشانیش عەسکەری کردووە و تەواویشی کردووە، دوای ئەوە گەڕاوەتەوە و ئەو خاڵە موختارەی گوتووە! جا دیارە هەم شێوەگوتنەکە و هەم هۆنراوەکەش هی ئەو مەلا مستەفایە بووە، لەلایەن ئەوەوە ئاوازی بۆ دانراوە و تێکستیشی بۆ نووسراوە و مەلا ئەسعەدیش لەوەوە وەریگرتووە)، ڕزگاری ئامۆزام کە لەو دانیشتنەدا ئامادەبوو گوتی: مامۆستا تۆ بۆ لە هەموو مەولوودێکدا ئەو خاڵە موختارەی دەڵێی؟ گوتی: داوای دەکەن، خەڵکەکە حەزیان لێیەتی، لەم ساڵانەدا کچە سەیییدێک هات بۆ لام و گوتی: (دایکم کچی کوڕی ئەو مەلا مستەفایەیە، کە کاتی خۆی شێوە گوتنی خاڵە موختاری گۆتییە، نیشان بەو نیشانەی وەسیەتی بۆ باوکی دایکم (باپیرم) کردووە و گوتوویەتی ئەمن خەڵکی کۆیەمە و ماڵم لە گەڕەکی جوولەکانە لە نزیک مزگەوتی- حەتکێ- نۆینەکی بەبەردەمدا دێت، کچە گوتی هاتووم بۆ ئەو خانووە گەر بکرێت وەری بگرمەوە، مام واحیدی موختار و ئەوان گوتیان: دایکم دەزانین بەڵام تا ئەوە بۆ تۆ ئیسپات دەکرێت و ئێمە دێین شایەدی بۆ تۆ دەدەین و ئەوە ساغ دەکرێتەوە زۆری دەوێت، ئەو خانووە تا ئەمڕۆ، ئەوە سەد دەست بکات، ئەوەی دواجار کڕیویەتی تاپۆی کردووە و ئەو تاپۆیە چۆن بە شایەدی من و کێ و کێ دەگۆڕدرێت؟ بۆیە دایکەکەم خۆت ماندوو مەکە!)

پرسیم مامۆستا تۆ ئەوەندە ساڵەیە شت فێردەبیت و لە مەولوودان خەڵکی دەنگخۆش تووش دێیت و (مەولوود) دەخوێنیت و دەیان (تەنزیلە) دەزانیت و شێوەگوتنی وەک (خاڵە موختار) دەڵێیت، ئایا خۆت هەوڵت نەداوە بۆ خۆت ئاوازێک، یان هۆنراوەیەک دابنێیت تایبەت بەخۆت بێت؟ گوتی: بە هەموو عەقڵی خۆم توانیمە هۆنراوەی هەندێ گۆرانی (حەسەن زیرەک) بگۆڕم یا بۆی زیادکەم، یا لە شوێنی دی لێی کەم بکەم! فەقێ حەمەد گوتی: (مەحموود بیرۆکەیی) هەبوو، زۆر پیربوو، بەڵام (حەیران)ی زۆرچاک دەگوت.

شایانی باسە من و هونەرمەند (سەردار ئەحمەد) زیاتر لە جارێک لەگەڵ فەقێ حمەد بە ئامێرەوە دانیشتووین و جارێکیان یەک دوو مەقام و گۆرانیشمان بۆ تۆمار کرد، بەڵام لەناو ماڵدا نەک ستۆدیۆ! هەروەها بە ڕێکۆردەری ئاسایی ناو ماڵان نەک ئامێری (پرۆفیشناڵ)ی دەنگ تۆمارکردن، ئەمە لە سەرەتای حەفتایەکاندا، دوای دانیشتن و تاقیکردنەوە زانیمان فەقێ حمەد هەندێک لە مەقامەکانیش بۆ نموونە مەقامی: (دەشت و ئورفە و مەنسوری و سێگا و حەیران...تاد) دەناسێت.

فەقێ حمەد گوتی: جاران لە دەشتی کۆیە کە دروونەیان دەکرد بەکرەیی دروونەی هەبوو، گۆرانی (گازێ) گازێیان لێدەدا، شاییشیان دەکرد گۆرانی شاییان دەگۆ، ئەو زەمان دەروێشێک دەهات خەڵکی دەورەیان لێدەدا، شمشاڵ هەر لەکۆنەوە هەبوو، لەزۆربەی گوندان شمشاڵژەن هەبوو، بلوولی شوانان هەبوو، سەردەمانێکیش ئەو (مەمەند بابی حەسەن چاوەشی) لچی بڕابوو، لە شەڕدا گوللەی پێکەوتبوو لچی نەمابوو، ئامێرێکی هەبوو (هەمبانە)کەی پڕ دەکرد لە هەوا، هەمبانەکە زیاد لە لوولەیەکی وەک سەرە زوڕنای پێوە گرێدرابوو، بەهۆی پڕکردنی ئەو هەمبانەیە لە هەوا، زۆر ئاوازی بە جۆشی پێ لێدەدا.

**تێبینی:**

ئەم چاوپێکەوتنە شەوی (١٩٧٩/٥/٢٢) لەکۆیە لە ماڵی مامم (کەریمی حەمە مەلا) ئەنجام دراوە.

* (خاڵەموختار) شێوەگوتنێکی زۆر خۆشی شاری کۆیەیە، ئەو پیاوە چیرۆکی ئەو خاڵەموختارەی لەسەرەوە باسکردووە، خۆیشی هەر بەو شێوەگوتنە زۆرتر لەکۆیە ناوی دەرکردبوو.

هەندێک گۆرانی هەبوون (فەقێ حمەد) لەکاتی مەولوود خوێندندا دەیگوتن، وەک بڵێی تایبەت بوون بە خۆی، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەوانە.




**گۆرانی: کوردستان چەند شیرینە**

* (میللەتانی ڕووی زەمین) گەر بە وردی سەیری بکەین لە ڕووی ئاوازەوە بە گۆرانی دەژمێردرێت، بەڵام لە ڕووی هۆنراوەوە بە ڕای من نیمچە (سروود)ێکە، لەم جۆرە شێوازەمان زۆرە، ئەمەش نەک هەر لای ئێمە بگرە لای میللەتانی دیکەش هەیە، بۆ نموونە (عارەب) بەم شێوازە دەڵێن (انشودة)!

کاتێ منداڵ بووم جا چ لەگەڵ دایکم بووبێت (چونکە فەقێ حمەد مەولوودی بۆ ژنانیش دەخوێندەوە) یا باوکم، هەستم دەکرد ئەو پیاوە، لەکاتێ مەولوود خوێندنا هۆنراوەی نیشتمانی بە ئاوازی گۆرانی دەخوێند!




**گۆرانی: میللەتانی ڕووی زەمین**
**شیعری: جەلال جۆبار**
**گوتنی: فەقێ ئەحمەدە کۆرە**

# خەسڵەتی کەرستەی جۆراوجۆر لە هونەری «نامۆ»دا


سۆران ئیسماعیل

**«هونەر بەتەنیا دەتوانێ لە مەترسییە ڕاستەقینەکانی ژیان بمانپارێزێ»**

دیارە ئەم قسەیە لەلایەن (ئۆسکار وایلد) هەروا بەخۆڕایی نەوتراوە. هونەرمەندان بەر لەهەر چین و وتوێژێک لەنێو کۆمەڵگا هەست بەبوونی ڕووداو و پێشهاتەکان دەکەن، لەگەڵ خەم و ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆیان دەژین. هونەرمەند پێش ئەوەی مانا و ناوەڕۆک و وشەی هونەری پێوە بلکێنرێت، مرۆڤێکی ئاسایی ئەم کۆمەڵگایەیە و لە هەناوی ئەوەوە ڕسکاوە و تێکەڵ بە ویژدانی ئینسانییەت بووە، لەبەرئەوەشە دەووترێت: «هونەرمەند، هونەرەکەی گوزارشت لەویژدان و سۆزی مرۆڤایەتی دەکات» لەوەوە هاتووە کە خۆی مرۆڤێکە بەشدارە لە دروست بوونی ژیان و بوونەوەرێکی زیندووی ئەم گەردوونەیە، ئەوەشیان گوتەی فەیلەسووفی جوانناس «سوزان لانجەر»ە.

هونەرمەند ئەوکەسەیە کە بە هەردوو حاڵەتی ئاگایی و نائاگایی تێپەڕ دەبێت و لەگەڵ تێپەڕینی هەریەک لەم دوو حاڵەتەش تێکەڵ بە کۆمەڵێک یادگاری و بەسەرهات و بیرەوەری جۆراوجۆر دەبێت...

دەمێک واقیعبین دەبێت و دەمێکیش بە خەیاڵ دەفڕێ، هەروا لە بۆتەی کات و شوێنێکی دیاریکراو یان نادیار غەریزە دەرەکییەکانی دەڕژێنێتە نێو کارە هونەرییەکانی و ئەمجارەیان بە بەرهەمی خود و خودگەرایی دێتە بوون، جارێکیش تێکەڵ بە ژینگەی دەوروبەری دەبێت و بابەتییانە دەبێتە بەرهەمی کارەکانی.



هەمیشە هونەرمەندی ڕاستەقینە زێتر و زووتریش بەرکەوتی واقیعەکەی دەبێتەوە، ئەوکاتانەی لە نزیک گۆڕەپانی ڕووداوەکان دەژی و بە قوولایی ڕووداوەکانی ژیاندا شۆڕ دەبێتەوە، ئەوکاتە دەبێتە بەشێک لەفەزای ڕووداوەکان و شوێنەواری ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی زەمەنی بەسەرەوە دەمێنێت، ئیدی لەم فەزای ڕووداوانە دەخولێتەوە و هەمیشە ڕەنگدانەوەی مەینەتییەکانی بەسەرەوە دەمێنێت و لە جوغزی نامۆیی دەرناچێت و زۆرجاریش ئەم دەستەواژانەی کەڵکە دەبن بەسەر کەسی هونەرمەند نازناوێکی بۆ دروست دەکات و دەبێتە پێشگر یان پاشگر و پێوەی دەلکێنرێت و ناوبانگی پێدەبەخشێت.

هونەرمەندی شێوەکار «محەممەد ڕۆستەم زادە» ناسراوە بە «نامۆ» لەساڵی ١٩٦٤ لە شاری (بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە. لە دوا پێشانگای کە لەناو شاری هەولێری پایتەخت و لە گەلەری کوردستان سازی داو لەلایەن «سەنتەری زناک»ەوە لە ٢٠٠٦/٩/٩ بۆی ڕێکخرابوو، لەم پێشانگایەدا بەرەو ڕووی شتگەلێکی زۆری هەست نواندن بەرامبەر کارە هونەرییە لۆجیکییەکانی نێو هۆڵەکەی کردینەوە و لەو بازنە داخراوەی سنووری تێفکرین خستبوویە سەر پشت، نەک هەر لە ڕووی بابەتەوە، بەڵکو گەڕانەوەش بوو بەرەو سەرەتاکانی دەستپێکردنی کاری پراکتیکی و چۆنیەتی بازدان و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی پێشتری، ئینجا خۆ خزاندنە نێو ئەو هونەرەی ئێستای کە بە «ئینستلەیش و کانسیپت و مانیپوەڵ» ناوزەد دەکرێت و کار بۆ کردنی بەشێوەیەکی ڕەهایی و ئازادی بەخۆدان لەسەر بنەمای کەڵەکەبوونی زۆر و لەمێژینەی ئەزموون دەوەستێت. بێ گومان برینی ئەم قۆناغانە و گەیشتن بە میتۆدی ئێستایی هەروا ئاسان نەبووە، بەڵکو «نامۆ» سەرەتا وەک وێنەری دەستی بەکاری ڕەسم کردن کردووە، بەشداری لە زۆربەی فیستیڤاڵەکانی تاران کردووەو یەکەمیشی بەدەست هێناوە، سەرەتا بۆیەی گواش و ئاوی و ڕەنگی ڕۆنی بەکاردەهێنا بۆ تەکنیکی کارەکانی، ناوبراو لە (برامسەد)ی باکووری ئێران لە کەشوهەوایکی ئەفسووناوی دەستی بە ئیشی هونەری کردووە و کاریگەری کاری (ئەلیستراسیۆم)ی نێو کتێبی «شاهنامەی فیردەوسی» لەسەر بووە، بەشێوەی میناتۆری یان «مینی ئارت» دەنەخشێنرا. لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی هونەرووەری نێو ئەم کتێبە ئاشنایی پەیداکردووە و دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران فەزایەک لە هەستی نەتەوەیی و کێشەی میللەتەکەی کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر گۆڕان و قۆناغی کارکردنی ئەوکاتی، تا وای لێهات دەستیکرد بە دروست کردنی وێنەی شەهیدەکان و بۆ چەند ساڵێک لەسەر ئەوە بەردەوام بوو، ئینجا چوو بۆ زانکۆی تاران و لەوێ بە تەواوی ئاوێتەی هونەر و هونەرمەندان بوو. پاشان خوێندنی باڵای ئەکادیمی تەواو کرد، پاش مەشق و دراسەیەکی زۆر و هەزم کردنی قوتابخانە و ڕێبازەکانی تری هونەری و خۆ لە قەرەدانی شێوازەکانی وەک ڕیالیزم و ڕیالیزمی ڕەخنەیی- ئێکسپرە سیۆنیزم- ئەبستراکت- کۆبیزم- ئەزموونی کاریکاتێری و ستایلی ترو.. تا دەگاتە ئەم شێوازەی ئێستای. لێرەدا بە هەلی دەزانم لە چەند تەوەرێکدا باس لە گۆشەنیگاکانی بواری هونەری ئەو بکەم بەپێی تێڕوانینی خۆم.

## نێوان کولتوور و جیهانگەرایی

### پیکاسۆ دەبێژی:«هەر کارێکی هونەری لە ئێستادا نەژی، ئەوا لە داهاتووشدا ناژی»

ژیانی مرۆڤ پێکهاتەی تەمەنێکە یەک بەدوای یەکتر لەوەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر چەندین گۆڕان و جێگۆرکێ بەجێ دێڵێت، بەسەر ئاکار و ڕوخساری ئەو بوونانەی هاوبەشن لە بەڕێوەبردن و بە گەڕخستنی ژیاری



و شارستانی و پەرەسەندنی بواری هونەری وەک بەشێکی ئەو تەمەنە مێژووییەیی مرۆڤی ئەم سەردەم و زەمەنە دەیگرێتەخۆ. ئیدی هەڵگری خاسییەتی ئەو گۆڕاوانە (مەبەست هەر تەمەنی مرۆڤەکەیە) پابەندی سیفات و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەوروبەرەکە دەبێت کە لە هەرکات و شوێنێکا بێت. لەم حاڵەتەش ئاماژە و نیشانەکان بۆ هەر ناوچە و شوێنگەلێکی ژیاری ئەو دانیشتوانەی دێتە ئاراوە تایبەتمەندیی مۆرک و شوناسی خۆی لەسەردەبێت، هەڵبەت برینی ماوەی هونەریش لەم ئێستگە نەوەستاوەی زەمەنی کارکردندا بڵێین و نەڵێین ناونیشان و مۆرکی میللی و نەتەوەیی لەگەڵ دەبێت، لەچوارچێوەی ئەو کولتوور و کەلەپوورەی کە سنووری ژینگەی تەمەنی هونەرمەندی پێ داخراو و بەستراوەیە.

* «هونەرمەندی جیهانی یەکجار لەسەر گۆی زەوی ئەژین دەبێ ڕۆڵ و نەخشەی هەبێت بۆداهێنان»

ئەمە قسەی هونەرمەند نامۆیە و پێی وایە مەرج نییە لەنێوان تابلۆکاندا باس لە شەد و کێڵە و گوڵان بکرێت، چونکە ئامرازەکانی گەیاندن و پێداویستەکانی ئالیەتی ژیان گۆڕانییان بەسەر هاتووەو پێویستە لەگەڵیان ڕابێین و خاسییەتی تەکنۆلۆژیا و زانستی نوێ تەوزیف بکرێتە نێو کارەکان، لەلایەکی تریش هەر خۆی دەڵێ: «هەرچۆنێک بێت من بەشێکم لەو گێژاوەی کە مرۆڤی ئەمڕۆ لە میتۆلۆژی کەونارایییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین، بەشێکم لە بوونێکی ونبووو نادیاری جیهانی جەرو پێچ و پلاتین و ماوس و مینۆتۆر، کامپیوتێر، سایبرناتیک» ئەو کارانە باس لە تێکشکان و تێکەهەڵبژانی مرۆڤایەتی و ژینگە دەکەن، من دژ بە تێکچوونی ژینگە قسەم پێیە.

بێ گومان لەم کەین و بەینەدا تێبینیەک لەسەر دووبەرەیی بۆچوونی هونەرمەند «نامۆ» هەیە لە بارەی کولتوور و بەجیهانبوونی هونەر، ئەگەر بەشێوەیەکی ئاگاییش نەبوبێت، ئەوە وا دەردەکەوێ کە خۆی لەگەڵ ئەوە نییە ئەم کەرستە نوێیانەی بواری تەکنۆلۆژیا تەنگ بەجوانییەکانی سروشت هەڵبچنن و لە هەست و سۆزو بەها ڕۆحییەکانی شتەکان کەم بکاتەوە و سەرکوتی بکەن. سەرەڕای ئەوەش بڕوای بەوەش نییە کەرستە کولتووربییەکان بە تیمەی خۆی بکارێنێت و لەناو کارێکی هونەری تەوزیفی بکات، ئەمەش هەر لەبەر خاتری ئەوە بێت تا هونەرەکەی، خۆی لە قەرەی هونەرێکی جیهانی بدات، لەم حاڵەتەشدا ئاگاییانە لەبێ ئاگایی دەردەچێت و شێوەییەکی دەستکردی لێدێت.

ئەگەر نزیک بە کەسایەتی میتۆلۆژی هونەرمەند بین ئەوە خۆی هەڵقوولاوی ناوچەیەکی هەست بزوێن و گەرموگوڕی ڕۆژهەلاتی کوردستانییە و کاردانەوەی تیشکی کولتووری هەر شتومەکێک ڕاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ لەنێو هەستونەستیدا ڕەنگدەداتەوە لە ناو ئەو کەرستە تازە مۆدێرنانەی کە لە ئەمڕۆی سەردەمی تەکنۆلۆژیادا بەکاردێن و ئەم دوو تەوژمی تیشکە جیاوازانەی کەرستەی کولتوور و کەرستەی ئێستای مۆدێرن بەریەک دەکەون و بەشێوەی نامۆیی لەنێو کارەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئینجا کاتێ سەیری بەرهەمەکانی دەکەی واهەست دەکرێ کە خۆرسکی بیرۆکەی هونەرمەندنین، بەڵکو بەخوازراوەیی و سوود وەرگرتن لە هونەری بیانی وەرگیراوە. هەربۆیەش ئەوانەی نەزانن ئەمانە کاری هونەرمەندێکی کوردە و (محەمەد ڕۆستەم زادە) نامۆ کردوویەتی و بەرهەمی هێناوە، ڕەنگە یەکسەر بیریان بۆ کەسایەتی هونەرمەندێکی ئەورووپی یان ئەمەریکی بچێ، ئەم تێڕوانینە دەدەینە بەر بەشێکی تەماشاکەرانی کەڤاڵەکانی هونەرمەند نامۆ و بەشەکەی تریان ئەوانەن کە بە تێڕوانینی کولتووری خۆماڵییانەوە سەیری دەکەن و یەکسەر دەزانرێ لەپاڵ هەر کەرستە و کوتلەیەکی بارستایی نێو ڕەگەزەکانی ئەم کەڤاڵانە جێ دەست و پەنجەی خوێن گەرمی کوردێک دەچۆڕێتەوە، ئەمەش دوای ماوەیەک وەستان و شرۆڤە کردن بەرامبەر

ڕوخساری کەڤاڵەکان دەبێت و بەرەو هونەرێکی ڕەسەنی میللی دەتباتەوە، لە ئاکامدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە هونەرمەند نامۆ توانیویەتی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەردوو موفرەداتی جیهانبینی خۆی و دەوروبەرەکەی بکات و لەبەرەبییەکی نێو جەنگی کولتوور و هاوچەرخبووندا جێی بکاتەوە و لە هەر دەم و ساتێکا تاموچێژ لە دیوێکیان وەرگرین.

## بەرجەستە کردنی خەیاڵ و تەکنیک

* «ئەوکاتە کارەکەم بەسەرکەوتوو دەزانم وا ئیتر دەرفەتێک و مەودابییەک بۆ زیاد و کەمی نامێنێ، واتا دەگاتە ئاستێک کە هەر شتێکی تری لەگەڵدا بکەم بێ سوودە و ناگونجێ و بەرەو خەراپی دەچێت، حەز دەکەم کارەکانم بارستایی تایبەتی خۆیان هەبێ، ئەوانە ئەبنە بەرهەمێکی ئۆرگانێکی» ئەمەشیان بەشێکی تێڕوانینی هونەرمەند (نامۆ)یە دەربارەی کارەکانی، هەڵبەت هەڵێنجانی ئەم قسەیەش دوای بەسەراتێپەرین و تاووتوو کردنی قۆناغە هونەرییەکانی دێت وادیارە هونەرمەند لە تێکرای کارەکانی لەسەر بنەمای تەکنیکی هونەری جیهانی خۆی ئەزموونداری کردووە، هاوسەنگی دەخاتە نێوان ئێستێتیکا و فیکرەی هونەریی و لە ڕێگەی کەرەستەی پاکژ و ڕەنگاڵەیی و تیۆری ئەکادیمی، ئەم کردارەش وا دەکات یەکسانییەک بەمانە ببەخشێت، ڕێکخستن و داڕشتن لەنێوان کوتلە و فیگەرە کەرستەییەکان بەشێوەیەکی مانا بەخش، دەکرێ هاوکێشە پرۆسەییەکە بەم شێوە هێما بکرێت.

## جوانییەکان + بیرۆکە= تەکنیک= بابەت

هونەرمەند هەر بەوەندە نەوەستاوە واز لە کارەکەی بهێنێت، بە گوێرەی لێزانی و سەلیقەی (مهارة)ی دەست و فیکرە و خەیاڵڕوانینی دوور و جوانی هونەری بەرۆکی تیمەی تابلۆکەی بەرنەداوە، بەڵکو بە هارمۆنیاکردنی تەکنیک لەنێوان بارستایی کەرستە ماتریالەکان و جوانییەکانی بابەت (ڕەنگ و ڕێکخستن) ئەم کارەی کردووە. بێ گومان بەرجەستەکردنی ئەم کردارەش لە ئەنجامی هەوڵی زۆر و تۆکمەیی زانستی تێڕوانین و ئەزموونی هونەری دێتەکایەوە، بۆ ئەوەی دواجار بتوانێت وا لە چاوو زینی بینەر بکات ڕاهاتنی پێکهاتەی مەلموسی یەکپارچە ببینراوبێت، لەو پرۆسە گەیەنراوەی جیهانی هونەری (ئێستلیکاو فیکرە)ی هونەرمەند. بتوانێ خەیاڵ بەرجەستە بکات. هەربۆیە کە لە دوورەوە دەڕوانیتە کەڤاڵەکانی هونەرمەند نامۆ هەست بەوە



ناکرێت بە تەکنیکی کەرستەی بارستایی دەرپەڕیو ئەنجام درابێت، بەڵکو یەک پارچە لە سادەیی و سافی یەکییەتی پێکهاتەی داڕشتنی ڕەگەزەکانی تابلۆکە دەبینرێ، تا ئەو دەمەی تەواو لێی نزیک دەبینینەوە ئینجا بۆ یەکەکانی پێکهاتە دابەش دەبێت. لێرەدا تارمایی سادەییەک چ لە دوور یان نزیک دەبێتە فۆرم و ناوەرۆکی تابلۆکانی، بەڵام لەپشت ئەم سادەییە لە ناواخن و لەنێو کرۆکی هەستی هونەرمەند زەنگینی و سەنگی گەورەی فیکرو ئەپستمی هونەرنەند دەبینرێت، کە ئەوە یان لە پێودانگە چاکەکانی پێوانەیی هونەرییە، دەلوێ خەیاڵی هونەرمەند لەنێو تەکنیکی هەمەجۆری کەرستەکانی بەرجەستە بێت.

## شێواز و داهێنانی هونەری

هەموو پرۆژەیەک لە پرۆسەی داهێناندا لەنەبوونەوە بۆ بوون سەرهەڵدەدات، پرۆژەیەک بەم شێوەیە بەرهەم بهێنرێت داهێنانە، لەبەر ئەوە داهێنان فرە شێوازە و هەر شێوازەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر سەیری ئەو شێوازەی هونەرمەند (محەمەد ڕۆستەم زادە) بکەین، ئەوە خۆی لە فەلسەفەی هونەری مۆدێرنیزم- پۆست مۆدێرنیزم دەبینێتەوە و بەشێوازی (مانیوەڵ) کاری کردووە و لەگەڵ بەشێکی ناوپانتایی هۆڵەکەی بە ئێنستلەیشن پڕکردۆتەوە. بەم شێوازەی دەیەوێت لە تازەیی داهێنان نزیک ببێتەوە، لەم دیوەی کوردستانی باشوور بەر لەو ئەم شێوازی کارکردنە هونەرمەندانی ئێرەش خۆیان لەم دیاردە تازە هونەرییەدا تاقی کردۆتەوە، لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووک، بەڵام ئەوەی «نامۆ» هاوکێشەییەکی تری بە تازەکردنەوەی

چەمکەکان بەخشییوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی جۆراوجۆر لە کەرستەکاندا، تایبەتمەندییەکی بەخۆی بەخشیوە، جیاواز لەوانی دیکە و ویستوویەتی لەماوەی کارایی ستایلەکەی شتێکی تازە بینێتە بوون کە پێشتر نەکرابێت، ئەم شێوازەش ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کەرستە و پێداویستییەکانی ژیان دەکات و لە ڕێگەی ئەو ماتریالانەی کە دەبێتە پاشماوەی ئیش و خزمەتگەیاندنی مرۆڤەوە.

هەمدیسان ئەو دێت سەرلەنوێ لەنەبوون بوونێکی زیندوو دەخولقێنێ، واتا ئەو فۆرمەی پێشتر لە کەرستەکان هەبوو، ئەمجارە لە ڕێگەی ستایلی خۆی بەناوەرۆک و فۆرمێکی تری نوێ دەژێنێت، چونکە لەسەرووی هەموویانەوە داهێنان بەواتا گشتی و فەلسەفییەکەی داهێنانی ناوەرۆکەوە دەبێت بەزەمینەیەکی ئەنتۆلۆژی بۆ شێوازەکانی دیکە.

* تابلۆیەکی هونەری کە هەڵقووڵاوی بیری هونەرمەندەکەیە بابەتێکی دەرچووە، یان هیگڵ گوتەنی نامۆیە، بەڵام ئێمە بەم جۆرە لەواتای نامۆیی ناکۆڵینەوە، بگرە ئێمە پێناسەی (نا- خۆ)یی یان (نا- ڕەسەنی) بۆ دادەتاشین نا- خۆیی لەوێدایە تاکێک بوونی لەلایەن دەسەڵاتێکی دەرەکییەوە داگیرکرابێت و نەتوانێت خۆی بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی خۆی بدات- ئەگەر وردتر لەو ستایلەی (نامۆ)ی هونەرمەند بکۆڵینەوە دەبینرێ تایبەتمەندییەک بۆ ئەو جۆرە هونەرەی (مانییوەڵ- ئێنستلەیشن)ی خولقاندووە، واتا چۆن ئێستا لە زۆربەی قوتابخانە و ڕێبازە هونەرییەکاندا هەر هونەرمەندێک خاوەن ستایلی خۆیەتی، ئاواش هونەرمەندانی هونەری (ئێستلەیشن و مانییوەڵ و ڤیدیۆ ئارت و کانسێپت و...تاد). هەرکەسە و جێ پەنجە و کارامەیی وەستایانەی خۆی پێوە دیارە.

## بابەت و فرەیی کەرستە

ڕواڵەت و ناوەڕۆک لە هەر بەرهەمێکی هونەری شێوەکاری زۆرجار پێکەوە دەگەنە لووتکەی دروست بوونی مانای بابەت، هەندێ جاریش بابەت بە تەنیا نسیبی ڕواڵەت یان ناوەرۆک دەبێت و هەڵگری زۆر مەغزاو میتامانا دەبێت. ئاشکراشە بابەت و کەرستە دوو ڕەگەزی زۆر لێکترنزیکن و بەیەکەوە ئاکتیڤن، کەرستەی تابلۆ جێ ناونیشانی بابەت هەڵدەگرێ، بۆیە دەبینرێ لە هەندێ بەرهەمی هونەریدا دانانی هەر ماتریاڵێک بەشێوەی ماددی ڕەنگی یان هەرکەرستەیەکی تری نا هونەری دوای پێدانی چەمک و داڕشتنی لەنێو پێکهاتەیەکی هونەریدا، ئەوە بۆ خۆی ئۆتۆماتیکیانە بەشێوەیەکی مەرجداری زانستی فەرهەنگی شێوەکاری دەچێتە حیسابی ناولێنانی بابەت. ئینجا بابەتیش مەرج نییە لەهەموو کاتێکدا مانایەکی چیرۆکی و گێڕانەوەی دیرۆکی بەدواوە بێت، بەڵکو زۆرجار خوێندنەوەی خاسیەتی سەرەکی ئەو کەرستەیە بۆ خۆی بەخشینی مانای بابەتێک دەگەیەنرێت. ئەم بۆچوونە فیکرییەش دەکرێ لەگەڵ بنەماو بیرۆکەو فەلسەفەی هونەرمەند نامۆ بەیەک ئاقار بگەن.

دیارە دانانی کەرستە و چەسپکردنی لەسەر ڕووکەشی فاییەری تابلۆکانی (نامۆ) ئەگەر بەر لەبیرۆکەی هونەرمەند بووبێت بۆ داڕشتنی فیکرەی بابەت، یانیش دوای ڕێکخستنی ئەم کەرستانە و دانانی بەو شکڵە لەسەر ڕووکەشی تابلۆکە بۆ هاتنێکی بابەتی بووبێت، ئەوە ئەوکاتە لە هەردوو حاڵەتدا بەرامبەر دنیابینی تەماشاکەران و نیگاکان بۆخۆی بابەتگەلێکن و بەڕای من خاسییەتی سروشتی ماددەکان بەپلەی یەکەم و جۆری ڕێکخستنی کەرستەکان بە پلەی دووەم لەسەر خوێندنەوەی بابەت دەسەپێنن، بۆ نموونە دانانی کەرستەی وەک قاپی بەتاڵ و مڵاک هەڵبەت تایبەتن بەشتوومەکی بواری خۆراک و خواردن هەڵگرتن و ئەوەی تریشیان کەرستەی وەک دەستکێشەکان نیشانەن بەجێگرتەی ئەو دەستە ڕاستەقینانەی بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی و چاکە و خۆشی ژیان هەڵدەکێشێن، دیارە ناسینی ئەم توخمانە سەرەتاکەی بۆ هاتنی فیکرەی هونەرمەند دەگەڕێتەوە لە مەئلووفییەت و گرێی ئۆدیبی دووردەخاتەوە و گوتاری هونەرمەند کراوەتر و ساناتر دەگاتە جەماوەر، بەدەر لە شێوازەکەی کە ئەمەیان پێویستی بەکاتی زیاتر هەیە.

**پەراوێز:**

*** بەشێکی چاوپێکەوتنە لەگەڵ هونەرمەند (نامۆ) لەگۆڤاری هونەری نوێ وەرم گرتووە، ژمارە ٤، ساڵی ٢٠٠٥.**

*** بەشێکی چاوپێکەوتنە لەگەڵ هونەرمەند (نامۆ) لەگۆڤاری شێوەکاری سازیداوە.**

*** هەمان چاوپێکەوتنی هونەرمەند، لەگۆڤاری شێوەکاری، ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥.**

*** ل١٦ کتێبی بوون و داهێنان، د. محەمەد کەمال. سلێمانی ٢٠٠٤.**

# پێداچوونەوە بەبیروبۆچوونی هەندێ لەوانەی لە بارەی سیاچەمانەیان نووسیوە

دارا محەمەد عوسمان
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

دەفەرمووێت: (سیاچەمانە وەک بەرهەمی ڕەسەنایەتی ئێرەیی و جیاواز لە هی دیتران- بڕوانە متمانە و بەهێزی خۆ، پتەوتر دەکات و ورەی جڤین بەرەو بوونە خاوەن کولتووری خۆیی و تایبەت بەخۆ). ئەمە حەتمیەتی سیاچەمانەیە. کە بوونی خۆی لەناو سەدان ئاوازو ڕیتمی بیانیدا فرە بە چاکی و بە ڕەسەنی دەناسرێتەوە. واتە بیری مایەی ڕەواجی هەیە. کاروانی تا پەسلان بە نەمری دەمێنێتەوە و بیروهۆشی لەگوێی مرۆڤایەتیدا دەنگ دەداتەوە. دیسان لە هەمان سەرچاوەدا دەفەرمووێت! (ئیلیەت جەخت دەکاتەوە کە کولتووری نەتەوەیی ژمارەیەکی بەرچاو لە وردە کولتوورە ناوچەییەکانە، کە ئەوانیش، کاتێ دێتە، پۆلێنکاری دەبنە وردە کولتووری تر.) سامان و کولتووری نەتەوە بەری فراوانە، هەریەکە لەو لقانە سیفاتی تایبەتی خۆی دەپارێزێ، بۆیە وردبوونەوە.. لە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە، لە هەر دێڕێکی، یان دوو دێڕی ئەو ئاوازانە چەندین وێنە و دەقی جوان دەبنە هۆی ئەوە، کە پۆلێنکاری وردی بۆ ئەنجام بدرێت. هەر لە هەمان سەرچاوەدا دەفەمووێت! (سیاچەمانە گۆڕەپانی ڕەخنەکاری و بەرەنگاربوونەوەی عورف! هەر لە سوقراتەوە بیرۆکەیەک پەروەردە کراوە، کە ڕەخنەگرتن لە عورفە.... کەچی سیاچەمانە دەبێتە لایەنێکی ئارام بۆ ڕەخنەگرتن و پساندنی بازنەکانی عورف). واتە تەوق و زنجیری کەلەپچە دەشکێنێ بە ڕوویەکی فراوانەوە و بە هزری ڕیالیستانەوە دێتە مەیدانی ئەو تەنگ و چەڵەمانە، کە گرێبەستن لە بوونی هونەرییەوە.

ئەم ئاوازە بەرزە چڕە هەمــوویان دەکـاتـەوە. ئەندێشــە لادەبات، داخــوازی بوونی واقــیع ســەرهەڵدەدات، لەو بوارەدا. ئاوازی بەرزە چڕی ســیــاچەمـــانە، هونەری بەرگرییە، لەو بوونەی کە نەتەوە، هەندێ جار هەڕەشە لەمــان و نەمــانی دەکــرێ، بەڵام ئەم ئاوازە، بە ڕووی تەنگژەدا دەوەسـتـێت، دڵنەوایی و بە ڕووخـاندنی مـرۆڤ لەو ناوچەیەدا بە ئاگــا دێنێـــتــەوە. ئەم هۆزانەی (کـاردۆخی) فـرە بەچاکی بۆ گـەواهی ئەم باسـە دەست دەدات کە دەفەرمووێت:

**وەتەن ئەوانە کەس مەدۆش بەزەڕ**
**ئانە دۆش بەزەڕ شێتا یاخۆ هەر**

هونەری ســیــاچەمــانە، ئاوازی بەرزی هەورامــانە، وەختێک کە (مریەخان)ی دایکی هونەرمەند (ئوسمان هەورامی) سیاچەمانەی چڕیوە، کاتێک (نازەنین خان)ی دایکی هونەرمەند جیهانبەخش سیاچەمانەی فەرمووە، شان بەشانی پیاوان لە هەوراماندا کەس نەبووە بڵێت؛ ئێوە بۆ سیاچەمانە دەچڕن؟ کەواتە سیـاچەمانە دەست لەملانی پیاو و ئافرەتانە، نەک تەنیا هونەرمەندی پیاو ئەو ئاوازەی وتووە، بگرە لە نەکیسا، ئەنگارێس، نازەنین خان، بەیزاخانم... تا ئەمڕۆ، وەڵامی ئەحمەدی نازاری و لالو حـەیدەر و هونەرمـەند حـەمـە قـوڵتـە، ئاوازی بەرزە چڕی ئەو هەورامـانەیان، هاوتای گـیـانی بەگـیـانی ژن و پیـــاو بوو.. ئیـــدی هەرچەندە ڕەخنەش بگری، ئەوە سـەرکـەوتنی باسـەکـە زیاتر دەسـەلمێنی. ئەم چەند دێڕە هۆزانە هونەرمـەندی ئافـرەت بە ئاوازی سیـاچەمـانە ئەم هۆزانانەی وتووە فرە بە چاکی کاتێ دەفەرمووێت:

**ئەی مەرگم دە شەوە ئامارە**
**پەی بیبین سیاوی دڵەکەم تەمیارە**
**کەم بۆ کەم لوە کەم دە دژمانی**
**ئینە ساڵیوا خۆ جواہا دانی.**

ئەمە ئەو دەقەیە، کە گـۆرانیبێژی ئافرەت دەیلێت و ڕووی ئاوازەکەی دەکاتە بەرامبەرەکەی و پێشی دەڵێت و فـرە بە جـوانی تێی دەگـەیەنێ. یەکسـانیش لە ئاوازی بەرزە چڕدا دەردەکـەوێت، بەڵام ئاوازی بەرزە چڕ تایبـەت بوون بە سروودەکـانی دینی زەردەشت، ئێسـتا ئەم ئاوازە خۆی بە بەرگـێکی دیکە دەبینێ. خۆ ئەگـەر ئێـمـە دەقـە دینییـەکـانی (گـاتا)کـان بلێێن ئەوە چ پیـاو چ ئافـرەت دەتوانێ وەک لالانەوە لە ئاهورامـەزدا بپـاڕێتـەوە. واتە قـەدەغـە نەکـراوە هەر پیـاو ئەو سـروودانە بڵـێت، بگرە ئافـرەتیش شـان بە شـانی پیـاو توانیـویەتی ئەو دەقـانە بڵـێتـەوە. لە دیمانەیەکی گۆڤـاری (ڕامـان)دا، کە ژمـارە «٤٤»ە، چاوپێکەوتنێک، لەگـەڵ هونەرمـەندی دەنگ خۆش (جەمـیل نەوسـوودی)، لەلایەن جەلیلی عـەباسی کـراوە. بە م شێـوەیە هونەرمـەند (جەمـیل نەوسـوودی) دەفەرمووێت: (سیاچەمانە هەوایەکی سەخت و سەرکەش و چریکەیەکی تایبـەتییـە و هەمـوو کـەس نەیتـوانیـوە و ناتـوانێ بیـلـێ، سـوپاس بۆ خـوا من توانیـومـە زاڵ بم بەسەریدا، لەگەڵ کاک (ئوسمان)یشدا، تا سەر بڕۆم و نەخنێکم. با ئەوەش زۆر کـەس لەگـەڵ ئەو بلیـمـەتەدا وتوویـانە، بـەڵام پاش دوو سێ بەزم خنکـاون و بەجێ مـاون....زۆرتر شەیدای سیـاچەمانەم، وەک پێشـتـریش وتم، زۆر لە بواری سیـاچەمـانەدا سـەرکـەوتووم. لەناو سیـاچەمـانەشدا، نەزمی (ئاخ ئازیزم) لە هەمـوویان لام خۆشـترە و هەمیشـە بۆ خۆم دەیلێمەوە بە تایبەت کاتی تەنیاییم). دیارە مەبەست لەخنکاندن لەسیاچەمانەدا، کە هونەرمەند (جەمیل نەوسوودی) بەکاری دێنێ، مەبەستی ئەوەیە، ئاوازی بەرزە چڕی سـیـاچەمـانە هەناسـەی زۆر قـووڵی دەوێت، دەبێ وتنی لەسـەرخـۆ و هێـمـن بێت حەنجەرەی دەوێت. ئەمە کاری ڕەوای سیاچەمانە چڕانە، نەک دێڕە هۆزانەکـــان تێکەڵ و پێکەڵ بکرێن. وتمان سـیـاچەمـانە هەناسـەی درێژی دەوێت. ڕاسـتـە هەمـوو هونەرمـەندێک نـاتوانێ ئەو ئاوازە بەرزە چڕە بڵێ، بگرە سیاچەمانە، سیاچەمانە بێژی تایبەتی دەوێت. ئەوانەش بەپەنجـەکـانی دەست دەژمـێـردرێن. هەروەکـو ئاشکرایە، جوغرافیای هەورامان، یان بە واتایەکی دیکە سیاچەمانە مـەڵبـەندی هەورامـانەو لە سـروودی «گـاتا»کـاندا، ئەم ئاوازە دەوترێت، بەڵام لەکتێبەکەی (محەمەدی حەمەی باقی)دا، کە دێتە سەر باسی ئاڤێستا ئەو دەفەرمووێت: (ئاڤێسـتـای ئێسـتـا، بریتـییـە لە شـەش بەش، کتـێب، (نەســـەک) ١-گـــاتا، ٢-یەسنا، ٣- یەشـــتـــا، ٤-ئاڤێسـتـای بچووک، ٥-ڤالیسپەرد، ٦-ڤەندیدان) لەم بەشانەدا، (یەسنا) گرنگترین بەشی، ئاڤێسـتـایە و بریتـیـیـە لە حـەفـتـا و دووبەش، یان هات، یان سووره، یەسناش بەمـــانـای پەرستن و نـواندن و نـوێژ و جـەژنە و

شادی، کە بە هەمووی دەبێتە ئاهەنگی پەرستن، یان ئاهەنگ و جەژنی نوێژکردن. پەرستن یەکتاپەرستی لەکوردستاندا دەستی پێ کردووە، ئاهورامەزدایان پەرستووە و پەیڕەوی ئاڤێستای پیرۆزیان کردووە. واتە دەستوورێک بۆ پەرەپێدانی مرۆڤایەتی، لە هەورامانی دیرۆکدا دەستی پێکرد، بەم جۆرە ئەم ئامۆژگارییانە بە سروودی «گاتا»کان کە بەشێکە لە ئاڤێستا، بە ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە لە ئاتەشگەدەکاندا دەوترا، وەک، لالآنەوە لە ئاهورامەزدا، بەتایبەتی لە ڕۆژی چوارشەممەدا، چونکە چوارشەممە ڕۆژێکی پیرۆزە لە دینی زەردەشتیدا. ئەوکاتەش کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە بە خەتی (مادییە) نەک خەتی پەهلەوی، یان هەخامەنشی، چونکە دەوڵەتی (ماد) پێش پەهلەوی یان خەتی کۆنی پارسی کەوتووە. لێرەدا پرسیارێ خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە لە هەندێ نووسراو، یان کتێبدا، ئاڤێستا (٥) بەشەو لە هەندێ بۆچوونی دیکەدا (٦) بەشە. لە گۆڤاری ڕامان-ی ژمارە (١٠٧)دا نووسینێک، کە برای نووسەر [عادل محەمەد پوور] وتارێکی بەناونیشانی «سیاچەمانە حەنجەرەی بێگەرد» بڵاوکردووەتەوە، دەفەرمووێت: (ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت،کە سەرەتاکەی بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، لە پێنج بەش پێکهاتووە [١-گاسەکان، ٢-یەسنا، ٣-وردە ئاڤێستا، ٤-ویسپەرد، ٥-ڤەندیداد.] من بۆچوونی هەردوو ڕاکە بەڕاست دەزانم، بەڵام بۆچی؟ ئاڤێستای ئێستا شەش بەش و پێش زایین (٥) بەش! ئەمە پرسیاری زۆری دەوێت بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو بەشەی ئاڤێستا. وێران کردنی کوردستان و تالآن و چەرپاوکردنی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ کە بەرەو هەزارەی سێیەم دەچین، هێشتا کوردستانی مەزن ئازاد نەبووە، بۆ ساغ کردنەوەی ئاڤێستا وەک بناغەی بوونی ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگ، زیاتر توێژینەوەی دەوێت، بە هەرحاڵ ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەندێ نووسەری دڵسۆز هاتوونەتە مەیدانەوە کە بە دڵسۆزانە کاردەکەن، کە ئەمەش جێگەی پێزانینە بۆ هەمووان. لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا (عادل محەمەد پوور) دەفەرمووێت: «یەسنا لەقامووسدا لە دێر زەماندا بە مانای سروودی ستایش و ئاهەنگی جەژن و شادی هاتووە، گاتەکان بەشێک بوون لە یەسنای «ئاڤێستا» لە هەورامیدا «یەسە، یەسە، یەزن، یەزن» گۆرانییەکە، دەوترێتەوە و بیرهێنانەوەی هەمان دروودو ستایشە. ئەگەرچی ئەم گۆرانییە، بە چەشنێکی شاد و چەپڵەڕێزان، ئەم نەزمە لەلایەن گۆرانیبێژانەوە، دەوترێتەوە، بەڵام لە بنەمادا گرێدراوە بە هەمان دەربڕینی سۆز و شادی ڕاز و نیازی ئایینی زەردەشتەوە و وەک، تۆرە، میرات و کەلەپوور لەم کولتوورەدا، ماوەتەوە و پارێزراوە. میراتی زەردەشت زۆرە و گەڕان بەدوای ئەو سەروەت و سامانە بە نرخە سنگی فراوان و دەروونی نەتەوەیی دەوێت واتە لەناخەوە هەوڵ بدات بۆ ژیانەوەی (تۆرات میراتە)، ئێمەی هونەرمەندو ڕۆشنبیران بە شانازییەوە بەهانای ئەو کولتوورە نەمرەوە دەچین. نەک هانا بردن بۆ ئەم لاو ئەولا، کە زیان بە هونەری ڕەسەنی کوردی دەگەیەنێ. ئەگەر بە شێوازی زانستی جیای نەکەینەوە، ئەوە ئاستەنگەکان گرێ گرێ دەبن. بەزووترین کاتیش ناگەینە ئەنجام، بۆیە بە لەنگەرسازی ورد و بەتوانای بیری نەتەوەییەوە بۆ بۆچوونەکان بچین، ئەوە بێگومان هەزاران ئاوازی دێرینی [یەزن، یەزن]ی زەردەشتی ڕزگاری دەبێت لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا دەفەرمووێت (گۆسان، Gosan)یان بە تۆزێ ئاسانکارییەوە (تسامح) بڵێین (Gosan) کە لە توخمی گۆ+سان پێکهاتووە، (گەور، کبر) یان گاور (مەجووس) و گەور پاڵەوان ناموسڵمان لادەری دین، زاراوەیەکەبۆ زەردەشتییان و مەجووسییان بەکاردەهات. بەعەرەبییش بوو بە کفر، کافر، (سان)یش بە دوو واتا بەکاربراوە، یەکەم بە مانای سوڵتان، کەواتە مانای ئەوەڵ گەورەسان فڕێدانی فۆنۆلۆژی «ڕ» قرتاوە، بووەتە گۆسان یانی کەسێ، یان کەسانێک- کە هونەرمەند بوون- هونەری گۆرانییان بۆ (سان)ەکان، (سوڵتان)ەکان، (شالیار)ەکان چڕیوە، وەک (باربەد و نەکیساو بامشادو رامتین و یان لە چاخی (ماد)ەکان، (ئانگارێسن) یان (ئورام)ەن، لە پێش و پاش ئیسلام (فەهلەویاتی، باباتایەر) یان پاش ئیسلام لە سەدەی چواردەمدا (ڕوودەکی) یان سروودەکانی یارسان، (یاری سلتان لە سەدەی چوارەمی کۆچی (١١٠٠) زاینی وتنەوەیان بە ئامێری تەنبوورە، هۆرە و بە تێکڕا گۆرانی کوردی، هەورامی، سۆرانی... مەولەوی تاوەگۆزی). مەبەست لێرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو کولتوورەی،

کە شێوە دیالێکتی هەورامانییە، کە پارێزگاری ئەو سامانەی کردووە، لە هەموو سەدەکاندا تا ئەمڕۆ، ئەمەش پیرۆزی ڕەسەنایەتی ئەو شێوەیە، بە شێوەی ژیاری و شارستانی، بە ئەنجام دەگەیەنێت. بە تایبەتی ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، ئەگەر تەماشای کولتووری جیهان بکەین، دەبینین هەریەکەیان بۆنەیەکیان هەیە، کە شانازی پێوە بکەن، بەڵام ئێمە دەیان بۆنەمان هەن هێشتا بە تەواوەتی زیندوومان نەکردوونەتەوە. بۆ نموونە ئامێری تەنبوور، ئەم ئامێرە یەکێکە لە ئامێرە موزیکییە کۆنەکانی کوردی، تا ئێستا لەلایەن زۆر کەسەوە وتراوە ئەم ئامێرە کوردی نییە، بەڵام کاک ئازاد عەبدولواحیدی نووسەر لە کتێبی تەنبووردا، کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ی زایینی، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری «ڕامان»، ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی- چاپی یەکەم، کە بەم شێوەیە دەفەرمووێت: (سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەو ئامێرە بە زۆر بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە، چونکە وەک لێتوێژەرەوە نووسیویەتی، لەلای ڕێبازە باطنییەکان بەکارهاتووە، بە زۆریش لەلای ئەهلی حەق و کاکەیی و عەلی ئیلاهییەکان و ئاینزاکانی دی، کە هەموویان کوردن و لەناو ئەواندا دەرکەوتووە) ئەم بۆچوونە لەسەر ئامێری تەنبوورە فرە ڕاستە و هەموو ئاوازەکانی پێ لێدەدرا، بە تایبەتی مەقامی (ئەڵڵا وەیسی)، (ئای ئای)، گۆرانی (چەمەری) و بەشێوەی دابەش مۆزیکی تەقسیم، سیاچەمانەی پێ لێدەدرێت. واتە لەگەڵ لەرینەوەی حونجەرەی گۆرانیبێژدا فرە بە جوانی دەلوێت، لێرەدا هۆنراوەیەکی (بێسارانی) وەک دەقێک بۆ سیاچەمانە، کە خۆم ئەو سیاچەمانەیەم وتووە. بەم هۆزانەی (بێسارانی)، کە ئاخافتن لەگەڵ خۆیدا دەکات و باسی منداڵی و دوایی پیربوونی، کە چۆن نازداران سڵیان لێ کردووەتەوە، واتە نەچوون بەلایدا لەکاتی پیریدا دەفەرمووێت:

**ئاخ پەی منداڵی، ئاخ پەی منداڵی**
**ئاخ وا دێغا پەری منداڵی**
**گۆشەی خاترم جەغەم بی خاڵی**
**لا قەیدبیم جەتەعن بەوەشی و تاڵی**
**هەر بازیم مەکەرد من چەنی یاران**
**مەشیم وەباوش نازک نازداران**
**نازاران جەمین لێم نمەپۆشان**
**مەکەردم سەیران زوڵفی وەش بۆشان**
**ئیسە جەشوومی زەمانەی باتڵ**
**نازاران یەک، یەک لێم مەکەران سڵ**

لە ڕامانی ژمارە (١٠٧) دەفەرمووێت: (لەم پرۆسە زەمینەدا وەک باسمان کرد ڕەوتی (کرکە)، سروود، گۆرانی، هۆرە سیاچەمانە، لەسەر واتای دەستەواژەکە، باس دەکەین، هەر لە دێر زەمانەوە، لە چاخی (ماد)ەکان، دەسپێکی ئەم دابە لەلایەن (ئانگارێس) تا هەخامەنشینی پارتەکان بەناو «گوسان» و ساسانییەکان بەناوی خونیاگەری پاشان (عاشوق، عاشیق) و ئورامەن و یارسان و نەیچی و موتریب و مغنی... تا ئەمڕۆ گۆرانی گرێدراوە...

دیارە ئەو هەموو وشانە بۆ واتای گۆرانی- ستران، بەکارهاتووە. ئەوەش ئەو دیاردەیە دەسەلمێنێ، کە زمانی کوردی بەرخودانی چاکی کردووە، لە بوونی خۆی و مانەوەی فەرهەنگ و هونەر. هەمان سەرچاوە دەفەرمووێت: (وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کوردەکان بە تایبەت، بە تایبەت هەورامییەکان بۆ بەرز ڕاگرتن و مانەوەی ئەم «کرکە»، «نەغمە» لە هیچ حاڵەتێکدا نەسرەوتوون... وەکو پرەنسیپێکی تایبەتی لە دەقی شیعر و مۆسیقای هەورامانی توخمێکی جیاکەرەوە، لە شیعری کوردی سۆرانی- فارسیدا، کە مەبەستم «ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشووە دەنگانەیە کە لەو پێکهاتەی شیعری هیجاییدا بەهۆی چڕی فۆنیمەکان و شەپۆلە دەنگەکان مۆسیقای تایبەتی دروست دەکەن (دەنگ تەوەری)».... کە بڕگەی کورت و درێژەکان دەشارێتەوە و خۆی لە کێشی عەرووزی- لە شیعری کلاسیکی کوردی- سۆرانی، فارسی، عەرەبی جیادەکاتەوە و دەبێتە کۆمپۆزسیۆن و ڕیتم بۆ شیعرەکە.

ئەم بۆچوونەیان زۆربە باشی بۆی چووە، چونکە وەک وتمان هۆزانی پەنجەیی لە شێوە دیالێکتی هەورامانیدا، لەسەر بناغەی خۆی لای نەداو، بگرە ڕۆژ بە ڕۆژ لەو دەقەدا هەر پەیڕەوی ئەم ڕێچکەیەی کردووە. کە هونەری کوردی و ئەدەبمان پێی دەوڵەمەند بووە. هەمان سەرچاوە دەڵێت: (ئاوا خەسڵەتێکی مۆسیقایی لە شێوە زمانی هەورامیدا، لەسەر بنەمای دەنگ تەوەری دەبێتە هۆی ئەوەی کە گۆرانیبێژ بۆ پڕکردنەوەی ئەو دەنگانە و

چراندنی سیاوچەمانە و کێشاندنی شەپۆلە دەنگەکان پشت بە گەروو ببەستێ و بینی بۆبخواتەوە، ئەمە خۆی فەلسەفەی پڕ ئاستەنگ و بە کۆمەڵ هەروەزی تاکەکان لە هەرێمی شاخاوی هەورامان دەگەیەنێ). لەرینەوەی دەنگە ژێکانی سیاچەمانە چڕ ئەوە دیاری دەکات، کە زیاتر ئاوازی بەرزەچڕ هارمۆنی و سپرانۆ لە حونجەرەی هونەرمەند کۆببێتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە ئەو ئاوازە زۆر پەیوەست بێت بە هەورامانەوە. لە «گاتا»کان تا ئەمڕۆ هەر بەنەمری ماوەتەوە. بەڕای خۆم وەک لەسەرچاوەکەدا دەڵێت ڕەشبینی لە کراسی دەرەدامان بەدی دەکرێت، بگرە ئەو کراسە دەرەدامانە، تەنیا بۆموغەکان بووە، لەکاتی پاڕانەوە لە ئاهورامەزدا. هەرچەند لەسەر ئەم ئاوازە بەرزە چڕە، وەک ئەوە وایە کە درەختێک لە دەشتێکی پان و بەریندا لەدوورەوە بە کەمی کە نزیک بێتەوە تاپۆی گەورە دەبێت. ئەمەش بۆچوونی مامۆستای نەمر «گۆران»ەکە دەفەرموویت:

**عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی**
**بەر نەداتە چەم کلپەی گۆرانی!**
**رۆژ ئاوا ئەبێ چەم تاریک دایە**
**دەنگی «کنالەیل» هەردوایی نایە**
**مانگ بە تریفەی ناو دێ ئەکاکەیل،**
**هێشتا هەر گەرمە ناڵەی «کنالەیل!»**
**«سیاچەمانە.... سیاچەمانە...)**
**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!**
**ئەوەندەی داروبەردی هەورامان،**
**ڕەحمەت لە ژنی بەژن و بالاجوان!**
**«سیاچەمانە... سیاچەمانە!**
**هەورامان جێگای سیاچەمانە!**

ئەم وەسف و باس و جوانییە، کە مامۆستا گۆران لە بارەی سروشتی هەورامان- سیاچەمانەوە، بەڵگە و ڕاستی ئەوە دووپات دەکاتەوە. هەورامان و سیاچەمانە دوو وشەی ئاوێزانی یەکدین و هەرگیزاو هەرگیز ئەو دوو وشەیە، یان زێدی سیاچەمانەی ئاتەشگەدە، تایبەتە بە سیاچەمانە چڕی دەڤەری دەلالەوە- وەهانەی لەبن نەهاتووی هونەری ڕەسەنمانە- [لە ئەلفبێیەکی موزیک ع.ع. سەگرمەدا هاتووە! (کۆی هاتووچۆکانی لەرینەوەکان، یەکە (Unit)یە بۆ پێوانی گۆڕینەکانی چێن و بە ژمارەی لەرینەوەکان لە چرکەیەکدا، دەوترێ لەرە چرکە (Fregueny). هەمیشە لەرە چرکەی نۆتەی بەرز لە لەرەچرکەی نزم گەورەتر و زۆرترە) ئەو دەنگانەی، کە لە سیاچەمانەدا پەیدادەبن هەردوو لەرەکە، واتە بەرزونزم، بەیەک جار لە قوڕگی هونەرمەندی سیاچەمانە چڕدا دەوترێت، هەر لەوکاتەدا گۆڕان بەسەر دەنگەکاندا دێنێت. کە ئەمەش خەسڵەتێکی تری سیاچەمانە ڕوون دەکاتەوە. لە دیوانی مەولەویدا ل٣٠، دەفەرموویت:

**تا مطرب وەساز حەنجەرەی بێ گەرد**
**هوردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد**
**بەڵ ناکا نەی چی بەیۆ جەلاوە**
**وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە**
**بەز مێمان جەم بۆ چوون هەردەجاران**
**بنۆشین جامێ وە یاد جاران.**

لە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٩٩)دا جەلیلی عەباسی دەفەرموویت: دەمەوێت لەسەر گۆرانییەک بوەستم، ئاوڕ لەلایەنە مێژووەکەی بدەمەوە، کە ئەویش پێی دەوترێت (گەردوون چی بکەم) (گەردوون چی بکەم) هەوایەکی کوردی و ئاوازێکی هەرە مێژینەیە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی سەرهەڵدانی خودی (زەردەشت) و هۆنینەوەی کۆپلە سەرەتاییەکانی (گاتا)کان، واتە گەلێ پێش (ئاڤێستا). ئەم هەوایە لە دەزگای (شوور)دایە و لە خانەبەندیی گۆرانییەکاندا دەکەوێتە خانەی (خاو)، یاخود (گوشی)یەوە، بە هەوایەکی بەرزە چڕ ئاسایی نیمچە سەرکەشەوە لەنێوان سیاچەمانە و وردە بەزمدا دەوترێت:

**گەردوون چی بکەم، چیم دەسەڵاتە**
**رۆحم ئیشک چی دەورەی باڵاتە**
**باڵا باڵاتا، باڵا مرمانی**
**وێنەی گەلاوێژ پرشنگ مەشانی**
**هەر کەس کەسێش هەن منیچ تۆم هەنی**
**دڵەکەم دەربارەت بیەن تەوەنی**

لەم چەنددێرە هۆنراوەیەدا، کەسێک گلەیی لە کەسێکی دیکە دەکات، یان باشتر بڵێم شیعرەکە، پەیامی گلەیی ئامێزی ئەویندارێکە بۆ دڵبەرەکەی، هەندێک تاوانی بێ وەفایی یاخو لانەوازی و خەمساردی دەخاتە پاڵ، کەواتە

ئاوازی بەرزەچڕ لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤی ئەو ناوچەیە ئاشنایە و ئەوەش جەخت دەکاتەوە، کە هونەری بەرز وەک! یادگاری دەمێنێتەوە لەناوچوونی مەحاڵە، چونکە ئەو دەقانە مۆرکی ئەو زادەیە کە هەورامانی ئاهورامەزداییە و هەورامان هەمیشە شوێنی ئەوە بووە. کە ئازادی بۆ مرۆڤ برەخسێت، هەرگیز ڕەشبینی لەو ئاوازانەدا بەدی ناکرێت،کە مرۆڤ دڵی پێتەنگ بێت، بگرە هەردەم ئاهورامەزدا، پشت و پەنای چاکە بووە، کە چاکەش هەبوو ئادەمیزادیش بیری چاک دەبێت، کە بیریش چاک بوو،کرداریش باش دەبێت، کەواتە مەبەست لە ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە ئەوەیە، لالانەوە بۆ ئەوەیە کە ئاهورامەزدا پەنامان بێت، ئەوەش دەبێتە مایەی دڵخۆشی بۆگرۆی مرۆڤایەتی، هونەریش ڕێگەی مرۆڤایەتییە بۆ «تاک و کۆ» هونەربەشێوەیەکی گشتی ئاوێنەی بێگەردی ڕێبازی ئازادی و یەکسانییە، بۆیە هەردەم هونەرمەند یان هۆزانڤان، یان ئەوانەی شتی بەکەڵک بۆ نەتەوەکەیان دەکەن هەر بە نەمری ئەویادگارییانەیان دەمێنێتەوە. لە گۆڤاری «ڕامان»ی ژمارە «٤٦»دا جەلیلی عەباسی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هونەرمەند (شەفیع کێمنەیی) کردووە و دەفەرمووێت: (باوکم و مەجنوونی برام دوو دەنگ خۆشی بەهرەیی هەورامان بوون و خاوەنی گەروویەکی تایبەت و دەنگێکی زوڵاڵ بوون و جێ پەنجەیان بەسەر سنگی سیاچەمانەوە تا ئێستاش دیارە و بۆ خۆیان خاوەنی یادی تایبەت و ناونیشان و هەرواش نەزمی تایبەتن لەگۆرانیدا.... هونەرمەندی ڕەسەنیش، بە کەسێ دەوترێ، کە دەنگ و هەناسە و چریکەی ڕەسەنی هەبێت، سیاچەمانە بناسێت و بە جوانی بەسەریدا زاڵ بێت و زانستییانەش لە پێناوی گەشەو نەشە پێدانیدا هەوڵ بدات و چالاکی بنوێنی)..

گوندی کێمنە بناری تەخت و دالانی هەوای چریکە و شنەبای خاوێنی هاوینی وای کردووە، کە زۆربەی سیاچەمانە چڕەکان لە گوندی کێمنەی هەورامانی لهۆن هەڵکەون. دەمێک سیاچەمانە چرانی کێمنەیی-یان پێ دەوترێت و قوڕگیان بۆ ئەو ئاوازە بەرزە چڕە زۆر بە جوانی لواوە. ئەم ڕاوبۆچوونانەی هونەرمەند و نووسەران، لەسەر ئاوازی بەرزە چڕیان نووسیوە، بۆخۆیان ئەم بۆچوونانە سەرچاوەن و هەریەکەیان داهێنانی لە بارەوە نووسیوە. واخەریکە نووسەر و هونەرمەندی نەتەوەکەمان بیروهزریان بۆ کولتووری خۆیان دەخەنە کار، چونکە هەر میللەتێک لەسەر بنج و بنەما- سەرەکییەکانی بۆخۆی خزمەتی هونەر نەکات، ئەوە بێگومان ناتوانێت لە هونەو و ئەدەبی میللەتان بگات، من پێم وایە سیاچەمانە هەموو ئامێرە مۆسیقییەکانی زۆر بە جوانی لەگەڵدا دەگونجێن، ئەوەش کەوتووەتە سەرشانی مۆزیک ژەنەکان.. پەنابردنە بەر ئەو ئامێرە ڕەسەنانەی کوردی وەک: شمشاڵ- تەنبوور- دەق- دەهۆڵ ئەم چوار ئامێرە لەگەڵ پێنجەم ئامێر کە زووڕنایە، ئاوێزانی سەمفۆنیا بکرێن و بە تەکنیک لەگەڵ ئامێرەکانی مۆسیقای جیهانیدا بگونجێن. ئەوانەش هەریەکەیان نرخ و بەهایەکی فرە چاک بە گیانی مۆسیقای ڕەسەنمان دەدەن. کە لە پێشەوە ئاماژەم بۆ بنەما مۆسیقییەکان کرد، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تاموچێژی مۆزیکی خۆمان بزانین، ئەوکاتە بە سانایی فێری وردەکارییەکانی گەلانیش دەبین. لە ئەلفبێیەکی... ع.ع. سەگرمە دەفەرمووێت: هەوڵبدەن لە ڕێزمانی مۆزێکدا کەمێک شارەزابن، بۆ ئەوەی بتوانین نۆتەی ئاوازەکان و یاوەری کردنەکانیان بە تەواوی بخوێننەوە و تێبگەن.

ئەوکاتە چێژ لە مۆزیک وەرگرن و هەست بە نهێنییەکانی دەکەن ڕاستە ئەگەر هونەرمەندی سیاچەمانە چڕ شارەزایی چۆنیەتی هەڵبژاردنی دەقی شیعری، کە لەگەڵ ئاوازەکەدا بگونجێ ئەوە زیاتر گۆرانیبێژ دەتوانێت لە بوارەکەیدا سەرکەوتووبێت لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٠٨) ساڵی ٢٠٠٦دا، حەبیبوڵڵا تابانی وتارێکی لەسەر مۆزیک نووسیوە بەناونیشانی (مۆسیقا و پێشینەی لە کوردستاندا) بەم شێوەیە دەفەرمووێت: (مۆسیقا لەکوردستاندا پێشینەیەکی کۆنی هەیە، هەندێک ئاوازی تایبەتی وەکو «حەیران» لە کوردستاندا، کە شێوەیەک لە مەقام و ئاواز بە کۆنترین شێوازی مۆسیقا دەژمێرن. بارودۆخی جوغرافی و سروشتی ئەم سەر زەمینە بە جۆرێک، کە لە هەستی خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕەوانبێژی و ناسکی دەنگ دروست دەکات و بەهۆی ئەم بارودۆخەوە هونەرمەندانی ئاوازی ئەم سەرزەمینە بەردەوام لە هونەرمەندانی بەناوبانگی سەردەمی خۆیان بوونە و ئێستاش هەن). ئەم

بۆچوونه فره ڕاسته، بەڵام کە خوێندنەوەی مەیدانی نەبێ، ئایا هەر بەو شێوەیە هونەری کوردی ساغ دەکرێتەوە بێگومان ئەمە دەسەڵاتی دەوێت بۆ ئەوەی ئەو مۆرکە نەتەوەییە بگێڕینەوە سەر دۆخی سروشتی خۆی لە کوردستاندا.

**سەرچاوەکان:**

**١- محەمەد ئەمین هەورامانی- گوڵزاری هەورامان- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠٤- هەولێر.**

**٢- محەمەد ئەمین هەورامانی- مێژووی هەورامان- چاپی یەکەم- ساڵی ١٣٨٠- تاران.**

**٣- محەمەدی حەمەباقی- مێژووی مۆسیقای کوردی- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٦٦- ئێران.**

**٤- مامۆستائەنوەر قەرەداغی گۆڤاری «ڕامان»ی ژمارە«٦٨» ساڵی ٢٠٠٢- هەولێر.**

**٥- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٤٥» ساڵی ٢٠٠٠- هەولێر.**

**٦- جەلیلی عەباسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٧- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٦٣» ساڵی ٢٠٠١- هەولێر.**

**٨- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٤٧» ساڵی ٢٠٠٠- هەولێر.**

**٩- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- دیوانی مەولەوی- چاپی یەکەم- ساڵی ١٣٨٠هـ ١٩٦١- بەغدا.**

**١٠- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٤٨» ساڵی ٢٠٠٠- هەولێر.**

**١١- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٥٦» ساڵی ٢٠٠١- هەولێر.**

**١٢- ڕەووف محەمەد پوور، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە(١٠٥) ساڵی ٢٠٠٥- هەولێر.**

**١٣- ڕەووف محەمەد پوور- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٤- ڕەووف محەمەد پوور- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٥- ڕەووف محەمەد پوور- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**١٦- محەمەد ئەمین کاردۆخی- دیوانی کاردۆخی- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٧٨ز- بەغدا.**

**١٧- دارا محەمەد عوسمان- دەستخەت- فۆلکلۆر- چاپ نەکراوە.**

**١٨- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٤٤» ساڵی ٢٠٠٠- هەولێر.**

**١٩- محەمەدی حەمەباقی- مێژووی مۆسیقای کوردی- چاپی یەکەم- ساڵی ١٩٦٦- ئێران.**

**٢٠- عادل محەمەد پوور، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«١٠٧» ساڵی ٢٠٠٦- هەولێر.**

**٢١- عادل محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٢٢- عادل محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٢٣- عادل محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٢٤- عادل محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٢٥- ئازاد عەبدولواحید- کتێبی تەنبوور- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠٦- هەولێر.**

**٢٦- عادل محەمەد پوور، گۆڤاری ڕامان«١٠٧» ساڵی ٢٠٠٦- هەولێر.**

**٢٧- عادل محەمەد پوور، هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**٢٨- صدیق صفی زادە- دیوانی بێسارانی- چاپی یەکەم ساڵی ١٣٨١- سنە.**

**٢٩- عەبدوڵلا گۆران- دیوانی گۆران- چاپی یەکەم- ساڵی ١٣٨٤ هەتاوی- تاران.**

**٣٠- ع.ع. سەگرمە- ئەلفبێیەکی موزیک- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠٥ز- سلێمانی.**

**٣١- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- دیوانی مەولەوی- چاپی یەکەم ساڵی ١٩٦١- بەغدا.**

**٣٢- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٩٩» ساڵی ٢٠٠٥- هەولێر.**


**٣٣- جەلیلی عەباسی، گۆڤاری «ڕامان» ژمارە«٤٦» ساڵی ٢٠٠٠- هەولێر.**

**٣٤- ع.ع. سەگرمە- ئەلفبێیەکی موزیک- چاپی یەکەم- ساڵی ٢٠٠٥ز- سلێمانی.**

**٣٥- حەبیبوڵلا تابانی- گۆڤاری«ڕامان» ژمارە«١٠٨» ساڵی ٢٠٠٦- هەولێر**

# دڵزاری شاعیر و سەرجەم شیعرەکانی

کەریم شارەزا




شاعیری خەباتگێڕ و پێشکەوتنخوازی کورد، ئەحمەد دڵزار [کۆیە: ١٩٢٠]، دوو کەسایەتییە لە کەسێکدا کۆبۆتەوە، چونکە لەو دەمەی کە شاعیرێکی ڕێبازی ڕیالیزمی نوێیە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا و لە هۆنینەوەی شیعردا واقیع تێکەڵ بە هەست و سۆز و ئەندێشەی ڕۆمانسییانە دەکات و بەرهەمی نوێ دەخوڵقێنێ. وەک شاعیرێکی نوێکار خۆی بە ڕەخنەگر و شیعر دۆستان دەناسێنێ. لە هەمان کاتدا دەبینین ئەم زاتە وەک خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕ هاتۆتە مەیدانی خەباتی نیشتمانی و چینانەتی پشت ئەستوور بە ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمی زانستی، بۆ بەرژەوەندیی چینی چەوساوەی میللەتەکەی تێکۆشاوە و بەردەوامیشە لەو خەباتە ڕەوایەی و لەسەر ئەو هەڵوێستەی تووشی گرتن و ڕاوەدوونان و دەربەدەری و ئاوارەیی بووە، ساڵەهای ساڵ پێشمەرگایەتی کردووە و لەناو شۆڕشی کورددا فیداکارێکی دڵسۆز بووە، بۆیە لەناو کۆمەڵگاکەیدا پلە و پایەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی بە دەست هێناوە و سەلماندوویەتی کە ئەدەبی شۆڕگێڕی و خەباتی سیاسی دوو چەکی کاریگەرن بەرووی دوژمنانی نیشتمان و میللەت هەڵدەکێشرێن و لەدواییشدا کۆمەڵگا و نەتەوە لە کاروانی مرۆڤایەتی بەرەو پێش دەبەن.

**دیوانی سەرجەم شیعرەکانی دڵزار**

لەم دواییەدا دیوانی سەرجەم شیعرەکانی دڵزار لەسەر بڕیاری وەزیری پێشووی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان و پشتگیرکردنی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ئێستای ڕۆشنبیری و بە پێداچوونەوەی ئازاد دڵزار، لە بەرگێکی جوان و بە **٣٦٨** لاپەڕەی قەبارە گەورەدا، لە چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە شاری هەولێری پایتەخت چاپکرا، دیوانەکە ئەم کۆمەڵە شیعرانەی خوارەوە و پێشەکی و بیۆگرافیای شاعیری گرتۆتە خۆ:

١- ئاوازی ئاشتی و ئازادی - لە ١٩٥٨دا لە بەغدا چاپکراوە.

٢- خەبات و ژیان -لە ١٩٥٩دا چاپکراوە.

٣- گوڵی تەمەن.

٤- تێکرای شیعرە چاپ نەکراوەکانی دیکەی.

٥- گەنجینە -کەبەشێکە لە چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی

-له لوڕییه‌وه کوردوویه‌تییه (سۆرانی)
٦- ئه‌حمه‌دییه‌ی دلزار (ڕووسی-کوردی).
٧- به‌شی عه‌ره‌بی.
٨- کورته‌یه‌ک له بیۆگرافیای شاعیر.

**شاعیرییه‌تی دلزار و شیعره‌کانی**

دلزار له شیعر داناندا به هه‌ر سێ قۆناغ و ڕێبازی شیعری (کلاسیکی، ڕۆمانسی، ڕیالیزم)دا تێپه‌ڕیوه و تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی هه‌رجۆره شیعره‌ی پاراستووه و له هۆنراوه‌کانیدا به‌کاری هێناون و ڕه‌خنه‌گر، یان شیعر دۆست به که‌مێک وردبوونه ده‌توانێ لێکیان جودا بکاته‌وه و ده‌ستنیشانی ده‌قی نموونه‌کانیان بکات.

**شاعیری شیعری کلاسیکی**

شاعیر به کلاسیک چۆته نێو دنیای شیعر و هه‌مان فه‌رهه‌نگی وشه‌ی شیعری شاعیره کلاسیکییه‌کانی پێش خۆی به‌کارهێناوه و له قالبی شیعری ئه‌وان چ کێشی عه‌رووزی و چ سه‌روای ستوونی ده‌رنه‌چووه. بۆ نموونه: له هۆنراوه‌یه‌کیدا وه‌ک شاعیرێکی کلاسیکی سه‌ده‌ی نۆزده‌م ده‌ربڕینی شیعری داڕشتووه. بابزانین چ جیاوازییه‌کی له‌گه‌ل شیعری شاعیره کلاسیکییه‌کانی کورد دا هه‌یه:

**به‌داوی زولفی شۆخێکی په‌ری ڕوو من گرفتارم**
**وه‌کو پشکۆ ده‌سووتێنێ سه‌ری کولمی دلی زارم**
**نه‌ما تاپم له هیجرانی، په‌شۆکا دانیش و هۆشم**
**ده‌مێ مه‌ستی خه‌یالمه و ده‌مێ بێ هۆش و بیمارم**

دیوان: ل٢٠١

کاتێک سه‌رنج ده‌ده‌ینه داڕشتنی شیعره‌که، چ له ڕووی ڕوخسار و چ له ڕووی ناوه‌ڕۆکه‌وه، هیچ جیاوازییه‌ک له نێوان ئه‌م هۆنراوه و غه‌زه‌له‌کانی مسته‌فا به‌گی کوردی، یان وه‌فایی نابینین...

یان له هۆنراوه‌یه‌کی دیکه‌یدا به‌ناوی (شێفته‌ی قه‌د عه‌رعه‌ڕێکم)ه، ده‌بینین تۆسقالێک له تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی شیعری کلاسیکی لای نه‌داوه و به‌م جۆره ده‌مانخاته به‌رده‌م و با سه‌رنجێک بده‌ینه پێکهاته‌که‌ی:

**شێفته‌ی قه‌د عه‌رعه‌ڕێکم، شۆخ و شه‌نگ و نه‌ونه‌هال**
**سینه باغ و زولفی زاغ و ڕووبه‌خال و دیده کال**

دیوان: ل٢٠٢

**شاعیری شیعری کلاسیکی نوێ**

شاعیر به کاریگه‌ری ئه‌و پێشکه‌وتنه‌ی که له ژیان و ئه‌ده‌بیاتی میلله‌تی کورد له چله‌کانی سه‌ده‌ی ڕابردوودا ڕوویدا، ورده ورده خۆی له فه‌رهه‌نگی وشه‌وگوزارشتی کلاسیکی ساواوه لایداوه و ناوه‌ڕۆکی تازه‌ی خستۆته نێو قالبه کلاسیکیه‌که‌ی شیعر و به‌رهه‌می پته‌وی پێشکه‌ش کردووین. هه‌روه‌ک له سروودی (لاوی کورد)دا ئه‌مه‌ی کردووه و مێژووی دانانی هۆنراوه‌که‌یشی ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سالی ١٩٤٦ که تازه چووبووه پال حزبی ڕزگاری نیشتمانی که بالە نیمچه ئاشکراکه‌ی حزبی شیوعی عێراق بوو. له‌م قۆناغه نوێیه‌ی بیروباوه‌ڕی تازه‌یدا، لاوی کورد هانده‌دات بۆ خوێندن و زانست فێربوون و خه‌بات کردن له پێناوی نیشتمان و میللەت و به شیعری سه‌رواداری ستوونی کێشی درێژی عه‌رووزی هۆنراوه‌که‌ی نووسیوه و به‌م جۆره ده‌ست پێده‌کات:

**لاوی کورد بخوێنه، خوێندن مه‌رهه‌مه بۆ زامی گه‌ل**
**تیشکی زانینه ئه‌دا ڕۆشن به ئه‌ستێره‌ی ئه‌مه‌ل**

**میلله‌تی جاهیل له قافله‌ی ژین و ته‌ئریخی به‌شه‌ر**
**ده‌سته پاچه که‌وتووه، جێماوه له‌ش ئیفلیج و شه‌ل.**

ل٢٣٠

یان، له هۆنراوه‌یه‌کی دیکه‌دا به‌ناوی (تیشکی بیر) که له‌هه‌مان ماوه‌ی پێشوو دایناوه و نوێترین ئایدیالۆژیای ماتریالیزمی له قالبێکی کلاسیکیدا به‌به‌ر وشه و ده‌ربڕینه‌کانیدا کردووه و ناوه‌ڕۆکی شیعره‌که‌ی له‌گه‌ل عه‌قل ده‌دوێ نه‌ک عاتیفه و ده‌لێ:

**ڕه‌فیقان ڕێ نیشانده‌ر تیشکی بیره**
**ئه‌وه‌ی بێ هۆش و بیر ئیشکائه‌سیره**

**ئه‌سیری عاتیفه و ژێر چه‌نگی جه‌هله**
**شعووری مردووه و مێشکی فه‌تیره!!**

**بینای مـێـشـک بەهۆی زانین و خووی خاس**
**بەرز دەکرێ بڵند نابێ بە لیرە!!**
ل٢٣١

**شاعیری شیعری ڕۆمانسی**

شاعیر بەتەواوی دەچێتە نێو دنیای شیعری تازەوە، وردە وردە چوارچێوەی کۆنی شیعری کلاسیکی دەشکێنێ و خۆی لە کۆتی یەکێتی سەروا و کێشی درێژی عەرووزی ڕزگاردەکات و دەکەوێتە سەر هۆنینەوەی شیعری دڵداری ناسک و هۆنراوەی نیشتمانی و وەسفی سروشتی کوردستان لە قاڵبێکی نوێ و بە چەمک و ناوەرۆکی تازە دەخوڵقێنێ. با سەرنج بدەینە هۆنراوەیەکی دڵداری کە بەناوی (گۆرانی مانگی نیسان) دایناوە و ڕوو دەکاتە یارەکەی تا لە گوڕوەی مانگی نیسانی ڕازاوە بەیەکەوە لەناو گوڵزاردا و لەژێر سێبەری چڵی گوڵ و درەختان ڕاکشێن و چەپکە گوڵ بکەن بە سەرینیان و بلبلیش سترانبێژ و ئاگریشیان کڵپەی دڵیان بێت و دەڵێت:

**سەرینمان چەپکە گوڵ بێ**
**سەرپۆشمان سایەی چڵ بێ**
**غەزەلخوانمان بولبول بێ**
**ئاگرمان کڵپەی دڵ بێ**
ل ١٢١

شاعیری ئەندێشە قووڵمان لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەتەواوی دەچێتە نێو دنیای شیعری تازەی ئاودراو بە هەست و سۆز و ئەندێشەی قووڵ و لەشتی بچووک مانای گەورە و جوان دەخوڵقێنێ. بۆ نموونە:

لە هۆنراوەوەیەکیدا بەناوی (شیعرو خەیاڵ و جوانی) داهێنانێکی هونەری لە شیعری ڕۆمانسیدا خوڵقاندووە و هەست و سۆز و ئەندێشەی قووڵی شاعیرانەی تێدا بەکارهێناوە و لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

**لەژێر سێبەری، ڕووناکی ڕۆژا، لەدەم ڕووبارێ**
**بە پێکی پاکی و خۆشاوی خۆشی مەست بووم بە جارێ**
ل٦٦

تا ئێستا هیچ شاعیرێکی دیکەی کوردم نەدیوە زاراوەی (سێبەری ڕووناکی) و (پێکی پاکی) و (خۆشاوی خۆشی) وەک وێنەی جوانی شیعری بەکارهێنابێ کە هەرسێکیان لە جۆری چەسپاون و بە هەستی بینین وەردەگیرێن و کێشی شیعرەکەیشی ١٥ برگەیی کەرت کراوە بۆ (٥+٥+٥). ئینجا شاعیر دوای ئەم سەرەتایە سەرکەوتووەی، وێنەی دیکەمان بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش دەکات:

**ئەسوورامەوە بەسەر بەحرێکی سپی سافی نوور،**
**ڕای ئەدام بەرەو سەرچاوەی ئاوات شەپۆلی شعوور!**

ڕادانی شاعیر بە کاریگەریی شەپۆلی شعوور بەرەو سەرچاوەی ئاواتی و سوورانەوەیشی بەسەر دەریایەکی سپی و سافی ڕووناکی، دەربڕینی نوێ و وێنەی شیعریی جوانن شاعیر خوڵقاندوونی.

**دڵزار و شیعری ڕیالیست و چینایەتی**

هەست دەکەین دڵزار شان بە شانی چوونە نێو دنیای شیعری ڕۆمانسی خۆی لە شیعری ڕیالیزمیش داوە و بە کاریگەری ئایدۆلۆژیاکەی وەک شاعیرێکی کۆمۆنست شیعری ڕیالیستی داناوە، چونکە خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی پڕ ئەرک و ئازاری جووتیار و کرێکاران بووە و بۆیان تێکۆشاوە، واقیعی حاڵی چینی چەوساوەی میللەتەکەی خۆی لە شیعرەکانیدا سەرکەوتووانە دەربڕیوە و لەسەر زمانی ئەو ڕەنجدەرانە دەڵێ:

**برا وەرزێر و جووتیار و سەپانین ١١**
**بێ بەرگ و نانین ٥**
**ئەگەرچی هەڵگری هەوجاڕ و داسین ١١**
**هەردەم کەساسین ٥**
**لە چنگ ئاغا جگەرە پارە و پەلاسین! ١١**
ل٤٦

شاعیر نوێکاریی هەر لە ناوەرۆکی شیعرەکەیدا نەکردووە، بەڵکو لە ڕوخساریشدا کردووە و چووە کێشی دێرە شیعرەکانی بە ١١ برگەیی (٤+٤+٣) دارشتووە و بە (٥) برگەیی ماناکەی تەواو کردووە و ئەمەش گۆڕانکارییەکی جوانە لە کێشی شیعری نوێدا.

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەدا بەناوی (لە لادێدا) لە واقیعی ژیانی وەرزێر و جووتیارانەوە دەدوێ کە چۆن لەگەڵ چینی کارگەران و خوێندەوار و نیشتمانپەروەری دیکەی تێکۆشەر، خەبات دەکەن بۆ ڕزگار بوونیان لە ئیمپریالیزم و دەڵێ:

**له لادێدا لەناو وەرزێر و جووتیار ١١**
**لەشاراندا لەگەڵ چینی کرێکار ١١**

**لە گەرمێن و لە کوێستان ٧**
**لەناو پەرێز و بێستان ٧**

**لەگەڵ خوێنەران ٥**
**وەتەن پەروەران ٥**

**ئەکەین خەبات ٤**
**لەبۆ نەجات ٤**
**لە ئیستیعمار!! ٤**
ل: ٤٢

شاعیر لەپاڵ دەربڕینی ناوەڕۆکێکی شیاو بە خەباتی چینی چەوساوە لە دژی داگیرکەری ڕەنجمژ، گۆڕانکارییەکی تەواویشی لە کێشی شیعرەکانیدا کردووە و چووە بە کێشی ١١ برگەیی (٤+٤+٣)ی خۆماڵی دەستی پێکردووە و لە نیوە دێری سێیەمەوە دەیکاتە ٧ برگەیی (٤+٣) و ئینجا دەیکاتە (٥) برگەیی و بە کێشی (٤) برگەیی کۆتایی بە هۆنراوەکەی دێنێ.

شاعیری قاڵبووی خەباتی چینایەتی هەر لەم مەیدانەیەوە هۆنراوەیەکی بەناوی (گۆرانی بۆ کارگەران) داناوە و هەموو سیمایەکی خەباتی چینایەتی تێدا دەربڕیوە و کارگەری ڕەنجدەر هاندەدات تا لە دژی سەرمایەدار خەبات بکەن و لەسەر زمانی ئەو کارگەرە چەوساوە جەنگاوەرانەوە دەڵێ:

**کارگەرین، جەنگاوەرین**
**ڕەنجبەرین، تێکۆشەرین**
**بۆ قەڵای سەرمایەدار،**
**تێکدەرین، تێکدەرین**
ل٣٧

ئینجا شاعیر دەوری ئەو کارگەرانە لە مەیدانی ژیاندا دەردەبڕێ کە بوونەتە ڕۆڵەی شۆڕشێک لە دژی سوپای چەوسێنەر و خوێنمژان دەجەنگن تا قڕیان دەکەن و بەتەواوی لەناویان دەبەن و دەڵێ:

**ئێمەی ڕۆڵەی شۆڕشین**
**قارەمانی هێرشین،**
**بۆ سوپای خونخواری خوار**
**قڕ کەرین، دوا بڕین!!**

## دڵزار و شیعری ڕیالیزمی نوێ

دڵزار لە شیعری ڕیالیست هەر لە هۆنراوەی چینایەتی و خەباتی ڕەنجدەران ناگیرسێتەوە، بەڵکو ڕوو دەکاتە قۆناغێکی نوێتر کە ئەویش ڕێبازی ڕیالیزمی نوێیە و بە تێکەڵ کردنی بنەماکانی ڕۆمانسیەت لەگەڵ واقیعدا دروست دەبێ، چونکە شیعری واقیعی ڕووت ئەوەندە خۆی لەناو هونەری شیعری پتەوە نادۆزێتەوە تا ڕەگەزەکانی ڕۆمانسیەتی تێکەڵ نەکات کە هەست و سۆز و ئەندێشەی قووڵن. شاعیر لە هۆنراوەیەکی لەم جۆرەیدا بەناوی (کورد گەوهەرێکە ناتوێتەوە) ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە دوژمنی نەتەوەکەمان هەرچەندە هەوڵ بدات کورد بتوێتەوە بۆی ناچێتە سەر، چونکە کوردستان ناسڕێتەوە و کوردیش گەوهەرێکە بە ئاگری دوژمن ناتوێتەوە و هەر دەبێ بمێنێ و بچێتە پێش و بگات بە ئامانجی نەتەوەیی خۆی و دەڵێ:

**کوردستان هەرگیز ناسڕێتەوە**
**کورد گەوهەرێکە ناتوێتەوە!**

**کاروانی مێژوو هەرگیز ناوەستێ**
**کوردیش هەروەکو گەلان هەڵدەستێ**

**وڵاتی لە چنگ دوژمن دەردێنێ**
**سیستەمی حوکمی خۆی دەچسپێنێ**

**ئاڵای ئازادی دەشەکێتەوە،**
**وەک هەموو گەلان دەحەسێتەوە**
ل ١٦٤

شاعیر ساڵێک پێش ڕاپەرینەکەی ئاداری ١٩٩١ پێشبینی کردووە کە میللەتی کورد لە ڕووی دوژمنی فاشی ڕادەپەڕێ و نیشتمانەکەی لەچنگ ئەو دوژمنە دڕندەیە ڕزگار دەکات و سیستەمی حوکمڕانی خۆی دادەمەزرێنێ و ئاڵای ئازادی هەڵدەکات هەروەک هەڵیکرد و شاعیر لە هۆنراوەکەیدا لە ١٩٩٠دا دایناوە ئەم خۆڕاگرییەی کورد و گەیشتنە حوکمی فیدراڵی و هەڵکردنی ئاڵای سەروەریی پێشبینی کردووە.

شاعیر لە پارچە هۆنراوەیەکی دیکەیدا بەناوی (خوێن و چەک) مێژووی وڵاتی قارەمانان بە دەستێکی ئاگراوی و بە لولەی تفەنگی بڕنەو و شەستیر لەسەر خاکی سووتاوی نیشتمان تۆمار دەکات و بەم جۆرە پێشکەشمان دەکات:

**بە دەستی ئاگراوی گەل،**
**بە لوولەی بڕنەو و شەستیر**
**لەسەر خاکی خەڵووزاوی**
**وڵاتی قارەمانانا**

**دەنووسێن بەند بە بەند مێژوو**
ل ١٥٤

**دلزار و شیعری وەسف**

هەرچەندە دلزار شاعیری شیعری ریالیزمی نوێ و هۆنراوەی چینایەتییە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە هێزی شاعیرییەتی بگەین، وا چاکە ئاورێک لە هۆنراوەکانی لەسەر وەسفی سروشت و جوانی بدەینەوە، چونکە شیعری وەسف بەبێ هۆنراوەکانی دلزار لە وەسفی جوانی سروشت و جوانی ئافرەت بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. شاعیر لە هۆنراوەیەکییدا بەناوی (دروشمی خۆشەویستی) بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وەسفی جوانی ئافرەت دەکات و لە سەرەتادا لەسەر زاری کچێک لەکاتی ئاخاوتنی لەگەڵ دایکیدا ئەم قسانەی کە دۆستە خۆشەویستەکەی پێی گوتووە و بە جوانیدا هەڵگوتووە بۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

**پەپوولەم دەگرت، لە باخچەی گوڵان دوێنێ دایە گیان**
**کەوا پێی گوتم: جوانی نازداری بووکی کوردستان!**

**گوڵاڵەی لێوت، هێندە شیرین و تەڕ و پاراوە!**
**هەنگی ئارەزوو و پەپوولەی حەزمی تێوروو کاوە!**
ل ٨٨

بە راستی ئەم نموونەیە سەرکەوتووترین نموونەی شیعری لیریکی کوردیە و پێویستە شیعری دلداری ئاوا ناڕاستەوخۆ بخرێتە روو نەک یەکسەر بە بەژن و باڵای ئافرەت هەڵبڵێ.

لە وەسفی سروشتیش شاعیر یەکجار دەست ڕۆیشتووە و وەسفی جوانی وڵاتەکەی خۆی دەکات لە شەوێکی مانگە شەودا و چی جوان و سەرنج ڕاکێشە لە سروشتی کوردستان و دیمەنە دڵرفێنەکانی بۆمان دەخاتە ڕوو. ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە چۆن ئەو مانگە تابانە لەناو جەرگی ئاسماندا بەجوانی دەدرەوشێتەوە و شنە بای نەسیمیش بەسەر جۆگەلەی ڕووندا دەشنێتەوە دەڵێ:

**مانگی خشت لەناو جەرگی ئاسمانا**
**ئەدرەوشێتەوە**
**با بەسەر جۆگەی ڕوون و ڕەوانا**
**سووک ئەشنێتەوە**
ل ٦٠

لە شوێنێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا وەسفێکی جوانی چەم و چیمەن و باخ و کەپر دەکات کە چۆن لەناو تریفەی ئەو مانگە ڕووناکە نقوم بوون و دەڵێ:

**چەم و چیمەن و وباخ و کەپری جوان**
**سەرتا بەخوارێ**
**لەناو تریفەی مانگی نوور پەخشان**
**نوقمن بەجارێ!**

ئینجا شاعیر ئاورێک لە ئەفسانەی کۆنی گریک دەداتەوە و ئەستێرەی ئاسمان دەکاتە چاوی سیحراوی خوای عیشق و جوانی، کە چۆن لەگەڵ چیمەن و تیپی گوڵان یاری و چاو شارکێ دەکەن و دەڵێ:

**چاوی سیحراوی خوای عیشق و جوانی**
**ئەستێرەی ڕەوشەن**
**لەگەڵ چیمەن و تیپی گوڵانی**
**چاوشارکێ دەکەن!**

شاعیر لە دەربڕینە ناسکەکانی کۆپلەی دووەمدا وێنەی شیعریی جوان پێکەوە ناوە، چونکە (نقوم بوونی چەم و چیمەن و باخ و کەپر لەناو تریفەی مانگە شەودا) وێنەیەکی چەسپاوی شیعرییە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە کۆپلەی سێیەمیشدا (چاوشارکێی چاوی سیحراوی ئەستێرەکان لەگەڵ چیمەن و تیپی گوڵاندا) وێنەیەکی دیکەی شیعرییە و لەجۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ. لەبارەی کێش و مۆسیقای شیعرەکانیشەوە نیوە دێری یەکەم ١٠ بڕگەییە و بە ٥ بڕگەیی ماناکەی تەواو دەکات.

**دلزار و شیعری فەلسەفی**

دلزار بە بیر و لێکدانەوەیەکی قووڵ لە فەلسەفەی (ژیان و مردن)ی مرۆڤەوە دواوە هۆنراوەی پتەوی لەبارەیەوە هۆنیوەتەوە و لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەی، یان گوێ لێ بوونی، سەرنجی شیعر و دۆست و ڕەخنەگران بۆ وردبوونەوە لە چەمک و ناوەرۆکەکەی ڕادەکێشێ، هەروەک لەم هۆنراوەیەیدا دەردەکەوێ کە لە بەرگی دوایی دیوانەکەیدا بەناوی (پردی ژیان) وەک دروشمێکی پەسند کراوی شاعیر خراوەتە ڕوو:

**بەسەر پردی ژیانا دەستە بەدەستە ئینسان**

**هەتا هەتایە دێت و گوزەر دەکا بێ**
**وچان**

**پردێکی سەر سوڕمێنە و سەیرە،**
**لە سەر دووپایە**
**بەندە، کە بنکی هەردوو لە ناخی**
**هیچییایە**

**لەبەنی دوو نەبووندا ماوەی ژیان**
**دیارە**
**خەبات و خۆشەویستی و ئومێد و**
**ئیش و کارە!!**

**دڵزار و شیعری ئەفسانەیی**

شاعیر لە هەموو مەیدانەکانی شیعردا وەستایانە ئەسپی خۆی تاوداوە و تاقیکردەنەوەی ئەدەبیی خۆی ئەنجام داوە و هونەرمەندانە کەرەستە و چەمکی ئەفسانەی کوردی و بیانی لە شیعردا بەکارهێناوە و سەرکەوتنێکی باشی لەم مەیدانەش بەدەستهێناوە، لەگەڵێک هۆنراوەی وەک (نەورۆز نامە- ل:٢٤) و (لافاو- ل:٦٢) و (بۆ کەمانچە ژەن و ژیان- ل:٨٩) و (ئەفسانەی گوڵی شەرمن- ل:٩٠)دا ئەم تاقیکرنەوەی ئەنجامداوە و سەرکەوتنی وەدەستهێناوە. شاعیر هۆنراوەکەی (ئەفسانەی گوڵی شەرمن)ی لەسەر بنچینەی ئەفسانەی یۆنانی کۆن داڕشتووە و ئەوەمان بۆ دەردەبڕێ کە چۆن گوڵ لەسەرەتادا ڕەنگی سپی بووە و لە دواییدا چۆن سوور بووە و ئەو ئەفسانەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**دەڵێن کە خوڵقا گوڵ لە گوڵستان**
**سپی بوو سپی وەک بەفری**
**کوێستان**
**بەڵام لەو دەمەی دەمی کردەوە**
**بۆ ماچ کردنی ڕووناکی بەیان**

**هەستی کرد ئادەم تەماشای دەکا**
**بۆیە ڕوخساری سوور بوو لە**
**شەرمان**

**ڕاستی ئاوابوو سەر کوڵمی یارم،**
**پێش هەڵمژینی بەر لە ڕامووسان!**
ل: ٩٠

**دڵزار و شیعری وەرگێڕدراو**

شاعیر جگە لە وەرگێڕانی ١٠٨ چوارینی باباتاهیری هەمەدانی لە دیالێکتی لوڕییەوەبۆ دیالێکتی کرمانجی خواروو- شێوە زاری (سۆرانی) کەتا ئێستا دووجار بەناوی گەنجینە چاپکراون و سەرکەوتووترین وەرگێڕانی چوارینەکانی ئەم شاعیرە مەزنەی کوردە. لەشیعری شاعیرە مەزنەکانی ڕۆژئاواش گەلێک هۆنراوە و پارچە شیعری پتەوی سەرکەوتووانەی کردووەتە کوردی و نەیهێشتووە تاموچێژی هونەرییان لە دەست بدەن، چونکە ڕۆحی شیعرەکانی وەرگێڕاوە، نەک پەیڕەوی وەرگێڕانی دەقاودەق بگرێتە بەر.

بۆنموونە: لە وەرگێڕانی هۆنراوەیەکی شاعیری ڕەمزیی نوێکاری فەڕەنسی ڕامبۆ (١٨٥٤-١٨٩١) بەناوی (هەست کردن) لە عەرەبییەوە بۆ کوردی. چووە ڕۆحەکەی بە شیعری کوردی داڕشتۆتەوە، بۆیە بەچاکی لە کارە هونەرییەکەی سەرکەوتووە و بەم چەشنە دەمانخاتە بەردەم:

**لەژێر ئاسمانی شینی بەهارا**
**لەناو گوڵزارا**
**ئەڕۆم ئەشێلم گوڵاڵە و گیا**
**شاد و دڵنیا.**
**بێ ئاگا لە گشت ڕووداوی دنیا**
*******
**هەست بە تەڕیەتی سەرقاچم دەکەم**
**بەشەونم کەم کەم**
**لەخەو بینینم، غەرقی خەیاڵم**
**وەکو مناڵم**
**هیچ قسە ناکەم وەک بڵێی لاڵم!**
ل ٦١

شاعیر جگە لە داڕشتنە پتەوەکەی ناوەڕۆکی شیعرەکە چووە بە (تەکنیکی نوێ)ش دێڕەکانی داڕشتووە و بە کێشی ١٠ بڕگەیی (٥+٥)ی خۆماڵی دەستی پێکردووە و بە ٥ بڕگەیی دێڕەکەی تەواوکردووە و جۆرە جوانییەکی بە هۆنراوە داوە. شاعیر لە کرداری وەرگێڕانی شیعری بیانی تەنیا سرووشی لە ناوەڕۆکەکەی وەردەگرێ و بە کوردییەکی ڕەوان کارە هونەرییەکەی ئەنجام دەدات. بۆ نموونە: نامەیەکی دڵداریی ڕۆمانسی ناوداری فەڕەنسا ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢-١٨٨٥)ی بەناوی (لە خەو هەستانی کچێک) بە شیعر کردووەتە کوردی و پێشکەشی کردووین:

**لەگەڵ پێشەنگی، تیشکی تازەدا،**
**لەتویی نوێنا**
**کچە جوانەکە، تەنیشتی گۆڕی،**
**چاوی هەڵێنا!**

**گوڵخونچەیەکە، تا ئێستا دەمی بۆ**
**ڕۆژی دەم کەل**
**نەکردۆتەوە، لە سێبەرایە،**
**چاوەڕێی ئەمەل!**
ل: ٩٦

ئـنجـــــا لـه دێـرێـکی دیـکـەی هۆنراوەکــەدا وەســفــێکی جــوانی ڕەگـــەزی ژن دەکــات و دەیکات بە پەرســتگایەیەکی پاک و پیــرۆز و دەڵێ:

**ژن لە کـاتێکا، تازە خـونچـەیە،**
**سەرچاوەی سۆزە**
**پەرستگایەکە، تا بیـرمـان بڕکـا،**
**پاک و پیرۆزە!**

ئینجا شاعیـر سۆز و ئەندێشـەی ئەم هۆنراوە فەرەنسییە دەبەستێتەوە بە هەڵسوکەوتی شـەرمنانەی کـچی کوردستان کە لە دەقەکەی شاعیری یەکەمدا نییە

**نازانم بۆچی کــچی کــوردســتــان**
**هێندە شەرمنە،**
**لەگــەڵ دەرکــەوتن، شـــان و مـل**
**ڕووتی ئاوا دوژمنە؟!**

شاعیر لەڕێگای سرووش وەرگرتن لە شیـعری شاعـیری بیـانی، چووە پارچە شیعرێکی شێخ محیەدین بن عـــــەرەبی (١١٦٥-١٢٤٠ی ز) بەناوی (دینی خـــۆشـــەویســـتـی) کردووەتە کوردی و سەرکەوتوانە کارە هونەرییەکەی ئەنجامداوە و بەم جۆرە شیعرەکەی داڕشتووە:

**دڵم دیوانی دیدە مەستانە**
**باخی بتخانە بت پەرستانە!**
**لە وەحی تـەورات و ســەفــحـــەی**
**قورئانە**
**کــەعـبــەی ئیـســلام و شـینگای**
**جووانە**
**دێری ڕەبەن و مەکۆی موغانە**
**خۆشەویستێکی ڕاستی ئینسانە**
**خۆشەویستییە دینی من گیانە،**
**بێ خۆشەویستی ژین کەی ژیانە؟!**
ل ٩٤

شاعیـر دێرە شیـعرێکی شاعیری گـــەورەی ئینگلیـــز لۆرد بایرۆن (١٧٨٨-١٨٢٤)ی بەناوی (هەزار بریا) کــردووەتە کـــوردی و ئەمـــە دەقەکەیەتی:

**هەزار بریا دەمی تێکڕای کـچـانی جوانی دنیایە**
**دەمێ بـووایە بەکـــامی دڵ ئـەمن ماچم بکردایە!!**
ل٩٠

### ئەحمەدییەی دڵزار

ئـەحـــــەمـــــــەدییـــــەی دڵـزار فـەرهەنگۆکێکی (ڕووسی-کـوردی) بە شیعر هۆنیوەتەوە و ٦٠٠ وشەی ڕووسی گرتۆتەخۆ و لەسەر کێشی ٨ بڕگـــەیی دایڕشـــتـــووە و بەناوی ئەندامانی لەش دەست پێدەکات:

**(تیلە) لەشە، (ئیمیا) ناوە**
**(گەلەڤا) سەرە، (گلاز) چاوە**

**(ئووخە) گوێیە، (زووب) ددانە**
**(رووکا) دەستە (پلیچۆ) شانە!**
ل٣٣٣

### دوا ئاواتی شاعیر

دڵزار شاعیری خەبات و ڕاپەڕینە، هەمـوو ئاواتی لە ژیاندا ڕووخـاندنی ڕژێمی فـــاشی عـــێـــراق بـوو تا مـــیللەتەکـــەی بە ئازادی و دوور لە چەوســاندنەوە بژی و ئەو ئومـێـد و ئاواتەی خـۆی لە دێرە شیـعـرێکیدا دەربڕیوە کە ١٧ ساڵ پێش ڕووخانی ڕژێمی فـــاشی لە ســـاڵـی ١٩٨٦ دایناوە و دەڵێ:

**ئـومــێـدم وایە نـەمــرم تـا ڕژێمی فاشی دەمرێنم**
**کـفن نەکرێم هەتا کفنی بەری ئەو کوردە دەدڕێنم**
ل ١٦٦

ئاواتی شـاعـیـریش لە ٢٠٠٣دا هاتە دی و ڕژێمی فاشی لە عێراقدا ڕووخـــا و کــــوردیش ئازاد بوو و مـەترسی لەناوبردنی لەسـەر نەمـا و هەر ئەوەندەی مـاوە ببـێـتـە خـاوەن قەوارەی سیاسی و سەروەری خۆی.

### بڕوانامە و ڕێز لێنانی شاعیر

دڵزاری شـاعـیـر و خـەباتگێـڕی ناسـراوی کـورد، ڕێزێکی تایبـەتی لەناو ئەدیبان و خەباتگێڕانی کورددا هەیە و دەزگـای ڕۆشنبیـریـیـەکـان و لایەنە سیـاسـیـیـەکـان بڕوانامـەی ڕێزلێنانیـان پێشکەش کـردووە و لە لاپـــــەڕە (٣٦٠ و ٣٦١)ی ئـــــەم دیوانەیدا ئەم لایەنانەی دەستنیشـان کـردووە کـە بڕوانامـەی ڕێزلێنانیـان پێداوە و سوپاسیـان دەکات، بەڵام شـاعـیـر هەندێ لایەنی لە بیـرچووە ئامـاژەیان بۆ بکات و سـوپاسـیـان بکات بۆیە لێرەدا حەز دەکات ناویان بێنـێ و ڕێز و ســـــوپاسی خـــــۆی پێشکەش بەو لایەن و کەسایەتییانە بکات:

(١) لە کـــــــانوونـی دووەمـی ١٩٩٠دا یەکێتی نووسەرانی کورد-لە سوید لە شاری ستۆکهۆڵم بەبۆنەی تەواوکـردنی ٧٠ ساڵەی تەمـەنی لە ئاهەنگێکدا ڕێزیان لێناوە و گەلێک لە ئەدیب و نووسەرانی کـوردسـتـانی باکـــوور و باشـــوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشداربیان تێدا کردووە.

(٢) لە ئێـــوارەی ٢٠٠١/٧/٥دا ڕۆژنامــــەی (طريق الشـــعب) و (ڕێگای کـوردستـان) ئێـوارە خوان و کـۆڕێکی ڕێز لێنانیـان بۆ سـازدا و

هاوڕێیـان سکرتێری حزبی شیـوعی عێـراق و سکرتێری حزبی شیـوعی کـــوردســــتـــان و نوێنـەری حـــزبە سـیـاسـیـیـەکـانی کـوردسـتـان و ژمـارەیەکی بەرچاو لە شـاعـیـر و نووسـەرانی کـورد بەشـدارییـان تێدا کرد و تیپی مـۆزیکیش دەوری خۆی تێدا گێڕا و بە وتاری بەنرخ و سروود ڕێزلێنانیان پێشکەش کرد.

(٣) لە بیـرەوەری ڕۆژی لەدایک بـوونیـــــدا لـە ئـێـــــوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/١/٨دا ڕۆژنامـەی (ڕێگای کوردستان) و گۆڤاری (بیری نوێ)ی حزبی شیـوعی کوردسـتـان بە بۆنەی تەواوکردنی ٨٦ ساڵەی تەمەنییەوە کـۆڕێکیـان بۆ لە هۆڵی شـەهیـد مەهدی خۆشناو لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر سازدا و وەزیری ڕۆشنبـیـــری ئەوسـا و هاوڕێیـان کـەریم ئەحـمـەد و کـەمـال شـاکـری سکرتێـری حزبی شـیـوعی کـوردسـتـان ئامـادەبوون و سـامی شـۆڕش و فـەرهاد عـەونی سـەرۆکی سـەندیکای ڕۆژنامـەنووسـانی کـوردسـتـان و سـەعـدوڵڵا پەرۆشی سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێـر و چەندان ئەدیبی دیکە وتاری ڕێز لێنانیـان پێشکەش کرد و لەکۆتایدا مـەدالیایەکی ئاڵتوونیـان خەڵات کرد.

## دڵزار و چالاکی ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی

شـاعـیـر لە بەشی کـۆتایی دیوانەکەیدا کورتەیەکی لە بیۆگرافی خۆی نووسیـوە و لە چالاکیـیـەکـانی لـەبـواری ڕۆژنـامـەنـووسـی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە کـوردسـتـان و عێـراقـدا دواوە و لێـرەدا بە خێـرایی ئاماژەیان پێدەکەین.

* لە پەنجاکانی سـەدەی ڕابردوودا بەنهـێنی کـاری لە دەرچوواندنی ڕۆژنامـەی (ئازادی) دا کـردووە و لە ساڵی ١٩٦٠یشـەوە بە شێـوەیەکی ئاشکرا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو ئۆرگانەی حزبی شیوعی عێراق- ڕێکخـسـتنی هەرێمی کـوردسـتـان بووە.

* لە سـاڵی ١٩٥٩دا شـاعـیـری ناسـراوی کـورد بووەتە ئەندام لە یەکـێـتی ئەدیبـانی عـێـراق بەسـەرۆکـایەتی شـاعـیـری گـەورە محەمەد مەهدی جەواهیری.

* لە سـاڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٠دا بەشـداری لە هەردوو کـۆنگرەکـانی مـامـۆسـتـایانی کـورد لە شـەقـڵاوە کردووە و پێشنیـازی سوود بەخـشی پێشکەش بە لێژنەکانی کۆنگرەکان کردووە.

* لە سـاڵی ١٩٧٠دا بووەتـە ئەندام لە یەکێتی نووسەرانی کورد و لە کۆنگرەی یەکەمیدا کە لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠دا لە بەغدا بەسـترا بە ئەندامی یەکـەمین دەستەی بەڕێوبەری مەڵبەندی گشتی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردراوە.

* لە ساڵی ١٨٨١دا بووتە ئەندام لە دەسـتـەی دامـەزرێنەری یەکـێـتی نووسـەر و ئەدیبـانی کورد لە شاخ لە ناوزەنگ دا.

شـاعـیـرمـان لە زۆر ڕێکخـراو و سـیـمـینار و مـیـهـرەجـانی ئەدەبی کـوردیدا بەشـداری کـردووە و لە لاپـەڕەکـانی ٣٥٩-٣٦٠ی ئـەم دیوانەیدا بەتەواوی تۆمارکراون.

# تاڤگەی مەند و ئەوانی تر

بۆتان جەلال



لە حەفتەکانەوە شیعری (نەژاد عەزیز سورمێ) دەخوێنمەوە، هەست دەکەم لەنێوان شاعیر و شیعر جۆرە پێوەندییەک دروست بووە کە دەگەڕێتەوە ڕۆژی یەکەمی هاتنە دنیای شاعیر، چونکە مرۆڤێک بۆ مەبەستێک بخوڵقێ قەت ناتوانی خیانەتی لەگەڵدا بکات، یان بە پەراوێزو فەرامۆشی بکات و ئاسایی سەیری بکا و مامەڵەکردنی لەگەڵدا وەک مامەڵەکردنی مرۆڤێکی دیکەی غەیری خۆی بێت.

ئەوەتا شاعیر ڕوو لە هاوسۆز و هاوڕێگا ڕۆحیەکەی دەکات و پێی دەڵێ:

**ئەی شیعر..!**

**ئەی دادرەسی زەمانی بەدنیهادی؛**
**زەمانی ژەهر**
**زەمانی دژواریی و**
**هەموو زەمانەکان**

هەموو ڕەخنەگرانی شیعر و توێژەرانی ئەدەب کۆکن لەسەر ئەوەی کە شیعر پێناسەیەکی تایبەتی نییە، هەریەکە و بەجۆرێک لە شیعر دەڕوانێ و بەجۆرێک کرۆک و ماناو ستایل و شێوازەکان شرۆڤە دەکات، لە وەتەی شاعیران لە کۆماری ئەفلاتوونەوە تووڕ هەڵدراون بە وروژێنەری دەروونی مرۆڤ لە قەڵەم دراون، شاعیران خۆشیان وەڵامێکی تەواوی ئەو کردارەی ئەفلاتوونیان لا نییە، مەگەر بە دەقە جوانەکانیان بتوانن بە جەنابی ئەفلاتوون بڵێن ئێمە بۆ خزمەتی پاک کردنەوەی دەروون خوڵقاوین و گوناه بەرابەر بە ژیان و مرۆڤ ناکەین، نەژادیش وەڵامێکی خۆی هەیە کە بۆیە بووە بە شاعیر تا لە ڕۆژانی بەدنیهادی و ئاڵۆزیدا خەم و ئازارەکانی مرۆڤی چەوساوەی ژێر دەستی زەمان ئاسوودە بکات و بیلاوێنێتەوە، بە شیعر ئەشکەنجە و هیلاکیان لە ئەستۆ کەم بکاتەوە و هیوایان پێ ببەخشێ.

وەک گەنجێکی تازە هەڵچووی

هەست ناسکی شاعیرانە و دڵدار، لەگەڵ یەکەم چاوکردنەوەی بە دنیای قەشەنگ و جوانی ئافرەت و خەیاڵی پڕ لە سیحر و عەشق و ڕۆمانسییەت، شاعیر دەکەوێتە داوی کچە کوردێکی نەشمیل و دڵڕفێن، ئیتر بۆ شاعیر ئەوەندە بەسە کە دڵنیابێ لەوەی دڵی گەرمی بۆی لێ دەداو پابەندی هەست و نەستی دڵدارەکەی بووە، هزر و کانی شیعرە سەرەتاییەکانی بۆ ئەو کچە دەبنە ئاهەنگی هەستەکانی و لەهەر بۆنەیەکدا لەگەڵ نووسینی هەر شیعرێکی دڵداریدا ناتوانێ ناوی خۆشەویستەکەی نەدرکێنێ و بە بابەتەکانی عەشق و ئامانجەکانی دیکەشیەوە نەیبەستێتەوە، ڕاستە شاعیران زۆربەیان بە تایبەتیش لە سەرەتای داهێنانە شیعرییەکانیان، پەنا بۆ ناوی دڵدارەکەیان دەبەن و بەکاری دەهێنن، بەڵام هەست دەکرێ تەوزیف کردنی ناوی خۆشەویستەکەی لە ڕوانگەی ڕاستگۆیی و خەیاڵێکی دەوڵەمەندەوە بووە، بۆیە هەر جارەی ناوە مەبەستدارەکە بۆ کارو ئەنجامی جیاواز بەکارهاتووە کە لە ڕێگای ئەو هێمایەوە سوود بە دەقەکانی بگەیەنێت، ئەوەتا لە شیعری (لە پەراوێزی ورێنەی ئاوارەیەکی شێت دا) کە لە ساڵی ١٩٧٦ نووسراوە دەڵێ:

**(سەکۆ) گیان!**
**چاوەکانی تۆ**
**هەر لەخۆوە خومارن، دڵەکەم!!**
**تۆ کە بێداریشی، کەزیەکانت**
**وەکو کەزیی کیژێکی برا کوژراو**
**پەشۆکاو و**
**تێکئالاون...**

بەستنەوەی حاڵەتی جوانی سروشتی (سەکۆ)ی دڵدارەکەی لەگەڵ حاڵەتێکی لەناکاوی کچێکی برا کوژراو کە لە سات و کاتی شین و شەپۆڕ و ناخۆشیدایە و کەزیەکانی کراوەتەوە، دیمەنێکی جوان و دروست و سایکۆلۆژی و کێشاوە. کردنەوەی هەر دوو بسکەکانی بەرجەستەبوونێکی مەبەستدارە، ڕەنگە زیاتریش مەبەست لەو تابلۆیەی ئەوەبێ کە کچە کوردێک کاتێ براکەی شەهید دەبێ و دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدانی میللەتەوە، لە داخان بسکەکانی دەڕنێتەوە.

لە پارچەیەکی هەمان شیعردا کەناڵێکی دیکەی هەستی نەتەوەیی لە ڕێگای دڵدارەکەیەوە دەوروژێنێ، کاتێ داوا لە یارەکەی دەکات لە وەرزی بەهار و ڕۆژانی نەورۆدا لە شوێنێکی دڵڕفێندا بچینە ژوان، هەست دەکەین لێرەدا شاعیر پانتایی بۆ خەیاڵی خۆش دەکات و بەرەو مەبەستەکەی هەنگاوی بۆ هەڵدێنێ:

**سەری بەهاری هەموو ساڵێک**
**شوان و بێری، وێکڕا دەچوونە سەیران..**
**دەچوونە مێرگەکانی پاڵ شارە گوندەکەمان**
**بەرخۆڵەکانیان دەگیای بەردەداو**
**خۆشیان لە ڕەشبەڵەکدا شەهید دەکرد!!**
**(من) و (سەکۆ)ش:**
**لە ساڵان، لەمانگان..**
**ئەو ڕۆژە دەچووینە ژوان..**
**تا ئێستا:**
**کە نەورۆزە و/ چڵەکان سەوز ئەچنەوە و/**
**گوڵە حاجیلەکان بە بەر شەماڵ**
**مەستن/**
**سەکۆ دەنوێ**
**کاتێکیش،**
**شلکە ڕێواسە بن بەردۆکەکان دەبڕێنەوە و/**
**شکارتە توتنەکان کارتە دەکەن و/**
**وەختی مازوو چنین دادێ../**
**ئەوسا سەکۆ چاو هەڵدێنێ!!)**

شاعیر زیرەکانە (سەکۆ)ی لە وەرزی بەهار لە ڕۆژانی سەیرانی نەورۆز و کاتی سەوزبوونی شلکە ڕێواس و کارتەکردنی توتن و ساتەوەختی مازوو چنین و باران و هەتا و سێبەر و پەڵە هەور جێگای بۆ کردۆتەوە، ئەگەرچی سەکۆ وەک هێمایەکە بۆ کچێک، بەڵام هێمایەکی گەورەتر وگەشترە بۆچوونە ناوەوەی زۆر بابەتی سیاسی و نەتەوەیی کە هەریەک لەو وشانەی سەرەوە لە لێکدانەوەی فەرهەنگی ڕامیاریدا، مەبەستی تایبەتی و شەفرەی ئامانجدارن، بە تایبەتی لە ڕووی (کات) و (شوێن)ەوە گونجانێکی ڕاست و دروست هەبووە لە ڕۆژانی پێوەندی دڵداری شاعیر بە (سەکۆ)ی خۆشەویستەکەی و ڕۆژانی خەباتی چەکداری و ڕۆشنفیکری میللەتەکەمان.

لە شیعرەکانی پاشتر دوای بەجێهێشتنی ئەو قۆناغەی کە دڵدارەکەی بکا بە (هێما)ی نەتەوەیی و تێکۆشان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا بە وشەی گەرم و بەرگری کردن ڕووبەڕووی دوژمنانی نەتەوەکەی دەبێتەوە و لە نامەیەکی شیعریدا وەرەی بەرزی تێکۆشەرانی میللەتەکەی بۆ دوژمنان ڕوون دەکاتەوە و پێیان دەڵێ نیشتمان هی خۆمانە، ئێوە داگیرتان کردووە،

ئەگەر ڕۆژگار و بارودۆخی سیاسی لە بەرژەوەندی ئێوە بووە، بەڵام ئێمەی پێشمەرگە و ڕۆشنبیران چۆک نادەین، لە شیعری (٢ پۆستەر) وێنەیەک لەو شیعرە بەرگرییە دەخەینە بەرچاو:

**ئێمە هەرگیز دەسبەرداری**
**نیشتمانەکەمان نابین..**
**وەک چۆن خۆر**
**دەسبەرداری ئاسمان نابێت..**
**وەکو ڕووبار و سەرچاوە..**
**کە دەسبەرداری یەک نابن**
**ئێمە هەرگیز دەسبەرداری**
**نیشتمانەکەمان نابین..**

لە پۆستەری دووەمی هەمان شیعردا مانایەکی فراوانتر و جل و بەرگێکی جیهانی لەبەر شیعرەکانی دەکات و مەسەلەکە تەنیا لە هەوڵێکی ناوخۆییەوە دەگوازێتەوە ئاستی سەرتاسەری مرۆڤایەتی و ئازادیخوازانی دنیا، نامەکە ئەوە هەڵدەگرێت کە ئێمەی جەرگ سووتاو بەکارە دزێوەکانی دوژمنان و داگیرکەرانی خاک و وڵات هەست بە ئازار و ئەشکەنجەی میللەتانی ژێر دەستی داگیرکەران دەکەین، ئەوەتا لەژێر ناونیشانی (تل الزعتر) دەنووسێ:

**گیانە تۆیان کوشت**
**لەکاتێکدا وەک فرمێسک**
**ڕوون و پاک بووی..**
**تۆیان کوشت، گیانەکەم!**
**بەڵام هەموو پەڕەندە باڵکراوەکانی**
**سەر ڕیشاڵەکانی دڵم..**
**وەکو نرکەی سەرە مەرگی تۆ**
**دەخوێنن..**
**دەخوێنن و ماندوو نابن..**
**تۆیان کوشت ئازیزەکەم!**
**بە (قەناصە)یێ تۆیان کوشت**

حەفتەکانی شیعری نوێی کوردی سێ سیمای ئاشکرایی هەڵگرتبوو، جوانی و ڕۆمانسییەت، ڕووداوە ڕیالیزمییەکان، پاشان شیعری بەرگری و نەتەوەیی..

پانتایی شیعرەکانی (نەژاد عەزیز سورمێ) لە کۆمەڵە شیعرییەکانی ساڵانی حەفتاکاندا زیاتر ڕەنگی ئاڵی ڕۆمانسییەتی پێوە دیارە، لەو قۆناغەدا خەیاڵی شاعیرانەی پەی بە هۆگری و جوانی ژیان بردووە، لەنێو ئەڤینداری و ئاڵووالی سروشتدا زەمینەی داهێنانی ئامادەکردووە، بە یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی شیعری ڕۆمانسی کوردی دەناسرێ کە خەسڵەتی هونەری و ستایلی شیعرییەتی ڕۆمانی لەدەقەکانی خۆیان دەخەملێنن، لەمانەش ڕیتمی چێژدار، وشەی ناسک و ڕەوان، وێنەی شەفاف و جوان، ڕستەی پڕ واتای مەبەستدار، دەوڵەمەندی لە خەیاڵ و دەست باڵایی لە وەسف و وێناکردن، بنیادی ڕستەکان لەسەر بنچینەی ڕەسەنایەتی و زمانەوانییەکی دروست داڕێژراون، لەپاڵ ئەمانەش ڕاستگۆیی لە گوزارشت و دەربڕینی هەست و دەروون بەشێوەیەکی دراماتیکی و ئەکتیڤانە، ئەگەر چاوێک بدەینە شیعری (چاوەڕوانم بە) ڕێک دەتوانی ئەمانەی باسمان کردن، لە ڕووی هونەرییەتی شیعرییەوە هەستیان پێ بکەیت:

**وەکو هەموو ئێوارەیێ**
**کە دەسمەنجەڵی مەڕدۆشین**
**بە باسکە تاوبردووەکانت وەدەکەی و**
**چاوەڕوانی دەرکەوتنی نێرگس**
**دەکەی**
**ئاواش چاوەڕوانی من بە!**

ئەگەر سەیری سکێچەکانی ناو ئەو کەڤاڵە ڕۆمانسییە بکەین کە چۆن هەردوولای دیمەنەکە یەکەمیان بێرییە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێگەل دایە و هەمان بێری کە خۆشەویستەکەی شاعیرە لە چاوەڕوانی ژوانی شاعیردا وێناکردووە، لە کەرنەڤاڵێکی ڕەنگاوڕەنگدا کاریگەریی و ڕۆمانسیەتی ئەوتابلۆیە دەردەکەوێ کە پڕیەتی لەمەحبەت و عیشق، کە خوێنەر بۆناو پانتاییەک پەلکێش دەکا کە وزە و تین و گەرمایی بەدەمارەکانی دەبەخشێ و ئارەزوو دەوروژێنێ.

ئەوەی زیاتر ئەم شاعیرەی لە شیعرە ڕۆمانسییەکانی سەرکەوتوو کردووە، خورپەی دڵە گەرمەکەیەتی، عاشقێکی سەرتاسەری جوانی ئافرەت و سروشت بووە، شاعیر کە لە ئولفەت بتوێتەوە پەنا بۆ ئەو کەرستانە دەبات کە دەتوانێ خولیا ڕەنگاوڕەنگەکانی پێ دەربڕێ، کەرستەی دەروونی شاعیران وشەیە، وشەی شیعرە ناسکەکانی زیاتر لە دەوروبەر و قووڵایی هێزی سروشتدا دەکەونە بەردەست، بەڵام هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە شەفافەکان بنیادی دەقی ڕۆمانسییەتی لێ بەرزکردۆتەوە، لە کۆپلە شیعرێکی شیعری (لێت نایمەوە) شاعیر دەڵێ:

**دەزانی چۆن خۆشم ویستی؟**
**تۆ دەزانی کەی بوو خوێنمان**
**تێکەڵاوی یەکتری بوو و**
**لەخۆشەویستیدا سووتاین؟**
**گیانە بولبول لەکەیەوە چڵ دەناسێ**
**شاخ و بەفر**
**خاک و باران**
**لەکەیەوە یەک دەناسن؟**
**من هەر بۆ لای تۆ دێمەوە..**

ئەم کۆپلەیەی سەرەوە جۆرێکە لە دیالۆگە شیعری ڕۆمانسییانە، گفتوگۆیەک لەنێوان خودی شاعیر و کەسی بەرامبەر دروست بووە، بە هەموو کەرستەیەکی ڕۆمانسییانە (وشە، خەیاڵ، وێنە، ئامانج)، لێرەدا بونیادی هەیکەلی شیعرەکە پتەوە، ئەندازەییە، رووگەیەکی درەوشاوەی لێ دیار دەکەوێ کە شاعیر لەم جۆرە دیالۆگانەدا سەرکەوتووە و دەست باڵاییشی وەرگرتووە..

لەهەشتەکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، شاعیرانی کوردستانیش بەر ئەو هەڵمەتە نوێیەی شیعری نوێخوازی کەوتن کە لە ئەوروپاوە سەری هەڵدا بوو تازە گەیشتبووە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆشنبیرانی کورد زیاتر کاریگەری شاعیرانی نوێخوازی عەرەبییان بەسەرەوە بوو کە ئاسانتر شیعرەکانیان لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە دەکەوتنە بەردەست، هەریەک لەشاعیرانی ئێمە بەجۆرە ستایلێک ڕوانینی خۆی لەسەر ئەو شەپۆلە نوێخوازیەدا دەردەبرێ و شێوازی تایبەتیان هەڵدەبژارد و شیعریان پێدەنووسی، (نەژاد عەزیز سورمێ)ش وەک شاعیرێکی چاوکراوە و ڕۆشنبیرێکی بە ئەزموون تێکەڵ بەو تەوژمە نوێیەی شیعر بوو، بەڕاونینێکی تایبەتەوە مامەڵەی لەگەڵ بنەماو کەرستەکانی شیعری نوێخوازیدا دەکرد، لە فەزایەکی خاوێنەوە توانیویەتی لە ڕێگای کولتووری ڕەسەنی کوردییەوە بنیادی زمانی نوێ و ستایلە هزرییەکانی ئەنجام بدات، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەک لە شاعیرانی ئەو دەم زۆر سەرەڕۆیی و هەندێکشیان گومڕا ڕێگایان گرتەبەر، جۆرێکیان وەک گەمەیەکی ئەدەبی تەماشای دەکرد، هەشبوو ورد و زیرەکانە ڕەگاژۆی بنەما مەعریفییەکانی بیوون، یەکێک لەو شاعیرە کوردانەش (نەژاد عەزیز سورمێ)یە بەکەڵک وەرگرتن لە لۆژیکی شیعری تازەی جیهانیی توانی بەرگێکی نوێ بخاتە بەر دەقەکانی، ئەگەر تیشکێک بخەینەسەر هەر یەکێک لەو کەرستە سەرەکیانەی کەشیعری نوێی لێ دەخولقێ ئەوە ڕوون و ئاشکرا دەبینین کەرستەکان لە بونیادی هەر دەقێکی شاعیرمان لە جێگای خۆیدا و بەئەنجامی سەرکەوتووانەش بەکارهاتوون و تێیاندا دەسەڵاتی داهێنانی هەست و هزری وشیارانەی خۆی بالادەست کردووە، بۆ نموونە (زمان) کە دەسەڵاتی یەکەمی شاعیرە لە شیعر، سەیر دەکەین لە ڕێگای زمانەکەیەوە، ماناکانی گەیاندۆتە کەناری ئارامی و هەر لەو ڕێگایەشەوە چێژ و شیرینیەکی بە ڕستەکان بەخشیوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ شاعیر بە زمانێکی پەروەردەکراو چۆتە ناو گۆڕەپانی گەورەترین داهێنانی نووسین کە ئەویش (شیعرە).

لایەنێکی دیکەی تریش لە بەکارهێنانی پاراوی زمان لەلای شاعیر هەیە، ئەوەیە کە بە قووڵایی بیرو هۆشمەندییەوە قسەدەکا کە یەکێکە لە سیفەتە بنچینەییەکانی نووسینی دەقی نوێخواز، بەڵام قسەکان لەگەڵ هەمەچەشنی فۆرمەکان جۆرێک لە شەفافیەتی وشە و وێنەکان ئاسان و بەرچاو ڕووناک دیار دەکەون وەک ئەوەی لە تەوژمی ڕۆمانسدا بژی، بەڵام بە زمان و کەرستەیەکی سەردەمانە بنیادی قەسیدەکانی بکات، کە ئەمە بە حەقیقەت بلیمەتی دەسەڵاتی شاعیر دەردەخات، سەیری دەقی(تاڤگەی مەند) بکە چەند لە هزر قووڵە، بەڵام بەزمان چەند ساکار و جوان و شەفافە، شاعیر دەڵێ:

**دونیا شەو بوو**
**کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو.**
**کیژۆڵەیێ چاوی گەشی**
**هێشتا ئاشنای تۆز و گەردی غوربەت نەبوو**
**لە شەوستانەوە دەهات،**
**دڵی گەورەی**
**خەمی گەورەی**
**دابووە کۆڵ و**
**بۆ شاری چراخان دەچوو..**

(وێنەی شیعری) کە کەرستەیەکی دیکەی شیعرە، لە دەقەکانی شاعیردا جۆراوجۆرن، بەڵام هەر هەموو وێنە شیعرییەکان لەچوارچێوەی خەیاڵێکی فراوان و دەوڵەمەندا وێنا کراون، یەکێک لەو جۆرە وێنانەی کە زیاتر دەبینرێن، (دیالۆگە وێنەن) کە شاعیر جگە لە خودی خۆی، بەرامبەرەکەشی دەهێنێتە ناو بازنەی گفتوگۆکردنەکە و هەندێ جاریش خەڵکی دیکەش بەشداری پێدەکات، ئەوەتا لە شیعری (تۆ)دا بازنەیەکی سێ کەسی کێشاوە کە (من، تۆ، ئێوەن) و هەر یەکێکیشیان بە ئەکتیڤانە لە خولقاندنی حیواری وێنەکان بەشدارن:

**تۆ.. ژانێکی تری ناخی ئەفسانەکانی**
**تۆ..**
**بۆ من:**
**تانەی چاوی**

**شەختەی ڕێگا**
**خانەی خەفەت**
**بۆ ئەوانیش:**
**پەیژەی نەشئە**
**تەنکاوی دەریا**
**هەواری ئاسوودەیی**

ئەم جۆرە دیالۆگە هاوبەشە کە لەنێوان (من)ی قسەکەر و (تۆ)ی موخاتەب و (ئەو)ی ئامادەنەبوو پێک هاتوو تابلۆیەکی پڕشنگداری وێنەییە، جۆرێکە لە فانتازیای دەوڵەمەندی چڕی خەیاڵ کە شاعیر پێوەی دیارە، حەز ناکات وێنەکان ڕاستەوخۆ لەنێوان خۆی و یەکێکی تر بێت و بەس، بەڵکو بازنەی تەمی خەیاڵی بۆ دەرەوەی فەزای بازنەکە ڕاپێچ کردووە، ئەوەش هێمای باڵادەستی ئەو شاعیرانە دەسەلمێنێ کە بۆیان دەکرێ لە یەک دەقدا گوزارشتی گەورە لە ڕێگای خەیاڵی فراوانەوە دەربڕن و چڵ و پۆپی هۆشمەندی و ئامادەکاری عەقڵ و چەشنە هەمە جۆرەکانی مەعریفەی سەردەمانە بەکاربهێنین، بۆیە لە ڕووی بونیادگەری ئەو دەقەی سەرەوە سەیر دەکرێ وێنەکان جووڵەدارن، ئیستێتیکای جووڵەکان لە پڕشنگی وشەوە ئینجا هێما و مەبەست دەدەن بە خوێنەریان، وەک دەرکەوتووە هەر وێنەیەکی دەق ئەگەر ئیستێتیکی خوڵقابێ بە وێنەی ڕیتمداری چێژدار و پڕ لە وانەی عەقڵی لە قاڵەم دەدرێت، نموونەیەکی دیکەی وێنە ئیستێتیکییەکانی شاعیر لە شیعری (ئەم زریانە شێتە) دەخوێنینەوە:

**هەناسەی من کزەبایە و قژی تۆش**
**ڕەوێ وشەی سرک**
**وەک ڕووبارێ گرتێبەر بوو،**
**خۆزگە لووتکە بەفرینەکان**
**دەورووژێنێ و ناورووژێنێ**
**(چراکان هەڵایساون**
**شەقام وەکو چاوی ئەستێرەکان**
**ڕوونە**
**عەشقی هەتاو**
**گیان لە خوێندا شەڵاڵ دەکا...)**

سەیری وشەکانی نێو ئەو قەسیدەیە بکەن {هەناسە، کزەبا، سرک، ڕووبار، گڕ، هەڵایسان، شەڵاڵ، ئەتوێتەوە، هەڵدەگەڕێ، خلۆر دەبێتەوە، تل ئەداتەوە، تاودان..} ئەم وشانە هەر یەکێکیان وشەی جووڵەدارن و کردارێکی جووڵەکردن ئەنجام دەدەن، سەرئەنجام وشەکان وێنەی جووڵەدار درست دەکەن، واتا بنیادی ڕستەکان کە هەیکەلی تەواوی دەقەکەی لێ پێک هاتووە بریتین لە چەند وێنەیەکی بزاڤدار کە دەقێکی ئیستێتیکیان داوەتە خوێنەر، بونیادگەری کە سیمایەکی گەشی شیعری مۆدێرنیزمە، لەشیعری شاعیرمان بە وشیاری پەیڕەو کراوە، ئەگەر هەر وشەیەک لەو شیعرە بەجیا پارچە پارچە بکەی و پیتەکان پاشان وشە و ڕستەکانی شرۆڤەیەکی زمانەوانی بۆ بکەیت، دەبنین ئەندازەی زمانی تێدا بەکارهاتووە کە یەکەیەکی پێوەندیدار و پوخت و دروستی لێ دەرچووە، لە ڕووی ڕیتم و موزیک وەک مایسترۆیەک سەرکردایەتی تیپەکەی کردووە، بۆیە شیعرەکان بەگشتی بە ڕیتمی شیرین و مۆزیکایەکی ڕەسەنی کوردی گوێچکەی خوێنەر بە خۆتان ئاشنا دەکەن..

تەوەرێکی گرنگی دیوانی (تاڤگەی مەند و ئەوانی تر) کە شایستەی قسەکردنە لەسەری، بەکارهێنانی ئەفسانە و داستانە میللییەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵاتانی ڕۆژهەڵاتە کە لەنێو دەقەکاندا جێگای خۆیان کردۆتەوە، هەر ئاماژەیەکی ئەفسانەیی، یان پاڵەوانێکی نێو داستانێکی ڕۆژهەڵات، تەوزیف کردنە بۆ مەبەستێکی شاعیر، گرنگی تەوزیف کردنیان لە دەقدا فەزای قەسیدە فراوانتر دەکات و پێوەندییە مەعریفییەکان زیاتر بەیەک دەبەستێتەوە کە لەم کردارە شیعرییەدا جوانکاری لە بونیادی دەق دەردەکەوێ کە هەر شاعیرێک بتوانێ جوانکاری لە قەسیدە بەرهەم بهێنێ مانای ئەوەیە ئەزموونی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکەی وەک پێویستە، فەزای شیعری نوێخوازی بێ سنوورە، بۆیە شاعیرانی نوێخوازیش دەبێ لە ئاست ئەو فراوانییە هەڵگری چەمکی جۆراوجۆری زانست و مەعریفەبن، ئەوەتا لە دەقی (خەون) سەیرکەن چۆن فەزایەکە هێندە کراوەیە بە قەد خەیاڵێکی وەنەوشەیی شەوانی شاعیران والایە:

**(شەو) لەژێر لێفەی هەورەکان**
**ئارامی گرتووە..**
**ئاوازی باران پرشان..**
**شازادە چاوی بە کرێوە ڕشتووە..**
**قامیشی لێواری (ئابزۆ)ی**
**پۆشیوە..**
**بەخشڵی پەرستگای پایزی**
**(ئینەننا) خەمڵیوە..**

# شیعرییەت لە دوا وەسوەسەی کریستی کازانتزاکیسدا

زانا خەلیل

ڕەنگە نەتوانین وەک چۆن پێناسەی شیعر دەکەین ئاوا پێناسەی شیعرییەت بکەین، چونکە هەر هیچ نەبێ هەندێ ڕێساو یاسا، با بگۆڕِ و ناجێگیریش بن بە پێی قۆناغە لێکجیاکان بۆ شیعر بوونی هەیە، مەبەست ئەوەیە بڵێین: دەکرێ پێناسەی جیا جیا بۆ شیعر بکەین، ئەگەرچیش ئەو پێناسانە هیچیان جێگیر نین بۆ شیعر، نەک تەنیا لە شاعیرێک بۆ شاعیرێکی تر و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەڵکو تەنانەت لە ئەزموونە لێکجیاکانی خودی یەک شاعیریش. ئاساییە گەر ئێمە بڵێین: شیعر بریتییە لە نووسینەوەی ڕۆح و لە تەرجەمەکردنی هەڵچوون و هێوری و هەموو حاڵەتەکانی تری ڕۆحێک بۆ سەر ڕووپەڕی کاغەز. دەکرێ بڵێین: شیعر قسەی خواوەندەکانە، ئاشکراکردنی پاس وۆردی ئێستێتیکییەتی خواوەندەکانە و شاعیر بۆ خۆی و بۆ خەڵکی دەیگێڕێتەوە. خۆ دەشکرێ بڵێین: شیعر سنعەتێکی خواییە، وەک چۆن ئەندازیارێک بە ناوی ئیڤڵ، بورجی ئیڤڵ دروست دەکا، هەر ئاواش شاعیر لە خوداوە فێری سنعەتێک دەبێ کە بورجێکی شیعری دروست بکا.. دەتوانین هەزاران شتی تری لەو بابەتانە بڵێین کە دەکرێ لای هەندێ کەس پێناسەی تەواوی شیعر بن و لای هەندێکی تریان پێوەندیشی بە پێناسەیەکی نزیک لە شیعرەوەش نەبێ، بەڵام پێناسەکردنی شیعرییەت هەر ئاوا سانا نییە، ئێمە بۆ ئەوەی شیعرییەت پێناسە بکەین دەبێ لە نێو نموونەکاندا کار بکەین و لە نێو نموونەکاندا پەنجە بۆ ئەو شوێنە درێژ بکەین کە شیعرییەت بە کەسێک یا وەرگرێک دەبەخشێ. دیارە بەر لە هەر شتێ شیعرییەتیش وەکو شیعر پێناسەکردنی لێکجیای




دەبێ بە پێی زەمەن و قۆناغ و حاڵەتی کەسەکان، بەڵام ئەوەی کە شیعر و شیعرییەت لە پێناسەکردن جیا دەکاتەوە ئەو پێوەندییە ڕەهایەیە کە شیعرییەت لەگەڵ وەرگردا هەیەتی، ئەگەر ئێمە لە شیعر بڕوانین و بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندنەوەیەکی جددی بۆ بکەین ڕەنگە بمانگەیەنێتە ئاستێک لە دەرئەنجامێکی هاوبەش، بەڵام شیعرییەت هەمیشە دنیایێ ئیشراق و کۆمەڵێ تیشک و سەرزەمینی بڕووسکەی ونە، وەرگر بە پێی ئەو حاڵەت و زەوق و باکگراوەندەی کە هەیەتی لە تێکست و وێنە و لەقتە و تابلۆ و.. تاد دەیدۆزێتەوە..

گومان: هەندێ پێوەر هەیە، دەتوانین بە هۆیەوە تێکستێکی شیعری بخوێنینەوە، دەتوانین بە هۆی ئەو پێوەرانەوە ئاستە جیا جیاکانی شیعرێک و شیعرێکی تر دیاری بکەین، بەڵام جگە لە چێژی وەرگر هیچ پێوەر و پێوانەیەکی ترمان نییە کە لە ڕێگایەوە نەک بە تەنیا شیعرییەتی پێ هەڵسەنگێنین، بەڵکو بیشیدۆزینەوە.. چونکە شیعرییەت تەواو وەکو ڕۆح وایە لە نێو تێکست و هەموو ژانرە جیاکانی تری ئەدەب و هونەر..

بەر لەوەی بچینە نێو ئەو نموونانەی کە لە دوا وەسوەسەی کریستدا قسەی لەسەر دەکەین، دەبێ بڵێین: شیعرییەت خۆرە، سەنتەری ئەدەب و هونەرە و پێوەرێکی تا هەتاییە بۆ ژیان و مردوویی تێکست و هەموو بەرهەمێکی هونەری.. بوونی شیعرییەت لەنێو بەرهەمە هونەرییەکاندا بوونی ڕۆحە لە نێویاندا، چونکە هونەر بەشێوەیەکی گشتی جگە لە جەستەیەکی مردوو هیچ شتێکی تر نییە.. شیعرییەت ئەو چرکەیەیە کە لە بینین یا بیستن یا هەست پێکردن دەبێتە بڕووسکەیەک و دەچێتە نێو ڕۆحی وەرگر.. دەکرێ شیعرییەت بە بێ جیاوازی لە هەموو شتەکانی دنیادا هەبێ، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە شیعرییەت لە نێو زماندا هەیە، بەڵام دەشکرێ زمان نەتوانێ شیعرییەت بەرهەم بهێنێ، من لەگەڵ ئەوەم کە کامێرا دەتوانێ شیعرییەت بەرهەم بهێنێ، بەڵام دەشکرێ کامێرایەک نەتوانێ شیعرییەت دروست بکا.. ئەو بۆچوونەم بۆ فڵچە و قەڵەم و کیبۆرد و کامێرای فۆتۆش هەروایە.. کەوابێ دروستکردنی شیعرییەت لە شیعردا و دروستکردنی شیعرییەت لە ڕۆمان و هونەریش بە شێوەیەکی گشتی سنعەتێکی خوداییە و بە گەشەسەندن و باکگراوەندی زانیاری و.. تاد پەیوەستە. بۆچی هەموو ئەوانەی فیلمسازن ناتوانن وەکو یەک، فیلمێک بەرهەم بێنن کە پڕ بێ لە شیعرییەت؟ یان لە خودی فیلمێکدا چەند دیمەنێکی کەم دەبینی کە شیعرییەتی لە هەموو دیمەنەکانی تری ئەو فیلمە زیاتر تێدایە، بە نموونە لە فیلمی تایتانیک ئەو کاتەی کە کەشتییەکە خەریکە نقوم دەبێ، کۆمەڵە مۆسیقارەکە لە نیگەرانییەکی پڕ لە پرسیاردا دەژین، بە چاوەکانیان نیشانی وەرگر دەدەن کە ئەوان لە نێوانی هەوڵی خۆدەرباز کردن و عەشقی مۆسیقا دان، خۆ کە بڕیاری یەکجاری دەدەن و دەست دەکەنە کەمانچەکانیانەوە، ئەوە دیمەنەکە دەگاتە دوا ترۆپکی شیعرییەت، بە بۆچوونی من شیعرییەت لێرەدایە، لەو دیمەنە دایە کە لە یەک چاوترووکاندا هەزاران دەرگا بە ڕووی بینەر ئاوەڵا دەکا و کارێکی وا دەکا تۆ بیر لە عەشقێکی ئەبەدی و ڕاستەقینە بکەیتەوە..

یا ئەگەر لەو مۆتیڤەی هونەرمەندی بە توانا کاک ( قەرەنی جەمیل ) بڕوانین و ئاماژە بە شیعرییەت بکەین لە نێو مۆتیڤێکدا کە ڕەنگە لە چەند خولەکێکی کەمدا دروستی کردبێ:



پرسیارێ دروست دەبێ ئەویش ئەوەیە کوانێ شیعرییەت لەو وێنەیەدا؟ بێگومان ناتوانین وەڵامدانەوەیەکی ماتماتیکی ڕەهامان هەبێ بۆ ئەو پرسیارە، چونکە وەکو گوتم شیعرییەت هێندەی بە چێژی وەرگرەوە پەیوەستە، ئەوەندە بە هاوکێشە زانستییەکان و ڕامان و شیکارکردنە ئەکادیمییەکانەوە پەیوەست نییە، ڕەنگە یەکێک لە گۆشە و سووچێکی ئەو وێنەیەدا بڕێک لە شیعرییەت بدۆزێتەوە،

ڕەنگە یەکێکی تر شیعرییەت لەو وێنەیەدا هەر نەدۆزێتەوە، ڕەنگە یەکێکی تر شیعرییەت لە ئەتمۆسفێری گشتی وێنەکەدا بدۆزێتەوە، من بۆ خۆم دوو جار شیعرییەت لەو وێنەیەدا هەڵوەستەم پێدەکا و ڕامدەگرێ، جارێکیان ئەو هێڵە ئاساییانەی کە بە ژێر بەلەمەکەدا هاتووە، چونکە من لە نێو ئەو خەتانەی کە یەکێک بە (ئاو)ی لە قەڵەم دەدا ڕۆحێکی هێوری پڕ لە تێڕامان دەبینم، هەست بە حەسانەوەی ڕۆحانی ڕۆحی وێنەکێشەکە دەکەم.. جاری دووەم لە کۆتایی بەلەمەکەو دەسپێکی ملی مارەکە دەیدۆزمەوە، ئێمە بێ ئەوەی ئاگامان لێبێ لە تەماشاکردنی ئەو وێنەیەدا چاوەڕوانی مارێک ناکەین، بەڵکو چاوەڕوانی کۆتاییەکی ئاسایی دەکەین، بەڵام کاتێ نامەئلوفیەتێک لە ئەتمۆسفێری گشتی وێنەکە دەردەکەوێ، یەکڕاست کۆمەڵە دەرگایەکی تر بۆ بیرکردنەوەو ڕامان دەکرێتەوە..

دەکرێ ئێمە ئەو وێنەیە بکەینە وشە بۆ ئەوەی تەرکیزی وردتر بکەین لەسەر ئەو شوێنەی کە شیعرییەتمان نیشان دەدا.. ئەگەر ژێر ئەو بەلەمە ئاوێکی ئاسایی بووایە و کۆپییەکی تەواوی دەریا بووایە و کۆتایی بەلەمەکەش کۆتاییەک بووایە لە دارێکی ئاسایی، ئەوە ئەو کاتە دەبووایە ئاوا ئەو وێنەیەمان بە وشە بنووسیبووایەوە «بەلەمێک لەسەر ئاوێکدا وەستاوە».. بەڵام ئێستا کە ئەو وێنەیە بەو شێوەیەی لەبەر دەستماندایە و بە وشە دەینووسینەوە، وەکو ئەوەی کە من تێیدەگەم ئاوایە «بەلەمێک کە کۆتاییەکەی مارە، لەسەر هێوریی پڕ لە تێڕامان و حەسانەوەی ڕۆحانی ڕۆحی نیگارکێشێ بەڕێوەیە»..

کەوابێ شیعرییەت ڕۆحێکی پەرش و بڵاو و پارچە پارچە بووی تەقێندراوەیە بەسەر جەستەی تابلۆیی یا شیعری یاخود گۆرانییەک.. گۆرانیش بە هەمان شێوە هەمیشە لە هەڵبەز و دابەزی دان و ونکردنی شیعرییەت دایە، گەر وردبینەوە زۆرجار پارچەیەک لە پارچەکانی گۆرانییەک یاخود باشتر بڵێین چرکەیەک لە چرکەکانی گۆرانییەک کە هەمان ئاواز و هەمان شیعر و هەمان ئەدا و هەمان دەنگ و هەمان موزیکیشە لە هەموو گۆرانییەکە چێژبەخش و لەزەتدارترە و دەتگەیەنێتە دوا ترۆپکی ئاسمانی ئاژاشکە و هێوری و گەیشتن بە ڕۆحی گەردوون..

ئەگەر وازمان لە وێنەی فۆتۆ و دیمەنێکی سینەمایی و چرکەیەک لە چرکەکانی گۆرانی و تابلۆ و مۆتیڤێک هێناو هاتین لە نێو زماندا لە شیعرییەت دواین، ئەوە دەبێ باس لە چەندین نموونەی شیعری و چیرۆک و.. تاد بکەین، بەڵام من تەنیا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە دوا وەسوەسەی کریستی کازانتزاکیس واز دەهێنم کە کاک کەریم دەشتی لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی..

گومانی تێدا نییە کە لە تێکستدا زمان وێنە دروست دەکا، چونکە تێکست دەرهاوێشتەی زمانە، تێکست لە زماندا لە دایکدەبێ، کەوابێ هەموو ئەو شتانەی کە لە چوارچێوەی تێکستێکدا هەن بەرهەمی زمانن، وێنەش لە تێکستدا دروست دەبێ، من پێم وایە بەشی زۆری «شیعرییەت» لەناو وێنەکانی تێکستدان، بە لایەنی کەم لە ڕۆمانی دوا وەسوەسەی کریستدا.. دەکرێ شیعرییەت لە نێو کۆمەڵە شتێکی تریش بدۆزینەوە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە هێندەی وێنە ئەدەبییەکان زەمینە خۆش دەکەن بۆ تریشقانەوەی هەوری شیعرییەت، هیچ شتێکی تر ئاوا ناتوانێ زەمینە خۆش بکا..

«هەموو عەسران مەجدەلیە ئاوی گەرم دەکرد و پێیە موقەدەسەکانی ئەوی دەشووشت، پاشان بە پەخشانکردنی قژی خۆی ئەوی وشک دەکردەوە، ئەو دەحەسایەوە، بزەی دەهاتێ و.... – دوا وەسوەسە –»

هەموو عەسران مەجدەلییە پێیە موقەدەسەکانی مەسیحی دەشووشت، ئەوەی سەرەوە کە لە نێو کەوانەم داناوە وێنەیە، وێنەیەکی تەواو، بەڵام کوانێ شیعرییەت لەو وێنەیەدا؟ گریمان کازانتزاکیس بینووسیبایە: «هەموو عەسران مەجدەلیە ئاوی گەرم دەکرد و پێیەکانی ئەوی دەشووشت، پاشان بە پەڕۆکێک وشکی دەکردەوە، ئەو دەحەسایەوە....» ئەوەشیان هەر وێنەیە، من هەست دەکەم و چێژی من دەڵێ: ئەو نموونەی دووەم ڤالا و خاڵی و ڕووتە لە شیعرییەت، چونکە گەڕاین بە دوای دۆزینەوەی شیعرییەت و دواتر کوشتمان.. کەوابێ شیعرییەت لەو چرکەدایە کە مەجدەلییە قژی خاوی خۆی پەخشان

دەکاو لە خۆشەویستیدا پێیە موقەدەسەکانی مەسیح وشک دەکاتەوە، دەکرێ و ئاساییشە کە ژنێ پێی مێردەکەی بشوا و لە ترساندا وشکیشی بکاتەوە، یا لەبەر هەر هۆیەکی تر، بەڵام کاتێ کە پرچی پەخشان دەکا و پێیە موقەدەسەکانی وشک دەکاتەوە، ئەوە ئەوپەڕی مەستێتییە لە عەشق و گەیشتنە بە جیهانی خودا و ئێستێتیکێکی بێسنوور، لەوێوە شیعرییەت دەبێتە ئیشراقێکی خودایی و بێ پرس و دەچێتە نێو ڕۆحی خوێنەر و وەرگرێکی دانا و هۆشیار، بۆیە دەکرێ وێنەکانیش شیعرییەت دروست بکەن و دەشکرێ بەتاڵ بن لە شیعرییەت، بەڵام ئەگەر بە وردی دوا وەسوەسە بخوێنیتەوە پڕاوپڕ و لێوانلێوە لە شیعرییەت.. «کریست دەستی بەرزکردەوە: خوشکانم ئەی پاکیزەکان، دەزانن ئاسمان لە چی دەچێ؟ وەکو جەژنی زەماوەند وایە، خودا زاوایە و ڕۆحی مرۆڤیش بووک، لە ئاسماندا جەژنی زەماوەند بەرپا دەبێ و تەواوی مرۆڤەکان داوەت دەکرێن، برایانم لێم ببورن بەڵام خوداوەند بەمجۆرە قسە لەگەڵ من دەکا....... تاد. دوا وەسوەسە»

ئاشکرایە لە ئاسمان زەماوەندە، خودا زاوایە و ڕۆحی مرۆڤیش بووک.. دیسان وێنەیەک و دیسان شیعرییەت لە زاوایەتی خودا و بووکێنی ڕۆحی مرۆڤ و زەماوەندی ئاسماندایە..

ئەگەر بێتو لە شێوەیەکی تری گەڕان بە دوای شیعرییەتدا بگەڕێین، ئەوە شیعرییەت لە نێو حیکمەتدا دەدۆزینەوە، یاخود لەو جۆرە گوزارشتانەی کە پڕن لە نامەئلوفیەت، یاخود لەو جۆرە دەربڕینە ناچاوەڕوانکراوانەی کە هەرگیز چاوەڕوانیان ناکەیت، یاخود لەو شتانەی کە تەنیان و لەوچوویان نییە و دەرگاکانی وێنەی ترت بۆ ئاوەڵا دەکەن.. «ڕۆژێ دێ پێشتر ئەو ڕۆژە گەیشتووە کە مرۆڤ نە لەم کێوەو نە لە ئۆرشەلیم ستایشی خودا ناکا، خودا ڕۆحە، ڕۆحیش دەبێ تەنها لە ڕۆحدا ستایش بکرێ.... دوا وەسوەسە»

کە دەگەینە وەڵامی ئایە خودا لە کوێ ستایش دەکرێ، مادەم نە لە ئۆرشەلیم نە لەو کێوەدا ستایش ناکرێ، برووسکەی ناکۆتای شیعرییەت دەستپێدەکا و دەبێتە پاژێ لە ئاگر و لە نێو یادگەی وەرگردا هەر بە هەڵکراوەیی دەمینێتەوە.. ئەگەر بێتو بە دوای شیعرییەت و وێنە پڕ لە شیعرییەتەکانی نێو دوا وەسوەسەی کریستدا بگەڕێین، بێگومان دەبێ دەیان نموونەی جۆراو جۆر بهێنینەوە، بۆیە من لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەکی تر واز دەهێنم: «بەڵام بۆ کوێ؟ خودا لە هەموو لایەکدا هەیە... دوا وەسوەسە».. «کوڕی مەریەم ئێمە برسیمانە، بەڵام نانمان لە تۆ ناوێ، تۆش وەکو ئێمە هەژاری، دەمت بکەوەو وشەیەکی خۆشەویست ئامێزمان بۆ بلێ و ئێمە تێر دەبین... دوا وەسوەسە».. «مەولای من ناوی ڕاستیی خودا چییە ؟ وەڵامی دایەوە: ئەشق... دوا وەسوەسە».. «کیژۆڵە پرسی: ئەی پیاوی خودا ڕێی ڕاستی کامەیە؟ - ئەشق -» هەموو ئەو وشانەی کە لەنێوان دوو کەوانە دانراون، تۆفان و ئاگر و بوومەلەرزەن، لە زاکیرەی مرۆڤەکاندا هەڵدەکۆڵدرێن، هەر دێڕ و وشە و وێنەو دیمەنێکی ئێستێتیکیش کە مرۆڤەکان بجووڵێنی و ڕایانهەژێنێ و بەرەو تێرامان و ڕەهەندە لێکجیاکان و بیرکردنەوەی جددی و عەشقیان ببا پێی دەڵێن: شیعرییەت.. کەوابێ شیعرییەت بریتییە لەو سیحرە سێنترالیزمییەی کە قۆرخی هەموو پانتاییەکانی ئەدەب و هونەرو هەموو وەرگرەکانی ئەدەب و هونەریش دەکا و لەوێوە ئێمە دەتوانین لە تاموچێژی ژیان و شیعر و عەشق تێبگەین.

# تێبینییەکان لەبارەی کتێبەکەمەوە: «تەمەنێک...» دڵخۆشکەر بوون

**باکووری**

دوای ئەوەی بەشی یەکەم لە بیرەوەرییەکانم، لە کتێبێکدا بە ناوی (تەمەنێک گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خۆشخوانی) لە لایەن (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس) لە هەولێر لە چاپ درا و بڵاوکرایەوە، هەندێ نووسەر و هاوڕێی نزیک بە تەلەفۆن، یان بە نووسین دەستخۆشییان لێکردم و کتێبەکەیان بە تامو چێژەوە خوێندبۆوە، ئەوانیش هانیان دام بەشی دووەمیش بخەمە بەر دەستان و تێبینی خۆشیان بۆم ڕوون دەکردەوە، من لێرەدا سوپاسیان دەکەم.

لە گۆڤاری (ڕامان)ی نازدار کە ژمارەی (١١٢) بڵاوبۆوە، مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست کەریم شارەزا، لە لاپەڕەی (٢٠٤ تا لاپەڕە ٢٠٧)ی گۆڤارەکەی بە وردی و بە نرخاندنێکی پڕ هەستی ئەدیبێکی ڕاستەقینە و وەک مرۆڤێکی شارەزا و پابەند بە خاڵی گرنگی بواری ئەدەبی و ڕەخنەگری لەسەر کتێبەکەم دواوە. لە پێشەوە زۆر سوپاسی مامۆستا دەکەم کە ڕاستگۆیانە هەست و نەستی خۆی بەرامبەر بە بەرهەمەکە و بە خۆشم دەربڕیوە، کە هاوڕێ و برادەرێکی هەموو ساڵانی تەمەنم بووە، هەر لە ژیانمان لە قوتابخانەی سەرەتایی و لە ناوەندی لە کۆیە تا ئەو کاتەی ئێمە بەماڵەوە چووینە هەولێرو من لە هەولێر سانەویم تەواوکرد و ئەویش چووە بەغدا بۆ خانەی مامۆستایان تا ساڵانی پەنجاکان، ئینجا دیسان من گەڕامەوە (کۆیە)ی خۆشەویستم و دیسان لەگەڵ کاک کەریم بەیەک شاد بووینەوە لەگەڵ باقی برادەرە (کۆنەکان)م، مەبەستم ئەوانەی بەهۆی جۆراوجۆرەوە لەیەک دابڕابووین.

مامۆستا شارەزا لە تێبینییەکانی هەندێ ناو و ڕووداوی بۆم ڕاست کردۆتەوە کە زۆر دڵخۆشکەرن بۆ من و بەڕاستیش دەڵێم زۆرجار لە نووسینی بیرەوەرییەکاندا لە هەندێ شوێن، لەسەر هەندێ ناو، یان شتی تردا لە نووسین دەوەستام و لەخۆمم دەپرسی: (وەڵڵاهی ئەو ناوە، یان ئەو سەربردەیە) بە چاکی لەلام ڕوون نییە! تۆ بڵێی ئەوهابێ وەک نووسیومە یان وانییە؟

بەشێک لەو (هەڵانە)م کاک کەریم شارەزا ڕاستی کردینەوەو بە تەمام لە بەشی دووەمدا ئەو ڕاستییانەی ئەو و هەندێ تێبینی خۆشم ڕاست بکەمەوە، بۆیە دووبارە سوپاسی دەکەم و داوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازم.

لەو شتانەی مامۆستا کەریم شارەزا، لەم لایەنەوە، یارمەتی ڕاستکردنەوەی داوم ئەوانەن:

(١) ڕاستکردنەوەی ناوی قوتابی (بابەشێخ) کە لە پۆلی سێی سەرەتایی لەگەڵمدا بوو، من ناوی بابی ئەو برادەرەم نووسیوە (عزالله)- واتا نووسیومە (بابە



شێخ عزالله)- کە کاتی خۆی زۆر لەسەر ناوەکەی ڕامام، مامۆستا ڕاستیی ناوەکەی بۆمان نووسیوە کە (بابەشێخ کاکە) بووە نەک (عزالله).

(٢) باسەکەی هاوڕێمان (ڕەجەب عەبدوڵڵا)، زانیاریەکەی من کە (هەڵەیە) لە ناوەڕاستی لاپەڕە (٥٢) تا سەرەتاو پەرەگرافی یەکەمی لاپەڕە (٥٣) هەمووی بە قەڵەمی ڕەش- لەو نوسخانەی کە خۆم دابەشم کردن بەسەر برادەران و دۆستان ڕەش کردووتەوە، هەندێ زانیاری تریش لە بابەت هەندێ (وێنە) و ناوی دیکەوە خۆم ڕاستم کردنەوە، بەڵام- فایدەی چی- ئەی ئەوانەی لە بازاڕ فرۆشران؟ چۆن چارە دەکرێن؟

بۆیە ئەمە دەرفەتێکە بۆ من تا لەگەڵ تێبینییەکانی مامۆستا کەریم ئەوانی خۆشم دەخەمە پاڵیان و لێرە بڵاویان دەکەمەوە، بەشکم خوێنەرە بەڕێزەکان، خوا بکا بیانخوێننەوەو لەلای خۆیان ڕاستیان بکەنەوە.

(٣) ناوی قوتابی هاوپۆلمان (عەبدە)ی بۆم ڕاست کردووەتەوە، لە لە لاپەڕە (٨٨) نووسیومە ناوی (عەبدە حاجی کەریم) کە ڕاستییەکەی وەک مامۆستا دەڵێ (عەبدە سۆفی کەریم)ە و بە (ناوی عەبدە کەریم)مان گاز دەکرد- کە پێشتر لە لاپەڕە (٧٥- نەک ٧٦) نووسیومە (عەبدە کەریم)- ئەم دووبارە کردنەوەی ناوی برادەر و قوتابیان و تەنانەت ناوی مامۆستایانمان بەبێ ئاگایی خۆم، چەند جارێ و لە زۆر شوێنی کتێبەکەمدا ڕووی داوە! خۆشم نازانم بۆچی؟

لەگەڵ ئەوەش کە لە دەزگای ئاراس دووجار ڕەشنووسەکەم خوێندووەتەوە و پێیدا چوومەوە، چونکە دەزگاکە بۆیان دەناردم و شتی پێویستم لێی ڕاست دەکردەوە و بۆم دەناردنەوە.

ڕەنگە لەبەر (دڵنیایی) نەبوونی خۆم بووبێ کە وام زانیوە یەکەم جارە ئەو ناوانە دەنووسم و لەبیرم چووە کە پێشتر نووسیومن! بەهەر حاڵ لە نووسینی بابەتێکی دوور و درێژ و بەتایبەتی (بیرەوەری) پێم وایە ئەوە ڕوودەدا، بەتایبەتیش ئەگەر نووسەر یەکەم جاری بێ لەو دەرگایەی دابێ! ئینشاڵڵا بۆ بەشەکانی تر لەو خاڵانە سوودمەند دەبم!

(٤) لە تێبینییەکەی لەبابەت ناو نەهێنانی ئەو قوتابیانەی لە ساڵی ١٩٤١/ ١٩٤٢ لە پۆلی شەشەم لە قوتابخانەی (ئوولا- اولی)- ناسراو بە (مەکتەبی خوارێ)- مامۆستا ڕاست دەکا بەداخەوە هەندێ ناوی زۆر گرنگم لەبیر چووەو نەم نووسیون، داوای لێبوردن دەکەم لەوانەی لە ژیاندا ماون و ئەوانی کۆچی دواییشیان کردووە، لە بەهەشتی بەرینی خوای گەورە دابن، بەڵام پێشم وایە ناوی زۆربەیانم هێنابێ کە نزیکی (١٥) قوتابی دەبن ڕەنگە هەر سێ چوار ناوم نەنووسیبێ کە یەکێکیان (ئەنوەر تاهیر بەکر)بوو- باوکی پۆلیس بوو- ماڵیشمان لە تەنیشت یەکتر بوو، لە سەرەتای جادەکەی سەرەکی کە بۆ ناوشار دەهات، ئەوان لە دووەم خانوودابوون، لە پاش ماڵی کاک تەمەر، ئێمەش سێیەم خانوومان لە ماڵی (دەروێش عەولا) ناوێک بەکرێ گرتبوو، ئەو کاتە هەردووکمان لەپۆلی شەشەم بووین و ماینەوە- ساڵی دوایی ئەوان بەخێزانەوە چوونە هەولێر-.

(٥) لە بابەت ئێزگەی ڕادیۆی کوردی کە لە یافابوو- منیش ناوم هێناوە کە لە (یافا) شت تۆمار دەکران، بەڵام وەک زانیاریم، هەوایی و پێداویستی پەخش کردنی لە (قوبرس)بوو.

(٦) ناوی بەڕێوەبەری (متوسطە)کەمان کە نووسیومە (شەوکەت محەمەد) بوو هەڵەیە، قسەکەی کاک کەریم ڕاستە (شەوکەت عەبدولڕەحمان) بوو- کە لە شوێنێکی تر هاتووەتەوە بیرم و بەڕاستم نووسیوە.

(٧) لە بابەت (بلاط الملكي) واتە کۆشکە گەورەکەی لەسەر گردێکی بەرز دروست کرابوو بۆ مەلیک فەیسەلی دووەم و خاو و خێزانی- ئەم کۆشکە هەر بەو ناوەوە ناسرابوو لە (مصیف)، تەنانەت عەمەلە- کرێکار و کەنناس و مووەزەفەکانی دائیرەی (سکک) کە ئەو (مصیف صلاح الدین)ەی بەڕێوە دەبرد، هەر بە (بیلاطی مەلیک) ناوزەد دەکرا- بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەش، کە مامۆستا کەریم دەڵێ- (البلاط الملكي) بۆ شوێنی ڕاپەڕاندنی کاری ڕەسمی مەلیک بەکار دەهێنرێ، جا منیش دەڵێم: بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەم کۆشکەکە دەچوویتە ناوییەوە لە دەرگا سەرەکییەکە- ناوەوە دوو (باڵ) جەناحی نیشتەجێ و ژووری تێدابوو، لەلای ڕاست و هەروەها ناوەڕاستی کۆشکەکە ژووری گەورەو هۆڵ و کەلوپەلی نایابی نووستن و دانیشتن و تەنانەت ژووری چێشت لێنان و میوان و هەموو شت، لەو بەشەی کۆشکەکە هەبوون، کە پێویستی ژیانی خێزانی بێ، کەچی دیوی دەستە چەپی دیار بوو ژووری کارکردنی ئیشوکاری ڕەسمی بوو، بۆیە مێز و کورسی و تەلەفۆن و ئامێری کارکردنی دائیرەو دۆلابی (سجل و ئەوراق) و ئەوشتانە پڕی ژوورەکان بوون، کەواتە ئەم کۆشکە هەردوو ئەرکی جێبەجێ دەکرد، بۆیە مەلیک و وەصی خاڵی و خێزان ئەگەر بهاتبان لەوێ دادەبەزین، بۆ

ئەوەی ئەو ماوەی بیانەوێ لەو هاوینەهەوارە بژین شوێن تریان نەبوو کاتی تێدا بەسەر بەرن، ئنجا وەک لە بەغدا ناوی کۆشک و قەسرەکانیان، کۆشکی زهوور و ڕیحاب بوون، لە (مصیف) ناویان بۆ دانەندرابوو، بۆیە هەر بە (بیلاطی مەلیک) یان هەر (بلاط) ناوی دەبردرا.

دوای سوپاسێکی بێ پایانم بۆ کاک کەریم شارەزا بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی، حەز دەکەم ئەم دەرفەتەش بقۆزمەوە بۆ هەندێ ڕوونکردنەوەو ڕاستکردنەوەی خۆم لەو شوێنانەی کە بزانم گرنگە و دەبێ خوێنەر ئەو ڕاستییانە بزانێ، پێش خوێندنەوەی کتێبی (تەمەنێک گۆرانی....) و بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم وەک لێرەدا باسیان دەکەم.

(١) بەرگی پێشەوەی کتێبەکە کە وێنەکەمی بە گەورەیی لەسەرە، حەزم دەکرد و پێم وایە جوانتر و سرنجڕاکێشتریش دەبوو- ئەگەر ڕەنگی ڕانکوچۆغەکەم، ڕەنگی ئەسڵی خۆی بوایە کە ڕەنگێکی (قاوەیی) جوان و دڵگیرە، تاکو لەگەڵ ڕەنگی (رصاصی) بەرگەکە جوانتر دیاربوایە، ئەوسا دەبووە ڕەنگێکی سروشتی گونجاو لەگەڵ ئەو درەختەی لە (باکگراوند)ەکەدا هەیە.

(٢) هەندێ لە وێنەکان یەکجار بچووک کراونەتەوە کە لە هەندێکیاندا بەتایبەتی کە چەند کەسێک لە وێنەکاندا هەبن، من زۆر بە وردی دەیانبینم هەر نایانناسمەوە، ئەمەش لەبەر بچووکی دەموچاویان تەنانەت خۆشم ناناسمەوە، هەروەها هەندێک لەو (کۆپی) کراوانەی ئەو نووسینانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەم (کۆپی) کردوون و لە دەستخەتەکەی خۆم دام ناون، لە کتێبەکەدا ئەوەندە بچووک چاپ کراون بە (زەڕەبین)یش نووسینەکە ناخوێندرێتەوە! کەواتە ئەگەر خوێنەر ئەو زانیاریانەی کە بە (بەڵگە) بۆیم داناوە سوودی چییە نەتوانێ بیانخوێنێتەوە؟

بۆ هەندێ نموونەی ئەم قسەیەم سەیری ئەو لاپەڕانە بکەن (ئەگەر زەحمەت نەبێ) لاپەڕە (٧، ٨، ١٠، ١٠١، ١٢٣، ٢٠٤، ٢١٢، ٢١٨، ٢٧٥، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٦، ٣١٨، ٣١٩، ٣٢٣، ٣٤٦).

(٣) لە لاپەڕە (٧٤) و (٧٥) دوو وێنە هەن، ناوەکانیان کە لە ژێریانەوە نووسراون لەگەڵ زانیاریەکان بەهەڵە دانراون: وێنەکەی (ل ٧٤) وێنەی مامۆستا (شەفیق سابیر)ە بەعوودەوەیە، کەچی ناوی مامۆستا (زەکی ئەحمەد)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی لە ژێرەوە نووسراوە، ئینجا وێنەکەی تر ئی (ل ٧٥) بە پێچەوانەیە- ئەمەیان وێنەی مامۆستا زەکی ئەحمەدە، کەچی ناوی (شەفیق سابیر)ی لەژێرەوە نووسراوە.

(٤) هەندێ (ناو) و ڕووداو و شوێنم لە جێگەی جیاجیادا دووبارە و سێ بارە کردووەتەوە، ئەمە هەڵەی خۆمە، داوای لێبوردنیش لە خوێنەرە بەڕێزەکان و لە دەزگای چاپی ئاراسیش دەکەم-

(٥) لە تەنیشت وێنەکەی خێزانێکی باوک و دایک و منداڵەکانیان (لاپەڕە ٢٢١) لە ناو نووسینەکەدا مێژووی (١٥/٥/ ١٩٩٠) نووسراوە، ئەمەیان ساڵەکەی دەبێ (١٩٥٠)بێ، هەروەک لەژێرەوەتر، واتە دوای سێ چواردێڕ دووبارەکراوەتەوە کەواتە (١٥/٥/ ١٩٥٠) ڕاستە.

(٦) لەژێر ئەو وێنەیەی لە لاپەڕە (٢٢٢) دایە سێ کەس هەن کە ئەوانەن: ڕەزا عەلی، ئەنوەر شێخلی (ئەمەیان بەهەڵە نووسراوە- شێخانی-) سێیەمیش هامان- ئەوە ڕاستە.

کەواتە (شێخانی)یەکە دەبێ بکرێ بە (شێخلی)-

(٧) لە لاپەڕە (٢٤٠) یەکەم وێنە، وێنەی (مەحموود وەندی)یە، بەڵام لەژێری نووسراوە (محەمەد وەندی).

(٨) لە لاپەڕە (٢٥٨)، پێنجەم دێڕ لە شەرحەکەدا ناوی ئەو گوندەی کە لەگەڵ برادەرەکان چووینە ئەوێ لەسەر سنووری عێراق- تورکیا ناوەکەی نووسراوە (بێرۆ)- هەروەها لە تەنیشت وێنەکەی دووەم لە دامێنی هەمان لاپەڕەدا لە وەسفەکەدا، هەمان هەڵە کراوە. ڕاستی ناوی گوندەکە (بێدۆ)یە- بە پیتی دال- نەک بێرۆ- بەپیتی ڕێ-!

(٩) لە لاپەڕە (٢٦٧)دا، لەژێر وێنەکەدا، ناوی ئەو برادەرەم کە لە لای (چەپ)ی من دانیشتووە بە هەڵە نووسراوە (کارنیل)، ڕاستییەکەی ناوی (کاڕنیک)بوو، واتا پیتی دوایی (ک)ە، نەک (ل).

(١٠) وێنەی یەکەمی سەرەوەی لاپەڕە (٢٨٨) کە بەگوێرەی نووسینەکەی تەنیشتی دەڵێ (.. هونەرمەند- ڕەزا عەلی- بەعوودەکەی خۆی لەبەردەم مایکرۆفۆنەکە... گۆرانی دەڵێ) کەچی ئەمە هەر وێنەکەی لاپەڕەی پێشووە کەوا منم لەگەڵ تیپەکەمان، لە (دار المعلمين العالية) گۆرانی دەڵێم، نەک ڕەزا عەلی، کەوا لە دەستخەتەکەم من وێنەی (ڕەزا عەلی)م داناوە.

# قریشکەکان

چنار نامیق

ئێمە هەموو غوربەت لە ناخمان دەڕژێت، گەلێک جاران یاخی دەبین، بەڵکو لە دەرەنجامێکدا بگەین بە کەنارەکانی ئارامی، بە ڕادەیەک ژێر دەست بووین و ئارەزووەکانمان خەفە کراون بوارێکمان بۆ نەڕەخساوە بۆ ژیان، سۆز ئەو دەریا بێ بنەیە کە هەمیشە نوقمی خۆیمان دەکات، سانسۆریش دەمانچەپێنێ و دەست دەنێتە بینەقاقای حەز و خواست و ئارەزووە ڕەواکانمانەوە، ئیدی ترس پانتاییەکانی ناخمان دەتەنێ، ترس لە هەموو دیاردە سروشتییەکان، ترس لە غوربەت، ترس لە مردن، ترس لە ژیان. وەلێ ئەوەدەم جامەکان پڕ دەبن و لێیان دەڕژێت، پەیامێک نامێنێ بە گوێی ژین و کات و بەختەوەری بچرپێنین ناچار دەستمان دەنێینە نێو دەستی قەدەر و بەرەو چیا سەرکەشەکانی بوێری مل دەنێین، چارەنووسمان بە بەرچاومانەوە دەستمان لێڕادەوەشێنێ و بە شوێن ترپەی پێی دەکەوین، هەنگاوەکانی هەڵدەگرین، ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتی مرۆڤە هەست ناسکەکان کە هێندە بە عیشقەوە دەڕواننە سروشت و جوانی و بوونەوەرەکان پێیان شەرمە کە دەبینن بێچووە کۆترێکی عاشق بە دەمی پشیلەیەکەوە باڵە شکاوەکانی لێک دەدا، یان کارمامزێکی بریندار ساتەکانی گیانەڵای درێژە دەکێشێ و ئاواتەخوازی مردنە، هەڵبەتە نایەکسانی و دژەکان کارێکە زادەی سروشتە و لە ئەزەلەوە بەم چەشنە بەردەوامی لە ڕەوتیدا هەبوو بە بیانووی ململانێ و لە پێناوماندا ئەم ڕەوتەی هەڵگرتووە و دەڵێن ئەمە سروشتی بوونە و لە ئەنجامی نەبوونی عەقڵ و هۆش و

تێفکرینەوە لای بوونەوەرەکان سەرچاوەی گرتووە، وەلێ کاتێ مرۆڤ دەبینین لەپێناو خەفەکردنی ڕاستی و پێشێل کردنی مافی بەرامبەر ئەم کارانە ئەنجام دەدات دەبێ چی پەیامێکمان بۆ ژیان هەبێت، گومان لەوەدا نییە کە هێزێک هەیە هێزی شەڕە و هەمیشە داکۆکیکارە لە بەرژەوەندییە خودییەکان و دەیەوێت میانڕەوی بوون بێت،بەرهەڵستکار و ڕای پێچەوانە و داکۆکیکار لە ڕاستی بە دوژمن دەزانێت و هیچ دەمێک ڕەخنەی پێ قبوول ناکرێت با کەسی ڕەخنەگریش لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بنیادنانەوە هەڵوێستی خۆی بەرجەستە بکا، هەمیشە پێشڕەوان و داکۆکیکاران لە بەرژەوەندی گشتی دەبنە پرد و کەسانی دی بەسەریدا تێپەڕدەبێت و قوربانی یەکەمن، وەلێ لە چاوی مێژوودا کوێر نابنەوە و زیندوویەتی بۆ ڕۆحیان تۆمار دەکەن و پەیکەرێکن دوور لە داڕووخان، با چەند ساتێک لەمیحرابی عیشق و سۆز و شیعری بەرزی ئەبوبەکر عەلی ڕابمێنین، ئەو شاکارە شیعرییەی بخوێنینەوە کە لە بەهاری تەمەنی عیشقیدا بۆ سروشت و سۆز و جوانی هۆندۆتەوە. شیعرەکانی ئەم جوانەمەرگە تک تک فرمێسک لە چاویاندا دادەچۆڕێ وەک ئەوەی وێنای ئەو قەدەرە شوومەی کردبێت کە ڕۆژێک لەڕۆژان دەبوو دووچاری ببێتەوە، هەڵبەتە مرۆڤ دەمێ دەخوازێت خواستە مرۆڤایەتییەکان بسەپێنێ و بەدی بێنێ و بۆ کەسانی چەوساوە و خواستەکانی نایەنەدی تووشی نائومێدی و نیگەرانی دەبێت، ئەو وێنانە لە شیعری ئەبوبەکر عەلی-دا بەرجەستە و دیارە، بۆیە پێشبینی کۆتاییەکان دەکات و خەم ئامێزانە پەیڤە ناسکەکانی دەڕژێنێتە نێو دنیای هەستیاری شیعرەوە، ئەم مرۆڤە، هەستیارانە داکۆکی لە یەکسانی و نەمانی کۆیلایەتی و دابینکردنی ژیان بۆ چەوساوە و هەژاران کردووە، ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانیدا جێی سەرنج و هێما و ئاماژە پێکردن بوونە، بڕوانە ناونیشانی ئەو کۆمەڵە شیعرەی بۆ ئەدەبی کوردی بەجێی هێشتووە و لە دوو توێی نامیلکەیەکی دەستنووسدا کەوتنە بەردیدی ڕێژەیەکی کەمی خوێندەواران «ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن» پرسێک دێنێتە ئاراوە کە لەناخی شاعیردا نائارامییەک ڕەنگی داتەوە ئەوەیە کە شەوگاری بە پرچی ڕەشی مەعشوقەکەی شوبهاندووە، شەوگارێک کە دەکرێت بە تریفەی مانگ و ڕووناکی ئەستێرەکان بدرەوشێتەوە، وەلێ مەخابن لە دیدی ئەودا جگە لە ڕەشی و تاریکی هیچی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت وەک ئەوەی مانگ لە ئاسماندا نەبێت و ئەستێرەکان کۆچیان کردبێت، دەمێک ئەستێرەکان لە ئاسماندا کۆچ دەکەن کە لە ئامێزی ئەو بێزارن و مانگیش وێڵ دەبێ و بارگەی خۆی دەپێچێتەوە، کەینێ مرۆڤ هەموو شتەکان بە ڕەنگی ڕەش وێنە دەکات، ئەوە کاتێکە کە ژیان لە زەینیدا بێهوودەییەکی بەردەوامە، ئەبوبەکر عەلی لەنۆبەرەی عیشقدا ئەم کۆمەڵە شیعرە دەنووسێت، عیشقێک کە مەرگ و چارەنووس بواری پێ نادات هەتا ئەبەد چۆڕێ نیگای مەعشووقەکەی بخواتەوە و لە میحرابی عیشقی ئەودا ئارام بنوێت، ئەبوبەکر عەلی جگە لە شیعر دەقێکی شانۆیی بەناوی قریشکەکانەوە(*) نووسیوە، قریشکەکان شانۆنامەیەکە گوزارشت لە واقیعی کۆمەڵایەتی گەلێک دەکات لە زەمەنێکدا کە برسێتی و نەهامەتی باڵی بەسەردا کێشاوە، کەوێرانکاری و شەڕیش مەزنترین فاکتەری ئەم نەهامەتییە بوو، بێگومان هەموو شۆڕشێک سەرەتا زیانەکانی لە دەسکەوتەکانی زیاترە و ئەم کارەساتانەش لەم شانۆنامەیەدا بەشێوەیەکی دیارڕەنگی داوەتەوە، ژیان لای نووسەر قریشکەیەکی ئەبەدەییە، هەربۆیە ئەم قریشکەیە لە کەسایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێت، هەڵبەتە گەر بڕوانینە کەسایەتییەکان بۆمان ڕوون و ئاشکرا دەبێت شاعیر نزیکترین کەسایەتییە لە نووسەرەوە کە دەکرێت بڵێین واقیعییانە ڕووداوەکان دەگوازێتەوە نێو دەقی شانۆیی، ئەگەر بێتو لەنزیکەوە بەراوردی کەسایەتی نووسەر لەگەڵ دەقەکەدا بکەین بۆمان دەردەکەوێت پێشبینییەکانی نووسەر بێ یەک و دوو جێی خۆی گرتۆتەوە، هەمیشە مرۆڤە هەستیار و داکۆکیکارەکان کە دەبنە بڵندگۆی دەنگی ئەوانی تر جیاوازترن لە خەڵکی لە ڕووی پێشبینی کردنی ڕووداوەکانەوە هەمیشە پێش ڕووداوەکان دەکەون، ئەوان لەودیوی دیوارەکانەوە دەڕوانن شتەکان ولەودیوی پەردەی ژیانەوە دەڕوانن بوون، هەربۆیە نائومێدی ناخیان تاپۆ دەکات و بواریان پێنادات لەگەڵ ساتە خۆشەکانی تەمەنیدا مامەڵە بکەن، ئەوە نەبێت «ئەبو بەکر عەلی»

تەنیا داکۆکی لە مافی چەوساوەکان کردبێت، بەڵکو لە ڕۆژێکدا پەی بەو حەقیقەتانە بردووە کە پاش دوانزدە ساڵ هەمووان لایان ئاشکرابوو کە دەبوو لەو سەردەمەدا کێشەکان چارەسەر بکرانایە و لێنەگەڕابان بەو چەشنە تەشەنە بکا.

لە سەرەتای ساڵی «١٩٩٤» ئەبوبەکر لە ڕۆڵی شاعیردا پڕ بە دەنگ دەچریکێنێ «ئێمە کە لە شاخەوە هاتین فلچەو بۆیاغمان پێ نەبوو مێشک و عەقڵی خەڵکی پێ ڕەنگ بکەین، ئیدی با شەڕە پەڕۆ بەس بێ» ورووژاندنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەمەودای ڕستەیەکدا و تێکۆشان لەپێناو جووڵاندنی ویژدانی دەسەڵاتداران و بیرخستنەوەیان کە پێویستە باوک، یا حوکمڕان، یان کاربەدەستان بۆ چاکترکردنی ژیانی میللەت کار بکەن کە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان خۆی بەرجەستە دەکات، ئەو پێی وایە ئەوانەی کە بەرپرسییەتی لە ئەستۆ دەگرن، یاخود تاک لەنێو کۆمەڵگەدا دەبێت تێبکۆشێت بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگا تاریکەکانی ژیان وەک ئەوەی لەپێناو بەرژەوەندی و مافەکانی خۆیدا تێدەکۆشێ، ئاوهاش ئەرکەکانی ئەستۆی فەرامۆش نەکات و بەرژەوەندی گشتی نەکاتە قوربانی بەرژەوەندییە خودی و تاکڕەوییەکان، لەم دەقە شانۆییەدا نووسەر ئاماژە بە ڕۆڵی ئەدیسۆن دەکات کە دەڵێت «ئەدیسۆن کارەبا و مارکۆنی ڕادیۆی دروستکرد با ئێمەش هەر هیچ نەبێت سەروچەند شووشە شەرابێک دروست بکەین بۆمەستکردنی جەنگاوەرەکانمان» ئەو نائومێدییەی باڵی بەسەر نووسەردا کێشاوە لێرەدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە ژیان لە زەینی ئەودا هیچی تێدا نەماوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ بەپێی ویست و خواست و ئارەزووەکانی خۆی لێی وردبێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر مەستی و دنیای خەیاڵ، بۆ ئەوەی ساتێک ئاسوودەیی و بۆ جیهان دەستەبەر بکا و لەنێو تەمومژو جەنجاڵی و خەمەکان خۆی بەدوور بگرێت، لایەنێکی دیکە کە کەسێتی نووسەر بەرجەستە و دیاردەکات هەڵوێستەکردنە لەسەر نەمری، ئەبوبەکر عەلی لەم شانۆییەدا نەمری مرۆڤمان لە هەڵوێست و بوێریدا نیشان دەدا، ئەو پێی وایە «ژیان لەپاڵ مردندا باشترە لە مردن لە پاڵ ژیان»، چونکە مرۆڤی ترسنۆک و بێ هەڵوێست هیچ بەخششێکی نابێت

بۆ بەرەو پێشبردن و خزمەتکردنی کۆمەڵگە، هەربۆیە وەکو دەنگ هەڵبڕی چەوساوە و هەژار و نەداران بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانیان دەچریکێنێ، قریشکەکان قریشکەی ئەو چینە ژێر دەستەیە کە جگە لە ژیانێکی سادە و ساکار و ئارام چیتریان نەدەویست، نووسەر لە قریشکەی نەتەوە ژێر دەستەکانەوە بانگهێشتی ئازادی دەکات، ئەو پێی وایە لەم زەمەنە جەنجاڵەدا، مردن خێراتر لە ڕەوتی خۆی هەنگاو دەنێت و تەکنۆلۆژیاش دەستی باڵای لەم گشت کوژییەدا هەیە بۆ ئەم مەبەستەش هەڵەبجەی کردۆتە هێمای ئەم ڕاستییە کە دەڵێت «ئێستا وەک جاران لەسەرخۆ نامرین تەنیا ئەتۆمێک چاوەڕوانمان دەکات».

نووسەر پێی وایە لەم جەنگەڵستانەی ژیاندا ناوبژیوانی و بڕیاردان لەسەر هەر شتێک کارێکی زۆر دژوار و ئەستەمە، چونکە ناتوانی یەکسانی و دادپەروەری دەستەبەر بکەین وەک دەڵێت «دەسا وەرە لەم ئاشوبگەیەدا بتوانە حەکەم بەو کەسیش مەغدوور مەکە، چی لەوە ناخۆشترە کە مرۆڤ بەس بە تەنیا پاڵەوانی ناو خەونەکانی خۆی بێ و هیچی تر» پشت بەستن تەنیا بە ڕابردوو کارێکە کۆمەڵگە تووشی تەوەزلی دەکات بە چەشنێک کە ئێمە هەر باس لە ڕابردوو بکەین و ئەمڕۆ و داهاتوو لەبیر بکەین و هیچ هەنگاوێکمان بۆ بونیادنانەوە و ژیانێکی نوێ نەبێت، لێرەدا نووسەر ئەم مەسەلەیە ڕاشکاوانە دەخاتەڕوو، ڕابوردوو تەنیا بە یادگارێک دەشوبهێنێ کە لە زهنیدا ماوەتەوە، وەلێ هیچ کاتێک لە هەنگاوەکانی ئەمڕۆ و سبەینێدا پشتی پێ نابەستێ.

ئەبوبەکر عەلی مرۆڤ هەمیشە پێگیری لە وەفاداری و هاوڕێتی دەکاتەوە، هێندە ڕەچاوی مافی بەرامبەر دەکات پێی ئەستەمە نەک دڵی هەستەوەرەکان، بەڵکو دڵی بێ هەستەکانیش برەنجێنێ، «هاوڕێیەکەم زۆرجار ئەیوت ئەو جگەرەیەش کە بۆ دەقیقەیەک هاوڕێیە گوناهە پێی پیانەیت»


بڕوانە خەم و ناسۆری ڕۆژگار چۆن لە هەست و نەست و کرداری نووسەردا ڕەنگی داوەتەوە، ئەو بە چەشنێک دەژیت کە هەمیشە باری ئاڵۆز و قورسی ئەم جیهانەی لە کۆڵ گرتووە، وەک ئەوەی گەردوون بەسەر سەری ئەوەوە

بێت، ناهەمواری ژیان لە ناهەمواری باری ئاڵۆزی ژیانی خەڵکیدا دەبینێت و ویژدان ڕێگە نادات لە ئاست کەسەرو کارەساتەکاندا بێدەنگ بێت، لێرەوە گوتاری مرۆڤانە ئاراستەی سەردار و بەرزە مرۆیانی کار بەدەست دەکاتەوە، ئەوانەی بێئاگا لە خەمی خەڵکیدا ژیان دەگوزەرێنن «بەسە بەس توخوا با بەس بێت لەوە زیاتر چیتان ئەوێ، ئەوەتا پارچە پارچەتان کردووم و هەر ڕۆژە، پارچەیەکی خۆم ئەنێژم، تەنانەت شەوانیش وەک بلێی لەسەر پشکۆ پاڵ کەوتبم، شارێک و وڵاتێک سەرتاسەر ئەنوێت و نانووم ئاخ درەنگ تێگەیشتم، ڕاستیان گوت ئەوەی وشەیەک کەمتر بزانێ خۆش و ئاسوودەتر دەنوێ، بریا وا درەنگ نەکەوتمایە، ئای ئاکۆ گیان هۆ گوڵەگەنمە چاو زەردەکەم لە چێشتخانەیەکدا کارت دەکرد، بەڵێ لە یەکێ لەو چێشتخانە پۆشتانە کە تەنیا مریشکی برژاوی تیادا پێشکەشی میوان دەکرا، ئێوە میوانەکانتان پەشمەکی بوون ئەوەیان پێ نەنگ بوو وەک ئێمەو مانان گۆشت بە ئێسقانەکانەوە نەهێڵین، بۆیە تۆش هەرزوو کەوتییە سەرفێڵی خۆت و پاشماوەکان و ئێسقانە بە تەواوی نەکرۆژراوەکانت لە عەلاگەیەکی ڕەش ئەناو کە وەستاشت پێی ئەوتی ها ئاکۆ ئەو ئێسقانانەت بۆ چییە، بێ سێ و دوو بە شەرمەوە ئەتوت وەستا گیان سەگم ڕاگرتووە، بەڵام وەستات نەیئەزانی سەگەکان دایکت و خوشکت و براکانتن، ئێمە بووین... تا درەنگانێ بەهیوای هاتنەوەت لە چێشتخانە و هێنانی عەلاگەیەک ئێسقانی تر بۆ سەرخوانی بەتاڵی ئێوارەمان لەبەر دەرگا وەک پاساری هەڵئەتووتاین، تۆش کە ئەهاتییەوە وەک بلێی هەموو دنیات کردبێ بەهێلکەیەک و فڕێت دابێتە بەرپێی دایکم، لە درزی چاوە قاوەییەکانتەوە بە شەرمەوە ئەتروانییە قەپاڵە درەکانی دایکت، بەڵام بەچی ئەچێ تۆ مردی و برسێتی و هەژاری خێزانەکەت هەر نەمرد.

نووسەر کە دنیایەکی تایبەتی پڕ هەست و سۆزی مرۆڤانە لەناخیا ڕۆچووە، لە ئاستی ئافرەتدا سەراسیمەیە و پێی وایە ئافرەت ئەو جیهانە پڕ ئەفسوونەیە کە فەیلەسووفەکانیش لە ئاستی مەزنی داچۆک دائەدەن و لێی ناگەن، بۆیە دەڵێت: «هێی ئافرەت، هۆ ئەو لوغزەی تێتنەگەشتم و تێت ناگەم، ئەبوو زوو بمزانییایە ئافرەت لەم وڵاتەدا پیاڵەیەکە فەیلەسووفێک و گەمژەیەک بەیەک نرخ تیایدا دەخۆنەوە، قریشکەکان شانۆنامەیەکە پتر لەوە هەڵدەگرێت لە گۆشەنیگای بچووکی خۆمەوە لەسەری بدوێم، تێکڕای مافی خۆی پێبدەم: مادام ژیان قریشکەیەکی ئەبەدی بێت دەکرێ مرۆڤ لەبەر خۆیەوە وڕێنە بکات وەک ئەوەی نووسەر دەڵێت:

**ئەمشەو ئەنووم و شیعر ناڵێم**
**شیعر مۆمێکە پێ نابێ**
**من شاعیری چرایەک نیم، لەگەڵ فوودا پەنجەیان تێک هەڵکێشابێ**
**من شاعیری وڵاتێ نیم**
**سەدان شەو پۆلیسەکانی**
**جرت و تف و لیسەکانی**
**خواو ئاسمان و خۆشەویستی و شیعرەکانمیان ڕاونابێ**
**خۆشم ناوێن، هۆ ئەوانەی خۆشم ویستوون**
**ئێوە ژەهر بە دەمارتانا ئەگەڕێ**
**خۆشم ناوێن، خۆشەویستیتان سەگێکە و پێم ئەوەڕێ**


**سەرچاوە:**
**- قریشکەکان، شانۆنامەیەکی شاعیرو نووسەری جوانەمەرگ «ئەبوبەکر عەلی»یە، لە ژمارە (١١١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی گۆڤاری ڕامان-دا بڵاوکرایەوە.**
**- ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن، نامیلکەیەکی شیعریی نووسەر و شاعیر «ئەبو بەکر عەلی»یە.**




# ڕێنووس

بەدران ئەحمەد حەبیب



شارەزایانی زمانی کوردی، یان ئەو داوودەزگایانەی بەپرسگەلی زمانەوە خەریکن تا ئێستا نەیانتوانیوە لەسەر بڕیاردانی ڕێنووسێک بۆ کوردی ڕێک بکەون، یان ئەگەر ڕێکیش کەوتبن بەتەبایی بەکاری بێنن جێبەجێیان نەکردووە. ئەوەتا ئەمڕۆ لەم سەردەمە زێڕینەی بزووتنەوەی نووسینی کوردیدا، جیایی و ناتەبایی زیاتر باڵی کێشاوە. سەیری بڵاوکراوەکان بکە دەبینی کەس گوێ ناداتە ئەوەی چۆن دەنووسێ. لە کاتێکدا ڕێنووس یاسای نووسینە و ڕاست نووسینیش باڵادەستیی هەر کەسێک لەو زمانەی پێی دەنووسێ، پێشان دەدات.

لە ڕاستیدا، ڕێنووس ڕێککەوتن و تەباییە ئەگینا زمانێک نییە کێشەی ڕێنووسی نەبێ. زمانێکی وەکو ئینگلیزی کە لەسەرتاسەری دنیادا بەکاردێ و لە چەندان وڵاتی لەیەکەوە دووری وەک بەریتانیا، ئەمەریکا، ئوستراليا و تاد... زمانی تێکڕاییە و لە تەواوی دنیادا ڕۆژانە بەهەزاران بڵاوکراوەی پێ دەنووسرێ، کێشەی ڕێنووسی نییە. کێشە هەیە، بەڵام کەس نەیکردووە بەکێشەی خۆی و هەموو کەس زمانی ئینگلیزی وەک یەک دەنووسێ. ئاشکرایە بۆ ئەوەی تۆ بە ئینگلیزی بنووسی و بخوێنی دەبێ وشە بە وشە فێر ببی، ئەگینا ڕێسایەک نییە لەسەری بڕۆی. زمانی فەرەنسیش هەر وا، یان ئاخۆ ژاپۆنی و چینی بەم هەموو ملیار مرۆڤەوە چۆن لەسەر ئەم ڕێنووسە سەمەرەیە دەڕۆن!

هەرچەندە ڕێنووسی کوردی زۆربەی کێشەکانی یەکلا بوونەتەوە، ژمارەی پیتەکانی ئەلفبێ ساغ بوونەتەوە و هەر یەکەیان شێوەیەکی گونجاوی خۆی بۆ دیاری کراوە، هەروەها سەرجەم کێشەکانی نووسینی وشە و ڕستە چەندان جار باس کراون و چارەسەری ژیرانەیان بۆ دۆزراوەتەوە، بەڵام هیوای یەکگرتنی ئەوانەی بەکوردی دەنووسن، لە ڕێنووس لە ئاسۆدا دیار نییە.

بەداخەوە بۆ نووسەری کورد، یەک سەدەی تەواوە میللەتەکەی ناڵەی دێ بەدەست نایەکبوونی ڕێنووسەوە و چ خەمیشی نییە. ئەمەش (لێم مەگرن) نابەرپرسیارەتی نیشان دەدا لە ئاستی بچووکترین پرس. زۆر نووسەر کاتێک دەستنووسی کتێبەکانیان دەهێنن بۆ دەزگای ئاراس، دەڵێن: تکایە دەستکاریی ڕێنووسەکەی مەکەن با وەک خۆی بێ.

چارەسەری ڕیشەکێش بۆ ئەم بارە ناپوختە، ڕاستکردنەوەی ڕێنووسی کتێبەکانی خوێندنە، ئەگینا دەزگاگەلی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری هیچ هیوایەکیان لێ بەدی ناکرێ. چەند جارێک سەیری کتێبەکانی قوتابخانەم کردووە، جاری وا هەبووە لە دوو دێڕی سەر یەکدا یەک وشە، یان چەند وشەی هاوشێوەم بە ڕێنووسی جیا بینیوە. حەیفە لە ئاست منداڵدا وا بکرێ. وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ بەرپرسانەتر لە ئێستا هەڵسوکەوت بکا و ڕێنووسی تەواوی قۆناغەکانی خوێندن (هەر دوازدە ساڵەکە) یەک بخا. ئەمە کارێکە یەک کەس دەتوانێ ئەنجامی بدات. بەهیوای ئەوەی ڕۆژێک بێ ئێمە نەمابین و میللەتەکەمان لە ڕێنووسدا یەکی گرتبێ.